هەرێمی کوردستان ـ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر

# کێشەی زمان و دیالێکتەکوردییەکان لە ڕوانگەی فەلسەفەی زمانەوە

نامەیەکە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمان کراوە لە زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر
وەك بەشێك لە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا

**لەلایەن**
**عرفان مستەفا حەمە ڕەحیم**
(بەکالۆریوس لە زمانی کوردی – زانکۆی سەلاحەددین – 1998)
(ماستەر لە زمانی کوردی – زانکۆی سلێمانی 2003)

**بە سەرپەرشتی**
**پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین**

تشرینی یەکەم 2009 ز شەوال1430 ھ ڕەزبەر 2709ك

**راپۆرتی سەرپەرشت**

ئەم نامەیە کە بە ناونیشانی (کێشەی زمان و دیالێکتە کوردییەکان لەڕوانگەی فەلسەفەی زمانەوە) ـیە، قوتابی (عرفان مستەفا حەمە رەحیم) بە سەرپەرشتی من لە کۆلێجی زمانی زانکۆی سەلاحەددین ئامادەی کردووە، بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت: پ.د. وریا عومەر ئەمین
مێژوو: / /2009

بە پێی پێشنیاری مامۆستای سەرپەرشت ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو:
سەرۆکی بەشی زمانی کوردی
سەرۆکی خوێندنی باڵا
مێژوو: / /2009

**راپۆرتی لیژنەی گفتوگۆکردن**

ئێمە ئەندامانی لیژنەی تاوتویَ کردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامە یەمان خوێندەوە، کە بە ناو و نیشانی (کێشەی زمان و دیالێکتە کوردییەکان لە ڕوانگەی فەلسەفەی زمانەوە)یە و قوتابی (عرفان مستەفا حەمە رەحیم) مان تاقی کردەوە و گفتوگۆ مان لەگەڵ یدا لە بارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی ترییەوە کرد و بڕیارماندا کە شایانی ئەوەیە بە پلەی(          ) بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردیدا بدرێتێ.

| | |
|---|---|
| ناو: | ناو: |
| ئەندام و سەرپەرشت | ئەندام |
| ناو: | ناو |
| ئەندام | ئەندام |
| ناو: | ناو: |
| ئەندام | سەرۆکی لیژنە |

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمان– زانکۆی سەلاحەددین پەسندکرا

ناو:

راگری کۆلێجی زمان

مێژوو:    /    / 2009

چاوی کەوێ کە بەم غەزەلەم دوڕشناسی شیعر

کێ بێ، دەڵێ: ئەمەندە گەوهەر وەرگرێ لە هیچ

(مەحوی)

پێشکەشە بە:

پەرێز، ئەو عەزابەی کە پڕە لە عزوبەت

## سوپاس و پێزانین

سوپاس و خۆشەویستیم بۆ:

- پ. د. وریا عومەر ئەمین کە سەرپەرشتیکردنی نووسینی ئەم نامە یەی گر تە ئەستۆی خۆی و بە دۆستایەتی و میهرەبانی خوی رێنوێنی کردم و بە تێبینی و پێشنیارەکانیشی رێگای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەی بۆ رۆشنکردمەوە و لە سەرو ئەمانەشەوە رێگای بۆ خۆشکردم ئازادانە ئەوەی لە بیرکردنەوەی خۆمدا هەبوو لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاشکرای بکەم.
- مامۆستا شاکر سابیری هاوڕێم کە بۆ پەیداکردنی سەرچاوە بۆ نامەکە ژیانی خۆی خستە مەترسیەوە.
- هەموو ئەوانەی کە خەمی تەواو کردنی ئەم نامەیەیان لەگەڵ هەڵگرتم، دڵنیام بەبێ خەمخۆری و خۆشەویستی ئەوان ئەم کارەم پێ تەواو نەدەکرا.

# ناوەرۆك


پێشەکی........................................................................................1

بەشی یەکەم:
تیۆرەکانی بوونی زمان و جیاوازی زمانەکان..........................................4

1/1) عەقڵ وەك بنەمای بوونی زمان و جیاوازی زمانەکان...............................6
1/1ـ1) یەکنوێنی وەك بنەمای پەیدابوونی یەکە زمانییەکان.................................6
1/1ـ2) ئاستی سەرووهەستەکی زمان و جیاوازی زمانەکان..............................32
1/1ـ3) یەکبوون و جیاوازی زمانەکان ..........................................................41

2/1) سرووشت وەك بنەمای پەیدابوونی زمان و جیاوازی زمانەکان ...........................49
2/1ـ1) پەیدابوونی زمانە جیاوازەکان لە ڕوانگە سرووشتییە بابەتییەکەوە ......................49
2/1ـ2)پەیدابوونی زمانە جیاوازەکان لە ڕوانگە سرووشتییە خودییەکەوە.........................54

3/1) ڕوانگەی درووستەیی بۆ بوونی زمان و جیاوازی زمانەکان ................................63

بەشی دووەم:
ئەنتۆلۆجیای کێشەی زمان و دیالێکتەکان ................................................81

1/2)تێڕوانینی ئەنتۆلۆجی بۆ کێشەی زمان و جیاوازی زمانەکان .........................84
1/2ـ1) یەکە زمانییەکان لەنێوان تێڕوانینی ئەنتۆلۆجی و تێڕوانینی درووستەییدا ..........89
1/2ـ2) ئەنتۆلۆجیای پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانەکان ...........................................99

بەشی سێهەم:

تێڕوانینی فەلسەفی بۆکێشەی زمان و دیالێکتە کوردییەکان.............................121

1/3)بوونی زمانی کوردی وئەنتۆلۆجیای بوونی زمانەکان ..................................124
1_1/3) زمانی کوردی لە نێوان پرۆسەی بەدیالێکتبوون و پرۆسەی بەئامێربوونی زمانەکاندا..134
2_1/3) زمانی کوردی وەك زمانێکی ئازادی سەردەمی ئیمپراتۆریەتەکان ..........................141

2/3) بوونی زمانی کوردی بەزمانی ئایین و کێشەی دیالێکتەکان ..............................146
1_2/3) زمانی ئایین و پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانی کووردی .............................. 152

3/3) بوونی زمانی کوردی بە زمانی ئەدەبیات و کێشەی دیالێکتەکان ..............................167
1_3/3) جۆرەکانی پرۆسەی بەئامێربوونی زمانی دەسەڵاتە ناوچەییەکان ..............................168
2_3/3) زمانی ئەدبیات و پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانی کوردی ..............................181
4/3) بوونی زمانی کوردی بە زمانی خوێندن وکێشەی دیالێکتەکان..............................190
1_4/3) پرۆسەی بەئامێربوونی زمانی نەتەوە دروستکراوەکان ..............................191
2_4/3) ململانێی زمانی کوردی و زمانی نەتەوە دروستکراوەکان ..............................197
3_4/3) زمانی خوێندن و پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانی کوردی ..............................204

ئەنجام.................................................................. 208

سەرچاوەکان .................................................................209

پوختەی لێکۆڵینەوە بەزمانی عەرەبی ................................................ A

پوختەی لێکۆڵینەوە بەزمانی ئینگلیزی .................................................B

# پێشەکی

# پێشەکی

بوون و نەبوونی و زمانی ستاندەری کوردی ، یەکێکە لەو کێشە گرنگانەی کە لێکۆڵەران و ڕۆشنبیران گفتوگۆیەکی زۆریان لە سەرکردووە و لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کێشە هەروەك خۆی ماوەتەوە و چارە سەر نەکراوە ، سەرەکیترین هۆی چارەسەرنەبوونی ئەو کێشەیە ، ئەوە بووە لێکۆڵەرانی ئەم بوارە ڕە چاوی سروشتی کورد و زمانی کوردییان نەکردووە و ئەو بۆچوونانەش کە لە بارەی چارە سەری کێ شەکەوە هەن ، پەنایان بردووەتە بەر ئەزموونی نە تەوەکانی تر و رە چاوی تایبەتمەندی یە نەتەوەیی یەکانی کوردییان نەکردووە .

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ مانەوەی ئەو کێشەیە بەبێ چارەسەرکردنێکی تیۆری و نەبوونی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە .

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە بەشوێن تیۆرێکی شیاو و سازەدا بگەڕێت ، کە توانای ئەوەی هەبێت سروشتی کورد و زمانەکەی لێکبداتەوە و بۆ چارە سەرکردنی کێ شەی ز مان و دیالێک تە کوردییەکان لە ناو زمانی کوردی وسروشتی پەرە سەندنەکەیدا چارە سەری کێ شەکە بدۆزرێ تەوە و ڕەچاوی ئەو سیستەمە بکات کە پەیوەندی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی دیاری دەکات . گەیشتن بە دۆزینەوەی بنەماکانی تێڕوانینێکی تیۆری لەو جۆرە و دار شتنی بیرکردنەوە یەکی ت یۆری لە سەر بن چینەی ئەو ب نەما تیۆریا نە، بەلا یەنی کە مەوە لە ئا ستی تیۆر یدا هەنگاونانێ کە بەرەوچارەسەرکردنێکی ڕیشەییانەی ئەو کێشەیە .

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بەر ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی تیۆرییە و لێکۆڵینەوەیەکی کارەکی نی یە ، سنووری لێکۆڵینەوەکە هەموو ئەو دیالێکتە کوردییانە دەگرێتەوە کە لە سەردەمێکی م ێژوویی دیاریکراودا لەزمانێکی زارەکی کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکانەوە بوون بە ز مانی ئاین یان بە زمانی ئەدەبیات یان زمانی خوێندنی و خوێندنەوە،سنووری ئەو سەردەمە مێژووی یەش لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە زاری هەورامی لە سەدەی دووەمی کۆچیدا بە پرۆسەی بەدیالێکتبووندا دەڕوات و دەبێت بە زمانی دەقە ئایینیەکانی ئاینی یارسان،تا سەردەمی مۆدێرنە و بوونی دیالێکتە کوردییەکان بە زمانی خوێندن وخوێندنەوە.

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە فەلسەفییەو هەمان ئەومیتۆدە دیالێکتیکییەیە کە هیگڵ لە فەلسەفەی مێژوودا بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی میللەتان و کەلتورەکەیان پەیڕەوی کردووە و لێرەدا ئەومیتۆدە لە بواری مێژووی زمانی کوردی وپەرەسەندنەکەی کاری پێکراوە ،بە پێی ئەم می تۆدە م ێژووی هەر شتێك مێژووی پەرەسەندنی بیری ئەوشتەیە لەناو عەقڵدا و بەرجەستەبوون وعەینی بوو نەوەی بیری

ئەو شتەیە لە ناو واقیعێکی مێژووییدا بەبڕینی ئەو قۆناغە مێژووییانەی کە بۆ ئەم بەرجەستە بوونە واقیعیە پێویستن .

ئەو بیرکردنەوە تیۆرییەش کە لەلێکۆڵینەوەکەدا کارمان پێکردووە و لە هەر قۆناغێك لەقۆناغەکانی بەرجەستەبوونی زمانی کوردیدا پەیوەندی دیالێکتەکانمان پێ لێکداوەتەوە ، تیۆرێکی ئەنتۆلۆجییە و لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە پەیوەندی نێوان بوونی زمانی کوردی و بەرجەستەبوونی ئەوبوونەمان لەناوئەودیالێکتانەدا شیکردووەتەوە کەبەرجەستەیان کردووە و وەك زمانی کوردی نواندوویانە . ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە میتۆدی ئەم لێکۆڵینەوەیە و ئەو تێڕوانینەتیۆرییەش کە بەپێی ئەومیتۆدە کێشەی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی پێ لێکدراوەتەوە ، سەربەفەلسەفەن و سەر بە زانستەکانی زمان نین ، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو کێشەیەی کەبابەتی لێکۆڵینەوەکەمانە .

بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە (کێشەی زمانی کوردی و دیالێکتەکان لە ڕوانگەی فەلسەفەی زمانەوە)یە ، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە بابەتەکە زمانی کوردی ودیالێکتەکانیەتی و ،لێکۆڵینەوە لەبابەتەکە لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفییە ودەکەوێتە خانەی فەلسەفەی زمانەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە ، لە بەشی یەکەمدا هەوڵدراوە ئەو تێڕوانینانەی لە بارەی بوونی زمان وجیاوازی زمانەکانەوە هەن لەناو سێ تیۆری سەرکیدا کۆبکرێنەوە و پۆلێن بکرێن ، ئەو سێ تیۆرەش کە ئەم سێ تێڕوانینە لە خۆدەگرن ئەمانەن: تیۆری عەقڵی ، تیۆری سروشتی ، تیۆری دروستەیی، پۆلێنکردنی ئەو تێڕوانینانە لە چوارچێوەی ئەم سێ تیۆرەدا بەپێی ئەو بنەما جیاوازانەیە کە ئەو تێڕوانینە جیاوازانە بە بنەمای بوونی زمان و جیاوازی زمانەکانیان دەزانن .

بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە دانراوە بۆ داڕشتنی بیرکردنەوەیەکی تیۆری بۆ کێشەی زمان و دیالێکتەکان ، بۆ داڕشتنی ئەم بیرکردنەوە تیۆرییەش بە شێوەیەکی تایبەتی سوود لەو تێڕوانینە تیۆریانە وەرگیراوە کە لە چوارچێوەی تیۆرە عەقڵیەکەدا داڕێژراونەتەوە و بە شێوەیەکی گشتیش سوود لە تێڕوانینە جیاوازەکانی دووتیۆرەکەی تریش وەرگیراوە ،ئەم تێڕوانینە تیۆریە بە تێڕوانینی ئەنتۆلۆجی بۆ کێشەی زمان و دیالێکتەکان ناو براوە. ئەم تیۆرە تیۆرێکی ئەنتۆلۆجییە چونکە لە تیۆریزەکردنی بوونی عەقڵیی زمان و دەرکەوتنی ئەم بوونە لە دیالێکتەکاندا و پەیوەندی ئەنتۆلۆجی نێوان بوونی زمان و دیالێکتەکان کەوتووەتەوە.

بەشی سێهەم تەرخانکراوە بۆ لێکدانەوەی ئەنتۆلۆجیانەی کێشەی بوونی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی ، واتە لەم بەشەدا هەوڵدراوە لە ڕوانگەی تیۆرە ئەنتۆلۆجییەکەی بەشی دووەمەوە باس لە کێشەی بوونی زمانی کوردی وبەرجەستەبوونی ئەم زمانە لە دیالێکتە کوردییەکاندا بکرێت . بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا باسمان لە دۆخی ئەنتۆلۆجیی زمانی کوردی لەناو زمانەکانی تردا کردووە و

ئەوەمان ڕوونکردووەتەوە کەزمانی کوردی دۆخێکی ئەنتۆلۆجی تایبەت بە خۆی هەیە و تا ئێستاش پارێزگاری لەو دۆخەی خۆی کردووە و لە سەردەمی مۆدێرنەدا تاکە زمانێکە کە هەڵگری دۆخێکی ئەنتۆلۆجی لەو جۆرە بێت.

هەر لەم بەشەدا ئەوەمان روونکردووەتەوە کە زمانی کوردی بۆ شێوەگیرکردنی بوونی خۆی لە ناو دیالێکتەکاندا بەسێ قۆناغدا تێپەڕیوە ، لە قۆناغی یەکەمدا بوونی خۆی وەك زمانێکی ئایینی لە چوار دیالێکدا نواندووە ، لە قۆناغی دووەمیشدا بوونی خۆی وەك زمانێکی ئەدەبی لە هەمان ئەو چوار دیالێکتەدا بە شێوەیەکی جیاواز لەقۆناغەکەی پێ شوو شێوەگیرکردووە،بەڵام لە قۆناغی سێهەمدا لە بری دوو دیالێکت لە چوار دیالێکتەکە دوو زمانی زارەکی ناو کۆمەڵگا کوردی زمانەکانی بە پرۆسەی بەدیالێکتبووندا بردووە و بوونی خۆی وەك زمانی خوێندن لە چوار دیالێکدا شێوەگیرکردووە .

لە کۆتایشدا گرنگترین ئەو ئامانجانەمان خستوونەتە ڕوو کە لە لێکۆڵینەوەکەدا پێیان گەیشتووین ، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی .

# بەشی یەکەم

# تیۆرەکانی بوونی زمان و جیاوازی زمانەکان

زمان وەك هەر پێكهاتەیەكی بەشەكی لە پێكهاتەكانی كولتور لە سێ توخم پێكهاتووە : توخمێكی رۆحی، كە دیاریكەری چۆنایەتیەكانی ناو ئەو سروشتەیە كە زمانەكەی لێ دەكەوێتەوە، توخمێكی سرو شتی كە دیاریكەری شێوەی ئەو زمانەیە بەو چۆنایەتیانەی كە ئەو سرو شتە دەیانبەخ شێت كە زمانە كەی لێ كەوتووەتەوە، توخمێكی ماددی ئەویش ئەو هیولا دەنگییە دەگرێتەوە كە فرمانە رۆحیەكان بەو چۆنایەتیانە شێوەگیردەكات كە لە سروشتەكەدا دیاری كردوون .

لەلایەكی ترەوە زمان وەك جیهان، جیهانی ئەو بوونەوەرە فیزیكی و میتافیزیكییانە یە كە زەی نی بوونەتەوە، واتە جیهانی زەیینیی بوونەوەی ئەو بوونەوەرە عەقڵییانەیە كە لەناو جیهانی رۆحدان هەن، لە گەڵ زەینی بوونەوەی ئەو بوونەوەرە فیزیكی و ماددیانەی كە لە جیهانی واقع و فیزیكدا هەن .

بوونی ئەو سێ توخمە ئەنتۆلۆجیە لە پێكهاتەی زما نداو زەین یی بوو نەوەی بوو نەوەرە عەقڵی و فیزیكییەكانی لەناو زماندا وایكردووە چەند تیۆرێكی جیاواز بۆ دیاریكردنی بنەماكانی پەیدابوونی زمانەكان و جیاوازییەكانیان بێتە ئاراوە، ئەوەش بووەتە هۆی ج یاوازیی ن یوان تیۆرە كان، پێكها تە ئەنتۆلۆج یە ئاڵۆزەكەی زمان و ئاوێتەبوونی ئەوەیە كە رۆحییە لەگەڵ ئەوەی كە مادییە لەناو جیهانی زمان و بوو نەوەرە زمانییەكاندا كە بوونەوەری زەینین .

بۆ دارشتنی بیركردنەوەیەكی تیۆری بۆ لێكۆڵینەوە لە پەیوەندی بوونی زمان ودیالێكتەكانی، دەب ێت سوود لەو تێڕوانینە سەرەكییانە وەرگرین كە لەبارەی بنەماكانی پەیدابوونی زمان و ج یاوازی زمانەكا نەوە هەن، ئەو تێڕوانینانەش كە لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە هەن دەتوانرێت لە سێ تیۆری سەرەكیدا پۆلێن بكرێن كە ئەمانەن :

**1**ـ تیۆری عەقڵی

**2**ـ تیۆری سروشتی

**3**ـ تیۆری دروستەیی.

هەموو ئەوتێڕوانینانەی كە بوونی زمانەكان و جیاوازییەكانیان دەگەرێننەوە بۆ ئەوەی كە لەزما ندا عەقڵییە ، لەچوارچێوەی تیۆرێكدا بە ناوی تیۆری عەقڵی دامان ڕشتوونەتەوە ، ئەو تێڕوانینانەش كە سرشتی ژینگە یان سروشتی جیاوازی میللەتانیان بە سەرچاوەی بوونی زمانە جیاوازەكان و جیاوازی نێوانییان زانیوون لەچوارچێوەی تیۆرێكدا بە ناوی تێۆری سرووشتی دامانڕشتوونەتەوە ، هەموو ئەو تێرشوانینانەش كە ز مان بەدرووستكراوێكی كۆمەڵگای مرۆیی دەزانن و بوونی زمان و جیاوازی زمانەكان دەگەرێننەوە بۆ ئەو توانایەی كە مرۆڤ لەدروستكردنی شتەكاندا هەیەتی ، لەرێگەی بۆچوونەكانی (دی سۆسۆرە)وە لە چوارچێوەی تیۆرێكدا بە ناوی تیۆری درووستەیی گفتووگۆمان لەبارەیانەوە كردووە ، لەم بەشەدا هەر یەك لەو سێ تیۆرە لە رێگەی باشترین لە لێكۆڵەرانیانەوە دخرێ نەڕوو و دوا تریش بە سوود وەر گرتن لەو سێ تێڕوانیی نە تیۆری یە، بیركردنەوەیەكی تیۆری بۆ پەیوەندی بوونی زمان و دیالێكتەكانی دادەرێژین .

## 1/1) عەقڵ وەك بنەمای بوونی زمان و جیاوازی زمانەكان

ئەم تیۆرە بەشێوە سەرەتاییەكەی لە ئەفلاتونەوە سەرهەڵدەدات و لای ڕۆمانتیكە ئەڵمانەكان پەرەی پێدەدرێت و گەورە فەیلسوف و زمانەوانی ئەڵمانی هیمبۆڵت لە كتێبێكیدا بەناوی (كۆمەڵە بۆچوونێك لەبارەی زمانەوە: هەمەجۆریەتی دروستەی زمانی مرۆیی و كاریگەری لەسەر پەرەسەندنی عەقڵی مرۆڤایەتی) لە فۆڕمێكی زانستیدا دایدەڕێژێت، دواتر ئەم كتێبە دەكاتە سەرەتایەك بۆ لێكۆڵینەوەیەكی فراوانتر بەناوی (كۆمەڵە بۆچوونێك لەبارەی زمانی كاوییەوە لە دوورگەی جاوە). ئەم كتێبە لەنێوان ساڵانی (1836 و 1839) لە سێ بەرگدا بڵاو دەكرێتەوە[1]. لەڕێگەی ئەم كتێبەی هیمبۆڵیتەوە ئەم تیۆرە دەبێتە یەكێك لە تیۆرە سەرەكییەكانی زانستی زمان.

ئەم تیۆرە بەشێوەیەكی گشتی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت كە پەیوەندی نێوان ئەوەی كە لە توخمە پێكهێنەرەكانی زماندا عەقڵییە لەگەڵ ئەوەی كە ماددییە پەیوەندییەكی هەڕەمەكی نییەو ئەم پەیوەندییە لەسەر بنەمایەكی عەقڵی دامەزراوە كە بنەمای خۆنوێنیی ئەوەیە كە عەقڵییە لەوەدا كە ماددی و غەیرە عەقڵییەو هەر ئەم بنەمایەش وایكردووە پەیوەندی نێوان ئەو دوو توخمە پەیوەندییەكی هەڕەمەكی نەبێت و پەیوەندی سازی و هەماهەنگبوون بێت. ئەوانەی لە دۆزینەوەی ئەم تیۆرەو پەرەسەندنەكەیدا بەشدارییان كردووە، ئەوانەن كە پێكهاتەی ناوەكی یەكە زمانییەكان بەپێی بنەمای خۆنوێنی و سازی لێكدەدەنەوە.

لێرەدا هەوڵدەدەین لەڕێگەی بۆچوونەكانی ئەفلاتون و فیختەو هیمبۆڵتەوە ئەم تیۆرە بخەینەڕوو و دواتریش بۆ داڕشتنی ئەو بۆچوونە تیۆرییە سودی لێوەربگرین كە بۆ لێكدانەوەی شوناسی نەتەوەیی كوردو كێشەی زمان و دیالێكتە كوردییەكان پێشنیاری دەكەین.

### 1-1/1) یەكنوێنی وەك بنەمای پەیدابوونی یەكە زمانییەكان

ئەفلاتون لە یەكێك لە گفتوگۆسازییەكانیدا بەناوی (كراتیلیۆس) گفتوگۆی سوكرات و دوو كەسی تر لەسەر پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو دەخاتەڕوو. لەڕێگەی ئەم گفتوگۆیەوە دوو بۆچوونی تیۆریی جیاواز لەبارەی ئەو پەیوەندییەوە بەرامبەر یەك دەكاتەوە، ئەم دوو بۆچوونە تیۆرییە سەرەتای سەرهەڵدانی دوو تیۆر لە سێ تیۆرەكە بۆ ئێمە دەستنیشان دەكەن، واتە تیۆرە عەقڵییەكەو تیۆرە دروستەییەكە. ئەوەی لێرەدا گرنگە باس بكرێت تیۆرە عەقڵییەكەیە كە سوكرات لە گفتوگۆكەدا گوزارشتی لێدەكات، تیۆرە دروستەییەكەش بەرامبەرەكەی بەرگری لێدەكات و لە (3-1/5)دا لە باسكردنی تیۆرە دروستەییەكەدا باسی لێوە دەكرێت.

---

(1) بڕوانە: روی هاریس وآخرون، اعلام الفكر اللغوي، ت: الدكتور احمد شاكر الكلابي، الجزء الأول، الطبعة الاولى، دار الكتاب الجديدة، طرابلس، 2004، ص 226.

سەرەتای گفتوگۆکە بەم پرسیارە دەست پێدەکات: ئایا ناوەکان بەپێی سروشت لە شتەکان نراون و بە هەماهەنگی و نـاهەماهەنگییان لەگـەڵ ئەو سروشتە دروستی و نادروستییەکەیان دەردەکەوێت، یان ناوەکان هەڵگری دروستی و نادروستی نین و بەپێی ڕێکەوتن لەناو خەڵکدا لەسەر ناولێنانیان لە شتەکان هاتوونەتە ئاراوەو ناوی هەر شتێك ئەوەیە کە بەپێی ئەو ڕێکەوتنە لێینراوە[2]؟ بەم پرسیارە گفتوگۆکە دەمانخاتە بەردەم دوو بنەمای جیاواز بۆ بوونی پەیوەندیی یەکە زمانییەکان بە شتەکانی ناو جیهانەوە: یەکەمیان بنەمای ڕێکەوتنی بەکارهێنەرانی یەکە زمانییەکانە بۆ شتەکان، دووەمیان بنەمای هەماهەنگیی نێوان چۆنایەتی پێکهاتەی یەکە زمانییەکان و چۆنایەتی پێکهاتەی شتەکانە کە یەکە زمانییەکان لەناو جیهانی زماندا دەیاننوێنن. لەم گفتوگۆیەدا سوکرات داکۆکی لە بنەمای هەماهەنگی دەکات و بەرامبەر بنەمای ڕێکەوتن رادەوەستێت، بەوەی هەوڵی سەلماندنی ئەوە دەدات کە پەیوەندی یەکە زمانییەکان و شتەکان لەسەر بنەمای هەماهەنگییەو لەسەر بنەمای ڕێکەوتن نییە.

لە گفتوگۆکەدا هێرموگنس لە بەرامبەر بۆچوونەکەی سوکراتدا داکۆکی لە بنەمای ڕێکەوتن دەکات و پێیوایە گەر کەسێك یان کۆمەڵە خەڵکێك بڕیاریاندا ناو لە شتێك بنێن، ئەو ناوە هەرچییەك بێت و شتەکە هەرچییەك بێت کە ناوەکەی لێدەنرێت، مادەم بڕیاری لەسەر دراوە، ئەوا ئەو ناوە ناوی دروستی ئەو شتەیە. گەر بڕیارەکە گۆڕدراو ناوێکی تر لە شتەکە نرا، ئەوا ناوەکەی تریش دروستە، چونکە هەردووکیان بەبڕیارو رازیبوونی ناو لێنەرەکە یان ناولێنەرەکان لە شتەکە نراون. هیچ ناوێکیش بەبێ بڕیاردانی کەسێك یان خەڵکی لە هیچ شتێك نانرێت، بۆیە دروستی و نادروستی لە ناولێنان لە شتەکان بوونی نییەو ئەو ناوانە ناوی دروستی شتەکانن کە کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك بڕیار دەدەن لە شتەکانیان بنێن[3].

دوای ئەوەی هێرمۆگنس بڕیارو ڕێکەوتنی کۆمەڵە کەسێك لەسەر ناولێنانی شتێك بەناوێك دەکاتە بنەمایەکی رەها بۆ دروستی و نادروستیی پەیوەندی ناوێك بە ناولێنەرەکەیەوە، سوکرات هەوڵدەدات ئەو تێکەڵکارییەی کە هێرمۆگنس لـە پێشنیارکـردنی بۆچوونەکەی خۆیدا تووشی دەبێت، بۆی راست بکاتەوە، بۆ ئەمەش هەڵدەدات لەڕێگەی مەسەلەی دروستی و نادروستیی ناولێناندا ئەوە روونبکاتەوە کە جیاوازی هەیە لەنێوان بڕیاری کەسی و ڕێکەوتنی کۆیی خەڵك لەسەر بڕیارێك، لەمەشەوە ئەوە ئاشکرا دەکات کە بنەمای پەیوەندی نێوان ناوەکان و ناولێنراوەکان بڕیار نییەو ڕێکەوتنە لەسەر بڕیاردان. گەر ڕێککەوتن لەناو بڕیاری ناولێنانی شتێك بەناوێك لەناو خەڵکیدا بوونی نەبێت، پەیوەندی نێوان ناوەکەو ناولێنراوەکە دانامەزرێت بۆیە تاکەکەسێکیش بۆخۆی بەبێ ئەو ڕێکەوتنە کۆییە بە بڕیاری تاکەکەسیی خۆی پەیوەندی نێوان ناوەکەو ناولێنراوەکەی دامەزراندبێت.

---

(2) بڕوانە: دورە آثار افلاطون، جلد دوم، ت: محمد حسن لطفی، چاپ سوم، انتشارات خوارزمی، تهران، 1380، ص690.

(3) بڕوانە: ه. س: ه. ل.

سوكرات بۆئەوەی ئەوە بۆ هیرمۆگنس روونبكاتەوە كە پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو گەر پەیوەندییەكی سروشتیش نەبێت، بەبڕیار ئەو پەیوەندییە دانامەزرێت و بە رێكەوتن دادەمەزرێت، بەم شێوەیە نمونەیەكی بۆ دەهێنێتەوەو دەڵێت: وادابنێ من ناوی پیاوم بە ئەسپ بردو ناوی ئەسپم بە پیاو برد، ئایا تۆ مەبەستت ئەوە نییە بەوەی كە ناوی پیاوم بە ئەسپ بردووە، ئەوە بەگوێرەی من ناوی ئەسپ بۆ پیاو دروستەو لە هەمانكاتدا خەڵكی هەمووی ناوی پیاو بە پیاو دەبەن، ئەمەش بەگوێرەی ئەوان دروستەو بەم شێوەیەش ناوبردنی پیاو بە ئەسپ بۆ من دروستە و لە هەمانكاتدا بۆ خەڵكیش دروستە

بەم نمونەیە سوكرات ئەوە رووندەكاتەوە كە بڕیاری تاكەكەسی لە ناولێنانی شتێك بە ناوێك كاتێك رووبەڕووی بڕیارێكی كۆیی دەبێتەوە كە رێكەوتنی خەڵكی دروستی كردووە، ئەوا ئەوەی خەڵكی لە سەری رێككەوتوون دروستەو ئەوە دروست نییە كە تاكەكەس بەبێ رێكەوتنی خەڵك وەك بڕیاری ناولێنانی شتێك بە ناوێك دەیدا، بۆیە ناكرێت بەشێوەیەكی رەها بڵێین دروستی و نادروستی لە ناولێنانی شتەكاندا نییەو تەنها دەتوانین بڵێین دروستی و نادروستی لە ناولێنانی ئەو شتانەدا نییە كە خەڵكی لەسەر ناولێنانیان بە ناوێك رێككەوتوون.

هێرمۆگنس دوای هێنانەوەی نمونەكەش هەر سورە لەسەر بۆچوونەكەی خۆی و بۆ سەلماندنی زیاتری بۆچوونەكەی بەم شێوەیە دەدوێت ((من جگە لەمە راستی لە ناوەكاندا نابینم. تۆ ناوێك لە شتێك دەنێیت و من ناوێكی تر، لە وڵات و شارە جیاوازەكاندا هەمان ئەو شتانەی كە هەن ناوی جیاوازیان لێنراوە، لە بەكارهێنانی ناوەكاندا یۆنانیەكان و بێگانەكان جیاوازن، هەر لەناو یۆنان خۆیشیدا هۆزەكانیش بە هەمانشێوە لە بەكارهێنانی ناوەكاندا جیاوازن))[1]. لێرەشدا بە هەمانشێوە هێرمۆگنس بڕیاری كۆیی ناولێنان كە لەسەر بنەمای رێكەوتنە لەگەڵ بڕیاری تاكەكەسیی ناولێنان كە لەسەر بنەمای رێكەوتن نییە دەكاتەوە بە یەك. ئەمەش خۆی تێكەڵكردنی بیركردنەوەی دروستەیی و بیركردنەوەی پراگماتیكییە، هەر لێرەشەوەیە كە سوكرات هێرمۆگنس بەوە تۆمەتبار دەكات كە بۆچوونەكەی هەمان ئەو بۆچوونە پراگماتیكییەی پرۆتۆگۆراسە كە دەڵێت: مرۆڤ پێوانەی هەموو شتەكانەو ئەوەی بۆ كەسێك دەردەكەوێت بۆ ئەو حەقیقەتە[2]، واتە حەقیقەت ئەوەیە كە هەركەسێك بۆ خۆی هەستی پێدەكات و لە دەرەوەی ئەو هەستكردنەی ئەوانەوە شتێك بەناوی حەقیقەت نییە ئەوە روون بكاتەوە كە كام لەو دەركەوتنانەی حەقیقەت كە بۆ كەسەكان دەركەوتوون حەقیقەت خۆیەتی. بۆیە ئەوەی بۆ هەركەس وەك حەقیقەت دەركەوت حەقیقەتە، با دژی ئەوەش بێت كە وەك حەقیقەت بۆ كەسێكی تر دەركەوتووە.

هێرمۆگنس نكۆڵی لەوە دەكات كە بۆچوونەكەی لەبارەی دروستی و نادروستی ناولێنانەوە هەمان بۆچوونی پرۆتۆگۆراس بێت، دوای ئەم نكۆڵیكردنەی ئەو، سوكرات هەوڵدەدات سەرەتایەك بۆ

---

(1) بڕوانە: هـ.س: 692.

(2) بڕوانە: هـ.س: 693..

پێشنیارکردنی بۆچوونەکەی خۆی لەبارەی ناولێنانی شتەکانەوە دابڕێژێت، بۆ ئەم مەبەستەش باس لەوە دەکات کە لەناو سروشتی شتەکاندا جێگیرە، واتە ئەو چۆنایەتییە جێگیرەی ناو شتەکان کە بوونی شتەکان و جیاوازییەکانیان دەپارێزێت. سوکرات لێرەدا ئەو چۆنایەتییە جیاوازانە بە ماهیەتی جیاوازو سەربەخۆی شتەکان ناو دەبات و بەوەی دەزانێت کە دەبێت ناوەکان لەگەڵیدا هەماهەنگ ببنەوەو بینوێنن. بۆ روونکردنەوەی ئەمە بە هێرمۆگنس دەڵێت: گەر نکۆڵی لەوە دەکەیت کە بۆچوونەکەت هەمان بۆچوونی پرۆتۆگۆراس نییە، دەبێت ((گریمانەی ئەوە بکەیت کە شتەکان خاوەنی ماهیەتی بەردەوام و تایبەت بە خۆیانن و بەو شێوەیە بە ئێمەوە پەیوەست نین یان بە ئێمە کاریگەر نین کە بەپێی ئارەزووی ئێمە بگۆڕێن، بەڵکو سەربەخۆن و بەپێی ئەو پەیوەندییەی کە سروشت بۆ ئەوان بڕیاری لەسەرداوە ماهیەتی تایبەتی خۆیان پارێزگاری لێدەکەن))[1]. بەپێی ئەم گریمانەیە شتەکان مەحکومن بە چۆنایەتییەکی نەگۆڕ کە سروشت بڕیاری لەسەرداوە، ئەوە بڕیاری سروشتە نەك بڕیاری ئێمە کە پەیوەندی نێوان شتەکان و چۆنایەتییە تایبەتیەکەیان لەسەری دامەزراوە، ئەو چۆنایەتییە جیاوازانەش کە ماهییەتی شتەکانن بەشەکی بـوونەوەی سروشتە لەناو شتەکانداو شتەکان لەگەڵ ئەو سروشتەی کە هەیانە پێکەوە سروشت دەنوێنن، واتە یەکنوێنی سروشتن و سروشت ئەوانی لەگەڵ چۆنایەتییە تایبەتەکانی خۆیاندا کردوونەتەوە بەیەك و ئەوانیش لەناو سروشتدا یەکن و یەکنوێنن.

دوای ئەوەی سوکرات باسی پەیوەندی شت بە ماهییەتە جێگیرەکەیەوە دەکات، دێتە سەر کردەکان، لای ئەو کردەکان وەك شتەکان جۆرێکن لە بوون و هێرمۆگنسیش دان بەوەدا دەنێت هەر کردەیەك بێتە ناو واقیعەوە بە هەمانشێوەی ئەو شتانەی کە لە واقیعدا پەیدابوون دارای جۆرێکن لە بوون، بەم پێیە (( کردەکانیش بە هەمانشێوە بەپێی سروشتی تایبەتی خۆیان وەدیدێن نەك بەپێی بیرو بۆچوون و ئارەزووی ئێمە، بۆنمونە کاتێك ئێمە کردەی بڕین لەسەر شتێك ئەنجامدەدەین، بە ئارەزووی خۆمان و چۆنمان بۆ رێککەوت ئاوا دەست بە بڕینەکە ناکەین و بە رێککەوتیش هەر ئامێرێك هات بە دەستمانەوە کارەکەی پێناکەین، بەڵکو دەبێت کاری بڕینەکە بەڕێگای سروشتیی بڕین بکەین و ئەو ئامێرەش بۆ بڕینەکە بەکار بهێنین کە بۆ بڕین سازو شیاوە، بۆ کردنی ئەم کارە تەنها رێگا سروشتییەکە دروستەو سەرکەوتنی پێ بەدەست دێت و رێگاکانی تر هەموویان بێ سودن و بە گرتنە بەریان کردەی بڕینەکە ناکرێت و سەرکەوتوو نابێت))[2]. بەپێی ئەم بۆچوونە کردەکانیش وەك شتەکان ماهیەتی تایبەت بە خۆیان هەیەو لە هەموو سەردەمێکیشدا پارێزگاری لە ماهیەتەکەی خۆیان دەکەن، ماهیەتی کردەکانیش هەروەك ماهیەتی شتەکان چۆنایەتی جیاوازو تایبەتی کردەکانن، هیچ کردەیەك بەبێ بوونی چۆنایەتییەکی تایبەت بەخۆی بوونی نییە، واتە هەموو کردەیەك بوونی بەندە بەو چۆنایەتییەوە کە لەکردنی کردەکەدا لە کردەکە شێوەگیر دەبێت، ئەو ئامێرەش کە مرۆڤ لەکردنی کردەکەدا بەکاری دەهێنێت هەمان ئەو چۆنایەتییە

(1) هـ. س: هـ. ل.

(2) هـ. س: هـ. ل.

دەنوێنێ کە ماهیەتی کردەکەیە و کارای کردنەکەش لەوەدیهێنانی کردەکەو نواندنی لە واقیعدا هەمان چۆنایەتی دەنوێنێ، ئەو چۆنایەتیەش کە ئامێرەکەو کارای کردنەکە دەینوێنن سروشت بڕیاری لەسەر داوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ پەیوەندی هەر کردەیەك بەماهیەتەکەیەوە، پەیوەندی یەکنوێنییەو ماهیەتی کردەکەو کردەکە خۆی هەردووکیان سروشت نوێنن. گەر ماهیەتی کردە وەدیهێنراوەکە سەرچاوەی لە سروشتەوە گرتبێ ئەوە کردەکە سەرچاوەی لەو ئامێرو جەستەیەوە گرتووە کە کاراکە بۆ شێوەگیربوونی چۆنایەتی کردەکە لە کردنەکەیدا شێوەگیری دەکات. بۆ نمونە کردەی بڕین بەوە وەدیدێت کاراکەی بەنواندنی چۆنایەتیەکەی لەبڕینی شتێکدا شتەکەی پێببڕێت، واتە بڕین نواندنی چۆنایەتی کردەی بڕینە لە جوولەی بەهێزی ئامێرێکی جولآودا لەسەر ئەو شتەی کە بڕینەکە تیایدا دەردەکەوێت. لێرەدا جوولەی جەستەکە لەگەڵ چۆنایەتی کردەی بڕینەکەدا سروشت دەنوێنن، بەم یەکنوێنییەی ئەوان بڕینەکە لە شتەکەدا وەدی دێت .

لای سوکرات گوتن (قسەکردن) جۆرێکە لە کردەو لە پۆلی کردەکانە و ناولێنانیش بەشێکە لە گوتن، بۆیە ناولێنانیش وەك گوتن کردەیەکە لە کردەکان، لەمەشەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ((دەبێت ناولێنانیش بە پرۆسەیەکی سروشتی و بە ئامێرێکی سروشتی بەڕێوەبچێت نەك بە ئارەزوو و حەزیی ئێمە، تەنها بەڕێگایەکی لەوجۆرەش ناوی هەر شتێك بەدروستی لە شتەکە دەنرێت، نەك ڕێگایەکی تر))[1]، بەپێی ئەم بۆچوونە کاتێك شتێك بەناوێك ناوی نراوەو کردەی ناولێنانەکەی لەسەرکراوە کە کاراکە بەپێی ئەو چۆنایەتیە و بەو ئامێرە سازەی کە بە پێی هەمان چۆنایەتی کارەکەی پێدەکرێت کاری ناولێنانەکەی کردبێت. گەر کاراکە بەپێی چۆنایەتی ناولێنانەکە نەجولآبێتەوە، ناوەکەی لە شتەکە نەناوەو کارەکەی وەك کاری ئەو کارایە وایە کە بەپێی چۆنایەتیی کردەی بڕین کردەکە لەسەر ئەو شتە ئەنجام نادات کە دەیەوێت بیبڕێت و ئەمەش وادەکات کە شتەکە بە نەبڕاوی بمێنێتەوە.

دوای ئەوەی سوکرات ئەوە ڕووندەکاتەوەکە گوتن کردەیەو ناولێنانیش کردەیەکە لە کردەکانی گوتن، هەوڵدەدات لەڕێگەی دیاریکردنی توخمەکانی کردەی ناولێنانەوە توخمەکانی کردەی گوتن دیاری بکات. لای ئەو کردەی ناولێنان لەڕێگەی چەند توخمێکەوە ڕوودەدات، بەبێ بەشداری کردنی ئەو توخمانە کردەی ناولێنان ڕوونادات و هیچ ناوێکی پێ لە شتەکان نانرێت. با بزانین ئەو توخمانە لای سوکرات چین کە کردەی ناولێنانیان پێ تەواو دەبێت و بە کۆبوونەوەیان لە کردەی ناولێنانی شتێکدا بەشێوەیەکی سروشتی و ڕاستەقینە ناوێك لە ناوەکان لە شتێك لە شتەکان دەنرێت؟

پرۆسەی ناولێنانی شتێك بە ناوێك وەك ناولێنان لە منداڵێکی تازە بوو، پرۆسەیەکی ئاسان نییەو بە ڕێکەوتنی کۆمەڵە کەسێك لەسەر ناولێنانی شتێك بەناوێکی دیاریکراو تەواو نابێت، ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزەو پێویستی بە بەشداریکردنی کۆمەڵە توخمێك و کاتێکی زۆرو کۆمەڵگایەکی دیاریکراو هەیە کە سروشتی تاکەکانی لە یەکترییەوە نزیکبن و سەرچاوەیان لە یەك سروشتەوە گرتبێت.

---

[1] هـ.س: 694.

سەرەتا دەبێت کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی هاوسروشت هەبێت و لەناو ئەو کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەدا بەشێوە سەرەتاییەکەی پرۆسەی ناولێنان بەشێوەیەك لە شێوەکان دەستی پێکردبێت و گەیشتبێتە ئەو قۆناغەی کە پێکهاتە دەنگییەکان لە پرۆسەی ناولێناندا وەك ئامێرێك بەرێگایەکی سروشتی و نائاگایانە لە کۆمەڵگاکەدا بەکاربهێنرێن. بوونی کۆمەڵگایەکی هاوسروشتی لەوجۆرە وەك زەمینەیەك بۆ پرۆسەی ناولێنانەکە پێویستەو ئەمەش وادەکات ئەو زەمینەیە بۆ پرۆسەی ناولێنانەکە سازو شیاوبێت کە هاوسروشتی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەیە.

ئەوەی لە کۆمەڵگایەکی هاوسروشتی لەو جۆرەدا پرۆسەی ناولێنان بەرەوپێش دەبات و وادەکات کە پێکهاتە دەنگییەکان بۆ ناولێنان لە شتەکان بەکاربهێنرێن لای سوکرات پێداویستی ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییە لەنێوان ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەو جیاکردنەوەی شتەکانە بەپێی سروشتە تایبەتییەکەی خۆیان[1]. ئەم پێداویستییە سروشتییەی ناو کۆمەڵگاکە وادەکات پێکهاتە دەنگییەکان وەك ئامێرێك بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ناولێنان دابهێنرێن، بەمەش پێکهاتە دەنگییەکان دەبنە توخمێکی ئامێری بۆ ناولێنان لە شتەکان. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەر لە بنچینەدا پێکهاتە دەنگییەکان بۆ کردنی کارێکی دیاریکراو وەدیهێنراون و شتانێك نین مرۆڤ رێی لێیان کەوتبێت و دواتر بیری لەوە کردبێتەوە بیانکات بە ئامێرێك بۆ ناولێنان لە شتەکان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت پرۆسەی ناولێنان پێشتر هەبووەو دواتر مرۆڤ گەیشتووەتە ئەوەی پێکهاتەی دەنگی وەك شیاوترین ئامێر لەو پرۆسەیەدا بەکاربهێنێت. بەپێی ئەم بۆچوونە تائێرە دوو توخمان لە توخمەکانی پرۆسەی ناولێنان دیاریکردووە: یەکەمیان زەمینەی پرۆسەکەیە کە کۆمەڵگایەکی هاوسروشتە، دووەم ناوەکانن (پێکهاتە دەنگییەکان) کە شیاوترین ئامێری ئەنجامدانی پرۆسەکەن.

دوای ئەوەی سوکرات ئەوە ڕووندەکاتەوە ناوەکان شیاوترین و سازترین ئامێری کردەی ناولێنانن، باس لە کارای وەدیهێنەری ئەو ئامێرە دەکات و ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئەو ئامێرە بەپێی یاسایەك وەدیهاتووە، واتە سەرچاوەی لە یاسایەکەوە گرتووە کە پەیوەستە بە پرۆسەی ناولێنان و لە چوارچێوەی یاساکانی پرۆسەی ناولێناندایە، ئەو کارایەش کە بەپێی ئەو یاسایە ئامێرەکان بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ناولێنان وەدیدەهێنێت وشەسازە، وشەساز بەمە دەبێتە توخمێکی تری پرۆسەی ناولێنان.

بەپێی ئەم بۆچوونە ئەوەی ئامێری کردەی ناولێنان وەدی دەهێنێت، وەك هەر کەسێکی تر کە ئامێر بۆ کردنی کردەیەك لە کردەکان دادەهێنێت تاکەکەسێکەو هەموو تاکەکەسەکانی ناو کۆمەڵگا نین، هەروەك چۆن ئەوەی ئامێری کردەی بڕینی داهێناوە کەسێکە لە کەسەکانی ناو کۆمەڵگاو دواتر کەسەکانی تری ناو کۆمەڵگا ئەو ئامێرە لە کردەی بڕیندا بەکاردەهێنن و دەبن بە بەکارهێنی ئەو ئامێرەی کە ئەو تاکەکەسە وەدییهێناوە. واتە «سازکردنی وشەکان کاری هەموو کەسێك نییەو تەنها کاری وشەسازەو وشەسازیش یاسا دارێژەرە»[2]و ئەو یاسایە لە ئامێرەکەدا شێوەگیر دەکات کە بەکارهێنەرەکانی لە کردەی

---

[1] هـ. س: 695-695.

[2] هـ. س: 697.

ناولێنانی شتەکاندا دەبێت پەیڕەوی بکەن.هەر وشەیەك کە وشەساز وەك ئامێرێك دەیخاتە بەردەم ناولێنەرەکان و ناو بەکارهێنەکان، سەرچاوە لە یاسایەکەوە دەگرێت کە لە سروشتی کۆیی ئەو کۆمەڵگایەدا هەیەو نوێنەرو شێوەگیربووی ئەو یاسایەیە، لە هەمانکاتیشدا هەر لە وشەکە خۆیدا ئەو ڕێنماییانە بوونیان هەیە کە ناولێنەرەکان بۆ بەکارهێنانی لە ناولێنانی شتێك لە شتەکاندا دەبێت پەیڕەوی بکەن. وشە لەبەرئەوەی ئامێرێکە لە ئامێرەکان، دەکرێت لەم ڕووەوە بە مەقەست بەراورد بکرێت، کە ئامێری وەدیهێنانی کردەی بڕینە لە شتێکدا، ئەم ئامێرە دوای ئەوەی ئامێرسازەکەی بە شێوەگیرکردنی ئەو چۆنایەتییەی کە لە سروشتی کۆمەڵگاکەیدا هەیە لە ئاستێکدا شێوەگیری دەکات، لە سروشتی ئامێرەکەدا ئەو ڕێنماییانە هەن کە بەکارهێنەکانی بۆ دیاریکردنی ئەو شتەی کە بڕینەکەی پێ ئەنجامدەدرێت پێویستیان پێیەتی، لە هەمانکاتدا ئەو یاساو پەیڕەوەش هەیە کە بەکارهێنەرەکە بۆ دروست بەکارهێنانی ئامێرەکە پێویستی پێیەتی، واتە ئامێرەکە خۆی بابەتی بڕینەکەی خۆی و چۆنیەتی بڕینەکە بۆ بەکارهێنەرەکەی دیاری دەکات و بەکارهێنەرەکەی دەبێت بە پەیڕەوکردنی ئەوەی کە لە ئامێرەکەدا هەیە کاری بڕینەکە ئەنجام بدات. بەپێی ئەم جۆرە لە ئامێرناسی سوکرات لەبارەی وشەکانەوە دەڵێت: ((وشەکان یاسا (پەیڕەو و ڕێوڕەسم) بە ئێمە دەدەن و وشە بەکارهێن لە کاتی بەکاربردنی وشەدا بەرهەمی کاری وشەساز بەکار دەهێنێت))(1).

وشەساز بە بەهرەیەکی تایبەتی دەگاتە ئەوەی چۆنایەتییەکانی ناو سروشتی کۆیی کۆمەڵگا لە کۆمەڵە پێکهاتەیەکی دەنگیدا وەدی بهێنێت و لەو چۆنایەتییانەوە، هیولای دەنگی وشەکان و ئەو ئامێرانە بخاتە بەردەستی ناولێنەرو بەکارهێنەکان، تا ناوی شتەکانیان پێ بنێن، ئەم کارەش بە گەیشتن بەو ئایدیاڵە دەتوانێت بکات کە هەموو چۆنایەتییە جیاوازەکانی پێکهاتە دەنگییەکان دیاری دەکات، ئەو ئایدیاڵەش چۆنایەتییەکی ڕەهایە و لەناو سروشتی ڕەهای کۆمەڵە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندایەو لەناو هەریەك لەو کۆمەڵە کۆمەڵایەتییانەدا لە شێوەی سروشتی چۆنایەتی بەخشی ئەواندا بەشێوەی جیاواز جیاواز خۆی بەشەکی کردووەتەوە.

هەر وشەسازێك لە وشەسازەکان لەڕێگەی بەهرە تایبەتیەکەی خۆیەوە دەبێت بەناو سروشتی بەشەکی کۆمەڵگاکەی خۆیدا بڕوات و لەناو سروشتی ڕەهای هەموو کۆمەڵگاکاندا سروشتە تایبەتیەکەی کۆمەڵگاکەی خۆی لە خۆنوێنی ئەو سروشتە ڕەهایەدا ببینێتەوە جا دەتوانێت لە چۆنایەتییە جیاوازەکانی ناو سروشتی کۆیی کۆمەڵگاکەی خۆی و ئەو هیولا دەنگییە شیاوەی کە سەرچاوە لە جەستەیەوە دەگرێت و وشە جیاوازەکانی زمانی کۆمەڵگاکەی خۆی وەدی بهێنێت. لەمەوەیە کە سوکرات باس لە توانای ئامێرسازەکان دەکات و پێیوایە ئەوان دارای تواناو بەهرەیەکی ئاوان، گەر ئامێرێکیان وەدیهێناو ئامێرەکە بزربوو یان شکا سەر لەنوێ دەتوانن وەدیی بهێننەوە بەبێ ئەوەی بۆ ئەم وەدیهێنانەوەیە هیچ سودێك لە

(1) هـ. س: 698.

ئامێرە وەدیهاتووەکەی پێشوو وەرگرن[1]. وشەسازیش کاتێك ناوێك بۆ ناونانی شتێکی دیاریکراو ساز دەکات و ناوەکەی بیر دەچێتەوە، وەك ئامێرسازەکانی تر بەبێ سودوەرگرتن لەو ئەزمونەی کە لە سازکردنی ناوە لەبیرچووەوەکەدا بەدەستی هێناوە جارێکی تر بەهۆی بەهرەکەیەوە دەتوانێت ناوەکە لەشێوەیەکی سازتر لەوەی پێشوو وەدیی بهێنێتەوە.

وشەساز بەهۆی ئەو بەهرەوە دەتوانێت بەو چۆنایەتییە دروستەو ئەو هیولا دەنگییەی کە دەزگای دروستکردنی دەنگەکان بەرهەمی دەهێنن، ناوی دروستی هەر شتێك لە شتەکان ساز بکات، لە دۆزینەوەی چۆنایەتییە دروستەکانی ناو سروشتی تایبەتی کۆمەڵگاکەی خۆی دەستور لە چۆنایەتییە سروشتییەکانی رەهای ئەو ناوە لە سروشتی رەهادا وەرگرێت و دوای دۆزینەوەی چۆنایەتییەکەش لەو هیولا دەنگییەی کە دەزگای دروستکردنی دەنگەکانی بەرهەمی دەهێنن، ئەو چۆنایەتییە لە دەنگەکان و بڕگە دەنگییەکاندا شێوەگیر بکات و ناوەکە لە چۆنایەتییەکی نادیاری ناو سروشتی کۆیی کۆمەڵگاوە لەشێوەی ناوێکدا بکات بە چۆنایەتییەکی دەنگی ئاشکراو شێوەگیربوو، ئەو چۆنایەتییەی کە لە سروشتی کۆی کۆمەڵگاکەدا هەیە، لەناو سروشتی هەریەك لەو تاکانەی کە سەر بەو کۆمەڵگا سروشتییەن بوونی هەیە، بەڵام تەنها وشەساز توانای ئەوەی هەیە ئەو چۆنایەتییە لە حاڵەتی ئیمکانێکی سروشتییەوە بەرەو بوونێکی واقیعی ببات و لە هیولایەکی دەنگیدا بۆ سروشتە کۆییەکەی ئاشکرا بکات، ئەو ناوەی کە وشەساز بەم رێگایە وەدی دەهێنێت، تەنها بۆ ئەو کەسانە دەبێتە ناوی راستەقینەی ئەو شتەی وشەساز ناوەکەی بۆ دروستکردووە، کە لەگەڵ وشەسازدا هاوسروشتن و سەر بە یەك کۆمەڵگای سروشتین، چونکە ئەو چۆنایەتییەی کە ماهییەتی ناوەکە پێکدەهێنێت تەنها لە سروشتی ئەو کەسانەدا بەشێوە مومکینەکەی بوونی هەیە کە لەگەڵ وشەسازدا هاوسروشتن و سەر بە هەمان کۆمەڵگای سروشتین.

سوکرات لەبارەی پرۆسەی وەدیهاتنی وشەکان لەلایەن وشەسازەوە دەڵێت: یاسادارێژەر (وشەساز) گەر بیەوێت وشەیەکی دروست ساز بکات، دەبێت تایبەتمەندییەکانی وشە لە دەنگەکان و بڕگەکاندا شێوەگیر بکات، لەم کارەشدا پەیڕەوی ئەو شێوە راستەقینەیەی وشە دروستەکە دەکات کە بوونێکی راستەقینەی هەیە (ئایدیاڵی وشەکە)، هەموو وشەیەکیش بە حیکایەتکردنی ئەو ئایدیاڵە سازدەکات. کاتێك کە دەبینین یاسا دارێژەرە (وشەسازە) جیاوازەکان بۆ سازکردنی هەمان وشە بڕگەی جیاواز بەکاردەهێنن نابێت پێمان سەیربێت، ئاسنسازەکانیش کاتێك هەمان ئامێر بۆ هەمان کار دروستدەکەن پەیڕەوی هەمان ئایدیاڵ دەکەن، بەڵام هەمان جۆری ئاسن بەکار ناهێنن، لەگەڵ ئەمەشدا لەبەرئەوەی ئاسنەکە شێوەگیرکەری هەمان ئایدیاڵە، ئەو ئامێرەی کە بەرهەم دێت ئامێرێکی تەواو و دروستەو دروستی و سازی ئامێرەکە لە دروست شێوەگیرکردنی ئایدیاڵەکەیە لەناو ئاسنەکەداو ئیتر ئەوە گرنگ نییە ئاسنسازەکە یۆنانی بێت یان غەیرە یۆنانی[2].

---

[1] هـ. س: 697.

[2] بڕوانە: هـ. س: 698.

لێرەدا سوکرات بەپێی ئایدیاڵی وشە دروستەکان چۆنایەتییە جیاوازەکان و پێکهاتە دەنگییە جیاوازەکانی هەمان وشە لە زمانە جیاوازەکاندا راڤە دەکات و پێیوایە نادروستیی وشەیەك بۆ ناولێنانی لە شتێك سەرچاوە لە جیاوازی هیولای دەنگی و چۆنایەتی و دروستە دەنگییەکەی وشەکەوە ناگرێت و سەرچاوە لە ناهەماهەنگی ئەو وشەیەوە دەگرێت کە لەگەڵ ئایدیاڵی رەهای وشەکەدا لە سروشتی رەهای کۆمەڵگا سروشتییە جیاوازەکاندایە.

ئەوەی لێرەدا سوکرات بەوردی باسی چۆنایەتییە جیاوازەکانی هەمان وشە لەناو زمانە جیاوازەکاندا ناکات و تەنها باس لەو جیاوازییانەی هەمان وشە دەکات کە سەرچاوە لە هیولا دەنگییەکەوە دەگرێت. ئەو کێشەی جیاوازی چۆنایەتی و هیولای دەنگیی هەمان وشە لە زمانە جیاوازەکانی کۆمەڵگا سروشتییە جیاوازەکاندا بە هەرخۆیەتی ئایدیاڵی ئەو وشەیە لەناو ئەو سروشتە رەهایەدا چارەسەر دەکات کە لەناو هەموو کۆمەڵگا سروشتییە بە سروشت جیاوازەکاندا هەرخۆیەتی خۆی دەپارێزێت و لە رەنگی جیاوازدا وەك سروشتی جیاوازی ئەوان دەرکەوت دەکات.

لای ئەو یاساداڕێژەر (وشەساز) گەر بتوانێت ئایدیاڵی وشە بەو شێوەیەی کە بۆ هەر شتێك سازە، لە بڕگەکاندا شێوەگیر بکات و بنوێنێت، ئەوە کارەکەی دروستە، ئیتر گرنگ نییە یۆنانی بێت یان غەیرە یۆنانی و بڕگەکانی بڕگەی زمانی یۆنانی بێت یان هەر زمانێکی تر[1]. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە وشەساز بە نواندنی ئەو چۆنایەتییە ئایدیاڵییە سەروو سروشتییەی کۆمەڵگا سروشتییە جیاوازەکان وشەکان ساز دەکات و ئەوەی جیاوازییەکان لە بوونی هەمان وشەدا دروست دەکات سروشتی جیاوازی کۆمەڵگا سروشتییە جیاوازەکانەو ئەم جیاوازییانەش لە سنوری ئایدیاڵی ئەو وشەیە تێناپەڕن کە بوونێکی سەروو سروشتیی هەیەو لەڕێگەی چۆنایەتییە جیاوازەکانی ئەو وشەیە لەناو سروشتی جیاوازی ئەو کۆمەڵگا سەروو سروشتییانەدا خۆی سروشتی کردووەتەوە.

گەر وشەساز توخمی سێیەمی پرۆسەی گوتن و ناولێنان بێت، ئەوا توخمی چوارەم ناولێنەرو بەکارهێنەری ئەو ناوانەیە کە وشەساز بۆ ناولێنانی شتەکان سازی کردون، واتە ئەوەیە کە بە بەرهەمی کاری وشەساز کاری خۆی دەکات.

سوکرات بۆ دیاریکردنی توخمی چوارەمی پرۆسەی گوتن و ناولێنان بەم پرسیارە دەست پێدەکات: ئەو کەسە کێیە کە دەتوانێت لە ئامێرە سازکراوەکەدا ئەوە بزانێت کە ئایدیاڵی ئامێرەکە دروست لەناو هیولاکەیدا شێوەگیربووە یان دروست شێوەگیر نەبووە؟ هەر خۆی وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دەداتەوەو ئەوە ئاشکرا دەکات ئەو کەسە ئەوەیە کە دەتوانێت بەری کاری ئامێرسازەکە ـ واتە ئامێرەکە ـ بە دروستی بەکار بهێنێت. بۆنمونە ئەوەی کە بەری کاری دروستکەری ئامێری قیسارە بەکاردەهێنێت، کەسێکە کە دەزانێت چۆن ئەو ئامێرە بۆ کارەکەی ئاڕاستە بکات و بەمەش ئەوە دەزانێت کە ئەو ئامێرە بەشێوەیەکی دروست سازکراوە یان بەشێوەیەکی نادروست، ئەو کەسەش کە ئەم کارە دەکات قیسارەژەنە، ئەو کەسەش

---

(1) هـ. س: هـ. ل.

که دەتوانێت ئاڕاستەی دروست بدات بە بەری کاری وشەسازی ناو کۆمەڵگایەکی سروشتی، ئەو کەسەیە کە وشەسازکراوەکان بۆ ناولێنانی شتەکان لە پرۆسەی گوتن و ناولێناندا بەکاردەهێنێت[1]، ئەوەی لە زەینیدا هەیە لە کردەیەکی زمانیدا لە شتێکدا عەینیی دەکاتەوەو شێوەگیری دەکات.

بەپێی ئەم بۆچوونە ئەو کەسەی ناوەکان بۆ ناوبردنی شتەکان بە دروستی بەکاردەهێنێت، ئەو کەسەیە کە بەپێی ئەزمونکردنی ناوەکە لەناوبردن و ناولێنانی شتەکاندا ناوەکە بەرەو ئەوە دەبات کە سازیی تەواوی خۆی وەرگرێت، ئەمەش لەڕێگەی ئەو پرۆسە دیالێکتیکییەوە روودەدات کە وشەسازو وشە بەکارهێن لەپێناو تەواو سازبوونی وشەکە بۆ ناولێنان لەو شتەی کە وشەکەی بۆ دروستکراوە تێی دەکەون. کارای ئەم پرۆسە دیالێکتیکییە وشە بەکارهێنەکەیەو وشەبەکارهێنەکە لەو ئەزمونانەی کە وشەکەیان تیا بەکار دەهێنێت دەتوانێت پرسیار بخاتە سەر کاری وشەسازەکەو سازی و ناسازی وشەکەی بۆ دیاری بکات و وشەسازەکە بەرەو ئەوە ئاڕاستە بکات کە ئایدیاڵی وشەکە بەتەواوی لە هیولایەکی دەنگیی تەواو سازدا شێوەگیر بکات، بۆیە (( وشەساز گەر بیەوێت وشەیەکی دروست ساز بکات دەبێت لە کاتی سازکردنی وشەکەدا گوێ لەو کەسانە بگرێت کە لەبواری دیالێکتیکدا زانان و پەیڕەوییان بکات))[2].

دوای ئەوەی سوکرات توخمەکانی ناو پرۆسەی ناولێنان دیاری دەکات، باس لە گرانی پرۆسەکە دەکات و ئەوە روونەدەکاتەوە کە پرۆسەیەکی سادەو ساکار نییە، لەم بارەیەوە بە هێرمۆگنس دەڵێت: ((بەپێی ئەمە بێت تۆش پێتوانییە کە وشەسازکردن کارێکی ئاسان نییەو هەموو کەس ئەم کارەی پێناکرێت و کراتیلیۆسیش حەقی خۆیەتی بڵێت ناوەکان سەرچاوەیان لە سروشتی شتەکانەوە وەرگرتووەو وشەسازی و ناولێنان کاری هەموو کەسێك نییەو تەنها ئەو کەسانە لەمکارەدا شارەزان کە بتوانن ئەو وشەیەی کە بە سروشت بۆ شتێك سازە وەدیی بهێنن و لە دەنگەکان و بڕگەکاندا شێوەگیری بکەن))[3].
بەپێی ئەم بۆچوونە هەموو پرۆسەیەکی ناولێنان لەناو کۆمەڵگایەکی سروشتیدا روودەدات و مەحکومە بە سروشتی ئەو کۆمەڵگایەو چۆنایەتییەکانی، جگە لەمەش دەبێت لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا کەسێك هەڵکەوێت کە توانای ئەوەی هەبێت پەی بە چۆنایەتییە پەتییە سەرووسروشتییەکەی ناوەکان بەرێت لە سروشتی کۆمەڵگاکەی خۆیدا بە چۆنایەتی جۆراوجۆری ناوەکان لەو هیولا دەنگییە سازکراوەدا کە جەستەی کۆیی ئەو کۆمەڵگایە بە دەزگای بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکان سازی دەکات شێوەگیری بکات و بینوێنێت و بەمەش وشە جیاوازەکان بێنێتەئاراوەو دواتریش کەسێکی تری ناو ئەو کۆمەڵگایە کە توانای ناولێنانی شتەکانی بەو وشە سازکراوانە هەیە، وشەکە بگەیەنێت بەو شتانەی کە هەڵگری ئەو چۆنایەتییانەن کە لە وشەکاندا هەن و لەگەڵ چۆنایەتییە دەنگییەکاندان یەکنوێنی هەمان بیرۆکەن و ئایدیاڵی ناو عەقڵن.

[1] بڕوانە: ه.س: 699.
[2] ه. س: ه. ل.
[3] ه. س: 700.

بەم پێیە وشەو ئەو شتەی کە بە وشە ناوی لێدەنرێت یەکنوێنن و هەمان ئەو ئایدیالە دەنوێنن کە شێوەگیربوونی لەناو هیولای وشەکەو هیولای شتەکە، وشەو شتەکە وەدیهاتوون. گەر ئەم بۆچوونە کێشەیەکی تیادا هەبێت لەوەدایە کە بەوردی پێکهاتەو سروشتی وشەکان و شتەکانمان بۆ روون ناکاتەوەو ئێمە نازانین مەبەست لە وشەکان و شتەکان وشە دەربڕراو و شتە فیزیکییەکانی ناو جیهانن یان وشەکان و شتەکانی ناو زەینی کۆمەڵگاو سروشتە کۆمەڵایەتییەکەی ئەو کۆمەڵگایەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە پەرەسەندنی ئەم تیۆرەدا لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا لای فیختەو هیمبۆڵت دەست دەکەوێت.

بەپێی ئەم بۆچوونە پرۆسەی ناولێنان پرۆسەیەکی ئالۆزەو بەرهەم و کۆبوونەوەی چوار توخمی سەرەکییە، یەکەم توخمیان سروشتی کۆیی کۆمەڵگایەکی سروشتییە، ئەو چۆنایەتی و دروستە جیاوازانەی کە لە وشەکانی یەك زماندا هەن پێشتر بەشێوەیەکی نادیارو مومکین لەناو سروشتی کۆیی ئەو کۆمەڵگایەدا کە زمانەکەی تێدا لەدایکبووە بوونیان هەبووە، واتە دروستەی وشەکانی هەر زمانێکی سروشتی لەڕووی بوونەوە پێش دەکەون بەسەر بوونە دەنگییەکەیاندا لەناو زماندا، بۆیە بەبێ بوونێکی پێشینەی دروستەکانی وشەکان لەناو سروشتی کۆمەڵگایەکی سروشتیدا زمانێکی سروشتی لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا نایەتە ئاراوە گەرچی هەموو ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگایە وەك هەر مرۆڤێك خاوەنی دەزگای بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکان و پێکهاتە دەنگییەکانی زمانی سروشتی بن، ئەمەش وادەکات سروشتی کۆیی کۆمەڵگایەکی سروشتی وەك سەرچاوەی دروستە جیاوازەکانی وشەکان بۆ پەیدابوونی زمانێکی سروشتی توخمێکی بنچینەیی بێت لە توخمەکانی بوونی پێکهاتەی زمانێك لە زمانە سروشتییەکان.

دوای ئەم توخمە توخمێکی تر دێت، ئەویش ئەو کارایەیە کە دەتوانێت بکەوێتە ناو دۆخێکی لەو جۆرەوە کە سروشتەکەی ناوی بکەوێتە ناو جوڵەو پێدانی ئەو دروستانەو دەرکەوتکردنیان لەناو زەینی ئەو کارایەدا، واتە ئەو کەسەی کە دەتوانێت بە هەماهەنگبوونەوەی لەگەڵ سروشتی ناوەکیی خۆیدا وا لە سروشتی بکات دروستەی وشەکان لەناو زەینیدا وەك وشەیەکی بێدەنگ ئامادە بکات و ئەو وا لێبکات کە بە دەزگای بەرهەمهێنانی پێکهاتە دەنگییەکان ئەو دروستەیە لە دەنگەکان و بڕگەکاندا لەشێوەی وشەیەکی دیاریکراودا شێوەگیر بکات کە وشەیەکی تەواو سازو هەماهەنگبێت لەگەڵ ئەو شتەدا کە وشەکە بۆ ناولێنانی لەڕێگەی وشەسازەکەوە وەدیهاتووە. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە: وشەساز وەك کەسێکی ناو کۆمەڵگایەکی سروشتی، چۆن دەتوانێت لەگەڵ سروشتی کۆیی ئەو کۆمەڵگایەدا لەناو خۆیدا بگاتە ئاستی هەماهەنگبوون لەگەڵیداو بەمەش ئەو سروشتە دروستەی ئەو وشەیە لە زەینیدا وەك وشەیەکی پەتی لە دەنگ ئامادە بکات؟ سوکرات بەشێوەیەکی ئالۆزو نادیاروەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە لەڕێگەی ئەوەوە کە باس لە ئایدیاڵی وشە جیاوازەکانی یەك زمان و هەموو زمانە سروشتییە جیاوازەکان و هەموو شتە ناولێنراوەکانی ناو جیهانی زمانەکان دەکات. بەڵام ئەوەی ئەو لەم بارەیەوە دەیڵێت تەنها ئەوەندەیە کە وشەسازەکانی هەموو زمانە سروشتییەکان لە وشە جیاوازەکاندا حیکایەتی هەمان ئایدیاڵ بە شێوازو هیولای جیاواز دەکەن. بۆیە وشەسازی باش وشەسازی زمانێك لە زمانە

سروشتییەکان نییە، بەڵکو ئەوەیە کە لە هەموو وشەسازەکان زیاتر دەتوانێت بە شێوازو ڕەنگی سروشتی سروشتە جیاوازەکەی خۆی گوزارشت لەو ئایدیاڵە بکات. ئەم گوتنەی سوکرات شتێکی ئەوتۆمان لەبارەی ئەو پرۆسەیەوە پێنادات کە لەناو وشەسازدا بۆ سازبوونی وشەکانی زمانێك لە زمانە سروشتییەکان ڕوودەدات. بۆیە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە دەبێت زیاتر بەدوای ئاشکرابوونی ئەو پرۆسەیەدا بڕۆین و ئەوە دیاری بکەین کە لە وشەسازدا هەیەو وادەکات وشەساز ببێت بە تۆخمێکی بنچینەیی پەیدابوونی زمانێك لە زمانە سروشتییەکان.

بابزانین ئەوەی سوکرات بە ئایدیاڵ ناوی دەبات چییەو چ ڕۆڵێکی لەوەدا هەیە کە خودی وشەساز لەگەڵ سروشتی کۆیی کۆمەڵگا سروشتییەکەی خۆیدا هەماهەنگ دەکاتەوەو بەمەش دروستەی نادیاری ناو سروشتەکە لەشێوە زەینییەکەیدا لە زەینی ئەودا ئاشکرا دەبێت؟ وشەساز پێش ئەوەی ببێت بە وشەسازو سروشتی دروستەی وشەکان لە زەینیدا وەدی بێنێت و زەینییان بکاتەوە دەبێت پەیی بە ماهیەتی ئەو شتانە بردبێت کە دروستە زمانیەکانیان لەناو سروشتیدا بەشێوەیەکی پەنهان هەن، بەبێ پەیبردنی بە ماهیەتی نادیاری ئەو شتانە سروشتی دروستەی نادیاری ناوەکانیان لە زەینیدا ئاشکرا ناکات، ئەم کەسە کاتێك دەتوانێت پەی بە ماهیەت و دروستەی نادیاری ناولێنراوەکان بەرێت کە کەسێکی ڕۆحانی بێت و وەك کەسە ڕۆحانییەکانی ئەو کۆمەڵگا سروشتییە بگات بەوەی کە لە جیهانی ڕۆحی ڕەهادا پەی بە ماهیەتی هەموو ئەو شتانە بەرێت کە لە جیهانی عەقڵی ئەو ڕۆحە کۆییەدا بوونیان هەیە، بەمەش ئەو کەسە پەی بە ماهیەتی هەموو ئەو شتانە دەبات کە لە جیهانی واقیعی ئەو کۆمەڵگا سروشتییەدا هەن، هەر هەمان ئەو ماهیەتانەی جیهانی ڕۆحی ئەو کۆمەڵگایانەن کە دروستە زمانییەکەیان لەناو سروشتی کۆیی ئەو کۆمەڵگایەدا هەن. بۆیە کاتێك ئەو کەسە لە جیهان ڕۆحییەکەی ئەو کۆمەڵگایەدا پەی بە ماهیەتی شتێك لە شتەکان دەبات و لە زەینیدا حزوور پەیدا دەکات، بەهۆی حزووری ئەم ماهییەتەوە لەوداو هەماهەنگبوونەوەی لەگەڵ دروستەی ناوەکی ناو سروشتی کۆمەڵگاکەدا، دروستە زمانیەکەشی لە شێوەی دروستەیەکی پەتی لە دەنگ لە زەینیدا دەردەکەوێت، واتە دروستەی ناوی شتێك لە شتەکان بەوە لە زەینی وشەسازدا پەیدادەبێت کە لەگەڵ ماهیەتی شتەکەدا کە لە جیهانی ڕۆحی و ئەو کۆمەڵگایەوە لە زەینی ئەودا پەیدابووە هەماهەنگ ببێتەوە، دەرکەوتنی دروستەی وشەکە لەناو زەینی ئەودا بەرهەمی هەماهەنگبوونەوەی ئەو دروستەیە لەگەڵ ماهیەتی ئەو شتەدا کە لەودا حازر بووە.

لەم حاڵەتەدا لەناو وشەسازدا دروستەی زەینی وشەکەو ماهیەتی شتەکە کە بەو وشەیە ناوی لێدەنرێت حازرن، بەڵام جارێ نە وشەکە لە واقیعدا بوونی هەیەو نە شتەکەش لە واقیعدا بینراوەتەوە، دوای ئەوەی وشەساز لە جیهانی واقیعی کۆمەڵگاکەیدا ئەو شتە دەدۆزێتەوە کە لەگەڵ ماهیەتە ئامادەکەی ناو زەینیدا هەماهەنگە، ئەو ماهیەتە لە وێنەیەکی زەینیدا لە زەینی ئەودا دەردەکەوێت، لێرەدا شتەکە لەشێوە زەینیەکەیدا لەناو زەینی وشەسازدا بەهۆی هەماهەنگبوونەوەی شتە واقیعییەکە لەگەڵ ماهیەتە

حازربووەکەی ناو ئەودا، وەك شتێکی عەینی لەناو زەینی ئەودا پەیدا دەبێت و بەمەش ماهیەتەکە لەشێوەی شتەکەدا لەناو زەینی ئەودا خۆی ئاشکرا دەکات.

ئاشکرابوونی ئەو ماهیەتە لەو وێنە زەینییەدا مانای شتەکەیە کە لە واقیعدا هەیە، دوای پەیدابوونی مانای شتەکە لەشێوەی وێنەیەکی زەینی لە زەینی کەسەکەدا، دروستە پەتییەکەی وشەکە لەگەڵ ئەم وێنە زەینییەی شتەکەدا کە مانای ئەو شتەیە هەماهەنگ دەبێتەوەو لەم هەماهەنگبوونەوەیەشدا دروستەی پەتی وشەکە لە دروستەیەکی پەتی لەشێوە، دەبێت بەشێوەیەکی پەتی لە دەنگ.

لێرەدا وشەو شت هەن، بەڵام لە دۆخە وێنەیی و زەینییەکەیاندان و هێشتا لەناو واقیعدا پەیدانەبوون، با وا دەبنێین ئەو شتەی کە وێنە دەنگییە پەتییەکەی و مانا هەمەکییەکەی وەك وێنەیەکی هەمەکی و پەتی لە هەر دیاریکردنێك لە زەینی وشەسازدا پەیدابوون درەختە. ئەو درەختەی کە لە زەینی وشەسازەکەدا پەیدابووە درەختێکی هەمەکییەو هیچ لەو درەختانە نییە کە لەناو ژینگەی سروشتی ئەو کۆمەڵگا سروشتییەدا هەیە کە وشەسازەکە تیایدا لەدایکبووە، چونکە هەموو درەختەکانی ناو ئەو ژینگە سروشتییە درەختی دیاریکراو و بەشەکین، بەڵام درەختەکەی ناو زەینی وشەسازەکە درەختێکی نادیاریکراو و هەمەکییە، بە هەمانشێوەش ئەو وێنە دەنگییە لە دەنگ پەتییەی کە لە زەینی ئەودا هەیە هیچ لەو پێکهاتە دەنگییانە نییە کە دواتر وشەسازو خەڵکی ناو ئەو کۆمەڵگایە لەشێوەی پێکهاتەیەکی دەنگیی دیاریکراودا گۆی دەکەن و بە خاسیەتی دەنگی وەك گۆکراوێکی دیاریکراو لە گوتنەکانیاندا دیاریی دەکەن و لەوێنەیەکی دەنگییەوە دەیکەن بە وشەیەکی دەربڕاو. ئەمەش لەبەرئەوەیە وشەی درەخت لە زەینی وشەسازەکەدا پەتییە لە دەنگ و ئەو وشە هەمەکییەیە کە دواتر لەڕێگەی گۆکردنییەوە لە سنوری وشە پەتییەکەی درەختدا لە پێکهاتە دەنگییە دەربڕاوە جیاوازەکاندا بەشەکی دەکرێتەوەو دەبێتە چەندەها دەربڕاوی جیاواز کە هەموویان شێوەگێرکەری هەمان ئەو وشە پەتییە وێنەییەن کە لە زەینی وشەسازەکەدا پەیدابووە.

وشەساز یەکەم فۆڕمی دەنگی دەدات بەو فۆڕمە بێدەنگەی وشەی درەخت کە لە زەینیدا پەیدابووە، ئەمەش لەو کاتەدایە کە درەختێك لە واقیعدا دەبینێت و لە درەختەکەدا وێنە هەمەکییە پەیدابووەکەی درەختەکەی ناو زەینی لەکاتی بینینی درەختەکەو هەماهەنگبوونەوەی درەختەکە لەگەڵ وێنە هەمەکییەکەی ناو زەینیدا، وێنەکە لە درەختەکەدا شێوەگیر دەبێت و وەك درەختێکی دیاریکراو دەکەوێتە ناو بواری بینینی وشەسازەکەوە، هەر لەگەڵ ڕوودانی ئەمەدا پێکهاتە پەتییەکەی وشەی درەخت کە لە زەینیدا پەیدابووە، ئەویش بە پرۆسەیەکی هەماهەنگ لەگەڵ پرۆسەی عەینی بوونەوەی درەختە زەینییەکە لە درەختە دیاریکراوەکەدا، لەناو ئەو پێکهاتە دەنگییەدا دەردەبڕرێت کە دەزگای بەرهەمهێنانی پێکهاتە دەنگییەکانی وشەسازەکە بۆ عەینیکردنەوەی وێنە دەنگییە پەتییەکەی ناو زەینی وشەسازەکە بەرهەمی دەهێنێت. لێرەدا لەگەڵ بینینی ئەو درەختەدا بەشێوەیەکی نائاگایانە وشەی درەخت

وەك ناوی درەختەكە بە زاری وشەسازەكەدا دێت و وشەی درەخت لەدایك دەبێت. بەڵام وشەی درەخت وەك وشەیەكی دەربڕراو و دیاریكراو بە دەربڕینی لەلایەن وشەسازەكەوە هێشتا نەبووە بە وشەیەكی دەربڕراوی سازو پێگەیشتووی زمانەكەو بە تەواوەتی ساز نەبووەو نەگەیشتووەتە ئاستی تەواو سازبوونی خۆی و هێشتا ماویەتی بچێتە ریزی ئەو وشانەوە كە چوونەتە ناو فەرهەنگی زمانەكەوە. ئەم وشەیە هێشتا بەو ئەزموونەدا تێنەپەریوە كە وەك ئامێرێك تەواو سازی دەكات و دەیخاتە بەردەستی خەڵكی ناو ئەو كۆمەڵگایە تا لە باسكردنی درەختێكی دیاریكراودا بەو ئامێرە ناوی درەختەكە ببەن و بۆ یەكتری باس بكەن.

ئەوەی وشەساز دەكاتە توخمێكی زەرووری ناو پرۆسەی وەدیهاتنی ناوەكان و ناولێنانی شتەكان بەناوە وەدیهاتووەكان، توانای رۆحانیی ئەوە لە پەیبردنی بە ماهیەتی شتەكان لەناو جیهانی عەقڵدا، توانا رۆحانیەكەی ئەو وادەكات ماهیەتی شتەكان لە جیهانی رەهای عەقڵەوە لەناو عەقڵی ئەودا وەك بوونەوەرێكی عەقڵی حزوور پەیدا بكەن و ببنە ئەو هێزەی كە سروشتی وشەساز بۆ دەركەوتكردنی دروستەو ماهیەتی پەتیی وشەكان بجوڵێنێت و ئاڕاستەی بكات تا چۆنایەتیی گونجاو بۆ ناوی ئەو شتە دەركەوت پێبكات كە لەناو عەقڵی وشەسازدا وەك ماهیەتی پەتی ئەو شتە حزووری پەیداكردووە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت وشەساز بەو توخمە عەقڵییەی كە وەك ماهیەتی شتەكان لەناویدا حزووری پەیداكردووە بەشداری پرۆسەی پەیدابوونی وشەكانی زمانێكی سروشتی دەكات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە لەگەڵ توخمە سروشتییەكەی ناو سروشتی كۆمەڵگا سروشتییەكەدا، توخمێكی عەقڵیش بەشداری دەكات كە لەناو عەقڵی كۆیی ئەو كۆمەڵگایەدا بوونی هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە كە وشە سروشتییەكانی ناو هەر زمانێكی سروشتی، چۆن بوونێكی سروشتییان هەیە بوونێكی عەقڵیشیان هەیەو چۆن سروشت توخمێكە لە توخمەكانی بوونیان بە هەمانشێوەش عەقڵ یان رۆح توخمێكی ترە لە توخمەكانی بوونیان، كەوابێت وشەكانی هەر زمانێكی سروشتی پێكهاتەیەكن لەوەی كە سروشتییە لەگەڵ ئەوەی كە عەقڵییە.

گەر وشەساز نوێنەری ئەوە بێت كە لە وشەكاندا عەقڵییە واتە مانای وشەكان، ئەوا ناولێنەر نوێنەری ئەوەیە كە لەناو وشەكاندا سروشتییە.هەر بۆیە لای سوكرات ناولێنەر دەبێتە ئەو كەسەی كە دروستی و نادروستی وشەیەك لە وشە پەیدابووەكان لەڕێگەی ئەوەوە دیاری دەكات كە ئەوەی لە وشەكەدا سروشتییە لەگەڵ ئەوەی تیایدا عەقڵییە تەواو هەماهەنگ و یەكنوێنن یان هەماهەنگ و یەكنوێن نین. وشەساز وەك ئەو فەیلەسوفانە وایە كە بیرۆكەی ئامێرە تەكنیكییەكانیان دۆزیوەتەوەو لەوێنەیەكی ناتەواو و سادەی ئامێرەكەدا نواندوویانە، بەڵام ناولێنەر وەك ئەو زانایانە وایە كە لەڕێگەی ئەو وێنە ناتەواو و سادەیەوە كە فەیلەسوفەكان بۆ بیرۆكەكە كێشاویانە، وێنەكە كامڵ دەكەن و لەڕێگەی چەندەها تاقیكردنەوەی جۆراوجۆرەوە لە هیولا سازەكەی خۆیدا شێوەگیری دەكەن و وەك ئامێرێكی تەواو

هەماهەنگ لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەدا کە فەیلەسوفەکە پەی پێبردووە دەبخەنە بەردەستی بەکارهێنەکانی ئامێرەکە.

گەر وشەساز پەی بەو دروستانەی وشەکان بردبێت کە لە سروشتی ئەو کۆمەڵگایەدا هەن کە وشەکان تیایدا پەیدابوون، ئەوە ناولێنەر دوای ئەوەی دەربڕینە ساکارو ناتەواوەکەی وشەکەی وشەسازەکە دەست دەخات، بەهۆی شارەزایی لە دەربڕینی سروشتییانەی دروستەی وشەکەوە بە دەزگای دەربڕینی وشەکە فۆڕمی دەنگیی وشەکە لە فۆڕمێکی سادەو پێنەگەیشتوو و ناتەواوەوە بەرەو فۆڕمێکی دەنگیی سازو تەواوی وادەبات کە بە تەواوەتی واتای وشەکەی ناو زەینی وشەساز شێوەگیر بکات، بەم کارەشی فۆڕمی دەنگیی وشەکە تا ئەو ئاستە پەرە پێدەدات کە لەگەڵ سروشت و عەقڵی خەڵکی ناو کۆمەڵگا سروشتییەکەدا تەواو سازو هەماهەنگ ببێتەوەو ببێتە ئەو ئامێرەسازەی کە ئەوان بۆ دەربڕینی واتای وشەکە بۆ یەکتری پێویستیان پێیەتی.

ئەو وشەیەی کە وشەساز واتاکەی دەدۆزێتەوەو ناولێنەر فۆڕمە دەنگییە تەواو سازەکەی دەدۆزێتەوە، لە لایەن وشەساز و ناولێنەرەوە وەك وشەیەکی دەربڕراو و بیستراو دەهێنرێتە بوون، بەمەش پرۆسەی گوتن و ناولێنانەکە دەچێتە قۆناغێکی ترەوە کە قۆناغی بەکارهێنانی وشەکەیە لەلایەن خەڵکی ناو کۆمەڵگا سروشتییەکەوە. لێرەدا وشەسازو ناولێنەریش وەك هەر کەسێکی ناو کۆمەڵگاکە دەبنە کەسانێکی بەکارهێنەری ئەو وشەیەی کە وەك ئامێرێك بۆ ناولێنان خستوویانەتە بەردەمی خەڵکەکە، وشەکەش بەمە لە قۆناغی پەیدابوونەوە دەکەوێتە ناو قۆناغی بەکارهێنانەوە، قۆناغی بەکارهێنانی وشەکان لە پرۆسەی گوتنی وشەکان و ناوبردنی شتەکان بە وشە پەیدابووەکان، قۆناغێکی تری هەمان پرۆسەیەو لەم قۆناغەدا ئەو پرۆسەیە لە قۆناغی تیۆرییەوە بەرەو قۆناغی پراکتیکی دەڕوات.

لەم قۆناغەدا توخمی سێیەمی پرۆسەی گوتن و ناولێنانی شتەکان بەشداری لە تەواوکردنی پرۆسەکەدا دەکات، ئەو توخمەش ئامێری جێبەجێبوونی پرۆسەکەیە، ئامێری جێبەجێبوونی پرۆسەکەش لای سوکرات وشەکانە، واتە ئەو فۆڕمە دەنگییە سازانەی کە تەواو لەگەڵ ئەو وێنە هەمەکییانەی ناو زەینی خەڵکی ناو کۆمەڵگا سروشتییەکەدا سازن، کە ئەوان دەیانەوێت لەڕێگەی ناوبردنیانەوە بۆ یەکتریان باس بکەن و ئەوەی لە زەینیاندا لەڕێگەیانەوە روودەدات بۆ یەکتریی ئاشکرا بکەن و لەو نیازو مەبەستانەی یەکتری تێبگەن کە لە کارو کردەوەکانیاندا دەرکەوتیان نەکردووەو ئاشکرانەبوون و پێویسیان بە ئاشکرابوونە.

بەبێ بوونی ئەو فۆڕمە دەنگییە سازانە پرۆسەی گوتن و ناولێنان تەواو نابێت هەر لە دۆخە تیۆرییەکەیدا دەمێنێتەوەو لە واقیعدا جێبەجێ نابێت، ئەمەش وادەکات فۆڕمە دەنگییە سازبووەکان ببنە توخمی سێیەمی پرۆسەکە، ئەم فۆڕمە دەنگییانەش بەبێ بەکارهێنانێك بەخۆیان کاری ناولێنانەکەیان بە بەردەوامی پێئەنجام نادرێت، بۆیە دەبێت لێرەدا توخمێکی ترمان هەبێت فۆڕمە دەنگییە سازبووەکان لە ناوبردن و ناوهێنانی شتەکاندا بەکار بهێنێت. ئەوانەی دەبن بە بەکارهێنەری فۆڕمە دەنگییە سازبووەکان

هەموو ئەو کەسانەن کە سەر بەو کۆمەڵگا سروشتییەن و دەزگای فیزیۆلۆجی دەربڕینی دەنگەکانیان بەهۆی هاوسروشتبوونەکەیانەوە لەیەکترییەوە نزیکەو دەتوانن لە چوارچێوەی فۆڕمە دەنگییە سازبووەکەدا بە دەربڕینی جۆراوجۆر فۆڕمە دەنگییە سازەکە لە ناوبردنی شتەکە وەك ناوی شتەکە دەربڕن و ئەو هەماهەنگییە تێکنەدەن کە لەنێوان فۆڕمە دەنگییەکەو واتا هەمەکییەکەیدا هەیە.

کەسانی سەر بەهەمان سروشتی ئەو کۆمەڵگایە بەوەی لەکاتی بەکارهێنانی وشەکاندا بەهۆی سازی و هەماهەنگی دەزگا فزیۆلۆجییەکەی دەبڕینەکەیان لەگەڵ فۆڕمە دەنگییە سازکراوەکاندا، دەتوانن هەماهەنگی ناوەکی وشەکانی زمانەکەیان بپارێزن، دەبنە توخمی چوارەمی پرۆسەی ناولێنانەکەو هەریەك لەم توخمانەش لە پرۆسەکەدا خاوەنی ئەرکی تایبەتی خۆیانن و بەبێ جێبەجێکردنی ئەرکەکەیان پرۆسەی گوتن و ناولێنانەکە تەواو نابێت و هێزی بوون و بەردەوامیی خۆی لەناو کۆمەڵگاکەدا لەدەست دەدات.

سوکرات لە گفتوگۆی کراتیلیۆسدا لەناو ئەو چوار توخمەدا زیاتر گرنگی بە دوو توخمیان دەدات، یەکەمیان کە لەڕووی تیۆرییەوە گرنگیی پێدەدات وشەسازە، واتە ئەوەی کە توخمە عەقڵییەکەی ناو وشە لە پرۆسەی ناولێناندا ئامادە دەکات، دووەمیشیان لەڕووی پراکتیکییەوە گرنگیی پێدەدات وشە خۆیەتی وەك ئامێرێك کە لە دەنگ سازکراوەو لە پرۆسەی ناولێناندا ئەو توخمە عەقڵییە لەخۆیدا دەنوێنێت کە وشەساز لە پرۆسەی ناولێنانەکەدا ئامادەی کردووە، دوو توخمەکەی تر لە باسکردنەکەی ئەودا گرنگییەکی ئەوتۆیان نییەو زۆر بەوردی و بەڕوونی باسناکرێن. ناولێنەر کە یەکێکە لەو دوو توخمەی تر، تەنها ئەوەندەی لەبارەوە دەوترێت کە فۆڕمی دەنگیی وشەکە بەرەو سازییەکی تەواو دەبات، باس لەوە ناکرێت لەکوێوەو بەچی دەتوانێت ئەم کارە بکات، توخمەکەی تریشیان کە هەماهەنگی پارێزەری مانای وشەو فۆڕمە دەنگییەکەیەتی لە مێژوودا، هیچ ئاماژەیەکی پێنادرێت و لە ناو چوارچێوەی ناولێنەردا باس دەکرێت، واتە ئەو ناولێنەرو ناو بەکارهێن بە یەك دەزانێت و لە پرۆسەی ناولێناندا بەپێی ئەرکەکانیان لە یەکتریان جیاناکاتەوە. پێشتر ئەوەمان روونکردەوە کە سوکرات لەبارەی رۆڵی وشەسازو ناولێنەرەوە تیۆریزەی دەکات، ئەوەی لە باسەکەی ئەودا ماوە روونبکرێتەوە بۆچوونەکەی ئەوە لەبارەی سروشتی پێکهاتەی فۆڕمە دەنگییە سازبووەکانەوە. ئەو لەم بارەیەوە دەست دەخاتە سەر چەند خاڵێکی گرنگ لەبارەی سروشتی ئەو پێکهاتەیە و چۆنیەتی کارکردنی لە پرۆسەی ناولێناندا.

سوکرات هەوڵدەدات لەڕێگەی لێکدانەوەی واتای چەند وشەیەکی لێکدراوەوە، ئەوە بسەلمێنێت کە وشەکان لەڕێگەی ماهیەتی خۆیانەوە ماهیەتی شتەکان دەنوێنن و ماهیەتنوێنی شتەکانن. بۆ سەلماندنی ئەمەش وشە داڕێژراو و لێکدراوەکان شیی دەکاتەوەو لەڕێگەی دەرخستنی ئەو دروستەیەی کە واتای مۆرفیمەکانی ناو وشەکەی لەسەر دامەزراوە، ئەوە دەسەلمێنێت ماهیەتی دروستەیی وشە داڕێژراو و لێکدراوەکان نوێنەری ماهیەتی ئەو شتانەن کە بەو وشانە ناویان لێنراوە[1]. واتە ئەوە دەسەلمێنێت کە ناو

[1] بروانە: افلاطون، محاورة كراتيليوس، : عزمي طه السيد احمد، الطبعة الاولى، وزارة الثقافة، عمان، 1995، ص 179 بەدواوە.

و ناولێنراو هەردووکیان ماهیەتی ناولێنراو بە شێوازی تایبەتی خۆی و هیولای تایبەتی خۆی دەنوێنن، لێرەدا وشە لەگەڵ شتدا یەکنوێنن و پێکەوە هەمان ئەوە دەنوێنن کە شت دەینوێنێت.

بەپێی ئەم بۆچوونە وشە سادەکانیش وەك وشە لێکدراو و دارێژراوەکان لەڕێگەی توخمە پێکهینەرەکانیان و چۆنایەتییەکەیان ماهیەتی ئەو شتانە دەنوێنن کە بوون بە ناو بۆیان، بەوەش دەتوانن بن بە ناوی ئەو شتانە کە ماهیەتەکەیان بنوێنن و لەگەڵ شتەکاندا یەکنون بن و هەمان ئەوەبن کە ئەوان دەینوێنن ((یەك بنەما لەسەر ناوە یەکەمیەکان و ناوەکانی تر کە لەو ناوە یەکەمیانە پێکهاتوون جێبەجێدەبێت، گەر لەوێوە لێمانڕوانین کە ناون، هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا نییە (....) هەموو ناوەکان .... لەپێناو ئەو مەبەستەدان کە ئاماژە بە سروشتی شتەکان بدەن، ئەمەش بۆ ناوە یەکەمیەکان دروستە لەوێوە کە ناون هەروەك چۆن بۆ ئەو ناوانە دروستە کە لەوانکەوتوونەتەوە))[1]. ئەوەی لە نواندنی ماهیەتی شتەکاندا لەنێوان وشە سادەکان و وشە لێکدراوەکاندا جیاوازن دروستەکان و جۆری توخمە پێکهێنەرەکانیانن، توخمە پێکهێنەرەکانی وشە سادەکان دەنگ و بڕگەکانن، بەڵام توخمە پێکهێنەرەکانی وشە دارێژراو و لێکدراوەکان وشە سادەکانن بە واتاکانیانەوە، ئەوەی کە لە وشە سادەکاندا ماهیەتی شتەکانی پێدەنوێنرێت سروشتی دەنگ و بڕگەکانن، بەڵام ئەوەی لە وشە لێکدراوەکاندا ماهیەتی شتەکانی پێدەنوێنرێت ماناکانی ئەو وشە سادانەن کە وشە لێکدراوەکانیان لێ پێکهاتووە. بۆیە دیاریکردنی ئەوەی کە وشە سادەکان لەڕێگەی دروستە دەنگییەکانەوە دەینوێنن قورسترە لە دیاریکردنی ئەوەی وشە دارێژراو و لێکدراوەکان دەینوێنن.

سوکرات باس لەو جۆرە لە نواندنی ماهیەتی شتەکان دەکات کە وشە سادەکان پەیڕەوی دەکەن، بۆ روونکردنەوەی ئەمەش لەسەرەتادا باس لە نواندنی ماهیەتی شتەکان دەکات لە ڕێگەی ئەندامەکانی جەستەی مرۆییەوە، واتە باس لەو زمانە دەکات کە کەڕو لاڵەکان بۆ نواندنی واتاکانی ناو زەینی خۆیان لە باسکردنی شتە دیاریکراوەکاندا بەکاری دەهێنن و ماهیەتی شتەکان لەڕێگەی ئاماژە جەستەییەکانەوە ئاشکرا دەکەن، ئەو لەم بارەیەوە دەڵێت: ((گەر ئێمە نە دەنگمان هەبێت نە زمان و بمانەوێت لەبارەی شتێکەوە بۆ یەکتری بدوێین، چی دەکەین؟ ئایا وەك کەڕو لاڵەکان هەوڵنادەین بە یارمەتی دەستەکانمان و سەرو ئەندامەکانی تری جەستەمان بە ئیشارەت ئەوشتە بگەیەنین؟ گەر ئێمە بمانەوێت باسی سوکی یان بەرزبوونەوە بکەین ئەوە دەستمان بەرەو ئاسمان بەرزدەکەینەوە، بەمەش سروشتی ئەو شتەی کە هێناومانەتە بەرچاومان بەئیشارەتەکان دەینوێنین، بەڵام گەر بمانەوێت باس لە قورسی یان نزمبوونەوە بکەین دەستەکانمان بە ئاڕاستەی زەوی دەجولێنین))[2].

گەر زمانی ئیشارەتی جەستەیی نواندنی سروشتی ئەو شتانە بێت کە باسدەکرێن، ئەوا دەبێت ((وشەش نواندنی شتێك بێت بە دەنگ. ئەوەی دەدوێت، بەدەنگ ئەو شتە دەنوێنێت کە دەیەوێت ئاشکرا

[1] هـ.س: 171-172.

[2] بڕوانە: افلاطون، دورەء آثار افلاطون: 732.732.

ببێت. (....) گەر ئەمە دروست بێت دەتوانین بڵێین ئەو کەسانەی کە لاسایی مەڕو کەڵەشێرو گیانلەبەرانی تر دەکەنەوە بەو لاسایی کردنەوەیە ناو لەو شتانە دەنێن))[1]. سوکرات ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئەم جۆرە لە نواندن و تەنانەت ئەو نواندنەش کە مۆسیقاژەنەکان بە دەنگ ئەنجامی دەدەن وشەی لێناکەوێتەوە، چونکە هیچ لەمانە نواندنی ماهیەتی شتەکان نییە بە دەنگ، کاتێك شێوەی شتەکان یان دەنگی شتەکان یان ڕەنگی شتەکان لەڕێگەی مۆسیقاو وێنەکێشانەوە دەنوێنرێنەوە، بەمە ماهیەتی ئەو شتانە نەنوێنراوە، بەڵکو شێوەو ڕەنگ و دەنگییان نوێنراون، ئەمەش وادەکات ئەوەی لەو نواندنە دەکەوێتەوە وشەکان نەبن، چونکە وشەکان ڕەنگ و شێوەو دەنگ نانوێنن و ماهیەتنوێنن.

بەپێی ئەم تیۆرە نواندنی ماهیەتی شتەکان بە دەنگ و بڕگەکان نواندنێکی چەندی نییە، واتە نواندنەوەی ئەوە نییە کە لە شتەکەدا نوێنراوە، بەڵکو نواندنی هەمان ئەوەیە کە شتەکە بە هیولاو چۆنایەتی خۆی دەینوێنێت بەڵام بە هیولایەکی دەنگی و چۆنایەتیەکی جیاواز لە هیولاو چۆنایەتی شتەکە. بۆنمونە کاتێك مەڕێك دەباڕێنێت بەم باڕاندنەی لەڕێگەی دروستەیەکی دەنگیی تایبەت بەخۆی ئەوە دەنوێنێت کە باڕە باڕەکەی بۆ دەکا، لێرەدا باڕاندنی مەڕەکە نوێندراوی ئەوەیە کە باڕەباڕەکەی بۆ دەکات لە چۆنایەتی و دروستەیەکی دەنگیی تایبەت بە سروشتی خۆی. کاتێك منداڵێك بە هەمان دروستەی دەنگیی مەڕەکە لاسایی باڕەباڕی مەڕەکە دەکاتەوە، نوێنراوی ئەوەی نواندووە کە مەڕەکە باڕەباڕی بۆ دەکات، بەڵام کاتێك ئەم منداڵە بە دایکی دەڵێت: (مەڕەکە دەباڕێنێت). لێرەدا وشەی باڕاندن نواندنەوەی نوێنراوی ئەوە نییە کە لەڕێگەی مەڕەکەوە نوێنراوە، بەڵکو نواندنی هەمان ئەو مەبەستەیە لە دروستەو چۆنایەتییەکی تردا کە تایبەتە بە سروشتی ئەو کۆمەڵگا سروشتییەی کە وشەکانی زمانی کوردیی تێدا پەیدابووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت نواندنی ماهیەتی شتەکان لەڕێگەی دەنگەوە تەنها لە هیولادا لەگەڵ نواندنی هەمان ماهیەت لەڕێگەی شتەکان خۆیانەوە جیاوازنییە، بەڵکو لەو چۆنایەتی و دروستەیەشدا لەیەك جیاوازن کە ماهیەتەکەی پێدەنوێنن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت نواندنی ماهیەتی شتەکان بە وشەکانی زمانێکی سروشتی بە هیولایەکی جیاوازو چۆنایەتییەکی جیاواز، جیاوازە لە چۆنایەتی و هیولای شتەکان خۆیان. واتە بۆ نواندنی ماهیەتی هەر شتێك هەر وشەسازێك لە وشەسازەکانی زمانە سروشتییەکان چۆنایەتییەکی نوێی بۆ شێوەگیرکردنی ماهیەتی ئەو شتە لەناو هیولای دەنگیدا لە سروشتی خۆی خواستووەو ئەم چۆنایەتیەش پێش دەرکەوتنی لە سروشتی ئەودا لە دەرەوە بوونی نەبووەو گەر بوونیشی هەبووبێت وشەسازەکە لە دەرەوەی سروشتی خۆی و سروشتی کۆمەڵگاکە خۆی نەیخواستووە، بەم پێیە بێت زمان خۆی داهێنانی چۆنایەتی و دروستەی نوێیە بۆ نواندنی ماهیەتی شتەکان لە هیولایەکی دەنگیی ساز لەگەڵ چۆنایەتیەکاندا.

سوکرات یەکنوێنی دەکاتە بنەمای پەیوەندی نێوان وشەکان و شتەکان، واتە ناوەکان و ناولێنراوەکان، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیەش لە نمونەیەکدا جیاوازییەکی ورد لەنێوان پرۆسەی یەکتر

---

[1] هـ. س: 732-733.

نواندن و یەکنوێنی دەکات و لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە پەیوەندی نێوان وشەکان و شتەکان پەیوەندی یەکنوێنیی ئەوەیە کە شتەکان دەینوێنن و پەیوەندی نواندنی وشەکان نییە بۆ شتەکان خۆیان، واتە وشەکان شتەکان نانوێنن و ئەوە دەنوێن کە شتەکان بە نواندنی بوون بە شت.

سوکرات بۆئەوەی ئەوە بسەلمێنێت کە وشە هەیە باش سازبووە وشەش هەیە باش ساز نەبووە، گریمانەی ئەوە دەکات کە وشەسازیش وەك وێنەکێش وێنەی شتەکان بە دەنگ و بڕگەکان دەکێشێت، چۆن وێنەکێش لە کێشانی وێنەی شتێکدا دەبێت ئەو ڕەنگە جۆراوجۆرانەی هەبێت کە لە شتەکەدا هەن، وشەسازیش بۆ وێنەکێشانی شتەکان بە دەنگ دەبێت دەنگی هەمەجۆری هەبێت و لە سازکردنی وێنەی شتێکدا بە دەنگەکان، ئەودەنگە شیاوانە بەکاربهێنێت کە لە توخمە سەرەکییەکانی پێکهاتەی شتەکەوە نزیکن و دەتوانن بینوێنن.

ئەو لەڕێگەی ئەم بەراوردەوە نایەوێت ئەوە ڕوون بکاتەوە کە وشەساز وەك وێنەکێش بە دەنگەکان ئەو نیگارە دەنوێنێت کە وێنەکێشەکە بە ڕەنگ دەینوێنێت، واتە نایەوێت باس لە یەکتر نوێنیی نیگاری شتەکەو ناوەکەی بکات، بەڵکو دەیەوێت ئەوە بۆ ئێمە ڕوونبکاتەوە کە چۆن نیگارکێش بۆ نواندنەوەی نیگاری شتێك دەبێت ڕەنگەکان بەپێی نیگاری شتەکە لەشوێنی خۆیاندا بەکار بهێنێت تا نیگارە کێشراوەکەی لەگەڵ نیگاری شتەکەدا یەکتری بنوێنن، بەهەمانشێوەش دەبێت وشەساز بەپێی ماهیەتی شتەکان دەنگەکان لەجێی خۆیاندا بەکاربهێنێت تا وشەکە دروست ماهیەتی شتەکە بنوێنێت، بەڵام ماهیەتی شت پێکهاتەیەکی دەنگی نییە تا وشەساز بەپێی دەنگە پێکهێنەرەکانی ماهیەتەکە دەنگەکان لە ناوەکەدا سازبکات، واتە کارەکەی وەك کاری نیگارکێشەکە نییە، چونکە ئەوەی نیگارکێشەکە بەپێی نیگارەکە دەیکێشێت پێکهاتەیەکی ڕەنگییەو بەپێی ڕەنگە سازبووەکانی شتەکە ڕەنگەکانی خۆی لە نیگارە کێشراوەکەی خۆیدا سازدەکاتەوە. هەر ئەمەشە وادەکات نیگارە کێشراوەکەی نیگارکێشەکەو نیگاری شتەکەی کە ئەو کێشاویەتی یەکتر نوێن بن و یەکنوێن نەبن، واتە هەر یەکەیان ئەوی تریان بنوێنێت و هەردووکیان هەمان شت لە دوو هیولاو چۆنایەتی جیاوازدا نەنوێنن، لەبەرئەوەی وشەساز بە دەنگسازی پێکهاتەیەکی دەنگی لە شتەکاندا نانوێنێت و ئەوەیان تیا دەنوێنێت کە لە دەنگ و چۆنایەتی پەتییە، بەرهەمەکەی وەك بەرهەمی نیگارکێشەکە لە پەیوەندی یەکتر نوێنیدا نییە لەگەڵ ئەوەی کە دەینوێنێت، بەڵکو لە پەیوەندی یەکنوێنیدایە لەگەڵیداو ئەمەش وادەکات ئەو دروستەیەی کە دەنگەکانی لە وشەیەکدا پێ سازدەکات هەمان ئەو دروستەیە نەبێت کە شتەکە لە نواندنی ماهیەتەکەی خۆیدا ماهیەتەکەی پێ دەنوێنێت، ئەمە لە کاتێکدا نیگارکێشەکە لە کێشانی نیگاری شتەکەدا بە هەمان ئەو دروستەیە ڕەنگەکانی خۆی سازدەکات کە شتەکە نیگارەکەی خۆی پێ سازکردووە. ئەمەش خۆی بەڵگەیە لەسەرئەوەی کەکاری وشەساز کاری وەدیهێنانەو وەك ئەو نیگارکێشەی کە نیگاری شتەکان دەکێشێت کاری لاساییکردنەوە نییە.

گەر ئەمەی سەرەوە جیاوازی نێوان نیگارێکی کێشراو و وشەیەکی سازکراو بێت، ئەی ئەوەی کە لە هەردووکیاندا وەك یەکە چییە؟ ئەوەی سوکرت لەم بەراوردکردنە پێی دەگات جیاکردنەوەی پرۆسەی یەکنوێنی و یەکترنوێنی نییە، ئەو لەمەوە دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە وشە وەك نیگار پێکهاتەیەکی چۆنییەو چەندی نییە، واتە وەك نیگار خاوەنی دروستەیەو خستنەپالێکی هەرەمەکییانەی دەنگەکان نییەو وشەساز بە ئارەزووی خۆی دەنگەکان ناخاتە پاڵ یەك و بەپێی دروستەیەك دەنگەکان لەگەڵ یەکدا سازو هەماهەنگ دەکات و هوشیارە بەو دروستەیەی کە دەنگەکانی پێ سازدەکات، واتە پێش ئەوەی دەنگەکان لە یەك پێکهاتەدا کۆ بکاتەوە دروستەیەکی دیاریکراوی لە زەینی خۆیدا ئامادەکردووەو دەنگەکان بە پەیڕەوکردنی ئەو دروستەیە لەگەڵ یەکدا کۆدەکاتەوە، ئەمەش وەك کاری نیگارکێشەکە وایە چونکە نیگارکێشەکەش بەپێی ئەو دروستەیە ڕەنگەکان لەگەڵ یەکدا ساز دەکات کە ڕەنگەکانی نیگاری شتەکەیان سازکردووە. لەمەشەوە دەگەین بەوەی کە وشە وەدیهێنراوەکانی وشەسازەکان پێکهاتەیەکی دروستەین و بەپێی دروستەیەکی دیاریکراو دەنگە پێکهێنەرەکانیان خراونەتە پاڵ یەکتری، ئەم کۆبوونەوەیەی دەنگەکانیش کۆبوونەوەیەکی چۆنییەو چەندی نییە، واتە وەك ئەوە نییە کە کەسێك بۆ ژماردنی ژمارەی کۆمەڵە شتێکی دیاریکراو شتەکان بەژماردن بخاتە پاڵ یەکتری و لەگەڵ یەکدا کۆیان بکاتەوە.

کۆکردنەوەی شتانێك لەپێناو ژماردنیاندا ژمارەیەکیان لێدەکەوێتەوە، ئەم ژمارە گوزارشت لە دروستەیەك ناکات چونکە بە کۆبوونەوەی شتەکان لە شوێنێکی دیاریکراودا ئەو شتانە ناکەونە ناو پەیوەندییەکی دروستەییەوە، بۆیە لە ژماردنی شتەکاندا گەر بەشێوەیەکی هەرەمەکییانەش ژمێرراوەکان لە شوێنێکدا کۆبکرێنەوە هیچ کاریگەرییەك لەسەر پرۆسەی کۆکردنەوەی ژماردنەکە دانانێت، بەڵام گەر دەنگەکان لە دروستکردنی وشەیەکدا بە هەرەمەکییانەو بەبێ ڕەچاوکردنی دروستەیەك و ئەو پەیوەندییە دروستەییەی کە ئەو دەنگانە تێی دەکەون لەگەڵ یەکدا کۆ بکرێنەوە وشە لەم کۆکردنەوە هەرەمەکییەوە نایەتە ئاراوە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە وشە سادەبێت یان ناسادە دەبێت پێکهاتەیەکی چۆنی و دروستەیی بێت و دەنگەکانی بەپێی دروستەیەکی دیاریکراو بوونیان لە وشەکەدا هەبێت و دروستەییانە لەگەڵ یەکدا هەماهەنگ و ساز بن.

کراتیلیۆس لەبارەی بەراوردکردنەکەی سوکراتەوە دەڵێت: ((ئەمە دروستە، بەڵام تۆ دەزانیت کە ئێمە بەوەی ئەلف و بێ و پیتەکانی تر دەخەینە پاڵ یەك بەمە وشەیەك دەنوسین، گەر لەکاتی نوسینی ئەم وشەیەدا دەنگێك کەم یان زیاد بکەین و نەك ئەمە تەنانەت گەر جێگەی پیتێك بگۆڕین، ناتوانین بڵێین هەمان وشەمان نوسیوە بەڵکو دەبێت بڵێین وشەیەکی ترمان نوسیوە))[1]. کراتیلیۆس لێرەدا تێڕوانینێکی چەندی بۆ پەیوەندی دەنگەکانی ناو وشەیەك پێشنیار دەکات، سوکراتیش لە وەڵامی ئەودا دەڵێت: ((ئەم قسەیەی تۆ لەبارەی دروستکردنی ژمارەیەك بە ژمارەکان دروستەو وەك ئەوە وایە کە لە ژمارە دە ژمارەیەك کەم بکەین یان ژمارەیەك زیادبکەین، بەڵام ئەمە بۆ ئەو شتە نابێت کە لەڕێگەی نیگارەوە

---

[1] هـ. س: 741-742.

چۆنیەتییەك دەنوێنێت))[1]. دوای ئەمە سوکرات یەکترنوێنی و یەکبوونیی لە یەکتر جیادەکاتەوەو دەڵێت: لە راستیدا گەر ئێمە بمانەوێت ئەوەی دروستی دەکەین بەراستی نیگار بێت، نابێت هەموو بەشەکانی ئەو شتەی کە نیگاری دەکێشین کێش کەینە ناو نیگارەکەمانەوە، بۆئەوەی ئەمەت بۆ روونبکەمەوە بەوردی گوێ لەم نمونەیە بگرە: وا دابنێ دوو شت لەبەردەماندا هەن یەکێکیان کراتیلیۆس خۆیەتی و ئەویتریان نیگاری ئەوە، بەڵام نیگارەکەی کراتیلیۆس خوا دروستیکردووە، لە دروستکردنەکەشیدا هەر بەوەوە نەوەستاوە کە شێوەو رەنگی کراتیلیۆس دروست بکاتەوە، بەڵکو نەرمی و گەرمی و جوڵەی جەستەیی و تەنانەت رۆح و بیری تۆیشی هەروەك شێوەو رەنگەکەت دروستکردووەو ئەو نیگارە لە هیچ روویەکەوە لە تۆ کەمتر نییە، ئایا لێرەدا یەکێك لەو دوو کراتیلیۆسە خۆیەتی و ئەوی تریان وێنەکەیەتی یان دوو کراتیلیۆس لەبەردەم ئێمەدا هەن؟ کراتیلیۆس دەڵێت گوماندەکەم کە دوو کراتیلیۆس نەبن. سوکرات دەڵێت: دەی کراتیلیۆس گەر ناوەکان لە هەموو روویەکەوە لەو شتانە بچن کە بۆ ناولێنانیان بەکار براون، ئەوە شتێکی گاڵتەجارانە لەوە دەکەوێتەوە، چونکە هەر شتێك دەبێت بە دوان و ئێمە نازانین کام لەو دوو شتە شتەکەیەو کامەش ناوەکەیەتی (....)بۆیە رازیبە بەوەی کە لەناو گوتنێکدا تەنها خاسیەتی بنچینەیی ئەو شتە بوونی بێت کە گوتنەکە ئاشکرای دەکات (....) بۆیە بەپێی ئەمە رێگە بدە ئەوە بە راست بزانم کە وشە هەرچەندە یەکێك لە پیتەکانی کەمبێت هەمان وشەیەو هەمان وشە گۆدەکرێت (....) وشەش بۆئەوەی وشەیەکی دروست بێت دەبێت خاوەنی پیتە بنچینەییەکانی خۆی بێت))[2]. واتە نابێت ئەو پیتەی کە لێی کەمبووەتەوە یان بۆی زیادکراوە لە پیتە بنچینەییەکانی وشەکە بێت، گەر لە پیتە بنچینەییەکان بێت ئەوە وشەکە نابێت بە وشەیەکی تر بەڵکو وشەکە خۆی بوونی نامێنێت و دەبێتە کۆمەڵە دەنگێك کە بەبێ بوونی دروستەیەك و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی خرابنە پاڵ یەکتری.

دوای ئەوەی سوکرات ئەوە روونەدەکاتەوە کە وشەکان بوونێکی دروستەییان هەیەو بوونێکی هەڕەمەکی و چەندییان نییەو وەك ژمارەکان لە کۆبوونەوەی چەند توخمێکی بچوك پێکنەهاتوون کە توخمێکی گەورەتر لەخۆیان دروست بکەن کە هەمان جۆری خۆیان بێت، بەڵکو لە کۆبوونەوەی دیالێکتیکی چەند توخمێك پێکهاتوون کە شتێکی نوێ و جیاواز لەخۆیان پێکهێناوەو لەڕووی جۆرەوە لێیان جیاوازە بەهۆی بوونی ئەو دروستەیەوە کە لە دەرەوەی ئەوانەوە هاتووەو لەگەڵ یەکدا کۆیکردوونەتەوە لەپێناو ئەوەدا کە شتێکی نوێ و جیاواز لەخۆیان بنوێنن. هەر ئەمەش وادەکات هەڵبژاردنی چەند دەنگێك لە دەنگەکان بۆ نواندنی ئەو دروستەیە لە وشەیەکدا هەڵبژاردنێکی هەڕەمەکی نەبێت و هەڵبژاردن بێت بەپێی توانای نواندنی ئەو دروستەیەوە لەلایەن دەنگەکانەوە، ئەمەش وادەکات کە لە دروستەی وشەیەکدا نەتوانرێت دەنگێك کە بۆ نواندنی دروستەکە هەڵبژێرراوەو شیانی ئەو نواندنەی تیادایە، لە دروستەکە دەربهێنرێت یان بۆ نواندنی دروستەکە دەنگێکی تر بخرێتە سەر دەنگەکان، یان دەنگێکی تر لەبری دەنگێك

(1) هـ. س: 741-742.
(2) هـ. س: 762- 763.

لەو دەنگانە دابنرێت کە دەنگی بنچینەیی و دروستە نوێنی وشەکەن، گەر کارێکی لەوجۆرە لە وشەیەکدا روویدا وشەکە توانای نواندنی دروستەکەی خۆی نابێت و لە کاری نواندنەکەی خۆی دەکەوێت.

سوکرات بۆ گەیاندنی ئەو مەبەستەی سەرەوە باس لە سروشتی دەنگی /ڕ/ دەکات لەگەڵ دەنگی /س/ لە زمانی یۆنانی و ئەریتریدا، ئەو پێیوایە دەنگی /ڕ/ لە زمانی یۆنانیدا لە دروستەی وشەی یۆنانیەکاندا کە دەکەوێتە کۆتایی وشەکانەوە مانای جوڵەو بزاوتن دەگەیەنێت، ئەو جوڵەو بزاوتنەش کە لە /ڕ/دا لەناو ئەو دروستەیەدا دەنوێنرێت نواندنی ئەو جوڵەو بزاوتنەیە کە لە دەربڕینی ئەو دەنگە لەناو دروستەکەدا زمان تووشی دەبێت، بەمەش جوڵەی زمان لەگەڵ جوڵەی ناولێنراوەکە بە وشەکە هەماهەنگ دەبێتەوەو هەردووکیان هەمان ماهیەت بەشێوەیەکی بەشەکی دەنوێنن، بەڵام لە زمانی ئەریتریدا لەبری دەنگی /ڕ/ دەنگی /س/ لە کۆتایی دروستەی وشەکەدا هەمان ئەوە دەنوێنێت کە /ڕ/ لە دروستەی وشە یۆنانیەکەدا دەینوێنێت، چونکە دەنگی /س/ وەك دەنگی /ڕ/ جوڵەو بزاوتنی زمان دەنوێنێت و بەم کارەشی بەشێوەیەکی بەشەکی هەمان ئەوە دەنوێنێت کە شتە ناوبراوەکە بە جوڵەی خۆی دەینوێنێت[1].

بەڵام دەنگی /ل/ لە دروستەی وشەکانی هەردوو زماندا ئەوە دەنوێنێت کە دژی جوڵەو بزاوتنە، لە کاتی گۆکردنی ئەو وشانەدا کە لە دروستەکەیاندا /ل/ دەکەوێتە کۆتاییەوە، زمانی گۆکەرەکە جوڵە لەناو گۆکردنەکەدا رادەگرێت و ئەم راگرتنی جوڵەیەش دەبێتە بەشێك لە نواندنی ئەو ماهیەتەی کە وشەو شتەکە هەریەکەیان بەشێوازی خۆی دەینوێنێت، بەمەش وشەکە هەمان ئەو شتە دەنوێنێت کە شتەکە دەینوێنێت. ئەگەر /ل/ توانای نواندنی نابزاوتن و جوڵەی ناو ماهیەتی شتێکی هەبێت لە دروستەی وشەیەکدا کە ناوی ئەو شتەیەو دەنگی /ڕ/ بەپێچەوانەی ئەوەوە توانای نواندنی بزاوتن و جوڵەی ناو ماهیەتی شتێکی تری هەبێت لە دروستەی ناوەکەیدا، ئەوا گۆڕینی دەنگی /ڕ/ بە دەنگی /ل/ لە وشەی دووەمدا کار لە یەکنوێنیی وشەکەو شتەکە دەکات و وشەکە ناتوانێت بە هەماهەنگی لەگەڵ شتەکەدا ماهیەتی شتەکە لەڕێگەی دەنگەکانیەوە بنوێنێت و بەمەش پەیوەندی نێوان وشەکەو شتەکە کۆتایی پێدێت.

سوکرات بە کراتیلیۆس دەڵێت: ئایا پیتی /ل/ لە هەردوو زمانەکەدا لەناو ئەو وشەیەدا نییە کە پێچەوانەی جوڵە دەنوێنێت؟ کراتیلیۆس لە وەڵامی ئەمەدا دەڵێت: سوکرات دەکرێت کاتێك ئەو پیتە لەو وشانەدا دەردەکەوێت کە جوڵە دەنوێنن لە جێی خۆی دەرنەکەوتبێت و بۆیە باشتر وایە لەبری /ل/ پیتی /ڕ/ دابنێین تا وشەکە جوڵە بنوێنێت و پێچەوانەی جوڵە نەنوێنێت. سوکرات بە کراتیلیۆس دەڵێت: باشە ئەگەر یەکێك لە ئێمە وشەکە بەو شێوەیە گۆبکات کە دەنگی /ل/ی تیابێت نەك دەنگی /ڕ/ ئایا ئێمە لەوە تێناگەین کە ئەو دەیڵێت؟ کراتیلیۆس پێی دەڵێت: بەهۆی عادەتەوە دەتوانین تێبگەین[2]. واتە لەو حاڵەتەدا کە یەکنوێنی لەنێوان وشەکەو شتەکەدا نامێنێت تێگەیشتن هەر دەمێنێت بەڵام بەهۆی عادەتەوە

[1] بڕوانە: هـ. س: 745.
[2] بڕوانە: هـ. س: 745-746.

نەك بەهۆی یەکنوێنییەوە. لێرەوە سوکرات باسی بنەمای عادەت و بنەمای یەکنوێنی لە پەیوەندی وشەکان و شتەکاندا دەکات و باس لە گۆڕانی وشە دەکات لە وشەیەکی یەکنوێن لەگەڵ ئەو شتەدا کە بووە بە ناو بۆی بۆ وشەیەك کە لەگەڵ شتەکەدا تەنها بە عادەتی بەکارهێنانی ئەو وشە بۆئەو شتە بووەتە ناو بۆ ئەو شتە. بۆ ئەم مەبەستەش باس لەوە دەکات کاتێك وشە تووشی ئەم گۆڕانە دێت توانای ئەوەی نامێنێت هیچ مەعریفەیەکمان لەبارەی شتەکەوە پێبدات و ڕۆڵەکەی تەنها ئەوە دەبێت کە وەك نیشانەیەك لەنێوان بەکارهێنەرەکانیدا لە کاتی گۆکردنیدا ئەوە لای بیسەرەکانی دروست بکات کە گۆکەرەکەی لەناو شتەکاندا باس لە کام لە شتەکان دەکات و باس لە کامیان ناکات، بەمەش وشە دەبێتە ئامێرێك بۆ دیاریکردن و جیاکردنەوەی شتێك لەناو کۆمەڵە شتێکداو ئەو توانایەی تیا نامێنێت کە زانیاریشمان لەبارەی شتەکەوە پێبدات و لەڕێگەیەوە بزانین ئەوەی لەناو شتەکاندا دیاریی دەکات و جیای دەکاتەوە چییە.

سوکرات بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باس لەوە دەکات زمانێك لە زمانەکان کاتێك سیستەمی یەکنوێنی خۆی لەگەڵ جیهاندا لەدەست دەدات و عادەت جێگەی دەگرێتەوە زمانەکە لە زمانێکی سروشتییەوە دەگۆڕێت بۆ زمانێکی دروستکراو و بەمەش زمانەکە ئەوە لە دەست دەدات کە سەرچاوەیەکی مەعریفە بێت بۆ ناسینی جیهانی ئەو کۆمەڵگا سروشتییەی کە تیایدا سەری هەڵداوە.

سوکرات هەوڵدەدات مانای عادەت لە گوتەکەی کراتیلیۆسدا دیاری بکات، لەم بارەیەوە دەڵێت: «کاتێك تۆ لەبارەی (عادەت)ەوە دەدوێیت، مەبەستت لەوە نییە (عادەت) شتێکی جیاوازە لە هەماهەنگی؟ مەبەستت لە عادەت ئەوە نییە کە هەر کاتێك من وشەیەك بە زارمدا دێت تۆ خۆت دەزانیت کە من دەمەوێت چ مانایەك بگەیەنم، کراتیلیۆسیش دەڵێت: با هەمان مەبەستم هەیە»[1].

بەپێی ئەم بۆچوونە پەیوەندی نێوان وشەکان و شتەکانی زمانێك یان لەسەر یەکنوێنیی ئەو دووانە بەندە یان لەسەر نایەکنوێنییان. گەر لەسەر یەکنوێنی بەندبوو، ئەوە وشەیەك بەوە دەبێت بە ناوی شتێك کە ئەوەی وشەکە و شتەکە دەینوێنێ هەمان شت بێت و ئەوان یەکنوێنی ئەو شتە بن، بەڵام گەر لەسەر عادەت بەندبوو ئەوە هەر وشەیەك لە وشەکان دەبێت بەناو بۆ هەر شتێك لە شتەکان و گرنگ نییە یەکنوێن بن، چونکە بەکارهێنەرانی ئەو زمانە ئەوەندە ناوێکیان بۆ هەمان شت بەکارهێناوەو خوویان بە بەکارهێنانەکەیەوە گرتووەو بەشێوەیەکی نائاگایانە لەگەڵ بیستنی ئەو ناوەدا ئەو شتە لە زەینیاندا حزوور پەیدا دەکات کە بەو شتە ناویانبردووە، بۆیە گەر کەسانێك لەسەر ئەوە ڕابهێنرێن چەند بارستەیەکی دەنگی بێ دروستەو هەڕەمەکییانە بۆ ناوی چەند شتێك بەکاربهێنن، ئەوا لە کاتی گۆکردنی ئەو بارستە دەنگییانەدا لە زەینی ئەواندا هەمان ئەوە ئامادە دەبێت کە پێشتر بە بیستنی هەمان ئەو بارستە دەنگییانە پەیدا دەبوو. ئەو پەیوەندییە کە لەنێوان بیستنی بارستە دەنگییەکان و ئامادەبوونی ئەو شتانە لە زەینیدا بە ڕاهاتن و دووپاتکردنەوەی ئەو پرۆسەیە دروستبووەو پێش دووپاتکردنەوەی ئەو پرۆسەیەیە

(1) هـ.س: 746.

لەلایەن بەکارهێنەکانی ئەو بارستە دەنگییانەوە هیچ پەیوەندییەك لەنێوان بارستە دەنگییەکان و ئەو شتانەی کە بوون بە ناو بۆیان بوونی نەبووە.

لای سوکرات دەکرێت هەردوو بنەماکە لە زماندا بوونیان هەبێت، بەڵام ئەو وشانەی کە لە زمانەکاندا لەسەر بنەمای عادەت بەندن بەناولێنراوەکانیانەوە ناتەواون و ئەو وشانەش کە لەسەر بنەمای یەکنوێنی بە ناولێنراوەکانیانەوە بەندن بەڕێژەی بەهێزی یەکنوێنییەکەیان تەواون و ئەمەش لەو ئەرکەدا دەردەکەوێت کە وشەکان هەیانە[1].

بەپێی ئەم بۆچوونە ئەرکی وشەکان تەنها جیاکردنەوەو دیاریکردنی شتەکان نییە، بەڵکو ڕێنوێنی کردنیشە بەرەو ناسینی شتەکان، واتە کاتێك کەسێك لەناو دروستەیەکی زمانیدا بە گوتنی وشەیەك ناوی شتێك لە شتەکان دەبات، بیستنی ئەم ناوە لەلایەن گوێگرەکەوە تەنها ناولێنراوەکە لە زەینی گوێگرەکەدا ئامادە ناکات بەڵکو مەعریفەیەکیش لەسەر ناوبراوەکە بە گوێگرەکە دەدات، بەڵام ئەو مەعریفەیە کاتێك دەگات بە کەسەکە کە ناولێنراوەکەو ناوەکە یەکنوێن بن، بۆنموونە کاتێك کەسێك بە کەسێك دەڵێت: ئەندازیارێك هات، گەر ناوی ئەندازیار لەگەڵ ئەو کەسەدا یەکنوێن بێت کە لەم ڕستەیەدا باسکراوە، ئەوە لەڕێگەی مانای (ئەندازە)و (یار)ەوە، گوێگرەکە دەتوانێت مەعریفەیەکی لە بارەی کەسە باسکراوەکە دەستکەوێت، واتە گەر ئەوەی لە ڕستەکەدا باسکراوە بەڕاستی ئەندازیار بێت و بەناو ئەندازیار نەبێت، ئەوە وشەی (ئەندازیار) پێمان دەڵێت کەسە باسکراوەکە چییە، بەڵام گەر کەسە باسکراوەکە بەناو ئەندازیار بێت، ئەوا وشەی ئەندازیار تەنها کەسێك لەلامان ئامادە دەکات و هیچمان لەبارەی ئەو کەسەوە پێناڵێت.

کاتێك وشەی ئەندازیار لە گوتنێکدا وەك ناوێکی هەماهەنگ و یەکنوێن لەگەڵ کەسێکدا دەگوترێت، ئەو کەسەی کە گوێی لەم ناوە دەبێت گەر بۆ یەکەمجاریش بێت ناوی ئەندازیار ببیستێت، لەڕێگەی ناوەکەوە دەزانێت ئەوەی باسدەکرێت کەسێکەو شتێك نییە، ئەو کەسەش بۆیە پێی دەوترێت ئەندازیار شارەزایی لە ئەندازەکاری شتەکاندا هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە ناوەکەوە مەعریفەیەکی لەبارەی ناولێنراوەکەوە دەستکەوتووە. لە وشە سادەکانیشدا گەر بە هەمانشێوەی وشە لێکدراوەکان لەڕێگەی دەنگەکانەوە یەکنوێنییەکە بزانرێت ئەوە وشەکە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ زانینی شتەکە. بەڵام گەر یەکنوێنی لە دروستەو توخمەکانی وشەی ئەندازیارو ماهیەتی ئەو کەسەی کە ناوی ئەندازیار نەبێت ئەوا بەر لە بینینی کەسەکەو دەرکەوتنی ماهیەتەکەی لە کارەکەیداو دووپاتکردنەوەی ناوەکە لەکاتی کارکردنی ئەو کەسەدا بۆ کەسەکە فۆڕمە دەنگییەکە نەك هیچی لەبارەی کەسەکەوە پێ نەدەوتین، بەڵکو نەدەبوو بەهۆی جیاکردنەوەی ئەو کەسە لە کەسەکانی تریش. بەڵام دوای دووپاتکردنەوەی ناوەکە لەکاتی بینینی ئەو کەسەدا لەناو کارەکەیداو وەرگرتنی ناوەکەو وێنەی کەسەکە لە کاتی کارکردندا، لەگەڵ بیستنی ئەو ناوەدا وێنەی هەمان کەس لە کاتی کارکردنەکەیدا دێتەوە پێش چاومان و دەزانین ئەوەی کە باس دەکرێت هەمان ئەو جۆرە لە کەسەو جۆرێکی تر لە کەس نییە. بەمە ئێمە لە کاتی

---

[1] بڕوانە: هـ.س، هـ.ل

بیستنی ناوەکەدا هیچ مەعریفەیەکمان دەست نەکەوتووە، بەڵکو تەنها وێنەی ئەو کەسەمان لە کاتی کارکردنیدا بیرکەوتووەتەوە، ئەم وێنەیەش پێشتر چەند جارێك بینیومانە.

یەکێك لەو فەیلەسوفانەی کە لەڕێگەی وشە یۆنانیەکانەوە بە فەلسەفەکەی گوزارشت لەو زانینە دەکات کە لە دروستەو توخمەکانی ئەو وشانەدا هەڵگیراوە (مارتن هایدگەر)ە کە بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفە پەنا دەباتە بەر وشەی فەلسەفە خۆی و لەڕێگەی ئەو مەعریفەیەوە کە وشەکە دەیبەخشێت باشترین مەعریفەمان لەبارەی فەلسەفە خۆیەوە پێدەدات، بۆ زانینی ئەوەی کە حەقیقەت و بوون چین، بە هەمان ڕێگە لە نوسینەکانی خۆیدا وردترین مەعریفەمان لەبارەی حەقیقەت و بوونەوە[1]پێدەدات. ئەو مەعریفەیە کە ئەو لەڕێگەی شیکردنەوەی مەعریفەی شاراوەی ناو وشە یۆنانیەکانەوە بۆ ئێمەی دەست دەخات، ئێمە لەڕێگەی بینینی فەیلەسوف و بینینی سەلماندنی راستیی شتێك بە ئەزموون و هاتنەبوونی منداڵێك یان هەر شتێکی تر دەستمان ناکەوێت، تەنانەت لە کاتی بیستنی وشەی حەقیقەت و وشەی بوون و وشەی فەلسەفەدا حەقیقەت خۆی و بوون خۆی و فەلسەفە خۆی لە زەینماندا ئامادە نابن، ئەوەی ئامادە دەبێت شتێکی ئاڵۆزو نادیارو تەمومژاوییە. بۆیە کاتێك لێمان دەپرسن بوون چییە؟ یان فەلسەفە چییە؟ یان حەقیقەت چییە؟ ئێمە جگە لە شتێکی ئاڵۆزو نادیارو تەمومژاوی هیچمان لەبارەی ئەمانەوە پێناوترێت، لە کاتێکدا فەیلەسوفێکی وەك مارتن هایدگەر لەڕێگەی ئەو مەعریفەیەوە کە لەو وشانەدا پەنهانە کە لە زمانی یۆنانیدا وەك ناو بۆیان بەکارهاتوون، مەعریفەیەکی روون و قوڵمان لەبارەی ئەو سێ شتەوە پێدەدات.

ئەمەی سەرەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی یەکنوێنی لەنێوان وشەکان و شتەکاندا هەیەو لەو وشانەشدا کە وادەزانرێت هەڕەمەکیانە دروستکراون و نراون لە شتەکان، یەکنوێنی هەیە یان هەبووە، بەڵام ئێمە توانای دۆزینەوەی کۆدەکانی ئەو یەکنوێنییەمان نییەو هەر ئەمەش بۆ ئێمە وادەردەکەوێت کە هیچ پەیوەندییەك لەنێوان ئەو وشانەو شتەکاندا بوونی نییە جگە لەو پەیوەندییەی ئاماژەپێدان کە ئێمە خۆمان بە راهاتن بۆ ئەو وشانەو شتەکان دروستمانکردوون. هەر وشەیەکی سروشتی ناو هەر زمانێکی سروشتی لە زەمەنێکی دیاریکراو و ژینگەیەکی زمانیی دیاریکراودا لەگەڵ شتێك لە شتەکان یەکنوێن بووە، دواتر یان ئەو یەکنوێنییەی لەگەڵ شتەکەدا پاراستووە یان لەلایەن بەکارهێنەرەکانیەوە بەهۆی دروست بەکار نەبردنییەوە یەکنوێنییەکەی لەگەڵ شتەکەدا شاراوەتەوەو بووەتە وشەیەکی عادەتی. سوکرات لە نەمانی یەکنوێنی لەنێوان وشەو شتدا چەند هۆکارێك باس دەکات، یەکێك لەو هۆکارانە رۆیشتنی وشەیە لە زمانەکەی خۆیەوە بۆ زمانێکی تر، یەکێکی تریان کۆنبوونی وشەکەو گۆڕینیەتی لە وشەیەکی سروشتییەوە بۆ وشەیەکی عادەتی[2].

---

[1] بڕوانە: - مارتن هیدجر، ماالفلسفه (51-73)

-مارتن هیدجر، نداءالحقیقه: (173-203)

[2] بڕوانە: افلاطون، دورەء آثار افلاطون: 746.

سوكرات لەبارەی وشەو ئەو مەعریفەیەوە كە وشەكە دەیبەخشێت، لەگەڵ ئەو مەعریفەیەی كە شتەكان خۆیان دەیبەخشن و پەیوەندی ئەو دوو مەعریفەیە بەیەكەوە چەند خاڵێكی گرنگ روونده‌كاتەوە. ئەو لەبارەی بوونی مەعریفە لە وشەكاندا لەسەر شتەكان بە كراتیلیۆس دەڵێت: ((وشەكان چ هێزێكیان لەخۆیاندا هەیە لەوانەوە چ سودێك بە ئێمە دەگات؟ كراتیلیۆس دەڵێت: بە باوەڕی من وشەكان مەعریفە بە ئێمە دەدەن، لەم بارەیەوە دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم: كەسێك كە وشەكە بناسێت، ئەو شتەش كە بەو وشە ناوی لێنراوە دەناسێت. سوكرات دەڵێت: لەوانەیە مەبەستی تۆ ئەوە بێت كە هەركەسێك ماهیەتی وشە بناسێت لەبەرئەوەی ماهیەتی وشە لەگەڵ ماهیەتی ناولێنراودا یەكنوێنن، ناولێنراویش دەناسێت، چونكە ئەو شتانەی یەكنوێنن لێیانەوە هەمان مەعریفەمان دەست دەكەوێت، تۆ لەوەوە پێتوایە هەركەسێك مەعریفە بە وشەكان پەیدابكات، لە ناولێنراوەكانیش تێدەگات؟))[1]. دوای ئەمە سوكرات هەوڵدەدات بنەمای یەكنوێنی وشەكان و شەكان روونبكاتەوەو ئەوە ئاشكرا بكات كە مەعریفە بە ماهیەتی شتەكان جیاوازە لە مەعریفە بە ماهیەتی وشەكان، لەوێوە كە ماهیەتی شتەكان بنەمای ماهیەتی وشەكانەو وشەكان لەسەر بنچینەی وەدیهاتنی ماهیەتی شتەكانەوە لەرێگەی وشەسازەوە پەیدابوون ((ئەو كەسەی كە یەكمجار وشەكان سازدەكات، بەهەماهەنگی لەگەڵ ئایدیاڵی شتەكاندا سازی دەكات و وەدیدەهێنێت))[2]. واتە وشەكان لە یەكنوێنییان لەگەڵ شتەكاندا ئەوە دەنوێنن كە لەگەڵ شتەكاندا خۆنوێنە، واتە شتەكان یان ناولێنراوەكان خۆیەكی بە غەیركراوی ئەو ماهیەتەن و ئەو ماهیەتە لەواندا خۆی بەخۆی دەنوێنێت، بەڵام لە وشەكاندا خۆی بە غەیری خۆی دەنوێنێت، چونكە وشەكان غەیرێكی بەخۆكراوی ئەو ماهیەتەن، بۆیە وشەكان ئەو نوێنن، بەڵام شتەكان خۆنوێنن، لە هەمانكاتیشدا ئەوەی وشەكان وەك غەیری خۆیان دەینوێنن هەمان ئەوەیە كە شتەكان وەك خۆیان دەینوێنن، بەمەش وشەكان لەگەڵ شتەكاندا هەمان شت دەنوێنن و یەكنوێنن.

خۆنوێنیی شتەكان مەرجی ئەونوێنی وشەكان و یەكنوێنییانە لەگەڵ شتەكاندا، هەر لەمەشەوە كە مەعریفە بەو ماهیەتەی لە شتەكاندا شێوەگیربووە دەبێتە بنچینەو پێوانە بۆ ئە ماهیەتەی كە لە وشەكاندا شێوەگیربووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە مەعریفەی ماهیەتی شتەكان ماهیەتی وشەكانە، بەڵام مەعریفەی ماهیەتی وشەكان نابێت بە ماهیەتی شتەكان. بوونی وشەكان سەرچاوە لە بوونی مەعریفە بە شتەكان وەردەگرێت، وشەساز بەبێ بوونی مەعریفە بە ماهیەتی شتەكان ناتوانێت لەناو كۆمەڵگایەكی زمانیدا بوونێكی راستەقینە بە وشەكان ببەخشێت. كەوابێت لە بنچینەدا وشەكان ماهیەتەكەیان مەعریفەی ماهیەتی شتەكانەو ماهیەتەكەیان توانای جیاكردنەوەی شتەكان نییە لە یەكتری، واتە ماهیەتەكەیان ئاماژەكاری نییە.

---

(1) هـ. س: 746-747.

(2) هـ. س: 747.

## 2-1/1) ئاستی سەروو هەستەکی زمان وجیاوازیی زمانەکان

فیختە بیرمەندێکی ترە لەو بیرمەندانەی کە بەپێی تیۆرە عەقڵییەکە بیر لە پەیدابوونی زمان و جیاوازی زمانەکان دەکاتەوەو لەو ڕوانگەشەوە بەشێوەیەکی جیاواز باس لەو چوار توخمە سەرەکییەی پرۆسەی گوتن و ناولێنان دەکات. لای ئەویش زمان لە پرۆسەی مێژوویی گوتندا بە چوار توخم کاردەکات: توخمی عەقڵی، توخمی سروشتی، توخمی ئامێری، توخمی بەکارهێن، کە لای ئەفلاتون وشەسازو ناولێنەرو ئامێرو بەکارهێنەرن.

لای فـیختە توخمی عەقڵیی پرۆسەی گوتن ئەو بیرەیە کە لەناو ڕۆحی نەتەوەدا هەیە، توخمی سروشتی نەتەوە خۆیەتی و توخمی ئامێریش وشەکانی زمانن، توخمی بەکارهێنیش ئەو میللەتەیە کە وشەکانی زمانەکە تیایدا پەیدابوون و دوای پەیدابوونیشیان بەشێوەیەکی بەردەوام و مێژوویی لە بەکارهێنانیان نەکەوتووە.

لای فیختە پەیوەندی نێوان وشەکان و شتەکان پەیوەندییەکی هەرەمەکی نییەو لەسەر بنەمای عادەت دانەمەزراوە بەڵکو پەیوەندییەکی هەماهەنگانەیەو لەسەر بنەمای یەکنوێنی دامەزراوەو وشەش وەك شتەکان بوونەوەرێکەو لەڕووی بوونەوە جیاوازە لە شتەکان، بەڵام وەك شتەکان هەمان ئەو توخمە ڕۆحییە ئەنوێنێت کە شتەکان دەینوێنن و پەیوەندیشان بەیەکەوە لەسەر بنەمای نواندنی ئەوەیە کە شتەکان لەخۆیاندا بۆ خۆیان دەینوێنن. لەم بارەیەوە دەڵێت زمان ((مانا نواندنی شتەکانە بەو دەنگانەی کە لە دەزگای بەرهەمهێنانی دەنگەوە پەیدادەبن و هیچ پەیوەندییەکی بە بڕیارە هەڕەمەکییەکان یان ڕێکەوتنەکانەوە نییەو بەر لە هەموو شتێك یاسایەکی بنچینەیی هەیەو ئێمە بەو یاسا بنچینەییە بە دەنگێك لە دەنگەکان گوزارشت لە بیرۆکەیەك دەکەین و بە هیچ یەك لە دەنگەکانی تر گوزارشتی لێناکەین. هەروەك ئەوەی کە شتەکان لە دەزگای بینینی مرۆڤدا لەشێوەو ڕەنگی وردبینانەدا دەنوێنرێنەوە، ئاوەهاش لەناو زماندا کە دەزگای کۆمەڵایەتیانەی مرۆڤە لە چەند دەنگێکی دیاریکراودا دەنوێنرێن. لەڕاستیدا مرۆڤ وەك مرۆڤ لەکاتی گوتندا نادوێت، بەڵکو سروشتی مرۆیی بە گوتن گوزارشت لە شتەکان دەکات و دەیانگوازێتەوە بۆ ئەوانی تر))[1]. لە شوێنێکی تردا لەبارەی پەیدابوونی زمان و بوونی وشەکانەوە دەدوێت و دەڵێت: ((لەڕاستیدا زمان سازکراوێکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو ئەو هێزە ڕاستەوخۆیەی سروشتە کە لە ژیانێکی زیرەکانەوە سەرچاوەی گرتووەو بەمەش بە هێزی ئەو یاسایە شوێن پەرەسەندنی خۆی دەکەوێت و توانای ئەوە دەست دەخـات بچێتە ناو ژیانەوەو پاکـژی بکاتەوە. بە هەمانشێوەش دەتوانێت بە بوونە ڕاستەوخۆکەی خۆی شتەکان ئەندازگیر بکات و چالاکی مرۆیی پوخت بکاتەوە، پێویستە وشەکانی زمانێکی لەوجۆرە ئەوانە هەڵنێت کە لێی تێدەگەن، چونکە ئەو وشانە شتانێکی ڕاستەقینەن و بەرهەمێکی هەڕەمەکییانە نین))[2].

---

(1) ي. غ. فيختە، خطابات الى الأمة الألمانية: 82.

(2) هـ.س: 86.

لەم دوو پەرەگرافەدا باس لە توخمە عەقڵییەکە کراوە لەشێوەی یاسایەکی نادیاردا کە رۆحی کۆمەڵگا سروشتییەکە دەرکەوتی دەکات بۆ ئەوانەی کە بە پەیڕەوکردنی ئەو یاسایە لە دروستەکانی ناو سروشتی ئەو کۆمەڵگا سروشتییەو ئەو دەنگانەی کە دەزگای دەنگی ناو جەستەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە بەرهەمیان دەهێنێت وشەکان سازدەکەن، ئەوانە لە سازکردنی وشەیەکی نوێدا بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە بۆ شتێك لە شتەکان دەرکەوتووە، ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان دروستەیەك بهێنن و چەند دەنگێك هەڵبژێرن و بە شێوەگیرکردنی دروستەکە لە دەنگەکاندا وشەکە سازبکەن، بەڵکو بەر لە هەموو شتێك دەبێت لەو یاسا عەقڵییە دەستوری سازکردنی وشەکە پەی پێبەرن و دوای ئەمەش لەڕێگای دەرکەوتنی بیرۆکە عەقڵییەکەی شتەکەوە دۆخ بە سروشتی خۆیان بدەن تا ئەو دروستەیان بۆ دەرکەوت بکات کە یاساکە بۆ سازکردنی وشەکە دەستوری پێداوە، دوای دەرکەوتنی دروستەکەو ئامادەبوونی بیرۆکەی شتەکە لە واقیعدا یان لە زەیندا بگەڕێن بۆ شێوەگیربوونی بیرۆکەکە لەو هیولا شیاوەدا کە شتەکە هەیەتی، بە بینینەوەی شێوەگیربوونی بیرۆکەکە لە هیولای شتەکەداو دەرکەوتنی شتەکە لەناو بواری بینینی کەسەکەدا، دەزگا دەنگییەکەی ئەو دەنگە شیاوانە دەرکەوت پێدەکات کە بۆ شێوەگیربوونی دروستەی وشەکە لە چەند دەنگێکی دیاریکراوی شیاودا پێویستن، ئالێرەشدا ئەو وشە شیاوە کە بیرۆکە تازە دەرکەوتووەکە دەنوێنێت، دەکەوێتە ناو مەودای بیستنی وشەسازەوە.

فیختە هەموو ئەو پرۆسەیە بەم شێوەیە باسدەکات: لە وشەدا پەیوەندی ناو و ناولێنراو لەسەر بڕیای هەڕەمەکییانەو بە ئارەزووانەی خەڵك و ڕێکەوتنیان لەسەر ئەو بڕیارە نەوەستاوە، بەڵکو بۆ ئەم پەیوەندییە پێش هەموو شتێك یاسایەکی گشتی لە رۆحدا هەیەو دەبێت ئەو کەسەی کە دەیەوێت ناوەکە بۆ ئەو بیرۆکە نوێیە سازبکات کە بۆی دەرکەوتووە بە دەستوور وەرگرتن لەو یاسایە دەنگەکان بۆ سازکردنی وشەکە هەڵبژێرێت و لە دروستەیەکی زمانیدا لەگەڵ یەك هەماهەنگیان بکاتەوە، دوای ئەمەش باس لەوە دەکات کە دروستەی وشەکە سروشتی مرۆڤانەی مرۆڤ دەیبەخشێت و داهێنراوی ئەوەو نوێنەری هێزی داهێنەرەکەیتی و توانای داهێنان و زیرەکیی ئەو دەنوێنێت. ئەو سروشتە لەڕێگەی دروستەی وشەکانەوە خۆی بۆ ئەندامانی ناو کۆمەڵگا زمانیەکەی ئاشکرادەکات و ئەمە بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە ئەوەی لەڕێگەی دروستە زمانیەکانەوە دەدوێت و خۆی ئاشکرادەکات سروشتی کۆیی کۆمەڵگا سروشتییەکەیە نەك مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگا سروشتییە.

فیختە لەم پەرەگرافەدا توخمە عەقڵییەکەو توخمی سروشتی و ئامێرەکەی پرۆسەی گوتن بۆ ئێمە دیاری دەکات و بەمەش لە چوار توخمەکە باس لە سێ توخمیان دەکات، ئەو توخمەی لەم دوو پەرەگرافەدا باسنەکراوە بەکارهێنەکەی ناو پرۆسەکەیە، بۆ باسکردنی ئەم توخمەش ئەڵمانەکان دەکاتە نمونەیەك بۆ دیاریکردنی رۆڵی بەکارهێنی ناو پرۆسەی گوتنەکە.

ئەو بۆ ئەم مەبەستە هەر لەسەرەتاوە جەرمەنەکان دەکات بە دوو کۆمەڵەوە: کۆمەڵێکیان ئەوانەن کە بە زمانی جەرمەنیی نوێ واتە ئەڵمانی دەدوێن، کۆمەڵەکەی تریان هەموو ئەو گەلانەن کە بە زمانێکی

جەرمەنیی بەلاتینیکراو دەدوێن، واتە گەلە نیو ـ ڕۆمانیەکان. لەڕێگەی جیاوازی نیو جەرمەنی و نیو لاتینییەکانەوە بەوردی باس لە ئەرکی بەکارهێنی زمان لە پرۆسەی گوتندا دەکات و ئەوە ڕووندەکاتەوە ئەو گەلانەی کە زمانەکەی خۆیان پاراستووەو بەپاکی ڕایانگرتووە، بەمە توانیویانە ئەو هەماهەنگییەی نێوان وشەکانی زمانەکەیان و شتەکانی جیهانەکەی بپارێزن و لە یەکنوێنیدا لەگەڵ یەك بیانهێڵنەوەو ڕێگە نەدەن وشەکان عادەتی ببنەوەو پەیوەندییەکەیان لەگەڵ شتەکاندا لە پەیوەندی یەکنوێنییەوە بگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی هەڕەمەکی.

ئەو زمانەی کە بەکارهێنەکانی بەم شێوەیە پارێزگاری لە هەماهەنگییە ناوەکییەکەی و یەکنوێنییەکەی لەگەڵ جیهانەکەی خۆیاندا دەکەن، زمانێکی بەردەوامە لە ژیانداو نەمردووەو هێشتا لە پرۆسەی پەرەسەندن و کامڵبوونی خۆیدایە. بەڵام ئەو زمانەی کە بەکارهێنەکانی بە پوختی ڕایان نەگرتووەو وشەکان و دروستەکانی لەگەڵ وشەو دروستەکانی زمانێکی تر یان چەند زمانێکی تر ئاوێتەبووەو ڕەسەنیەتەکەی خۆی لەدەستداوە، بووە بە زمانێکی میکانیکی و مردوو، بنەما ناوەکییەکەی جوڵەو پەرەسەندنی خۆی لەدەستداوەو لە دەرەوەی خۆیەوە دەجوڵێنرێت و پەرەی پێدەدرێت و فراواندەکرێت.

بنەمای ناوەکی پەرەسەندن و جوڵەی هەر زمانێك توخمی عەقڵی ئەو زمانەیە، واتە ئەو یاسا گشتییەی ڕۆحی نەتەوەیە کە دروستەی وشەکانی زمانەکەو دەنگەکانیان دیاری دەکات، کاتێك زمانێك بەهۆی بەکارهێنەکانیەوە ئەم بنەما ناوەکییەی پەرەسەندنی مێژوویی خۆی لەدەستدەدات، ئەوە توخمە عەقڵییەکەی لە زمانەکەدا نەهێشتووە. بە نەمانی توخمە عەقڵییەکەی زمانیش، ئەو زمانە لە زمانێکی سروشتی و زیندووەوە دەبێت بە زمانێکی بێگیان و مردوو، ئەم زمانە مردووە توانای مانەوەی نابێت گەر لە دەرەوەی خۆی بنەمایەکی دەرەکی بۆ جوڵەو پەرەسەندنی خۆی نەدۆزێتەوەو نەیخاتە شوێنی بنەما ناوەکییە لەدەستچووەکەی خۆی. کاتێکیش ئەو بنەما دەرەکییە دەچێتە شوێنی بنەما ناوەکییەکە، ئەوا زمانەکە لە زمانێکی سروشتییەوە دەگۆڕێت بۆ زمانێکی دروستکراو و تەقلیدی و لە ڕیشە سروشتی و ڕۆحییەکەی خۆی دادەبڕێت و دەکەوێتە دەستی ئەو دەوروبەرە کولتورییەی کە بوونی لەناویدا هەیەو لەبری ئەوەی ڕۆح و سروشتی کۆمەڵگا سروشتییەکە بنوێنێت، ئەو واقیعە کولتوری و دنیاییەی دەرەوەی خۆی دەنوێنێت و دەبێتە بەشێك لە جەستەی ئەو هێزەی کە حوکمی واقیعە دنیایی و کولتورییەکە دەکات.

وشەکانی ئەو زمانەی کە توخمە عەقڵییەکەی خۆی لەدەستداوە، بوونە هەماهەنگەکەیان لەدەست دەدەن و ئیتر ناتوانن لەگەڵ شتەکانیشدا یەکنوێن بن و پەیوەندییان بەشتەکانەوە دەبێت بە پەیوەندییەکی هەڕەمەکی و بڕیار لەسەردراو بەشێوەیەکی پێشینە. ئەم وشانە ئیتر ناتوانن وەك جاران لە پرۆسەی گوتندا مەعریفەمان لەسەر ماهیەتی ناولێنراوەکانیان پێببەخشن و تەنها ڕۆڵی دیاریکردن و جیاکردنەوەی شتەکان بۆ ئێمە دەبینن، واتە تەنها ئەرکێکی چەندییان هەیەو ئەرکەکەیان لە ئەرکی ژمارەکانی ناو زمانی ماتماتیکەوە نزیکەو وەك وشەکانی ناو زمانە زیندووەکان لەپاڵ ئەرکە چەندییەکەیاندا ئەرکێکی چۆنیشیان نییە. بە ئەرکە چەندییەکەیاندا دەکرێت بە وشەی زمانێکی سروشتی ناوبرێن، بەڵام کاتێك لە ئەرکە

چۆنیەکەوە لێیان دەڕوانین لە وشەی ناو زمانە سروشتییەکان ناچن و زیاتر لە وشەی ناو زمانێکی دانراو و دروستکراوی وەك زمانی ماتماتیك دەچن.

زمان لە دۆخە زیندووەکەیدا ئۆرگانێکی زیندووی ناو ئۆرگانەکانی مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگای سروشتییەو وەك هەر ئۆرگانێکی تری ناو پێکهاتەی سروشتیی مرۆڤ لەناو پێکهاتە سروشتییەکەی مرۆڤدا بەو رۆحە کاردەکات کە لەناو مرۆڤدا بەبێ ویستی مرۆڤ، بەخۆی کاردەکات. بەڵام کاتێك زمان دۆخە زیندووەکەی خۆی لەدەست دەدات لەناو پێکهاتەی سروشتی و زیندووی بوونی مرۆڤدا نامێنێت و لە زیندوویەتیی ناو مرۆڤ دادەبڕێت و دەبێتە مادەیەکی مردوو، دوای ئەمە مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگا لە دروستەو هیولای ئەو مادە مردووە بەپێی بنەمای رێکەوتن و هەڕەمەکییەت جوڵەیەکی ئامێری و نازیندوو دەخەنە ناو جەستەی زمانە مردووەکەو بەمەش زمانەکە دەبێتە ئامێرێك لەو ئامێرانەی کە مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایە بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی خۆیان دروستیان کردوون و بەردەوام لەبەردەستیاندان و بەئارەزووی خۆیان کاریان پێدەکەن. بەمەش زمانەکە لە ئۆرگانێکی زیندووی ناو مرۆڤەوە کە بەخۆی کاردەکات، دەبێت بە ئامێرێکی دروستکراوی بەردەستی مرۆڤەکان کە بەئارەزووی خۆیان کاری پێدەکەن. فیختە بە زمانی ئۆرگانی دەڵێت زمانی زیندوو و بە زمانی ئامێری دەڵێت زمانی مردوو، لەڕێگەی جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە لە زمانیشەوە باس لەرۆڵی بەکارهێنی لە پاراستن و هێشتنەوەی زمان لە دۆخە ئۆرگانیەکەیدا دەکات و بەمەش زانیارییەکی وردمان لەبارەی تۆخمی بەکارهێنی ناو پرۆسەی گوتنەوە پێدەڵێت.

فیختە پێیوایە ئەڵمانەکان بەوە لە گەلە بە رەچەڵەك جەرمەنەکانی تری ئەوروپا جیادەکرێنەوە کە رۆحی جەرمەنەکانی لەخۆیدا پاراستووەو بەشێوازی خۆی پەرەی پێداوەو لە کاریگەرییەکانی رەگەزی لاتینی پاراستوویەتی، بەڵام گەلە بە رەگەز جەرمەنەکانی تری ئەوروپا نەیانتوانیوە ئەو رۆحە جەرمەنییە بپارێزن و رۆحی رۆمانیە لاتینییەکان بەسەریاندا زاڵبووەو گۆڕاون بۆ چەند گەلێکی لاتینی نوێ و لە رۆحە جەرمەنییەکەیان دابڕاون، ئەم دابڕانەشیان وایکردووە جیاوازبن لە گەلی ئەڵمان و ئەم جیاوازییەش لە کولتورو زمان و ئاکارو سیاسەتی ئەوان و ئەڵمانەکاندا بەئاشکرا دەرکەوتووەو لە زمانەکانی ئەوان و زمانی ئەڵمانیدا زۆر بەئاشکرا دیارە.

لای ئەو زمان جیاوازییەکی جەوهەری و ریشەیی لەنێوان ئەڵمانەکان و گەلە بە رەگەز جەرمەنەکانی تردا درستکردووە، ئەمەش هۆکەی ناگەڕێتەوە بۆ دروستەی تایبەتی ئەو زمانەی کە رەگەزی رەسەنی وڵاتەکە، یان زمانی هەر لقێك لە لقەکانی پاراستوویەتی، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەڵمانەکان لە زمانە جەرمەنییەکەدا پارێزگارییان لەوە کردووە کە تایبەتە بە خۆیان، بەڵام گەلە بە رەگەز جەرمەنەکانی تر لەبری ئەوەی لە زمانە جەمەنییەکەدا پارێزگاری لەوە بکەن کە هی خۆیانەو تایبەتە بەخۆیان، بە زمانەکەی خۆیان شتێکی تریان سازکردووە کە بەخۆیان بێگانەیە. ئەڵمانەکان تەنها بەوە لەوان جیانین کە بە زمانی دایك دەدوێن، بەڵکو بەوە جیان کە بە بەردەوامی بەکاریانهێناوەو لێی دانەبڕاون،

ئەوان بەمە هەر زمانەکەیان بەرەو دروستبوون نەبردووە، بەڵکو زمانەکەش بەردەوام ئەوانی بەرەو پەرەسەندن و دروستبوون بردووە[1].

ئەوەی فیختە لە تیۆرە عەقڵییەکەی پەیدابوونی زمان و جیاوازییە زمانیەکاندا پەرەی پێدەدات، ئەو لایەنەی تیۆرەکەیە کە پەیوەندی بە توخمە بەکارهێنەکەی زمانەوە هەیەو هەر لەمەشەوە باس لەوە دەکات کە چۆن بەکارهێنەکانی زمانێکی ئۆرگانی بەهۆی وابەستەبوونیان بەو یاسایەوە کە توخمە عەقڵییەکەی زمان لەگەڵ وابەستەبوونیان بەو دروستە زمانیانەوە کە توخمە سروشتییەکەی زمانە، لەگەڵ ئەو هەموو کاریگەرییەی کە دەوروبەر لەسەر ئەوانی دروست دەکات لە زمانەکەیاندا هەماهەنگی ناو یەکە زمانیەکان و یەکنوێنی وشەکان و شتەکان دەپارێزن و بەمەش زمانەکەیان لەو دۆخە ئۆرگانییەدا دەهێڵنەوە کە تیایدا مەعریفەیان لەبارەی سروشتی خۆیان و شتەکانەوە پێدەدات. وشەکانی زمانی ئەڵمانی لای ئەڵمانەکان بەهۆی مانەوەیان لە یەکنوێنیدا لەگەڵ شتەکاندا تەنها ئاماژە بە شتەکان نادەن و لە یەکتریان جیاناکەنەوە، بەڵکو مەعریفەش بە شتەکان دەبەخشن و لە پرۆسەی گوتندا هەر یادەوەری مرۆڤەکان ئامادە نابێت، بەڵکو بیرکردنەوەشیان ئامادە دەبێت، بەمەش پرۆسەی گوتن لەناو ئەواندا لە هەمانکاتدا پرۆسەی بیرکردنەوەو زانینیشە. ئەمەش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەڵمانەکان توانیویانە لە زمانەکەی خۆیاندا پەیوەندییە یەکنوێنییەکەی نێوان وشەکان و شتەکان بپارێزن.

یەکێك لەو مەسەلە گرنگانەی فیختە باسی دەکات، پرۆسەی گوتنە لە ئاستە ڕۆحی و عەقڵییەکەیدا، لەگەڵ پرۆسەی گوتن لە ئاستە هەستەکی و واقیعییەکەیدا، لەگەڵ ئەو پەیوەندییەی لەنێوان هەردوو ئاستەکەی پرۆسەی گوتندا هەیە. لای ئەو ئەوەی وادەکات زمان بوونی ئۆرگانی خۆی لەناو مرۆڤدا لەدەست نەدات و نەبێت بە ئامێرێکی بەردەستەی مرۆڤ و وشەکانی ئەو زمانەش یەکنوێنییەکەیان لەگەڵ شتەکاندا بپارێزن، بەکارهێنانی ئەو زمانەیە لە پرۆسەی گوتندا لە ئاستە سەروو هەستەکی و عەقڵییەکەیدا، چونکە پرۆسەی گوتن لە ئاستە هەستەکی و واقیعییەکەیدا بە زمانێکیش ئەنجام دەدرێت کە ئامێری بووەتەوەو زیندوویەتی خۆی لەدەستداوە، بەڵام پرۆسەی گوتن لە ئاستە سەروو هەستەکییەکەیدا بە زمانێکی ئاوا ئەنجام نادرێت. ئەمەش لای ئەو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بە زمانی ئامێری بیرکردنەوەی عەقڵی ئەنجام نادرێت و تەنها بە زمانی ئۆرگانی مرۆڤ دەتوانێت لە پرۆسەی گوتندا لە بیرکردنەوەدا بێت[2].

ئاستی هەستەکی زمان لە زمانە زیندووەکاندا دەبێت لەپێناو ئاستە عەقڵی و سەروو هەستەکییەکەی زماندا بێت و ئـەوەی عەقـڵییە بتوانێت لە دروستەیەکی زمانیدا بەو وشانە گوزارشتی لێبکات کە ناون بۆ ئەو شتانەی لە جیهانە هەستەکی و واقیعییەکەدا هەن، بەمەش ئەو ئاستەی پرۆسەی گوتن وەك ئاستە سەروو هەستەکییەکە یەکنوێنی وشە هەستەکییەکان و شتە هەستەکییەکان دەپارێزێت و

---

[1] بڕوانە: هـ. س: 82.

[2] بڕوانە: هـ. س: 84.

وشەکان لە سەرووی ئەوەوە کە ئاماژە بە شتەکانی ناو جیهانی هەستەکی دەکەن دەشتوانن ئەوەی لە شتەکاندا نادیارو شاراوەیە ئاشکرای بکەن[1].

ئەو گەلانەی کە زمانەکەیان زمانێکی ئامێری و مردووە لە پرۆسەی گوتندا ئاستە سەروو هەستەکییەکەی گوتن لەپێناو ئاستە هەستەکییەکەدا دەبێت و ئەو وشانەی کە شتەکانی ناو جیهانی عەقڵ دەنوێنن وەك وشە هەستەکییەکان بەکار دەهێنرێن و وایان لێدەکرێت ئەوە بنوێنن کە هەستەکی و دنیاییە، بەمەش هەماهەنگی ناوەکی وشەکان و یەکە زمانییەکان رۆڵی نامێنێت و عادەت جێگەی دەگرێتەوەو پەیوەندی یەکنوێنی نێوان وشەکان و شتەکانیش نەفیدەکرێت و هەڕەمەکییەت جێگەی دەگرێتەوە، پرۆسەی گوتن لەم کاتەدا دەبێتە پرۆسەی دیاریکردن و جیاکردنەوەی شتەکان لە یەکتری و لەوە دەردەچێت کە لە هەمانکاتدا پرۆسەی بیرکردنەوەو زانینیش بێت.

فیختە لەم روانگەیەوە باس لە پرۆسەی گوتن لەناو گەلێکدا دەکات کە زمانەکەی بوونە ئۆرگانییەکەی خۆی لەدەست نەداوەو دەڵێت ژینگەو بەکارهێنانی زۆر یان کەمی دەزگای دەنگی زمان گۆڕان لە زماندا دروست دەکات، بەڵام ئەو گۆڕانە کار ناکاتە سەر ئەوەی کە بەدوای یەکدا هاتنی شتەکان لەگەڵ بەدوای یەکداهاتنی ماناکان ناسازی تێکەوێت، چونکە بەکارهێنەرانی زمانەکە هەڕەمەکییانە گۆڕان لە زمانەکەیاندا دروست ناکەن و بەپێی یاسا عەقڵییەکە ئەو گۆڕانە روودەدات و گۆڕانەکان یاساکە دیاریان دەکات، لەبەرئەوەی لە زمانی گەلێکدا دەزگای دەنگی ئەو گەلە تووشی هەمان کاریگەری ژینگەکەی دەبێت و ئەندامەکانی ئەو دەزگایە بەبێ دابڕان لەڕووی سازکردنی دەنگەکانەوە گەشەدەکەن و سازتر دەبن، ئەمەش وادەکات لەگەڵ ئەو گۆڕانانەشدا زمانی ئەو گەلە هەرخۆیەتی خۆی لەدەست نەدات[2]. واتە لێرەدا هەماهەنگی ناوەکی وشەکان و یەکنوێنییەکەیان لەگەڵ شتەکاندا گەشە دەکات و سازتر دەبێت و ئەمەش وادەکات هەڕەمەکییەت شوێنی یەکنوێنی نەگرێتەوەو زمانەکە لە زمانێکی ئۆرگانییەوە نەبێت بە زمانێکی نائۆرگانی و ئامێری. لێرەشدا ئەو گەلە زمانەکە وەك ئامێرێك بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە بەکارناهێنێ و مەعریفەی ئەو گەلە، زمانەکە بۆ نواندنی خۆی بەکاردەهێنێت[3]. واتە زمان نابێتە زمان بەدەستی خەڵکییەوە، بەڵکو ئەو مەعریفەیەی کە لەودا پەیدا دەبێت دەزگا دەنگییەکەی ئەو بۆ شێوەگیرکردنی خۆی و نواندنی خۆی بەکاردەهێنێت و خۆی لە مەعریفەیەکی نادیارو نەبیستراو و ئـــایدیاڵییەوە دەکات بە مەعریفەیەکی دیارو بیستراو. ئەو مەعریفەیەی کە لێرەدا خۆی ئاشکرا دەکات مەعریفەیەکی وەرگیراو و تەقلیدی نییە، واتە ئەو مەعریفەیە نییە کە لە دەرەوەی مرۆڤەوە مرۆڤ لەڕێگەی هەستەوەرەکانیەوە وەریدەگرێت و دواتر بە زمان دەیداتەوە، بەڵکو ئەو مەعریفەیە کە لە جیهانی سەروو هەستەکی و عەقڵییەوە دێتە ناو مرۆڤ و هەوڵی ئەوە دەدات لەڕێگەی زمانەوە خۆی هەستەکی بکاتەوەو ببێتە مەعریفەیەکی بیستراو، واتە مەعریفەیەکی تەقلیدی نییەو مەعریفەیەکی داهێنراوەو سەر بە

---

(1) هـ. س: هـ. ل.

(2) بڕوانە: هـ. س: 83.

(3) بڕوانە: هـ. س: هـ. ل.

جیهانیی سەروو هەستەکی و رۆحی مرۆڤەو سەربەو جیهانە هەستەکییە نییە کە تیایدا دەژی، بۆیە بەبێ زمانێکی ئۆرگانیش ناتوانێت ببێتە مەعریفەیەکی بیستراو و هەستەکی، هەر زمانێك ئەو مەعریفەیەی کرد بە مەعریفەیەکی بیستراو کە مەعریفەیەکی نەبیستراو و سەروو هەستەکییە، ئەوە ئۆرگانیەت و زیندوویەتی خۆی لەناو مرۆڤدا لەدەستنەداوە، بەڵام ئەو زمانەی کە مەعریفەی بیستراوی ژینگە هەستەکییەکە دەکاتەوە بە مەعریفەی بیستراو زمانێکی ئامێری و میکانیکییەو زیندوویەتی خۆی لەناو مرۆڤدا لەدەست داوەو بووە بە ئامێرێك بە دەستی مرۆڤەوەو بۆ نواندنەوەی ئەو مەعریفەیەی کە لە ژینگە زمانییەکەدا هەستەکی بووەتەوەو بووە بە مەعریفەیەکی بیستراو و تەقلیدی.

لای ئەو وشەکانی ئەو زمانەی کە هێشتا بە دەست رۆحی گەلەوەیەو لەڕێگەیەوە مەعریفە نەبیستراوەکەی خۆی دەکات بە مەعریفەیەکی بیستراو، جیاوازن لە وشەکانی ئەو زمانەی کە بە دەستی گەلەوەیەو مەعریفەی بیستراو و تەقلیدی پێدەکاتەوە بە مەعریفەی بیستراو، ئەم جیاوازییەشیان لەوەدایە کە وشەکانی زمانە زیندووەکە ((لە هەموو بەشەکانی خۆیاندا، وشەی زیندوویەتی و ژیانن و زیندوویەتیان لێوە پەیدا دەبێت، گەر لەروانگەی ئەوەوە کە سەروو هەستەکییە لە پەرەسەندنی زمانمان روانی، دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین ئەوانەی بەو زمانە دەدوێن هەرگیز لەو پەیوەندییە دانابڕێن کە لەنێوانیاندا هەیەو هەموویان لە بیرو گوتنی یەکتری تێدەگەن، ئەوەی لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی باس دەکرێت لەسەر هەموو ئەوانە جێبەجێ دەبێت کە بەو زمانە دەدوێن، ئەو رەمزەش کە ئەو زمانە سازی دەکات بۆ هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێت بیربکەنەوەو بەڕاستیش بیردەکەنەوە، رەمزێکی کراوەو ئاشکراو زیندووەو زیندوویەتی بەخشیشە))[1].

ئەمە تیڕوانینی فیختەیە لەسەر رۆڵی وشە لە پرۆسەی گوتندا لەناو زمانە ئۆرگانی و زیندووەکاندا، ئەو لەبارەی رۆڵی وشە لە پرۆسەی گوتنی زمانە ئامێرییەکاندا ئەوە رووندەکاتەوە کە لە زمانە نائۆرگانی و مردووەکاندا وشە توانا مەعریفەییەکەی خۆی لەدەستداوەو ئەو مەعریفەیەی کە دەبێت وشەکە بیدات لە وشەکە جیابووەتەوەو ئەمەش وایکردووە لەلایەکەوە مەعریفەکە تەنها زانیارییەکی مردوو بێت و مەعریفە نەبێت، وشەکەش تەنها ئاماژەیەکی مردوو بێت و وشەیەکی زیندوو نەبێت، ئەوەش وادەکات وشەکە لە پرۆسەی گوتندا کار بکات، لکاندنێکی میکانیکیی زانیارییەکانە بە وشەکەوە لەڕێگەی پرۆسەیەکی میکانیکی و ئەزموونی و هەستەکییەوە، ئەم زانیارییە مردووە بەوە بەوشەکەوە پەیوەست دەبێت کە خەڵکی بەردەوام لە زەینی خۆیاندا هەمان ئەو زانیارییە بە وشەکەوە پەیوەست بکەن جا وشەکە گۆبکەن، بە دووپاتکردنەوەی ئەمەش ئەوان وایان لێبێت بەشێوەیەکی ئۆتۆماتێکی لەکاتی بەکارهێنانی وشەکە بەبێ بیرکردنەوە ئەم کارە ئەنجام بدەن.

ئەو مەعریفەیەی کە بەم پرۆسەیە دەلکێنرێت بە وشەکەوە لەبەرئەوەی مەعریفەیەکی هەستەکییەو لە دەرەوە لەڕێگەی هەستەکانەوە وەرگیراوە، تەنها زانیارییەکی مردووەو هیچی تر، ئەم

---

[1] هـ. س: هـ. ل.

زانیارییە هیچ جوڵەو پەرەسەندنێکی ناوەکی تیانییەو جێگیرو ناپەرەسەندووە وەك ئەو مەعریفە سەروو هەستەکییە نییە کە لەناو مرۆڤدا رۆح پەرەی پێدەدات و ئەم پەرەسەندنەشی لە وشەکەدا رەنگدەداتەوەو وشەکە پێی سازتر دەبێت، واتە وەك ئەو لە پەیوەندییەکی راستەوخۆو زیندوودا نییە لەگەڵ وشەکەدا، ئەمەش لە وشەکە دەخوازێت وەك خۆی وشەیەکی مردوو و جێگیر بێت و لە پەرەسەندن راوەستێت تا پەیوەندییەکەی لەگەڵیدا نەپچڕێت، بەمەش زانیارییە مردووەکان جێی مەعریفە زیندووە سەروو هەستەکییەکەی ناو وشەکان دەگرێتەوەو وشەکان هەموویان وەك ئەو وشانەیان لێدێت کە شتەکانی ناو جیهانە هەستەکییەکە دەنوێنن.

فیختە ئەو بۆچوونەی سەرەوە بەم شێوەیە رووندەکاتەوە: کاتێك گەلێك دەستبەرداری زمانەکەی خۆی دەبێت و هەوڵی بنیادنانی زمانێکی بێگانە لەناو دەزگا زمانییەکەی ناو خۆی دەدات بۆ ئەمەش بەرەبەرە هەوڵی بەتاڵکردنەوەی دەزگا زمانییەکەی خۆی لە زمانەکەی خۆی دەدات و زمانێکی بێگانە دەخاتە شوێنەکەی کە گەیشتووەتە ئەو ئاستەی پەرەسەندن کە بە وشە گوزارشت لە جیهانی سەروو هەستەکیی گەلەکەی خۆی بکات. لەم کاتەدا ئەو گەلە ناتوانێت ئەو زمانە بێگانەیە بێنێتە ناو خۆیەوە گەر هەموو ئەو بیرانەی لە زمانەکەدا گوزارشتیان لێکراوە وەك زانیارییەك وەرنەگرێت، ئەو گەلەی کە زمانە بێگانەکە لەخۆیدا دەچێنێت هەر وشەکانی زمانەکەو زانیارییە پێوە پەیوەستکراوەکانیان وەرناگرێت، بەڵکو شەپۆلی بیرکردنەوەی تایبەتی ئەو گەلەش لەگەڵ وشەو زانیارییەکاندا بۆ ناو خۆی دەگوازێتەوە. ئەم رووداوی گواستنەوەیە گۆڕانێکی ئەوتۆ لە ئاستە هەستەکییەکەی زماندا دروست ناکات، منداڵانی ئەو گەلە بە هەمان رێگای میکانیکی و هەستەکی وشە هەستەکییەکانی زمانی دایکی خۆیان لەڕێگەی بینین و بەریەککەوتنی راستەوخۆی ئەو شتانەی کە وشەکان ئاماژەیان پێدەدەن، وشەکانی زمانە بێگانەکەو وێنەی ئەو شتانە وەردەگرن و بە عادەت ئەو وێنەیەو وشەکە لەکاتی گوتندا پێکەوە پەیوەست دەکەن، ئەمەش لە سەرەتادا بەشێوەیەکی نائاسایی دەڕوات و دوایی ئاسایی دەبێتەوە، بەڵام لەم رووداوەی گۆڕینی زمانەدا ئەوەی ئاسایی نابێتەوە بەشی سەروو هەستەکیی زمانەکەیە[1]. بەشی سەروو هەستەکی زمانیش لە خاوەن زمانەکان خۆیان وەدیهاتووە، واتە ئەوەی کە ئەوان لەو بەشەی زماندا بە وشەکان گوزارشتیان لێکردووە رۆحی ئەوان لە زەینی ئەواندا بەو شێوەیەی کە تایبەتە بەوان وەدیهێناوەو بوونەوەرێکی تایبەتی ناو جیهانی سەروو هەستەکیی ئەوانەو شێوەی لەناو جیهانی سەروو هەستەکیی هیچ گەلێکی تردا نییە، واتە ناولێنراوەکانی ئەم وشانە وەك شتە هەستەکییەکانی ناو جیهانی فیزیکی نین کە لەژینگەی سروشتی هەموو گەلەکاندا وەك بەردو ئاسن و ...هتد بوونیان هەبێت. ناولێنراوی ئەم وشانە تەنها لە جیهانی میتافیزیکی ئەو گەلەدا بوونی هەیە کە وشەکانی لێ وەدیهاتووە، بۆیە ئەو گەلەی ئەو زمانە وەردەگرێت لەکاتی وەرگرتنی ئەو وشانەدا ناتوانێت بکەوێتە ناو پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەگەڵ ناولێنراوەکانیانداو لێرەدا ناچارە ئەو زانیارییانە لە فەرهەنگی نوسراوی ئەو زمانە وەرگرێت کە باس لە ناولێنراوەکان دەکات،

---

[1] بڕوانە: هـ.س: 87.

ئەم زانیارییە مردووەش هەرگیز ناتوانێت لە جیهانی سەروو هەستەکی ئەو گەلەدا کە زمانەکەی وەرگرتووە ئەو بوونەوەرە عەقڵییە وەك بوونەوەرێکی عەقڵیی راستەقینە ئامادە بکاتەوە، چونکە نە ژینگە میتافیزیکییەکەی ناو عەقڵی ئەو شیانی وەرگرتنی بوونەوەرێکی عەقڵی ناو ژینگەیەکی سەروو هەستەکی گەلێکی بێگانەی هەیەو نە ئەو زانیارییەش کە ئەو بوونەوەرەی پێ باسکراوە لە ژینگەیەکی سەروو هەستەکی غەیری ژینگەکەی خۆی دەبێتەوە بە بوونەوەرە عەقڵییەکە.

فیختە پێیوایە وشە سەروو هەستەکییەکان بەگوێرەی ئەوانەی کە دەیانگوازنەوە بۆ ناو زمانەکەی خۆیان ((رەمزێکە واتە بەراوردکردنە بە حسێکی هەستەکی کە ئەو رەمزە دەمێکە تێیپەڕاندووە بەبێ ئەوەی پارێزگاری لە کرۆکە فکرییەکەی بکات، یان ئەوان هەرگیز خاوەنی نەبوون و ناشبن بە خاوەنی. ئەوەی ئەوان دەتوانن ئەنجامی بدەن تەنها ئەوەیە پەنا بەرنە بەر ئەو لێکدانەوەیەی رەمزەکەو مانارۆحییەکەی کە بۆیان کراوە، بەمەش دەگەنە ئەوەی ببنە خاوەنی مێژوویەکی وشکهەڵاتوو و مردووی کولتوریێکی بێگانە، نەك کولتورێکی کەسیی تایبەت بەخۆیان، ئەو وێنەیەش کە بەمە پێیان دەگات بە زەروورەت وەك بەشی هەستەکیی زمان بە ئارەزووەوە خۆی بۆ ئەوان لەڕوونییەکی ئاشکراو هێزێکی هەڵنەری زیندوودا ناگەیەنێت. ئەوان بەمە زمان بەپێی تەلقینێکی مێژوویی رووت لە کۆی بوارە رەمزییەکەی خۆیدا وەردەگرن و وایدەبینن کە داخراو و کامڵکراوەو لەوە بووەتەوە کە زیاتر پەرە بسێنێت))[1].

فیختە لەبارەی کەش و هەوای تێگەیشتن لە پرۆسەی گوتنی زمانێکی وەرگیراو یان زمانێکی ئاوێتەبوو لە زمانێکی رەسەن و زمانێکی بێگانە، ئەوەمان بۆ روونەدکاتەوە کە کەش و هەوایەکی لێڵ و تەمومژاوییەو لەنێوان ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵە زمانییەدا تێگەیشتن لە ئاستە سەروو هەستەکی و رۆحییەکەیدا یان نامێنێت یان ئاڵۆزو لێڵەو بە ئاستەم روودەدات. ئەمەش وادەکات ئامانجی ئاوێتەبوونی کولتورو زمانێکی بێگانە بە کولتورو زمانێکی رەسەن ((ئەوەبێت کە بیسەر بەر لە هەموو شتێك بێبەش ببێت لە کەش و هەوای تێگەیشتنێکی راستەوخۆو ئەو دیقەتەی هەموو زمانێك لە کاتی تووشبوونی بە لێڵی و ئاڵۆزی لەخۆی دەگرێت، دواتریش ئەو بیسەرە جگە لە باوەڕێکی کوێرانە هیچی بۆ نامێنێتەوەو وای لێدێت داوای راڤەکردنێك بکات کە پێیوایە پێویستە، ئەم راڤەکردنەش خۆی تێکەڵەیەکە لە دروستی و نادروستی تا ئەو ئاستەی کە مەحاڵبێت ئەوە تیایدا دیاری بکرێت کە لەکوێوە دەست پێدەکات و لەکوێوە کۆتایی پێدێت))[2]. فیختە بەوەی کە ئاستی سەروو هەستەکیی زمانەکان و ئاستە هەستەکییەکەیان لە یەکتر جیادەکاتەوە، تیۆرە عەقڵییەکە بەهێزتر دەکات و بەڵگەی زیاتر لەسەر دروستیی ئەم تیۆرە دەخاتەڕوو و ئەوە ورردەکاتەوە کە هەموو زمانێکی سروشتی و رەسەن پەیوەستە بە رۆح و سروشتی ئەو گەلەوە کە زمانەکە لێیەوە پەیدابووەو بە پەیوەستبوونی بەردەوامیشی بە رۆح و

(1) هـ.س: 88.
(2) هـ.س: 91.

سروشتی ئەو گەلەوە پەرەدەسێنێت و شوناسی خۆی و هەماهەنگی ناوەکی خۆی و یەکنوێنییەکەی لەگەڵ جیهانی هەستەکی و سەروو هەستەکیی ئەو گەلەدا دەپارێزێت.

## 3-1⁄1) یەکبوون و جیاوازی زمانەکان

لەسەدەی نۆزدەدا ڤیلهێلم ڤۆن هیمبۆڵت (1767-1835) ئەو تیۆرە عەقڵییەی بواری پەیدابوونی زمانەکان و جیاوازی زمانەکان بە داڕشتنێکی زانستییانە دادەڕێژێتەوەو دەیکات بە یەکێك لە تیۆرە هەرە گرنگەکانی زانستی زمان، هیمبۆڵت بەهۆی ئەو لێکۆڵینەوە گرنگانەوە کە لە سەدەی نۆزدە لەبواری زمانناسیدا ئەنجامیان دەدات، وەك زانایەکی بواری زمانناسی دەناسرێت و هەندێك لێکۆڵەر وای بۆ دەچن کە ئەو بەر لە دی سۆسۆر چوارچێوەیەکی زانستی بۆ بواری لێکۆڵینەوە لە زمان دادەنێت و زمانناسی بەرەو زانستێکی سەربەخۆ دەبات[1].

هیمبۆڵت یەکێکی ترە لەو بیرمەندانەی کە پەرە بەو تیۆرە عەقڵییەی بواری پەیدابوونی زمان و جیاوازی زمانەکان دەدات کە ئەفلاتون لە گفتوگۆسازی کراتیلیۆسدا پێشنیاری دەکات و هێردەرو فیختە لە کۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدەدا پەرەی پێدەدەن و ئەو لایەنە نادیارانەی تیۆرەکە زیاتر ڕووندەکەنەوە، کە لای ئەفلاتون گرنگییەکی ئەوتۆیان پێنەدرابوو.

هیمبۆڵت بە هەمان ڕێڕەوی فیکریی فەیلەسوفانی ئەڵمانی سەدەی هەژدەو نۆزدە بیردەکاتەوەو بە پەیڕەوکردنی ئەو بیرکردنەوە فەلسەفییەش بیر لە بنەماکانی پەیدابوونی زمانەکان و جیاوازییەکانیان دەکاتەوە، هەر ئەمەش وای لە لێکۆڵەران کردووە کارە زمانناسییەکەی بە پراکتیزەکردنێکی زمانیانەی بیرکردنەوەی هیگڵی بزانن[2].

یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی کە هیمبۆڵت پەرەی پێدەدات، بوونی زمانێکی ڕەهای ئایدیاڵییە کە زمانی ڕۆحی ڕەهایەو هەموو زمانە جیاوازەکانی جیهانیش بەرجەستەکەرو شێوەگیرکەری ئەو زمانە ئایدیاڵییەن بەشێوازو ڕەنگی جیاوازی خۆیان لەو هیولا دەنگییەدا کە دەزگای دەنگسازی مرۆڤ دەتوانێت وەك هیولایەك بۆ نواندنی بەشەکییانەی ئەو زمانە ڕەهایە سازی بکات[3]. ئەم بۆچوونەی هیمبۆڵت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە مەملەکەتی خواو مۆنادە عەقڵییەکانی لایبنێتزەوە هەیە و بینینەوەی هەمان جیهانی ڕەهاو مۆنادە جیاوازەکانە لە جیهانی ڕەهای زمان و زمانە جیاوازەکاندا.

لای ئەو زمانێکی کامڵ و ڕەها هەیە کە هەریەك لە زمانە جیاوازەکان ئەو زمانە بە سروشتی تایبەتی ئەو کۆمەڵگا سروشتییە دەنوێننەوە کە تیایدا پەیدابوون، هەر زمانێك لەو زمانانەش بوونێکی تاکانەو سەربەخۆی هەیەو بەخۆی جیاوازە لە زمانەکانی ترو لە هەمانکاتیشدا نوێنەری جیهانێکی عەقڵی

---

[1] بروانە: هـ. روبنز، موجز تأريخ علم اللغة، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب ـ الكويت، 1997، ص284.
[2] هـ. س: هـ. ل.
[3] هـ. س: هـ. ل.

جیاوازو تاکانەشە، ئەو جیهانەش هەروەك زمانەکە بەخۆی بوونێکی سەربەخۆو جیاوازی هەیەو نوێنەری جیهانی رەهایە لەشوێنگەی تاکانەی خۆیەوەو ئەمەش وایکردووە لە پەیوەندییەکی دروستەییدا نەبێت لەگەڵ جیهانە جیاوازەکانی تری ناو جیهانی رەهاداو لە پەیوەندییەکی هەماهەنگانەدا بێت و بەشێوەیەکی سەربەخۆو بێ هیچ کاریگەرییەکی جیهانەکانی تری ناو جیهانی رەها گەشە بکات و پەرەبسێنێت. هەر زمانێك لە زمانە جیاوازەکان نوێنەری جیهانێکی مۆنادەییە لەو جیهانانەی کە جیهانی رەها لە سەیرگەی خۆیەوەو بەرێگای جیاوازی خۆی و شێوازی جیاوازی خۆی دەینوێنێت. ئەمەش وادەکات هەریەك لەو زمانانە بوونێکی تاکانەو سەربەخۆی جیاوازی هەبێت و بەرێگاو شێوازی جیاوازی خۆی گەشە بکات و شتەکانی ناو جیهان بنوێنێت، واتە زمان لەگەڵ جیهانی تاکانەی کۆمەڵگا سروشتییەکەی یەکنوێنن و هەردووکیان هەمان ئەوە دەنوێنن کە جیهانە تاکانەکە دەینوێنێت.

ئەو بوونی هەموو زمانە جیاوازەکان و پەیدابوونیان پەیوەست دەکات بەو ئامانجەوە کە ئەو زمانە رەهایە هەیەتی، ئامانجەکەش ئەوەیە بگاتە ئەوپەڕی وەدیهاتن و خۆنوێنی خۆی لەناو زمانە بەشەکییە جیاوازەکانی مرۆڤایەتیدا ((لای مرۆڤ هەڵوێستی سروشتی بەرامبەر بە زمان بەردەوام هەڵوێستێکی سەراپاگیر (گەردوونی) بووەو هەموو کەسێك پێویستە کلیلی تێگەیشتنی هەموو زمانەکانی لابێت. بەشێوەیەکی ئاسایش لەمەوە ئەوە دەکەوێتەوە کە هەر دەبێت دارشتەی هەموو زمانەکان لە بنچینەدا خاوەنی هەمان دارشتەبێت و وەدیهاتنی بەردەوامی ئەو بنەما سەراپاگیرە (گەردوونی)یە بێت و جیاوازییەکانیش لە وەسیلەکاندا لەناو ئەو سنورەدا پەنهان بن کە تەنها رێدەدەن بە وەدیهاتنی ئامانجەکە، زمانەکانیش تەنها لە دەنگەکاندا جیاوازنین و بەشێوە جیاجیاکانیشیان جیاوازن، بەم شێوەیەش بەرێگا جیاوازەکان گوزارشت لە هەمان ئەو شتانە دەکەن کە هەن))[1].

بەپێی ئەم بۆچوونە هەر ئەوەندە بەس نییە کە زمانە جیاوازەکان وەك جیهانە جیاوازەکانی ناو جیهانبینی کۆمەڵگا سروشتییە جیاوازەکان تەنها شتەکانی ناو هەمان جیهانی رەها بەرێگای جیاواز لە دەنگدا وەدی بهێنن، بەڵکو دەبێت ئەو زمانە جیاوازانە لەنێوان یەکتریدا هەماهەنگ بن و هەماهەنگی بەیەکەوە پەیوەستیان بکات ((پێویستە لەنێوان زمانەکاندا هەماهەنگی وەدی بێت، هەر دەبێت ئەو هەماهەنگییەش لە هەموو زمانەکانی جیهاندا دروستەیەکی دروستی بەرێساسازکراو وا بخوازێت ببێت بە هەمان دروستەی یەکانە))[2].

بەپێی ئەم بۆچوونە باشی و خراپی لە زمانە جیاوازەکانی جیهاندا بەندە بەو توانایەی کە لە هەریەکەیاندا بۆ نواندنی زمانە گەردوونییەکە بەکاربراوە، باشترین زمان ئەو زمانەیە کە توانای نواندنی زمانە ئایدیاڵیە رەهاکەی زیاترەو لە هەموو زمانەکان زیاتر بووە بەو خۆبەغەیرکراوەی زمانە رەهاکەو زمانە رەهاکە لەرێگەیەوە باشتر وەدیهاتووە، خراپترینیشیان ئەوەیە کە کەمتر بووە بەخۆیەکی بەغەیرکراو

(1) هـ. س: هـ. ل.

(2) هـ.س: هـ. ل.

و له هەموو زمانەکان کەمتر زمانە ڕەهاکەی لەخۆیدا شێوەگیرکردووە. ئەوەش کە دەبێت زمانە بەشەکییە جیاوازەکان بینوێنن دارِشتەی زمانە ڕەهاکەیە، دارِشتەی ئەو زمانە ڕەهایەش «لەوپەڕی هەماهەنگیدایە لەگەڵ ئامانجی زماندا، هەر دەبێت ئێمە بتوانین بڕیار لەسەر باش و خراپیی ئەوزمانانە بدەین کە لە بووندان، ئەمەش بەپێی پلەی نزیککەوتنەوەی ئەو زمانانە دەبێت لە دارِشتە تاکانەکە.» (١)

ئەم بۆچوونانەی سەرەوە بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی زمانە بەشەکییەکان بە زمانە ڕەهاو ئایدیاڵیەکەو پەیوەندییان بەیەکترییەوە لەناو ئەو سیستەمەدا کە لەگەڵ یەکدا هەماهەنگیان دەکاتەوە، ڕووندەکاتەوە. ئەمە لایەنێکە لەلایەنە گرنگەکانی تیۆرەکە کە لای ئەفلاتون و فیختە ڕوونەکرابوویەوەو بەنادیاری مابوویەوە، هیمبۆڵت لەگەڵ روناکی خستنە سەر ئەم لایەنەی تیۆرەکە هەندێ لایەنی تری گرنگی زمانەکان وەك مۆنادەیەکی تاکانەی ناو ئەو سیستەمە ڕووندەکاتەوە، لەمەشەوە ئەو پەیوەندییە جەوهەریە ئاشکرا دەکات کە لەنێوان زمان و شوناسی نەتەوەییدا هەیە.

لایبێنتز لە مەملەکەتی خوادا لەڕێگەی بنەمای بوونی تاکانەوە (شوناسی ناجیاکان) باس لە بوونی مۆنادەکان دەکات. هیمبۆڵتیش بەهەمانشێوەو بەهەمان بنەما باسی ئەوە دەکات کە هەر زمانێکی نەتەوەیی جیاواز لەناو سیستەمی گەردوونی زمانەکاندا بوونێکی تاکانەی هەیەو بەوەی کە خۆیەتی و خۆنوێنە، جیاوازە لە بوونی هەموو زمانەکانی تری ناو ئەو سیستەمە. بۆئەوەی ئەم بۆچوونەی خۆی ڕوون بکاتەوە، دوو بنەمای جیاواز بۆ هەموو زمانە جیاوازەکان دیاری دەکات: یەکەمیان بنەمای عەقڵیی زمانەکانە، دووەمیشیان بنەمای فیزیکی زمانەکان، واتە هیولاکەیانە. ئەم دوو بنەمایە لە زماندا دەبنەوە بەیەك و تا ئەو زمانە بەشێوە سروشتییەکەی لە بووندا بێت، ئەو یەکبوونە بەردەوام دەبێت.

هیمبۆڵت بنەما عەقڵییەکە بە شعوری زمانیی ناوەکی ناودەبات و بنەما ماددیەکەش بە ماددەی دەنگی باس دەکات و لەم بارەیەوە دەڵێت: «دەبێت لە زماندا جیاوازی لەنێوان دوو بنەمای بنچینەییدا بکەین ـ تا ئاستێکیش بەهەمانشێوە لە مرۆڤ خۆیشیدا دەبێت ئەم جیاوازییە بکرێت ـ ئەویش شعوری زمانیی ناوەکییانەیە (کە من وای لێ تێدەگەم هێزێکی لەتوانابەدەر نیە، بەڵکو لە تەواوی خۆیدا توانادارییەکی عەقڵییە بەرادەی پەیوەستبوونی بە دارِشتەی زمان و بەکارهێنانەوە، ئەو تواناداریە جگە لە بەهرەیەك هیچی تر نییە)، لەگەڵ دەنگدا بە ڕادەی ئەوەی کە پشت دەبەستێت بە پێگەیشتنی ئۆرگانەکانی گۆکردن و هەوڵدانی بۆ وەرگرتنی ئەوەی کە پێویستە مرۆڤ لە باوانەکانی خۆی وەریگرێت. شعوری زمانیی ناوەکییانە ئەو بنەمایەیە کە لە ناوەوە بۆ دەرەوە دەسەڵات بەسەر زماندا دەگرێت و تریەیەکی ئاماژەدەرمان پێدەبەخشێت و دەنگیش لە ئاستی خۆیدا لەو ماددە (هیولا) سەلبییە دەچێت کە شێوەدەگرێت، هەر کاتێك شعوری زمانی تێراو بوو دەنگ دەکات بە دەنگێکی گۆکراوی وا کە هەڵگری هێزێکی هزریانەی هەستەکی بەیەکبووی لەو جۆرە بێت کە لەناو کارلێککردنێکی دوو جەمسەرانەی بەردەوامدا یەکبوونییەکەی هەڵنەوەشێتەوە، دەنگ لە چالاکی خۆیدا لەدرێژەپێدانێکی بەردەوامی

(1) هـ.س: 224-225

ڕەمزاندنی بنەما خوڵقێنەرە ڕاستەقینەکەی زماندا دەبێت، ئەم بنەمایەش وەك بنەمایەکی سەربەخۆ دەردەکەوێت))[١].

بەپێی ئەم بۆچوونە بنەما عەقڵییەکەی زمان بنەمایەکی وەدیهێنەرانەیەو بەردەوام لە وەدیهاتندایە لەناو ئەوەدا کە لە زماندا لەڕێگەی دەنگەوە وەدیدەهێنێت، ئەم وەدیهێنانەش جیایە لەو بەرهەمهێنانە چەندییە ماتماتیکییەی کە لە تیۆرە دروستەییەکەدا باسی لێوە دەکرێت. ئەوەی لە زماندا لەڕێگەی ئەو بنەماو توانادارییە عەقڵییەوە وەدی دەهێنرێت، بوونێکی چەندی و ماتماتیکی نییەو بوونێکی چۆنی و دروستەیی هەیە، بنەمایەك نییە بۆ بەرهەمهێنانی بێ پایان ژمارە لە شتێك، بەڵکو بنەمای وەدیهێنانی ئەو چۆنایەتییە نوێیانەیە کە زمان بۆ پەرەسەندنی خۆی لە سنوری بنەمای وەدیهێنانەکەدا پێویستی پێیەتی. ئەو بنەما وەدیهێنەرە قاڵبێك نییە بێ پایان شتی جیاواز لە هیولاو چونیەك لە چۆنایەتیدا بەرهەم بهێنێت، بەڵکو هێزێکە کە بەپێی پێداویستی پەرەسەندنی جیهانی عەقڵی چۆنایەتی نوێ لە زماندا وەدیدەهێنێت، ئەم وەدیهێنانەش بە پرۆسەیەکی دیالێکتیکی ڕوودەدات لەنێوان ئەوەی کە وەدیهاتووەو ئەوەی کە وەدینەهاتووەو لە هەوڵی وەدیهاتندایە، هەر بەم پرۆسە دیالێکتیکییەش زمان گەشە دەکات و بەرەو وەدیهاتنی تەواوی خۆی دەڕوات ((بەم شێوەیەش دەنگ بەهۆی بچم و شێوازی شعوری زمانی ناوەکییەوە، وادەکات هەموو ئەو وەدیهێنانانەی کە دواتر دێن پارێزگاری لە ئاڕاستە پەتییەکەی هێزە ڕەسەنەکە نەکەن و بکەونە ژێر کاریگەری پێکهاتەیەکی پێکهاتوو لەو هێزە ڕەسەنەو ئەو هێزەی کە ئەو وەدیهێنراوە پێمان دەبەخشێت کە پێشتر ئێمە وەدیمانهێناوە))[٢].

بەپێی ئەم بۆچوونە زمان و ئەوەی لە جیهانی عەقڵی کۆمەڵگای سروشتیدا وەك جیهانی شتەکان هەیە لە ئاستە سایکرۆنییەکەدا لە پەیوەندی یەکنوێنیدان لەگەڵ ئەوەدا کە لە جیهانی ڕەهادا هەیەو لە جیهانی عەقڵیی ئەو کۆمەڵگایەدا خۆی دەنوێنێت، لەهەمانکاتدا لە ئاستە مێژوویی و دایکرۆنییەکەدا کە پرۆسەی پێگەیشتنی زمان بەرەوپێش دەبات ئەو دووانە لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکیدان. ئەوەش ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکییەی نێوانیان بەردەوامی پێدەدات، بەردەوامیی وەدیهاتنی ئەوەیە کە لە جیهانی ڕەهادا هەیەو لە جیهانی عەقڵیی ئەو کۆمەڵگایەدا وەك شتێکی بیرۆکەیی وەدیدێت. شعوری زمانیی ناوەکی لەناو تاکێکی ناو ئەو کۆمەڵگایەدا یان لەناو کۆی کۆمەڵگاکەدا بەوە تێرئاو و ئاوس دەبێت بە گوتنێك کە بەردەوام شتێك لە شتەکانی ناو جیهانی ڕەها لەناو جیهانی عەقڵیی تاکێك یان هەموو کۆمەڵگاکەدا وەك بیرۆکەیەك وەدیبێت، دوای وەدیهاتنی تەواوی ئەو شتە لە بیرۆکەکەدا دەزگای دەنگیی ئەو کۆمەڵگایە بەپێی ئەوەی کە پێشتر لە زماندا وەدیهاتووە ئەم بیرۆکەیە لەڕێگەی گۆکردنەوە لە جەستەیەکی دەنگیی سازدا وەدیدەهێنێت و بەمەش بوونەوەرێکی زمانیی نوێ دێتەئاراوەو زمانەکە بەرەو

[1] هـ. س: 223.

[2] هـ. س: هـ. ل.

پەرەسەندنێکی زیاتر دەبات، بەبێ ئەوەی پەیوەندی یەکنوێنی نێوان زمان و جیهانە عەقڵییەکەی ئەو کۆمەڵگایە تێکبدات.

ئەم پرۆسە دیالێکتیکییە باس لە کۆبوونەوەی توخمی عەقڵیی زمان و توخمی سروشتی و ماددیی زمان دەکات لەناو پێکهاتەی یەکە زمانییەکاندا کە توخمە ئامێرییەکەی پرۆسەی گوتنە، ئەمەش چۆنیەتی پەیدابوونی زمان بە گشتی و یەکە زمانیەکان بەتایبەتی دەخاتەروو.

بەم پێیە بەپێی ئەم بۆچوونە پەرەسەندنی زمان لە کۆمەڵگایەکی سروشتیدا لەگەڵ پەرەسەندنی جیهانی عەقڵیی ئەو کۆمەڵگایە دوو پرۆسەی هاوکاتن و هەردوو پرۆسەکەش پرۆسەی نواندنی ئەوەن کە لە جیهانی ڕەهادا هەیەو هەوڵی وەدیهاتن دەدات، جگە لەوەش کە هاوکاتی لەنێوان ئەم دوو پرۆسەیەدا هەیە، یەکنوێنیش هەیە، واتە هەردوو پرۆسەکە بەپێی چۆنایەتییەکانی ناو هەمان سروشتی کۆیی هەمان کۆمەڵگا ئەوەی لە جیهانی ڕەهادا هەیە لە جیهانی زمان و جیهانی عەقڵدا دەینوێنێت، واتە زمانی ئەو کۆمەڵگایەو عەقڵییەتەکەی لەژێر حوکمی چۆنایەتی و دروستەکانی ناو هەمان سروشتن و بەمەش لەگەڵ هاوکاتییەکەشیاندا هەماهەنگن و دەرکەوتەی هەمان شتی ناو جیهانی ڕەهاو هەمان سروشتی کۆیین.

هیمبۆڵت پێیوایە لەڕێگەی ناسینی دروستەو چۆنایەتییە زمانییەکانی هەموو زمانەکان و ناسینی ڕەچەڵەکی نەتەوەکانیشەوە ناتوانین ئەوە بزانین کە کام زمان لە زمانە جیاوازەکان هی کام نەتەوە لە نەتەوە جیاوازەکانە. بەڵام لەهەمانکاتدا لەناو هەموو دەرکەوتەکانی زماندا دەکرێت ڕۆحی زمان و کەسایەتییەکەی لە ڕۆحی زمان و کەسایەتی زمانەکانی تر جیابکرێتەوە. ئەمەش بۆخۆی تاکە شتێکی گرنگە کە بۆ ناسینەوەی زمانەکان و گەلەکانیان سودی هەبێت، ((گەر ئێمە وەك دەستورێك بۆ لێکدانەوەی پەرەسەندنێکی عەقڵیی بەردەوام لە زمانمان ڕوانی، ئەوە لەسەرمان دەسەپێنێت کە ئەو زمانە جیاوازانە لەڕێگەی بوونێکی تاکانەی هزرییەوە سەریان هەڵداوەو دەبێت لە هەموو حاڵەتەکانی دروستەی زمانێکیشدا لەو سروشتە تاکەوەبووە بگەڕێین))[1]، واتە ناسینی سروشتی تاکانەی زمانێك لە زمانەکان باشترین ڕێگەیە بۆ ناسینەوەی سروشتی تاکانەی گەلێك و شوناسی نەتەوەییەکەی ئەو گەلە، چونکە هەمان ئەو سروشتە تاکانەیە لە دەرکەوتە جیاجیاکانی ئەو نەتەوەیەدا دەرکەوت دەکات و تاکانەیی خۆی بەشێوەو ڕەنگی جیاواز لە دەرکەوتەکاندا دەنوێنێت.

هیمبۆڵت بەمە لە تیۆرە عەقڵییەکەدا ڕووناکی دەخاتە سەر پەیوەندی کۆمەڵگا سروشتییەکان ـ واتە ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە پرۆسەیەکی بەردەوامی بە نەتەوەبووندان ـ لەگەڵ زماندا کە لە پرۆسەیەکی بەردەوامی بەزمانبووندایە، ئەو لەڕوانگەی بنەمای بوونە تاکەکانەوە بەمشێوەیە باس لە نەتەوە دەکات: ((هەموو نەتەوەیەك بە ڕەچاونەکردنێکی تەواوی بـارودۆخە دەرەکییەکـەی دەکرێت ـ یان دروستتر پێویستە ـ وا لێی بڕوانین کە تاکبوونەوەیەکی مرۆییانەیەو بە ڕەوتێکی ڕۆحی و ناوەکی تایبەت ڕێدەکات))[2].

---

(1) هـ. س: 226.

(2) هـ. س: 229.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنیت کە هەر نەتەوەیەك بوونێکی مۆنادەیی لەناو مێژوو و جیهانی رەهادا هەیەو بەو شێوەیە لەناو ئەو جیهانەدا رێ دەکات کە تەنها خۆی بوونی لەناویدا هەیەو جگە لەخۆی هیچی تر بوونی نییە، واتە لە پەیوەندی خۆیدا لەگەڵ رۆحی رەهادا خۆی بە تاکانەو تاکبووەوە دەبینێت و پێیوایە لەناو جیهانی رەهادا هەر خۆی و رۆحی رەها بوونیان هەیەو هیچ شتێکی تری جگە لەوان لە جیهانی رەهادا بوونی نییە.

ئەم بۆچوونەی هیمبۆڵت رێگەمان بۆ خۆشدەکات بگەینە ئەوەی کە: نەتەوە سروشتییەکان هەریەکەیان لەناو جیهانی رەهادا جیهانێکە بۆ نواندنی رۆحی رەها بەشێوەیەکی تاکانە، ئەمەش ئەوە فەرزدەکات کە پەیوەندی نێوان نەتەوە سروشتییەکان لەناو مێژوودا بەرەو پەیوەندییەکی هەماهەنگانەو نادروستەییانە بڕوات بەپێی ئەو دروستەیەی کە رۆحی رەها دەیەوێت جیهانە رەهاکە بینوێنێت، بەڵام هەریەك لە نەتەوە سروشتییەکانیش لەخۆیاندا وەك جیهانی رەها هەڵگری کۆمەڵە جیهانێکی مۆنادەیی و تاکانە بن و هەریەك لەم جیهانانەش جیهانێك بێت بۆ نواندنی رۆحی نەتەوە بەشێوەیەکی تاکانە، ئەم نواندنە تاکانەی هەریەك لەو جیهانە جیاوازانەی ناو نەتەوەش وەك ئەو نواندنە تاکانەیەی هەریەك لە جیهانی نەتەوەکان ئەوە فەرزدەکات کە پەیوەندی نێوان ئەو جیهانە تاکانانەی ناو جیهانی نەتەوەش لە پەیوەندییەکی نادروستەیی و هەماهەنگانەدا بن و جیهانی نەتەوەکە بەرەو ئەو دروستەیە بەرن کە رۆحی نەتەوە دەخوازێت جیهانی نەتەوەکەی پێبگات. زمان و عەقڵ دوو جیهانن لە جیهانە تاکەکانی نەتەوەو شێوەگیرکەری ئەو دروستەیەن کە رۆحی نەتەوە لەڕێگەیەوە دروستەی جیهانە نەتەوەییەکە بەرەو نواندنێکی رەهاو سەراپاگیر دەبات. ئەم دوو جیهانە هەردووکیان هەمان شت دەنوێنن، ئەویش ئەوەیە کە وەك فرمان لە رۆحی نەتەوەدا پەنهانەو وەك دروستە لە سروشتی نەتەوەدا پەنهانە. بەردەوام ئەوەی لە سروشتی نەتەوەدا وەك دروستەو چۆنایەتی پەنهانە لەپێناو ئەوەدایە کە لەناو رۆحی نەتەوەدا وەك فرمان پەنهانە، چونکە ئەوەی وەك چۆنایەتی و دروستە لە سروشتی نەتەوەدا پەنهانە شێوەگیرکەری ئەو فرمانەیە کە لە رۆحدا پەنهانە و لەڕێگەی چۆنایەتییەکانی خۆیەوە، ئەو فرمانەی کە لە رۆحی نەتەوەوە دێتە ناو جیهانی زەینی لەشێوە پەتییە عەقڵییەکەیدا شێوەگیر دەبێت و خاوەنی دروستەیەکی دیارو رۆشن نییە، بۆئەوەی ببێتە خاوەنی دروستەیەکی رۆشن و دیار دەبێت ئەوەی لە سروشتەوە وەك چۆنایەتییەك هاتووەتە ناو زەین و زەینی بووەتەوەو خاوەنی فرمانێکی پەتی و نادیارە بکەوێتە ناو یەکنوێنییەوە لەگەڵ ئەوەدا کە لەهەمان فرماندا عەقڵی بووەتەوەو چۆنایەتییەکەی پەتی و نادیارە، لەم پرۆسەی یەکنوێنییەش فرمانە دیارەکەی ناو عەقڵ کە چۆنایەتییەکی پەتی و نادیاری هەیە لەگەڵ چۆنایەتییەکەی ناو سروشت کە لە زەیندا دەرکەوتووەو هەڵگری فرمانێکی پەتی و نادیارە، فرمانە دیارەکە لە چۆنایەتییە دیارەکەدا دەنوێنن و پێکهاتەیەکی فرمان دیارو چۆنایەتی دیار دێتە ئاراوەو شیاو دەبێت بۆئەوەی لە هیولایەکی ماددیدا چ دەنگی بێت یان ماددی خۆی شێوەگیر بکات. کاتێك لە هیولایەکی دەنگیدا خۆی شێوەگیر دەکات دەبێت بە یەکەیەك لە یەکەکانی ناو زمانی نەتەوە، کاتێکیش لە هیولایەکی بینراودا شێوەگیر دەبێت، دەبێت بەو

شتەی کە لە جیهانبینی ئەو نەتەوەوە لەناو جیهانی بینراوی ئەودا هەیە. بەمەش بینراو و بیستراوەکانی نەتەوەکان لەیەکتری جیادەبنەوەو هەریەکەیان بوونێکی تاکانەیان دەبێت.

هیمبۆڵت لەو پرۆسە دیالێکتیکییەدا کە زمان تیایدا وەدیدێت دەست دەخاتە سەر لایەنێکی گرنگی پرۆسەکەو ئەو بەرهەمەی کە لە پرۆسەکەدا دەکەوێتەوە، ئەو پێیوایە کارای ئەو پرۆسەیە رۆحی نەتەوەیەو رۆحی نەتەوەش هێزێکی وەدیهێنەرو داهێنەرەو بە بوونی لەناو زماندا زمانەکە لە پرۆسەی وەدیهێناندا دەهێڵێتەوەو لە داهێنانێکی بەردەوامدا پەرەی پێدەدات، گەر رۆحی نەتەوە لەناو خاوەنانی ئەو زمانەدا لەکاتی پرۆسەی گوتندا حزووری هەبێت، ئەوەی ئەوان دەیکەن بە گوتن بەردەوام شتێکی وەدیهاتوو و داهێنەرانە دەبێت، واتە گوتنەکانی ناو ئەو پرۆسەی گوتنە لەو گوتنانە نابن کە ئێمە رۆژانە دووپاتیان دەکەینەوە، بەڵکو کۆمەڵە گوتنێکی نوێ دەبن و بۆ یەکەمجار لەو پرۆسەیەدا دەردەکەون و پێشتر بوونیان نەبووە، بە حزووری رۆحی نەتەوەیی لەناو کۆمەڵگای قسەکەرانی نەتەوەدا ئەوەی کەوا دەبینرێت پێشتر گوتراوە هەرگیز وەك ئەوەی کە گوتراوە ناگوترێتەوە، بەڵکو سەرلەنوێ دادەهێنرێتەوە. ئەوەی پێشتر گوتراوە تەنها بۆ گوتنەوەی گوتنە نوێیەکە سودی لێ وەردەگیرێت و ئەمەش پرۆسەی گوتنەکە لەوە دوور دەخاتەوە کە خۆی دووپات بکاتەوە، لە پرۆسەی گوتنێکی لەو جۆرەدا مرۆڤ خۆی نادوێت، بەڵکو لەرێگەی رۆحییەوە دەهێنرێتە دوان و پرۆسەی گوتنەکەی پێ ئەنجامدەدرێت، ئەم حاڵەتە وەك حاڵەتی کەسانێکە کە بە مۆسیقا حاڵ دەیانگرێت و دەکەونە ناو سەماوەو مۆسیقاکە سەمایان پێدەکات و بەپێی خۆی جوڵە لە جەستەیاندا شێوەگیر دەکات ((وشە ئازادەکان بەبێ بوونی هیچ پێویستی و نیازێك لە دڵەوە هەڵدەقوڵێن، هەروەك ئەوەی کە ناکرێت خێڵێك (لە کۆچەرەکان) لەناو بیابانێکدا لە کۆچکردندابێت و بەهیچ شێوەیەك گۆرانیی تایبەت بەخۆی نەبێت، چونکە مرۆڤ ـ بەوەی جۆرێکە لە بوونەوەر ـ بوونەوەرێکی حاڵگرتووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئاوازە مۆسیقییەکان ـ لەم حاڵەتەدا ـ ئاوێتەبوون بە بیر))[1]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پرۆسەی گوتن و دەرکەوتنی وشەکان لەناو گوتندا بەویست و نیازی ئێمە ناچێت بەڕێوەو بەخۆی روودەدات، لەم پرۆسەیەشدا ئەوەی لەناوەوە هەیە لە پرۆسەیەکی دیالێکتیکیدا لەگەڵ ئەوەی دەرەوە ئاوێتە دەبن و لەم ئاوێتەبوونەوە گوتن لە پرۆسەکە دەکەوێتەوە.

بەپێی ئەم بۆچوونە هێزی داهێنەری گوتنەکان لە هەموو پرۆسەیەکی راستەقینەی گوتندا داهێنانی خۆی دەکات و گوتنێك وەدیدێنێت کە دووپاتکردنەوەی گوتنێکی بیستراو نییەو بۆئەوەی کە گوتنەکەی لێوە وەدیدێت، لەگەڵ گوتنیدا دەبێت بە گوتنێکی بیستراو و خۆیشی یەکەمجارە گوتنی ئاوا ببیستێت ((بۆیە نابێت وا لە خاسیەتی داهێنەرانەو خۆبەخۆییانەی ناو زمان بڕوانین کە بەستراوە بە زمان لە حاڵەتە سەرەتایی و بنچینەییەکەیدا، بەڵکو دەبێت وا ببینین کە لە هەموو گوتنێکی کردەییدا ئامادەیەو زمان بەردەوام کردەیەو بەدیهێنانێکی داهێنەرانەی عەقڵە))[2].

---

(1) هـ. س: 228-229.

(2) هـ.س: 230.

پرۆسەی داهێنەرانەی گوتن دەکرێت بە پرۆسەی داهێنەرانەی شیعر بەراود بکرێت، شاعیر لەم پرۆسەیەدا گوزارشتێکی ئازادانە لە رۆحی خۆی دەکات، بەڵام بەردەوامیش ئەو داهێنانە شیعرییەی کە لە پرۆسەی وەدیهاتنی شیعردا لە شاعیرەوە وەدیدێت، لەناو سنورو چوارچێوەی گشتی ئەو شێوازە شیعرییەدایە کە لەو سەردەمەدا بوونی هەیە. وەدیهاتن و داهێنانی گوتە لە پرۆسەی گوتنی راستەقینەدا بەهەمانشێوە گوتن لەناو زمانێکدا دادەهێنێت کە پێشتر هەیەو خاوەنی دەستورو پەیڕەوی خۆیەتی، ئەم دەستورو پەیڕەوە تایبەتەش وەك دەستورو پەیڕەوی شیعریی سەردەمێك لە سەرەتادا هەر ئەو هێزە داهێنەرە لەڕێگەی مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگایەکی سروشتییەوە دایهێناوەو لە ئێستاشدا هەر خۆیەتی کە لەڕێگەی پرۆسەی گوتنەوە درێژە بە داهێنانەکەی خۆی لەناو داهێنانەکەی خۆیدا دەدات[1]. بەم پێیە پرۆسەی گوتن داهێنانە لەناو داهێنراوێکدا کە پێشتر هەمان هێزی داهێنەر دایهێناوە، یان دەکرێت بڵێین پرۆسەی گوتن کامڵکردنی ئەو بەرهەمە داهێنراوەیە کە پێشتر هەمان هێز دایهێناوە، لەڕێگەی بەردەوامبوونی ئەم پرۆسەیەشەوە زمانی نەتەوەیەك بەردەوام لەو زمانە پەتییەی رۆحی رەها نزیکدەبێتەوەو بەرەو ئەوە دەڕوات بەشێوەیەکی کامڵ و تەواو بینوێنێت.

هەر لەم روانگەیەوە هیمبۆڵت باس لەوە دەکات زمان کاتێك ئەو پرۆسە راستەقینەیەی گوتن لەدەستدەدات چیتر توانای گەشەسەندنی نامێنێت و بەناتەواوی دەمێنێتەوەو کامڵ نابێت، واتە زیندوویەتی خۆی لەدەستدەدات و ناتوانێت لە رۆحەوە وزە وەرگرێت و خۆی بەرەو کامڵبوون بەرێت، ((پێکهاتەی راستەقینەی (زمان) لەو ئیلهامە دەکەوێتەوە کە ئەو هێزانەی خاوەنی وزەیەکی مەزنن هەیانە، لەدەستدانی ئەو ئیلهامە لە زمانە ناتەواوەکاندا وادەکات لەکاتی بەکارهێنانی ئەم جۆرە لە زماندا هێزی ئیلهام کەمتر بەشداری بکات، هەرکاتێك هێزی زەینیی نەتەوەیەك بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات ئەم ناتەواوییە پێوەی دەردەکەوێت، ناتەواوی خۆی بەهۆی کاریگەری زمانێکی زیاتر ناتەواوەوە لەسەر نەوەکانی داهاتوو پەیدادەبێت))[2]، واتە لە پرۆسەی گوتندا هەر زمانێك لە هێزە عەقڵییە ئیلهامبەخشەکەی دابڕێت، بەرەو ئەوە دەڕوات ببێت بە زمانێکی دروستکراو و ئامێری بەدەست مرۆڤەوە، لەم حاڵەتەشدا ئەو زمانە دەبێتە زمانێك بۆ بەکارهێنان، نەك زمانێك بۆ داهێنانی گوتنەکان لە پرۆسەی گوتنی ناو ئەو کۆمەڵگایەدا کە زمانەکە بەکاردەهێنێت. بۆئەوەی زمانێك زیندوویەتی خۆی راگرێت و وەك ئۆرگانێکی زیندووی ناو مرۆڤ و ناو کۆمەڵگا بمێنێتەوەو درێژە بە پرۆسەی بەزمانبوونی خۆی بدات، دەبێت پرۆسەی گوتن بەمانا راستەقینەکەی لەناویدا بەردەوامبێت و لە پەیوەستبوونێکی جەوهەریدا بێت لەگەڵ ئەو هێزە عەقڵییەدا کە ئیلهام دەخاتە دڵی ئەو کەسانەو

(1) هـ. س: 231.

(2) هـ. س: 233.

## 2/1) سروشت وەك بنەمای پەیدابوونی زمان و جیاوازی زمانەكان

سروشت لەخۆیدا دابەشدەبێت بۆ سروشتی خودی كە سروشتی مرۆییانەی مرۆڤە لەگەڵ سروشتی بابەتی كە سروشتی ژینگەیی شوێنە. هەر لەمەشەوە دوو روانگەی سروشتیی جیاواز بۆ زمان پەیدابووە: یەكێكیان سروشتی ژینگەی مرۆڤ دەكات بە بنەمای پەیدابوونی زمانە جیاوازەكان، ئەویتریان سروشتی خودیی مرۆڤ دەكاتە بنەمای پەیدابوونی جیاوازیی زمانەكان.

روانگەی سروشتیی بابەتی لە روانگە دروستەییەكەوە نزیكە، چونكە بەپێی هەردوو روانگەكە ژینگە بووەتە هۆی پەیدابوونی زمانە جیاوازەكان، بەمەش هەردوو روانگەكە بنەمایەكی دەرەكی بۆ لێكدانەوەی جیاوازی زمانەكان پێشنیار دەكەن. ئەم بنەما دەرەكییە بەپێی روانگە سروشتییەكە ژینگەی سروشتییە، بەڵام بەپێی روانگە دروستەییەكە ژینگەی زمانییە كە بەشێكە لەژینگەی كولتوری.

بەڵام روانگەی سروشتیی خودی لەڕوانگە عەقڵییەكەوە نزیكە، چونكە لە هەردوو روانگەكەوە خودی مرۆڤ بنەمای پەیدابوونی زمانە جیاوازەكانە، ئەمەش لە هەردوو روانگەكەدا پێداگرتنە لەسەر بوونی بنەمایەكی ناوەكی و مرۆیی بۆ جیاوازی زمانەكان پەیدابوونیان. ئەم بنەما ناوەكییە لەڕوانگە سروشتییە خودییەكەوە سروشتی جیاوازی مرۆڤەكان و كۆمەڵگا سروشتییەكانیانە، بەڵام لەڕوانگە عەقڵییە خودییەكەوە عەقڵی مرۆڤەكانی ناو كۆمەڵگا سروشتییە جیاوازەكانە.

بۆ تێگەیشتنی وردی روانگە سروشتییەكە دەبێت روانگەی خودی و روانگەی بابەتی لەیەكتر جیابكرێنەوەو تێكەڵاو نەكرێن، تێكەڵكردنی ئەم دوو روانگەیە وامان لێدەكات جیاوازیی نێوان ئەم دوو تیۆرە سروشتییە پەی پێ نەبەین و لەلایەكی تریشەوە لەگەڵ تیۆرە عەقڵییەكەدا لە یەكیان جیا نەكەیەوە.

### 1-2/1) پەیدابوونی زمانە جیاوازەكان لە روانگە سروشتییە بابەتییەكەوە

جان جاك رۆسۆ (1712-1778) لە كتێبەكەیدا بەناوی (هەوڵدانێك لەبارەی بنەچەی زمانەكانەوە) لە روانگەی بابەتی تیۆرە سروشتییەكەوە باس لە پەیدابوونی زمانە جیاوازەكان دەكات، ئەو پێیوایە پێداویستییە ماددی و جەستەییەكان مرۆڤیان ناچاركردووە زمان وەك ئامێرێك بۆ لەیەكتر تێگەیشتن بەكاربهێنێت، بەڵام ئەو پێداویستییانە بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ لەم داهێنانەدا رۆڵیان هەبووە، چونكە كاتێك هەر مرۆڤێك لە ئاستی خۆیەوەو بەخۆی توانی پێداویستییەكانی ژیانی خۆی بەدەستبهێنێت، پێویستی بە زمان نابێت. مرۆڤ كاتێك ئاژەڵێك راودەكات بۆئەوەی بە گۆشتەكەی خۆی تێربكات پێویستی بە زمان نییە، ئەو كاتە پێویستی بە زمان دەبێت كە لەناو ژینگەیەكدا بێت و خۆی بە تەنیا نەتوانێت خواردن بۆخۆی پەیدا بكات و ناچار بێت بۆ پەیداكردنی خواردن پەنا بۆ مرۆڤەكانی تر ببات، بۆ ئەمەش پێویستی بەوە دەبێت ئامێرێك بۆ گەیاندنی نیازو مەبەستەكانی بە مرۆڤەكانی تر دابهێنێت.

لێرەدا پێویستیی داهێنانی زمان دێتەئاراوەو مرۆڤ ناچار دەکات بیر لە داهێنانی بکاتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەدەستهێنانی خواردن و پێداویستییەکانی تری ژیان لەژینگەی سروشتی زەمینەی پەیدابوونی زمان دەڕەخسێنێت و مرۆڤ ناچار دەکات زمان دابهێنێت، نەك تێرکردنی پێداویستییەکان خۆیان. بەڵگەش بۆ ئەمە لای رۆسۆ ئەوەیە گەر ژینگەی سروشتی وەك بەهەشتێکی خەیاڵی وابووایەو هەر مرۆڤێك خۆی بەتەنیا بابەتی پێداویستییەکانی بەدەست بهێنایە، هەرگیز پێویستی بەوە نەدەبوو زمان دابهێنێت، چونکە مرۆڤ بە سروشت حەز ناکات ئەو ئازادییەی کە بە تەنیا هەیەتی بە پەیوەستبوونی لەگەڵ مرۆڤەکانی تر لەدەستی بدات، واتە گەر ژینگەی سروشتی بۆ بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی ژیان لەبار بووایە هەرگیز خێزان و کۆمەڵگاو کۆبوونەوە مرییەکان سەریان هەڵنەئەداو هەر مرۆڤێك بەتەنیا ژیانی خۆی دەگوزەراندو پێویستی بەوە نەدەبوو زمان دابهێنێت.

رۆسۆ پێیوایە ئەوەی وادەکات زمانێك هی وڵاتێك بێت و هی وڵاتێکی تر نەبێت، ژینگەی سروشتیی ئەو وڵاتەیە، هەر ئەو ژینگەیەش بنەمای هەموو عادەتەکانی تریەتی، زمانیش بەوەی کە یەکەم دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە بە بوونە شێوەییەکەی خۆی قەرزارباری هۆکارەکانی ئەو ژینگە سروشتییەیە[1].

بەپێی ئەم بۆچوونە پێشتر کۆمەڵە زمانێکی سەرەتایی هەبوون، بەڵام وەك ئەو زمانانە نەبوون کە ئێستا هەن. ئەمەش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سروشتە مەجازییەی کە هەیانبووە، ئەو زمانانە شیعر بوون نەك زمان، واتە شیعر پێش زمان بوونی هەبووەو خەڵکی بە زمان لەگەڵ یەك نەدواون و بە شیعر لەگەڵ یەك دواون، ئەو شیعرەش کە زمانی ئەو کاتە بووە سەرچاوەی لە هەواو ئارەزووەکانی مرۆڤەوە گرتبوو نەك لە پێداویستییەکانی ژیان، بەڵام ئەو زمانانەی ئێستا وەك ئەو زمانانە سەرچاوەیان لە هەواو ئارەزووەکانی مرۆڤەوە نەگرتووەو سەرچاوەیان لە سروشتی ئەو ژینگە سروشتییەوە گرتووە کە بابەتی پێداویستییەکانی مرۆڤی لەخۆیدا هەڵگرتووە. جیاوازی سروشتیی ئەو ژینگە سروشتییانەش جیاوازی زمانەکانی لێکەتووەتەوە، رۆسۆ لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئەوەی کە پێشتر لێی دوام تەنها لەسەر زمانە سەرەتاییە گشتییەکان و ئەوەی لە ماوەی بەرەوپێشچوونیان کەوتووەتەوە جێبەجێدەبێت و راڤەی بنەچەی زمانەکان و جیاوازییەکانیانی پێناکرێت. هۆکاری سەرەکی جیاوازییەکانی نێوانیان ناوچەییەو لەو ژینگە جیاوازانەدایە کە تیایدا پەیدابوون لەگەڵ ئەو شێوازانەی کە پێیان پێگەیشتوون))[2]. بۆ روونکردنەوەی ئەم هۆکارە ژینگەییەش زمانەکانی جیهان بەسەر دوو پۆلدا دابەشدەکات: زمانەکانی باشوورو زمانەکانی باکوور. لەڕێگەی ئەم دابەشکردنەشەوە ئەوە رووندەکاتەوە کە چۆن سروشتی جیاوازی ژینگە سروشتییەکان لە بەخشینی پێداویستییەکانی ژیاندا دەبێتە بنەمای پەیدابوونی زمانەکان و جیاوازیی زمانەکان.

بەپێی ئەم بۆچوونە بنەمای پەیدابوونی زمانەکان سروشتی سەخت و نالەباری ژینگە سروشتییە جیاوازەکانە لە بەخشینی بابەتی پێداویستییەکانی بژێوی مرۆڤەکانی ناو ئەو ژینگانەدا. بەپێی ئەم

---

[1] بڕوانە: جان جاك روسو، محاولة في اصل اللغات، ت: محمد محجوب، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، 1986.

[2] هـ. س: 52.

بنەمایە گەر ژینگەی سروشتیی مرۆڤ سەخت و نالەبار نەبووایە زمان هەرگیز پەیدانەدەبوو، چونکە مرۆڤەکان پێویستیان بەوە نەدەبوو لەگەڵ یەکتریدا بژین ((با وادابنێین بەهارێکی بەردەوام لەسەراسەری گۆی زەویدا هەیەو وادابنێین کە لە هەموو شوێنێك ئاو و رانەمەڕو گاڕان و شوێنی لەوەڕ هەیە، ئینجا با بیر لە حاڵەتی ئەو مرۆڤانە بکەینەوە لەناو ئەو ژینگەیەدا کە بەم شێوەیە سروشت سازاندوویەتی، مرۆڤ لێرەدا بەناو هەموو ئەو ژینگە سازەدا بڵاودەبێتەوە، هەرگیز ناتوانین وا بیر لەوان بکەینەوە کە دەستبەرداری ئەو ئازادییە بەراییەی خۆیان بن و ژیانی تەنیایی و شوانکارییانەی خۆیان واز لێبهێنن، ئەوان هەر لەسەر ئەو سازییەی خۆیان لەگەڵ بێباکییە سروشتییەکەیان دەبن و تا بەوەوە خۆیان ببەستنەوەو پەیوەست نەبن بەو کۆیلایەتی و سەرقاڵی و نارەحەتییانەوە کە لە دۆخە کۆمەڵایەتییەکە جیانابنەوە (....) بۆیە بۆ خەڵکی ئاسانە لەو ژینگانەدا پێویستییان بە یەکتر نەبێت و شعورکردنیش بەو پێداویستییانەی کە کۆمەڵگایان لێدەکەوێتەوە لەو قۆناغەدا لەلایان دەرنەکەوێت و دواتر دەرکەوێت))[1]. لای رۆسۆ ئەو ئازادییەی کە مرۆڤ بەهۆی لەباری ژینگەکەیەوە دەستی دەکەوێت و وای لێدێت کە بەهیچ مرۆڤێکی ترەوە پەیوەست نەبێت، لە هەموو شتێك بە بەهاترە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئازادیی مرۆڤ بنەماکەی لەناو لەباری ئەو ژینگە سروشتییەدایە کە مرۆڤ پێداویستییەکانی بژێوی خۆی لێوە وەردەگرێت و ئەوەش لەناو کۆمەڵگادا دەیکات بە کۆیلەو وابەستەی دەکات بە مرۆڤەکانی ترەوە نالەباری ئەو ژینگەیەیە لە دانی پێداویستییەکانی مرۆڤدا.

رۆسۆ مرۆڤی سەرەتایی بەپێی جۆری ژینگەکەی دەکات بە سێ جۆرەوە: مرۆڤی وەحشی کە راوچییەو بە راوکردن دەژی، مرۆڤی هەمەجی کە ئاژەڵ لەوەڕێنەو بە لەوەڕاندنی ئاژەڵ دەژی، لەگەڵ مرۆڤی کشتوکاڵی کە بە کشتوکاڵکردن دەژی[2]. ژینگەی سروشتی هەریەك لەمانە وایکردووە کە جیاوازبن لە یەکتری و هەریەکەیان کارێکی جیاواز بۆ بەدەستهێنانی بژێوی خۆی دابهێنێت. بەپێی بۆچوونی ئەو ((سەردەمەکانی هەمەجیەتی مرۆڤ سەردەمێکی زێڕینە نەك لەبەرئەوەی لەو سەردەمانەدا خەڵکی یەکیان گرتووە، بەڵکو لەبەرئەوەی لەو سەردەمانەدا خەڵکی لە یەکتری جیابوونەتەوە، وەك دەڵێن هەریەك لەوان خۆی بە سەرداری هەموو شتێك زانیووە، لەوانەیە هەریەکەیان چاوی نەبڕیبێتە هیچ شتێك جگە لەوەی کە لای خۆی هەبووە، پێداویستییەکان ئەوی لە هاوشێوەکانی خۆی دوورخستۆتەوەو لەوانی نزیك نەکردووەتەوە، خەڵکی لەو سەردەمەدا لەکاتی یەکتر بینیندا هێرشیان کردووەتە سەر یەکتری، بەڵام کەم جار ئەوە رێککەوتووە یەکتری ببینن، شەڕ لە هەموو شوێنێك هەبووە، لەگەڵ ئەمەشدا گۆی زەوی هەمووی لەناو ئاشتیدا بوون))[3]. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت مرۆڤ لەو سەردەمە کۆنانەدا ئازادانە ژیاوەو لە ئێستادا بەهۆی بوونی کۆمەڵگاوە ئەو ئازادییەی لەدەستداوەو چیتر بۆی ناگەڕێتەوە.

---

[1] هـ. س: 60.

[2] بڕوانە: هـ. س: هـ. ل.

[3] هـ. س: 56.

بەپێی ئەم بۆچوونە زمان یەکەم دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە، بەپێی ئەمەش دەبێت زمان لە حاڵەتی نالەباری ژینگەی سروشتی کەوتبێتەوەو ئەوەش سروشتی زمانەکەو دروستەکانی و دەنگەکانی دیاری دەکات سروشتی ئەو نالەبارییە بێت کە ئەو ژینگەیە هەیەتی، ژینگەی نالەباریش ئەو ژینگەیەیە کە کەش و ئاو و هەواکەی بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی مرۆڤ سازگارو لەبار نییە، ئەم ناسازگارییەش یان بەهۆی گەرمیی کەش و هەوای ئەو ژینگەوەیە یان بەهۆی ساردیی کەش و هەواکەیەوەیە، بەم پێیەش ژینگەی سروشتی یان سازگارە وەك ئەو ژینگە گریمانکراوەی کە رۆسۆ گریمانەی دەکات، یان ژینگەیەکی ناسازگارە وەك ناوچە گەرمەکانی باشوور، یان ژینگەیەکی ناسازگارە وەك ناوچە ساردەکانی باکوور.

لە ژینگە سازکراوە گریمانکراوەکەدا پێداویستییەکانی پەیدابوونی زمان و کۆمەڵگا لەناو مرۆڤدا سەرهەڵنادەن، بۆیە لەم جۆرە ژینگەیەدا نە زمان پەیدادەبێت نە کۆمەڵگا، ئەوە دوو ژینگە سروشتییە ناسازگارەکەی ترن وا لە مرۆڤ دەکەن هەست بە پێداویستی بوونی زمان و کۆمەڵگا بکەن، تا خۆیان لە ناسازگاری ژینگەکە بپارێزن. زمان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەو دوو ژینگە ناسازەدا بەهۆی جیاوازی ناسازییەکەیانەوە جیاوازن و سروشتەکەیان ئەوەیان بۆ دیاری دەکات کە ئەوان وادەزانن سودی هەیە بۆ پارێزگاریکردنی خۆیان لە ناسازی ژینگەکەیان.

خەڵکی ناو ئەم دوو ژینگەناسازگارە جیاوازە، بەپێی خۆسازکردنەوەیان لەگەڵ ژینگەکەیاندا ئامێرەکانی دەستخستنی بژێوی خۆیان دادەهێنن، زمانیش وەك ئامێرێك بۆ لەیەکترگەیشتنیان بەو شێوەیە دروستدەکرێت کە سودی بۆخۆسازکردنەوەی ئەوان لەگەڵ ژینگە ناسازەکەیاندا هەبێت، ئەمەش وادەکات خەڵکی ناوچە ساردە ناسازگارەکانی باکوور جۆری کارو ئامێرەکانی کارکردن و زمانەکەیان بەپێی سروشتی خۆسازکردنەوەیان لەگەڵ ژینگەکەیاندا جیاوازبن لەجۆری کارو ئامێرەکانی کارکردن و زمانی خەڵکی ناوچە گەرمە ناسازگارەکانی باشوور، ((گەر ئێمە هەوڵی دۆزینەوەی بنەماکانی هونەرەکان بدەین یان تێبینی عادەت و رێورەسمەکان بکەین، ئەوە بەهەمانشێوە هەست بەوە دەکەین ئەمانە هەموویان لە بنچینەدا دەگەڕێنەوە بۆ هۆکارەکانی وەدیهێنانی بژێوی، ئەوەشی وادەکات لەنێوان خەڵکیدا ئەو هۆکارانە وەکو یەکبن، ئەوەیە کە هەموویان بە کەش و هەوای ژینگەکەیان و سروشتی زەویەکەی دیاریکراون، هەر ئەم هۆیانەش کە لێکدانەوەی جیاوازی زمانەکان و بەرامبەربوونەوەی خاسیەتەکانیان دیاری دەکات))[1]. واتە ئەوەی بنەمای پەیدابوونی جیاوازی زمانەکانە جیاوازی کەش و هەواو سروشتی زەوی ئەو ژینگانەیە کە زمانەکان تیایاندا سەر هەڵدەدەن.

ئەو زمانانەی لە ژینگە گەرمەکانی باشووردا سەریان هەڵداوە، بەهۆی کەش و هەواو سروشتی زەوی ئەو ژینگەیەوە، خاوەنی دەنگ و چۆنایەتی و دروستەی تایبەت بەخۆیانن، ئەو تایبەتمەندییەش کە لەواندا هەیەو ئەوان لە زمانەکانی تر جیادەکاتەوە، ئەو یەکنوێنییەی نێوان ئەو زمانەو ژینگە سروشتییەکەیە، ژینگە سروشتییەکە بەهیولاو چۆنایەتی جیاواز گەرمیی ژینگەکە دەنوێنێت، هیولای

---

[1] هـ. س: 60.

دەنگیی زمان و چۆنایەتی و دروستەکانی وشەو رستەکانی بەهەمانشێوە دەبێت ئەو گەرمییە بنوێنن کە سروشتی ژینگەکە دیاری دەکات.

ئەو زمانانەش کە لە کەش و هەواو سروشتی زەوی ژینگە ساردەکانی باکووردا سەریان هەڵداوە، لەگەڵ جیهانی ساردی ئەو ژینگەیەدا یەکنوێنن، چۆن ئەو جیهانە ژینگەییە سروشتییە لە هیولاو دروستەی بوونەوەرەکانی خۆیدا ساردی ژینگەکە دەنوێنێت، دەبێت بەهەمانشێوە زمانەکانیش لە هیولای دەنگی خۆیان و دروستەو چۆنایەتییەکانی خۆیاندا هەمان ئەو ساردییە بنوێنن تا لەگەڵ ژینگەکەدا یەکنوێن بن. لەمەوەیە رۆسۆ دەڵێت: ((زمانەکانی باشوور هەر دەبێت زیندوو و رەزمدارو ئاوازدار بن و توانای گەیاندنیان زۆربێت و بەهۆی پەڕگیری لە توندییە دروستەییەکەیاندا زۆر ئاڵۆزبن، بەڵام زمانەکانی باکوور هەر دەبێت بێدەنگ و زبرو کەرت کەرت و سنوربڕو وشك بن، رونیش بن بەهۆی پەڕگیری لە وشکانییاندا نەك بە هۆی لە باشی دروستەکانیاندا، تائێستاش لە زمانە نوێکاندا لەگەڵ ئەو هەموو ئاوێتەبوونەو سەدەها جارەی دروستبوونەوەیانەوە، هەندێك لەو جیاوازییانە نەماون. بۆنمونە فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی زمانانێکی تایبەتن و ئەوانە پێیان دەدوێن کە هاوکاری یەکتر دەکەن و بەهێمنی بیر لەوە دەکەنەوە کە لە نێوانیاندا هەیە (....) بەڵام پەیامبەری خواوەندەکان، واتە ئەوانەی کە تەلیسمە پیرۆزەکان دەکەنەوەو ئەو حەکیمانەی کە یاساکان بۆ گەل دەهێنن و ئەو سەرکردانەی کە جەماوەر لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە، هەر دەبێت بە عەرەبی یان فارسی بدوێن))[1]. لەلایەکی ترەوە ئەو پێیوایە زمانە ئەوروپییەکان بەهۆی ئەوەی لە ژینگە ساردە ناسازەکانی باکوور پەیدابوون، وەك زمانی نوسراو باشترن تا زمانی گوتراو و خەڵکی زیاتر چێژ لەوە دەکات بەو زمانانە بخوێنێتەوە نەك ببیستێت، بەڵام زمانە رۆژهەڵاتییەکان لەبەرئەوەی لە ژینگە گەرمەکانی باشووردا سەریانهەڵداوە لە نوسیندا گەرم و گوڕی خۆیان لەدەستدەدەن. بۆنمونە کاتێك ((تۆ دەبینیت کەسێك هەندێك شارەزایی لە زمانی عەرەبیدا هەیە کاتێك پەڕەکانی قورئان هەڵدەداتەوە زەردەخەنەیەك دەیگرێت، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە بیتوانیایە گوێ لە قورئان بگرێت لەو سەردەمەی کە موحەمەد خۆی بە زمانە رەوان و کاریگەرەکەی و بە دەنگە بەهێزو بڕواهێنەرەکەی دەیخوێندەوە و پێش ئەوەی دڵی بێنێتە جۆش گوێی دەخرۆشاند (....) و ئەوا لە حەیبەتا دەکەوتە سەر چۆك و سوجدەی دەبردو دوای ئەوە هاواری بۆ دەبردو دەیگوت: ئەی پێغەمبەری مەزن، ئەی پێغەمبەری خوا بەرەو شکۆداری و شەهادەتمان بەرەو دەمانەوێت یان سەرکەوین یان لەرێگەی تۆدا بمرین))[2].

رۆحی کۆمەڵگای سروشتی لە تیۆرە عەقڵییەکەدا بنەمای بنچینەیی پەیدابوونی زمانەکان و جیاوازییەکانیانە و بەبێ بوونی ئەو بیرۆکە عەقڵییانەی ناو رۆحی سروشتی ئەو کۆمەڵگایە چۆنایەتی و دروستەکانی خۆی دەرکەوت ناکات و دەزگای دەنگی مرۆڤەکانی هیولایەکی دەنگی شیاو بۆ

---

(1) هـ. س: 70.

(2) هـ. س: 71.

شێوەگیرکردنی ئەو بیرۆکەیە هەڵنابژێرێت، بەڵام بەپێی ئەم تیۆرە سروشتییە بابەتییە ئەوەی سروشتی جیاوازی ژینگە سروشتییەکە دەینوێنێت بنەمای بنچینەی پەیدابوونی زمانە جیاوازەکانە، بۆنمونە گەر ژینگەکە سروشتێکی ساردی هەبوو، ئەوا ساردی بنەمای بوونی زمانەکانی ئەو ژینگە سروشتییەیەو بیرۆکەی وشەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرن و لە کەش و هەواو سروشتی زەوی ئەو ژینگەیەشەوە چۆنایەتی و دروستەی ئەو بیرۆکەیە دیاری دەکرێت و بەپێی ئەو دروستەیەش دەزگای دەنگیی مرۆڤەکانی ناو ئەو ژینگەیە دەنگەکانی بۆ سازدەکەن و بە دروستەکە لە هیولا دەنگییەکەدا شێوەگیری دەکەن و بەمەش وشەو رستەکانی ئەو زمانانە دەهێننە ئاراوە.

لێرەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەپێی ئەم تیۆرە پەیدابوون و جیاوازی زمانەکان بەندە بە بوونی ژینگەیەکی ناسازگاری گەرم یان ساردەوەو گەر ژینگەیەکی سروشتیی لەو جۆرەمان نەبێت زمان پەیدانابێت و جیاوازی زمانەکانیش لە راددەی پلەی ساردی و گەرمی ئەو ژینگە ناسازگارانە دەکەونەوە. گەر لەسەر زەویدا یەك جۆر لە ژینگەی ناسازگارمان هەبێت، ئەوا یەك زمانیشمان دەبێت، ئەوەی وای کردووە لە جیهاندا یەك زمان نەبێت و هەزارەها زمانی جیاواز هەبن ئەوەیە کە لە جیهاندا هەزارەها ژینگەی سروشتی ناسازگار هەن و لە ناسازگاری ئەوانەوە ئەو هەموو زمانە جیاوازانە پەیدابوون. گەر بمانەوێت زمانەکانی ناو جیهان بەرەو یەکبوون بەرین، دەبێت ئەو ژینگە سروشتییە ناسازگارانەش بەرەو یەك ژینگەی سروشتی بەرین و هەموو خەڵکی لەناو یەك ژینگەی سروشتیدا کۆبکەینەوە.

## 1/2-2) پەیدابوونی زمانە جیاوازەکان لە روانگە سروشتییە خودییەکەوە

روانگە سروشتییە خودییەکە بەوە لە روانگە سروشتییە بابەتییەکە جیادەکرێتەوە لەبری ئەوەی بنەمای پەیدابوونی زمان بگەڕێنێتەوە بۆ سروشتی ژینگەی سروشتی، دەیگەڕێنێتەوە بۆ سروشتی خودی مرۆڤی ناو ژینگە سروشتییە جیاوازەکان، بەمەش بەراددەی نزیکبوونەوەی روانگە بابەتییەکەی تیۆرەکە لە تیۆرە دروستەییەکەوە، لە تیۆرە عەقڵییەکە نزیکدەبێتەوە.

بەپێی ئەم روانگە خودییەی تیۆرە سروشتییەکە فرمان و چۆنایەتییەکانی هەر زمانێك لە زمانەکان سەرچاوە لە سروشتی کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگا سروشتییەکانەوە دەگرێت و ژینگەی سروشتی ئەو کۆمەڵگایە هیچ رۆڵێکی ئەوتۆی لەسەر گۆڕانی چۆنایەتییەکانی زمانی ئەو ژینگەیە نییەو ئەوەی لەو گۆڕانە بەرپرسە تەنها پێکهاتەی سروشتی ئەو کۆمەڵگا سروشتییەیە کە ئەو زمانەی لێکەوتووەتەوە.

روانگەی سروشتی ئەم تیۆرەمان لەبارەی پەیدابوونی نەتەوەکان و جیاوازییەکانیان خستەڕوو و ئەوەمان روونکردەوە کە پەیدابوونی نەتەوەو جیاوازی نەتەوەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ پێکهاتەیەکی سروشتی کە بە میزاجی عەقڵی ناوە دەبات و پەرەسەندنی نەتەوەکان و جیاوازییەکانیشیان دەگەڕێنێتەوە بۆ جیاوازی میزاجە عەقڵییەکەیان و گواستنەوەی بۆماوەیی ئەم میزاجانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لەڕێگەی باوك و دایکەکان و کولتوری گوازراوەی باوانەکانەوە.

بەپێی ئەم روانگەیە یەکێك لەو پێکهاتە کولتورییانەی بەم رێگایە دەگوازرێتەوە زمانە، کەوابێت زمانەکان و جیاوازییەکانیان بەرهەمی ئەو میزاجە عەقڵییە جیاوازانەو پەرەسەندنە بۆماوەییەکانیانن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بنەمای بوونی زمانە جیاوازەکان لەناو میزاجی عەقڵیی نەتەوەکاندایەو میزاجی عەقڵی بەشێوەیەکی شاراوە هەڵگری دروستەو چۆنایەتییەکانی زمان و ئەو فرمانانەشە کە بەو دروستەو چۆنایەتییانە شێوەگیر دەبن.

روانگەی سروشتی ئەم تیۆرە لەگەڵ تیۆرە عەقڵییەکەدا لەبوارە جیاجیاکاندا تێکەڵاو دەکرێت و زۆرجار دەرەنجامە خراپەکانی ئەم تیۆرە دەخرێتە ئەستۆی تیۆرە عەقڵییەکەو بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە لەبواری نەتەوەخوازی و زماندا بووەتە هۆی سەرهەڵدانی نەتەوە پەرستی شۆڤێنییەت، لەکاتێکدا ئەوەی بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسەت و ئایدیۆلۆجیا سیاسیەکاندا رەگەزپەرستی و شۆڤێنییەتی لێکەوتووەتەوە تیۆرە سروشتییەکەی لەبواری نەتەوەخوازی و نەتەوەو زمانەکانە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەم تیۆرە سروشتییە سروشتی کۆمەڵگا سروشتییەکان دەکاتە بنەما بۆ پەیدابوونی نەتەوە جیاوازەکان و زمانە جیاوازەکانیان و عەقڵ لەوە دووردەخاتەوە هیچ رۆڵێکی لەپەیدابوونی نەتەوە جیاوازەکان و زمانە جیاوازەکاندا هەبێت. ئەوەش وادەکات تیۆرە عەقڵییەکە بێبەری بێت لەسەرهەڵدانی رەگەزپەرستی و هاوشێوەکانی، ئەوەیە کە عەقڵ بە بنەمای پەیدابوونی هەموو شتەکان و جیاوازییەکانیان دەزانێت و دەیکاتە پێوانە بۆ دروستی و نادروستیی ئەوەی کە بە چۆنایەتییەکانی ناو سروشتە جیاوازەکان لەواقیعدا بوون پەیدادەکات. هەر لەمەشەوەیە کە تیۆرە عەقڵییەکە گریمانەی بوونی زمانێکی ئایدیاڵی عەقڵی و سەروو سروشتی دەکات کە دەبێت هەموو زمانە جیاوازەکان لەکۆتاییدا لەناو پێکهاتەیەکی هەماهەنگ لەخۆیاندا بتوانن بەتەواوەتی بینوێنن، لێرەشدا باشترین زمانە و زمانەیان دەبێت کە لەڕەوتی سروشتی خۆی لانادات و بەرەو ئەوە دەڕوات ببێتە یەکێك لەو زمانانەی لەناو ئەو پێکهاتەیەدا بەشداری لە نواندنی تەواوی زمانە عەقڵییە رەهاکەدا دەکات. لێرەدا زمانە عەقڵییەکە دەبێتە پێوانەی خراپی و چاکی هەر زمانێك لە زمانەکان نەك سروشتی زمانەکەو ئەو میزاجە عەقڵییەی کە سروشتی زمانەکە دیاری دەکات، بوونی زمانە عەقڵییەکە رێگرە لەبەردەم ئەوەدا کە زمانێك لە زمانەکان بەهۆی سروشتەکەیەوە فەرز بکرێت بەسەر زمانەکانی تردا نەفیی بوونی زمانەکانی تری پێبکرێت و بەو زمانە بزانرێت کە دەتوانێت بە تەنها زمانە عەقڵییەکە لە بوونە تەواو و کامڵەکەی خۆیدا بنوێنێت، چونکە هەر لە بنچینەدا زمانە عەقڵییە ئایدیاڵییەکە لەڕێگەی یەك زمانەوە ناتوانێت خۆی وەدیبهێنێت و بۆ وەدیهێنانی خۆی پێویستی بە کۆبوونەوەی هەماهەنگانەی چەندەها زمانی جیاوازە لەناو یەك پێکهاتەی سەروو زمانیدا. بەبێ گەیشتنی زمانە جیاوازەکان بە سازکردنی ئەو پێکهاتە سەروو زمانییە هەماهەنگە، زمانەکان هیچیان ناگەن بە تەواوکردنی پرۆسەی بەزمانبوونی خۆیان و ئەو زمانە عەقڵییەش وەدینایەت کە زمانە جیاوازەکان بە بوون و جیاوازییەکانیانەوە لەناو یەك پێکهاتەدا کۆدەکاتەوە کە پێکهاتەیەکی سەروو زمانییەو یەکخەری هەموو زمانە جیاوازەکانە.

روانگەی خودیی تیۆرە سروشتییەکە لەلایەکەوە رۆڵێکی زۆری گێڕاوە لە شێواندنی تیۆرە عەقڵییەکەدا، ئەمەش لەوەوە بووە کە رۆحی کۆمەڵگای سروشتی بە تەماهیپێکردن لەگەڵ سروشتی نەتەوەدا نەفیکردووەو بەمەش خۆی بێبەشکردووە لەوەی کە عەقڵ و سیستەمەکەی بێن بە بنەمای یەکبوونی زمانەکان بەبێ لەدەستدانی بوون و سروشتە جیاوازەکەی خۆیان. لەلایەکی ترەوە رۆڵێکی زۆری گێڕاوە لە روونکردنەوەی توخمی سروشتی ناو تیۆرە عەقڵییەکەو بەڵگەی باشی لەبارەی رۆڵی توخمە سروشتییەکەی تیۆرە عەقڵییەکەوە لە پەیدابوونی جیاوازی زمانەکان خستووەتەڕوو.

گۆستاف لۆبۆن یەکێکە لە رابەرانی روانگەی خودیی تیۆرە سروشتییەکە لەبواری پەیدابوونی نەتەوەکان و زمانە جیاوازەکاندا. ئەو لە چوارچێوەی پەیدابوونی نەتەوەکان و پەرەسەندنی جیاوازییەکانیاندا باس لە پەیدابوونی زمان و جیاوازی زمانەکانیش دەکات، لەڕێگەی پێشنیاری تیۆرەکەی ئەوەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە: ئەم تیۆرە چۆن رۆڵی توخمە عەقڵییەکەی ناو تیۆرە عەقڵییەکە لە پەیدابوونی زمانە جیاوازەکاندا لەگەڵ رۆڵی توخمە سروشتییەکەی ناو هەمان تیۆر دەکاتەوە بەیەك و بەمەش توخمە سروشتییەکە لەیەککاتدا رۆڵی توخمە عەقڵییەکە دەگێڕێت و دەبێتە بەرپرس لە دانی فرمانەکانداو رۆڵی توخمە سروشتییەکەش لە دانی دروستەو چۆنایەتییەکاندا دەگێڕێت و بەمە دەبێتە بنەمای راستەقینەو بنچینەی پەیدابوونی زمانە جیاوازەکان.

گۆستاف لۆبۆن لە کارەکەی خۆیدا میزاجی عەقڵی بە رۆحی نەتەوە دەزانێت، لەکاتێکدا میزاجی عەقڵی سروشتی نەتەوەیەو سەرچاوەی دروستەو چۆنایەتییەکانی پەیدابوونی نەتەوەیە، بەڵام رۆحی نەتەوە جیهانی عەقڵیی نەتەوەیەو سەرچاوەی ئەو فرمانانەیە کە بەدروستەو چۆنایەتییەکانی ناو سروشتی نەتەوە شێوەگیر دەبن. ئەو بەوەی کە میزاجی عەقڵی بە عەقڵ خۆی دەزانێت نەفیی بوونی رۆڵی عەقڵ دەکات لە پەیدابوونی نەتەوە جیاوازەکان و زمانە جیاوازەکانیاندا، ئەمەش ناچاری دەکات بۆ گەڕانەوەی بوونی نەتەوە جیاوازەکان و زمانە جیاوازەکان بۆ یەك بنەمای مرۆیی، لەناو سروشتی بەشەکیی نەتەوەکاندا بگەڕێت و لەناو عەقڵدا نەگەڕێت. ئەمەش بەرەو ئەوەی دەبات سیستەمی سروشتی پەرەسەندنی جۆرەکان بکات بەو سیستەمەی کە نەتەوەکان و زمانە جیاوازەکانیان لە یەك سروشتدا کۆدەکاتەوە کە بەهێزترین سروشتی کۆمەڵگا سروشتییەکانەو میزاجە عەقڵییەکەشی باڵاترین میزاجی عەقڵییەو ئەمەش بەهۆی ئەو ململانێ سروشتییەی نێوان میزاجە عەقڵییە جیاوازەکانەوە هاتووەتە ئاراوە کە لە سەرەتادا لەناو کۆمەڵگا سروشتییە سەرەتاییەکاندا هەبووە.

ئەو میزاجە عەقڵییەش کە لەناو هەموو میزاجە عەقڵییەکانی ئەو کۆمەڵگا سروشتییانەدا شیاوترو بەهێزترە لەو ململانێیەدا سەردەکەوێت و دەبێتە بنەمای ئەو میزاجە عەقڵییە باڵایەی کە نەتەوە جیاوازەکان و زمانە جیاوازەکانیان دەکاتەوە بەیەك. گۆستاف لۆبۆن لەم روانگەیەوە بەپێی بەهێزی و بێهێزی میزاجی عەقڵی، نەتەوەکان دەکات بە چوار جۆرەوە: ((نەتەوە بەرایییەکان، نەتەوە نزمەکان، نەتەوە ناوەنجییەکان، نەتەوە باڵاکان. کۆمەڵەی یەکەمیان ئەوانەن کە هیچ ئاسەوارێکی خوێندەوارییان پێوە دیار

نییەو هەر لەو سەردەمەدا ماونەتەوە کە لە ئاژەڵییەتەوە نزیکە، ئەمە ئەو سەردەمەیە کە باوانەکانی ئێمە لەسەردەمی بەردینی خۆیاندا گوزەراندوویانە. ئەوانەی لەمڕۆدا ئەم جۆرە لە نەتەوە دەنوێنن خەڵکی (فویجیان) و ئوسترالیان. دوای ئەوان نەتەوە نزمەکان دێن، باشترین نمونەی ئەم جۆرە لە نەتەوە (زنجییەکان)ن (...) دوای ئەوانیش نەتەوە ناوەنجییەکانن کە چین و یابان و مەغۆل و نەتەوە سامییەکانن. ئەم نەتەوانە لە دروستکردنی شارستانیەتدا گەیشتوونەتە پلەیەکی باڵای وا کە تەنها نەتەوە ئەوروپییەکان توانیویانە پێشیان بکەون و لەناو ئەوانیشدا نەتەوە هیندۆئەوروپییەکان توانیویانە توانداری خۆیان لە داهێنانی هونەرەکان و زانست و پیشەسازیدا چ لەسەردەمی کۆنداو چ لەسەردەمی یۆنان و رۆماندا یان لەم سەردەمەی خۆماندا دەر بخەن و شارستانیەت بگەیەننە ئەو پلەی بەرەوپێشچوونەی ئێستا))[1]. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت میزاجی عەقڵیی هیندۆئەوروپییەکان ئەو میزاجە باڵایەیە کە لە ململانێ سروشتییەکەدا توانیویەتی سەرکەوێت و بگاتە ئەو میزاجە باڵایەی کە هەموو میزاجەکانی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە بەوەی کە پیایاندا تێپەڕیوە.

بەپێی ئەم بۆچوونە میزاجە عەقڵییە جیاوازەکان ناتوانن بە جیاوازییەکانی خۆیانەوە بچنە ناو یەك پێکهاتەی هەماهەنگەوە کە جیاوازییەکانیان تیایدا پارێزراون، بەڵکو دەبێت هەموویان ببن بە یەکێکیان، ئەو یەکەش میزاجی عەقڵیی ئەوروپییەو لە کۆندا میزاجی عەقڵیی رۆمانەکان بووەو لە ئێستاشدا میزاجی عەقڵی ئینگلیزو ئەمریکییەکانەو ئەو میزاجە عەقڵییە باڵایە لەواندا گەیشتووەتە ئەوپەڕی خۆی[2]و بەوەش جیاوازی میزاجە عەقڵییەکانی نەتەوە جیاوازەکان دەبنەوە بە یەك کە بەو پەرەسەندنە سروشتییەدا بڕۆن کە میزاجی عەقڵیی ئەوروپییەکان پیایدا رۆیشتووە تا میزاجەکەیان ببێتە هەمان ئەو میزاجەی ئەوان. لێرەدا پرۆسەی بەیەککردنەوەی میزاجە عەقڵییە جیاوازەکان بوونی دەبێت نەك پرۆسەی هەماهەنگکردنەوەیان.

بەپێی ئەم بۆچوونە جیاوازی نێوان میزاجە عەقڵییەکان جیاوازییەکی هەرەمی و چەندییەو چۆنی نییە، چونکە هەر میزاجێك لە میزاجەکان کە بتوانێت پرۆسەی پەرەسەندنەکەی خۆی تەواو بکات جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی خۆی بە وەرگرتنی ئەو جیاوازی و تایبەتمەندییانە لەدەستدەدات کە میزاجە باڵاکە بەهۆیانەوە جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی هەموو کۆمەڵگا سروشتییەکان دەکاتەوە بە یەك، ئەو جیاوازی و تایبەتمەندییانەش کە میزاجە باڵاکە نەفی هەموو ئەو جیاوازی و تایبەتمەندییانەی پێدەکات کە میزاجە جیاوازەکانی کۆمەڵگا سروشتییەکان دەرکەوتیان پێدەکەن، ئەو جیاوازی و تایبەتمەندییانەن کە لە ئێستادا لە ئاکارو سیاسەت و زمان و هەموو دەرکەوتەکانی تری ئەمریکییەکان و ئینگلیزەکاندا هەن، چونکە ئەو دوو گەلە لە ئێستادا توانیویانە بە پرۆسەی پەرەسەندنی میزاجە عەقڵییەکەی خۆیاندا بڕۆن و بگەنە ئەو

---

(1) هـ. س: جوستاف لوبون، سر تطور الأمم: 29-30.

(2) هـ. س: 32-33.

میزاجە تەواو و کامڵەی کە دەبێت هەموو میزاجە عەقڵییەکانی تر پێببگەن و هەمان خاسیەت و تایبەتمەندی گەلی ئەمریکی و ئینگلیزی لەخۆیاندا دەرکەوت پێبکەن.

بەپێی ئەم بۆچوونە لە یەك سەردەمداو بەشێوەیەکی هاوکاتانە میزاجی عەقڵیی هەر چوار گروپە جیاوازەکەی نەتەوەکانی جیهان بوونیان هەیە، ئەمەش وایکردووە کە لە یەك سەردەمدا جیاوازی چەندیی نێوان ئەو گروپانەو لەناو ئەو گروپانەشدا جیاوازی چەندیی نێوان هەر نەتەوەیەك لە نەتەوەکانی ناو هەر یەك لەو گروپانە لە جیاوازییە چۆنییەکاندا خۆیان ئاشکرا بکەن، واتە لە بنچینەدا جیاوازیی نێوان زمان و کۆی کولتوری نەتەوەکان جیاوازییەکی چەندییەو چۆنی نییە، چونکە پەیوەستە بە پلەی پەرەسەندنی هەریەك لەوانەوە، بەڵام ئەم جیاوازییە چەندییە لە واقیعدا وەك جیاوازیی چۆنیی نێوان زمان و ئاکارو کولتوری ئەو نەتەوانە دەردەکەوێت، نەك وەك جیاوازییەکی چەندی و هەرەمیی پلەدار. هەر ئەمەشە بووەتە هۆی ئەوەی کە هەر گۆڕانێك لە چۆنایەتی زمان و ئاکاری نەتەوەیەکدا رووبدات، گۆڕانێکی رواڵەتی دەبێت. کاتێك گۆڕان لە زمان و ئاکارو کولتوردا گۆڕانێکی جەوهەری و راستەقینە دەبێت میزاجی عەقڵی ئەو نەتەوەیە لە پەیژە هەرەمییەکەدا بەهۆی گەشەکردنییەوە پلەیەك سەرکەوتبێت و هەر گۆڕانێکیش لە میزاجە عەقڵییەکەی ئەو نەتەوەدا پلەیەك ئەو نەتەوەیەی سەرخستبێت، ئەمە وایکردووە کە چۆنایەتی و دروستەی زمان و ئاکارو کولتورەکەشی بەشێوەیەکی جەوهەری بگۆڕێن و پەیوەندییان بە زمان و ئاکارو کولتورەکەی پێشووەوە نەمێنێت, ئەو گۆڕانە چەندییەش کە میزاجی عەقڵیی نەتەوە پلەیەك سەردەخات، زمان و کولتورو ئاکاری ئەو نەتەوەیە پلەیەك لە زمان و کولتورو ئاکاری ئەو میزاجە عەقڵییە نزیکدەکاتەوە کە ئەمریکی و ئینگلیزەکان لە ئێستادا هەیانە.

لۆبۆن بەپێی ئەو بۆچوونەی سەرەوە باس لە بوونی جیاوازی زمانەکان و ئایینەکان و سیستەمە سیاسی و ئاکارییەکانی نەتەوە جیاوازەکانی جیهان دەکات، هەر لە سەرەتاوە ئەوە رووندەکاتەوە دەرکەوتەکانی هەر نەتەوەیەك لەبەرئەوەی سەرچاوە لەو میزاجە عەقڵییەی نەتەوەکەو پلەی پەرەسەندنی ئەو میزاجە لە هەرەمی پەرەسەندنی میزاجە عەقڵییەکاندا گرتووە، بەبێ گۆڕانی پلەی میزاجە عەقڵییەکە لە پرۆسەیەکی بۆماوەیی مێژووییانەدا، ناگۆڕێن و ئەو گۆڕانانەش کە بەکاریگەری دەرکەوتەکانی نەتەوەکان لەسەر نەتەوەیەك روودەدات گۆڕانی راگوزەرن و ریشەیی نین. تەنانەت پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنیش گۆڕانێکی زۆر رووکەش و راگوزەرانە لە دەرکەوتە کولتورییەکانی نەتەوەدا دروستدەکەن و ریشەییانە توانای گۆڕینی ئەو دەرکەوتانەیان نییە، ((لای هەندێك لە فەیلەسوفەکان مێژووی مرۆڤ و وەرگەڕانی ماهییەتی هێزە عەقڵییەکەی و گۆڕانی یاساکانی زاوزێکردنی سروشتی شاراوەو نادیاربووەو ئەمەش وایکردووە لەناو خەڵکیدا کار بۆ ئەوە بکەن بیرۆکەی یەکسانی لەناو تاکەکان و گەلەکاندا بڵاوببێتەوە (....) لەکاتێکدا جیاوازی نێوان تاك و تاك و نەتەوەو نەتەوە لەو شتە بەڵگەنەویستانەن کە کەس ناتوانێت نکۆڵی لە بوونیان بکات و تەنانەت ئەو فەیلەسوفانەش خۆیان باوەڕیان بە بوونی هەیە، بەڵام پێیانوایە ئەم جیاوازییانە لە جیاوازی پەروەردەوە سەریان هەڵداوە، مرۆڤەکان خۆیان لە زیرەکی و

دەروونپاکیدا یەکن و ئەوە سیستەمەکانن ئەوانیان پیس و خراپ کردووە، کەسێکیش بڕواکردن بەمە لای ئاسان بێت ئەوا دۆزینەوەی دەرمانی دەردەکەش لای ئاسانە، هەر لەبەر ئەمەش ئەوان هاتنە ئەو شوێنەی بلێین ئەم دەردە بەوە چارەسەر دەکرێت گۆڕان لە سیستەمەکاندا بکرێت و سیستەمی خوێندن بۆ هەمووان بکرێتەوە بە یەك(....) ئەوان ئەمەیان بەو هۆکارە دەزانی جیاوازییەکانیان ناهێڵێت»[1].

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئەوەی بەرپرسە لە گۆڕانی سروشتی دەرکەوتەکانی نەتەوەیەك پەرەسەندنێکی بۆماییانەی میزاجی عەقڵی نەتەوەیەو ئەوەش دوو کۆمەڵگای سروشتی دەکاتەوە بە یەك کۆمەڵگا، تێکەڵاوبوونێکی سروشتی و بۆماوەییە، لەم تێکەڵبوونەشدا هەردوو کۆمەڵگا سروشتییەکە پێکەوە بەناو ئەو پرۆسە سروشتییە بۆماوەییەدا دەڕۆن و دەگەن بە هەمان پلەی پەرەسەندنی میزاجە عەقڵییەکەیان و بەمەش میزاجی عەقڵی هەردووکیان لە پلەیەکی تری گەشەکردندا دەگەن لە یەك میزاجی عەقڵیدا لە نەتەوەیەکدا دەبنەوە بە یەك، جگە لە بوونی پرۆسەیەکی لەو جۆرە مومکین نییە بەهیچ ڕێگایەکی تر دوو میزاجی عەقڵی یان زیاتر لەناو میزاجێکی عەقڵی پەرەسەندووتردا ببنەوە بەیەك، بۆیە کاتێك نەتەوەیەك کار لەسەر ئەوە دەکات بە کولتورەکەی خۆی و پرۆسە پەروەردەیی و فێرکارییەکەی خۆی نەتەوەیەکی تر وەك خۆی لێبکات، ئەو نەتەوەیە تەنها بەڕواڵەت وەك ئەوی لێدێت و لە ناوەوە هەروەك خۆی دەمێنێتەوەو ناگۆڕێت، گەرچی بەو پرۆسە پەروەردەیی و فێرکارییەش زمان و کولتوری ئەو نەتەوەیە وەرگرێت و زمان و کولتورەکەی خۆی لەدەستبدات، ئەو لەم بارەیەوە دەڵێت: «بەڵێ دەکرێت نزمترین تاکەکەس لە هەرەمی مرۆڤایەتیدا هەموو ئەو زانیارییانە بەدەستبهێنێت کە ئەوروپییەك بەدەستیهێناوە، بەهۆی ئەو هێزە یادپارێزەوە کە تاکەکەسە نزمەکان پێی دەناسرێنەوەو خەسڵەتێك نییە لە خەسڵەتی پیاوەکان، ئەوە سەلمێنراوە کە زنجییەك یان یابانییەك دەتوانێت بڕوانامەی دواناوەندی یان پلەی پارێزەری بەدەستبهێنێت و ئەمەش بۆ ئەو کارێکی ئاسان بێت، بەڵام ئەو بەمە تەنها رووکەشێکی رواڵەتییانەی دەستکەوتووەو ئەمەش هیچ کارێکی نەکردووەتە سەر میزاجە عەقڵییەکەی ئەو، چۆنیەتییەکانی بیرکردنەوەو مەعقولیەت و بە تایبەتیش ئاکاری رۆژئاوایی شتانێك نین بەتوانای فێرکردن وەرگیرێن گەرچی ئەم توانایەش بۆ ئەو کەسەی بەدەستهێنابن، چونکە ئەم شتانە تەنها بە بۆماوە دەگوێزرێنەوە، بۆیە ئەم زنجییە یان ئەم یابانییە گەرچی هەموو ئەو بڕوانامانەش بەدەستبێنێت کە بەدەستدێن، بەمە هەرگیز بەرزنابێتەوە بۆ ریزی ئەوروپییەکی ئاسایی، دەکرێت لە دە ساڵدا ئەوەی کە ئینگلیزێکی تەواو پەروەردەکراو وەریگرتووە، ئەویش بەو خوێندنە تەلقینییە وەریگرێت، بەڵام هەزار ساڵیش هێشتا کەمە بۆئەوەی ئەو ببێت بە ئینگلیزێکی راستەقینە، واتە ببێت بەو پیاوەی کە لە هەموو سەردەمەکانی ژیانی خۆیدا وەك ئینگلیزێکی راستەقینە بجوڵێتەوە»[2].

---

(1) هـ. س: 5.

(2) هـ. س: 38.

لۆبۆن زمان وەك ئایین و ئاكارو هەموو دەركەوتە كولتورییەكانی تر بە دەركەوتەو نوێنەری میزاجی عەقڵی نەتەوە دەزانێت و پێیوایە هیچ نەتەوەیەك لە نەتەوەكان گەر بە پرۆسەی پەروەردەو فێركردن زمانی نەتەوەیەكی تر فێربووبێت و زمانەكەی خۆیشی لەبیر چووبێتەوە، ئەوە بەڕواڵەت ئەو زمانەی وەرگرتووەو ئەو زمانە لەناو ئەودا ریشەی دانەكوتاوەو لەژێر ئەو زمانەدا ریشەكانی زمانەكەی خۆی درێژە بەژیانی خۆیان دەدەن و ئەمەش وادەكات ئەو زمانەی وەریگرتووە بەو ئاڕاستە بیگۆڕێت كە میزاجە عەقڵییەكەی خۆی دەیەوێت، ئەمەش بەدرێژایی كات زمانە وەرگیراوەكە بەرەو ئەوە دەبات كە بە بەراوردكردنی لەگەڵ زمانی ئەو نەتەوەیەی زمانەكەی لێوەرگرتووە نەناسرێتەوە ((نەتەوە جیاوازەكان كە لە شعورو مەعقول و كاركردندا لەگەڵ یەكدا هاوبەش نین، ئەوە هیچیان ناتوانێت لەوەی تریان تێبگات، راستە لە زمانە جیاوازەكانی نەتەوەكاندا گۆكراوی لێكچوو هەیەو وادەزانرێت هاوواتان، بەڵام ئەم گۆكراوانە لەگەڵ ئەو هاوبەشییەشدا لە دەروونی هەر نەتەوەیەكیاندا ئەو شعورو بیرو مەعقولاتانە ناوروژێنن كە لە دەروونی ئەوانی تردا دەیوروژێنن))[1]. گۆڕانی زمان بە مانا ریشەییەكەی گۆڕانی ئەو چۆنایەتییانەی شتەكانە كە لە دەروونی هەر نەتەوەیەكدا هەن نەك گۆڕانی گۆكراوەكان كە ئاماژە بەو مەعقولاتانە دەدەن و لە دەروندا دەیانوروژێنن و جیایان دەكەنەوە لە مەعقولاتە خەوتووەكانی تری ناو دەروون.

بەپێی ئەم بۆچوونە گۆڕانی چۆنایەتی ئەم مەعقولانەی كە وشەكان ئاماژەیان پێدەدەن و دەیانوروژێنن، تەنها بەگۆڕانی میزاجی عەقڵی دەبێت،گەر میزاجی عەقڵی نەگۆڕێت ئەوانیش ناگۆڕێن، گەر ئەوانیش نەگۆڕران ئەو زمانە وەرگیراوە دەگۆڕن كە جێگەی زمانی نەتەوەكەی گرتووەتەوەو لەماوەیەكی دیاریكراویشدا ئەو زمانە وەرگیراوە ئەوەندە دەگۆڕن وەك زمانێكی سەربەخۆو جیاوازی لێدێت و لە زمانە وەرگیراوەكە جیادەبێتەوە ((نەتەوەی (گۆل) دوو سەدە دوای وڵاتگیریی رۆمان زمانی لاتینی وەردەگرێت، بەڵام بەپێی پێداویستییەكانی خۆی دەیگۆڕێت و بەڕەنگی مەعقولاتەكانی خۆی رەنگی دەكات و لەسەر ئەمە بەردەوامدەبێت تا دەیكات بە زمانی فەرەنسایی ئێستا))[2].

ئەوەی لەم بۆچوونەدا گرنگە ئەوەیە كە گۆڕانی دەرەكی زمانی نەتەوەیەك لە گۆڕانی ناوەكی جیادەكاتەوەو ئەوە رووندەكاتەوە كە گۆڕانی دەرەكی گۆڕانێكی رواڵەتییەو دواجار دەكەوێتەوە ژێر كاریگەری گۆڕانە ناوەكییەكەو زمانەكە بە ئاڕاستەیەكدا ئاڕاستە دەكات جیاوازە لە ئاڕاستەكردنی لەلایەن ئەو هێزە دەرەكییەوە كە زمانەكەی لە دەرەوە گۆڕیوە.

لۆبۆن لێرەدا خاڵێكی تیۆری گرنگ لەبارەی جیاوازی زمانەكانەوە دەخاتەڕوو، ئەویش ئەوەیە ئەوەی كە گۆكراوەكانی زمانی نەتەوەیەك ئاماژەی پێدەكەن لەناو گۆكراوەكاندا نییەو لەگەڵ گۆكراوەكاندا نەچووەتە ناو پێكهاتەیەكی لەو جۆرەوە كە بەهیچ شێوەیەك لێیان جیانەبێتەوە، بەڵكو تەواو بەپێچەوانەی

(1) هـ. س: 37.

(2) هـ. س: 78.

ئەمەوە ئەوەی گۆکراوەکان ئاماژەی پێدەدەن بوونێکی دابڕاو و جیاو سەربەخۆی هەیەو بە لەناوچوونی گۆکراوەکەی ئەو لەناوناچێت و هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە، ئەوەی گۆکراوەکان ئاماژەیان پێدەدەن و دەیانوروژێنن ئەو مەعقولاتانەن کە لەناو دەرووندا بەسەربەخۆ لە گۆکراوەکان بوونێکی زەینییان هەیەو خاوەنی چۆنایەتی و دروستەی سەربەخۆی خۆیانن. ئەوەش کە جیاوازی زمانەکانی لێدەکەوێتەوە، جیاوازی نێوان مەعقولاتە زەینییەکانی دوو کۆمەڵگای جیاوازن و جیاوازی نێوان گۆکراوەکانیان نین، بۆیەگەر گۆکراوەکانیشیان بە رێگایەك لە رێگاکان بکرێنەوە بەیەك و مەعقولاتەکانیان جیاواز بن ئەو دوو زمانە بەمە نابنەوە بەیەك، چونکە ئەوەی تێگەیشتنی هاوبەش دروستدەکات گۆکراوە ئاماژەدەرەکان نین و مەعقولاتە ئاماژەپێکراوەکانن.

دەکرێت کەسێك یان کۆمەڵەکەسێك هەر لە منداڵییەوە زمانێکی تر فێربکرێن و ئەو زمانە فێرنەکرێن کە زمانی خۆیانەو ئاماژەدەرەکانی ئاماژە بە مەعقولاتەکانی ناو زەینی خۆیان دەکەن، بەڵام بەفێرنەبوونی زمانی دایکی خۆیان و فێربوونی زمانێکی تر مەعقولاتەکانیان نابن بە مەعقولاتی ئەو زمانەی کە فێری بوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە پرۆسەی فێربوونی زماندا مەعقولاتەکانی ئەو زمانە ناگوێزرێنەوە، ئەوەی دەگوازرێتەوە تەنها گۆکراوەکانن، گەر گۆکراوەکان هەماهەنگ بن لەگەڵ مەعقولاتی کەسە فێرکراوەکاندا، ئەوا ئەو گۆڕانانەی کە ئەو کەسە فێرکراوانەو نەوەکانیان لەو زمانەدا دەیکەن هەمان ئەو گۆڕانانە دەبن کە خاوەنانی ئەو زمانەو نەوەکانیان لە زمانەکەدا دەیکەن، بەڵام ئەگەر گۆکراوەکانی ئەو زمانە لەگەڵ مەعقولاتی کەسە فێرکراوەکاندا هەماهەنگ نەبن, ئەوا پێداویستیی ئەوان بۆ گوزارشتکردن لە مەعقولاتەکانی خۆیان زمانەکە بە ئاڕاستەیەکی تەواو جیاواز لە زمانی خاوەن زمانەکان دەگۆڕێت و لە چەند نەوەیەکدا ئەوەندە بەو ئاڕاستەیەدا دەیبات تا وەك زمانێکی سەربەخۆی لێدەکات و جیایدەکاتەوە لە زمانی خاوەن زمانەکان.

ئەوەی وادەکات زمانێك زمانی کۆمەڵە کەسێك یان کۆمەڵگایەك بێت هی کۆمەڵگایەکی تر نەبێت گۆکراوەکانی ئەو زمانە نین، بەڵکو مەعقولاتە گوتراوەکانی ئەو زمانەن، ئەوەش وادەکات زمانێك نەبێت بە زمانی دوو کۆمەڵگای جیاواز جیاوازی مەعقولاتە گوتراوەکانی ئەو دوو کۆمەڵگایەیە نەك جیاوازی گۆکراوەکانیان, یەکبوونی مەعقولاتەکانی دوو زمانی جیاواز دوو زمانە جیاوازەکە دەکاتەوە بەیەك باح گۆکراوەکانیشیان جیاواز بن، بەڵام یەکبوونی گۆکراوەکانی مەعقولاتی جیاوازی دوو کۆمەڵگای جیاواز زمانی ئەو دوو کۆمەڵگایە بەرەو ئەوە دەبات ببێت بە دوو زمانی جیاواز، با خۆیشی یەك زمان بێت.

گەر بەپێی ئەو چوار توخمە بنچینەییەی کە تیۆرە عەقڵییەکە وەك بنەمایەك بۆ پەیدابوونی زمانەکان و جیاوازی زمانەکان دیاریان دەکات و رۆڵی هەریەکەیان لەمەدا دەخاتەڕوو، هەردوو روانگە جیاوازەکەی تیۆرە سروشتییەکە بۆ پەیدابوونی زمانەکان و جیاوازییەکانیان لێکبدەینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت تیۆرە سروشتییەکە لەو چوار توخمە (توخمی عەقڵی، توخمی سروشتی، توخمی ئامێری، توخمی

بەکارهێن)، سێ توخمیان بەو توخمە بنچینەییانە دەزانێت کە دەبنە بنەمای بنچینەیی پەیدابوونی زمانە جیاوازەکان، ئەوانیش (توخمی سروشتی و توخمی ئامێری و توخمی بەکارهێن)ن، واتە توخمە عەقڵییەکە ناچێتە ناو پێکهاتەی ئەو بنەمایەوە، جگە لەمەش لەناو ئەو سێ توخمەدا بەهۆی تەماهیکردن بەرۆڵی توخمە عەقڵییەکە لەناو توخمە سروشتییەکەدا، توخمە سروشتییەکە دەبێتە توخمی بنچینەیی ناو بنەمای پەیدابوونەکەو رۆڵی بەخشینی فرمانەکان و چۆنایەتی و دروستەکان لە ئەستۆدەگرێت. جیاوازی هەردوو روانگەکەی تیۆرە سروشتییەکە تەنها لەوەدایە: روانگە بابەتییەکە سروشتی ناسازی ژینگەی سروشتی دەکاتە سەرچاوەی فرمان و چۆنایەتی و دروستەکانی زمان، بەڵام روانگە خودییەکە سروشتی جیاوازی کۆمەڵگا سروشتییەکان دەکات بە سەرچاوە.

ئەم تیۆرە لەبەرئەوەی توخمە سروشتییەکە بە توخمی بنچینەیی و سەرەکی بنەمای پەیدابوونی زمانە جیاوازەکان دەزانێت، لە دوو تیۆرەکەی تر زیاتر رۆڵی توخمە سروشتییەکە رووندەکاتەوەو بەڵگەو سەلماندنێکی باشتر بۆ رۆڵی ئەو توخمە لە بنەمای پەیدابوونەکەدا دەدات بە دەستەوە.

## 3/1) ڕوانگەی دروستەیی بۆ بوونی زمان و جیاوازی زمانەکان

ڕوانگەی تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چومسکی و ڕوانگەی دروستەیی تیۆرە دروستەییەکەی سۆسۆر لەسەر ئەوە هاوڕان ئەو ئامێرەی لە کردەی گوتندا مرۆڤی کۆمەڵگا جیاوازەکان بەکاری دەهێنن مەلەکەی زمانە، ڕوانگە دروستەییەکەی ئەم تیۆرە هەوڵدەدات ئەو ئامێرەمان پێبناسێنێت و ئەوەمان بۆ ڕوونبکاتەوە لە چی پێکدێت و دروستەو سروشتی پێکهاتنەکەی چییەو توخمەکانی ناو ئەو پێکهاتەیە بەچی لەناو پێکهاتەکەدا بوونەتەوە بەیەك و پەیوەندی نێوان توخمەکانی ناو پێکهاتەی ئەو ئامێرە چۆنە؟

سۆسۆر هەوڵدەدات لە ڕوانگە دروستەییەکەی خۆیەوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە. سەرەتا بەوە دەستپێدەکات لەناو کردەی گوتندا شوێنی زمان وەك ئامێرێك کە بۆ ئەنجامدانی ئەو کردەیە بەکاردەهێنرێت دیاری بکات، بۆ ئەم مەبەستەش نمونەی کردەیەکی گوتن لەناو کۆمەڵگادا وەردەگرێت و ناوی دەنێت بازنەی گفتوگۆ، لای ئەو بۆ ئەنجامدانی کردەی گوتن بە تەواوەتی بەلایەنی کەمەوە پێویستە دوو کەس هەبن: یەکێکیان کردەی گوتنەکە بە ئامێری زمان بۆ ئەویتریان ئەنجام بدات و ئەویتریشیان ئەوە قبوڵبکات کە ئەو کردەی گوتنە لەودا وەدیبێت و ڕێگر نەبێت لەبەردەم بەئاکام گەیشتنی کردەی گوتنەکە لەخۆیدا، بەبێ ئامادەیی ئەو کەسەی کە کردەی گوتنەکە تیایدا وەدیدێت، کردەی گوتنەکە بەناتەواوی دەمێنێتەوە، واتە بۆ تەواوبوونی کردەی گوتن هەردەبێت کەسێك هەبێت ڕێگە بدات کردەی گوتنەکە تیایدا وەدیبێت. سۆسۆر بەمە ئەوە دەسەلمێنێت کردەی گوتن بەلایەنی کەمەوە کەسێکی پێویستە کردەکە ئەنجامبدات و کەسێکی تریشی پێویستە کردەکەی بۆ ئەنجامبدرێت. یەکەمیان لە کردەی گوتنەکەدا کاراو ئیجابییەو دووەمیان کاراکراو و سەلبییە. ئەو لەم بارەیەوە دەڵێت: «گەر بمانەوێت لەکوێی ئەو توخمانەی کە دوان پێکدەهێنن، ئەوانەیان جیابکەینەوە کە سەر بە زمانن، پێویستە لەناو ئەو کردە تاکەکەسییەدا بگەڕێین کە دەکرێت لە دروستکردنەوەی بازنەی گفتوگۆدا بەکاربهێنرێت، کردەیەکی لەو جۆرەش بەلایەنی کەمەوە پێویستی بە دوو کەس هەیە، ئەمەش کەمترین ژمارەیە کە بۆ کامڵبوونی بازنەکە پێویستە، با وادابنێین (أ) و (ب) دوو کەسن لەگەڵ یەکدا دەدوێن: با وادابنێین سەرەتای بازنەکە لە مێشکی (أ)دایە، لەوێدا کە ڕاستییە بیرییەکان (بیرەکان) پەیوەست دەبن بەو دەنگە زمانیانەوە (وێنەی دەنگی) کە دەیاننوێنن و بۆ گوزارشتکردن ئەو بیرانە بەکار دەهێنرێن. لێرەدا هەر بیرێکی دیاریکراو ئەو وێنە دەنگییە دەوروژێنێت کە پێوەی پەیوەستە: ئەوەی لێرەدا ڕوودەدات دیاردەیەکی سایکۆلۆجییە، بەدوای ئەم دیاردە سایکۆلۆجییەدا پرۆسەیەکی فیسیۆلۆجی دەست پێدەکات: لەم پرۆسەیەشدا مێشك ئاماژەیەکی گونجاو بەوێنە دەنگییەکە دنێرێت بۆ ئەو ئۆرگانانەی کە لەبەرهەمهێنانی ئەو دەنگەدا بەکاردەبرێن، دوای ئەمەش لە دەمی (أ)ەوە شەپۆلە دەنگییەکان دەگوازرێنەوە بۆ گوێی (ب)، ئەمەش پرۆسەیەکی فیزیایی ڕووتە، دوای ئەمەش بازنەی گفتوگۆ لە (ب)دا درێژە بەخۆی دەدات، بەڵام بەشێوازێکی پێچەوانە، دوای گەیشتنی شەپۆلە دەنگییەکان بەگوێی لەگوێیەوە ئاماژەیەك بەرەو مێشك دەڕوات ئەمەش ناردنێکی

فیسیۆلۆجییانەی وێنە دەنگییەکەیە: دوای ئەمەش لە مێشکدا وێنە دەنگییە هاتووەکە پەیوەست دەکرێتەوە بە هەمان ئەو بیرەوە کە لە مێشکی (أ)دا دەینوێنێت و گوزارشتی لێدەکات. ئەم پەیوەستکردنەش پەیوەستکردنێکی سایکۆلۆجییانەیە))[1] بەمەش بازنەی گفتوگۆکە کامڵ دەبێت.

دوای ئەوەی کردەی گوتن لە بازنەی گفتوگۆکەدا لەڕێگەی (أ)ەوە بۆ ئێمە ڕووندەکاتەوە، هەوڵدەدات لەناو کردەی گوتندا سێ حاڵەتی جیاواز لە یەکتر جیابکاتەوە: دۆخی سایکۆلۆجی و دۆخی فسیۆلۆجی و دۆخی فیزیایی. ئەم جیاکارییەش لەپێناو ئەوەدایە ئەوەمان بۆ ڕوونبکاتەوە زمان وەك ئامێری گوتن دەکەوێتە ناو کام لەم سێ حاڵەتەی کردەی گوتنەوە.

لای ئەو لە دۆخە سایکۆلۆجییەکەی گوتندا توخمە فیزیاییەکانی کردەی گوتن (واتە شەپۆلە دەنگییەکان و دەنگەکان) و توخمە فیسیۆلۆجییەکان (واتە ئەندامەکانی دەربڕین و بیستنی دەگەکان) بوونیان نییە، ئەوەی بوونی هەیە تەنها بیرەکان و وێنەی دەنگەکانن. وێنەی دەنگەکانیش جیاوازن لە دەنگەکان خۆیان, چونکە دەنگەکان توخمی ناو حاڵەتە فیزیاییەکەی کردەی گوتنن، بەڵام وێنەی دەنگەکان ئەو دروستەیە کە دەنگەکان لە وشەیەکی گۆکراودا دەکاتەوە بە یەك، پێکهاتەی دەنگی ئەم دروستەیەش توخمێکە لە توخمەکانی حاڵەتە سایکۆلۆجییەکەی گوتن و لەگەڵ بیرەکاندا هەردووکیان لە مێشکدان، واتە لەو شوێنەدان کە گوتن تیایدا کردەیەکی سایکۆلۆجییە[2].

دوای جیاکردنەوەی حاڵەتی سایکۆلۆجی گوتن و توخمەکانی ئەوە ڕووندەکاتەوە، لە کردەی گوتندا دوو لایەنی جیاواز هەیە: ((لایەنی ئیجابی و کاراو لایەنی سلبی و کاراکراو، هەموو ئەوەی کە لە ناوەندی پەیوەستبوونی قسەکەرەوە دەگوێزرێتەوە بۆ گوێی بیسەر ئیجابی و کارایە، هەموو ئەوەشی کە لەگوێی بیسەرەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناوەندی پەیوەستبوونەکەی ناوخۆی سەلبییەو کاراکراوە. هەموو ئەوەی لە بەشە سایکۆلۆجییەکەی بازنەکەدا کارایە ڕۆڵی جێبەجێکردن دەگێڕێت، هەموو ئەوەشی کە ناکارایە ڕۆڵی وەرگرتن دەگێڕێت))[3].

بەم جیاکارییەش لەنێوان لایەنی سایکۆلۆجی و توخمەکانی لە دوو لایەنەکەی تر دەگەین بەوەی کە لە حاڵەتە سایکۆلۆجییەکەی کردەی گوتندا ئامێرێك هەیە کە دوو توخمە سایکۆلۆجییەکە بەیەکەوە پەیوەستدەکات، واتە هەر بیرێك لە بیرەکان بە پەیوەستکەرێکی سایکۆلۆجی لەناو مێشکدا پەیوەستدەکات بەو وێنە دەنگییەوە کە دەینوێنێت و بۆ گوزارشتکردن لێی بەکاردەهێنرێت. ئەوەی لەم حاڵەتە سایکۆلۆجییەدا ئەم پەیوەستکردنە ئەنجامدەدات، ئەو ئامێرەیە کە سۆسۆر بە مەلەکەی زمان ناوی دەبات.

مەلەکەی زمان لای ئەو مەلەکەی پەیوەستکردن و یەکخستنی بیرە جیاوازەکانی ناو مێشك و وێنە دەنگییەکانیانە لە مێشکدا، هەر ئەویشە زمان والێدەکات شێوەی سیستەمێك بگرێت[4]. ئەوەی لە

[1] فردینان دي سوسور، علم اللغة العام: 29-30.
[2] هـ. س: 31.
[3] هـ. س: هـ. ل.
[4] هـ. س: هـ. ل.

کردەی گوتندا بۆ سۆسۆر گرنگە تەنها ئەوەندەیە لەناو ئەو کردەدا شوێنی کارکردنی مەلەکەی زمان بدۆزرێتەوەو ئەو رۆڵەی لە کردەی گوتنەکەدا هەیەتی دیاری بکرێت. دوای ئەمە دەبێت بەشوێن ئەوەدا برۆین کە مەلەکەی زمان لە پەیوەستکردنی سایکۆلۆجییانەی وێنە دەنگییەکان بە بیرەکانەوە پەیڕەوی چی دەکات و بۆ ئەم کارەی خۆی لە چ سەرچاوەیەکەوە فرمان وەردەگرێت؟ سۆسۆر بۆ دیاریکردنی سەرچاوەی فرمانە وەرگیراوەکانی مەلەکەی زمان لەو کەسەدا ناگەڕێت کە لە کردەی گوتندایەو مەلەکەی زمان لەودا لە کارایە بۆئەوەی زمان لەشێوەی سیستەمێکدا بخاتەڕوو، بۆ دۆزینەوەی ئەم سارچاوەیە دەچێتە دەرەوەی ئەو کەسەو سەچاوەیەکی دەرەکی بۆ فرمان و چۆنایەتییەکانی کارکردنی مەلەکەی زمان دەدۆزێتەوە.

لێرەدا لەڕوانگەی بابەتیی تیۆرە سروشتییەکە نزیك دەکەوێتەوە، چونکە ئەم روانگەیەش بە هەمانشێوە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی فرمان و چۆنایەتییەکانی زمان لە مرۆڤدا ناگەڕێت و لە سروشتی ژینگە زمانییەکە دەگەڕێت. گەر روانگە بابەتییەکەی تیۆرە سروشتییەکە سروشتی ژینگە سروشتیەکەی کردبێت بە سەرچاوەی فرمان و چۆنایەتییەکانی زمان، ئەوا ئەم روانگە ئامێرییەی تیۆرە دروستەییەکە ژینگەی زمانی دەکاتە سەرچاوە بۆ ئەو فرمان و چۆنایەتییانەی کە مەلەکەی زمان لە کردەی گوتندا لە زماندا شێوەگیریان دەکات. سۆسۆر بۆ ئەمە لە باسکردنی مەلەکەی زمان لە تاکەکەسدا بەرەو باسکردنی ئەو ژینگە زمانییە دەڕوات کە تاکەکەس تیایدا کردەی گوتن بە مەلەکەی زمان ئەنجامدەدات، ئەو ژینگە زمانییەش ئەو کۆمەڵگا زمانییەیە کە ((تاکەکانی بە پەیوەندی دوان لەگەڵ یەکدا لە پەیوەندیدان و بۆخۆیان جۆرێك لە پێوانەیان داناوە، ئەو تاکەکەسانە هەموویان بەردەوام هەمان ئاماژە بۆ هەمان ئەو بیرانە بەکاردەهێنن کە دەیانگەیەنن))[(1)]. ژینگەی زمانی بەپێی ئەم بۆچوونە ئەو کۆمەڵگایەیە کە ئەندامەکانی لە پەیوەندییەکی زمانیدان و بنەمای بە کۆمەڵگابوونیان ئەو زمانە دیاریکراوەیە کە هەموویان لە کردەی گوتند لەگەڵ یەکتری بەکاری دەهێنن و مەلەکەی زمان لە هەریەکەیاندا بۆ کارەکەی خۆی پەیڕەوی فرمان و چۆنایەتییەکانی دەکات.

پەیوەندییە زمانییەکانی ناو کۆمەڵگایەکی زمانی لەڕێگەی سێ پرۆسەکەی کردەی گوتنەوە دادەمەزرێن، بەڵام ئەوەی توخمی بنچینەی پەیوەندییەکانی ئەو کۆمەڵگا زمانییەیە پرۆسە سایکۆلۆجییەکەی کردەی گوتنە، چونکە گەر لە کەسێکدا پرۆسە سایکۆلۆجییەکە ئەو بیرانە پەیوەست نەکات بەوێنە دەنگییەکانەوە کە هەموو تاکەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە پەیوەستیان دەکەن، ئەوا کردەی گوتنەکە جێبەجێ نابێت، بۆنمونە کاتێك کەسێك سەر بە کۆمەڵگایەکی زمانییە دەچێتە ناو کۆمەڵگایەکی زمانی جیاواز لە کۆمەڵگاکەی خۆی و لەوێ کردەی گوتن ئەنجامدەدات، لەبەرئەوەی هەمان ئەو بیرانە بە هەمان ئەو وێنە دەنگییانەوە پەیوەست ناکات کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگا زمانییە پەیوەستیان دەکەن، کردەی گوتنەکە سەرناگرێت و ناتوانێت بکەوێتە ناو تۆڕی پەیوەندییە زمانییەکانی ئەو کۆمەڵگا زمانییەوە، هەر ئەمەش وادەکات ((ئێمە کاتێك گوێمان لە کەسانێك دەبێت بە زمانێك دەدوێن کە ئێمە

---

(1) هـ. س: هـ. ل.

لێی تێناگەین، چونکە ئێمە تەنها گوێمان لە دەنگەکان دەبێت و بەمە ناکەوینە ناو توخمە کۆمەڵایەتییەکەوەو لە دەرەوەی دەمێنینەوە، لەوان تێناگەین))[1].

بەپێی ئەم بۆچوونە پرۆسە سایکۆلۆجییەکەی پرۆسەی گوتنیش هەموو نابێتە بنەمای بنچینەیی پەیوەندییە زمانییەکانی ئەو کۆمەڵگا زمانییە، ئەوەی لە پرۆسە سایکۆلۆجییەکەدا دەبێت بە بنەمای بنچینەیی ئەو پەیوەندییانە ئەو فرمان و دەستورانەن کە مەلەکەی زمان لە کردەی گوتندا بۆ پەیوەستکردنی بیرەکان بە وێنە دەنگییەکانەوە پەیڕەویان دەکات، واتە ئەو فرمانانەی کە مەلەکەی زمانی ناو هەموو تاکەکانی یەك کۆمەڵگای زمانی لە کردەی گوتنی بیرێکدا بۆ دروستکردنی پەیوەندی زمانیی نێوان ئەو تاکانە پەیڕەویان دەکات، ئەو فرمانانەش کە مەلەکەی زمان لە پرۆسەی گوتنی بیرێکدا پەیڕەویان دەکات ئەوانەن کە فرمان دەکەن بەوەی لە پرۆسەی گوتنی ئەو بیرەدا کام لە وێنە دەنگییەکانی ناو مێشك پەیوەست بکرێن بەو بیرەوەو کامیان لەپاڵ کامیاندا دابنرێت؟ ئەمە ئەوە دەگەیەنێ لە کردەی بە گوتنکردنی بیرێکدا دوو جۆر فرمان هەن: یەکەمیان ئەو فرمانانەن کە مەلەکەی زمان بۆ هەڵبژاردنی وێنە دەنگییەکانی گوتنی بیرێك جێبەجێیان دەکات، لەگەڵ ئەو فرمانانەی کە بۆ خستنەپاڵی وێنە دەنگییەکان بەپێی بیرەکە لە گوتنی هەمان بیردا جێبەجێیان دەکات. مەلەکەی زمانی کۆمەڵگایەکی زمانی بەوە تاکەکانی ناو ئەو کۆمەڵگا زمانییە لە کۆمەڵگایەکی زمانی دیاریکراودا دەکاتەوە بەیەك کە لەناو هەموو تاکەکاندا بۆ گوتنی بیرێك پەیڕەوی هەمان فرمانی هەڵبژاردن و خستنە پاڵ یەکی وێنە دەنگییەکانی ناو مێشکی هەموویان بکرێت.

لای سۆسۆر ئەوەی بنەمای راستەقینەی بوونی کۆمەڵگایەکی زمانییە، بوونی هەمان فرمانە بۆ هەڵبژاردن و خستنەپاڵ یەکی وێنە دەنگییەکان لە دەربڕینی هەمان بیردا. واتە ئەوەیە کە دەبێت مەلەکەی زمان لە پرۆسەی گوتندا بۆ جێبەجێکردنی کردەی گوتن لە تاکەکانی ناو کۆمەڵگایەکی زمانیدا پەیڕەوی بکات، نەك خودی پرۆسەی جێبەجێکردنەکە، بۆیە گەر پرۆسەی جێبەجێکردنی فرمانەکانیش لە تاکەکاندا جیاواز بێت کێشە لە بوونی پەیوەندییە زمانییەکاندا دروست ناکات و نابێتە هۆی تێکدان یان گۆڕانیان.

ئەوەی پەیوەندییە زمانییەکانی ناو کۆمەڵگایەکی زمانی دەگۆڕێت، گۆڕانی ئەو فرمانانەیە کە مەلەکەی زمان لە کردەی گوتندا لەناو هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگایەدا دەبێت پەیڕەویان بکات. لەم بارەیەوە سۆسۆر دەڵێت: ((بەشی سایکۆلۆجی بازنە (ی دوانەکە) هەمووی بەشداری ناکات: لایەنی جێبەجێکردن بوونی نییە، کۆمەڵ هەرگیز پرۆسەی جێبەجێکردن ئەنجام نادات، چونکە پرۆسەی جێبەجێکردن بە تەنها کاری تاکەکەسەو خۆی سەرداری ئەو پرۆسەیە))[2]، واتە شێوازی جێبەجێکردنی فرمانەکان هیچ کاریگەری لەسەر پەیوەندییە زمانییەکانی ناو کۆمەڵگا نییەو تاکەکەس بە ئارەزووی

---

[1] هـ. س: 32.

[2] هـ. س: هـ. ل.

خۆیەتی چ چۆنایەتییەك بۆ شێوەگیرکردنی ئەو فرمانانە دەدات بە مەلەکەی زمان، ئەوەی گرنگە ئەوەیە لە پرۆسەی گوتندا مەلەکەی زمان تەنها پەیڕەوی لەو فرمانانە بکات کە لە هەموو تاکەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایەدا پەیڕەوی دەکرێت، بەمە کۆمەڵگا زمانییەکەو زمانەکە لە بووندا بەردەوام دەبن.

بەپێی ئەم بۆچوونە زمان خۆی کۆی ئەو فرمانانەیە کە مەلەکەی زمان لەناو کۆمەڵگایەکی زمانیدا لە کردەی گوتندا بۆ هەڵبژاردن و خستنەپاڵ یەکی وێنە دەنگییەکان بۆ دەربڕینی بیرێك پەیڕەوییان لێدەکات. ئەوەی لە کۆمەڵگایەکی زمانیدا بوونی ئەو کۆمەڵگایە رادەگرێت، توخمە کۆمەڵایەتییەکەی زمانە. ئەو توخمە کۆمەڵایەتییەی زمان کە هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگایەکی زمانیی تیایدا یەکن، هەمان ئەو توخمەیە کە یەکێتی زمانی ئەو کۆمەڵگایەی لەسەر بەندە، واتە ئەو توخمەیە کە هەموو گوتنەکانی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگا زمانییە بە هەموو شێوازە جیاوازەکانی گوتنی تاکەکەسیی خۆیانەوە تیایدا دەبنەوە بە یەك.

ئەو توخمە بنەماییەی زمان و کۆمەڵگای زمانی ((خەزێنەیەکە تاکەکانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو لەڕێگەی بەکارهێنانێکی چالاکانەی گوتنەوە بەکاری دەهێنن، ئەوەش (ئەو خەزێنەیەی پێ پڕدەکرێت) سیستەمێکی رێزمانییەو بوونێکی خامۆشی لە مێشکی هەموو تاکێکدا هەیە، یان وردتر، بوونێکی خامۆشی لە مێشکی کۆمەڵە تاکێکی دیاریکراودا هەیە، زمان لە تاکەکەسدا ناتەواوەو بوونی خۆی لەناو کۆمەڵدا کامڵ دەکات. جیاکردنەوەی زمان لە گوتن واتە جیاکردنەوەی (1) ئەوەی کە کۆمەڵایەتییە لەگەڵ ئەوەی تاکەکەسییە (2) ئەوەی جەوهەرییە لەگەڵ ئەوەی لاوەکی و راگوزەرە))[1]. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت بنەمای راستەقینەی بوونی زمانێکی دیاریکراو و کۆمەڵگایەکی زمانیی دیاریکراو لە یەکبوونی ئەو فرمانانەدایە کە بەشێوەیەکی خەوتوو و خامۆش لە مێشکی هەموو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا بوونیان هەیەو لەکاتی روودانی پرۆسەی گوتندا بەشێوازە جیاجیاکانی گوتن لەناو گوتراوە شێواز جیاوازەکاندا هەرخۆیەتی خۆیان دەپارێزن و بەمەش بوونی زمانەکەو کۆمەڵگا زمانییەکە رادەگرن.

ئەوەی لە کۆمەڵگای زمانیدا جەوهەرییە یەکبوونی ئەو فرمانانەیە کە مێشکی هەموو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگا زمانییەیان پێ پڕکراوە، ئەوەش لە زمانی ئەو کۆمەڵگایەدا جەهەرییە شێوەگیربوونی هەمان ئەو فرمانانەیە کە شێوازە جیاوازەکانی کردەی گوتنی تاکەکەسەکان لە گوتنە زمانییەکانی خۆیاندا شێوەگیریان دەکەن. ئەو فرمانانەش کە بوونی زمانی ئەو کۆمەڵگایەو پەیوەندییە زمانییەکانی نێوان تاکەکەسانی ئەو کۆمەڵگایە دیاریدەکات، سەرچاوەیان لە تاکەکەس خۆیەوە نەگرتووە، واتە تاکەکەس لە کردەی گوتندا پەیڕەوی ئەو فرمانانە ناکات کە عەقڵی خۆی بڕیار لەسەر بوونیان دەدات، بەڵکو پەیڕەوی ئەو فرمانانە دەکات کە لە دەرەوەی خۆیەوە وەریاندەگرێت. لێرەدا تاکەکەسی ناو کۆمەڵگای زمانی کۆیلەی فرمانەکانی غەیری خۆیەتی و بەفرمانەکانی خۆی کردەی گوتن ئەنجام نادات، بۆیە ئەو فرمانانە لای سۆسۆر فرمانی تاکەکەسی ناو کۆمەڵگای زمانی نین و فرمانی هێزێکن لە دەرەوەی تاکەکەسەوە و

---

[1] هـ. س: 32.

تاکەکەس تەنها جێبەجێکەری ئەو فرمانانەیەو بەهیچ شێوەیەك بۆی نییە گۆڕانیان تیا بکات و فرمانەکانی خۆی بخاتە جێگەیان، بەڵام بۆی هەیە بە چۆنایەتییە تایبەتییەکانی خۆی فرمانەکان جێبەجێ بکات، بەڵام لەوەشدا دەبێت هەرخۆیەتی فرمانەکان پارێزراوبێت و بە چۆنایەتییەك جێبەجێیان نەکات کە گۆڕان لە فرمانەکاندا دروست بکات و زیان بە هەرخۆیەتییەکەیان بگەیەنێت.

بەپێی ئەم بۆچوونە ((زمان ئەرکی تاکەکەس نییە، بەڵکو بەرهەمهاتوویەکە تاکەکەس بەشێوەیەکی سەلبی هەزمی دەکات (....) بەڵام گوتن بەپێچەوانەی زمانەوە کردەیەکی تاکەکەسی و عەقڵی و مەبەستدارە، دەبێت لەناو ئەو کردەیەشدا جیاوازی بکەین لەنێوان (1) ئەو پەیوەستکردنانەی کە قسەکەر لە کاتی بەکارهێنانی زمان (جفرەی زمانی)دا بۆ گوزارشتکردن لە بیرێك بەکاریان دەهێنێت (2) لەگەڵ ئەو پرۆسە سایکۆفیزیاییەی کە یارمەتی تاکەکەس دەدات لە خستنەڕووی ئەو پەیوەستکردنانە لە ڕواڵەتە دەرەکییەکەیاندا))[1]. سۆسۆر لێرەدا داوامان لێدەکات بەوە زمان لە گوتن جیابکەینەوە، کە بزانین زمان کۆمەڵە فرمانێکە تاکەکەس بەبێ بیرکردنەوەیەکی پێشینەو بەشێوەیەکی سەلبی لە دەرەوەی خۆی وەریان دەگرێت و لە کردەی گوتندا جێبەجێیان دەکات، بەڵام گوتن کردەیەکە لە دەستی خۆیدایە، ئەو بەم کردەیە ئەو فرمانانە لەو چۆنایەتیانەدا جێبەجێدەکات کە خۆی دەیەوێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تاکەکەس لە دیاریکردنی فرمانەکاندا هیچ ڕۆڵێکی نییە، بەڵام لە دیاریکردنی چۆنایەتی جێبەجێکردنی ئەو فرمانانەدا خۆی سەرپشکەو بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی چۆنایەتییەکانی خۆی لە جێبەجێکردنی ئەو فرمانانەدا بەکاربهێنێت.

سۆسۆر لەڕێگەی ئەم جیاکاریانەوە دەگاتە ئەوەی زمان ((شتێکی دیاریکراو و ڕوونە لەناو بارستەیەکی نا ڕێکوپێك لە توخمەکانی دواندا، دەکرێت شوێنگەکەی لە بەشێکی دیاریکراوی بازنەی گفتوگۆدا لەو شوێنەدا دیاری بکرێت کە تیایا وێنەی دەنگی پەیوەستدەبێت بە بیرۆکەوە، ئەمەش لایەنی کۆمەڵایەتی دوانەو دەکەوێتە دەرەوەی تاکەکەسەوەو تاکەکەس بەهیچ شێوەیەك بۆی نییە دروستی بکات یان بە تەنیا خۆی دەستکاریی بکات، زمان بوونی نییە تەنها بە جۆرێك لە ڕێکەوتن نەبێت کە ئەندامانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو پێی دەگەن، تاکەکەس لەسەریتی بۆ فێربوونی ئەرکی زمان ماوەیەکی دیاریکراو بەسەربەرێت، منداڵ هەنگاو بە هەنگاو پەی بەو ئەرکە دەبات، زمان شتێکی زۆر ناوازەیە، کاتێك کەسێك توانای بەکارهێنانی گوتن لەدەستدەدات، زمان وەك خۆی لەلای دەمێنێتەوە، ئەگەر هاتوو توانی لەو ئاماژە دەنگییانە تێبگات کە دەیانبیستێت))[2]. لێرەدا سۆسۆر زمان دەکات بە ماهیەتی پرۆسەی گوتن و ماهیەتی زمانیش بە ڕێکەوتنی ئەندامەکانی ناو کۆمەڵگایەك دەزانێت لەسەر ئەو کۆمەڵە فرمانانەی کە تاکەکەس لە دەرەوەی خۆی وەریاندەگرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ماهیەتی هەر زمانێك ڕێکەوتنی ئەندامەکانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراوە لەسەر کۆمەڵە فرمانێك بۆ هەڵبژاردنی وێنە دەنگییەکان و

---

(1) هـ. س: 31-32.

(2) هـ. س: 33.

خستنەپاڵ یەکتریان بۆ دەربڕینی ئەو بیرەی لەناو مێشکی هەموو تاکێکی ناو ئەو کۆمەڵگایەدا شاراوەو پەنهانە.

شێوە جیاوازەکانی تاکەکەسەکان و تەنانەت گۆڕانی فۆڕمە دەنگیەکانی هیچ کاریگەرییەکی ریشەیی لە زماندا دروست ناکەن و ناتوانن ئەو رێکەوتنە کە ماهیەتی فرمانەکانە لە فرمانەکان دووربخەنەوە، بۆیە ئەوەی بنەمای بنچینەیی بوونی زمانە ئەو رێکەوتنەیەو بەبێ ئەو ریککەوتنە زمان بوونی نابێت و بەبێ زمانیش گوتن و دوان بوونیان نابێت. گەر کۆمەڵە فرمانێك بۆ هەڵبژاردن و خستنەپاڵ یەکی وێنە دەنگییەکانی ناو مێشکی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا لە مێشکی یەکێك لە تاکەکاندا بوونیان هەبێت، بەڵام ئەم فرمانانە بەرهەمی رێکەوتنی تاکەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە نەبن و بەرهەمی بیری تاکەکەسەکە خۆی بن، زمان بوونی نابێت، چونکە بوونی زمان لە بوونی کۆی ئەو کۆمەڵە فرمانەوە نییە کە زمانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو پێکدەهێنن، بەڵکو لە بوونی ئەو رێکەوتنە کۆمەڵایەتییەیە کە بەرهەمهێنەری ئەو فرمانانەیە، ئەوەی ئەو فەرمانە دەکات بە زمان شیاوی فەرمانەکان و بڕیاری کۆیی خەڵکی ناو کۆمەڵگایەکی زمانی نییە، بەڵکو ئەو رێکەوتنە کۆمەڵایەتییەیە کە لەسەر فرمانەکان هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت رێکەوتنی کۆیی وادەکات کە فرمانەکانی ناو مێشکی تاکەکان ببن بە فرمانی زمانی و بچنە ناو پێکهاتەی زمانەکەوە.

سۆسۆر کاتێك رێکەوتنی کۆیی کۆمەڵگا دەکاتە بنەمای رەوابوونی فرمانەکانی کردەی گوتن، بەمە بوونێکی کۆمەڵایەتی دەدات بەو فرمانانەی کە بە هەموویانەوە زمان پێکدەهێنن، کەچی لەلایەکی ترەوە باس لەوە دەکات زمان لەناو تاکەکەسدا بوونێکی سایکۆلۆجی هەیەو لەناو سایکۆلۆجیەتی تاکەکانی کۆمەڵگادایە، لێرەدا وادەردەکەوێت لێکدژییەك لە دیاریکردنی بوونی زماندا لە بۆچوونەکانی سۆسۆردا بێت، چونکە لەلایەکەوە ئەو پێی وایە زمان کۆی ئەو فرمانانەیە کە رێکەوتنی تاکەکانی کۆمەڵگا بوونێکی زمانیان پێدەبەخشن و دەیانکەن بە زمان، بەڵام لەلایەکی ترەوە دەڵێت زمان لەوێدابوونی هەیە کە لەسایکۆلۆجیەتی تاکدا وێنەی دەنگی بەپەیوەستبوونێکی سایکۆلۆجی پەیوەست دەبێت بەو بیرەوە کەدەری دەبڕێت.

گەر بەوردی لە بۆچوونەکەی سۆسۆر رامێنین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو باس لە بوونی زمان دەکات لە دوو دۆخی جیاوازدا: دۆخێکیان کۆمەڵایەتییەو لەم دۆخەدا زمان بەوە بوون پەیدادەکات کە کۆمەڵە فرمانێك بۆ هەڵبژاردنی وێنە دەنگییەکان و خستنپاڵ یەکتریان هەبن و بە رێکەوتنی ئەندامەکانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو رەوایەتییان پێبدرێت و بەم رەوایەتییە بیانگۆڕن بۆ ئەو زمانەی کە لە کۆمەڵە فرمانێك پێکهاتووە، بەمەش زمان بوونێکی کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی سایکۆلۆجیەتی تاکەکەسەکانەوە لەشێوەی کۆمەڵە فرمانێکدا پەیدادەکات. بەڵام کاتێك تاکەکەسەکانی ناو کۆمەڵگا بۆ وەگەڕخستنی مەلەکەی زمان لەناو خۆیاندا کۆی ئەو فرمانانە وەردەگرن، ئەم فرمانانە لەناو مێشکی ئەواندا بە بوونە کۆمەڵایەتییەکەیانەوە وەرگیراون و بەبێ ئەو رەوایەتییەی کە رێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکە پێی بەخشیون

نابن بەو فرمان و دەستورانەی کە مەلەکەی زمان بۆ کردەی گوتن لەو کۆمەڵگایەدا ڕەوایە پەیڕەویان بکات، تا ئەو شوێنەی کە زمان وەك کۆمەڵە فرمانێکی ڕەوایەتی پێدراو دەچێتە ناو مێشکی تاکەکەس و لەوێدا خامۆش دەبێت هەر خاوەنی بوونێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام کاتێك تاکەکەس لە کردەی گوتندا بۆ دەربڕینی بیرێك بە وێنە دەنگییەکان پەیڕەویان دەکات و لە پەیوەندی نێوان وێنە دەنگییەکان خۆیانداو لە پەیوەندی ئەوان بە بیرەکەوە جێبەجێیان دەکات، ئەم جێبەجێکردنە زمان لە بوونە کۆمەڵایەتییەکەیەوە بەرەو بوونە سایکۆلۆجییەکەی دەبات.

سۆسۆر فۆڕمە دەنگییەکان دەخاتە دەرەوەی پێکهاتەی زمان خۆی و پێیوایە ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر وێنە دەنگییەکاندا دێن هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر زمان نییە، چونکە ((گۆڕانە دەنگییەکان تەنها کار لەو ماددەیە دەکەن کە وشەکانی لێ پێکهاتووە، گەر کاریش لە زمان بکەن بەوەی کە سیستەمی ئاماژەکانە، ئەوا ئەو کاریگەرییە ناڕاستەوخۆیەو لەڕێگەی ئەو گۆڕانانەوە دروستدەبێت کە ڕاڤەکردنەکانی دوای ئەو کاریگەرییە دەیهێنن، لەم دیاردەیەشدا شتێك بەناوی دەنگەوە بوونی نییە. دیاریکردنی هۆکارەکانی گۆڕانە دەنگییەکان لای هەندێك کەس جێی بایەخە، لێرەشدا لێکۆڵینەوە لە دەنگەکان یارمەتیدەرە، بەڵام ئەمانە هەمووی شتانێکی جەوهەری نین))[1]، لای ئەو تەنانەت ئەو چۆنایەتییە جیاوازانەش کە تاکەکانی کۆمەڵگا فرمانەکانی ناو زمانیان پێ شێوەگیر دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە لە خودی زمان و ناسینی زمان بایەخێکی ئەوتۆی نابێت، چونکە دەکەونە دەرەوەی زمانەوە[2].

بەم پێیە لای سۆسۆر دوان لە دوو پێکهاتەی سەرەکی پێکهاتووە کە زمان و گوتنن.زمان سیستەمێکە لە فرمان بۆ پەیوەستکردنی وێنە دەنگییەکان بە بیرەکانەوە، بەڵام گوتن وەرگرتنی دەستورە لە فرمانەکانی ناو زمان بۆ جێبەجێکردنی ئەو فرمانە لە پەیوەستکردنی وێنە دەنگییەکان بە بیرەکانەوە لەناو سایکۆلۆجییەتی تاکەکەسداو دواتر دەربڕینی ئەم پەیوەستبوونەیە بەو چۆنایەتییانەی کە تاکەکەس خۆی دەیدات بە دەزگای دەربڕینی دەنگەکان بۆ شێوەگیرکردنی فرمانەکانی زمان. کەوابێت زمان لە پێکهاتەی دواندا تەنها ئەو فرمانانە دەگرێتەوە کە مەلەکەی زمان بۆ دروستکردنی ئاماژەکان لە سایکۆلۆجی تاکەکەسدا پەیڕەویان دەکات، بەڵام پەیڕەوکردنەکەیان دەکەوێتە دەرەوەی زمانەوەو دەبێت بە توخمێك لە توخمەکانی پێکهاتەی گوتن و لەگەڵ بەخشینی چۆنایەتی بەو بەرهەمەی کە لە جێبەجێبوونی سایکۆلۆجیانەی فرمانەکان کەوتووەتەوە، جا گوتن دەبێت بە پێکهاتەیەکی تەواو و دوان دێتەئاراوە.

سۆسۆر بەمە زمان کورتدەکاتەوە لە فرمانەکانی زمانداو ئەو چۆنایەتییانەش کە ئەو فرمانانەیان پێ شێوەگیر دەبێت دەکەونە دەرەوەی زمان و دەبن بە توخمەکانی ناو گوتن. کەوابێت فرمانەکانی زمان کە لە تیۆرە عەقڵییەکەدا توخمە عەقڵییەکەی زمانیان پێکدەهێنا لای سۆسۆر زمان خۆی پێکدەهێنن، بەڵام ئەو چۆنایەتییانەی کە وێنە دەنگییە سادەو ئاڵۆزەکان هەیانەو لە سروشتی کۆی کۆمەڵگا سروشتییەکەوە

---

[1] هـ. س: 37.

[2] بڕوانە: هـ. س: هـ. ل.

سەرچاوەیان گرتووە، لای سۆسۆر بە شتانێك دەزانرێن وەك هەر شتێك لە شتەكان كە بەخۆیان بوونیان لە دەرەوە هەبووەو مرۆڤ تەنها بۆ ئاماژەدان بە شتەكان هەڵیبژاردوون و خۆی دەستی لە بوونیاندا نییە، بۆنمونە وێنەی دەنگی (درەخت، پیرەژن، لێمدا) هەموو ئەمانە یان خۆیان یان تۆخمە سادەكانیان وەك فرمانەكان بوونێكی پێشینەیان هەیەو تاكەكانی ناو كۆمەڵگایەكی زمانی وەك فرمانەكان لە دەرەوە وەریان دەگرێت و دواتر بەپێی فرمانكان بۆ بیرەكان هەڵیان دەبژێرێت.

گەر فرمانەكانی زمان بە رێكەوتنی كۆمەلایەتی بووبن بە فرمانی زمانی، ئەوا ئەم وێنە دەنگییانە بەو رێكەوتنە كۆمەلایەتییە نەبوون بە وێنەی دەنگی، بەڵكو بەبێ ئەم رێكەوتنە كۆمەلایەتییەش هەر وێنەی دەنگی بوون، بەمەش لە فرمانەكان جیادەبنەوە. بوونی فرمانەكان و وێنە دەنگییەكان وەك بوونی كۆمەڵە بەردێك و كۆمەڵە فرمانێك وان كە ئەندازیارێك بۆ دروستكردنی خانوویەك لەو بەردانە رەوایەتییان پێدەدات، ئەندازیارەكەش وەك عەقڵی كۆی كۆمەڵگا وایە، بەردەكان خۆیان بە سەربەخۆ هەن و بۆ دروستكردنی خانوو نەهاتوونەتە ئاراوە، تەنها ئەوەندە هەیە كە بە فرمانی ئەندازیارەكە ئەم بەردانە بۆ جێبەجێكردنی فرمانە ئەندازەییەكانی ئەندازیارەكە هەڵدەبژێردرێن، وێنە دەنگییەكانیش بەهەمانشێوەی ئەو بەردانە بەخۆیان هەن و تاكەكانی ناو كۆمەڵگایەكی زمانی بە فرمانە زمانییەكان بۆ دروستكردنی گوتنێك هەڵیاندەبژێرن.

سۆسۆر بەمە چۆنایەتییەكانی زمان دەكاتە دەرەوەی زمان و دەرەوەی گوتنیش، لای ئەو چۆن بەردەكان بە پارچە پارچە لە سروشتدا هەن و ئەوانەی كە خانوویەكیان لێدروستدەكەن لەناو ژینگە سروشتییەكەدا بەپێی فرمانە ئەندازەییەكان بۆ دروستكردنی خانووەكە هەڵیان دەبژێرن، بەهەمانشێوە تاكەكانی كۆمەڵگایەكی زمانیش بۆ دروستكردنی گوتنی بیرێكی تەواو، لە ژینگە دەنگییە زمانییەكەی خۆیاندا بەپێی فرمانە زمانییەكان وێنە دەنگییەكان بۆ دروستكردنی ئەو گوتنە هەڵدەبژێرن. ئەم كردەیەش ناكەوێتە ناو زمانەوە, چونكە جێبەجێكردنی فرمانەكانە نەك بوونی فرمانەكان، لە هەمانكاتیشدا ئەم كارە ناكەوێتە ناو كردەكانی گوتنەوە، چونكە كردەی گوتن بەفیزیكی كردنی بەرهەمی ئەو كردە سایكۆلۆجییەیەو خودی كردە سایكۆلۆجییەكە نییە.دوای ئەوەی گوتنێكی سایكۆلۆجی بەو كردەی هەڵبژاردنە لە سایكۆلۆجییەتدا بەرهەمدێت، گوتن ئەم بەهەمهاتووە دەكات بە گوتنێكی فیزیكی.

گوتنی سایكۆلۆجی ناكەوێتە ناو پێكهاتەی گوتن خۆیەوە، چونكە لای ئەو گوتن لە دۆخە سایكۆلۆجییەكەیدا وێنەی گوتنەو گوتن خۆی نییە, گوتن خۆی دەربڕینی فسیۆلۆجییانەی وێنەی گوتنە لەڕێگەی ئۆرگانەكانی ئاخاوتنەوە بەو چۆنایەتییەی كە تاكەكەسی ناو كۆمەڵگایەكی زمانی بەو دەربڕینەی دەبەخشێت. چۆنایەتییەكانی دەربڕینی فسیۆلۆجی وێنەی گوتنێك سەرچاوە لە ویستی تاكەكەس خۆیەوە دەگرن، واتە لێرەدا هەر تاكەكەسێكی ناو كۆمەڵگای زمانی ئازادە چ چۆنایەتییەك بۆ شێوەگیركردنی وێنەی گوتنێك لە پارچە دەنگێكە فیزیكیدا دەردەبڕێت، تەنانەت تاكەكەس ئازادە لەوەدا لە پارچە دەنگێكی نزم یان بەرزدا وێنەی گوتنەكە دەربڕێت، واتە لەوەدا ئازادە ئەو وێنەی گوتنە بە پارچە

دەنگێکی نزم دەربڕێت یان بە پارچە دەنگێکی بەرز. لەڕووی چۆنییەتیشەوە ئازادە لەوەی ئەو پارچە دەنگە بە نیوەخێراو نیوەهێواش دەربڕێت یان بە هەر ریتم و ئاهەنگێکی تر، واتە ئازادە لە پێدانی هەر چۆنایەتییەك بەو ئاوازەی پارچە دەنگەکە.

پرۆسەی دوان لای سۆسۆر لە پرۆسەی دروستکردنی شارێك یان شارۆچکەیەك دەچێت، گوتنە شێواز جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگای زمانی لە خانووەکانی ئەو شارە دەچن، بەڵام ئەم شارە وەك ئاماژەکان خانووەکانی لە دروستەی بوونیادنرانەکەیاندا جیاوازنین و تەنها لە دروستەی رەنگکردن و جوانکارییەکەیاندا جیاوازن. ئەو ئەندازیارەی کە لە دروستکردنی ئەو شارە لەو خانووانە رەوایەتی دەدات بە فرمانە ئەندازەییەکان وەك ئەو عەقڵە کۆییەی کۆمەڵگایە کە بە رێکەوتن رەوایەتی دەدات بە فرمانە زمانییەکان، کەرەستەکانی دروستکردنی ئەو خانووانە لەوەدا وەك وێنە دەنگییە وەرگیراوەکانن کە هەموویان لە پارچە بەردی هەمان کانە بەردی سروشتی وەرگیرابن، چونکە وێنە دەنگییەکانیش لە هەمان سەرچاوەی پارچە دەنگییە زمانییەکان وەرگیراون، بە فرمانە ئەندازەییەکان ئەو خانووانە دروستدەکرێن کە شێوەگیرکەری هەمان بیرۆکەی خانوون، ئەوەی کە خاوەن خانووەکان دەتوانن بەئارەزووی خۆیان لە خانووەکانی خۆیاندا بیکەن تەنها جوانکاری خانووەکانیانە بە رەنگەکان و هەر شتێکی تر کە کار نەکاتی سەر یەك دروستەیی دروستکردنی خانووەکان.

فرمانە ئەندازەییەکانی شێوەگیرکردنی بیرۆکەی خانووەکان بە کەرەستە وەرگیراوەکانی هەمان کانە بەردەکە لەلایەن خاوەن ماڵەکانەوە، وەك فرمانە زمانییەکان شێوەگیرکردنی بیرۆکەی ئەو گوتنانە وان کە هەر تاکێکی ناو کۆمەڵگای زمانی لەو پارچە دەنگانەدا شێوەگیریان دەکات کە لە ژینگە دەنگییەکەی ئەو کۆمەڵگا زمانییەدا هەن، زمان لای سۆسۆر ئەو فرمانە زمانیانەن. لەسەر بنچینەی ئەم بڕیارە دەتوانین بڵێین: فرمانە ئەندازەییەکانیش ئەندازەی خانووەکانی شارەکەن، کردەی هەڵبژاردنی کەرەستەکان و دروستکردنی خانووەکان بەو کەرەستەهەڵبژێردراوانە وەك کردەی هەڵبژاردنی وێنە دەنگییەکان و دروستکردنی گوتنەکان لە سایکۆلۆجییای تاکەکانی ناو کۆمەڵگای زمانی وایە. لێرەدا تاکەکەسی ناو کۆمەڵگای زمانی وەك خاوەن خانووەکان لە فرمانەکان و دیاریکردنی سەرچاوەی کەرەستەکاندا ئازادنییەو ناتوانێت لە هەموو کۆمەڵە فرمانێك دەستور وەرگرێت و ناشتوانێت لە هەموو سەرچاوەیەکی کەرەستەکان کەرەستە وەرگرێت، تەنها دەتوانێت کەرەستە لە ژینگە زمانییەکەی خۆی و دەستور لەو فرمانانە وەرگرێت کە بۆی دانراون.

خاوەن خانووەکان لە یەك شتدا ئازادن، ئەویش هەڵبژاردنی سەرچاوەی ئەو کەرەستانەی جزانکارییە کە خانووەکەیان پێ جوان و رەونەقدار دەکرێت، لەگەڵ هەڵبژاردنی چۆنایەتییەکانی جوانکردنی خانووەکان بەو کەرەستانە. واتە هەر خاوەن خانوویەك بۆئەوەی خانووەکەی خۆی لە خانووەکانی دەوروبەری جیا بکاتەوە، دەتوانێت کەرەستەیەکی جوانکاری بەکاربهێنێت کە لە شارەکەدا بەکارنەهاتووە، یان

دەتوانێت لە جوانکاری خانووەکەیدا دەستور لە هەمان ئەو فرمانانە وەرنەگرێت کە خانووەکانی دەوروبەری بۆ بەکارهێنانی کەرەستەی جوانکارییەکە دەستوریان لیٚ وەرگرتوون.

بەپێی بۆچوونەکەی سۆسۆر تاکەکانی ناو کۆمەڵگای زمانیش وەك ئەو خاوەن خانووانە تەنها لەوەدا ئازادن کە ئاوازی جیاواز بۆ گوتنەکەیان هەڵبژێرن و لەکاتی گوتنیشدا بەئارەزووی خۆیان گوتنەکەیان بەو ئاوازە ئاوازدار بکەن، واتە دەتوانن بەخاوی یان بەخێرایی یان بە هەر چۆنییەتیەکی تر شێوەبدەن بە ئاوازەکانی گوتنەکەیان. بۆنمونە هەر گۆرانیبێژێك دەتوانێت بە ئاوازێکی تایبەت بەخۆی هەمان گوتن ئاوازدار بکات کە گۆرانیبێژەکانی تر ئاوازداریان کردووە، بەبیٚ ئەوەی گوتراوەکە لە هەرخۆیەتییەکەی خۆی لابدات. تاکەکانی ناو کۆمەڵگای زمانیش دەتوانن بەئارەزووی خۆیان ئەو ئاوازانە بگۆڕن کە لەکاتی دەربڕینی گوتنێکدا گوتنەکە ئاوازدار دەکات، بەبیٚ ئەوەی گوتنە دەربڕراوەکە لە هەرخۆیەتی خۆی بخەن. بەم پێیە گوتن لای سۆسۆر ئاوازدارکردنی گوتنە دەربڕراوەکانە بە ئاوازە جیاوازەکان، ئەم کردەی ئاوازدارکردنەش هیچ کاریگەرییەکی لەسەر هەرخۆیەتی دروستەی دەنگیی دەربڕراوەکە نییەو گۆڕانی هەرخۆیەتی دروستەی ئاوازداری دەنگی دەربڕراوێك هیچ پەیوەندییەکی بە گوتن و زمانەوە نییەو دەکەوێتە دەرەوەی هەردووکیانەوە.

بۆئەوەی لەوە تێبگەین کاتێك کە سۆسۆر دەڵێت تاکەکەس لە زماندا ئازاد نییەو لە گوتندا ئازادە، لەلایەکەوە دەبێت جیاکاری بکەین لەنێوان گوتنی سایکۆلۆجی و گوتنی فسیۆلۆجیدا، لەلایەکی تریشەوە دەبێت لەناو گوتنی فسیۆلۆجیدا جیاوازی بکەین لەنێوان بە فسیۆلۆجیکردنی گوتنی سایکۆلۆجی و ئاوازدارکردنی فسیۆلۆجییانەی ئەو گوتنە فسیۆلۆجییەی کە لە پرۆسەی بەفسیۆلۆجیکردنی گوتنی سایکۆلۆجی، وەك وێنەی دەنگیی گوتن، دەکەوێتەوە. گوتنی سایکۆلۆجی دەربڕینی بیرەکانە بە وێنە دەرەکییە هەڵبژێرراوەکانی ناو مێشك، لێرەدا گوتن بوونێکی دەنگیی نابێت و بەتاڵە لە دەنگ، وەك گوتنی گوتراوێك لە دڵی خۆتدا. بەڵام گوتنی فسیۆلۆجی دەربڕینی هەمان ئەو بیرانەیە بە دەنگەکان خۆیان، لێرەدا دەربڕینی بیرەکە بوونێکی بوونێکی دەنگی و فیزیکی پەیدادەکات، تاکەکەس لەمەشدا ئازادنییەو دەبێت بۆ دەربڕینی بیرەکە بە دەنگەکان دەستور لە وێنە دەنگییەکان وەرگرێت، بۆیە بەپێی بۆچوونەکەی سۆسۆر گوتنی فسیۆلۆجیش گوتن نییە، ئەوەی لای ئەو پێیدەوترێت گوتن تەنها ئاوازدارکردنی فسیۆلۆجییانەی گوتنی فسیۆلۆجییە، چونکە تاکەکەس تەنها لە ئاوازدارکردنی گوتنی فسیۆلۆجیدا ئازادەو دەتوانێت بۆ ئەو ئاوازدارکردنە دەستور لە سەرچاوەیەکەوە وەرگرێت کە بوونی لەناو خۆیدایەو لە دەرەوەی خۆیەوە بۆی نەگوێزراوەتەوە.جگە لە کردەی ئاوازدارکردن تاکەکەس لە دواندا هیچ ئازادییەکی نییەو تەنها ئەوە جێبەجێدەکات کە لە کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆی وەریگرتووە.

لێرەدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە وێنە دەنگییەکان و فرمانەکان کە دوو توخمە سەرەکییەکەی پرۆسەی گوتنن، ژینگە زمانییەکەی کۆمەڵگا زمانییەکان دەیاندەن بە تاکەکانی خۆیان و تاکەکەس لەناو ئەم کۆمەڵگایانەدا بۆی نییە بەبیٚ ئەو فرمان و وێنە دەنگییانە کردەی گوتن ئەنجامبدات. گەر بە هەمان

فرمان و وێنەی دەنگی کردەی گوتن ئەنجام نەدات و بە فرمان و وێنە دەنگییەکانی غەیری ئەو ژینگە زمانییە بدوێت، ناتوانێت بکەوێتە ناو تۆڕی پەیوەندییەکانی ئەو کۆمەڵگا زمانییەوەو ببێت بە ئەندامێك لە ئەندامەکانی.

بەم پێیە ئەوەی زمانی لێوە وەدیدێت ژینگەی زمانییە، ژینگەی زمانیش ئەو فەزا زمانییەیە کە تاکەکانی ناو یەك کۆمەڵگای زمانی پرۆسەی دوانی تیا ئەنجامدەدەن و ئەوەی بوونێکی سایکۆلۆجی لە مێشکدا هەیە دەیکەن بەو گوتنەی کە بوونێکی فیزیکی هەیەو فەزا زمانییەکە پێکدەهێنێت. بەپێی ئەم بۆچوونە زمان ماددەیەکە وەك ئاو وایەو دۆخەکانی خۆی دەگۆڕێت، لەناو کۆمەڵگای زمانیدا لە دۆخێکی فیزیکیدایەو دواتر دەچێتە ناو مێشکی تاکەکان و لەوێ شیتەڵ دەبێت و بۆ فرمانە زمانییەکان و وێنە دەنگییەکان و لە دۆخە خەزنییەکەیدا خامۆش دەبێت، دواتر بەهۆی ئامادەبوونی بیرێك لەناو زەیندا لەو دۆخە خامۆشەی دەردەچێت لەناو سایکۆلۆجییەتی تاکەکاندا ئەوەی شیتەڵبووە لە دۆخێکی سایکۆلۆجیدا یەکدەگرێتەوەو دوای ئەم یەکگرتنەوە سایکۆلۆجییەی فرمانەکان و وێنە دەنگییەکان، ئامادە دەبێت بۆئەوەی بگەڕێتەوە بۆ دۆخە فیزیکییەکەی یەکەمجاری، تاکەکەسەکان لەڕێگەی ئەندامە فسیۆلۆجییەکانی خۆیانەوە لە دۆخە سایکۆلۆجییەکەوە دەیبەنەوە بۆ دۆخە فیزیکییەکەی خۆی.

لەم سێ دۆخەدا سێ هێزی چالاککەرو بگۆڕی دۆخەکانی زمان هەن: ئەوەی زمان لە دۆخە فیزیکییەکەوە بەرەو دۆخە خەزنییە خامۆشەکەی دەبات دەزگای بیستنە، ئەوەش کە لە دۆخە زەینییەکەوە بەرەو دۆخە سایکۆلۆجییەکەی دەبات بیرەکانن، ئەوەش کە لە دۆخە سایکۆلۆجییەکەوە بەرەو دۆخە فیزیکییەکەی دەباتەوە دەزگای گۆکردنی دەنگەکانە.

ئەم بۆچوونە زمان بە زمان خۆی لێکدەداتەوەو ناتوانێت ئەو بنەمایەمان بۆ بدۆزێتەوە کە بنەمای پەیدابوونی زمانە لە هەموو دۆخەکانیدا، واتە گەر ئێمە بپرسین زمان بەچی هەیە؟ یان بنەمای بوونی زمان چییە؟ بەپێی ئەم بۆچوونە وەڵامەکەی ئەوەیە کە زمان بە زمان هەیەو زمان خۆی بنەمای بوونی خۆیەتی، واتە زمان بەخۆی هەیەو بۆ بوونی پێویستی بەهیچ شتێك لە دەرەوەی خۆیەوە نییە.

لێرەدا زمان وەك ئەو جەوهەرەی لێدێت کە لە فەلسەفەدا باسدەکرێت و وادەبینرێت بۆ بوونی پێویستی بە غەیری خۆی نییەو خۆی بنەمای بوونی خۆیەتی. گەر ئەمە وابێت، پرسیارێکی تر دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە کە زمان بەچی دەگۆڕێت و پەرەدەسێنێت؟ ئایا زمان وەك بوونەوەرە زیندووەکان بنەمای پەرەسەندنەکەی لەخۆیدایە یان دەکەوێتە دەرەوەی خۆی؟ یان وەك شتە ماددییەکانەو بنەمای جوڵەو پەرەسەندنەکەی لەدەرەوەی خۆیدایە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان ئەوەی کە لە پرۆسەی دواندا لە زەمەندا جێگیرەو هەرخۆیەتی خۆی دەپارێزێت، لەگەڵ ئەوەی کە گۆڕاو و ڕاگوزەرەو لەناو زەمەندا گۆڕانی بەسەردادێت.

سۆسۆر لە دواندا دوو توخم لە یەکتر جیادەکاتەوە: یەکەمیان (زمان)ە کە کۆمەڵە فرمانێکە مەلەکەی زمان لە لکاندنی وێنە دەنگییەکان بە بیرەکانەوە جێبەجێیان دەکات. دووەمیان(گوتنە، گوتنیش ئاوازدارکردنی دەربڕراوەکانە بەو ئاوازەی کە تاکەکەس دەیدات بە دەربڕراوەکان. توخمی یەکەمیان توخمێکی نەگۆڕو جەوهەرییە، توخمی دووەمیان لاوەکی و گۆڕراوە، ئەم دوو توخمە هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکترەوە نییەو هیچیان کار لەوی تریان ناکات، جگە لەمەش گۆڕانەکانی ناو گوتن بەهیچ شێوەیەك ڕۆڵیان نابێت لە پەرەسەندنی زمانداو ناتوانن زمانێك بەرەو ئەوە بەرن ببێت بە کۆمەڵە زارێك، یان زمانێك والێبکەن کە لە سەردەمێکدا جۆرێك بێت و لە سەردەمێکی تردا جۆرێکی تر. زمان بە گۆڕانی ئاوازی دەربڕراوەکان هەرخۆیەتی وێنە دەنگییەکان و فرمانەکانیشی پارێزراو دەبێت، واتە وێنەی ماددە دەنگییەکەو پەیوەندی نێوان وێنەی ماددە دەنگییەکەو بیرەکە بە گۆڕانی ماددە دەنگییەکە هەروك خۆیان دەمێننەوەو بەمەش زمانەکە لە هیچ ڕوویەکەوە لە هەرخۆیەتییەکەی خۆی ناکەوێت و گەشە ناکات. تاکەکەس بۆیە لە شێوازدان بە دەربڕراوەکان لەڕێگەی ئاوازەوە ئازادە، چونکە ئەو گۆڕانانەی دەبڕاوەکان لە شێوازێکی نزمەوە بۆ شێوازێکی باڵا نابێت و شێوازێکی نمونەیی نییە کە تاکەکەس هەوڵبدات شێوازی دەربڕاوەکانی خۆی بەرەو ئەو شێوازە بەرێت و لەمەشدا تاکەکانی تری ناو هەمان کۆمەڵگای زمانی پەیڕەوی ئەوە بکەن کە ئەو دەیکات، هەر تاکەکەسێکی ناو ئەو کۆمەڵگا زمانییە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و هەر لـەخۆیەوە ئاواز دەدات بە دەربڕراوەکانی و ئەم پەیوەندییە هەڕەمەکییەی نێوان دەربڕراوەکان و ئاوازەکانیان وەك پەیوەندی نێوان بیرەکان و وێنە دەنگییەکان نابێت بە یاساو فرمانێکی زمانی، ئەمەش وادەکات کە تاکەکەس بەردەوام لە ئاوازدارکردنی دەربڕاوەکاندا ئازادبێت.

سۆسۆر ئاوازدارکردنی دەربڕراوە دەنگییەکان و ماددەی دەنگیی دەربڕراوەکان لەگەڵ یەکدا تێکەڵ دەکات و لەم تێکەڵکارییەوە دەڵێت: «ئایا مافی ئەوەمان هەیە بڕیاری ئەوە بدەین زمان بوونێکی ناوابەستەی بە گۆڕانە دەنگییەکانەوە هەیە؟ وەڵام: بەڵێ، چونکە گۆڕانە دەنگییەکان تەنها کار لەو ماددەیە دەکەن کە وشەکانی لێ پێکهاتووە»[1]. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەمەش باس لە سەمفۆنیایەك و ڕێگای ژەنینی ئەو سەمفۆنیایە دەکات لەڕێگەی مۆسیقارێکەوە، پێیوایە زمان و گوتن وەك سەمفۆنیاکە و ژەنینی سەمفۆنیاکە وان، چۆن سەمفۆنیایەك تەواو جیاوازە لەڕێگەی ژەنینی سەمفۆنیاکە و ئەو هەڵانەی کە مۆسیقارێك لە کاتی ژەنینی سەمفۆنیاکەدا دەیکات کار ناکاتە سەر سەمفۆنیاکە خۆی، شێوازی دەربڕینی بیرەکان و وێنە دەنگییەکانیش لە پرۆسەی گوتندا هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ئەوە نییە کە دەری دەبڕن، بۆیە پرۆسەی دەنگی کە بەهەمهێنانی وێنە دەنگییەکانە لە هیچ حاڵەتێکدا کار لەو سیستەمە ناکات کە پەیوەندی وێنە دەنگییەکان و بیرەکان بە فرمانەکانی خۆی ڕێکدەخات[2].

---

(1) هـ. س: 37

(2) هـ. س: هـ. ل.

لەم نمونەیەدا بە تەواوەتی ئەوە دەردەکەوێت مەبەستی سۆسۆر لە گوتن ئەو پرۆسەیەیە کە دەکرێت تیایدا قسەکەرانی زمانێك بکەونە هەڵەوە، واتە بە هەڵە وێنە دەنگییەکان لە ماددە دەنگییەکەدا شێوەگیر بکەن، بەڵام بەو ئاوازەی کە خۆیان دەیدەن بە دەربڕینەکەیان. گەر دەربڕینی وێنە دەنگییەکان بە ماددەی دەنگی بگۆڕین بۆ نوسینی وێنە دەنگییەکان، ئەم بۆچوونەمان بەشێوەیەکی باشتر بۆ ڕووندەبێتەوە.

دەکرێت ئێمە بۆ گەیاندنی بیرێك بە نوسینی وێنەی پیتەکان هەڵە بکەین، بەڵام ئەمە کار لە زمان ناکات و لەڕێگەی وێنەی وشە نوسراوەکەوە لەناو سایکۆلۆجیەتماندا دەتوانین هەڵەکە ڕاست بکەینەوە،جگە لەمەش نوسینی وێنەی وشە نوسراوەکان بە چەند خەتێکی جیاوازو بە قەبارەی جیاواز هیچ کاریگەرییەکی لەسەر وێنەی وشەکان یان ڕستەکانی ناو سایکۆلۆجییەتی ئێمە نییەو نابێتە هۆی ئەوەش کە سیستەمی پەیوەندی بیرەکان و وێنەی وشەو ڕستەکان لە سایکۆلۆجییەتماندا بگۆڕێن، دەربڕینی وێنە دەنگییەکانیش بە ماددەی دەنگی وەك نوسینی وێنەی وشەو ڕستەکان بەو ماددەیەی کە نوسینی پێدەکرێت، هیچ کاریگەرییەکی لەسەر وێنە دەنگییەکان و سیستەمی زمانەکە نابێت، لێرەدا سیستەمی زمان و توخمەکانی بە نەگۆڕی دەمێننەوەو هیچ پەرەسەندنێك تیایاندا ڕوو نادات.

تائێرە ئەوەی سۆسۆر لەبارەی گۆڕاو و نەگۆڕاوی دوانەوە دەیڵێت هیچ کێشەیەکی تیانییە، بەڵام دوای ئەوەی کە دەڵێت ئەگەر گۆڕانە دەنگییەکانیش کار لە زمان بکەن واتە کار لەو سیستەمە بکەن کە بە فرمانەکانی پەیوەندی وێنە دەنگییەکان و بیرەکان ڕێکدەخات ئەوە گۆڕانێکی ڕاستەوخۆ نییەو بەڵکو گۆڕانێکە کە کاریکردووەتە سەر ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکەو وای لێکردووە فرمانێك لەناو سیستەمەکەدا هەڵگرێت و فرمانێکی تر لەبری دابنێت، لەم پرۆسەی لەبری دانانەدا دەنگ هیچ ڕۆڵێکی نییە[1]. لێرەدا سۆسۆر گۆڕان لە ئاوازی وێنە دەنگییە دەربڕاوەکانا تێکەڵ دەکات لەگەڵ گۆڕان لە ماددەی دەنگی وێنە دەنگییە دەربڕاوەکاندا. بۆ جیاوازی ئەم دوو جۆرە لە گۆڕان دەکرێت جارێکی تر سود لە نوسین و وێنەکانی وشەو ڕستە نوسراوەکانی ناو زەین وەرگرین، گۆڕانی خەتەکانی نوسینی وێنەی وشەو ڕستەکانی ناو سایکۆلۆجیەتی تاکەکان و گۆڕانی ئەو ماددەیەی کە نوسینەکەی پێدەکرێت لەگەڵ گۆڕانی ڕەنگەکەیداو ...هتد هیچ کاریگەرییەك لەسەر وێنەی یەکە نوسراوەکان و ئەو سیستەمەش دانانێت کە پەیوەندی ئەوان و بیرەکانی ڕێکخستووە، بۆنمونە لەبری وشەی (ئازاد) ، (بازاد) بنوسرێت و ئەم گۆڕانەش گشتی ببێتەوەو وەرگیرێت، ئەو وێنەی نوسراوی وشەی (ئازاد) لە سایکۆلۆجییەتی تاکەکاندا دەگۆڕێت بۆ (بازاد)و بەمەش گۆڕان لە فرمانەکانی ناو سیستەمەکەدا ڕوودەدات و ئەو فرمانەی کە مەلەکەی زمان لە پەیوەندی نێوان وێنەی نوسراوی (ئازاد)و بیرەکەیدا جێبەجێی دەکات دەگۆڕێت بۆ فرمانێکی تر کە داوا لە مەلەکەی زمان دەکات وێنەی نوسراوی (بازاد) بە بیرەکەوە پەیوەست بکات و وێنەی نوسراوی (ئازاد)ی پێوە پەیوەست نەکات. ئەم دوو دیاردەیە بۆ دەربڕاوی وێنەی دەنگیی (ئازاد) و (بازاد) و بیرەکەو گۆڕانی فرمانی پەیوەستکردنەکەیان دروستە، ڕاستە ئەم گۆڕانە ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی دەوێت، بەڵام ئەوەی وادەکات ئەو

---

(1) هـ.س: 94-95.

ڕێكەوتنە كۆمەڵایەتییە پێویست بێت گۆڕانی دەربڕراوەكەیە نەك خودی ڕێكەوتنەكە خۆی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت دەربڕینی وێنە دەنگییەكان كاریگەریی لەسەر سیستەمی زمان هەیەو لێ دابڕاو نییە، بەڵام هەموو گۆڕانێك لە دەربڕاوەكاندا ڕێكەوتنە كۆمەڵایەتییەكە ناگۆڕێت، جۆرێك لە گۆڕان توانای گۆڕینی ڕێكەوتنە كۆمەڵایەتییەكەی هەیەو جۆرێكی تر نییەتی، هەروەك چۆن لە پرۆسەی ناولێناندا هەندێك لە ناوەكان ڕێكەوتن لەسەریان دروست دەبێت و دەگۆڕێن بۆ وێنەی دەنگی و هەندێكی تر ڕێكەوتن لەسەریان دروست نابێت و ناگۆڕێن بۆ وێنەی دەنگی. بەڵام سۆسۆر بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت پەیوەندی نێوان گوتن و زمان پەیوەندییەكی جەوهەری و ریشەیی نییەو هیچیان كار لەویتر ناكات و وابەستە نین بە یەكترەوە، نكۆڵی لەوە دەكات گوتن یان دەربڕراوەكان هیچ ڕۆڵێكیان لە گۆڕانی سیستەمی زماندا هەبێت، لەكاتێكدا هەر خۆی بەڵگە لەسەر ئەوە دەهێنێتەوە كە پەیوەندییەكی جەوهەری لەنێوان دەربڕاوەكان و سیستەمی زماندا هەیەو گۆڕانی یەكەمیان كار لە دووەمیان دەكات.

سۆسۆر بۆ دیاریكردنی جۆرەكانی گۆڕان لە زماندا نمونەی شەترەنج دەهێنێتەوەو دەڵێت: (( ئەوەی كە لە شەترەنجدا دەرەكییە دەتوانین بە ئاسانی لەوەی جیا بكەینەوە كە ناوەكییە، گەر پارچەكانی شەترەنجێكی لە عاج دروستكراومان لەبری شەترەنجێكی لە دار دروستكراو بەكارهێنا، ئەم گۆڕانە هیچ كاریگەرییەكی لەسەر سیستەمی شەترەنجەكە نابێت، بەڵام گەر پارچەكانی شەترەنجمان كەم و زیاد پێكرد، ئەم گۆڕانە كاریگەرییەكی زۆری لەسەر یارییەكە دەبێت، بۆیە پێویستە ئەوەی دەرەكییە لەوەی جیابكەینەوە كە ناوەكییە، مرۆڤ دەتوانێت لە هەموو حاڵەتێكدا سروشتی ئەم دیاردەیە بە بەكارهێنانی ئەم ڕێسایە دیاری بكات: هەر شتێك بە هەر شێوازێك بێت گۆڕان لە سیستەمدا بكات ناوەكییە))[1]. تێكەڵكارییەكەی سۆسۆر لەنێوان ئەو جۆرە لە گۆڕان كە سیستەمی فرمانەكانی پەیوەندی وێنە دەنگییەكان بە بیرەكانەوە دەگۆڕێت لەگەڵ ئەو جۆرە لە گۆڕان كە ئەو سیستەمە ناگۆڕێت، لەم بەراوردكردنەی زمان وەك سیستەمی دەربڕینی بیرەكان بە دەربڕراوەكان لەگەڵ شەترەنج وەك سیستەمی جوڵاندنی كۆمەڵە داشێك لەسەر ڕوقعەیەكی دیاریكراو بەووردی دەردەكەوێت، ئەو كاتێك باس لە گۆڕانی دووەمیان دەكات باس لە گۆڕانی مادەی داشەكانی شەترەنج دەكات و پێیوایە هیچ كاریگەرییەك لەسەر سیستەمەكە دانانێن، ئەم بۆچوونە بۆ بەراوردكردنی لەگەڵ گۆڕینی ئاوازی دەربڕینی وێنە دەنگییەكان بە ماددەی دەنگی دروستەو بەگۆڕانی ئاوازی دەربڕاوەكان هیچ گۆڕانێك لە سیستەمەكەدا روونادات، ئەم بەراوردكردنەی لێرەدا دروستەو هیچ كێشەیەكی تیا نییە، بەڵام كاتێك باس لەو جۆرە لە گۆڕان دەكات كە زمان دەگۆڕێت و بەراوردی دەكات بە زیادو كەمكردنی پارچەكانی شەترەنج دەكەوێتە ناو هەڵەوە، چونكە زیادو كەمكردنی داشەكانی ناو شەترەنجەكەو خانەكانی هەروەك گۆڕینی ئەو مادەیە وایە كە شەترەنجەكەی لێدروستكراوەو ئەم گۆڕانەش هیچ كاریگەرییەكی لەسەر سیستەمی یارییەكە نییە، چونكە لە یارییەكەدا داشەكان كەم و زیاد دەكەن و سیستەمەكەش بەجێگیری دەمێنێتەوە. كەوابێت دەبێت چ جۆرە گۆڕانێك لە

---

[1] هـ. س: 40.

شەترەنجەکەدا ببێتە هۆی گۆڕانی سیستەمی شەترەنجەکەو بەرەو ئەوەی ببات یارییەکی تری لێ بکەوێتەوە کە جیاوازبێت لە یاریی شەترەنجەکە؟ واتە ئەو گۆڕانە چییە کە کار لە سیستەمی ناوەکیی شەترەنجەکە دەکات و دەیگۆڕێت؟ لەڕاستیدا ئەو گۆڕانە گۆڕانی چۆنایەتییەکانی جوڵەی داشەکانی سەر روقعەی شەترەنجەکەیە، کاتێك جوڵەی یەکێك لە داشەکانی یارییەکە دەگۆڕێت بۆ جوڵەیەك کە دەستور لە فرمانەکانی ناو سیستەمی شەرتەنجەکە وەرناگرێت، بەمە گۆڕان لە سیستەمی فرمانەکانی شەترەنجەکەدا دروست دەبێت و گەر ئەم گۆڕانە لە چۆنییەتی جوڵەی زۆرێك لە داشەکاندا رووبدات، سیستەمی یارییەکە دەگۆڕێت و بەمەش یارییەکی تری جیاواز لە یاریی شەترەنج دێتە ئاراوە. جیاوازیی یاری شەترەنج و یاری دامە تەنها لە چۆنیەتی جوڵەی داشەکانیاندایە، دەکرێت بەهەمان پارچەکانی یاری شەترەنجەکە بەبێ کەم و زیادکردنیان یاری دامە بکرێت، دەشکرێت چەند داشێك لە یاری شەترەنجەکە کەم بکەینەوەو هەر بە هەمان سیستەمی یاری شەترەنجەکە یاری شەترەنج بکەین.

سۆسۆر لە زۆر شوێندا باز بەسەر ئەو چۆنایەتییەدا دەدات کە لە زماندا فرمانەکانی سیستەمی زمانی پێ شێوەگیر دەکرێت، بۆنمونە: ئەو وێنە دەنگییەکان کە هەڵگری چۆنایەتی شێوەگیربوونی فرمانەکانی سیستەمی زمانن بە توخمێك لە توخمەکانی سیستەمی زمان نازانێت، واتە لای ئەو سیستەمی زمان تەنها سیستەمی فرماندانە بە کردن و نەکردنەکان، سیستەمی فرماندانیش نییە بە چۆنییەتی کردن و نەکردنەکان، لە کاتێکدا ئەوەی وادەکات زمانەکان لە پەرەسەندن و گۆڕانی بەردەوامدا بن فرماندان نییە بە کردن و نەکردنەکان، بەڵکو فرماندانە بە چۆنیەتی کردن و نەکردنەکان. واتە سیستەمی زمان تەنها فرمان نادات بەوەی کە چی بکەین و چی نەکەین، فرمانیش دەدات بەوەی چۆن بکەین و چۆن نەکەین. چۆن بکەین و چۆن نەکەین واتە بۆ دەربڕینی بیرێك چ چۆنایەتییەك سازەو چ چۆنایەتییەك ساز نییە. چۆنایەتییەکانیش وێنە دەنگییەکانن، کەوابێت چۆن بکەین و چۆن نەکەین، ئەوە دەگەیەنێت بیرێك لە بیرەکان بە چ وێنەیەکی دەنگی دەربڕین و بە چ وێنەیەکی دەنگی دەری نەبڕین؟ ئەمەش ئەوە دەردەخات وێنە دەنگییەکان کە چۆنایەتییە زمانییەکانن وەك فرمانەکان توخمێکی راستەقینەی ناو سیستەمی زمانن و لەدەرەوەی سیستەمی زماندا نین. ئێمە کاتێك وێنە دەنگییەکانمان خستە دەرەوەی سیستەمی زمان/ ناکرێت باس لە گۆڕانی سیستەمی زمان و پەرەسەندنەکەی بکەین، چونکە بەبێ گۆڕانی وێنە دەنگییەکان زمان لە خۆیدا دەگۆڕێت و ئەم گۆڕانە هەرگیز لە واقیعی زماندا دەرناکەوێت و رەنگ ناداتەوە. واتە زمان لە رواڵەتە دەنگییەکەیدا وەك خۆی بەجێگیری دەمێنێتەوەو هیچ پەیوەندییەکی بە گۆڕانی ماناکان و بیرەکانی ناو ژیانەوە نامێنێت. گەر ئەم رواڵەتەش بگۆڕێت و پەرەبسێنێت، هیچ ئاماژەیەك بە گۆڕانی بیرەکان و سیستەمی فرمانەکانی زمان نادات، هەروەك چۆن گۆڕان لە سیستەمی ئەو فرمانانەو بیرەکاندا بەهیچ شێوەیەك لە رواڵەتی دەنگیی زماندا رەنگ ناداتەوەو دەرناکەوێت.

ئەوەی تیۆرەکەی سۆسۆری بەرەو ئەوە بردووە دیالێکتیکی نێوان رواڵەتی دەنگیی زمان و سیستەمی فرمانە زمانییەکان بگۆڕێت بۆ دابڕان و سەربەخۆبوونی ئەو دوو جەمسەرە لە یەکتری، بنەمای

هەڕەمەکییەتی پەیوەندی نێوان وێنە دەنگییەکان و بیرەکانە. ئەم تیۆرە بەهۆی دەرەنجامە سەلبییەکانی بنەمای هەڕەمەکییەتەوە هیچ لێکدانەوەیەکی بۆ پەیدابوونی زمانەکان و جیاوازیی زمانەکان نییەو لەباسکردنی ئەم مەسەلە زمانییە خۆی دووردەخاتەوەو لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەمانهێڵێتەوە.

فەرامۆشکردنی لێکدانەوەی بوونی زمانەکان و جیاوازییەکان بەئاشکرا لە کارەکەی سۆسۆردا دیارە، بۆنموونە ئەو لە باسکردنی پەیدابوونی زماندا کێشەی پەیدابوونی زمان وەك کێشەی پەیدابوونی مرۆڤ سەیردەکات و لەم بارەیەوە دەڵێت: (هەر کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکان لەبارەی زمانەوە تەنها ئەوەندە دەزانێت کە بەری میراتی بەجێماوی نەوەکانی پێشووەو پێویستە وەریگرێت، هەر لەبەر ئەمەش مەسەلەی پەیدابوونی زمان وەك مەسەلەی بنەچەیی مرۆڤ ئەو گرنگییەی نییە کە وادەزانرێت هەیەتی، بەڵکو ئەم مەسەلەیە شایەنی گرنگی پێدان نییە، چونکە تاکە ئامانجی راستەقینەی زانستی زمان ژیانی سروشتی و ئاسایی زمانێکە کە بوونی هەیە)[1]. ئەو بەم بەراوردکردنەی لەنێوان مسەلەی پەیدابوونی مرۆڤ لە بنەمایەك و مەسەلەی پەیدابوونی زمان هەڵەیەکی گەورە دەکات، چونکە بەمە زمان دەکات بە بوونەوەرێك کە وەك مرۆڤ بەخۆی بوونی هەیەو بنەمای بوونی لە خۆیدایە. ئەمەش زمان دەباتە دەرەوەی مرۆڤ و مرۆڤ لەوە دەردەکات کە بنەمای بوونی زمان بێت و زمان یەکێك بێت لەو بوونەوەرانەی کە سەرچاوەیان لە بوونی مرۆڤەوە گرتووەو بەبێ بوونی مرۆڤ بوونیان نییە.

بۆنموونە ئامێرێکی وەك کۆمپیوتەر بوونەوەرێکە بوونی بە بوونی مرۆڤەوە بەستراوەو بەبێ بوونی مرۆڤ نەیدەتوانی ببێت، کولتورو ئاکارو یاساو بیرو باوەڕەکان و زمان و هونەرو...هتد هەموو ئەمانە بوونیان بەندە بە بوونی مرۆڤەوەو لە مرۆڤەوە وەدیهاتووون، زمان وەك درەخت و گیانلەبەرەکان و توخمە سروشتییەکانی وەك بەردو ئاسن و مرۆڤ و ...هتد نییە کە بنەمای بوونیان بنەمایەکی نادیارو بزر بێت، زمان وەك هەموو ئەو شتانەی تر کە بنەمای بوونیان لەناو مرۆڤدایەو ئەم بنەمایەش تەنها لەو مرۆڤانەدا نەبووە کە سەرەتا زمانیان لێوە وەدیهاتووە، بەڵکو لەناو هەموو مرۆڤێکداو لەناو هەموو نەوەیەکدا ئەو بنەمایە بوونی هەیەو لە زەمینەیەکی دیاریکراودا مرۆڤ وای لێدێت کە وەك ئەو مرۆڤانەی زمانیان لێ وەدیهاتووە زمانی لێ وەدیبێت، بۆیە خۆدوورخستنەوە لە دیاریکردنی بنەمای بوونی زمان هەڵهاتنە لەوەی کە لە زماندا خۆی نادات بە دەستەوە، نەك لەبەر ئەوەیە کە گەڕان بەشوێن ئەو بنەمایەدا کارێکی بێسودەو هیچمان لەبارەی زمانەوە پێناڵێت و هەڵگری نهێنییەك لە نهێنییەکانی زمان نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە چەند زانستی زمان خۆی لە دۆزینەوەی ئەو بنەمایە دوور بخاتەوە ئەوەندە لە ئاشکراکردنی نهێنییەکانی زمان دووردەکەوێتەوەو زمان لەلای دەبێت بە بوونەوەرێکی ئاڵۆزی لەو جۆرە کە تێگەیشتن لە بوونی مەحاڵبێت.

سۆسۆر خۆی بەم شێوەیە لە دیاریکردنی بنەمای بوونی زمان دووردەخاتەوەو وەك مەسەلەیەکیش دەیخاتە دەرەوەی زانستی زمان و سەرقاڵبوونی زانستی زمان بەم مسەلەیەوە بە سەرقاڵبوون بە

[1] بڕوانە: هـ. س: 90.

مەسەلەیەکی بێبایەخ و ناماقوڵ دەزانێت. کەچی خۆی لە کارە زانستییەکەی خۆیدا ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی دەکاتە بنەما بۆ بوون و پەیدابوونی زمان، ئەو پێیوایە بەبێ بوونی ریککەوتنێکی کۆمەڵایەتی زمان بوونی نابێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بوون و پەرەسەندنی زمان بەندە بە بوون و گۆڕانی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی لەسەر چی؟ ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەو زمانەی کە لە شوێنێك هەیەو ژیانی سروشتی و ئاسایی خۆی دەگوزەرێنێت، ئەی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی لەسەر چیی ئەو زمانە؟ ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی لەسەر بڕیاردان لەسەر بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی ئەو زمانە. ئەی بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی ئەو زمانە یانی چی؟ بەکارهێنانی ئەو زمانە واتە وەرگرتنی وێنە دەنگییەکانی یەکە گۆکراوەکانی ئەو زمانەو وەرگرتنی ئەو سیستەمەی کە ئەو وێنە دەنگییانە لە سایکۆلۆجییەتی ئێمەدا پەیوەست دەکات بەو بیرانەوە کە لەناو خۆماندا هەن و هەمان ئەو بیرانەن کە لەناو ئەو خەڵکەدا هەبوون کە ئەو زمانەیان بەکارهێناوە.

گەر ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی ڕێکەوتن بێت لەسەر بڕیاردان لەبارەی بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی زمانێك لە زمانەکان کە بوونی هەیە لەلایەن ئەوانەوە کە دەکەونە ناو ئەو ڕێکەوتنەوە، ئەوا ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی بنەمای بەکارهێنانی زمانێکی دیاریکراوە لەلایەن ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەوە، نەك بنەمای بوونی ئەو زمانەی کە بڕیارە بەکاری بهێنن، ئەمە وەك دەستوری حکومەت و ڕێکەوتنی خەڵکی و دەنگدانی خەڵکی وایە لەسەر بەکارهێنانی ئەو دەستورە. بوون و نەبوونی ئەم ڕێکەوتنە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بوون و نەبوونی ئەو دەستورە نییە کە دەخرێتە دەنگدانەوە، بەهەمانشێوەش ئەو زمانەی کە کۆمەڵگایەکی زمانی لەسەر بەکارهێنانی ڕێکدەکەون هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بوون و نەبوونی زمانەکە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بوون و نەبوونی زمانەکە کاریگەری لەسەر بوون و نەبوونی ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکە هەیە، واتە بوونی ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکە وابەستەیە بە بوونی زمانەوە نەك بە پێچەوانەوە، چونکە گەر زمانێك نەبێت ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیش لەسەر بەکارهێنانی ئەو زمانە بوونی نابێت، بۆیە بوونی زمان پێشمەرجی بوونی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتییەو ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زمان بەبێ بوونی ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی بوونی هەیەو ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی بەبێ بوونی زمان بوونی نییە، واتە ئەوە زمانە ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی دروستدەکات و ئەوە ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی نییە کە زمان دروستدەکات. کەوابێت زمان بەری ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی نییەو ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی بەری زمانە، پێچەوانەکردنەوەی ئەم مەسەلەیە لای سۆسۆر وادەکات ئەم تیۆرە هیچ لێکدانەوەیەکی لەبارەی دیـاریکردنی بنەمای پەیدابوونی زمان و جیاوازیی زمانەکانەوە نەبێت.

# بەشی دووەم

# ئەنتۆلۆجیای

# کیشەزمان و دیالێکتەکان

زمانی کوردی نە زمانێکی پێوانەیی و دروستکراوی وەك ئەو زمانە پێوانەییانەیە کە بوون بە زمانی فەرمی سەرانسەری دەوڵەتێکی مۆدێرن, نە وەك ئەو زمان و دیالێکتانەشە کە وەك زمانی ئاخاوتن یان وەك زمانێکی کەلەپوری ماونەتەوەو دەوڵەت وەك بەشێك لە کەلەپوری نەتەوەیی خۆی سەیریان دەکات و لەوە دووریان دەخاتەوە بکەونە ململانێ لەگەڵ ئەو زمانە پێوانەییە فەرمییەی کە لە سنوری سیاسیی دەوڵەتەکەدا وەك زمانی فەرمیی دەوڵەت کاری پێدەکرێت.

زمانی کودری نە بووە بە زمانێکی پێوانەیی لەو جۆرەی کە زمانی نەتەوەیی دەوڵەتی مۆدێرنی نەتەوە دروستکراوەکانە، نە دەسەڵاتی سیاسی ئەو دەوڵەتانەش کە کورد بەسەریاندا دابەشکراوە، توانیویەتی زمانی کوردی لە سنوری سیاسیی دەوڵەتەکەی خۆیدا بگۆڕێت بۆ زمانی ئاخاوتن یان زمانێکی کەلەپوری لەو جۆرەی کە وەك کەلەپورێکی نەتەوەیی لە زانکۆکاندا خزمەت بکرێت، زمانی کوردی لە خراپترین دۆخی خۆیدا لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەتەکانەوە وەك مەترسییەکی سیاسیی گەورە مامەڵەی لەگەڵ کراوەو خراوەتە ریزی ئەو کارو کردەوانەوە کە بە تاوان بەرامبەر بە نەتەوەو دەرچوون لە یاسا دەزانرێت، ئەم دۆخەش تایبەتە بە زمانی کوردی، چونکە لەژێر دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەتە مۆدێرنەکانی جیهاندا تەنها ئاخاوتن بە زمانی کوردی بە کردەیەکی قەدەغەو یاساشکێن زانراوەو خراوەتە ریزی ئەو کردە سیاسی و سەربازییانەوە کە دژی دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەت ئەنجام دەدرێن.

زمانی کورد نە زمانی فەرمیی دەوڵەتێکی نەتەوەیی مۆدێرنەو نە زمانێکیشە وەك ئەو زمانانەی کە لە ئاستی زمانی فەرمیی دەوڵەتدا گۆڕاون بۆ دیالێکتێکی ئەو زمانە یان گۆڕاون بۆ زمانێك کە دەسەڵاتی سیاسی وەك زمانێکی ناوچەیی بەزیو رێگەی پێبدات لە سنورێکی دیاریکراوی ناوچەییدا لە چەند کاروبارێکی مەدەنی و ناسیاسیدا بەکاربهێنرێت و لە قوتابخانەکاندا وەك زمانێکی لاوەکی بخوێنرێت.

بۆ باسکردن لە زمانی کوردی ناتوانین سود لە تیۆرە دروستەییەکە وەرگرین چونکە تیۆرە دروستەییەکە تەنها باس لە زمانی فەرمیی دەوڵەت و ئەو زمانانە دەکات کە بوون بە کەلەپورو دەوڵەت وەك کەلەپورێکی مردوو و نامەترسیدار دەیانبینێت، تیۆرە سروشتییەکەش بە هەمان شێوە بۆ باسکردنی زمانی کوردی دەست نادات، چونکە باس لە زمانی فەرمیی دەوڵەت و ئەو جۆرە لە زمان دەکات کە جەستە زمانییەکەی خۆی لەدەستداوەو لەناو جەستەی زمانی پێوانەیی دەوڵەتدا کاری خۆی دەکات و ململانێ لەگەڵ ئەو چونیەکییە دەکات کە ئەو زمانە بەسەریدا سەپاندووە، زمانی کوردیش وەك ئەو زمانانە نییە کە جەستە زمانییەکەی خۆی لەدەستدابێت و لە جەستەی زمانێکی بێگانەدا خەریکی ململانێ و جیاکردنەوەی خۆی بێت، بۆیە لێکدانەوەی پرۆسەی بەزمانبوونی زمانی کوردی و کێشەکانی، ئەو تیۆرەش سودێکی ئەوتۆی نابێت.

زمانی کوردی لە پەیوەندییە سروشتییەکەی خۆیدا لەناو دیالێکتەکانی خۆیدا بەردەوامەو ئەمەش وای لە دیالێکتەکان کردووە بوونێکی سروشتیی تەواو جیاوازیان هەبێت لە زمانە پێوانەییە دروستکراوەکان و ئەو دیالێکتە ناسروشتییانەی کە لە زمانە پێوانەییەکان کەوتوونەتەوە، لەگەڵ ئەو دیالێکتە سروشتییانەدا کە

وەك زمانی خێڵێك یان بنەماڵەیەك دەرکەوتوون و توانای ئەوەیان نییە لە زمانی بنەماڵەو خێڵێکی بچووکەوە گەشەبکەن بۆ زمانێکی ئەدەبیی باڵا کە لە سنوری بنەماڵەو خێڵ دەربچێت و بکەوێتە ناو پرۆسەی بەزمانبوونەوە.

لەبەر ئەم حاڵەتە سروشتییە ناوازەی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی و شکستی تیۆرە دروستەیی و سروشتییەکەی بوونی زمان و جیاوازی زمانەکان لە لێکدانەوەی ئەو حاڵەتە سروشتییەدا، هەوڵدەدەین بە پشتبەستن بە تیۆرە عەقڵییەکەی بوونی زمان و جیاوازی زمانەکان تێڕوانینێکی ئنتۆلۆجی بۆ پەیوەندی شوناسی نەتەوەیی بە کێشەی زمان و دیالێکتەکان بخەینەڕوو، پاشان ئەو تێڕوانینە تیۆرییە پێشنیارکراوە بەسەر حاڵەتی زمانی کوردی و دیالێکتەکانیدا جێبەجێ بکەین و پەیوەندی شوناسی نەتەوەیی بە کێشەی زمان و دیالێکتەکان لێکبدەینەوە.

## 1⁄2 ) تیۆروانینی ئەنتۆلۆجی بۆ کێشەی زمان و دیالێکتەکان

لە ڕوانگی فەلسەفەی زمانەوە دەتوانرێت باس لە بوونی زمانێك بکرێت، ئەو زمانە لە پەیوەندییەکی ئەنتۆلۆجی بەردەوامدابێت لەگەڵ بوونی یەکانەی نەتەوەیەکداو لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ دەرکەوتەکانی تری بوونی یەکانەی ئەو نەتەوەیەدا لە یەکنوێنیدا بێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت: نابێت ئەو زمانە بووبێت بە ئامێرێکی گەیاندنی دەستی دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەتێکی دروستکراو، واتە نابێت بە پرۆسەی بە ئامێرکردندا ڕۆیشتبێت و بووبێت بە ئامێرێکی دروستکراو و پێوانەیی. لەلایەکی تریشەوە نابێت لە پرۆسەی بەزمانبوون وەستابێت و وەك زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگایەکی زمانیی خێزانی یان بنەماڵەیی مابێتەوەو بەرەو ئەوە نەڕۆیشتبێت ببێت بە زمانی ئەدەبیات و ئاین و دەرکەوتە ڕەمزییەکانی تری نەتەوە، واتە نابێت وەك ئەو زمانە سروشتییانە بێت کە لە سنوری تەسکی ئاخاوتنی بنەماڵەیەك یان خێڵێك دەرنەچوون و لە مێژووی دوورو درێژی ژیانی خۆیاندا وەك خۆیان ماونەتەوەو لە گەشەکردن و پەرەسەندنی بەردەوام کەوتوون و لە دووپاتکردنەوەیەکی سروشتییانەی خۆیاندا ماونەتەوەو توانای تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە سروشتییەیان نییە. لەهەمان کاتدا نابێت لەو زمانانەش بێت کە لە زمانێکی ئامێری و سروشتی کەوتوونەتەوەو ئەمەش وایکردووە توانای ئەوەیان تیا نەبێت لە زمانی ئاخاوتنەوە بەرەو زمانی نوسین بڕۆن. نابێت لەو زمانانەش بێت کە لە قۆناغێکی مێژووییدا کۆتایی بە پرۆسەی بەزمانبوونی هاتووە یان چووەتە ریزی زمانە مردووەکانەوە یان بووە بە زمانێکی ئامێری بەدەست دەسەڵاتێکی سیاسییەوەو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئیمپراتۆریەتەکەی یان خەلافەتەکەی یان دەوڵەتەکەی بەکاری هێناوەو لە ئەرکە ڕاستەقینەکەی خۆی خستووە.

تیۆرە ئەنتۆلۆجیەکەی پرۆسەی بەزمانبوونی زمانی نەتەوەیەك، تەنها بۆ زمانێك دەستدەدات کە لە نواندنی بوونی نەتەوەیەکدا بەردەوام بێت کە لە پرۆسەی بەنەتەوەبوون نەکەوتووەو بوونی لەناو ئەو پرۆسەیەدا هێشتا لەوەدیهاتندایەو بەرەو ئەوە دەڕوات لە بوونێك لە خۆیدا ببێت بە بوونێك لە پێناو خۆیدا. کاتێك زمانێکی لەو جۆرەمان هەبوو، ئەوا ئەو زمانە نوێنەری بوونێکی عەقڵییەو وەك دەرکەوتە عەقڵییەکانی ئەو بوونە عەقڵییەی ناو جیهانە رەهاکە یەکنوێنەو ئەوە دەنوێنێت کە ئەوان دەینوێنن.

گەر بمانەوێت بەپێی تیۆرە ئەنتۆلۆجیەکە لە بوونی زمانێکی لەوجۆرەو پرۆسەی بەزمانبوونی بکۆڵینەوە، دەبێت سەرەتا باس لەوە بکەین کە ئەو زمانە لەپرۆسەی بەزمانبوونی خۆیدا لە نواندنیدایە، لەگەڵ ئەوەی لەزمانەکەدا نوێنەری ئەو نوێنراوەیە. بەشێوەیەکی گشتی زمانە مرۆییەکان بەهەموو جۆرەکانیانەوە پێکهاتەیەکن لە بوونێکی نوێنراو و بوونێکی نوێنەر، واتە پێکهاتەیەکن لە نوێنراوێکی ئیجابی و نوێنەرێکی سەلبی. ئەوەی لەزماندا نوێنراوە بوونێکی نادیاری هەیەو لەرێگەی ئەوەوە کە لە زماندا نوێنەرە بوونە نادیارەکەی ئاشکرادەبێت و دەگۆڕێت بۆ بوونێکی دیار.

ئەو زمانەش کە بوونەکەی لە پرۆسەی بەزمانبووندا بەردەوامەو پەیوەستە بەبوونی عەقڵی نەتەوەکەیەوە، وەك هەر زمانێك لە زمانە مرۆییەکان پێکهاتەیەکە لە نوێنراو و نوێنەر، ئەوەی جیای دەکاتەوە لە جۆرەکانی تری زمان خاسیەتەکانی ئەم دوو پێکهاتەیەو سروشتی پەیوەندییەکانی نێوانیانە.

نوێنەرو نوێنراوی زمان دوو توخمی بنچینەیین لە توخمەکانی وەدیهاتنی زمان و سروشتی ئەو دوو توخمەو پەیوەندی نێوانیان، زمانەکان دەکات بەسێ جۆرەوە: کاتێك نوێنراوی زمان جیهانی واقیعی و دنیایی زمانی کۆمەڵگایەکی زمانی دەبێت و نوێنەریش دەبێتە ئامێری گەیاندنی ئەو نوێنراوە، ئەوا پەیوەندی نێوان نوێنەرو نوێنراو بەهۆی ئەو گۆڕانەی کە بەسەریاندادێت دەگۆڕێت. لە لایەکەوە ئەرکی پەیوەندییەکە دەگۆڕێت و لە ئەرکی یەکنوێنی بوونی یەکانەی نەتەوەوە لە جیهانی رەهادا دەگۆڕێت بۆ ئەرکی ئاماژەپێدان بەوەی کە لە جیهانی واقیعیدا هەیە، لە لایەکی ترەوە سروشتی پەیوەندییەکە لە هەمانگییەوە دەگۆڕێت بۆ رێکەوتن و هەرەمەکییەت، ئەم گۆڕانەش وادەکات نوێنراو ببێت بە ئاماژەپێدراو و نوێنەر ببێت بە ئاماژەدەرو یەکنوێن ببێت بە ئاماژە. ئەو جۆرە لە زمان کە ئەم گۆڕانەی بەسەرداهاتووە، ئەو زمانانە دەگرێتەوە کە بوون بە زمانی پێوانەیی و دروستکراو، وەك هەموو ئەو زمانانەی کە لە ناو دەزگای دەوڵەتەکاندا بوون بە ئامێرێك لە ئامێرەکانی گەیاندن.

جۆری دووەمی زمانەکان زمانە سروشتییە پەتییەکانن، واتە ئەو زمانانەن کە نوێنراوەکەیان بوونێکی سروشتی هەیەو نوێنەرەکەشیان ئامێرێکی سروشتییەو دروستکراو نییە، ئەرکی پەیوەندی نێوان نوێنراو و نوێنەریش نە یەکنوێنییەو نە ئاماژەپێدانە، ئەرکی ئەو پەیوەندییە یەکترنوێنی نێوان بوونی سروشتی کۆمەڵگایەکی سروشتی و خوێنییە لەناو جیهانی سروشتداو ئەو زمانەی کە لەگەڵ ئەو جیهانەدا یەك بۆ یەکتری دەنوێننەوە، نوێنەر لەناو ئەم زمانەدا لە هەمانکاتدا نوێنراو و نوێنەریشە، نوێنراوێکی نادیارو نوێنەرێکی دیارە، نوێنراویش بەهەمان شێوە نوێنراوەو نوێنەریشە، بەڵام نوێنراوێکی دیارو نوێنەرێکی نادیار، سروشتی پەیوەندی نێوان نوێنەر ـ نوێنراو و نوێنراو ـ نوێنەری ئەم زمانە یەکترنوێنییە، بۆیە ئەوەی لە هەردووکیان دەکەوێتەوە نە ئاماژەیەو نەیەکنوێن، واتە نەوەك یەکەی زمانی زمانە ئامێرییە دروستکراوەکانەو نەوەك یەکەی زمانی زمانە عەقڵییەکانە، بەڵکو یەکەیەکی جیاوازەو دەکرێت بە یەکترنوێن ناوی ببەین، چونکە دوو توخمە پێکهێنەرەکەی بە یەکترنوێنی خۆیان وەدییان هێناوە.

ئەو کۆمەڵگا زمانییانەی کە خاوەنی ئەو جۆرە لە زمانن، لە پرۆسەی گەشەکردنی بوونیاندا نەیانتوانیووە قۆناغی سروشتی تێپەڕێنن و بگەنە قۆناغێکە عەقڵی، هەر ئەمەش وایکردووە کۆمەڵگایەکی خوێنی و یەکرەچەڵەکی بن و لە سنوری پەیوەندییە خوێنییەکانی نێوان خۆیان دەرنەچن. ئەم جۆرە لە کۆمەڵگا بە مانا راستەقینەکەی کۆمەڵگای سروشتی، کۆمەڵگای سروشتین و ئەو جیهانەی لە ناویدا بوونی خۆیان دەبیننەوە، نە جیهانی رەهای عەقڵەو نە جیهانێکی ئامێری دروستکراوە، بەڵکو جیهانی سروشت خۆیەتی، هەر ئەمەش وایکردووە زمانەکەیان لە گوزارشتکردن لەو بوونەی ئەوان لەو جیهانە سروشتییە تێنەپەڕێت و لەوە زیاتر گەشە نەکات. ئەم جۆرە لە زمان زمانی ئەو خێڵە بچووکانەیە کە لە سنوری خوێنیی خێڵدا ماونەتەوەو بوونی خیلەکییانەی خۆیان پاراستووەو وەك کۆمەڵگایەکی خێڵەکی سەربەخۆو نا وابەستەبوو ماونەتەوە.

گروپی سێهەمی زمانەکان ئەو زمانانە دەگرێتەوە کە نوێنروەکەیان لە جیهانی عەقڵیدایەو نوێنەرەکەش لەگەڵیدا یەکنوێنەو هەمان ئەوە دەنوێنێت کە جیهانی عەقڵی ئەو کۆمەڵگا زمانییە دەینوێنێت کە ئەو زمانە لەناویدا لە پرۆسەی بەزمانبوون بەردەوامە. ئەرکی پەیوەندی نێوان نوێنراو و نوێنەری ئەم زمانە یەکنوێنییە، واتە هەردووکیان پێکەوە بوونی عەقڵی هەمان کۆمەڵگا دەنوێنن، پەیوەندییەکەش سروشتێکی هەماهەنگانەی هەیەو ئەو یەکە زمانییەش کە لە پەیوەندی هەماهەنگانەی ئەو دوانە دەکەوێتەوە دەتوانین بە یەکنوێن ناوی بەرین، چونکە بنەمایبوونی یەکەی زمانیی ئەو جۆرە لە زمان یەکنوێنیی نوێنراو و نوێنەرە لە پەیوەندییەکی هەماهەنگانەدا.

ئەم جۆرە لە زمان ئەو زمانانە دەگرێتەوە کە قۆناغە سروشتییەکەی خۆیان تێپەڕاندووەو کۆمەڵگا زمانییەکەیان توانای ئەوەی تێدا پەیدابووە کە بوونی خۆی لەناو جیهانی ڕەهادا ببینێتەوەو بەرەو ئەوە بڕوات کە بکەوێتە ناو پرۆسەی بەنەتەوەبوونەوەو لەناو ئەو پرۆسەیەدا بەردەوامی وەرگرێت و زمانەکەشی بەرەو ئەوە بەرێت کە بکەوێتە ناو پرۆسەی بەزمانبوونەوەو لەوە نەکەوێت ئەو جیهانە عەقڵییە بنوێنێت کە ئەو بوونە نەتەوەییە خۆی تیا دەبینێتەوە. ئەم زمانە نە لەو زمانانەیە کە بوون بە ئامێری گەیاندن و نە لەو زمانانەشە کە لە قۆناغە سروشتییەکەی خۆیاندا ماونەتەوەو لە سنوری نواندنی ئەو جیهانە سروشتییە دەرنەچوون کە کۆمەڵگا زمانییە خێڵەکییەکەیان بوونی خۆی تیا دەبینێتەوە. ئەم جۆرە لە زمان ئەو زمانەیە کە دەتوانرێت بەپێی تێڕوانینە ئەنتۆلۆجییەکە بوون و پەرەسەندنەکەی لێکبدرێتەوە.

زمانێکی لەم جۆرە زمانی میللەتێکە کە هەڵگری ڕۆحێکی نەتەوەییەو ئەم ڕۆحە بەدرێژایی مێژووی خۆی لە پرۆسەی بەنەتەوەبوون نەکەوتووەو لەوەدا بەردەوامە کە خۆی لە دەرکەوتە جیاوازەکانیدا وەدی بهێنێت و بەرەو ئەوە بڕوات لەو دەرکەوتانەدا بە تەواوەتی خۆی وەدی بهێنێت. زمانی ئەم نەتەوەیە لە پەیوەندییەکی جەوهەریدایە لەگەڵ ڕۆحی ئەو نەتەوەداو بۆ ساتێك لە ڕۆحی ئەو نەتەوەیە دانابڕێت و بە بەردەوامیش نوێنەری ئەو جیهانەیە کە ئەو ڕۆحە نەتەوەییە خۆی تیا دەبینێتەوە، پرۆسەی پەرەسەندنەکەشی پەیوەستە بە پرۆسەی پەرەسەندنی ئەو جیهانە عەقڵییەوەو لەگەڵ لاوازبوونی پەرەسەندنی ئەو ڕۆحەو خۆبینینەوەی لە جیهانە عەقڵییەکەی خۆیدا پرۆسەی پەرەسەندنی ئەو زمانەش لاوازدەبێت و توانای نواندنی نوێنراوەکانی ئەو جیهانەی کەمتر دەبێتەوە، لەگەڵ بەهێزبوونی توانای دەرکەوتنی ڕۆحی ئەو نەتەوەیە لە جیهانە عەقڵییەکەی خۆیدا، توانای نواندنی ئەم زمانەش بۆ نوێنراوەکانی ناو ئەو جیهانە بەهێزدەبێت و باشتریش دەتوانێت شوناسی ئەو ڕۆحە نەتەوەییە بنوێنێت.

نوێنراوەکانی ئەم زمانە لە مەعقولاتەکانی جیهانی عەقڵیی ڕۆحی ئەو نەتەوەیەن، بۆیە بۆ تێگەیشتن لە توخمە عەقڵییەکەی یەکە زمانییەکانی ئەم زمانە، دەبێت باس لە جیهانی مەعقولاتی ئەو نەتەوەیە بکرێت.

ڕۆحی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەك کاتێك خۆی لە جیهانی ڕەهای عەقڵدا دەبینێتەوە، جیهانێك دێتەئاراوە کە جیهانێکی مۆنادەیی و داخراوە، ئەو جیهانەش جیهانی ڕەهایە بەڵام لە جیهانبینی ئەو ڕۆحە

نەتەوەییەوە، واتە جیهانی ڕەهایە لە سەیرگەی ئەو ڕۆحە نەتەوەییەدا. جیهانی ڕەهای عەقڵیش لە سەیرگەی ڕۆحی هەر نەتەوەیەك لە نەتەوەکاندا جیهانێکی جیاوازەو ڕۆحی هەر نەتەوەیەك جیهانی خۆی هەیەو مەعقولاتەکانی ناو جیهانەکەی لە کۆمەڵە چۆنایەتییەك پێکهاتوون کە تەنها لە جیهانەکەی ئەودا بوونیان هەیەو لە جیهانی ڕۆحیی نەتەوەکانی تردا بوونیان نییە.

بوونە مەعقولەکانی ناو جیهانی ڕۆحی نەتەوەکان، بوونی مەعقولی شتە ماددییەکانی ناو جیهانی سروشت و هەموو ئەو بوونە عەقڵییانەی شتە ناماددییەکـانیش دەگـرێتەوە، هەموو ئەمانە لە جیهانی ڕۆحێکی نەتەوەییدا بوونێکی تایبەتی ئەو جیهانەن و تەنها لەو جیهانەشدا بەو شێوەیە هەن، لە جیهانی ڕۆحی هەر نەتەوەیەکی تردا بەشێوەیەکی جیاواز لەو هەن. ڕۆحی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەك کاتێك بوونی خۆی لەناو جیهانی ڕەهادا دەبینێتەوە، خۆی لەناو جیهانێکدا بۆخۆی دەنوێنێتەوە کە مەعقولاتەکانی هەمان ئەو مەعقولاتانەی ناو جیهانە ڕەهاکەن، بەڵام لە دەرکەوتەیەك لە دەرکەوتەکانی خۆیاندا لەناو جیهانبینیی ڕۆحی ئەو نەتەوەیەدا کە لە سەیرگەی خۆیەوە لەناو جیهانی ڕەهادا خۆی لەناویاندا دەبینێتەوەو ئەوانیش بەو بینینەوەیە لەناو جیهانی عەقڵی ئەو ڕۆحە نەتەوەییەدا دەرکەوت دەکەن. بوونەوەرە عەقڵییەکانی ناو جیهانی عەقڵی هەر نەتەوەیەك بە جیهانبینی ئەو نەتەوەیە دیاریکراون، هەر ئەمەش وادەکات لەناو ئەو جیهانەدا دەرکەوتنێکی جیاوازیان هەبێت و لە هیچ جیهانێکی تری ڕۆحی نەتەوەکاندا ئەو جۆرە لە دەرکەوتنیان نەبێت و لە هەریەکەیاندا بەجۆرێکی جیاواز لە دەرکەوتکردن لە جیهانەکانی تردا دەرکەوت بکەن.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بوونەوەرە عەقڵییەکانی ناو جیهانی ڕەها لە جیهانی ڕۆحی هیچ نەتەوەیەکدا وەك ئەوەی کە لە جیهانە ڕەهاکەی ڕۆحی ڕەهادا هەن دەرناکەون و بەو شێوەیە دەردەکەون کە ڕۆحی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەك خۆی لەناویاندا دەبینێتەوە. درەخت لە جیهانە ڕەهاکەی ڕۆحی ڕەهادا بوونێکی ڕەهای هەیە، کاتێك دێتە ناو جیهانی ڕۆحی نەتەوەیەك بەو شێوەیە دێت کە ئەو ڕۆحە لە سەیرگە تایبەتەکەی خۆیەوە دەیبینێت، سەیرگەی هیچ ڕۆحێکی نەتەوەیی لە سەیرگەی هیچ ڕۆحێکی نەتەوەیی تر ناچێت، چونکە شوێنگەی بوونی هەر ڕۆحێکی نەتەوەیی لەناو جیهانی ڕەهادا نابێت بە شوێنگەی هیچ ڕۆحێکی تر، کاتێك ڕۆحێکی نەتەوەیی خۆی لە شوێنگەکەی خۆی لە جیهانی ڕەهادا دەبینێتەوە، گۆشەنیگایەکی جیاوازی بۆ بینینی بوونەوەرە عەقڵییەکانی ناو جیهانی ڕەها بۆ دروست دەبێت و بوونەوەرە عەقڵییەکانی ناو جیهانی ڕەها لەو گۆشەنیگایەوە بەشێوەیەکی تەواو جیاوازن کە لە گۆشەنیگاکانی تری شوێنگەکانەوە دەبینرێن، ئەمەش وادەکات ئەو بوونەوەرە عەقڵییانەی کە لە جیهانی عەقڵی نەتەوەیەکدا هەن، جیاوازبن لەو بوونەوەرە عەقڵییانەی کە لە جیهانی عەقڵی نەتەوەیەکی تردا هەن.

گەر بوونەوەرە سروشتییەکانی ناو جیهانی سروشت شێوەگیربووی ئەو بوونەوەرە عەقڵییانە بن کە لە جیهانی ڕەهادا هەن و ئەو بوونەوەرە عەقڵییانەش لە جیهانی عەقڵی نەتەوە جیاوازەکاندا جیاوازبن، ئەوا بوونەوەرە سروشتییەکانی ناو جیهانی سروشتیش کاتێك دەکەونە ناو مەودای بینینی ئەو ڕۆحە نەتەوەییانەوە لە زەینی کۆیی ئەواندا بەپێی جیاوازی بوونە عەقڵییەکەیان لەواندا بە چۆنایەتی و وێنای جیاواز وێنەیی

بینەوە، هەر ئەمەش وادەکات بوونەوەرێکی سروشتی وەك درەخت لە زەینی کۆیی ئەواندا لە چەند وێنەیەکی زەینیی جیاوازدا دەرکەوێت و لە یەك وێنەدا دەرنەکەوێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت نوێنراوە زەینییەکانی ناو زەین نە هەمان ئەو نوێنراوانەن کە لە جیهانی ڕەهادا هەن و نە هەمان ئەو نوێنراوانەشن کە لە جیهانی سروشتدا هەن، پەیوەندی نوێنراوەکانی ناو جیهانی سروشت و جیهانی عەقڵی نەتەوە یەکنوێنی ئەو بوونەوەرە عەقڵییانەن کە لە جیهانی ڕەهادا هەن،بەڵام ئەو نوێنراوانەی کە لە زەینی تاکەکانی نەتەوەدا دەردەکەون نوێنراوی ئەو دوو نوێنراوە یەکنوێنەن، ئەوەش کە یەکە زمانییەکان دەینوێنن هەمان ئەوەیە کە وێنە زەینییەکانی ناو زەین دەینوێنن، واتە یەکە زمانییەکان و وێنە زەینییەکان یەکنوێنن و هەردووکیان ئەو بوونەوەرە عەقڵییانە دەنوێنن کە لە جیهانی عەقڵی نەتەوەدا هەن.

گەر بوونەوەرە زەینییەکانی ناو زەینی کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی لە پرۆسەی یەکنوێنی بوونەوەرە عەقڵییەکانی ناو جیهانی عەقڵی نەتەوەو بوونەوەرە سروشتییەکانی ناو جیهانی سروشت کەوتبنەوە، ئەوا چۆنایەتییە زەینییەکانی دەنگەکانیش لە یەکنوێنی بوونەوەرە عەقڵییەکان و ئەو چۆنایەتییە نادیارە سروشتییانە کەوتوونەتەوە کە لەناو سروشتی کۆیی جەستەی نەتەوەدا بەشێوەیەکی نادیار هەن.

کاتێك چۆنایەتییە زەینییەکانی پێکهاتەی دەنگیی یەکە زمانییەکان بەهۆی یەکنوێنی ئەوەوە کە لە جیهانی عەقڵی نەتەوەدا هەیە لەگەڵ ئەوەی کە لە جیهانی سروشتی جەستەی نەتەوەدا هەیە لە زەیندا ئامادەدەبن ئەو کاتە لەگەڵ ئەو بوونەوەرە زەینییانەدا دەکەونە ناو یەکنوێنییەوە کە بەری پرۆسەی یەکنوێنی نێوان بوونەوەرە عەقڵییەکان و بوونەوەرە سروشتییەکانی جیهانە سروشتییەکەن. لە یەکنوێنی چۆنایەتییە زەینییەکانی پێکهاتەی یەکە زمانییەکان و بوونەوەرە زەینییەکانی ناو زەین یەکە زمانییەکان لەشێوەی پێکهاتەیەکی دەنگیدا وەدیدێن و دەبن بە بەری پرۆسەی یەکنوێنی ئەو چۆنایەتییە زەینییانەی کە سەرچاوەیان لە سروشتی نەتەوەوە گرتووە لەگەڵ ئەو وێنە زەینییانەی کە سەرچاوەیان لە بوونەوەرە عەقڵییەکانی ناو عەقڵی نەتەوەوە گرتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت نوێنراوی یەکە زمانییەکانی زمانی نەتەوە سەرچاوەی لەو بوونەوەرە عەقڵییانە گرتووە کە بە جیهانبینی ڕۆحی نەتەوە دیاریکراون و نوێنەرەکەش کە فۆڕمە دەنگییەکەی ئەو یەکەیە سەرچاوەی لەو چۆنایەتییانەوە گرتووە کە بە سروشتی نەتەوە دیاریکراون.

بەپێی ئەمەی سەرەوە هەموو یەکە زمانییەکانی زمانی نەتەوەیی لەلایەکەوە مەحکومن بە بوونەرە عەقڵییەکانی ناو جیهانی عەقڵی نەتەوەو لەلایەکی تریشەوە مەحکومن بە چۆنایەتییە سروشتییەکانی ناو سروشتی نەتەوە، لەبەر ئەمە دەتوانین بڵێین یەکە زمانییەکانی زمانی نەتەوەیی نوێنەری شوناسی نەتەوەیی نەتەوەن و زمانەکەش دەرکەوتەیەکە لە دەرکەوتەکانی ڕۆحی نەتەوە، ڕۆحی نەتەوە لە زمانی نەتەوەدا خۆی دەنوێنێت. گەر درەختەکانی ناو جیهانی سروشت بەرهەمی دەرکەوتنی بوونەوەرە عەقڵییەکانی ناو ڕۆحی ڕەها بن لەناو ئەو چۆنایەتییە مومکینانەی کە لەناو سروشتی ماددە سروشتییەکاندا پەنهانن، ئەوا وشەکانی زمانیش بەهەمان شێوە دەرکەوتنی بوونەوەرە عەقڵییەکانی ناو ڕۆحی نەتەوەن لەو چۆنایەتییە مومکینانەدا کە لە سروشتی کۆیی نەوتەوەدا هەن.

## 1-1⁄2) یەکە زمانییەکان لەنێوان تێڕوانینی دروستەیی و تێڕوانینی ئەنتۆلۆجیدا

لە تیۆرە دروستەییەکەی سۆسۆردا دوو بنەمای گرنگ بۆ لێکدانەوەی ئەم پەیوەندییە هەن: یەکەمیان بنەمای هەڕەمەکییەت و ڕێکەوتنی کۆییە، دووەمیان بنەمای بەرامبەربوونەوەی یەکە زمانییەکانی ناو زمانە لەڕێگەی دەرکەوتکردنی جیاوازییەکانیانەوە. بەپێی بنەمای هەرەمەکییەت، لە کۆمەڵگایەکی زمانیدا کاتێك شتێکی نوێ لەناو زەرینی کەسێکدا وەك وێنەیەکی زەینی (بیرێك) پەیدا دەبێت و پێداویستی ئەو کۆمەڵگا زمانییە بەو شتەی کە وێنە زەینییەکەی لە زەینی کۆیی ئەواندا دەرکەوتووە، وا لەو کەسە دەکات هەر لەخۆیەوە فۆڕمێکی دەنگی لە زەینی خۆیدا ئامادە بکات و بیکات بە ئاماژەدەرێك بۆ وێنەی زەینی ئەو شتەی کە لە زەینی کۆیی ئەو کۆمەڵگایەدا وێنەیی بووەتەوە، دوای ئەمەش ئەو کەسە لە کاتی ئاخاوتنی خۆیدا لەناو کۆمەڵگا زمانییەکەدا کە باس لەو شتە نوێیە دەکات بەو فۆڕمە دەنگییە ئاماژەی پێدەدات و بەمەش فۆڕمە دەنگییەکە وەك ئاماژەدەرێك بۆ ئەو شتە نوێیە لەڕێگەی ئاخاوتنەوە بڵاو دەبێتەوەو دەگاتە لای هەموو ئەندامێکی ناو ئەو کۆمەڵگا زمانییە کە پێویستی بە مامەڵەکردن لەگەڵ شتە نوێکەدا هەیە، دوای ئەوەی فۆڕمە دەنگییەکە بەم شێوەیە بڵاودەبێتەوە، گەر خەڵکی ئەو کۆمەڵگا زمانییە لە ئاخاوتنی خۆیاندا بەکاریان هێنا، ئەوا ڕێکەوتنی کۆیی لەسەری دروستبووە، گەر کێشە کەوتە ناو بەکارهێنانیەوە، ئەوا فۆڕمی دەنگیی ئەڵتەرناتیڤ لە ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکەدا دەردەکەوێت و کۆمەڵگا زمانییەکە لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون، ئەوەش وادەکات لەسەر یەکەمیان ڕێك نەکەون و لەسەر دووەمیان ڕێك بکەون هیچ هۆکارێك نییەو هەڕەمەکی لەخۆوەیە.

سۆسۆر لەگەڵ ئەوەشدا پێیوایە هیچ هۆکارێك نییە بۆئەوەی کۆمەڵگایەکی زمانی لەسەر ئەوە ڕێککەون فۆڕمێکی دەنگی بکەن بە ئاماژەدەر بۆ وێنەی زەینیی شتێك، بەڵام لەلایەکی ترەوە باس لەوە دەکات ئەو فۆڕمە دەنگییە کاتێك دەتوانێت وەك ئاماژەدەرێك لە ئاماژەدەرەکانی زمانی ئەو کۆمەڵگایە بوونی هەبێت کە یەکسان نەبێت بە هیچ ئاماژەدەرێك لە ئاماژەدەرەکانی ئەو زمانە، تا لە کاتی بەرامبەربوونەوەیدا لەگەڵ هەریەکەیاندا بتوانێت جیاوازییەکانی خۆی دەرکەوت بکات و جیاچوناسی خۆی بسەلمێنێت. لێرەدا لێکدژی لەنێوان بەرامبەربووەنەی شوناسی ئاماژەدەرەکان و بنەمای ڕێکەوتنی هەڕەمەکییانە لەسەر بەئاماژەدەربوونی فۆڕمە دەنگییەکان دروستدەبێت، چونکە گەر کۆمەڵگایەکی زمانی بە ڕێکەوتنێکی بێ مەرج و هەڕەمەکییانە لەسەر بەئاماژەدەربوون و بەئاماژەدەرنەبوونی فۆڕمە دەنگییەکانی زمانەکەی ڕێککەوتبێت، لەوەدا ئازادە کە بۆ ئاماژەدان بە وێنەی زەینیی شتێك لەسەر فۆڕمێکی دەنگی ڕێککەوێت کە پێشتر بۆ ئاماژەدان بە وێنەیەکی زەینیی تر یان چەند وێنەیەکی زەینیی تر ڕێککەوتووە، گەر لەمەشدا ئازادبوو ئەوا دەبێت بڵێین هیچ هۆیەك نییە بۆ جیایی هەموو ئاماژەدەرەکانی زمانی کۆمەڵگایەکی زمانی و جیاشوناسییەکەیان و ئەوەی وایکردووە لە زمانێکدا یەك فۆڕمی دەنگی نەبێت بە ئاماژەدەر بۆ دوو ئاماژەپێدراوی جیاواز، هیچ نییە جگە لە ڕێکەوتێکی هەڕەمەکی، واتە ئەندامانی کۆمەڵگایەکی زمانی بەبێ بوونی هیچ ئاگاییەك و بەشێوەیەکی هەڕەمەکییانە لەسەر بە ئاماژەدەرکردنی فۆڕمە زمانییە مومکینەکانی

زمانەکەی خۆیان ڕێکدەکەون و لەگەڵ ئەمەشدا هەرگیز بۆ ئاماژەدان بە دوو ئاماژەپێدراوی جیاواز ڕێك ناکەون هەرچەندە ئەوانە هەڕەمەکییانە ئەم کارە دەکەن، بەڵام هەرگیز لەو کارە هەڕەمەکییەی ئەواندا ڕێکەوتنێکی لەو جۆرە ڕوونادات کە یەك فۆرمی دەنگی بۆ ئاماژەدان بە دوو وێنەی زەینی جیاواز ڕێکەوتنی لەسەر بکرێت، شتێکی لەو جۆرە هەرگیز ڕوونادات و مەرجێکی پێشینەش بۆ ڕوونەدانی ئەمە بوونی نییە، واتە کاتێك کۆمەڵگایەکی زمانی توشی ئەوە نابن بۆ دوو ئاماژەپێدراو لەسەر یەك فۆرمی دەنگی ڕێککەون، ئەوە بەهۆی ئەوەوە نییە کە مەرجێك بۆ ڕێکەوتنەکەیان دانراوەو بەپەیرەویکردن لەو مەرجە تووشی ئەمە نابن، ئەوانە لەبەرئەوەی لە ڕێکەوتنیان لەسەر بەئاماژەدەربوونی فۆرمە دەنگییەکان ئازادانەو هەرەمەکییانە دەجووڵێنەوە، ڕێکەوتنەکەیان هیچ مەرجێکی بۆ پەیڕەوکردن تییانییە، بۆیە هیچ هۆیەك بۆ ئەوە لە ئارادا نییە کە یەك فۆرمی دەنگی لە زمانێکدا نەبێت بە ئاماژەدەر بۆ دوو ئاماژەپێدەر.

کاتێك ڕێکەوتنی کۆیی کۆمەڵگا مەرجدار نەکرابێت بەوەی کە بۆ ئاماژەدان بە وێنەیەکی زەیینی لەسەر فۆرمێکی دەنگی ڕێك نەکەوێت کە پێشتر بۆ ئاماژەدان بۆ ئاماژەپێدراوێکی تر ڕێکەوتنی لەسەرکراوە، ئەوکات هیچ لێکدانەوەیەکی زانستی بۆ ئەوە بوونی نابێت کە بۆچی لە زمانێکدا یەك فۆرمی دەنگی تەنها بۆی هەیە بۆ یەك وێنەی زەیینی (بیر) ببێت بە ئاماژەدەرو بۆی نییە بۆ دوو وێنەی زەینی ببێت بە ئاماژەدەر؟ بەپێی بۆچوونەکەی سۆسۆر ئەو یاسایەی سەرەوە لەکاتی بەئاماژەدەرکردنی ئاماژەکاندا بوونی نەبووە، چونکە ڕێکەوتن لەسەر بە ئاماژەدەرکردنی فۆرمێکی دەنگی هەڕەمەکییەو مەرجدار نییە بەهیچ مەرجێك و ئەو یاسایەش بەرهەمی بوونی هیچ مەرج و بنەمایەکی پێشینەی ناو ئەو عەقڵە کۆییەی کۆمەڵگای زمانی نییەو یاسایەکە بەرهەمی هەڵسوکەوتێکی هەڕەمەکییانەیەو، بەرێکەوت و لەخۆیەوە لە زماندا پەیدابووە.

لەلای دروستە خوازەکان پرۆسەی ئاماژەدارکردنی وێنەیی بوونەوەی شتەکان لەناو زەینی کۆیی کۆمەڵگایەکی زمانیدا لە پرۆسەی فاڵگرتنەوەی فاڵچییەکان بەقاوە دەچێت، چونکە لە قاوە گرتنەوەدا ئەو وێنە ئاماژەدارانەی کە ئاماژە بەبەختی جیاوازی کەسە جیاوازەکان دەدەن، لەلایەکەوە بەهۆی کردەیەکی هەڕەمەکییانەی تێکدانی قاوەکەوە دەردەکەون و لەلایەکی تریشەوە، بەهۆی ئەوەی کردەی تێکدانەکە هەڕەمەکییانەیە ئەو وێنەیەی کەلە کردەیەکی تێکدانی قاوەکەوە لە قاوەکەدا دەردەکەوێت لە هیچ وێنەیەك لەو وێنانە ناچێت کەلە کردەیەکی تری تێکدانی قاوەکەوە پەیدادەبن، ئەمەش وادەکات ئیمکانی ئەوە نەمێنێت کە یەك ئاماژەدەر بۆ دوو بەختی جیاواز دەرکەوێت.

لە دەستگرتنەوەشدا بەهەمان شێوە ئاماژەدەرەکانی بەختی هەر کەسێك جیاوازن لە ئاماژەدەرەکانی بەختی هەرکەسێکی تر، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازییە سروشتییەی کە لە هێڵەکانی ناو لەپی دەستی هەر کەسێکدا هەیە، هەر ئەم جیاوازییەش وایکردووە کە لەیاسادا هێڵەکانی پەنجە گەورەی کەسێك بەهۆی پەنجە مۆرەوە بکرێن بە شوناسی یاسایی ئەو کەسەو ئەم شوناسە لە ئیمزای دەستیی کەسەکان باوەڕپێکراوتر بێت.

له گرتنەوەی دەستیشدا سروشت وایکردووە کە هێڵەکانی ناو لەپی دەستی هیچ کەسێك لە هیچ کەسێکی تر نەچێت، گەر لێکنەچوونی ئەم هێڵانەش بەهەمان شێوەی لێکنەچوونی وێنە دروستبووەکانی سەر قاوەکە بەرهەمی کردەیەکی هەڕەمەکییانە بن، ئەوا لێرەشدا بنەمای ڕێکەوتنی هەڕەمەکییانە لە دروستکردنی ئەو جیاوازییانەی ئاماژەدەرەکانی شوناسی یاسایی کەسە جیاوازەکان ڕۆڵی هەبووەو هەر ئەم کردە هەڕەمەکییەش ئەوەی لێکەوتووەتەوە کە هیچ ئاماژەدەریکی هێڵییانەی ناو لەپی دەستەکان نەبێتە ئاماژەدەر بۆ بوونی دوو دەستی جیاوازو بەمەش ئەو یاسایە بێتە ئاراوە کە هیچ دەستێك ناتوانێت بوونی هەبێت گەر هێڵە ئاماژەدەرەکانی جیاواز نەبن لە هێڵە ئاماژەدەرەکانی هەموو دەستەکانی تر، یان دەتوانین ئەم یاسایە بەشێوەیەکی تر داڕێژین، ئەویش ئەوەیە: کاتێك دەستی کەسێك بوونی هەیە کە هێڵە ئاماژەدەرەکانی ناو لەپی ئەو دەستە لە بەرامبەر هێڵە ئاماژەدەرەکانی ناو لەپی دەستەکانی تر جیاوازبن، ئەم جیاوازبوونەش مەرجێکی پێشینەی هەیە ئەویش ئەوەیە کە لە کردەی خوڵقانێکی هەڕەمەکی کەوتبێتەوەو هیچ مەرج و پلانێکی پێشینە بۆ ئەو کردەیە بوونی نەبووبێت.

بەپێی بۆچوونی دروستەخوازەکان فاڵگرتنەوەش زانستێکە لە زانستەکانی ئاماژە، چونکە لە فالگرتنەوەشدا کردەیەکی هەڕەمەکی هەیەو لەم کردە هەڕەمەکییە ئاماژەدەرێك پەیدادەبێت لەناو ئەو کەسانەدا کە بڕوایان بە فاڵگرتنەوە هەیە ئەو ئاماژەدەرە ئاماژە بە بەختی کەسێك دەکات و ئەوەش کە فاڵچییەکە دەیڵێت ئەو ئاماژەیەیە کە پێکهاتووە لە وێنە ئاماژەدەرە پەیدابووەکەی سەر قاوەکەو ئەو بەختە نادیارەی کە لە چارەی کەسەکەدا نوسراوە. لە کۆمەڵگایەکی یاساییشدا کە پەنجەمۆر وەك ئاماژەیەك بە شوناسی کەسی دانی پیانراوە بەهەمان شێوەی ئەو کۆمەڵگایەی باوەڕیان بە فاڵ هەیە لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون کە پەنجە مۆرەکە ئاماژەیەو پێکهاتەیەکە لە ئاماژەدەر و ئاماژەپێدراو، ئاماژەدەرەکە هێڵەکانی سەر پەنجەی کەسەکەیەو ئاماژەپێدراوەکە بوونی ئەو کەسەیە. لێرەشدا هەر دەبێت لەو کۆمەڵگا یاساییەدا باوەڕ بەوە کرابێت جیاوازی هێڵەکانی پەنجە گەورەی کەسەکان لە کردەیەکی هەڕەمەکییانەوە کەوتوونەتەوە، هەڕەمەکییەتی ئەو کردەیەشە وایکردووە هێڵەکانی پەنجەی هیچ کەسێك هەمان وێنەی هێڵەکانی پەنجەی هیچ کەسێکی تر نەنوێنن، پەیوەندی نێوان وێنەی ئەو هێڵانەو بوون و نەبوونی کەسەکە پەیوەندییەکی هەڕەمەکییەو لەڕاستیدا ئەو وێنەیە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بە بوون و نەبوونی ئەو کەسەوە نییەو ڕێکەوتنی هەڕەمەکییانەی کۆمەڵگا یاساییەکە ئەو پەیوەندییەی دروستکردووە.

لای دروستەخوازەکان ڕێکەوتنی هەڕەمەکی و جیاوازی ئاماژەدەرەکان دوو بنەمای بنچینەیی هەموو سیستەمێکی ئاماژەییە، بەپێی ئەم دوو بنەمایە قاوەگرتنەوەو پەنجەمۆریش وەك زمان دوو سیستەمی ئاماژەن، چونکە هەردووکیان بوونیان لەسەر ئەو دوو بنەمایە راوەستاوە. لەڕێگەی قاوەگرتنەوەکەو پەنجەمۆرەکەوە هەندێك لایەنی ڕێکەوتنی هەڕەمەکی و جیاوازی ئاماژەکانمان بۆ دەردەکەوێت و ئەمەش بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو دوو بنەمایە لە سیستەمی ئاماژە زمانییەکاندا دەکرێت سودی لێ وەربگرین و بۆچوونی دروستەخوازەکانی لەبارەی پەیوەندی ئاماژەدەر و ئاماژەپێدراوی ئاماژە زمانییەکانەوە پێ ڕوونبکەینەوە.

گەر فالگرتنەوە بە قاوە بگۆڕین بە فالگرتنەوە بە ناولەپ، ئەوا پەیوەندییەك لەنێوان پەنجەمۆر وەك سیستەمێك لە سیستەمەکانی ئاماژەی شوناسی کەسی لە یاسادا لەگەڵ ئەو گوتنانەی کە فالچییەك لە کاتی خوێندنەوەی لەپی کەسێکدا بە زاریدا دێن وەك بەرهەمی سیستەمی ئاماژەکانی فالگرتنەوە دەدۆزینەوە، پەیوەندییەکەش لەوەدایە کە لە هەردوو سیستەمەکەدا هەمان ئەو وێنانە دەکرێن بە ئاماژەدەر کە لە هێڵەکانی لەپی دەستی کەسەکە کەوتوونەتەوە. لێرەدا ئاماژەدەرەکان هەمان ئاماژەدەرن، بەلاَم بۆ دوو جۆر لە ئاماژەپێدراوی جیاواز دەکرێن بە ئاماژەدەر، لە سیستەمە ئاماژەییەکەی فالگرتنەوەدا هێڵکارییەکانی لەپی دەستی کەسەکان ئاماژە بە چارەنوسی جیاوازی کەسە جیاوازەکان دەکەن و لە سیستەمە ئاماژەییە یاساییەکەدا ئاماژە بە شوناس و بوونی جیاوازی ئەو کەسە دەکەن لە هەموو کەسەکانی تر.

ئەوەی وایکردووە هێڵکاری لەپی دەستی کەسە جیاوازەکان شیانی ئەوەیان تیابێت بکرێن بە ئاماژەدەری ئەو دوو سیستەمە، ئەوەیە کە هێڵکاری لەپی دەستی هیچ کەسێك لە هێڵکاری لەپی دەستی هیچ کەسێکی تر ناچێت. ئەمەش بۆخۆی سەلماندنی ئەوەیە کە مرۆڤەکان لەسەر بنەمای شیانی جیاوازبوونی هێڵکاری لەپی دەستی هەر کەسێك لە هەر کەسێکی تر گەیشتوونەتە ئەو بڕیارەی کە هێڵکارییە جیاوازەکانی لەپی دەستی کەسەکان بکەن بە ئاماژەدەر بۆ شوناسی کەسەکە یان چارەنوسی کەسەکە، لەم ڕووەوە سیستەمە ئاماژەییە یاساییەکەو سیستەمە ئاماژەییەکەی فالگرتنەوە هیچ جیاوازییەکیان نییەو یەك بنەمای پێشینە بۆ بوونیان هەیە ئەویش ئەو هێزەیە کە لەکـاتی خولقانی دەستەکـاندا چۆنایەتی جیاوازو ناچونیەك دەدات بە هێڵەکانی ناو لەپی هەر دەستێك لە دەستەکان و ئەو چۆنایەتییەی کە بەخشیویەتی بە هێڵەکانی لەپی دەستێك نایبەخشێت بە هێڵەکانی هیچ لەپێکی تر. گەر ئەم هێزە ئەو جیاوازییانەی لە چۆنایەتییەکانی هێڵەکانی لەپی دەستدا دروست نەکردایە، ئەوا ئەو هێڵکارییانە شیانی ئەوەیان تیا نەدەبوو کە ببن بە ئاماژەدەری سیستەمێك لە سیستەمەکانی ئاماژە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤەکان هەڕەمەکییانە لەسەر ئەوە ڕێکنەکەوتوون هێڵکارییەکانی لەپی دەست وەك ئاماژەدەر بۆ دروستکردنی سیستەمێکی ئاماژە بەکار بهێنن. ئەوەی کێشەیەکی تیۆری بۆ بۆچوونە دروستەییەکە دروست دەکات ئەوەیە دان بەوەدا نانێت کە هیچ مەرجێك بۆ ڕێکەوتنی کۆمەڵگایەکی زمانی لە بەکارهێنانی ئاماژە زمانییەکاندا بۆ ئاماژەدان بە وێنە زەینییەکان بوونی هەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەپێی ئەم بۆچوونە هەموو کۆمەڵگایەکی زمانی هەڕەمەکییانە ئاماژە دەنگییەکانی بۆ وێنە زەینییەکان بەکارهێناوەو لەو زمانەدا بە ڕێکەوت لەو بەکارهێنانە هەڕەمەکییەدا هیچ ئاماژەیەکی دەنگیی ئەو زمانە لە هیچ ئاماژەیەکی تر ناچێت، ئەم لێکنەچوونە هەرگیز لە بەرهەمهێنانی ئاماژەکاندا ڕەچاو نەکراوە.

لای دروستەخوازەکان جیاوازی نێوان ئاماژەدەرەکان لە هەر سسیتەمێکی ئاماژەییدا مەرجی بوونی ئەو سیستەمەیەو هیچ سیستەمێکی ئاماژەیی بەبێ ئەم جیاوازییە بوونی نییە، لەگەڵ ئەمەشدا لای ئەوان هەڕەمەکییەتی بنەمای ڕاستەقینەی بوونی جیاوازی نێوان ئەو ئاماژەدەرانەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کردەیەك هەڕەمەکییانە نەبێت مومکین نییە ئەوەی لێی دەکەوێتەوە دووپاتبوونەوەو چونیەکی لێبکەوێتەوە.

ئەوە هەڕەمەكییەتی كردەكانە وادەكات ئەوەی لە كردەكان دەكەوێتەوە بەردەوام جیاوازبێت و مومكین نەبێت لە كردە هەڕەمەكییەكان بەرهەمێك بكەوێتەوە كە پێشتر لە كردەیەكی تر كەوتبێتەوە، هەروەك چۆن لە كردەی هەڕەمەكییانەی فاڵگرتنەوە بە قاوە هەرگیز مومكین نییە وێنەیەك لەسەر رووی قاوەكە وەدی بێت لەو وێنانە بچێت كە لە قاوەگرتنەوەكانی پێشتردا وەدیهاتووە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە هەڕەمەكییەت و بێبەرنامەیی كردەی گرتنەوەی قاوەكە بنەمای دروستبوونی جیاوازی ئەو وێنانەو دوپاتبوونەوەیانە.

ئەم بۆچوونە بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت گەر كردەی گرتنەوەی قاوەكە بە بەرنامەیەكی ئامێریانە لە تاقیگەدا بكرایە ئەو وێنانەی كە لە دووپاتكردنەوەی كردەی قاوەگرتنەوەكەدا دەردەكەوتن، هەمان وێنە دەبوون و جیاواز نەدەبوون. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە بنەمای جیاوازی وێنە ئاماژەدەرەكانی قاوەكە هەڕەمەكییەتی كردەی گرتنەوەی قاوەكەیە. با ئێمە وا دابنێین ئەوەی جیاوازی نێوان وێنە ئاماژەدەرەكانی قاوەگرتنەوەی لەسەر بەندە هەڕەمەكییەتی كردەكەیە، ئایا دەتوانین بڵێین ئەوەی جیاوازی هێڵكارییە ئاماژەدەرەكانی لەپی مرۆڤەكانی لەسەر بەندە كردەی هەڕەمەكییانەی دەركەوتكردنی ئەو وێنانەیە؟ واتە ئایا ئەو پرۆسە سروشتییەی كە جیاوازی هێڵكارییە ئاماژەدەرەكانی لەپی مرۆڤی لێدەكەوێتەوە، وەك كردەی گرتنەوەی قاوەكە پرۆسەیەكە هەڕەمەكییانە ئەنجام دەدرێت، یان بەپێی بەرنامەیەكی بۆماوەییانەی وردی ناو سروشتی بایۆلۆجییانەی مرۆڤ روودەدات؟ گەر ئێمە ئەو دووپاتبوونەوەیەی هێڵكارییەكانی لەپی ئەو ملیارەها دەستەمان بە كردەیەكی هەڕەمەكییانە زانی و بەوە راڤەمان كرد ئەوە بۆیە جیاوازن چونكە رێكەوتی نەكردووە وەك یەك بن، چۆن رێكەوتی كردووە ئاوا جیاوازبن، دەكرێت رۆژێكیش رێكەوت بكات هێڵكاری لەپی دەستی هەموو مرۆڤەكانی سەردەمێك لە یەك بچن و كۆپیی یەك شت بن و ئەو كات هێڵكاری پەنجەكانی مرۆڤ شیانی ئەوەیان تیا نەمێنێت وەك شوناسی كەسە جیاوازەكان بەكار بهێنرێن. ئەوا هەموو ئەوەی كە تا ئێستا بە زانست و لێكۆڵینەوە لە یاساكانی سروشت مرۆڤ پێوەی سەرقاڵبووەو بڕوای پێكردووە، بنەما زانستییەكەی خۆی لەدەست دەدات و لە یەك چركەدا هەموو ئەوەی كە زانستە دەگۆڕێت بۆ جۆرێك لە خورافەو فاڵگرتنەوە.

لەڕاستیدا ناكرێ ئینكاری ئەوە بكرێت هێزێكی سروشتی لەناو مرۆڤدا بوونی هەیەو بەپێی بەرنامەیەكی سروشتیی دیاریكراو كاردەكات و لە پەیدابوونی هەر مرۆڤێكدا ئەو چۆنایەتییانە دەبەخشێت بە جەستەی ئەو مرۆڤە كە پێشتر بە جەستەی هیچ مرۆڤێكی تری نەبەخشیوە، واتە ناكرێت بوونی ئەو ملیارەها هێڵكارییەی سەر لەپی دەستەكان و دووپات نەبوونەوەو لێك نەچوونیان بە بەرنامەیەكی پێشینە نەبووبێت و بە رێكەوت ئەمە وابێت و ئەو هێزە چۆنایەتی بەخشەی ناو سروشتی مرۆڤ لە پەیدابوونی هەر مرۆڤێكدا هەڕەمەكییانە چۆنایەتییەكان ببەخشێت و وابەستە نەبێـ بە مەرجی نەبەخشینی یەك چۆنایەتی بە دوو مرۆڤی جیاواز.

گەر رازیبووین بەوەی جیاوازی هێڵكارییەكانی لەپی دەستێك و دووپات نەبوونەوەی لە هیچ لەپێكی تردا كاری هێزێكی سروشتییە كە بە بەرنامەیەكی پێشینەی سروشتی كار دەكات، ئەی جیاوازی ئەو

چۆنایەتییانەی کە لە ئاماژەکانی زمانێکدا هەن وەك چۆنایەتییە جیاوازەکانی وێنەکانی قاوەگرتنەوە بەرهەمی کردە هەرەمەکییەکانی مرۆڤە جیاوازەکانن و بەرێکەوت ئەو جیاوازییانە هەن، یان ئەو چۆنایەتییە جیاوازانەش وەك چۆنایەتییە جیاوازەکانی لەپی دەستەکان لە کردەی هێزێکی ناو سروشتی مرۆڤ کەوتوونەتەوە کە ئەویش وەك هێزە چۆنایەتییە بەخشە بایۆلۆجییەکەی مرۆڤ بە بەرنامەیەکی پێشینە کار دەکات؟

دروستەخوازەکان هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە مرۆڤ جیا لە گیانلەبەرەکانی تر شیانێکی سروشتیی بۆ وەرگرتن و بەکارهێنانی سیستەمی ئاماژە زمانییەکان تێدایەو ئەم شیانە سروشتییە لە هەموو مرۆڤێکدا هەیەو مرۆڤەکان بەشێوەیەکی بۆماوەیی وەك شیانە سروشتییەکانی تر دەیگوازنەوە بۆ یەکتری و ئەم گواستنەوەش گواستنەوەیەکی سروشتیانەیەو مرۆڤ دەستی تێدا نییە، ئەوان ئەو شیانەیان ناوناوە مەلەکەی زمان، لای ئەوان مەلەکەی زمان ئەو شیانە سروشتییەی وەرگرتن و بەکارهێنانی سیستەمی دروستکراوی ئاماژە زمانییەکانە، بوونی ئەو مەلەکەیە لە مرۆڤداو نەبوونی لە گیانلەبەرەکانی تردا وایکردووە تەنها مرۆڤ توانی وەرگرتنی سیستەمی ئاماژە زمانییەکان و بەکارهێنانیانی هەبێت وگیانلەبەرەکانی تر ئەو توانایەیان تیا نەبێت.

مەلەکەی زمان لای ئەوان هێزێکی سروشتی داهێنەر نییەو تەنها شیانێکە بۆ وەرگرتنی سیستەمی ئاماژە زمانییەکان لە دەوروبەرێکی زمانیداو بەکارهێنانی ئەو سیستەمە بۆ ئاخاوتن و بەرهەمهێنانەوەی ئەو چۆنایەتییانە لە گوتنەکاندا کە سیستەمە وەرگیراوەکە ڕێگە بە بەرهەماهێنانیان دەدات، ئەو مەلەکە زمانییە ناتوانێت ئەو چۆنایەتییانە بەرهەم بهێنێت کە بە مومکین لەناو سیستەمە وەرگیراوەکەدا بوونیان نییە، واتە توانای بەرهەمهێنانی چۆنایەتییەکانی دیاریکراوە بەو چۆنایەتییانەی کە لە سیستەمە وەرگیراوەکەدا هەن و ئەو ملەکەیە بۆخۆی هەڵگری هیچ جۆرە چۆنایەتییەك نییە تا بیبەخشێت بە گۆکراوەکانی، بۆیە بۆ بەرهەمهێنانی چۆنایەتییەکان هەر دەبێت پشت بەو سیستەمە زمانییە ببەستێت کە بە ئەزموون لە دەروبەرەکەی خۆی وەریگرتووە، ئەو چۆنایەتییە نوێیانەش کە ئەو لەو زمانەدا دەیانبەخشێت بە گوتنەکان بەشێوەیەکی سروشتی لەناو مرۆڤدا بوونیان نییەو هەموو مرۆڤێك لەگەڵ سیستەمە زمانییەکەدا لە دەرەوە وەریان دەگرێت، بۆیە ناکرێت ئەو جیاوازییانەی کە لەنێوان ئاماژەکانی یەك زمان و ئاماژەکانی هەموو زمانەکانی جیهاندا هەیە بگەڕێنرێتەوە بۆ سروشتی مرۆڤەکان و مەلەکەی زمانیی مرۆڤەکان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت مەلەکەی زمان وەك ئەو هێزە سروشتییە نییە کە لە مرۆڤەکاندا بەشێوەیەکی سروشتی و بۆماوەیی دەگوازرێتەوەو ئەو چۆنایەتییانە دەبەخشێت بە جەستەی مرۆڤەکە کە پێشتر بە هیچ مرۆڤێکی تری نەبەخشیوون، ئەو چۆنایەتییانەش کە ئەو دەیاندات بە جەستەی ئەو مرۆڤە هەر لەناو سروشتی بایۆلۆجییانەی ئەو مرۆڤە خۆیدا بەشێوەیەکی سروشتی لەگەڵ بوونیدا هەن و دوای لەدایکبوونی لە دەوروبەر مرۆییەکە وەری نەگرتوون.

جیاوازی بنچینەیی تیۆرە دروستەییەکەو تیۆرە سروشتییەکە لەم شوێنەدا دروست دەبێت، واتە بەپێی تیۆرە سروشتییەکە هەر توانای وەرگرتنی سیستەمی زمان و بەکارهێنانی بوونێکی سروشتییان لە مرۆڤدا

نییە، بەڵکو ئەو چۆنایەتییانەش کە زمانی دوو کۆمەڵگای زمانیی جیاوازیان لە یەکتر جیاکردووەتەوەو نەوە بەنەوەش ئەو جیاوازییانە دەپارێزن، بوونێکی سروشتییان لە سروشتی کۆیی ئەو دوو کۆمەڵگا زمانییەدا هەیەو ئەوانیش وەك مەلەکەی زمان لە دەوروبەرە زمانییەکە وەرنەگیراون و لەناو سروشتی مرۆڤەکانی کۆمەڵگا زمانییەکاندا هەن و بەپێی ئەوان زمان گەشە دەکات و پەرە دەسێنێت و بەردەوامیش جیاوازییەکانی خۆی دەپارێزێت. ئەو چۆنایەتییە سروشتییانەن کە گۆڕان لە چۆنایەتییەکانی زمانی وەرگیراوی کۆمەڵگایەکی زمانیی بێگانەدا دروست دەکەن و بەجۆرێك دەیگۆڕن کە لەدوای چەند وەچەیەك وەك زمانێکی تەواو جیاوازو سەربەخۆی لێبێت.

لای دروستەخوازەکان ئاماژەدەرە زمانییەکان وەرگیراون و سروشتی نین و مرۆڤ هەمیشە لە دەرەوەی خۆی وەریگرتوون. ئەم بۆچوونەی ئەوان وای لەوان کردووە وا سەیری ئاماژە زمانییەکانیش بکەن کە بوونیان پێش دەکەوێت بەسەر بوونی مرۆڤداو سەرەتاش مرۆڤ بەڕێکەوت ڕێی لێیان کەوتووە، هەروەك چۆن بەڕێکەوت کەسێك بەهۆی دەرچوونی هەوا لە سیەکانی و گردکردنەوەی لێوەکانی ڕێی لەو دەنگە کەوتووە کە بە کوردی پێی دەوترێت فیکە، لە کاتێکدا چۆنایەتی فیکەلێدان لە هیچ زمانێکا نەبووە بە چۆنایەتییەکی زمانی، دروستەخوازەکان بۆئەوەی خۆیان لە لێکدانەوەی پەیدابوونی ئاماژە زمانییەکان دوور بخەنەوە، پاساو بۆئەوە دەهێننەوە کە مرۆڤ توانای ئەوەی نییە هیچ لەبارەی ئەو سەردەمەوە بزانێت کە ئاماژە دەنگییەکانی تێدا پەیدابوون، بۆیە باسکردن لە بنەماکانی پەیدابوونی ئاماژە دەنگییەکان بێمانایە. لەڕاستیدا ئەم بۆچوونە وادەبینێت ئەو توانایەی کە مرۆڤ لەسەرەتای پەیدابوونی زمانەوە بۆ دروستکردنی ئاماژە زمانییەکان هەیبووە، دوای پەیدابوونی ئاماژە زمانییە سادەکانی زمانەکان لە مرۆڤدا بوونی نەماوە، بۆیە لێکۆڵینەوە لەو توانایەی کە لە مرۆڤی ئەو سەردەمەدا هەبووە کارێکی بێمانایە.

گەر ئێمە توانای داهێنانی ئاماژەکانمان بە توانای تایبەتی مرۆڤی سەردەمێك زانی، دەبێت ئەو توانایەش کە مرۆڤ لە داهێنانی ئامێرە تەکنۆلۆجییەکاندا لەم دوو سەدەی دواییدا بەکاری هێناوە، بە توانایەکی تایبەتی مرۆڤی سەردەمی مۆدێرنەی ئەوروپای بزانین و دان بەوەدا بنێین کە ئەو توانایە تەنها لە مرۆڤی ئەوروپی سەردەمی مۆدێرنەدا هەبووەو لە مرۆڤی سەردەمەکانی پێشوو و مرۆڤی غەیرە ئەوروپاییدا بوونی نەبووە. ئەم بۆچوونە ناکرێت بە بۆچوونێکی لۆجیکی و زانستی بزانرێت، چونکە ئەو هێزەی کە چۆنایەتی ئامێرە تەکنۆلۆجییەکانی داهێناوەو لە ماددە سروشتییەکاندا شێوەگیری کردوون، گەر تەنها لە مرۆڤی ئەوروپایی سەردەمی مۆدێرندا بوونی هەبێت، هیچ مرۆڤێکی جگە لە مرۆڤی ئەوروپی توانای فێربوونی دروستکـردنی ئەو ئامێرانەو بەکـارهێنانیانی نەدەبوو، وەك مەیمون نەیدەتوانی فێری دروستکردنی ئەو ئامێرانە ببێت و لە هەندێك جاریشدا چۆنایەتی نوێ لە دروستکردنە نوێیەکەدا شێوەگیر بکات و ئەرك و چۆنایەتییەکی جیاواز لەوەی کە فێریبووە بدات بە ئامێرەکە. لەڕاستیدا ئەو هێزەی کە بە بەخشینی چۆنایەتییەکانی خۆی ئەو ئامێرانەی داهێناوە لە هەموو مرۆڤێکدا بوونی هەبووەو بوونیشی دەبێت. بەڵام ئەو

هێزە بەهۆی بارودۆخێکی تایبەتەوە لە مرۆڤی ئەوروپیدا کارا دەبێت و چۆنایەتییەکانی خۆی بۆ دروستکردنی ئامێرەکان دەرکەوت پێدەکات.

زمانیش وەك ئامێرێکی داهێنراوی مرۆڤ بە چۆنایەتییە جیاوازەکانی ئەو هێزە چۆنایەتی بەخشە پەیدابووە کە لە هەمووماندا هەیەو گەر هەمان بارودۆخی بۆ سازبکرێتەوە دەتوانێت ئاماژە سادەکان بە چۆنایەتییەکانی خۆی دروست بکاتەوەو سەرلەنوێ زمان دابهێنێتەوە، لە ئێستاشدا ئەوەی جیاوازی زمانەکانی جیهان لە هێرشی لەناوبردنی زمانەکان دەپارێزێت هەرئەو هێزە چۆنایەتی بەخشەیە، ئەوەش کە لەناو ئەو کۆمەڵگا زمانییانەدا کە جەستە زمانییەکەیان لەناوچووەو جەستەی زمانێکی بێگانەیان وەرگرتووە، پارێزەری جیاوازییە زمانییەکانیانە، هەمان ئەو هێزە چۆنایەتی بەخشە سروشتییەیە، بۆنمونە ئەو کۆمەڵگا زمانییە میسری و جەزائیرییەی کە جەستەی زمانەکەی خۆی لەدەستداوەو جەستەی زمانی عەرەبیی وەرگرتووە، بەوە جیاوازییە زمانییەکانیان لەناو جەستەی ئەو زمانە بێگانەدا پاراستووە کە چۆنایەتییە سروشتییەکانی خۆیان بەخشیوە بە زمانە بێگانەکەو بەو ئاڕاستەیەدا گۆڕیویانە کە چۆنایەتییە زمانییە سروشتییەکانی ناو خۆیان دەیخوازێت.

دروستەخوازەکان هەر پەیدابوونی ئاماژە زمانییەکان ناگەڕێننەوە بە هەڕەمەکییەتی کردەی داهێنانەکەیان، بەڵکو ئەو کردەیەش بە کردەیەکی هەڕەمەکی دەزانن کە لە ئاماژە زمانییەکاندا ئاماژەدەرەکان پەیوەست دەکات بە ئاماژەپێدراوەکانەوە، ئەمە جگە لەوەی کە پێیانوایە ئاماژەپێدراوەکان لە زەینی هەموو مرۆڤەکاندا یەکن و جیاواز نین.

گەر تیۆرە سروشتییەکە سەرقاڵی سەلماندنی ئەوە بوویێت کە چۆنایەتییە جیاوازەکانی ئاماژە زمانییەکان، چۆنایەتی وەرگیراونین و چۆنایەتی سروشتین و بەهەمان شێوەی مەلەکەی زمان لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤدا بوونیان هەیەو لەکاتی پێویستدا ئەو هێزە چۆنایەتی بەخشەی کە بەرپرسە لە بەخشینیان، لە زەینی ئەو کەسانەدا دەرکەوتیان دەکات کە ئاماژە نوێیەکان دادەهێنێت. ئەوا تیۆرە ئەنتۆلۆجییەکە کار لەسەر سەلماندنی ئەوە دەکات کە ئاماژەپێدراوەکان لە زەینی مرۆڤەکاندا یەك نین و هەروەك ئاماژەدەرەکان جیاوازن و پەیوەندی نێوان ئاماژەدەرو ئاماژەپێدراوەکانیش لە کردەیەکی هەڕەمەکییانە نەکەوتوونەتەوەو لە کردەی هێزێکی سروشتی ناو سروشتی کۆیی مرۆڤ کەوتوونەتەوە کە بە بەرنامەیەکی پێشینە کاردەکات و ئەو بەرنامەیەش لەناو عەقڵی کۆیی ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگا زمانییە سروشتییەدایە کە زمانەکەی تێدا پەیدابووە.

بۆئەوەی لە کۆمەڵگایەکی زمانیدا ئاماژەدەرێك بۆ ئاماژەدان بە ئاماژەپێدراوێکی نوێ بێتەئاراوە، دەبێت رەچاوی ئەوە بکرێت: ئەو ئاماژەدەرە جیاوازبێت لە هەموو ئاماژەدەرەکانی ناو ئەو کۆمەڵگا زمانییەو لەهەمان کاتدا جیاوازیش بێت لە هەموو ئەو ئاماژەدەرانەی کە لە زمانەکانی تری جیهاندا بۆ هەمان ئاماژەپێدراو بەکارهاتوون. بۆنمونە کاتێك لە زمانی کوردیدا وشەیەکی وەکو وشەی درەخت پەیدادەبێت، ئەبێت لە پەیدابوونەکەیدا رەچاوی ئەوە کرابێت جیاوازبێت لە هەموو ئەو وشانەی لە زمانی کوردیدا هەن و

جیاوازبێت لەوانەش کە نین و مومکینە لە داهاتوودا هەبن. گەر توانای ئەم جیاوازبوونەی تیا نەبێت بۆ ئەوە ناشێت ببێت بە ئاماژەیەك لە ئاماژەکانی زمانی کوردی، لەلایەکی ترەوە دەبێت ئەم وشەیە جیاوازبێت لەو سەدەها وشەیەی کە لە زمانەکانی جیهاندا بۆ ئاماژەدان بە درەخت هاتوونەتە ئاراوە. ئەم جیاوازبوونەی دوایی بۆ نیشاندانی بوونی جیاوازی زمانی کوردییە لە زمانەکانی تری جیهان، واتە دەبێت ئەو فۆڕمە دەنگییەی لە زمانی کوردیدا بۆ ئاماژەدان بە درەخت هەیە، جیاوازبێت لە هەموو ئەو فۆڕمە دەنگییانەی کە لە زمانەکانی تری جیهاندا هەن، تا لەکاتی بەرامبەربوونەوەی لەگەڵ هەموویاندا لەڕێگەی نیشاندانی جیاوازییەکانی ئەو فۆڕمە دەنگییەوە بوونی تاکانەو جیاوازی خۆی بخاتەڕو. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازبوونی فۆڕمی دەنگی وشەی درەخت لە زمانی کوردیدا، تەنها جیاوازبوون نییە لەو فۆڕمە دەنگییانەی کە لە زمانی کوردیدا هەن، بەڵکو جیاوازبوونە لەو فۆڕمە دەنگییانەش کە لە هەموو زمانە جیاوازەکانی جیهاندا بۆ ئاماژەدان بە درەخت بەکاردەهێنرێن.

بۆئەوەی لە زمانێکدا ئاماژەیەکی نوێ بۆ ئاماژەدان بەشتێك ساز بکەین، دەبێت لەگەڵ هەموو فۆڕمە دەنگییەکانی ئەو زمانە هەموو ئەو فۆڕمە دەنگییانەش رووبەڕووی بکەینەوە کە لە زمانەکانی تری جیهاندا بۆ هەمان ئاماژەپێدراو کراون بە ئاماژەدەر، جا دەتوانین وشەیەکی شیاو لە زمانێکدا بهێنینە ئاراوە. لەڕاستیدا کارێکی لەو جۆرە نەك هەر بەشێوەیەکی هەڕەمەکییانە ناکرێت سەر بگرێت، بەڵکو بە بوونی بەرنامەیەکی کارکردنیش کارێکی سەخت و مەحاڵە، چونکە ئاسان نییە مرۆڤ بتوانێت بۆ سازکردنی هەر فۆڕمێکی دەنگی، فۆڕمە دەنگییەکە لەگەڵ هەموو فۆڕمە دەنگییەکانی زمانەکەی خۆی ڕووبەڕوو بکاتەوە، گەر توانیشی ئەمە بکات ئەوا مەحاڵە بتوانێت لەگەڵ هەموو ئەو فۆڕمە دەنگییانە رووبەڕووی بکاتەوە کە لە حەوت تا هەشت هەزار زمانی جیهاندا بوونی هەیە، گەر ئەم کارە بۆ وشەسازێك و کۆمەڵگا زمانییەکەی مەحاڵبێت، ئەوە چییە وایکردووە فۆڕمە دەنگییەکانی ناو زمانێك لەناو خۆیاندا جیاوازبن و جیاوازیش بن لە فۆڕمە دەنگییەکانی هەموو ئەو زمانانەی تر؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش ناچارین دان بەوەدا بنێین کە دەبێت هێزێکی سروشتی لەو جۆرە لە پشت ئەم کارەوە بێت کە چۆنایەتی جیاوازی بەبێ دووپاتبوونەوە بەخشیوە بە هێڵکارییەکانی لەپی ئەو ملیارەها دەستەی کە هەن. واتە ناچارین بۆ بوونی ئەم جیاوازییە بێئەژمارانە گریمانی بوونی هێزێکی سروشتی و بۆماوەیی لەو جۆرە بکەین کە لە بواری بۆماوەناسیدا بۆ ئەو هەموو جیاوازییانە گریمانەکراوە کە لە چۆنایەتییەکانی پێکهاتەی جەستەیی مرۆڤەکانی ناو یەك کۆمەڵگای زمانیدا هەن، لەگەڵ چۆنایەتییە پێکهاتەییەکانی جەستەی کۆی کۆمەڵگایەکی رەگەزی لەگەڵ کۆمەڵگا رەگەزییەکانی تردا هەیە، واتە ئەو چۆنایەتییانەی کە لۆبۆن بە چۆنایەتییەکانی پێکهاتەی سروشتی نمونەی ناوەندی کۆمەڵگا رەگەزییەکان ناویان دەبات.

گریمانەکردنی هێزێکی چۆنایەتی بەخشی سروشتی لەو جۆرە تەنها بۆ لێکدانەوەی جیاوازییە زمانییەکانی فۆڕمە دەنگییەکان گرنگ نییە، بەڵکو بۆ لێکدانەوەی هەموو ئەو جیاوازییانەش گرنگە کە لە

دەرکەوتە کولتورییەکانی تری جگە لە زمان بوونیان هەیە، وەك هونەرو ئاکارو ئەدەبیات و ...هتد، چونکە بەبێ بوونی هێزێکی سروشتیی لەو جۆرە راڤەکردنی ئەو هەموو جیاوازییە کولتورییانەی لە کۆمەڵگا سروشتی و دروستکراوەکاندا هەن مەحاڵە. گەر بەبێ گریمانەکردنی ئەو هێزە سروشتییە هەوڵی ئەوە بدەین بنەمایەك بۆ بوونی ئەو هەموو جیاوازییە کولتورییە بێئەژمارانە بدۆزینەوە، وەك ئەو کەسەمان لێدێت کە بەبێ گریمانەکردنی ئەو هێزە سروشتییە چۆنایەتی بەخشەی کە چۆنایەتی دەدات بە هێڵەکانی ناو لەپی دەستی مرۆڤەکان، لێکدانەوە بۆ ئەو هەموو جیاوازییانە بکات کە لە هێڵکاری ناو لەپی ئەو هەموو دەستەدا هەیە.

لەلایەکی ترەوە گەر ئێمە گریمانەی بوونی هێزێکی چۆنایەتی بەخشی لەو جۆرەمان بۆ فۆرمی دەنگی ئاماژەکانی زمانەکان کرد، تووشی گرفتێکی تیۆری دێین، ئەویش ئەوەیە ئەو هێزە سروشتییەی کە چۆنایەتی داوە بە فۆرمی جەستەی ئەو هەموو مرۆڤە، هێزێکە لە دەرەوەی ویستی ئێمەدا کاری خۆی کردووەو چۆنایەتی داوە بە فۆرمی جەستەیی ئێمەو ئێمە نەمانتوانیوە ئاراستەی کارکردنەکەی بگۆڕین، یان رێگەی لێبگرین کارەکەی خۆی بکات، بەڵام ئەو هێزە چۆنایەتی بەخشەی کە چۆنایەتی دەدات بە فۆرمە دەنگییەکانی زمانێك ئێمە دەتوانین ببین بە بەربەست لەبەردەم کارەکەیداو رێگەی نەدەین چۆنایەتیەکانی خۆی بدات بەو فۆرمە دەنگییانەی کە ئێمە لە گوتندا بەکاریان دەهێنین، ئێمە دەتوانین بە چۆنایەتی فۆرمە دەنگییەکانی هەر زمانێك لەو زمانانە بدوێین کە ئەو هێزە چۆنایەتی بەخشەی ناو خۆمان چۆنایەتی پێبەخشیون و هێزی چۆنایەتی بەخشی ناو کۆمەڵگایەك چۆنایەتی پێبەخشیون کە زمانەکەی تا ئەوپەڕی جیاوازی جیاوازە لەو زمانەی کە ئێمە بە زمانی سروشتی خۆمانی دەزانین؟ ئێمە دتوانین زمانەکەی خۆمان بگۆڕین، بەڵام ناتوانین هێڵکارییەکانی لەپی دەستی خۆمان بگۆڕین، ئیتر چۆن دەتوانین چۆنایەتییەکانی فۆرمە دەنگییەکانی زمانەکانمان وەك چۆنایەتییەکانی فۆرمی هێڵکارییەکانی ناولەپمان بەرهەمهاتووی هێزێکی سروشتین؟

تیۆرە سروشتییەکە لەبەرئەوەی جیاوازی زمانەکان تەنها بەپێی بنەما سروشتییەکە لێکدەداتەوە، لە بەرامبەر ئەو گرفتەدا کە ئەم پرسیارانە بۆی دروست دەکەن شکست دەهێنێت، بەڵام تیۆرە عەقڵییەکە لەبەرئەوەی بۆ لێکدانەوەی جیاوازی زمانەکان پشت بە بنەما عەقڵییەکە دەبەستێت و بە بنەمای بنچینەیی بوونی زمانی دەزانێت و بنەما سروشتییەکەش بە بنەمایەکی وابەستە بە بنەما عەقڵییەکەوە دەزانێت، توانای بڕینی ئەو بەربەستەی هەیە کە ئەو پرسیارانە دروستی دەکەن.

## 2-1/2) ئەنتۆلۆجیای پرۆسەی بەدیالیکتبوونی زمانەکان

بەپێی تێڕوانینی ئەنتۆلۆجی تیۆرە عەقڵییەکە، چۆنایەتییە جیاوازەکانی فۆڕمی دەنگیی زمانەکان بەرهەمهاتووی هێزێکی سروشتی ناو سروشتی کۆیی کۆمەڵگایەکی زمانین، بەڵام ئەم هێزە سروشتییە وەك ئەو هێزە سروشتییەی کە چۆنایەتییەکان لە جەستەی مرۆڤدا شێوەگیر دەکات بە فرمانەکانی سروشتی مرۆیی کار ناکات و بەو فرمانانە کار دەکات کە لە عەقڵی کۆیی کۆمەڵگا زمانییەکەدا هەن، هەر جیاوازی سەرچاوەکانی فرمان وەرگرتنی ئەو هێزە سروشتییە چۆنایەتی بەخشەیە وادەکات بەبێ ویست و ئاگایی مرۆڤ چۆنایەتییەکانی خۆی ببەخشێت بە جەستەی مرۆڤێك و بیکات بە جەستەیەکی جیاواز لە هەموو جەستەکانی تر، بەڵام بە ویست و ئاگایی مرۆڤ چۆنایەتییەکانی خۆی ببەخشێت بە جەستەی دەرکەوتە کولتورییەکانی کۆمەڵگایەکی سروشتی و بیکات بە جەستەیەکی کولتوری جیاواز لە جەستەی کولتوری هەموو کۆمەڵگا سروشتییەکانی تر.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت لەناو مرۆڤ دا دوو جۆر هێزی چۆنایەتی بەخشی سروشتی بوونیان هەیە: هێزێکیان بۆ بەخشینی چۆنایەتییەکانی ناو سروشتی مرۆڤ دەستور لە فرمانەکانی ئەو عەقڵە وەردەگرێت کە فرمانەکانی خۆی لەڕێگەی جەستەی جیهانی سروشتەوە وەدی دەهێنێت و سروشت بەرەو ئەو ئامانجە ئاراستە دەکات کە خۆی بۆ بوون و پەرەسەندنی سروشت دایناوە. مرۆڤ لێرەدا بوونەوەرێکی سروشتییەو وەك هەموو بوونەوەرە سروشتییەکانی تری ناو سروشت بوون و پەرەسەندنە سروشتییەکەی بەپێی ئەو پلانە دەڕوات بەڕێوە کە بەشێوەیەکی پێشینە لەناو ئەو عەقڵەدا بوونی هەیە کە لە جیهانی سروشتدا خۆی بۆخۆی دەنوێنێتەوە، لێرەدا مرۆڤ وەك هەر بوونەوەرێکی سروشتی ناو جیهانی سروشت لەژێر جەبری یاسا سروشتییەکاندایە. بەڵام مرۆڤ وەك بوونەوەرە سروشتییەکانی تر تەنها بوونەوەرێکی سروشتی نییەو بوونەوەرێکی عەقڵیشە، واتە بوونەوەرێکە لەو بوونەوەرانەش کە لە جیهانە عەقڵییە سەروو سروشتییەکەدا بوونیان هەیە.

مرۆڤ بە بوونی عەقڵ لە گیانلەبەرەکانی تری ناو سروشت جیادەبێتەوە، عەقڵی مرۆیی ناو مرۆڤ بوونەوەرێکی سەروو سروشتییەو سەر بە جیهانی عەقڵەو سەر بە جیهانی سروشت نییە، عەقڵ لە مرۆڤ دا هەروەك ئەو عەقڵەی کە لە جیهانی سروشتدا فەرمانڕەوایە، فەرمانڕەوای جیهانی بوونەوەرە کولتورییەکانە، واتە جیهانی زمان و ئاین و ئاکارو سیاسەت و ئامێرسازی و هونەرو ...هتد، بوونەوەرەکانی ناو ئەم جیهانە وەك بوونەوەرەکانی ناو جیهانی سروشت بەپێی بەرنامەو پلانێکی پێشینە بەڕێوە دەچن، ئەو بەرنامەیەش لەشێوەی کۆمەڵە فرمانێکدا لەناو ئەو عەقڵە رەهایەدا بوونیان هەیە کە جیهانە مرۆییەکە ئاراستە دەکات، ئەو عەقڵە رەهایە لەناو نەتەوەکاندا لەشێوەی رۆحی ئەو نەتەوانەدا بە هەمان شێوەی رۆحی رەها خۆی لەناو مرۆڤەکانی یەك نەتەوەدا بەشەکی کردووەتەوە. جیهانی عەقڵی هەر مرۆڤێك بەشەکیبووەوەی رۆحی نەتەوەیەکە، هەروەك چۆن جیهانی سروشتی هەر مرۆڤێك بەشەکیبووەوەی جیهانی سروشتی رەگەزێك لە رەگەزە مرۆییەکانەو جیهانی سروشتی ناو ئەو رەگەزەش بەشەکیبووەوەی ئەو جیهانە سروشتییە رەهایەیە کە

لەناو سروشتی کۆیی مرۆڤایەتیدا هەیەو جیهانە سروشتییەکەی ناو مرۆڤ جیادەکاتەوە لە جیهانە سروشتییەکانی تری ناو بوونەوەرە سروشتییەکانی تر.

عەقڵی ڕەهای ناو سروشت چۆن بە سیستەمی فرمانەکانی خۆی بەردەوام وا لەو هێزە چۆنایەتی بەخشەی ناو بوونەوەرە سروشتییە زیندووەکان دەکات چۆنایەتی نوێ بۆ جەستەی ئەو بوونەوەرانە دەرکەوت بکات کە تازە دێنە ناو جیهانی سروشتەوەو لەمەشدا نابێت ئەو چۆنایەتییانە ببەخشێتەوە کە لە بوونەوەرەکانی پێشووتردا بەخشیونی، بەهەمان شێوە عەقڵی بەشەکیبووەوەی عەقڵی ڕەهای ناو مرۆڤیش بە سیستەمی فرمانەکانی خۆی بەردەوم وا لەو هێزە چۆنایەتی بەخشەی ناو مرۆڤ دەکات لەگەڵ دەرکەوتنی هەر نەوەیەکی نوێی ناو کۆمەڵگا سروشتییەکاندا ئەو چۆنایەتییە نوێیانە ببەخشێت بە بوونەوەرە کولتورییەکانی ناو ئەو کۆمەڵگا سروشتییە کە پێشتر نەیبەخشیون.

مرۆڤ وەك گیانلەبەرێکی سروشتی بەردەوام لە گەشەکردنێکی سروشتیدایەو لەگەڵ دەرکەوتنی هەر نەوەیەکی نوێدا کۆمەڵە فۆڕمێکی جەستەیی جیاواز لە فۆڕمی جەستەی نەوەکانی پێشوو دەردەکەون، ئەمەش وادەکات فۆڕمی جەستەیی هیچ مرۆڤێك بەتەواوەتی لە فۆڕمی جەستەیی هیچ لەو مرۆڤانە نەچێت کە پێشتر هەبوون و لە فۆڕمی جەستەیی ئەو مرۆڤانەش نەچێت کە دواتر دێن. ئەمەش بەپێی بنەمایەك بەڕێوە دەچێت کە لایبنتز ناوی ناوە بنەمای شوناسی ناجیاکان، بەپێی ئەم بنەمایە لە جیهانی سروشتدا دوو بوونەوەر نادۆزینەوە کە تەواولەیەکتر بچن و هیچ جیاوازییەك لەنێواندا نەبێت.

ئێمە دەزانین لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤدا ڕەوتی پەرەسەندنی مرۆڤ بەو شێوەیە نەبووە کە ڕێژەی ئەو مرۆڤانەی بۆ یەکەمجار لەناو جیهانی سروشتدا پەیدابوون یەکسانبێت بە ڕێژەی ئەو مرۆڤانەی لەوان کەوتوونەتەوە، بەپێی ئەو ڕەوتەی کە لە ئێستادا بۆ پەرەسەندنی مرۆڤ هەیە دەتوانرێت گریمانەی ئەوە بکرێت ڕێژەی ئەو مرۆڤانەی بۆ یەکەمجار لە جیهانی سروشتدا دەرکەوتوون ڕێژەیەکی زۆر کەمبوون، هەمان ئەو سروشتە مرۆییەی لەواندا چۆنایەتی بەخشیوە بە فۆڕمە جەستەییەکەیان، لە ئێستادا چەند چۆنایەتییەك دەدات بە مرۆڤە تازە پەیدابووەکان کە پێشتر بەهیچ مرۆڤێکی نەداون و دواتریش بەهیچ مرۆڤێکیان نادات. ئەمەش خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو هێزە چۆنایەتی بەخشە بەپێی بەرنامەیەك کار دەکات لەناو ئەو عەقڵە وەدیهێنەرەدایە کە بوونەوەرە سروشتییە زیندووەکانی وەدیهێناوە، بەبێ بوونی بەرنامەو پلانێکی پێشینەی لەو جۆرە مومکین نابێت هیچ مرۆڤێك یان گیانلەبەرێك لە هیچ گیانلەبەرێکی تر نەچێت و خاوەنی شوناسی تایبەتی خۆی بێت. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو هێزە چۆنایەتی بەخشەی ناو سروشتی مرۆڤ بەندە بە فرمانەکانی عەقڵێکەوە کە جیهانی سروشتی ڕێکخستووەو بەرەو ئامانجێکی دیاریکراوی دەبات.

بنەمای شوناسی ناجیاکان ئەو بنەما عەقڵییەیە کە هێزی چۆنایەتی بەخش بە فۆڕمی جەستەی گیانلەبەرەکان لە بەخشینی چۆنایەتییەکاندا پەیڕەوی دەکات و بەمەش ڕێگە دەگرێت لە هاوشوناسبوونی گیانلەبەرەکان و بەردەوم لە جیاشوناسیدا دەیانهێڵێتەوە.

کولتوری مرۆیی و فۆڕمەکانی جەستەی ئەو بوونەوەرانەی کە سەر بەو کولتورە مرۆییەن بەهەمان شێوەی گیانلەبەرەکانی سروشت هەڵگری جیاوازی و جیاشوناسین و دوورن لەوەوە کە هاوشوناس بن، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو چۆنایەتییە جیاوازانەش کە لەواندا هەن بەهەمان شێوەی چۆنایەتییەکانی فۆڕمی جەستەی گیانلەبەرەکان لەلایەن هێزێکی چۆنایەتی بەخشی سروشتییەوە دەدرێن بەو بوونەوەرانە، ئەم هێزەش لە بەخشینی چۆنایەتییەکاندا پەیڕەوی فرمانەکانی عەقڵ دەکات، بەڵام ئەم عەقڵە وەك ئەو عەقڵەی کە حوکمڕانی جیهانی سروشت و ژیانی سروشتی گیانلەبەرانە ناکەوێتە دەرەوەی ویست و ئاگایی مرۆڤەوەو لە سنوری ویست و ئاگایی مرۆڤدا حوکمڕانیەتی خۆی دەکات. ئەم عەقڵە لەڕێگەی ئاگایی و ویستی مرۆڤەوە فرمانەکانی خۆی دەگەیەنێت بە هێزە چۆنایەتی بەخشەکەی ناو مرۆڤ و ئەو هێزە چۆنایەتی بەخشەش لەڕێگەی ویستی مرۆڤەوە فرمانە هاتووەکانی عەقڵەکە بە چۆنایەتییە سروشتییەکانی خۆی لەڕێگەی ویستی مرۆڤەوە دەبەخشێت بەو بوونەوەرە کولتورییەی کە لەڕێگەی ئەو مرۆڤەوە وەدیدێت.

گەر زمان وەك مرۆڤ ناوی هەمەکی جۆرێك لە بوونەوەری کولتوری بێت کە یەکە زمانییەکانن، ئەوا پرۆسەی پەیدابوونی ئەو یەکە زمانییانە بەهەمان شێوەی پرۆسەی پەیدابوونی مرۆڤەکان لەڕێگەی بەرنامەیەکی پێشینەوە کە لە عەقڵی ئەو مرۆڤانەدایە کە یەکە زمانییەکان لێیانەوە پەیدادەبن، یەکە زمانییەکانی هەر زمانێك لە سەرەتای پەیدابوونیان لەناو جیهانی کولتوردا ژمارەیان زۆر کەمبووەو لە پرۆسەی پەرەسەندنیاندا بەو شێوەیە زیادیانکردووە کە لە ئێستادا لە زمانە زیندووەکاندا دەبینرێت. لەگەڵ پەیدابوونی هەر نەوەیەکی نوێی ناو کۆمەڵگایەکی زمانی، نەوەیەکی نوێ لە یەکە زمانییەکانی زمانەکەش پەیدادەبن، ئەو نەوە نوێیەش بەهەمان شێوەی نەوەی نوێی مرۆڤەکان لە زۆر شتدا لە باوانەکانیان دەچن، بەڵام هەریەکەشیان جیاوازییەکی تیایەو بەو جیاوازییە خۆی جیادەکاتەوە لە هەموو یەکە زمانییەکانی دەورەکەی خۆی و هەموو ئەو یەکە زمانییانەش کە پێشتر هەبوون و دواتریش دەبن.

یەکە زمانییە تازە پەیدابووەکانی ناو جیهانی سروشتی زمانێك هەر لەوە پەیدانەبوون کە هەیە، لەوەش پەیدابوون کە دەبێت، واتە وەك فۆڕمی جەستەیی نەوەیەکی تازەبووی ناو کۆمەڵگایەکی سروشتی داخراو لە چۆنایەتیەکانی فۆڕمی دەنگی ئەو یەکە زمانییانە پەیدادەبن کە لە زمانەکەدا هەن، لەگەڵ ئەو چۆنایەتییە نوێیانەی کە لەناو سروشتی کۆمەڵگا زمانییەکەدا هەن و هێشتا لە فۆڕمە دەنگییەکانی زمانەکەدا دەرنەکەوتوون و لە ئاخاوتنی ئەو نەوەیەدا دەردەکەون کە تازە پەیدابووە، واتە یەکە زمانییەکانی زمانی سروشتی ناو ئاخاوتنی هەر کۆمەڵگایەکی سروشتی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگۆڕێن بە یەکەی زمانیی نوێ و هەمان ئەو یەکە زمانییانە نابن کە لە ئاخاوتنی باوانەکاندا هەبوون، چۆن فۆڕمی جەستەیی نەوەیەکی تازەبوو هەمان فۆڕمی جەستەیی باوانەکانی ئەو نەوەیە نین و کۆمەڵە فۆڕمێکی نوێن کە پێشتر نەبوون، بەهەمان شێوەش فۆڕمی دەنگی ناو ئاخاوتنی نەوەیەکی نوێ لە فۆڕمی دەنگی ناو ئاخاوتنی باوانەکانیان دەچن، بەڵام ئەو فۆڕمە دەنگییانە نین کە لە ئاخاوتنی باوانەکاندا بوونیان هەبووە، ئەو فۆڕمە دەنگییان کۆمەڵە فۆڕمێکی نوێن و پێکهاتەیەکن لەو چۆنایەتییانەی کە لە فۆڕمە دەنگییەکانی ئاخاوتنی

باوانەکاندا هەبوون لەگەڵ ئەو چۆنایەتییانەی کە لە فۆڕمە دەنگییەکانی ئاخاوتنی هیچ نەوەیەکدا نەبوون و لە داهاتووشدا لە فۆڕمە دەنگییەکانی ئاخاوتنی نەوەکانی تریشدا نابن.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت لە کۆمەڵگایەکی سروشتیدا لەگەڵ پەیدابوونی نەوەیەکی نوێدا نەوەیەکی نوێ لە یەکە زمانییەکانیش لەناو ئەو زمانەدا لەدایکدەبن، راستە ئەو یەکە زمانییانە لە یەکە زمانییەکانی ناو ئاخاوتنی باوانەکانی ئەو نەوەیە دەچن، بەڵام چۆن نەوەکانی ئەو باوانانە باوانەکانیان نین، ئاوا یەکە زمانییەکانی ناو ئاخاوتنی ئەو نەوەیەش یەکە زمانییەکانی ناو ئاخاوتنی باوانەکانیان نین و کۆمەڵە یەکەیەکی زمانیی نوێن کە پێشتر لە ئاخاوتنی باوانەکاندا بوونیان نەبووە.

لەمەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە یەکە زمانییەکانی زمانێك، لەناو زەمینەی ئاخاوتنی زمانی هەر نەوەیەکدا کۆمەڵە یەکەیەکی زمانیی نوێن و جیاوازن لە هەموو ئەو یەکە زمانییانەی کە لە زەمینەی ئاخاوتنی زمانی هەر نەوەیەك لە نەوەکانی تری ئەو کۆمەڵگا زمانییەی کە خاوەنی ئەو زمانەیە، ئەمەش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە لە هەر نەوەیەکی نوێی کۆمەڵگایەکی زمانی دیاریکراودا نەوەیەکی نوێ لە یەکە زمانییەکانیش پەیدا دەبن. پەیدابوونی ئەو یەکە زمانییانەش لە ئەنجامی زاوزێکردنی ئەو چۆنایەتییانەوەیە کە هێزە چۆنایەتی بەخشەکەی ناو سروشتی کۆیی ئەو نەوەیە لەواندا دەیانبەخشێت بە جەستەی ئەو یەکە زمانییانەی کە لە ئاخاوتنی باوانەکانی ئەو نەوەیەدا هەن و لەمەش ئەو یەکە زمانیانە دەکەونەوە کە ئەو نەوەیە لە زەمینەی ئاخاوتنی خۆیدا بەکاریان دەهێنێت. واتە یەکە زمانییەکانی ناو ئاخاوتنی هەر نەوەیەك لەو چۆنایەتییانە دەکەونەوە کە لەناو سروشتی ئەو نەوەیەدا هەن لەگەڵ ئەو چۆنایەتییانەی کە لەناو زەمینەی ئاخاوتنی باوانەکانی ئەو نەوەیەدا هەن. دیالێکتیکی نێوان ئەم دوو چۆنایەتییە ئەو چۆنایەتییە نوێیانەیان لێ دەکەوێتەوە کە لە هیولای دەنگی ئەو نەوەیەدا شێوەگیربوون.

ئەو پرۆسە دیالێکتیکییەی نێوان چۆنایەتییە دەرکەوتنەکراوەکانی ناو سروشتی کۆیی کۆمەڵگای زمانی و ئەو چۆنایەتییە دەرکەوتکراوانەی ناو ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکە، ئەو چۆنایەتییانەیان لێ دەکەوێتەوە کە دەبن بە چۆنایەتی یەکە زمانییەکانی ئاخاوتنی ئەو نەوەیەی کە تازە لەدایکدەبێت. گەر دیالێکتیکێکی لەو جۆرە پەرە بە ئاخاوتنی کۆمەڵگایەکی زمانیی داخراو نەدات، ئەوا زمانی ئەو کۆمەڵگایە بەهیچ شێوەیەك پەرەسەندن و گۆڕان بەخۆیەوە نابینێت و نەوە بەنەوە ناگۆڕێت بۆ کۆمەڵە دیالێکتێکی جیاوازو کۆتایی بەو زمانە نایەت کە بە زمانی دایك نابراوە، لەڕاستیدا زمانی دایك بەبێ زمانی باوك بوونی نییە، گەر زمانی دایك زمانی ئاخاوتنی باوانەکان بێت، ئەوا زمانی باوك ئە زمانە مومکینەیە کە لە سروشتی کۆیی ئەو نەوەدا هەیە کە لەو باوانانە دەکەوێتەوەو زمانی رۆڵەکانیش زمانی ئاخاوتنی ئەو نەوەیەیە کە لە زمانی دایك و زمانی باوك کەوتووەتەوە.

زمانی هەر نەوەیەك لە نەوەکانی کۆمەڵگایەکی زمانی زمانێکی نوێ و تازە وەدیهاتووەو لە پرۆسەی دیالێکتیکی ئەو زمانە دەکەوێتەوە کە نەوەیەکی نوێ لە کۆمەڵگا زمانییەکە وەردەگرێت لەگەڵ ئەو زمانە نادیارو پەنهانەی لە سروشتی ئەو نەوە نوێیەدا هەیە، چۆنایەتییە نوێکانی یەکە زمانییەکانی ئاخاوتنی ئەو

نەوەیە سەرچاوە لە چۆنایەتییەکانی ئەو زمانەوە دەگرێت کە لە سروشتی ئەودا پەنهانە لەگەڵ ئەو زمانەی کە لە کۆمەڵگا زمانییەکەدا بوونێکی کردەییانەو دیاری هەیە.

زمانی یەکەمی مرۆڤایەتی جیا لە هەموو ئەو زمانانەی کە لێیەوە پەیدابوون، تەنها سەرچاوەی لەو زمانەوە گرتووە کە لەناو سروشتی مرۆڤدا پەنهانبووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زمانی یەکەم بەبێ دایك پەیدابووە، واتە بەبێ بوونی زمانێکی دەرکەوتکردووی ناو ئاخاوتنی مرۆڤ هاتووەتە ئاراوە، پەیدابوونی زمانی یەکەم کە پێی دەوترێت زمانی دایك وەك پەیدابوونی دایکە حەوای ناو ئاینەکان وایە، ئەو دایکە بەبێ دایك لە باوکێك پەیدادەبێت کە لەناو ئادەمدا پەنهانە، زمانی یەکەمی مرۆڤیش لەو زمانە پەنهانەی ناو سروشتی ئەو مرۆڤەوە پەیدادەبێت بەبێ بوونی زمانێکی دەرکەوتوو. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت زمانی یەکەمی مرۆڤایەتی ئەو زمانەیە کە لە سروشتی مرۆڤایەتیدا بوونی هەیەو هەر لەوێش درێژەی بە بوون و ژیانی خۆی داوەو لە هەموو نەوەیەکی نوێی کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکاندا لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی باوانەکانی ئەو وەچەیەدا زمانێکی نوێ دەخاتەوە کە جیاوازە لە زمانی هەموو نەوەکانی ئەو کۆمەڵگا زمانییەو لە هەمان کاتیشدا جیاوازە لە زمانی نەوەکانی هەموو کۆمەڵگا زمانییەکانی تر.

گەر زمانی کردەییانەی ئاخاوتنی مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگایەکی زمانی ناونرابێت زمانی دایك، ئەوا دەتوانین بۆ ئاسانکاری، ئەو زمانە پەنهان و مومکینەی کە لە سروشتی کۆیی کۆمەڵگا زمانییەکاندا هەیە ناو بنێین زمانی باوك. کەوابێت گەر زمانی دایك ئەو زمانە بێت کە هەبووە، ئەوا زمانی باوك ئەو زمانەیە کە دەبێت، بەڵام لەگەڵ بوونیدا دەگۆڕێت بۆ زمانێك کە هەیەو کاری پێدەکرێت، زمانی باوك ئەو زمانە گۆڕراوە نییەو ئەو زمانەیە کە لەگەڵ دەرکەوتکردنیشدا لەناو ئەو زمانە گۆڕاوەدا بە پەنهانی لەناو سروشتی مرۆڤەکاندا دەمێنێتەوەو هەر لەو پەنهانییەشدا لە سروشتی نەوەیەکەوە بۆ سروشتی نەوەیەکی تر خۆی دەگۆڕێت و خۆ ئامادە دەکات بۆئەوەی لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی باوانەکاندا زمانێکی نوێ بۆ ئاخاوتنی نەوە تازەبووەکان بێنێتە ئاراوە.

دەتوانین لێرە بەدواوە بۆ روونکردنەوەی جیاوازی فۆرمە دەنگییەکان خۆمان لە بەکارهێنانی زاراوەکانی زمانەوانی مێژوویی و فیلۆلۆژیای بەراوردکاری دوور بخەینەوەو لەبری زمانی دایك و زمانی باوك و زمانی نەوەکان، سێ زاراوەی تر بەکاربهێنین کە بەهەمان بەدوایەکهاتن ئەمانەن: زمانی وەرگیراو، زمانی بەخشراو، زمانی وەدیهاتوو.

زمانی وەرگیراو ئەو زمانەیە کە نەوەیەکی تازە پەیدابووی کۆمەڵگایەکی زمانی لە کۆمەڵگا زمانییەکە وەك کۆمەڵە فۆرمێکی دەنگی و کۆمەڵە یاسایەك وەریدەگرێت و لەناو زەینیدا زەینییان دەکاتەوە، تیۆرە دروستەییەکەی سۆسۆرو تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوە وەسفێکی زانستی وردی پرۆسەی وەرگرتن و زەینی بوونەوەی زمانی وەرگیراویان کردووە.

زمانی بەخشراویش ئەو زمانە پەنهان و سروشتییەیە کە هێزی چۆنایەتی بەخشی ناو مرۆڤ ، یاساکان و چۆنایەتییە پەنهانەکانی لەناو زەینی کەسەکەدا زەیینی دەکاتەوە، چۆنایەتی و یاسا بەخشراوەکانی ئەو

زمانە پەنهانە لەگەڵ چۆنایەتی و یاسا وەرگیراوەکانی زمانە وەرگیراوەکەدا لە زەیندا دەگەن بەیەك و لەگەڵ یەکدا دەکەونە ناو پرۆسەیەکی دیالێکتیکی بەردەوامەوە.

زمانی وەدیهاتووش کۆی یەکە زمانییەکانی ناو ئاخاوتنی ئەو کەسەو یاساکانی پێکەوە بوونیانە، ئەمانەش بەرهەمهاتووی ئەو پرۆسە دیالێکتیکییە بەردەوامەی زمانە وەرگیراوەکەو زمانە سروشتییەکەن و دەکرێت لە ئاخاوتنی ئەو کەسەو لەدایکبوونی یەکە زمانییەکاندا چۆنایەتییەکان و یاساکانی یەکێك لەو دوو زمانە زاڵبێت بەسەر چۆنایەتی و یاساکانی زمانەکەی تریاندا، لەکاتی زاڵبوونی چۆنایەتی و یاساکانی زمانە بەخشراوەکەدا ئەو یەکە زمانییانە لەدایك دەبن کە توانای جیاوازبوونیان لە یەکە زمانییەکانی زمانە وەرگیراوەکە زیاترە، بەڵام لەکاتی زاڵبوونی چۆنایەتی و یاساکانی زمانە وەرگیراوەکەدا ئەو یەکە زمانیانە لە ئاخاوتنی کەسەکەدا پەیدادەبن کە توانای جیاوازبوونیان کەمترە لە یەکە زمانییەکانی ناو ئاخاوتنی زمانە وەرگیراوەکە، لەهیچ کاتێکیشدا هەریەك لەو دوو زمانە لەناو پرۆسە دیالێکتیکییەکەدا ناتوانێت چۆنایەتی و یاساکانی خۆی بەتەواوەتی زاڵ بکات و نەفی تەواوی چۆنایەتی و یاساکانی زمانەکەی تر لە یەکە زمانییەکانی ناو ئاخاوتنی ئەو کەسەدا بکات، هەر ئەمەش جیاشوناسی یەکە زمانییە پەیدابووەکانی ناو ئاخاوتنی ئەو کەسە لەگەڵ یەکە زمانییەکانی ئاخاوتنی کەسەکانی تردا دەپارێزێت.

گەر لە زەینی تاکەکەسی ناو کۆمەڵگایەکی زمانییەوە بەرەو زەینی کۆیی نەوەیەکی نوێی کۆمەڵگای زمانی بڕۆیین، ئەوا ئەو پرۆسە دیالێکتیکییەی نێوان زمانی وەرگیراو و زمانی بەخشراو روونتر دەبێتەوە، بۆ ئەمە دەبێت کۆمەڵگایەکی زمانی سروشتیی داخراو گریمانە بکەین، با وادابنێین کۆمەڵگایەکی زمانیی داخراومان هەیەو لە قۆناغێکی مێژووییدا ئەم کۆمەڵگا زمانییە هاتووەتە ئاراوەو تا ئێستا بەداخراوی ماوەتەوەو زمانەکەی لە هیچ سەردەمێکدا تێکەڵ نەبووە بە زمانی کۆمەڵگا زمانییەکانی تر. لە کۆمەڵگایەکی زمانی لەوجۆرەدا پەرەسەندنی زمان لەو پرۆسە دیالێکتیکییە دەکەوێتەوە کە لە نێوان زمانی وەرگیراوی ئاخاوتنی باوانەکان و زمانی بەخشراوی ناو سروشتی نەوەکاندا دێتەئاراوە، لە کۆمەڵگایەکی لەم جۆرەدا بەردەوام دوو زمان بوونیان هەیەو هەریەك لەو زمانانەش بەرێگەی تایبەتی خۆی یەکەی زمانیی نوێ لە دوو زەمینەی جیاوازدا دەخاتەوە، زمانی بەخشراو کە زمانی پەنهانی ناو سروشتی ئەو کۆمەڵگایەیە لە سروشتی هەر نەوەیەکدا هەڵگری کۆمەڵە چۆنایەتی و یاسایەکی نوێیە کە لە یاساو چۆنایەتییە پەنهانەکانی ناو سروشتی باوانەکان دەچن و لەگەڵ ئەمەشدا خاوەنی بوون و تایبەتمەندی خۆیانن و لێشیان جیاوازن، بە مانایەکی تر ئەو چۆنایەتییانە کۆپیی ئەو چۆنایەتییانەی پێشوو نین و هەرچەند لەوانیش دەچن بەڵام کۆمەڵە چۆنایەتییەکی نوێن و خاوەنی شوناسی تایبەتی خۆیانن و بەو جیاوازییە کەمەی کە هەیانە بوونی خۆیان لە چۆنایەتییەکانی ناو سروشتی هەموو نەوەکان جیادەکەنەوە، هەر ئەو مۆرکە جیاکەرەوانەی ئەوانیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەمان چۆنایەتی ناو سروشتی باوانەکان نین و وەدیهاتوویەکی نوێی ئەو هێزە چۆنایەتی بەخشەن کە هەرگیز لە دوو نەوەی جیاوازدا هەمان چۆنایەتی دەرکەوت پێناکاتەوەو ئەو چۆنایەتییانەی کە بەشداری پێکردوون لە دەرکەوتنی یەکە زمانییەکانی ئاخاوتنی باوانەکاندا لە وەدیهاتنی یەکە زمانیەکانی ناو

ئاخاوتنی هیچ نەوەیەکی تردا بەشدارییان پێناکاتەوە. ئەمەش وادەکات لەناو سروشتی هەر نەوەیەکی نوێدا کۆمەڵە چۆنایەتییەك لە زەینی کۆیی ئەو نەوە نوێیەدا بخاتەوە کە پێشتر لە زەینی کۆیی نەوەکانی تردا نەیخستوونەتەوە، بەم کارەش ئەو هێزە چۆنایەتی بەخشە لەناو سروشتی نەوەکاندا بەردەوام زمانە بەخشراوەکە پەرە پێدەدات و ناهێڵێت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە گەشەکردنی سروشتی خۆی بکەوێت، واتە ناهێڵێت ئەو زمانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بەشێوەیەکی تەقلیدی و بێ خۆنوێکردنەوەو لەدایکبوونەوە بگوازرێتەوە، ئەم زمانە بەخشراوە لە هەموو نەوەیەکی تازە لەدایکبوودا سەرلەنوێ وەك مرۆڤ لە باوانە سروشتییەکانی خۆی لەدایکدەبێتەوە.

لەمەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە زمانی هەر نەوەیەك لە نەوەکەی پێش خۆی جیاوازەو بەرهەمی وەرگرتن و بەرهەمهێنانەوەی ئەو زمانە نییە کە لە دەوروبەرە زمانییەکە وەریدەگرێت، بەڵکو بەرهەمی ئەو پرۆسە دیالێکتیکییەیە کە لەنێوان زمانی وەرگیراوی دەرەکی و زمانی بەخشراوی ناوەکیدا هەیەو ئەم پرۆسەیەش بە بەردەوامبوونی ئەو نەوەیە بەردەوام دەبێت و ئەو زمانە وەدیهاتووەش کە لەرێگەی کردەی ئاخاوتنی ئەوانەوە پەیدادەبێت زمانێکی بەرهەمهاتوو نییەو زمانێکی وەدیهاتووە، چونکە لە پرۆسەیەکی دیالێکتیکی کەوتووەتەوەو لە پرۆسەی وەرگرتن و دانەوەی ئەو وەرگیراوە نەکەوتووەتەوە، لە پرۆسەی وەدیهاتنی زمانی وەدیهاتوودا ئەوەی وادەکات ئەو زمانەو فۆرمە دەنگییەکانی هەمان ئەو زمانەو فۆرمە دەنگییەکانی نەوەکانی تری ئەو کۆمەڵگا زمانییە نەبن و بوونێکی سەربەخۆو شوناسێکی جیاوازیان هەبێت ئەو هێزە چۆنایەتی بەخشەیە کە زمانە بەخشراوەکە لەگەڵ زمانە وەرگیراوەکە دەخاتە ناو پرۆسە دیالێکتیکییەکەوە. ئەم هێزە چۆنایەتی بەخشە وەك ئەو هێزە چۆنایەتی بەخشەی کە چۆنایەتی هێڵکارییە سروشتییەکان بە لەپی دەستەکان دەبەخشێت بەپێی بنەمای شوناسی ناجیاکان کاردەکات و چۆنایەتییە نوێکانی خۆی دەبەخشێت بە زمانی ئاخاوتنی نەوەکانی یەك کۆمەڵگای زمانی و زمانەکەیان جیادەکاتەوە لە زمانی هەموو ئەو نەوانەی کە لەپێش خۆیانەوە هەبوون، هەموو ئەو نەوانەش کە مومکینە لە داهاتوودا لەدوای ئەوانەوە پەیدا بن.

بنەمای شوناسی ناجیاکان و زمانی بەخشراوی هێزە چۆنایەتی بەخشەکەی رێگرن لەبەردەم ئەوەدا هەر زمانێك لە زمانەکان وەك زمانی وەرگیراوی چەند کۆمەڵەیەکی زمانیی جیاواز، زمانی وەدیهاتووی ئەو کۆمەڵە زمانییانە لەگەڵ خۆیدا هاوشوناس بکاتەوەو کۆتایی بە جیاشوناسییەکەیان بهێنێت، واتە رێگرە لەبەردەم ئەوەدا زمانی وەرگیراوی باوانەکانی کۆمەڵگایەکی زمانی بگۆڕێت بۆ زمانی وەدیهاتووی چەند کۆمەڵگایەکی زمانیی جیاوازو نەفی تەواوی زمانی باوانەکانیان بکات، چونکە هەر زمانێکی وەرگیراو لەکاتی وەرگرتنی لەلایەن نەوەکانی چەند کۆمەڵگایەکی زمانیی جیاوازەوە دەبێت لەگەڵ زمانە بەخشراوە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگا زمانییانەدا بچێتە ناو پەیوەندییەکی دیالێکتیکییەوە جا بگۆڕێت بۆ زمانی وەدیهاتووی ئەوان. ئەمەش وادەکات کە زمانە وەرگیراوەکە لە زمانی وەدیهاتووی نەوەکانی ئەو کۆمەڵگا جیاوازانەدا نەتوانێت هەرخۆیەتی و شوناسی خۆی بپارێزێت و خۆی وەك ئەوەی هەیە لەواندا بەدی بهێنێتەوە،

بەڵکو لەواندا بگۆڕێت بۆ چەند زمانێکی وەدیهاتووی ناهاوشوناسی ئەو زمانەو جیاشوناسیش لەگەڵ یەکتردا. بۆنمونە زمانی عەرەبی کاتێك لەسەردەمی وڵاتگیری (فتوحات) ئیسلامیدا دەبێت بە زمانی وەرگیراوی چەند کۆمەڵگایەکی زمانیی جیاواز، ناتوانێت خۆی وەك ئەوەی کە هەیە لەواندا وەدی بهێنێتەوەو بەهۆی پرۆسەی دیالێکتیکی ئەم زمانە وەرگیراوە لەگەڵ زمانە بەخشراوەکانی ناو ئەو کۆمەڵگا زمانییانە دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵە دیالێکتێکی جیاواز کە جیاوازییەکانیان بەرێژەی جیاوازی دوو زمانی جیاوازە. زمانی عەرەبی لێرەدا دەگۆڕێت بۆ دیالێکتی عیراقی و میسری و مەغریبی و ...هتد. ئەم گۆڕانەش بەرهەمی ئەو پرۆسە دیالێکتیکییەی زمانی عەرەبی وەرگیراو و ئەو زمانە بەخشراوە جیاوازانەیە کە لەناو سروشتی کۆیی ئەو کۆمەڵگایانەدا هەیە، ئەمەش خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زمانی هیچ کۆمەڵگایەکی زمانی لەرێگەی بوونی بە زمانی وەرگیراوی هەموو کۆمەڵگا زمانییەکانی جیهان ناتوانێت بگۆڕێت بۆ زمانی وەدیهاتووی جیهان و ببێت بە زمانێکی جیهانی، چونکە ئەو چونیەکییەی دروستی دەکات چونیەکییەکی کاتی و ڕواڵەتییەو چونیەکییەکی هەمیشەیی و جەوهەری نییەو لە چەند نەوەیەکدا کۆتایی پێدێت و نامێنێت، ئەوەی دەمێنێتەوە کۆمەڵە زمانێکی جیاشوناسەو هەریەکەیان لە زمانە وەرگیراوەکەو لە هەموو زمانەکانی تریش جیاوازەو هەڵگری شوناسی تایبەتی خۆیەتی.

بەپێی تیۆرە دروستەییەکە ئاماژە پێکهاتەیەکە لە ئاماژەدەرو ئاماژەپێدراو، ئاماژەدەر فۆڕمی دەنگیی ناو زەینی مرۆڤەکانی کۆمەڵگای زمانییەو ئاماژەپێدراو ئەو بیرە زەینییەی شتە کە ئەو ئاماژەدەر لەناو پێکهاتەی ئاماژەکەدا پێوەی پەیوەستە، پەیوەندی نێوان ئاماژەدەرو ئاماژەپێدراوی ئاماژەیەکی زمانی پەیوەندییەکی هەڕەمەکییانەی ساکۆلۆجییەو بنەمای ئەم پەیوەندییە هەڕەمەکییەش بڕیاری هەڕەمەکییانەی ڕێکەوتنی کۆیی ئەو کۆمەڵگایەیە. واتە کاتێك کورد بە درەختی وتووە درەخت هەر لەخۆیەوە وتوویەتی و هیچ هۆکارێك لەپشت ئەم کارەوە نەبووە، بۆیە دەیتوانی لەبری ئەوەی پێی بڵێت درەخت، وەك عەرەب پێی بڵێت شەجەرە، یان هەر شتێکی تری لەم جۆرە.

بەپێی تێڕوانینە ئەنتۆلۆجییەکە بە بڕیارێکی هەڕەمەکییانەی کۆمەڵە کەسێك فۆڕمی دەنگیی درەخت هەڕەمەکییانە پەیوەست نەبووە بە بیرۆکەی درەختەوە، چونکە گەر ئەم پەیوەستبوونە هەڕەمەکییانە بووایەو لە بڕیاری هەڕەمەکییانەی کۆمەڵە کەسێك کەوتبایەتەوە، نەدەبوو بەو فۆڕمە دەنگییەی کە جیاوازبێت لە هەموو ئەو فۆڕمە دەنگییانەی کە لە زمانی کوردیدا هەن و لە داهاتووشدا دەبن، لەگەڵ ئەو هەزارەها فۆڕمە دەنگییەی کە لە زمانە جیاوازەکانی جیهاندا پەیوەستبوون بە بیرۆکەی زەینیی درەختەوە. ئەم بەڵگەیە بەڵگەی تێڕوانینە ئەنتۆلۆجییەکەیە لەسەر ناهەڕەمەکییەتی پەیوەندی فۆڕمە دەنگییەکان و بیرۆکەکانی ئاماژە زمانییەکان.

گەر بەپێی ئەم بەڵگەیە پەیوەندی نێوان فۆڕمی دەنگیی و بیرۆکە پەیوەندییەکی هەڕەمەکییانە نەبێت، ئەو پەیوەندییە چ جۆرە پەیوەندییەکە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تێڕوانینە ئەنتۆلۆجییەکە سود لەو بنەمایە وەردەگرێت کە لایبینتز بە بنەمای هۆکاری تەواو ناوی دەبات، لایبینتز لە مۆنادۆلۆجیادا بەپێی

ئەم بنەمایە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە لەبارەی چۆنیەتی بوونی هەر شتێکی مۆنادەییەوە دەکرێت، بنەمای هۆکاری تەواو دەڵێت: ناکرێت راستی رووداوێك یان بوونی بسەلمێنرێت، هەروەها ناکرێت دروستی گوتراوێك بسەلمێنرێت بەبێ ئەوەی هۆکارێکی تەواو هەبێت وای لێکردبێت بەو شێوەیە بێت و بەشێوەیەکی تر نەبێت[١]. لایبێنتز بۆ رووکردنەوەی زیاتری بنەمای هۆکاری تەواو ئەو عەقڵەی لە گەردووندا بڕیاری لەسەر چۆنایەتی بوونی گەردوون و چۆنایەتی جیاوازیی هەموو بونەوەرەکانی ناو گەردوون داوە، جیادەکاتەوە لەو عەقڵەی کە لە جیهانی مرۆڤەکاندا بڕیاری لەسەر چۆنایەتی بوونی جیهانی کولتوری و چۆنایەتییە جیاوازەکانی هەموو بوونەوەرەکانی ناو ئەو جیهانە داوە، ئەویش بەوەی کە عەقڵی بڕیاردەری ناو جیهانە کولتورییەکە بە نوێنەرەوەی بڕیارەکانی عــەقڵە بڕیاردەرەکەی ناو گەردوون دەزانێت، بەڵام لای ئەو هەردوو عەقڵەکە لە بڕیاردانیان لەسەر چۆنیەتی بوونی جیهانەکەیان و بوونەوەرەکانی ناویان پشت بە بنەمای هۆکاری تەواو دەبەستن و ئەوەی لە بڕیاردانەکانی هەردوو عەقڵەکە دەکەوێتەوە هەمان دەرەنجامی هەیە، بەڵام لە دوو ئاستی جیاوازو دوو جیهانی جیاوازدا[٢].

کاتێك عەقڵ بەپێی بنەمای هۆکاری تەواو بڕیار لەسەر چۆنایەتییەکانی بوونی جیهانەکەی و بوونەوەرەکانی ناو جیهانەکەی دەدات، عەقڵەکە گەردوونی بێت یان مرۆیی، ئەوا ئەو جیهانەی لە بڕیارەکانی ئەو عەقڵە دەکەوێتەوە، چۆنایەتییەکانی بوونی سازترین چۆنایەتین و ئەو جیهانە گەر بەپێی ئەو چۆنایەتییانە بوونی نەبێت، ناکرێت جیهانێکی لەو جۆرە بێت کە خاوەنی زۆرترین رێژەی مومکینی چۆنایەتییە جیاوازەکان بێت و لەگەڵ ئەوەشدا هەڵگری گەورەترین رێژەی مومکینیش بێت لە بەسیستەمبوون[٣].

لەناو جیهانێکی لەو جۆرەدا کە لە سیستەمێك کەوتووەتەوە بەپێی بنەمای هۆکاری تەواو کار بکات، پەیوەندی نێوان چۆنایەتییەکانی بوونی بوونەوەرەکانی ئەو جیهانە لەگەڵ بوونیاندا بەپێی سازترین چۆنایەتی شیاو بۆ ئەو بوونەوەرەیە، واتە بوونی هەر شتێك لەو جیهانەدا بە چۆنایەتییەکە کە لە هەموو چۆنایەتییە وەدیهاتوو و مومکینەکانی تر شیاوترو سازترە. لایبێنتز بۆ باسکردنی ئەو سازییە لە بوونی گەردووندا بەهۆی کارکردنی ئەو عەقڵە گەردوونییەوە بەپێی بنەمای هۆکاری تەواو دەڵێت: گەر بیرەکانی ئەو عەقڵە لە بێئەژمار جیهانی مومکین پێکهاتبێت و مەحاڵ بێت لەناو ئەو هەموو چۆنایەتییە مومکینانەدا سازترین و شیاوترین چۆنایەتی بۆ بوونی ئەو جیهانە هەبێت جگە لە یەکێکیان، ئەوا دەبێت ئەو عەقڵە بۆ هەڵبژاردنی یەکێك لەو چۆنایەتییانە بۆ بوونی ئەو جیهانەو هەڵنەبژاردنی ئەوانی تریان هۆکارێکی تەواوی هەبێت، ئەو هۆکارەش لە سازی و هەماهەنگیدایە[٤]. واتە لەوەدایە کە ئەو چۆنایەتییە لە هەموویان سازترو هەماهەنگترە لەگەڵ بوونی ئەو جیهانەدا.

---

(1) لایبینتز، مونادۆلۆجیا: 34.

(2) بڕوانە: هـ. س: 135-136، 143.

(3) هـ. س: 103.

(4) بڕوانە: هـ. س: 146.

بەپێی تیۆروانینە ئەنتۆلۆجییەکەش دەبێت لەپشت هەر زمانێك لە زمانەکانی جیهانەوە عەقڵێك هەبێت بەپێی بنەمای هۆکاری تەواو بۆ بوونی هەر ئاماژەیەکی نوێ لە زمانەکەدا لەناو بێئەژمار چۆنایەتی دەنگیدا بڕیار لەسەر ئەوەیان بدات کە سازترین و شیاوترینیانە بۆ بوونی ئەو ئاماژە زمانییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندی نێوان فۆڕمە دەنگییەکانی زمانێك و بیرۆکەکانیان پەیوەندییەکی هەماهەنگانەیەو هەڕەمەکییانە نییە، بەڵگەش بۆئەوەی کە زمانیش وەك جیهانی سروشت دەبێت عەقڵێك بۆ بوونی هەبێت، ئەوەیە ئەویش وەك جیهانی سروشت بوونی بوونەوەرەکانی ناوی لەسەر زۆرترین جیاوازی مومکین و بەهێزترین سیستەمی مومکین بەندە. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە گەر زمانێکی دیاریکراو زۆرترین جیاوازی مومکین و بەهێزترین سیستەمی مەمکینی لەخۆیدا وەدیهێناوە، بۆچی ئەو هەموو زمانە هەن و یەك زمانە نییە؟ ئایا فرەیی زمانەکان بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی ڕادەی کۆکردنەوەی زۆرترین جیاوازی مومکین و بەهێزترین پەیوەندی سیستەماتیزەکراو بە سیستەمێك لەناو یەکێك لەو زمانانەدا هەیەو لەناو هەموویاندا نییە؟

کاتێك ئێمە دەڵێین لە زمانی کوردیدا فۆڕمی دەنگی درەخت شیاوترین و سازترین فۆڕمی دەنگییە بۆ بوونی درەخت، مەبەستمان لەوەیە کە شیاوترین وسازترین فۆڕمی دەنگیی زمانی کوردییە بۆ بوونی درەخت لە زەینی کۆیی کورددا، نەك بوونی درەخت لە جیهاندا، یان بوونی درەخت لە زەینی کۆیی میللەتەکانی تردا، فۆڕمی دەنگی درەخت سازترین و شیاوترین چۆنایەتییە بۆ بوونی درەخت لەناو زمانی کوردیدا، چونکە بوونی درەخت لە زمان کوردیدا جیاوازە لە بوونی درەخت لە هەر زمانێکی ترداو چۆنایەتی فۆڕمی دەنگی درەخت بۆ بوونی درەخت لە جیهانی زمانەکانی تردا شیاوترین و سازترین نییە، بۆیە بوونی درەخت لەلایەن عەقڵەوە بڕیاری لەسەر نەدراوە.

وشەکانی هەر زمانێك نوێنەری دەنگی هەمان ئەو شتانەن کە لە جیهانبینی ئەو کۆمەڵگا زمانییەدا وەك کۆمەڵە بوونێکی بینراوی عەقڵی دەنوێنرێن، زمان ئەو بوونە عەقڵییانەی جیهانی عەقڵ بە چۆنایەتی گوتراو دەنوێنێت، بەڵام جیهانبینی ئەو کۆمەڵگا زمانییە هەمان ئەو بوونە عەقڵییانە بە کۆمەڵە چۆنایەتییەکی بینراو دەنوێنێت. هەر کۆمەڵگایەکی زمانی بوونە عەقڵییەکانی جیهان لە جیهانبینی و زمانەکەیدا بە کۆمەڵە چۆنایەتییەکی جیاواز دەکات بە بوونەوەری گوتراو و بینراو، پەیوەندی نێوان چۆنایەتییە گوتراوەکان و چۆنایەتییە بینراوەکان پەیوەندییەکی هەماهەنگانەو سازەو لەناو ئەو زمانەدا سازترین چۆنایەتی گوتراو بۆ سازترین چۆنایەتی بینراوە، هیچ زمانێك بەبێ بوونی چۆنایەتییە بینراوەکان و چۆنایەتییە گوتراوەکان و هەماهەنگی نێوانیان بوونی نابێت. چۆنایەتی گوتراو کاتێك لە زمانێکدا دەبێت بە فۆڕمێکی دەنگی ناو ئەو زمان کە سازترین چۆنایەتی گوتراوبێت بۆ سازترین چۆنایەتی بینراوی بوونی عەقڵی شتەکانی ناو جیهان. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت وشەی دروستی ناو هەر زمانێك لە دوو نوێنەری جیاوازی بوونی عەقڵی شتەکان دەکەوێتەوە، ئەو دوو نوێنەرەش نوێنەری ناو جیهانبینی ئەو کۆمەڵگا زمانییەو نوێنەری ناو ئاخاوتنەکەیەتی، ئەم دوو نوێنەرەش هەردووکیان یەك شت دەنوێنن کە ئەویش بوونی عەقڵی شتەکانە، یەکەی

زمانی ناو زمان بەرهەمهاتووی یەکنوێنی ئەو دوو نوێنەرەیە، بە یەکنوێنی ئەو دوو نوێنەرە لەودا ئەو یەکە زمانییە دەتوانێت ببێتە نوێنەری ئەو شتەی کە لەڕێگەیەوە دەوترێت.

لایبنتز پێیوایە مۆنادەکانی ناو جیهانێك لە دوو رووەوە هەماهەنگن: لەڕوویەکەوە هەماهەنگن لەگەڵ بوونی خۆیاندا، لەڕویەکی ترەوە هەماهەنگن لەگەڵ یەکتریدا. هەر مۆنادەیەکیش لە کۆمەڵە پەیوەندییەك پێکهاتووە کە گوزارشت لە کۆی مۆنادەکانی تر دەکات و بەپێی ئەمەش هەریەکەیان ئاوێنەیەکی زیندوو و بەردەوامی ئەو جیهانەن کە لەناویدا هەن، ئەو جیهانە بەگوێرەی مۆنادەکان وەك شارێك وایە گەر کەسێك لە کۆمەڵە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە لێی رامێنێت لە هەر گۆشەنیگایەکەوە بەشێوەیەکی تەواو جیاواز دەردەکەوێت، وەك ئەوەی کە ئەو کەسە چەند جیهانبینییەکی جیاوازی هەبێت، بەهەمان شێوە بەپێی زۆری و بێپایانی مۆنادەکان کۆمەڵە جیهانێکی جیاواز هەن، ئەو جیهانانەش هەموویان جیهانبینی یەك جیهانن و یەك جیهان دەنوێنن، بەڵام بەپێی ئەو گۆشەنیگا جیاوازەی کە هەر مۆنادەیەك لەناو ئەو جیهانەدا هەیەتی[(1)].

لێرەدا لایبنتز بەشێوەیەکی پەتی باس لە یەکە مۆنادەییەکان دەکات لەناو جیهانێکی مۆنادەییدا، گەر ئەم بۆچوونەی ئەو لە زمان و ئاستە جیاجیاکانی زمان و یەکە مۆنادەییەکاندا عەینی بکەینەوە، ئەوا باشتر دەتوانین بوون و جیاوازی زمانەکان و یەکە زمانییەکانیان بەپێی تێڕوانینە ئەنتۆلۆجییەکە روون بکەینەوە.

لە ئاستی زمانی مرۆییدا گەر باس لە جیهانی زمانەکان بکەین، ئەوا دەبێت باس لەو جیهانە رەهایەی عەقڵ و بوونە عەقڵییەکانی ناوی بکەین، لێرەشدا جیهانی رەهای عەقڵ وەك ئەو شارە وایە کە لە نمونەکەی لایبنتزدا باسکراوە، کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانی ناو جیهانیش وەك ئەو مۆنادە جیاوازانە وان کە هەریەکەیان وەك ئاوێنەیەك بە وێنەیەکی جیاواز بەپێی بوون و سەیرگەکەی لەو جیهانەدا وێنەی ئەو جیهانە تیایدا دەردەکەوێت، ئەو وێنە جیاوازانەش هەریەکەیان هەڵگری هەموو ئەو پەیوەندییانەن کە بەشێوەیەکی جیاواز گوزارشت لە کۆی هەموو ئەو پەیوەندییانە دەکات کە لەنێوان مۆنادەکانی ئەو جیهانەدا هەیە. هەر کۆمەڵگایەکی زمانیش وەك مۆنادەیەکی ناو ئەو جیهانە لەلایەکەوە هەماهەنگە لەگەڵ ئەو جیهانە وێنەییەی جیهانە عەقڵییەکە کە لەناو خۆیدا بوونی هەیە، لەهەمان کاتدا هەماهەنگیشە لەگەڵ هەموو ئەو کۆمەڵگا زمانییە مۆنادەییانەی کە پێکەوە لەناو ئەو جیهانە عەقڵییەدا بوونیان هەیە.

هەر زمانێك لە زمانەکانی ئەو کۆمەڵگا زمانییانە پێکهاتەیەکی یەکنوێنی جیهانی وێنەیی و جیهانی گوتەیی جیهانە عەقڵییەکەیە ، واتە بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەك ببێت بە کۆمەڵگایەکی زمانی ناو کۆمەڵگا زمانییەکانی جیهان، دەبێت لەلایەکەوە جیهانی عەقڵی لەناو جیهانبینی ناوەکییانەی خۆیدا لە شێوەی جیهانێکی بینراودا بنوێنێت، لەلایەکی تریشەوە هەمان ئەو جیهانە لەناو ئاخاوتنی ناوەکییانەی خۆیدا لەشێوەی جیهانێکی گوتراودا بنوێنێت کە لەگەڵ جیهانە بینراوەکدا لەوپەڕی سازی و هەماهەنگیدا بێت،

---

(1) هـ. س: 148.

دوای ئامادەبوونی ئەم جۆرە لە نواندنی جیهانە عەقڵییەکە، ئەو دوو جیهانە لەڕێگەی هەماهەنگبوونیانەوە دەکەونە ناو پرۆسەی یەکنوێنیەوەو لەم پرۆسەیەش ئەو زمانە دەکەوێتەوە کە ئەو کۆمەڵگا زمانییە بە یەکە زمانییەکانی ئاخاوتن لەگەڵ یەکتریدا دەکەن.

هەر کۆمەڵگایەکی زمانی بەوە لەگەڵ خۆیدا هەماهەنگ دەبێتەوە کە جیهانی گوتراوەکانی لەگەڵ جیهانی بینراوەکانی لەناو زەینیدا هەماهەنگ بن، کاتێکیش لەگەڵ کۆمەڵگا زمانییەکانی تردا هەماهەنگ دەبێتەوە کە لەگەڵ ئەواندا هەمان ئەو جیهانە عەقڵییە لە زەینی خۆیدا بنوێنێت کە ئەوانیش هەریەکەیان لە جیهانی بینراوو جیهانی گوتراوی ناو زەینی خۆیدا لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆی و گۆشەنیگای بیستنی جیاوازی خۆیەوە دەینوێنێت.

لەمەی سەرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کۆمەڵگایەکی مۆنادەیی بەهۆی بوونی لەناو جیهانی ڕەهای عەقڵدا، ئەو جیهانە لەلایەکەوە بە چۆنایەتییەکی جیاواز لە چۆنایەتی هەموو کۆمەڵگا زمانییەکانی تر لەناو زەینیدا لەشێوەی جیهانێکی بینراودا ناوکەوت دەکات، لەلایەکی تریشەوە بە چۆنایەتییەکی جیاواز لە چۆنایەتی هەموو کۆمەڵگا زمانییەکانی تر لەشێوەی جیهانێکی بیسراودا لەناو زەینیدا ناوکەوت دەکات و دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵە فۆڕمێکی دەنگی، ئەو دوو جیهانە زەینییەش کاتێك دەگۆڕێن بە زمانی گوتراو و بیسراوی ئەو کۆمەڵگایە کە یەکنوێن بن و هەردووکیان نوێنەری هەمان جیهانی عەقڵی بن، کەوابێت زمانی ئاخاوتنی ناو کۆمەڵگایەکی زمانی بەرهەمی یەکنوێنی ئەو دوو جیهانە یەکنوێنەیە، هەردووکیان لەناو زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگا زمانییەدا یەکنوێنن. بەم یەکنوێنییەی ئەوانیش زمانی ئەو کۆمەڵگا زمانییە دەبێتە زمانێکی مۆنادەیی ناو هەموو زمانە مۆنادەییەکانی تری کۆمەڵگا زمانییەکان.

هەر زمانێك لە زمانەکان مۆنادەیەکە لە مۆنادەکانی ناو زمانە مۆنادەییەکانی جیهان، زمانی مۆنادەییەکانی ناو جیهان تەنها لەوەدا یەکن کە بەرهەمی یەکنوێنی نوێنراوی بینراو و نوێنراوی بیسراوی هەمان جیهانی عەقڵین، بۆیە مومکین نییە ئەو زمانە مۆنادەییانە لە فۆڕمە دەنگییەکانی گوتنەکانیان (ئاماژەدەرەکان) و لە فۆڕمە بینراوەکان (ئاماژەپێدراوەکان)یان ببنەوە بەیەك. یەکبوونی زمانەکانی جیهان لە جیاوازی ئاماژەدەرو ئاماژەپێدراوەکانیاندایە لە نواندنی ئەوەی کە عەقڵییەو یەکە، بۆیە تاکە ڕێگایەك بۆ بوون و مانەوەی زمانەکان و یەکبوونیان هەماهەنگی نێوانیان و پاراستنی جیاوازییەکانیانە، نەك زاڵکردنی فۆڕمە گوتراوەکان و فۆڕمە بینراوەکانی یەکێکیان بەسەر ئەوانی تریاندا، واتە زمانەکان خۆیان یەکن و هەر هەوڵدانێك بۆ بەیەککردنی زمانەکان شەڕێکی بێهوودەیە لەگەڵ سروشتی زمان خۆیداو بەرهەمی تێنەگەیشتنە لەو یەکبوونە عەقڵییەی نێوان زمانەکان. گەر ئەم لێکدانەوەیە لە ئاستی زمانەکانی ناو کۆمەڵگا زمانییەکانی ناو جیهانەوە بگوازینەوە بۆ ئاستی کۆمەڵگا زمانییەکانی ناو یەك کۆمەڵگای نەتەوەیی، ئەوا دەبێت باس لە جیهانی عەقڵی ناو نەتەوەو ئەو جیهانە بیسراو و بینراوە بکرێت کە لە کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانی ناو یەك کۆمەڵگای نەتەوەییدا هەن. لێرەشەوە بەرەو ئەوە دەڕۆین کە لێکدانەوەیەکی تیۆری بۆ

پەیوەندی شوناسی نەتەوەیی و کێشەی دیالێکتەکان لەسەر بوونیان بە زمانی نەتەوەیی و نواندنی شوناسی نەتەوەیی بکەین.

نەتەوەکان وەك زمانەکان لەناو جیهاندا بوونێکی مۆنادەییان هەیە، عەقڵی ناو کۆمەڵگای مرۆیی هەمان عەقڵی ڕەهای ناو جیهانی سروشتی بوونەوەرە سروشتییەکانە، مرۆڤ لەهەمان کاتدا بوونەوەرێکی سروشتی و بوونەوەرێکی عەقڵیشە، واتە بوونی لەژێر ڕکێفی بڕیارەکانی هەمان ئەو عەقڵەدایە کە فەرمانڕەوایی جیهانە سروشتییەکەو جیهانە مرۆییە ناسروشتییەکەش دەکات، مرۆڤ خۆی بەرهەمهاتووی یەکنوێنی ئەو دوو نوێنەرەی عەقڵی ڕەهایە کە لەناو جیهانی سروشتی و جیهانی مرۆییدا جیهانی عەقڵ بۆ عەقڵ خۆی دەنوێننەوە، یەکنوێنی ئەوەی لە مرۆڤدا سروشتییە لەگەڵ ئەوەی کە ناسروشتییە مرۆڤ دەکاتە یەکنوێنی عەقڵ، مرۆڤ وەك گوتراوە زمانییەکان وایە لەوێوە کە کۆکەرەوەی دوو جیهانە: جیهانی فیزیکیی سروشت و جیهانی میتافیزیکی عەقڵ. لە مرۆڤدا عەقڵ و سروشت هەردووکیان یەکنوێنی عەقڵی ڕەهان، نەتەوەکان ئەو کۆمەڵە مۆنادەییانەن کە ئەندامەکانیان هەڵگری جیهانێکی فیزیکی و میتافیزیکیی یەکنوێنن، نەتەوە خۆیشی وەك مۆنادەکانی بەهەمان شێوە هەڵگری ئەو دوو جیهانە یەکنوێنەیە.

جیهانی میتافیزیکی مرۆڤ نوێنەری عەقڵییانەی جیهانی عەقڵی ڕەهایە، لەناو بوونەوەرە سروشتییەکان تەنها لەناو مرۆڤدا جیهانی عەقڵی عەقڵییانە بۆ عەقڵ خۆی دەنوێنرێتەوە، عەقڵ لەناو بوونەوەرە سروشتییەکان و بوونی سروشتی مرۆڤیشدا سروشتییانە خۆی بۆخۆی دەنوێنێتەوە، لەناو مرۆڤدا بەهۆی ئەوەوە کە عەقڵی ڕەها لەناو ئەودا وەك جیهانێکی عەقڵی نوێنراو ناوکەت دەکات و لەهەمان کاتیشدا وەك جیهانێکی سروشتی ناوکەوت دەکات، یەکنوێنی لەنێوان جیهانی نوێنراوی سروشتی عەقڵ و جیهانی نوێنراوی عەقڵیی عەقڵ دێتەئاراوە. جیهانی سروشتی ناو هەر مرۆڤێك بەپێی بنەمای هۆکاری تەواو شیاوترین چۆنایەتی بۆ شێوەگیرکردنی ئەوەی تێدایە کە بوونێکی عەقڵی لەناو مرۆڤدا هەیە، ئەو چۆنایەتییانەی لەناو جیهانی سروشتی مرۆڤدا هەن جۆراوجۆرن، لەوانە چۆنایەتییە بینراوەکان و چۆنایەتییە بیسراوەکانن.

نەتەوە کۆمەڵگایەکی مرۆیی دیاریکراوە بە سروشتێکی کۆیی و عەقڵێکی کۆیی یەکنوێن، لە یەکنوێنی ئەو دوو عەقڵەش کۆمەڵە مۆنادەیەك پەیدادەبن کە یەکنوێنی جیهانی سروشتی نەتەوەن و ئەو مۆنادانەش مۆنادە کولتورییەکانی ئەو کولتورەی ناو عەقڵی نەتەوەن کە جیهانێکی نوێنەری ئەو جیهانە عەقڵییە ڕەهایەن کە فەرمانڕەوایەتی ژیانی مرۆڤایەتی و مێژووەکەی کردووەو لە ئێستاو داهاتووشدا دەیکات. ئەو جیهانە نوێنەرەی ناو عەقڵی نەتەوە مۆنادەیەکی عەقڵی ناو جیهانی عەقڵی ڕەهایەو ئەوەی لەناو ئەو جیهانەدایە بە چۆنایەتی عەقڵی جیاواز لە چۆنایەتی عەقڵی ناو جیهانە عەقڵییە نوێنەرەکەی ناو نەتەوەکانی تر دەینوێنێتەوە، دواتریش هەر ئەو چۆنایەتییە عەقڵییانەن کە لە زەینی کۆیی نەتەوەدا دەگۆڕێن بۆ چۆنایەتی بینراو و بیسراو و ...هتد، لە یەکنوێنی ئەم چۆنایەتییانەش ئەو مۆنادانەی ناو جیهانی کولتوری ئەو نەتەوەیە لە واقیعی کۆمەڵگا نەتەوەییەکاندا دەردەکەون و نەتەوەکە وەك نەتەوەیەکی جیاواز لە هەموو

نەتەوەکانی تر دەخەنەڕوو، هونەرو ئەدەبیات و ئاکارو سیاسەت و ئامێرسازی میللی و زمان و ...هتد بەرهەمی یەکنوێنی چۆنایەتییە بینراو و بیسراو و جوڵاوەکانی ناو زەینی کۆیی ئەو نەتەوەیەن. زمانی نەتەوە زمانێکی نادیاری ناو عەقڵی نەتەوەیە، ئەم زمانە بەرهەمی یەکنوێنی جیهانی بیسراو و جیهانی بینراوی ناو زەینی کۆیی ئەو نەتەوەیە، دیالێکتە سروشتییەکانی ئەو زمانە دەرکەوتنی چۆنایەتییە بیسراو و بینراوەکانی ناو جیهانی عەقڵی نەتەوەن لە چەند کۆمەڵگایەکی زمانی هەمان نەتەوەدا. نەتەوە خۆی وەك کۆمەڵگایەکی باڵاتر لە کۆمەڵگا زمانییەکانی ناو خۆی بەشێوەیەکی سروشتی خاوەنی زمانێکی تایبەت نییە، واتە هەموو کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی راستەقینە کۆمەڵگایەکی زمانی نییە، بەڵکو هەڵگری کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی زمانی جیاوازە، هەریەك لەو کۆمەڵگا زمانییانە بەپێی شوێنگەی بوونیان لەناو ئەو نەتەوەیەدا جیهانی عەقڵی ناو نەتەوە لە هەریەکەیاندا بە چۆنایەتی بینراو و بیسراوی جیاواز خۆی بۆخۆی دەنوێنێتەوە.کاتێکیش ئەم چۆنایەتییە بینراو و بیسراوانە دەکەونە ناو یەکنوێنییەوە، لەشێوەی زمانی جیاجیای ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکاندا دەردەکەون و دەبنە ئەو زمانە نەتەوەییەی کە هەریەکەیان بە چۆنایەتییەکی جیاواز لە ئاخاوتنی خۆیدا دەینوێنێت. واتە زمانی نەتەوەیی زمانێك نییە لەناو ئاخاوتنی کۆمەڵگای نەتەوەییدا، بەڵکو زمانێکە بوونێکی عەقڵی هەیەو لەناو جیهانی عەقڵی نەتەوەدایەو هەر ئەو زمانەشە کە ئاخاوتنی جیاوازی کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانی ناو نەتەوە تیایدا دەبنەوە بە یەك. دیالێکتەکانی کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانی ناو نەتەوە بەزاڵبوونی چۆنایەتییە بینراوەکان یان بیسراوەکانی دیالێکتێکیان بەسەر دیالێکتەکانی تریاندا نابنەوە بە یەك و بەمە ئەو دیالێکتە زاڵە ناتوانێت ببێت بە زمانی نەتەوەو هەموو ئەو چۆنایەتییە بیسراو و بینراوانەی پێ نانوێنرێت کە عەقڵی ئەو نەتەوەیە لەناو زەینی کۆیی کۆمەڵگا زمانییەکانی ناو خۆیدا دەرکەوتیان دەکات. گەر ئەو دیالێکتە بە شێوازێك لە شێوازەکان بەسەر هەموو ئەندامانی نەتەوەشدا بسەپێنرێت هەر ناتوانێت ببێتە زمانی نەتەوەیی ئەو نەتەوەیەو هەر گوزارشتکەرە لە کۆمەڵگا زمانییە ناوچەییەکەی خۆی، چونکە زمانی نەتەوە نە زمانێکی وەرگیراوە نە زمانێکی وەدیهاتوو، زمانی نەتەوە زمانێکی عەقڵی پەتییە لە چۆنایەتی بیسراو و بینراو، ئەم زمانە لەڕێگەی عەقڵی کۆیی کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانەوە لەشێوەی چەند چۆنایەتییەکی بینراو و بیسراودا لە زەینی کۆیی ئەو کۆمەڵگا زمانیانەدا دەردەکەوێت و پاشان لە ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵە زمانیانەدا لەشێوەی چەند دیالێکتێکی جیاوازدا دەردەکەوێت.

هەر لەو دیالێکتانەش وەك مۆنادەیەکی سەربەخۆی ناو ئەو زمانە عەقڵییە پەتییە لەگەڵ خۆیاندا بەهۆی یەکنوێنی چۆنایەتییە بیسراوەکان و چۆنایەتییە بینراوەکانیانەوە هەماهەنگن و لەهەمان کاتیشدا هەریەکەیان بەوەی کە بە جیاواز لەوانی تریان هەمان جیهانی ناو عەقڵی نەتەوە دەنوێنێت، لە هەماهەنگیدایە لەگەڵ ئەوانیترییانداو لەگەڵیاندا یەکنوێنی هەمان جیهانن و بە جیاشوناسییەکەی خۆیان شوناسی تاکانەی نەتەوەکە دەنوێنن.

واتە گەر لەناو دیالێکتەکانی زمانی عەقڵی نەتەوەیەکدا یەکێکیان بە زاڵکردنی بەسەر ئەوانیتردا بەرزکرایەوە بۆئەوەی زمانی نەتەوە وك شوناسێك لە شوناسەکانی نەتەوە بنوێنێت کە شوناسە

زمانییەکەیەتی، نەك هەر نایئوێنێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە شوناسە زمانییەکەی ئەو نەتەوەیە بەمە لە نواندن دەخرێت و لەبری ئەو شوناسی نانەتەوەیی کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگا زمانییەکان لەڕێگەی ئەو دیالێکتەوە لەبری شوناسی زمانیی نەتەوەکە دەنوێنرێت و بەمەش دەبێتە کۆسپێك لەبەردەم ئەوەدا شوناسی زمانیی نەتەوە خۆی لە مۆنادە زمانییەکانی خۆیدا بنوێنێتەوە بۆخۆی. زمانی عەقڵی نەتەوە بۆ نواندنی خۆی پێویستی بە چەند دیالێکتێك هەیە، چونکە هەرخۆیەتی و شوناسەکەی لە یەك دیالێکتدا نانوێنرێت و یەك دیالێکت تەنها دەتوانێت لەگەڵ خۆیدا هەماهەنگ بێت و زمانی عەقڵی نەتەوەش بۆ نواندنی خۆی بۆخۆی پێویستی بە یەك دیالێکت زیاترە، چونکە یەکنوێنی لە یەك دیالێکتدا وەدی نایەت و لە دیالێکتێك زیاتری پێویستە، بە بوونی چەند دیالێکتێکی جیاواز یەکنوێنی دیالێکتەکە دێتەئاراوەو هەموویان دەتوانن ئەو زمانە تاکانە عەقڵییەی ناو عەقڵی نەتەوە بنوێنن.

هەر زمانێك لە زمانە جیاوازەکانی کۆمەڵگا زمانییەکانی ناو جیهان دیالێکتی یەك زمانی عەقڵین و ئەم زمانە عەقڵییە لەناو عەقڵی کۆیی کۆی مرۆڤایەتیدایەو ئەم زمانە عەقڵییە بەهۆی خۆنواندنی لەناو هەموو زمانەکانی جیهاندا بە چۆنایەتی جیاواز وایکردووە هەموو ئەو زمانانە لەناو پەیوەندییەکی هەماهەنگانەدا لەگەڵ یەکدا یەکنوێن بن و هەمان ئەو بنەما عەقڵییە پەتییانەی ئەو زمانە عەقڵییە لە چۆنایەتییە جیاوازەکانی ناو عەقڵ و سروشتی خۆیاندا بنوێننەوەو بەم کارەش لە پەیوەندییەکی هەماهەنگانەدا لە بوونی زمانە عەقڵییە جیهانییەکەدا ببنەوە بەیەك و لەوەدا بەردەوام یەك بن و لەنێوان خۆشیاندا بەردەوام جیاوازبن و پارێزگاری لە جیاوازییەکانی خۆیان بکەن.

زمانی نەتەوە زمانێك نییە لەو زمانانەی کە بە چۆنایەتییە جیاوازەکانی خۆیان زمانە عەقڵییە جیهانییەکە لە ئاخاوتنێکی کۆییدا دەنوێننەوە، زمانی نەتەوە وەك زمانە جیهانییەکەی ناو عەقڵی کۆیی ناو مرۆڤایەتی زمانێکی پەتی و بێ چۆنایەتییەو وەك زمانە سروشتییەکانی ناو کۆمەڵگا زمانییەکان نواندنەوەیەکی سروشتییانەی زمانە جیهانییەکە نییەو بە چۆنایەتییە سروشتییەکانی دیاری نەکراوە، بەڵکو نواندنەوەیەکی عەقڵی زمانە جیهانییەکەیەو خۆیەکی بەغەیرکراوی ئەوە، زمانی عەقڵی ناو نەتەوەکان بەرهەمی پرۆسەی خۆنوێنی زمانە جیهانییەکەو زمانە جیهانییەکە بۆ نواندنەوەی خۆی بۆخۆی لە زمانی عەقڵی نەتەوەکاندا بەشێوەی جۆراوجۆر دەنوێنێتەوە، بەڵام لە زمانە سروشتییەکانی ناو هەریەك لە نەتەوەکاندا لە سروشتی کۆمەڵگا زمانییەکاندا لەڕێگەی پرۆسەی بەخۆکردنی سروشتەکەیانەوە خۆی لە چەند غەیرێکی بەخۆکراودا دەنوێنێتەوە، زمانە عەقڵییە جیهانییەکە لەناو عەقڵی نەتەوە جیاوازەکاندا بوونی لەخۆیدایەو لەخۆیداو بۆخۆی هەیە، بەڵام کاتێك لەڕێگەی بەخۆکردنی سروشتی جیاوازی کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانەوە دەرکەوت دەکات لە ئاستی ئەنتۆلۆجی بوون لەخۆدا دەڕوات بەرەو ئاستی بوون لەپێناوخۆدا، واتە زمان عەقڵی ڕەها لە عەقڵی نەتەوە کاندا بوونی لەخۆیدایەو لە دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی عەقڵی نەتەوەشدا بوونی لەپێناو خۆیدایە. دیالێکتەکانی زمانی عەقڵی نەتەوە لەگەڵ زمانی نەتەوەدا لە پرۆسەی یەکنوێنیدا زمانە عەقڵییە ڕەهاکە دەنوێنن، بەم یەکنوێنییە دیالێکتەکانی نەتەوەیەك هەریەکە لە ئاستی

خۆیدا هەماهەنگەو لە ئاستی نەتەوەشدا لەگەڵ یەکدا هەماهەنگن و ئەوە دەنوێنن کە لە عەقڵی نەتەوەدا وەك زمانی نەتەوە بوونی هەیە.

بەم پێیەش دەتوانین بڵێین دیالێکتێك لە دیالێکتەکانی کۆمەڵگایەکی زمانی دیاریکراو، بەپێی یەکنوێنییەکەی لەگەڵ زمان عەقڵی نەتەوەیەك دەزانرێت دیالێکتێکە لە دیالێکتەکانی زمانی ئەو نەتەوەیەو دیالێکتێك نییە لە دیالێکتەکانی زمانی نەتەوەیەکی تر، واتە کاتێك دەتوانین بڵێین فلانە دیالێکت سەر بە فلانە زمانە گەر زمانە عەقڵییە جیهانییەکە سروشتی کۆیی ئەو کۆمەڵگا زمانییەی کردبێت بە غەیرێکی بەخۆکراوی خۆی و لەگەڵ ئەو خۆبەغەیرکراوەی ناو عەقڵی ئەو نەتەوەیەدا خستبێتییە ناو پرۆسەی یەکنوێنییەوە، بەمەش وایکردبێت سروشتی ئەو کۆمەڵگا زمانییە تەنها لەڕێگەی زمانی عەقڵیی ناو ئەو نەتەوەیەوە لە پرۆسەی یەکنوێنی زمانە جیهانییەکەدا بێت و لەڕێگەی زمانی عەقڵی هیچ نەتەوەیەکی ترەوە نەکەوێتە ناو پرۆسەی یەکنوێنی زمانی جیهانییەکە.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت دیالێکتێك بەوە نابێت بە دیالێکتی زمانی نەتەوەیەك کە چۆنایەتی گوتراوەکانی ناو ئاخاوتنەکەی نزیك بن لە چۆنایەتی ناو ئاخاوتنی دیالێکتەکانی تری ئەو زمانە، بەڵکو بەوە دەبێت بە دیالێکتێك لە دیالێکتەکانی زمانی نەتەوەیەك کە حاڵەتی بوون و پەرەسەندنەکەی هەمان حاڵەتی بوون و پەرەسەندنی دیالێکتەکانی تری ئەو نەتەوەیە بن. بۆنمونە دیالێکتی هەورامی بەنزیکی چۆنایەتی گوتراوەکانی لە دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی نەبووە بە دیالێکتێك لە دیالێکتەکانی زمانە نەتەوەییەکەی ناو عەقڵی نەتەوەیی کورد، بەڵکو بەوە بووە بە دیالێکتێك لە دیالێکتەکانی ئەو زمانە کە لە پرۆسەی یەکنوێنی لەگەڵ زمانە نەتەوەییەکەدا بەردەوامەو ئەمەش وایکردووە وەك دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی لەهەمان دۆخی بوون و پەرەسەندندا بێت و لەڕێگەی نواندنی زمانە عەقڵییەکەی نەتەوەی کوردەوە بە چۆنایەتییە جیاوازەکانی خۆی لەگەڵ دیالێکتەکانی تری زمانی کوردیدا جیاشوناسی خۆی بپارێزێت و وەك غەیرێکی بەخۆبووی ئەو زمانەش لەگەڵ دیالێکتەکاندا لە نواندی بوونی زمانی کوردیدا یەك بن و جیاواز نەبن، بەم یەکبوونەشیان لە بوونی زمانە کوردییەکەدا خۆیان جیابکەنەوە لە دیالێکتەکانی زمانی فارسی و زمانەکانی تر. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوە زمانی دروستکراوی کولتورە مۆدێرنەکە نییە زمانی کۆمەڵگا زمانییەکانی ناو نەتەوە دەکات بە دیالێکت بۆخۆی، بەڵکو ئەوە زمانی عەقڵی ناو ئەو نەتەوەیە بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کام لەو زمانی ئاخاوتنانەی ناو کۆمەڵگا زمانییەکان دیالێکتی خۆیەتی و کامیان دیالێکتی خۆی نییە.

پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگایەکی زمانی بەردەوام پرۆسەی بوونە دیالێکتی ئەو زمانەیە بۆ زمانی عەقڵی نەتەوەیەك، واتە هیچ زمانی ئاخاوتنێك نییە بووبێت بە دیالێکت و دیالێکتی زمانی عەقڵی نەتەوەیەك لە نەتەوەکان نەبێت، زمانی عەقڵی نەتەوەش بەبێ بوونی چەند دیالێکتێك بوونی نابێت، واتە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگایەکی زمانی بە تەنها خۆی ناتوانێت ببێت بە نوێنەری سروشتی زمانی عەقڵی نەتەوەیەك، لەهەمان کاتێشدا ناتوانێت ببێت بە دیالێکت، چونکە دیالێکت تەنها کاتێك بوونی هەیە

کە لەگەڵ چەند دیالێکتێکی تردا زمانی عەقڵی نەتەوە بە سروشتی جیاوازی خۆیان بنوێنن، واتە پرۆسەی بە دیالێکتبوونی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگایەکی زمانی بەردەوام پرۆسەی بە دیالێکتبوونی زمانی ئاخاوتنی چەند کۆمەڵگایەکی زمانی جیاوازەو پرۆسەی بە دیالێکتبوونی تاکە یەك زمانی ئاخاوتن نییە، لەهەمان کاتدا پرۆسەی بە دیالێکتبوونی ئەو چەند زمانەی ئاخاوتن و پرۆسەی بە دیالێکتبوونیانە بۆ زمانی عەقڵی نەتەوەیەك و لەپێناو ئەوەدا دەبن بە دیالێکت تا ئەو زمانە عەقڵییە لە بوونی لەخۆیدا بگۆڕن بۆ بوونی لەپێناو خۆیدا.

بەم پێیە ئێمە لە کاتی باسکردنی نەتەوەو کێشەی زمان نابێت باس لە دیالێکتێك بکەین، بەڵکو دەبێت باسی دیالێکتەکان بکەین، واتە دەبێت باسی پرۆسەی بە دیالێکتبوونی ئەو دیالێکتانە بکەین و باس لە بەزمانبوونی یەکێکیان نەکەین، واتە نابێت باس لەوە بکەین چۆن یەکێك لە دیالێکتەکان دەبێت بە زمانی نەتەوەو ئەوانیتر نابن، بەڵکو دەبێت باس لەوە بکەین چۆن زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکان پێکەوە لە پرۆسەی یەکنوێنیدا زمانی عەقڵی نەتەوە بە سروشتە جیاوازەکانی خۆیان وەك تاکە زمانێك دەنوێنن، چونکە زمانی نەتەوە زمانێکی عەینی و سروشتی نوسین و ئاخاوتن نییەو زمانێکی عەقڵییەو پەتییە لە سروشتی کۆمەڵگا زمانییەکان و چۆنایەتییە بیسراو و بینراوەکانیان.

نەتەوە بە مانا عەقڵییەکەی بۆ نواندنی شوناسی خۆی یەك زمانی نییەو بەردەوام لەڕێگەی چەند زمانێکەوە گوزارشت لە بوون و شوناسی خۆی دەکات، کاتێك نەتەوە لەڕێگەی یەك زمانەوە بوون و شوناسی خۆی نواند ئەوە نەتەوە نییە، تەنها چین و ئەتنیك و کۆمەڵگا زمانییەکان و دەوڵەت و حکومەتەکان دەتوانن بە یەك زمان گوزارشت لە بوون و شوناسی خۆیان بکەن، نەتەوەکان بەردەوام بۆ گوزارشتکردن لە بوون و شوناسی خۆیان پێویستیان بە زیاتر لە زمانێك و زیاتر لە ڕەنگێك و زیاتر لە چۆنایەتییەکی سروشتی هەیە، چونکە نەتەوە بوونێکی عەقڵی هەیەو بوونێکی سروشتی یان ئایدیۆلۆجی یان دروستکراوی نییە، تا لەڕێگەی یەك ڕەنگ و چۆنایەتییەوە خۆی ئاشکرا بکات.

پەیوەندییەکی ئەنتۆلۆجی لەنێوان پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە سروشتییەکان و پرۆسەی بەنەتەوەبوونی ئەو کۆمەڵگا سروشتییانەدا هەیە، بەبێ پەیدابوونی ڕۆحی نەتەوە لە عەقڵی کۆیی کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی سروشتیدا، زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگایانە بە پرۆسەی بەدیالێکتبووندا ناڕوات، واتە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی ئەو زمانە زارەکییانە لەپێناو پەیدابوونی ڕۆحی نەتەوەدایە لەناو عەقڵی کۆیی ئەو کۆمەڵگا سروشتییانەداو ئەمەش لەو هۆشیاییە عەقڵییەدا دەردەکەوێت کە لەناو هەریەك لەو کۆمەڵگا سروشتییانەدا بە بوونی ئەو عەقڵە کۆییە پەیدادەبێت و بەرەو ئەوەیان دەبات پەیوەندییە سروشتییەکانی نێوان خۆیان ببەزێنن و بەشوێن ئەوەدا بگەڕێن پەی بەو سیستەمە عەقڵییە بەرن کە لەناو هەموویاندا هەیەو لە سەرووی سیستەمە سروشتییەکەوە پەیوەندییەکانی نێوانیان لەسەر بنەمای عەقڵ ڕێکدەخات، لەگەڵ گەڕانی ئەو کۆمەڵگا سروشتییانە بەشوێن سیستەمێکی لەو جۆرەدا کە لەناو هەموویاندا یەکە پرۆسەی بەنەتەوەبوون لەناویاندا دەست پێدەکات و پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانە

زارەکییەکانیشیان وەك یەکێك لە پێداویستییەکانی پرۆسەی بەنەتەوەبوونیان سەر هەڵدەدات و لەپێناو پرۆسەی بەنەتەوەبوونەکەیاندایە، لێرەشدا پەیوەندییەکی ئەنتۆلۆجی بەهێز لەنێوان زمانە زارەکییە بەدیالێکتبووەکان و نواندنی بوونی عەقڵی نەتەوەدا دێتەئاراوەو دیالێکتەکان دەبنە نوێنەری شوناسی ئەو نەتەوەیەو لەڕێگەی پەیوەندییە هەماهەنگەکەی نێوانیانەوە ئەو شوناسە دەنوێنن.

بەپێی پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانە زارەکییەکان دەبێت زمانی زارەکی لە دیالێکت جیابێت، بەوەی کە زمانی زارەکی هیچ پەیوەندییەکی بە شوناسی نەتەوەییەوە نییە تا لەگەڵ کۆمەڵە زمانێکی زارەکیی تردا نەکەونە ناو پرۆسەی بەدیالێکتبوونەوەو بەرەو ئەوە نەڕۆن هەریەکەیان بە چۆنایەتییە سروشتییەکانی خۆی ئەو زمانە عەقڵییە بنوێنێت کە لەناو عەقڵی کۆیی کۆمەڵگا زمانییەکاندا دەرکەوتووە.

ئەو زمانە زارەکییانەی کە کۆمەڵگا زمانییە سروشتییەکانیان توانای تێپەڕاندنی ئەو سیستەمە سروشتییەیان نییە کە پەیوەندییەکانی نێوانیان ڕێکدەخات و ناگەنە ئەو قۆناغەی کە سیستەمە عەقڵییەکەی ناو عەقڵی کۆیی خۆیان پەی پێبەرن و لەڕێگەیەوە بکەونە ناو پەیوەندییەکی عەقڵییەوەو ببنە مۆنادەیەکی ئەو سیستەمە عەقڵییە، چارەنوسیان وەك چارەنوسی ئەو کۆمەڵگا زمانییەو زمانە زارەکییەکانیان کە لە ئوستralیادا بەرەو لەناوچوون و توانەوە لەناو کۆمەڵگا زمانییە بێگانەکان دەڕۆن[1] و دەبن بە بەشێك لە جەستەی ئەو کۆمەڵگایانەو نوێنەری بیسراو و بینراوەکانی ناو زەینی ئەوان. بەڵام کاتێك لە قۆناغێکدا کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی زمانی جیاوازی هاوڕەچەڵەك نەتەوە وەك بیرۆکەیەکی عەقڵی لەناو عەقڵیاندا دەردەکەوێت و بەهۆیەوە دەکەونە ناو پرۆسەی بەنەتەوەبوونەوە، لە سەرووی سیستەمی پەیوەندییە سروشتییەکانیان و نواندنی سروشتییانەی ئەو عەقڵەی کە فەرمانڕەوایەتی سروشتیان دەکات، دەکەونە ناو پەیوەندییەکی عەقڵییەوەو سیستەمی ئەو پەیوەندییانە لە پەیوەندییەکانی خۆیان بە نواندنێکی عەقڵی دەنوێنن و بەمەش کۆمەڵگا زمانییە سروشتییەکەیان دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵگایەکە زمانی عەقڵی و زمانە زارەکییەکەشیان دەکەوێتە ناو پرۆسەی بەدیالێکتبوونەوەو بەمەش دەبێتە دیالێکتێکی زیندووی ئەو زمانە عەقڵییە پەتییەی کە بوونێکی عەقڵی لەناو عەقڵی کۆیی هەموو کۆمەڵگا زمانییەکانی تری ئەو نەتەوەیەدا هەیە.

کاتێك زمانێکی زارەکی دەگۆڕێت بۆ دیالێکتی زمانی نەتەوە، دەبێت بە زمانێکی مۆنادەیی و بە مانەوەی لە نواندنی زمانی عەقڵی نەتەوە درێژە بە پەرەسەندن و ژیانی خۆی دەدات و بوونی خۆی بەمە دەپارێزێت. کاتێك پرۆسەی بەنەتەوەبوونی میللەتێك لە قۆناغێکدا بەرەو سستی دەڕوات، پەیوەندی عەقڵی نێوان کۆمەڵگا زمانییەکانی ئەو نەتەوەیەو دیالێکتەکانیان بەرەبەرە لاوازدەبێت و ناهەماهەنگی لە سیستەمی پەیوەندییە زمانییەکانیاندا دروست دەبێت، ئەم ناهەماهەنگییە لەلایەکەوە لە هەماهەنگی هەریەك لە دیالێکتەکاندا لەگەڵ زمانی عەقڵی نەتەوەدا دروست دەبێت و لەلایەکی ترەوە لەنێوان دیالێکتەکان و ئەو دۆخی یەکنوێنییەیان لەگەڵ زمانە عەقڵییەکەدا دێتەئاراوە، ئەمەش وادەکات سیستەمی

---

[1] هارالد هارمان: تاريخ اللغات و مستقبلها، ت: شامي شمعون، طبعة الاولى، المجلس الوطني للثقافة والفنون و التراث، الدوحة، 2006، ص206.

پەیوەندییەکانیان لە سیستەمێکی ناوەندگیرەوە بەرەبەرە بگۆڕێت بۆ سیستەمێکی چەقگیرو هوشیاری عەقڵی کۆمەڵگاکانیش بگۆڕێت بۆ ئایدیۆلۆجیاو بیرو باوەڕی سایکۆلۆجی.

کاتێك لەناو کۆمەڵگایەکی نەتەوەییدا هوشیاری عەقڵی دەگۆڕێت بۆ عەقڵباوەڕی، بەرەبەرە سیستەمە ناوەندگیرەکەی عەقڵ کە سیستەمی هەماهەنگی نێوان کۆمەڵگا زمانییەکان و دیالێکتەکانیان دەگۆڕێت بۆ سیستەمێکی چەقگیرو لێرەشەوە پەیوەندی هەماهەنگانەی نێوان دیالێکتەکانیش گۆڕانی بەسەردا دێت و دەبێت بە پەیوەندییەکی دەسەڵاتخوازانەو دیالێکتی یەکێك لە کۆمەڵە زمانییەکان لەلایەن هێزێکی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتخوازەوە زاڵدەکرێت بەسەر دیالێکتەکانی تری کۆمەڵە زمانییەکانی تری ناو نەتەوەداو بەمەش پەیوەندی عەقڵی نێوان کۆمەڵگا زمانییەکان دەگۆڕێت بۆ پەیوەندی هێزو هەماهەنگی نێوانیشیان دەگۆڕێت بۆ ململانێ لەسەر دەسەڵات و لە کۆتاییشدا ئەو دیالێکتەی زاڵدەبێت دەچێتە شوێنی زمانی عەقڵی نەتەوەو دیالێکتە بەزیوەکانیش لە پرۆسەی بەدیالێکتبوون رادەگیرێن و بەرەو ئەوە ئاڕاستە دەکرێن ببنەوە بە زمانی زارەکی کۆمەڵگا زمانییەکان.

لەگەڵ زاڵبوونی دیالێکتێك لە دیالێکتەکانی زمانی عەقڵی نەتەوە بەسەر دیالێکتەکانی تردا، پرۆسەی سروشتی بەنەتەوەبوونی ئەو میللەتە تووشی شکست و راوەستان دێت، ئەو دیالێکتەش کە شوێنی زمانە عەقڵییەکەی نەتەوەی گرتووەتەوە، لەبری ئەوەی زمانی نەتەوە بێت و عەقڵی نەتەوە پارێزگاری لێبکات و لەڕێگەی ناوکەوتکردنی بۆ ناو زەینی کۆیی کۆمەڵگای زمانی دیالێکتەکان و دەرکەوتکردنی لەشێوەو چۆنایەتی جیاوازدا، دەبێت بە زمانی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت و دەسەڵات لەڕێگەی تۆمارکردنیەوە لەناو کتێبی قوتابخانەکاندا وەك زمانێکی مردوو دەیپارێزێت و لەڕێگەی مامۆستاکانەوە لە کتێبە قوتابخانەییەکانەوە دەرکەوتی دەکاتە ناو زەینی کۆیی نەوە تازەکان و بەم رێگە ناسروشتی و دروستکراوە پەرە بە ژیانە ناسروشتییەکەی دەدات. دەسەڵات بەناوی پاراستنی یەکێتی نەتەوەوە رێگە دەگرێت لەوەی دیالێکتە بەزیوەکان وەك دیالێکتە زاڵەکە بەڕێگە ئامێرییەکەی ئەو بەردەوامی بە ژیانی خۆیان بدەن، بەمەش وایان لێدەکات ببنەوە بە زمانی زارەکی کۆمەڵگا زمانییەکان و بچنەوە ناو دۆخە سروشتییەکەی جارانیان.

کاتێك پرۆسەی بەنەتەوەبوونی کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی سروشتی تووشی شکست دێت، بەپێی زاڵبوونی جۆری ئەو زمانەی کە دەچێتە شوێنی زمانی عەقڵی نەتەوەو بەپێی ئاستی بەهێزی و لاوازی هوشیاری ئە کۆمەڵگا سروشتییانە بە رۆحی نەتەوەیی خۆیان و سیستەمە عەقڵییەکەی چەند حاڵەتێکی زمانی جیاوازی ململانێی دیالێکتەکان لەگەڵ ئەو زمانەدا کە دەیەوێت شوێنی زمانی عەقڵی نەتەوە بگرێتەوە دێنەئاراوە، ئەم حاڵەتانەش بوونیان پەیوەندی بەسەرهەڵدانی مۆدێرنیزمەوە نییەو پێش سەرهەڵدانی مۆدێرنیزمیش بوونیان هەبووە.

لە سەدەکانی پێش زایین لە یۆنانی کۆندا پرۆسەی بەنەتەوەبوون سەر هەڵدەدات و لەناو زەینی کۆیی کۆمەڵگا زمانییەکانی یۆناندا بیرۆکەی عەقڵی نەتەوە دەردەکەوێت و هەریەك لەو کۆمەڵگا زمانییانە هوشیاری بەو سیستەمە عەقڵییە پەیدادەکەن کە لە سەرووی پەیوەندییە سروشتییەکانیانەوە دەیانخاتە ناو

پەیوەندییەکی هەماهەنگانەی عەقڵییەوە، هوشیاری کۆمەڵگا زمانییە سروشتییە جیاوازەکانی یۆنان بەو یەکبوونە عەقڵییەی نێوانیان دەیانخاتە ناو پرۆسەی بەنەتەوەبوونەوە، ئەم پرۆسەی بەنەتەوەبوونەش کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکان و زمانی ئاخاوتنەکەی زاڵناکات بەسەر کۆمەڵگاکانی ترو زمانەکانیدا، بەڵکو لە پەرەسەندنێکی سروشتییانەی عەقڵیدا کۆمەڵگا سروشتییەکان دەگۆڕێن بۆ چەند کۆمەڵگایەکی دەوڵەتی ناو دەوڵەتە شارەکانی ناو یۆنان و هەریەکەیان دەبێتە نوێنەری پەیوەندییە عەقڵییەکانی ئەو سیستەمەی کە لە عەقڵی کۆیی هەموویاندا لە چۆنایەتییە جیاوازەکانی ناو سروشتی هەریەکەیاندا لە وێنەیەکی جیاوازدا ناوکەوتی کردووەو دواتریش لەشێوەی کۆمەڵە پەیوەندییەکی رێکخراو و سیستەماتیزەکراوی کۆمەلایەتی و مەدەنیدا لە پێکهاتەی کۆمەڵگاکانیان دەرکەوتی کردووەو کۆمەڵگا دەوڵەتییەکانی لێکەوتووەتەوە.

بەهەمان شێوەی پەیوەندییە کۆمەلایەتییە هەماهەنگەکانی نێوان کۆمەڵگا سروشتییەکان و دەوڵەتە شارەکان زمانی ئاخاوتنی هەریەکەشیان بە پرۆسەی بەدیالێکتبووندا دەڕوات و لەگەڵ زمانی عەقڵی ناو عەقڵی کۆیی نەتەوەی یۆناندا دەکەوێتە ناو یەکنوێنییەوەو زمانە عەقڵییەکە بە چۆنایەتییە سروشتییەکانی ناوخۆی بۆ خۆی دەنوێنێتەوە، بەمەش هەریەك لەو زمانە زارەکییانە لە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی خۆیاندا، لەلایەکەوە لەگەڵ زمانە عەقڵییەکەی نەتەوەدا هەماهەنگ دەبنەوەو لەلایەکی ترەوە لەگەڵ ئەو زمانانەی تردا هەماهەنگ دەبێتەوە کە لەگەڵیدا لەناو پرۆسەکەدان و هەریەکەیان بە سروشتی جیاوازی خۆی سیستەمی عەقڵی ئەو زمانە عەقڵییە دەرکەوت دەکاتەوە کە لەناو زەینی کۆمەڵگا زمانییەکەدا دەرکەوتی کردووە، بەمەش هەموویان لە بوونی زمانە نەتەوەییە عەقڵییەکەدا بە پاراستنی سروشتی جیاوازی خۆیانەوە دەبنەوە بە یەك و شوناسی نەتەوەکە بەو جیاشوناسییەی کە لەنێوانیاندا هەیە دەنوێنن، ئەوەی زمانە زارەکییەکانی کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانی ناو یۆنان بەرەو زمانی نوسین دەبات، پرۆسەی بەنەتەوەبوونی ئەو کۆمەڵگایانەو پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانە زارەکییەکانیانە.

یۆنانیەکان پێش سەرهەڵدانی سەردەمی هیلینستی و وڵاتگیرییەکانی یۆنان کەوتبوونە ناو پرۆسەی بەنەتەوەبوونەوە، هەر بوونی ئەم پرۆسەیەش وادەکات بیرکردنەوەی عەقڵی لە یۆنانی ئەو سەردەمە سەر هەڵبدات و کۆمەڵگا سروشتییە جیاوازەکانی ناو یۆنان لە سەرووی پەیوەندییە سروشتییەکانیانەوە بکەونە ناو پەیوەندییەکی عەقڵییەوەو سنوری سیستەمە سروشتییەکانی پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیان بېڕن و لە کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی سروشتییەوە بن بە کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی مەدەنی جیاوازی ناو یەك کۆمەڵگای نەتەوەیی کە کۆمەڵگایەکی عەقڵی و نادیارەو بە سروشتی هیچ یەکێك لەوان دیاری نەکراوە.

یۆنانیەکان لەو سەردەمەدا کە لە پرۆسەی بەنەتەوەبوون بەردەوامن و کۆمەڵگاکانی ناو دەوڵەتە شارەکانیان لە پرۆسەی یەکنوێنی ئەو کۆمەڵگا نەتەوەییەدان کە لە عەقڵی هەموویاندا بوونێکی عەقڵی و پەتیی هەیە، هەریەکەیان خاوەنی بوونی سەربەخۆی خۆیەتی و شوناسی جیاوازی خۆی لە دەوڵەت و کولتورە جیاوازەکەی خۆی و دیالێکتەکەی خۆی دەنوێنێت و بەمە جیاشوناسی خۆی لەگەڵ ئەوانیتردا نیشان دەدات،

بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەریەکەیان لەڕێگەی جیاشوناسیی خۆیەوە هەمان ئەو شوناسە نەتەوەییەش دەنوێنێت کە هەریەکەیان دەینوێنن.

هیرۆدۆت وەك هەر یۆنانییەك دەزانێت کۆمەڵگای یۆنانی پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی سروشتی جیاوازو هەریەکەیان لە دەرەوەی یۆنانەوە بۆ یۆنان کۆچیکردووەو هەریەکەشیان خاوەنی دیالێکتی تایبەت بەخۆیەتی، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا دەڵێت: تەواوی کۆمەڵگای یۆنانی یەك پەیوەندی خوێنی و یەك زمان پێکەوەیان دەبەستێتەوە[1]. لەڕاستیدا ئەوەی ئەو ناوی دەنێت پەیوەندی خوێنی ئەو پەیوەندییە عەقڵییەیە کەسیستەمە عەقڵییە پەی پێبراوەکەی ناو هەریەکەیان لەنێوانیاندا سازی کردووە، ئەوەش کە ئەو پێی دەڵێت زمانی تاکانە، ئەو زمانە عەقڵییەی ناو رۆحی نەتەوەیە کە هەریەك لە دیالێکتەکان بە چۆنایەتییە بیسراو و بینراوەکانی خۆی لەشێوەیەکی جیاوازدا بۆخۆی عەینیی دەکاتەوە، واتە یەکبوونی کۆمەڵگای یۆنانی یەکبوونێکی سروشتی و دیار نییە، بەڵکو یەکبوونێکی عەقڵی و پەنهانەو ئەمەش فیختە بەوردی لە باسکردنی بوونی نادیارانە و پەنهانی نەتەوەیی یۆناندا باسی لێوە دەکات.

پرۆسەی بەنەتەوەبوون و بەدیالێکتبوونی زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگا زمانییانەی کە لەناو پرۆسەی بەنەتەوەبوونەکەدان تا سەردەمی ئەرستۆو هاتنی ئەسکەندەری مەکەدۆنی بەردەوامە، لەگەڵ هاتنی ئەسکەندەردا پرۆسەی بەنەتەوەبوونی کۆمەڵگا یۆنانییەکان بەرەو لاوازی دەڕوات  و بەرەبەرە کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکان و دیالێکتێك لە دیالێکتەکانی زمانە نەتەوەییەکە جێگەی کۆمەڵگا نەتەوەییە عەقڵییەکەو زمانە پەتییەکەی دەگرێتەوەو زاڵدەبێت بەسەر هەموو کۆمەڵگاکانی تری یۆنان و دیالێکتەکانیاندا. بەمەش پەیوەندی هەماهەنگانەی نێوان کۆمەڵگاکان و دیالێکتەکانیان دەگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی ناهەماهەنگانەو دەسەڵاتخوازانە، سیستەمی پەیوەندییە ناوەکی و دەرەکییەکانیشیان لە سیستەمێکی ناوەندگیرەوە دەگۆڕێت بۆ سیستەمێکی چەقگیرو کۆمەڵگای ئەسینی و دیالێکتەکەی دەبن بە کۆمەڵگاو زمانی زاڵی ناو ئیمپراتۆریەتی هیلینی و دیالێکتەکانی تریش بەرەبەرە دەکرێنەوە بە زمانی زارەکی کۆمەڵگا ناوچەییەکان.

ئەو سەردەمەی کە ئەرستۆ تیایدا دەژی بەکۆتایی سەردەمێك لە سەردەمەکانی مێژوویی یۆنان دەزانرێت، ئەو سەردەمەش کە ئەسکەندەری مەکەدۆنی تیایدا سەر هەڵدەدات و پرۆسەی وڵاتگیرییەکانی دەست پێدەکات سەرەتای سەردەمێکی نوێیە کە بە سەردەمی هیلینی ناسراوە[2]. ئەوەی ئەم دوو سەردەمە لە مێژووی یۆناندا جیادەکاتەوە پرۆسەی بەنەتەوەبوونی گەلی یۆنان و پرۆسەی لەنەتەوەکەوتنیەتی، ئەو سەردەمەی کە بە ئەرستۆ کۆتایی پێدێت ئەو سەردەمەیە کە گەلی یۆنان تیایدا دەکەوێتە ناو پرۆسەی بەنەتەوەبوونەوە، فەلسەفەی یۆنانی لە تالیسەوە تا ئەرستۆ دەرکەوتەیەکە لە دەرکەوتەکانی ئەو پرۆسە عەقڵییەی بەنەتەوەبوونی گەلی یۆنان، بەڵام دوای لاوازبوونی ئەم پرۆسەیەو بەهێزبوونی پرۆسەی لەنەتەوەکەوتن، یەکێك لە کۆمەڵگا ناوچەییەکانی ناو یۆنان لەڕێگەی هێزەوە بە کولتورو دیالێکتەکەیەوە

---

(1) ر. هـ. روبنز، موجز تأريخ علم اللغه: 41.

(2) بڕوانه:هـ.س: 40-41.

خۆی زاڵدەکات بەسەر کۆمەڵگا ناوچەیەکانی ترداو دیالێکتەکەی خۆیشی دەکات بە زمانی دەسەڵات و دیالێکتەکانی تریش نزم دەکاتەوە بۆ زمانی زارەکی، دوای ئەمەش لە سنوری نەتەوەکەی خۆی دەردەچێت و لەڕێگەی هێزەوە کولتورو زمانەکەی خۆی زاڵدەکات بەسەر گەلەکانی دەرەوەشداو[1]بەم کارەشی گەلی یۆنان لە پرۆسەی بەنەتەوەبوون دەخات و لە نەتەوەیەکی زیندووەوە بەرەو مردنی دەبات و وای لێدەکات دواتر لەناو ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا بتوێتەوەو ببێت بە بەشێك لە جەستەی ئەو ئیمپراتۆریەتەو توانای پاراستنی بوون و سەربەخۆیی خۆی نەبێت و زمانەکەشی ببێت بە زمانێك لە زمانە مردووەکانی وەك زمانی لاتینی.

[1] بڕوانە: هـ. س: 41.

# بەشی سێهەم

# تێڕوانینی فەلسەفی

# بۆ کێشەی زمان و دیالێکتەکوردییەکان

هەموو شوناسێکی نەتەوەیی دەرخەرو نوێنەری ماهیەتی نەتەوەیەکە، بنچینەی شوناسی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەکیش لەناو ماهیەتی ئەو نەتەوەدا پەنهانە، ئاین نوێنەری ماهیەتی نەتەوەیە لەخۆیدا، واتە ئەو دەرکەوتەیە کە ئەو ماهیەتە بۆخۆی دەنوێنێتەوە، ماهیەتی هەر نەتەوەیەکیش رۆحی ئەو نەتەوەیە، رۆحی نەتەوە لە ئایندا خۆی بۆخۆی دەنوێنێتەوە، واتە ئاین خۆیەکی بەغەیرکراوی رۆحی نەتەوەیەو شوناسی نەتەوە لەخۆیدا دەنوێنێت، شوناسی نەتەوە لەخۆیدا ماهیەتی شوناسی واقیعی نەتەوەیە. بۆئەوەی شوناسی نەتەوەیی نەتەوەیەك لە مێژوودا دەرکەوێت و کاری خۆی بکات، دەبێت لە ماهیەتەکەی خۆی بێتە دەرێ و خۆی لە واقیعدا ئاشکرا بکات، ئەم ئاشکرابوونەش ئاشکرابوونی رۆحی نەتەوەیە لە غەیری خۆیدا، واتە تا رۆحی نەتەوە لەناو غەیرێکی بەخۆکراوی خۆیدا خۆی بۆخۆی نەنوێنێتەوە، شوناسەکەی لە (شوناس لەخۆدا)وە ناگۆڕێت بۆ (شوناس بۆ خۆ).

رۆحی نەتەوە دوای ئەوەی توانی لە ئایندا خۆی بۆخۆی بنوێنێتەوە، ئەوا دەشتوانێت لە زمان و کولتوردا خۆی لە غەیری خۆیدا بۆخۆی بنوێنێتەوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت زمان غەیرێکە لە غەیرە بەخۆبووەکانی رۆحی نەتەوەو نوێنەری واقیعی و مێژوویی شوناسەکەشیەتی. زمانێك کاتێك دەرخەری شوناسی واقیعی نەتەوەیە کە هەمان ئەوە بخاتەڕوو کە ئاین لە دۆخە عەقڵی و سەروو مێژووییەکەیدا دەیخاتەڕوو، واتە زمان بەوە دەبێتە نوێنەری شوناسی نەتەوە کە لەگەڵ جیهانی ئاینی ئەو نەتەوەیەدا هەمان ئەوە بنوێنێت کە ئەو جیهانە دەینوێنێت، ئەوەش کە ئەو جیهانە دەینوێنێت رۆحی نەتەوەیە، کەوابێت زمانیش نوێنەری رۆحی نەتەوەیە. کاتێك زمانێك دەبێت بە نوێنەری رۆحی نەتەوەیەك، ئەو زمانە لەگەڵ ئەو نەتەوەیەدا لەناو پەیوەندییەکی ئەنتۆلۆجیدایەو بوونی واقیعی ئەو نەتەوەیە پەیوەستە بە بوون و پەرەسەندنی ئەو زمانەوەو لە هەمان کاتیشدا دەرکەوتنی ئەو نەتەوەیە لە مێژووداو بوونی لەناو پرۆسەی بەنەتەوەبووندا پەیوەست دەبێت بە بوونی ئەو زمانەوە، لێرەدا سروشتی ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان شوناسی نەتەوەو زماندا هەیە دیاریدەکرێت.

سەرەتا پرۆسەی بەنەتەوەبوونی کورد بەو هوشیاریە عەقڵییە دەست پێدەکات کە لەناو کۆمەڵگا سروشتییە جیاوازەکانی خێڵە میدییەکاندا سەر هەڵدەدات و دواتر لە دەوڵەتی میدیادا دەیانکاتەوە بەیەك و هەریەکەیان بە جیاوازییە سروشتییەکانی خۆیانەوە ئەو سیستەمە ناوەندگیرە عەقڵییە دەنوێنن کە لەناو هەریەکەیاندا ناوکەوتی کردووەو هەریەکەشیان بە چۆنایەتییە سروشتییەکانی خۆی دەرکەوتی پێکردووەتەوە. ئەوەی لەبارەی میدییەکانەوە دەزانرێت، تەنها دەرکەوتەی سیاسی ئەو رۆحە نەتەوەییەیە کە لەواندا هەیەو ئەوانی خستووەتە ناو پرۆسەی بەنەتەوەبوونەوە، جگە لەمە لە مێژووی میدییەکاندا هیچ شتێکی بڕوا پێکراو لەبارەی ئاین و زمان و دەرکەوتەکانی تری ئەو رۆحەوە تۆمارنەکراوە. ئێمە کاتێك دەڵێین دەرکەوتنی سیاسیی میدییەکان دەرکەوتنی سیاسیی رۆحی نەتەوەیی کوردە، لەوێوەیە کە تەنها کورد لەناو میللەتانی دوای سەردەمی میدییەکان، بەهەمان شێوەی میدییەکان دەرکەوتەکانی هەڵگری هەمان ئەو مۆرکەن کە دەرکەوتەی سیاسیی رۆحی نەتەوەیی ناو هۆزە میدییەکان هەڵگریەتی، ئەمەش خۆی بەڵگەیەکی عەقڵی بەهێزە لەسەر ئەوەی کە دەرکەوتەکانی کورد لە مێژوودا دەرکەوتەی هەمان رۆحی نەتەوەیی ناو میدییەکانەو

پەیوەندی نێوان یەکەکانی ناو هەریەك لەو دەرکەوتانەش هەمان ئەو سیستەمە عەقڵییە رێکیان دەخات کە هۆزە میدییەکان رێکدەخات و لەگەڵ یەکدا هەماهەنگیان دەکاتەوە.

لەبەرئەوەی ئێمە هیچ دەقێکی تۆمارکراومان بەو دیالێکتانە نییە کە هۆزە میدییەکان وەك زمانی ئاخاوتنی خۆیان بەکاریان هێناون، ناتوانین لەگەڵ پرۆسەی بەنەتەوەبوونی کۆمەڵگا سروشتییەکانی خێڵە میدییەکاندا باس لە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانە زارەکییەکانیشیان بکەین. ئەمەش ناچارمان دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لە بوونی زمانی کوردی و پرۆسەی بەدیالێکتبوونی دیالێکتەکانی و پەیوەندی ئەم پرۆسەیە بە پرۆسەی بەنەتەوەبوونی کوردەوە، سەرەتایەکی تر بدۆزینەوەو لەوێوە لێکۆڵینەوەکەمان لەبارەی پەیوەندی شوناسی نەتەوەیی بە زمان و دیالێکتە کوردییەکانەوە دەست پێبکەین.

بۆ دیاریکردنی سەرەتایەکی لەو جۆرەش، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو قۆناغەی پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانە زارەکییەکان کە دەقە نوسراوەکانیان پارێزراون. بۆ ئەمەش جارێکی تر دەبێت بەو دیالێکتان دەست پێبکەین کە دەقەکانی ئاینی حەقیقەتیان پێ نوسراوەتەوە. ئێمە تەنها لەڕێگەی ئەو دەقانەوە دەتوانین لە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانی ناو نەتەوەی کورد بکۆڵینەوەو لەناو ئەو پرۆسەیەدا پەیوەندی نێوان دیالێکتەکان خۆیان و پەیوەندی هەریەکەیان بە زمانی عەقڵی نەتەوەوە بخەینەڕوو، چونکە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانە زارەکییە کوردییەکان لەو سەردەمەدا نەکەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو فشارەی کە دواتر زمانی عەرەبی و فارسی دەیخەنە سەر پرۆسەی بەدیالێکتبوونی دیالێکتە کوردییەکان و ئەمەش وادەکات قۆناغێکی نوێ لە پرۆسەکەدا سەر هەڵبدات و پرۆسەی بەدیالێکتبوونەکە لە بواری ئاینەوە بگوازرێتەوە بۆ بواری ئەدەبیات و شیعر.

## 1/3) بوونی زمانی کوردی و ئەنتۆلۆجیای بوونی زمانەکان

پرۆسەی بەنەتەوەبوونی کۆمەڵگا سروشتییە کوردییەکان و پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانە زارەکییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هۆزە میدییەکان و دروستبوونی دەوڵەتی میدیا لەسەر بنچینەی سیستەمی عەقڵی ناو ئەو هۆزانە، بەڵام بەپێی ئەو بەڵگە مێژووییانەی کە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی ئەم زمانە زارەکییانەیان تۆمارکردووە، دەتوانرێت لەگەڵ هاتنی ئاینی ئیسلام و پرۆسەی وڵاتگیرییەکانی و گەیشتنی ئەم پرۆسەیە بە کوردستان، باس لە بەردەوامیی پرۆسەی بەدیالێکتبوونی ئەو زمانە زارەکییانەو دەرکەوتنی ئەم پرۆسە لە گۆڕانی ئەو زمانە زارەکییانە بۆ دیالێکتی نوسراو بکەین.

پێش ئەوەی زمانی عەرەبی خۆی زاڵبکات بەسەر زمانی ئاخاوتنی تەواوی ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتی خەلافەتەکاندا، زمانی کوردی لەڕێگەی ئاینی یارسانەوە زمانە زارەکییەکانی خۆی بەرەو ئەوە دەبات ببن بە دیالێکتی نوسراو. بەپێی ئەو بەڵگە نوسراوانەی کە لەو سەردەمەوە بۆ ئێمە ماونەتەوە، بەهلولی ماهی و یارەکانی تری دەورەی بەهلول لە سەدەی دووەمی کۆچییەوە بیرو باوەڕی ئاینی حەقیقەتیان لەو فۆڕمە شیعرییەدا نوسیوەتەوە کە فۆڕمی شیعری تایبەت بە ئاینی حەقیقەتە. ئەوەی تەنها لە زمانی عەرەبی نوسراوەوە لە نوسینەوەی ئەم شیعرانەدا سودی لێ وەرگیراوە، ئەو ڕێنوسەیە کە زمانی عەرەبیش وەك زمانی کوردی وەریگرتووەو بۆ نوسینی خۆی بەکاری هێناوە. جگە لەمەش هەندێك وشەی عەرەبی کە وشەی قورئانین لە شیعرەکانی دەورەی بەهلولدا دەبینرێن و ئەمەش حاڵەتێکی ئاساییەو دەقە قورئانییەکانیش بەدەر نین لە وشەی بێگانە.

بەهلولی ماهی (146-219ك) لە مەهـ کوفە ـ دینەوەر ـ لەدایکبووەو لەگەڵ بابا لرەی لوڕستانی و بابا نجومی لوڕستانی و بابا ڕەجەبی لوڕستانی و بابا حاتەمی لوڕستانی[1]و چەند یارێکی تردا یەکەم دەورەی ئاینی حەقیقەتی پاش دەورەی ئیسلام کە دەورەی محەمەدو هاوڕێکانیەتی پێکدەهێنن. بەپێی ئەو مێژووە جیهانییە ڕۆحییەی ئاینی حەقیقەت کە لە شانامەی حەقیقەتدا تۆمارکراوە، شەریعەت وەك قۆناغێك لە قۆنناغەکانی ئاینی حەقیقەت بە محەمەدو هاوڕێکانی دەست پێدەکات و لەگەڵ سەرهەڵدانی تەریقەتدا کە بە دەورەی بەهلولی ماهی دەست پێدەکات و بە دەورەی باباناوسی سەرگەتی (477- ك) کۆتایی پێدێت[2]، ڕۆحی ڕەها لەڕێگەی ڕۆحی نەتەوەیی کوردەوە کۆتایی بە قۆناغی شەریعەت دەهێنێت و قۆناغێکی نوێ لە دەرکەوتە ئاینییەکانی خۆیدا دەست پێدەکات ئەویش قۆناغە تەریقەتە. تەریقەت پەرەسەندنێکی تری ڕۆحی ڕەهای ئاینەو لەو سەردەمەدا ڕۆحی ڕەهای ئاین دەرکەوتە ئاینییەکانی خۆی لەڕێگەی ڕۆحی نەتەوەیی کوردو زمانی کوردییەوە دەرکەوت پێدەکات و هەر لەو سەردەمەشەوە نوسین بە دیالێکتە کوردییەکان دەست پێدەکات و پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانە زارەکییەکانی زمانی کورد لەگەڵ پرۆسەی بەنەتەوەبوونی کۆمەڵگا

---

(1) بڕوانە: سدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی یەکەم: 47، 49.

(2) بڕوانە: حاج نعمة الله جیحون آبادی، شاهنامۀ حقیقت: 216-217.

زمانییەکانیان تا ئەم سەردەمە بەردەوامی خۆیان وەردەگرن و لە پەرەپێدان بە رۆحی نەتەوەیی کوردو زمانە عەقڵییەکەی راناوەستن.

دەورەی بەهلولی ماهی و دەورەکانی تری قۆناغی تەریقەتی ئاینی حەقیقەت هەر لەوێوە گرنگ نین کە کۆمەڵە دەقێکی تۆمارکراوی ئاینی حەقیقەتن، ئەم دەقە تۆمارکراوانە جگە لەوەی کە دەبنە یەکەم دەقی تۆمارکراوی ئەو ئاینەی کە رۆحی نەتەوەیی کورد لەڕێگەیانەوە خۆی بۆخۆی دەنوێنێتەوە، زمانی ئەم دەقانەو فۆڕمە شیعرییەکەیان و مێژووی نوسینیان، دەبێتە سەرەتای مێژووی زمانی کوردی و ئەدەبیاتی کوردی و نوسینی کوردی، واتە ئەم دەقانە دەبنە ئەو بنچینەیەی کە مێژووی ئەدەبیات و زمان و نوسینی کوردی لەسەر دامەزراوە.

دەورەی بەهلول و دەورەکانی تری سەردەمی تەریقەتی یارسانی ئاوێنەی خۆنوێنیی رۆحی نەتەوەیی کوردن، ئەم رۆحە لە بیری ئاینی ئەم دەقانەدا خۆی لەناو خۆیەکی بەغەیربووی خۆیدا دەنوێنێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا خۆی لە دوو غەیری بەخۆبووی خۆیشدا کە زمان و شیعرن دەنوێنێت، رۆحی نەتەوەیی کورد لەڕێگەی ئەم دەقانەوە خۆی لە دیالێکتێك لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی و فۆڕمێکی شیعریی تایبەت بەو دیالێکتە دەخاتەڕوو. ئەوەی بۆ ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە گرنگە تەنها خۆنوێنیی رۆحی نەتەوەیی کوردە لەناو دیالێکتێك لە دیالێکتە کوردییەکاندا، کە لەگەڵ پرۆسەی بەنەتەوەبوونی کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکاندا وەك بەرهەمی پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانی یەکێك لەو کۆمەڵگا زمانییانە بووەتە زمانی نوسینی دەقە ئاینییەکان و رۆحی ئاینی نەتەوەیی کوردی لەخۆیدا شێوەگیرکردووەو بووە بە زمانی ئاینی ئەو نەتەوەیە.

پێش ئەوەی باس لەوە بکەین زمانی کورد لە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانە زارەکییەکانی خۆیدا بە چ رێگایەك خۆی دەنوێنێت، گرنگە لەڕووی ئەنتۆلۆجییەوە بوونی ئەم زمانە لەناو زمانەکانی تردا دیاری بکەین، بۆ ئەمەش دەبێت باس لەو پرۆسە مێژووییانە بکەین کە تیایدا زمانێك زاڵدەبێت بەسەر کۆمەڵە زمانێکی ترداو لەڕێگەی هێزەوە نەفی بوونی عەقڵی کۆ زمانێکی تر دەکات و خۆی دەکات بە زمانی عەقڵییان و ئەوانیش لەبەرامبەر نەفیکردنی زمانە عەقڵییەکەیان، نەفی بوونی ئەو کۆمەڵگا زمانییە لە زمانە هاتووەکە دەکەن و کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆیان دەکەنە زەمینەی ئاخاوتن و نوسینی زمانە هاتووەکە.

لەو سەردەمەدا کە لە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانە زارەکییەکانی کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکان دەقە نوسراوەکانی ئاینی حەقیقەت وەك کۆمەڵە دەقێکی نوسراوی دیالێکتە کوردییەکان وەدیدێن، سێ زمان لە جیهاندا بواری دەسەڵاتی خۆیان فراواندەکەن و بەرەو ئەوە دەڕۆن ببنە زمانی نوسینی هەموو ئەو میللەتانە کە لەسەر شانۆی مێژوودا بوونیان پەیداکردووەو لەناو ململانێدان، ئەو سێ زمانەش: زمانی لاتینی و زمانی یۆنانی و زمانی عەرەبین.

ئەم سێ زمانە هەریەکەیان لە پرۆسەی نەفیکردنی زمانی عەقڵی ئەو نەتەوانەدان کە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی و خەلافەتی ئیسلامی لە پرۆسەی وڵاتگیری خۆیاندا کۆمەڵگا زمانییەکانیان دەخەن ژێر دەسەڵاتی

سیاسیی خۆیانەوە. پێش ئەوەی لەڕێگەی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی و خەلافەتی ئیسلامییەوە زمانی لاتینی و زمانی عەرەبی پرۆسەی نەفیکردنی زمانی عەقڵی ئەو کۆمەڵگایان دەست پێبکەن کە بەر پرۆسەی وڵاتگیرییەکەیان کەوتوون، ئیمپراتۆریەتی یۆنانی لە دوای پرۆسە وڵاتگیرییەکەی ئەسکەندەری مەکەدۆنییەوە بە زمانی یۆنانی نەفی زمانی عەقڵی ئەو کۆمەڵگایانە دەکات کە بەر پرۆسەی وڵاتگیری ئەسکەندەر دەکەون و بەمەش زمانی یۆنانی دەچێتە شوێنی زمانی عەقڵی ئەو کۆمەڵگایانەو لەهەمان کاتیشدا لە کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆی دادەبڕێت و دووردەکەوێتەوە. ((لەگەڵ ئەوەشدا ئیمپراتۆریەتەکەی ئەسکەندەر بەسەر ئەو جێنشینانەیدا دابەشبوو بوو کە زۆر جار لەگەڵ یەکدا شەڕیان دەکرد، بەڵام فەرمانڕەوایەتی یۆنانی و هزری یۆنانی تەواو باڵی بەسەر ناوچەکانی رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و ئاسیای بچووکدا کێشابوو، بەهەمان شێوەش فرە رەنگییەك لە فرە رەنگـییەکـانی دیالێکتی ئەتیکی کە بە دیالێکت یان زاری گشتی ناسرابوو، لە هەموو ناوچەکاندا بووبوو بە زمانی حکومەت و بازرگانی و خوێندن))[1].

لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی یۆنانیدا کە بە سەردەمی هیلینییەت ناسراوە ئەسکەندەری مەکەدۆنی و دوای ئەویش جێنشینەکانی کولتورو زمانی یۆنانی زاڵدەکەن بەسەر پاشماوەکانی ئیمپراتۆریەتی فارسیداو فێربوونی زمانی یۆنانی لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا بەسەر خوێندەواراندا دەسەپێنن و زمانی یۆنانی لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوا یۆنانییەکانی ئیمپراتۆریەتی یۆنانی دەبێتە زمانی بەڕێوەبەرێتی باڵاو پیشەکان و زمانی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگاکان. لەو سەردەمەشدا بۆ یەکەمجار فێربوونی زمانی یۆنانی لەلایەن غەیرە یۆنانییەکانەوە دەبێتە چالاکییەکی فراوان و بەربڵاو کە شێوازو پێداویستییەکانی تایبەت بەخۆی هەبێت، ئەمەش هەموو بەشێکە لەو پرۆسەیەی کە بە پرۆسەی بەهیلینیکردن ناسراوە[2].

یەکێك لە دەرکەوتەکانی پرۆسەی بەهیلینیکردنی کۆمەڵگاکان، نەفیکردنی زمانی عەقڵی ئەو کۆمەڵگا زمانییانەیە کە سەر بە یەك کۆمەڵگای نەتەوەیین، لەلایەن زمانی یۆنانییەوەو بوونی زمانی یۆنانییە بە زمانی عەقڵی ئەو کۆمەڵگا زمانییانەو لەهەمان کاتدا نەفیکردنی زمانی یۆنانیشە لە کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆی لەلایەن ئەو کۆمەڵگا زمانییە بێگانانەوە کە قبوڵی ئەوەیان کردووە ئەو زمانە زمانە عەقڵییەکەی خۆیان نەفی بکات.

زمانی یۆنانی لە پرۆسەی بەهیلینیکردنی ((شارێکی وەك (برجاموم) لە ئاسیای بچووك و ئەسکەندەریە لە میسر))[3]، نەفی زمان عەقڵی کۆمەڵگا زمانییەکانیان دەکات و خۆی لەناو ئەواندا وەك زمانی عەقڵی ئەوان ئامادە دەکات و لەڕێگەی کتێبەکانی خوێندنی زمانی یۆنانییەوە، ئەم زمانە دەگوازرێتەوە بۆ ناو زەینی ئەو کۆمەڵگا زمانییانەو لە زەینیاندا رووبەڕووی زمانی ئاخاوتنی ئەوان دەبێتەوەو لەگەڵیاندا دەکەوێتە ناو ململانێ، بەڵام لەهەمان کاتدا بەهۆی ئەوەشەوە لە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا

---

(1) ر. هـ. روبنز، موجز تأريخ علم اللغة: 41.

(2) بروانە: هـ. س: هـ. ل.

(3) هـ. س: هـ. ل.

زمانییەکەی خۆی دووردەخرێتەوەو دەگۆڕێت بۆ جۆرێك لە زمان کە تەنها بوونی لە زمانی ئاخاوتن و نوسینی ئەو کۆمەڵگایانەدا هەیە کە نەفی زمانە عەقڵییەکەی کردوون.

ئەو کۆمەڵگا زمانییانەی کە دیالێکتی ئەتیکی نەفی زمانە عەقڵییەکەیان دەکات، دیالێکتە ئەتیکییەکە لە پرۆسە سروشتییەکەی بەدیالێکتبوون دەخەن و بەرەبەرە جیای دەکەنەوە لەو دیالێکتەی کە لە کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆیدا وەك زمانی ئاخاوتن پەرە بە بوونی خۆی دەدات. لە سەردەمی رەواقییەکاندا کە لەدوای سەردەمی ئەسکەندەرەوە دێت، ئەو زمانە یۆنانییەی کە لە پرۆسەی بەهیلینینکردنی کۆمەڵگا زمانییەکانی غەیری کۆمەڵگای زمانی دیالێکتی ئەتیکی، لە دیالێکتی ئەتیکی دەکەوێتەوە، دەبێتە زمانێکی جیاوازو لە زمانێکی سروشتییەوە دەگۆڕێت بۆ زمانێکی ئامێری، لەهەمان کاتدا لە زمانی کۆمەڵگایەکی زمانییەوە دەگۆڕێت بۆ زمانی دەسەڵات و کۆمەڵگای سیاسی و حکومی ئەو دەسەڵاتە[1]. لەم سەردەمەدا بەهۆی پرۆسەی بەهیلینیکردنی کۆمەڵگا بێگانەکانەوە، دیالێکتی ئەتیکی لەلایەکەوە دەگۆڕێت بۆ زمانێکی ئامێری و دەبێت بە زمان هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەژێر فەرمانڕەوایەتی ئیمپراتۆریەتی هیلینیدان، لەلایەکی تریشەوە ئەو دیالێکتە لە کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆیدا بەرەو ئەوە دەڕوات کە ببێتەوە بە زمانێکی زارەکی کۆمەڵگا زمانییەکەی ئەسیناو لە پرۆسەی بەدیالێکتبوون دەکەوێت، ئەم دوو گۆڕانە پێچەوانەیە وادەکەن لە دیالێکتی ئەتیکی ببێت بە دوو لەتەوە، لەتێکی ببێت بە زمانی دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵگا بێگانەکان و لەتەکەی تریش ببێتەوە بە زمانێکی زارەکی و بچێتەوە ریـزی ئەو زمانە زارەکییانە کە ناکەونە ناو پرۆسەی بەدیالێکتبوونەوەو بەهۆی ئەمەشەوە بەردەوام بەرەو ئەوە دەڕۆن لەناو بچن و لەناو جیهانی زمانەکاندا بوونیان نەمێنێت و بچنە ریزی زمانە مردووەکانەوە. سەرەتای ئەم دابڕانەی نێوان بوونی عەقڵی دیالێکتێك و بوونە سروشتییە مادديیەکەی لەوەدا رەنگدەداتەوە کە لە ئاستی نوسین و ئاخاوتندا هەرخۆیەتییەکەی خـۆی نـەپارێزێت و جیاوازی و دابڕان لەنێوان دەرکەوتە نوسراو و گوتراوەکانی ئەو زمانەدا بێنەئاراوەو بەردەوامیش ئەم دابڕان و جیاوازییانە پەرە بسێنن و بەرەو ئەوە بڕۆن ئەندامانی ناو کۆمەڵگا زمانییەکە کاتێك بەو دیالێکتە دەدوێن و دەخوێننەوە، هەست بەوە بەکەن کە لە دیالێکتێکەوە بەرەو دیالێکتێکی تر دەڕۆن.

دیالێکتی ئەتیکی لەسەردەمی رەواقییەکاندا بەهۆی راوەستانی پرۆسەی بەدیالێکتبوونەکەیەوە، ئاستی نوسینی بە پرۆسەی بەئامێربووندا دەڕوات و دەبێتە زمانێکی ئامێری بەدەست دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی یۆنانییەوە، ئاستی ئاخاوتنەکەشی بەهۆی پرۆسەی لەدیالێکتکەوتنەوە دەبێتە زمانی ئاخاوتنی ئەسیناییەکان و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەسیناییەکان بۆ فێربوونی زمانەکەی خۆیان پێویستیان بەوە هەبێت جارێك لە ئاستی ئاخاوتندا بەشێوەیەکی سروشتی بۆ ئاخاوتنی رۆژانە فێری بن و جارێکیش لە ئاستی نوسین و خوێندنەوەدا وەك زمانێکی بێگانە بەرێگایەکی نا سروشتی و دانراو بۆ خوێندنەوەو نوسین فێری بن. لێرەدا فێربوونەکەی ئەوان تەنها فێربوونی نوسین و خوێندنەوە نییە، بەڵکو فێربوونی ئەو یاساو چۆنایەتییە

(1) هـ.س: هـ. ل.

جیاوازانەشە کە بە پرۆسە سروشتییەکەی فێربوونی زمانەکەیان فێری نەبوون و لەڕێگەی فێربوونی ناو فێرگەکانیشەوە نەبێت هەرگیز فێری نابن. لێرەدا حاڵەتی ئەسینایییەکان بەرامبەر ئاستی نوسینی دیالێکتی ئەتیکی هەروەك حاڵەتی ئەو کۆمەڵگا زمانییە بێگانانە وان کە دیالێکتی ئەسینی بۆیان زمانی کۆمەڵگایەکی زمانیی بێگانەیە. ئەو شیزۆفرینیایەی کە تووشی ئەندامانی کۆمەڵگای دیالێکتی ئەتیکی دەبێتەوە، هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە دیالێکتەکانی زمانی یۆنانی لە پرۆسەی بەدیالێکتبوون دەکەون و دەخرێنەوە ناو دۆخە سروشتییەکەی جارانیان.

دوای نەمانی ئیمپراتۆریەتی یۆنانی و سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی، زمانی یۆنانی لە سنوری دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا وەك زمانی دەسەڵات لە سنوری چەند ناوچەیەکی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا دەمێنێتەوەو درێژە بە ژیانی ئامێرییانەی خۆی دەدات، ((رۆما بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە پەیوەندییەکی بەهێزدایە لەگەڵ کولتوری ماددی و چەمکە عەقڵییە یۆنانیەکاندا، ئەمەش لەڕێگەی کۆلۆنە یۆنانیەکانی باشووری ئیتالیاوەیە، رۆمانەکان لە یۆنانییە رۆژئاواییەکانەوە فێری نوسین دەبن، بەڵام لە سەدەی سێهەم و دووەمی پێش زایندا بەرەبەرە دەکەوێتە ژێر فەرمانڕەوایی رۆما، کە لەو سەردەمەدا سەرداری تەواوی ئیتالیایە، فراوانبوونی فەرمانڕەوایەتی رۆمانی تاڕاددەیەك لەگەڵ سەردەمی مەسیحییەتدا دەگاتە ئەوپەڕی فراوانبوونی خۆی))[١]، لەگەڵ ئەوەشدا ئیمپراتۆریەتی یۆنانی کۆتایی بە فەرمانڕەوایەتییەکەی دێت، بەڵام زمان و کولتوری یۆنانی لەناو ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا درێژە بە دەسەڵاتی خۆی دەدات و وەك زمانی فەرمانڕەوایەتی فەرمانڕەوا رۆمانییەکانی چەند ناوچەیەك دەمێنێتەوە، ((لە نیوەی رۆژئاوای ئیمپراتۆریەتەکەدا کە هێشتا لەگەڵ ژیارێکی جیادا نەکەوتبوونە ناو پەیوەندییەوە، زمانی لاتینی بوو بوو بە زمانی بەڕێوەبردن و کاروبارەکان و یاساو خوێندن و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی، لە کۆتاییشدا زمانی لاتینی گوتراو (کە بە دڵنیاییەوە لەگەڵ لاتینی ئەدەبیی کلاسیکیدا هاوتا نەبوو) چووە شوێنی زمانە پێشووەکانی زۆربەی ناوچە رۆژئاواییەکان و لەڕێگەی پەرەسەندنی زمانییەوە دواتر زمانە رۆمانییە نوێکانی لێکەوتەوە، کە زمانە لاتینییە نوێکانن و زمانی ئەوروپای هاوچەرخن، بەڵام لە رۆژهەڵات کە تارادەیەکی زۆر بەشێوەیەکی راستەقینە لە سەردەمی هیلینییەتەوە لەژێر فەرمانڕەوایی یۆناندا بوو، زمانی یۆنانی لەو دۆخەی کە پێی گەیشتبوو وەك خۆی مایەوەو زۆرجار کارمەندە فەرمییەکانی رۆمان خۆیان فێری ئەو زمانە دەکردو لەکاتی کارەکانیاندا بەکاریان دەهێنا))[٢]. ئەم دوو زمانییە لە سنوری قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوایەتی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا ((ئیمپراتۆریەتەکە دەکات بە دوو بەشەوە: ئیمپراتۆریەتی رۆژئاواو ئیمپراتۆریەتی رۆژهەڵات))[٣].

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئەو بەشەی جیهان کە لە سەردەمی رۆماندا لەناو مێژوودا دەردەکەوێت، پێش هاتنی ئیسلام بەدرێژایی چەند سەدەیەك لەژێر دەسەڵاتی رۆمانیەکاندایە، زمانی لاتینی و زمانی یۆنانیش ئەو دوو زمانەن کە وەك زمانی عەقڵی میللەتانی ژێر دەسەڵاتی رۆمان بوونیان هەیەو لە سنوری قەڵەمڕەوی

---

[1] هـ. س: 91.

[2] هـ. س: 92.

[3] هـ. س: 92-93.

ئەو ئیمپراتۆریەتەدا جگە لەو دوو زمانە کە دوو زمانی ئامێریی دەسەڵاتی رۆمانیەکانن، هەموو زمانەکانی تر لە دۆخی زارەکی و ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکاندا لە دۆخێکی سروشتیدان و لە سنورە سروشتییەکەی خۆیان ناتوانن بێنە دەرەوە، زمانی کوردیش وەك زمانەکانی تر دیالێکتەکانی چوونەتەوە ناو سنوری دۆخە سروشتییەکەی خۆیان و بوونەتەوە بە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانیان.

پێش هاتنی ئیسلام ئێران لە دەرەوەی سنوری فەرمانڕەوایەتی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدایەو ئەو زمانە ئێرانییانەش کە لەدوای نەمانی دەسەڵاتی یۆنانی و زمان و کولتوری یۆنانی لە ئێراندا بوونەتە زمانی ئاین یان زمانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، ناتوانین لەڕیزی زمانی یۆنانی و زمانی لاتینیدا باسیان بکەین، لەبەر نەبوونی کولتورێکی بەهێزی نوسراوی وەك کولتوری یۆنانی و رۆمانی و جگە لەمەش نەبوونی پەیوەندییەکی روونی وەك پەیوەندی زمانی یۆنانی و زمانی لاتینی بە کۆمەڵگا زمانییە بێگانەو جیاوازەکانەوە، هەر ئەمەشە ئێمە ناچارەکات ئەو زمانە ئێرانییانەو پرۆسەی گەشەکردن و گۆڕانیان بۆ زمانی ئامێری بوونیان بە زمانی عەقڵی کۆمەڵگا زمانییەکان، لە باسکردنی پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زارە کوردییەکان و کۆمەڵگا زمانییەکانیان دووربخەینەوە، رەچاوی ئەو پەیوەندییە مێژووییەی نێوان ئەو زمانانەو زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانی زمانی کوردی نەکەین و هەروەك ئەو زمانە مامەڵەیان لەگەڵ بکەین کە لە سەردەمی میدییەکاندا بەکارهاتووەو هیچ زانیارییەکی مێژووییمان لەبارەیەوە نییە، واتە بوونی چەند دەقێکی کەم و پچڕپچڕو جیاوازی ئەو زمانە ئێرانییە کۆنانە، بوارێکی لەو جۆرە بۆ ئێمە دروست ناکەن کە بۆ ئەوە بشێت پەیوەندییە ئەنتۆلۆجییەکانی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی بەو زمانانەوە دیاری بکەین و لێکیان بدەینەوە، بۆیە بۆ دیاریکردنی دۆخی ئەنتۆلۆجی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی و پەیوەندی بە زمانەکانی ترەوە، تەنها دەتوانین باسی زمانی یۆنانی و لاتینی و عەرەبی بکەین.

حاڵەتی ئەنتۆلۆجی زمانی عەرەبی جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ زمانی یۆنانی و لاتینیدا نییە، بەڵام لەبەرئەوەی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی عەرەبیدا دەکەوێتە ناو پەیوەندییەکی چارەنوسسازەوە، دەبێت بە کورتی باس لە دۆخی ئەنتۆلۆجی ئەم زمانەو پەرەسەندن و گۆڕانەکەی بۆ زمانێکی ئامێری و مامەڵەکردنی کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکان لەگەڵیدا بکەین و جا بەراوردێك لەنێوان حاڵەتی ئەنتۆلۆجی زمانی کوردی و پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانە زارەکییەکانی و لەگەڵ ئەو سێ زمانەو پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانە زارەکییەکانیان بکرێت. پێش هاتنی ئیسلام عەرەبەکان چەند کۆمەڵگایەکی سروشتی بوون و لەنێوان ئەم کۆمەڵگا سروشتییانەشدا رەچەڵەك و هاوخوێنی بوونی هەبووە، واتە ئەو کۆمەڵگایانە هەڵگری کۆمەڵە جیاوازییەکی سروشتی بوون و ئەم جیاوازییانەش بەهۆی گەشەکردنی بۆماوەییانەو سروشتییانەی یەك کۆمەڵگای سروشتییەوە هاتوونەتە ئاراوە، وەك کۆمەڵگا سروشتییەکانی ناو یۆنان کۆمەڵە هۆزێکی کۆچکردوو نەبوون و هەریەکەیان لە شوێنێکەوە رووی نەکردبووە نیوە دوورگەی عەرەبی و یەمەن و ناوچەکانی تر، بەڵکو بەشێوەیەکی سروشتی ناوچەی نیشتەجێبوونەکەی خۆیان بەپێی زیادبوونی رێژەیان فراوانتر کردبوو. ئەمەش بۆخۆی رێگربوو لەبەردەم ئەوەدا کە ئەو کۆمەڵگا جیاوازانە پەیوەندییە سروشتی و خوێنییەکانی

نێوان خۆیان تێپەڕێنن و بەرەو ئەوە بڕۆن بەپێی ئەو سیستەمە عەقڵییەی لەناو عەقڵییاندا بوونی هەبوو بکەونە ناو پرۆسەی بەنەتەوەبوونەوە، ئەم کۆمەڵگایانە پێش هاتنی ئیسلام بەردەوام لەناو ململانێییەکی سروشتیدا بوون و لەناو ئەم ململانێیەدا هیچیان نەیانتوانیووە بەسەر ئەوانیترياندا زاڵببێت و یەکبوونێك بەپێی سیستەمێکی چەقگیری دەمارگیرانە دروست بکات[1].

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە پێش هاتنی ئیسلام ئەو کۆمەڵگا سروشتییانە بەهۆی ئەو پەیوەندییە سروشتی و خوێنییە نەپساوەی کە لەنێوانیاندا هەبووە، وەك کۆمەڵگا سروشتییە گریکییەکان و کۆمەڵگا سروشتییە کوردییەکان کە بەهۆی کۆچەوە پەیوەندییە خوێنییەکانیان بچڕاوەو هەر بەهۆی کۆچیشەوە جارێکی تر لە یەك ناوچەدا کۆبوونەتەوە، هۆشیارییان بەو سیستەمە عەقڵییەی ناو عەقڵی کۆیی خۆیان نەبووەو نەکەوتوونەتە ناو پرۆسەی بەنەتەوەبوونەوە، بۆیەناشکرێت لە پێش هاتنی ئیسلامەوە زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگا سروشتییانە بە پرۆسەی دیالێکتبووندا رۆشتبن و بووبن بە دیالێکت، ئەو جیاوازییانەی کە دەکرێنە بەڵگە لەسەر ئەوەیکە زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگایانە دیالێکت بوون، هەر خۆیان بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە دیالێکت نەبوون، چونکە ئەو جیاوازییانە وەك جیاوازی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا خێڵەکییەکانی دیالێکتە کوردییەکان وان، بۆنموونە وەك جیاوازی زمانی ئاخاوتنی جافەکانی شارەزوورو زمانی ئاخاوتنی ناوچەی شارباژێڕ یان قەرەداغ یان سۆران بوون و وەك جیاوازی دیالێکتی گۆرانی و کرمانجی یان زازایی و سۆرانی نەبوون، یان وەك جیاوازی دیالێکتە گریکییەکانی سەردەمی دەوڵەتە شارەکانی یۆنان نەبوون، واتە جیاوازییەکانیان سەرچاوەی لە چۆنایەتییە جیاوازەکانی سروشتی جیاوازی ئەو کۆمەڵگایانەوە نەگرتبوو، بەڵکو لەو جۆرە لە جیاوازی بوون کە بە کاریگەری دەرەکی دروستبووبوون.

رێزماننوسە عەرەبەکان لەڕووی دابەشبوونی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا سروشتییە عەرەبییەکانەوە، نیوە دوورگەی عەرەبییان دابەشکردووە بۆ سێ ناوچەی جیاواز، ئەو سێ ناوچەیەشیان کردووە بە دوو بەش: بەشی یەکەمیان یەمەنە کە ناوچەیەکی دابڕاوی بەشی باشووری نیوە دوورگەکەیەو رێزماننوسەکان زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا سروشتییە جیاوازەکانیان بە (زمانی خەڵکی یەمەن) ناوبردووە، بەڵام بەشی دووەمیان کردووە بە دوو ناوچەوە: یەکەمیان (حیجاز)ە کە دەکەوێتە رۆژئاوای نیوە دوورگەکەوە، ئەویتریان (تەمیم)ە کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی نیوە دوورگەکەو (نەجد) دەکەوێتە ناوەندی ناوچەکە. ناوچەی حیجاز ناوچەی زۆربەی شارنشینەکان بووە، بەڵام نەجدو دەوروبەرەکەی بەپێچەوانەوە ناوچەی زۆربەی خێڵە دەشتەکییەکان بووەو شیعری جاهیلی و قورئان لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی ئەم ناوچەیەدا زیاتر هەماهەنگبووە، جگە لە زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگا زمانییانەی کە تێکەڵەیەك بوون لە زمانی عەرەبی و زمانی حومەیری، هەموو ئەوانیتر جیاوازییەکی لەو جۆرە لەنێوانیاندا نەبووە[2] کە لەنێوان زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگا سروشتییانەدا هەن کە شیانی ئەوەیان تیابووە بکەونە ناو پرۆسەی بەدیالێکتبوونەوە.

---

[1] بڕوانە: ابن خلدون، تأريخ ابن خلدون: 78-79.

[2] بڕوانە: محمد الشرقاو، التعريب في القرن الأول الهجري، ط1، مجلس الأعلى للثقافة، القاهرة، ص36-44.

کۆمەڵگا سروشتییە عەرەبییەکان بەهۆی مانەوەیان لە دۆخە سروشتییەکەی خۆیان و دانەبڕانیان لە یەکتری شیانی ئەوەیان تیا پەیدانەبووە کە پەی بە رۆحی نەتەوەیی خۆیان بەرن و لە سەرووی سیستەمە سروشتییەکەی پەیوەندییەکانی نێوانیان بە سیستەمێکی عەقڵی بکەونە ناو پەیوەندییەوە، هەر ئەم دۆخەش وایکردووە کە زمان ئاخاوتنەکانی کۆمەڵگا زمانییەکانیش دووربن لەوەی بکەونە ناو پرۆسەی بەدیالێکتبوونەوەو هەریەکەیان ئەو زمانە عەقڵییە بنوێنێت کە زمانی نەتەوەیە، ئەمەش خۆی ئەوە گریمانە دەکات کە ئیسلام نازڵکراو ئاینێکی سەروو نەتەوەیی بووەو بەرهەمی رۆحی نەتەوەیی عەرەب نەبووەو ئەوەشی لەم نەتەوەیە دەکەوێتەوە ئەو ئاینە مەزهەبییە سوننییەیە کە بە تەقلیدکردنەوەی ئیسلامی نازڵکراو بە سروشتییێکی عەرەبییانە دێتەئاراوە.

دوای هاتنی ئیسلام و دەستپێکردنی پرۆسەی وڵاتگیرییەکان و کشانی جەستەی ئیسلامی تەقلیدی بۆ دەرەوەی نیوە دوورگەی عەرەبی، زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە عەرەبییەکان بەهۆی دەرچوونیان لە سنورە سروشتییەکانی خۆیان و بوونیان بە زمانی قورئانی نازڵکراو، بە دوو پرۆسەی جیاوازدا دەڕۆن: یەکەمیان پرۆسەی گۆڕانی ئاینی نازڵکراوی ئیسلامە، لە ئاینێکی نازڵکراوەوە بۆ ئاینێکی تەقلیدی زارەکی، لەویشەوە بۆ ئاینێکی تۆمارکراو. دووەمیان پرۆسەی گۆڕانی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە عەرەبییەکانی بۆ زمانی نوسین لە دەرەوەی پرۆسەی بەدیالێکتبوونەوە.

لەگەڵ پرۆسەی بە مەزهەبکردنی ئیسلامی نازڵکراودا، ئەو زمانی ئاخاوتنەی کە قورئانی پێ نازڵکرابوو بە پرۆسەی بەئامێریکردندا دەبرێت و ئەویش دەگۆڕێت بۆ زمانێکی پێوانەیی و وەك زمانی عەقڵی هەموو ئەو میللەتانەی لێدێ کە کۆمەڵگا زمانییەکانیان لە پرۆسەی وڵاتگیرییەکانی خەلافەتی ئیسلامیدا دەکەونە ناو سنوری قەڵەمڕەوی خەلافەتەکانەوە. لەم سەردەمەدا عەرەبەکان بەهۆی قورئانەوە دەبنە خاوەنی زمانێکی پێوانەیی تەقلیدکراو «یەکەمجار قورئان لە عەقڵییەتی عەرەبیداو لە عەقڵییەتی موسڵمانە نوێکاندا وەك دەقی کتێبێکی پیرۆز دەردەکەوێت و دەچێتە ناو بوارەکانی نوێژو تەفسیرو یاسادانان، هەر لەبەر ئەمەش ئەوە شتێکی حەتمی بوو کە هەر موسڵمانێك بۆ دینداری کردنی خۆی دەبوایە بە رێژەیەك زمانی عەرەبی بزانێت. بەپێچەوانەی شیعری جاهیلییەوە، قورئانی پیرۆز چووبووە ناو ژیانی رۆژانەییەوەو بایەخێکی گەورەشی لە گوزەراندنی ئەو ژیانەدا هەبوو، بەلایەنی کەمەوە لە ئاستی زمانیدا بووبوویە نمونەیەکی زەمینە بۆخۆشکراو»[1].

لێرەدا زمانی ئاخاوتنی عەرەبی بەبێ ئەوەی بە پرۆسەی بەدیالێکتبووندا بڕوات بەرەو زمانی پێوانەیی و ئامێری دەڕوات و دەبێتە زمانی ئاین و دەسەڵاتی ئاینی کە دەسەڵاتی خەلافەتە ئیسلامییەکانە. لەلایەکی ترەوە هەمان زمانی ئاخاوتن بەهۆی پرۆسەی وڵاتگیرییەکانی خەلافەتەوە وەك زمانی ئاخاوتنی ئەو دەسەڵاتەی کە زاڵدەبێت بەسەر کۆمەڵگا زمانییەکانی دەرەوەی نیوە دوورگەی عەرەبی، لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگایانەدا دەکەوێتە ناو ململانێیەکی سروشتی و لەم ململانێیەش جۆرێك لە زمانی

---

[1] هـ. س: 101.

ئاخاوتن دەکەوێتەوە کە ئاوێتەیەکە لە چۆنایەتییە زاڵەکانی زمانی ئاخاوتنی وەرگیراوی عەرەبی و چۆنایەتییە بەزیوەکانی زمانی بەخشراو و وەرگیراوی ئەو کۆمەڵگا زمانییانە. ئەو زمانانەی ئاخاوتن کە لەو ململانێیە دەکەونەوە، دەبن بەو زمانە جیاوازانەی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگا زمانییانەی کە لەلایەن عەرەبەکانی نیوەدوورگەی عەرەبەوە نەفی جەستە زمانییەکەیان دەکرێت.

ولاتگیرییەکانی خەلافەتی عەرەبی ئیسلامی وایانکرد ئەو زمانە پیۆانەییە ئامێرییەی کە بەهۆی قورئانەوە بووبوو بە زمانێکی پیۆانەیی، ببێت بە زمانێکی فەرمی و جیهانی ئەو ئیمپراتۆریەتەی کە ریشەکانی لە نیوەدوورگەی عەرەبیدا بوون و لق و پۆپەکانیشی بەرەو دەرەوەی نیوەدوورگەی عەرەبی کشابوون، لەم سەردەمەدا ملیۆنەها کەسی غەیرە عەرەب دەچنە ناو سیستەمی سیاسی و سیستەمی بەڕێوەبردنی ئەو ئیمپراتۆریەتەوەو بەمەش ئەوە لەسەریان دەسەپێت کە بۆ پەیوەندیکردنیان بەیەکەوە ئەو زمانە عەرەبییە پیۆانەییە بەکاربهێنن کە زمانی هاوبەشی هەموو کۆمەڵگا زمانییە جیاوازە ناعەرەبەکان و ئەو کۆمەڵگا زمانییە عەرەبییەن کە خاوەنی دەسەلاتی سیاسی و ئاینی خەلافەتەکەیە. ئەم پەرەسەندنە سیاسی و ئاینی و زمانییەی کۆمەڵگا سروشتییە عەرەبییەکان لەنیوەی یەکەمی سەدەی یەکەمی کۆچییەوە دەست پێدەکات و لەنیوەی دووەمی هەمان سەدەدا زمانی عەرەبی دەبێتە زمانی پەیوەندیکردنی ناو شارە ناعەرەبییەکانی وەك بەسرەو کوفەو فوستاس و دواتریش قەیرەوان و ریبات و خاڵە کەنارییەکانی تر. بەهۆی ئەم بلاوبوونەوە فراوانەی زمانی عەرەبییەوە، زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا سروشتییەکانی نیوەدوورگەی عەرەبی بەپێچەوانەی ئەوەوە کە بەهۆی قورئانەوە دەبێت بە زمانێکی پیۆانەیی، بەهۆی دەسەلاتی سیاسی و پڕۆسەی ولاتگیرییەوە دەگۆڕێت بۆ چەند زمانێکی زارەکی لێکجیاوازو لەو زمانە زارەکییانەش ئەو زمانە زارەکییانە دەکەونەوە کە لە ئێستادا زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە عەرەبییەکانی ئاسیاو باکوری ئەفریقیاو سودان و چادو نەیجیریاو کامیرۆن و سیرالیۆنە لە کیشوەری ئەفریقیادا[1].

ئەمەی سەرەوە ئەوە دەگەیەنێت کە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە عەرەبییەکان بەبێ ئەوەی بە پرۆسەی بەدیالێکتبووندا برۆن بەهۆی ئاین و داگیرکردنەوە دەکەوێتە ناو دوو پرۆسەی جیاوازەوە: یەکەمیان پرۆسەی بە ئامێریبوونی ئەو زمانەو گۆڕانیەتی بۆ زمانێکی پیۆانەیی، دووەمیان پرۆسەی ئاوێتەبوونیەتی بە کۆمەڵە زمانێکی زارەکی بێگانەو گۆڕانیەتی بۆ چەند زمانێکی زارەکیی جیاواز کە بەرهەمی دیالێکتیکی نێوان زمانی ئاخاوتنی عەرەبییە وەك زمانێکی وەرگیراو لەگەڵ زمانی بەخشراوی ئەو کۆمەڵگا زمانییە بێگانانەدا. لەم پرۆسە دیالێکتیکییەشدا زمانە عەرەبییەکە بە جەستەی خۆی نەفی جەستەی ئەو زمانە بێگانانە دەکات و لەهەمان کاتیشدا زمانی بەخشراوی ئەو کۆمەڵگا بێگانانەش نەفی کۆمەڵگا زمانییەکانی زمانە عەرەبییەکە دەکەن و خۆیان جێگەیان دەگرنەوە.

ئیبن خەلدون پێیوایە هەر زمانێك مەلەکەی خۆی هەیەو ئەم مەلەکەیەش مەلەکەیەکی سروشتی نییەو مەلەکەیەکی پیشەییەو هەروەك مەلەکەی دوورینی جل و بەرگ وایەو بە ئەزمون دەست دەخرێت. هەر

[1] هـ. س: 102.

لەم روانگەیەشەوە پێیوایە هەر زمانێك خاوەنی مەلەکەی تایبەت بەخۆیەتی و دەکرێت هەر کەسێك لەڕێگەی مەلەکەی ئەو زمانەوە ببێتە خاوەنی ئەو زمانە[1]. ئەو بەپێی ئەم بۆچوونە تیۆرییەی خۆی ئەو پرۆسە دیالێکتیکییەی نێوان زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانیەکانی نیوەدوورگەی عەرەبی و زمانە ناعەرەبییەکان لەشێوەی ململانێی مەلەکەی زمانی عەرەبی و مەلەکەی زمانی ئەو زمانە بێگانانەدا گوزارشت لێدەکات و مەودای زاڵبوون و زاڵنەبوونی زمانی عەرەبی بەسەر زمانە بێگانەکاندا دیاری دەکات و ئەوە ڕووندەکاتەوە کە زمانی ئاخاوتنی عەرەبی لە بەرامبەر زمانی ئاخاوتنی بەربەرو فارس و تورك و جەلالقەو فەرەنگدا شکست دەهێنێت و لەمەش چەند زمانێکی جیاواز لەیەکتری دەکەونەوە، ئەو زمانانە کۆمەڵە زمانێکی تری جیاوازن لە زمانی عەرەبی[2].

بەم پێیە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا سروشتییە عەرەبییەکانی نیوەدوورگەی عەرەبی لەلایەکەوە بەهۆی قورئانەوە بەرەو زمانێکی پێوانەیی ڕۆیشتووەو لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەو ململانێ زمانیەوە کە بەهۆی ولاتگیرییەکانی خەلافەتە عەرەبییە ئیسلامیەکانەوە تێی کەوتووە، بووەتە هۆی ئەوەی چەندەها زمانی ئاخاوتنی جیاوازو کۆمەڵگای زمانی جیاواز لە سنوری سیاسی خەلافەتەکەدا بێنە ئاراوە. ئەو کۆمەڵگا زمانییانەش کە لەو ململانێ زمانیانە دەکەونەوە دوو جۆرن: یەکەمیان ئەو کۆمەڵگایانەن کە لەو ململانێیەدا لەبەرامبەر زمانی ئاخاوتنی عەرەبییەوە شکستیان هێناوەو جەستە زمانییەکەی خۆیان لەدەستداوەو جەستەی زمانە زارەکییە عەرەبییەکەیان وەرگرتووەو لە سنوری یاساو چۆنایەتییەکانی ئەو زمانەدا زمانە بەخشراوەکەی ناو خۆیان پاراستووەو بوونەتە کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی زمانیی جیاوازی زمانی عەرەبی پێوانەیی.

دووەمیان ئەو کۆمەڵگا زمانییانەن کە زمانی زارەکی عەرەبی لە ململانێکەدا نەیتوانیوە بە جەستە زمانییەکەی خۆی نەفی جەستە زمانیەکەیان بکات و بیانکات بە زمانی زارەکی زمانە عەرەبییە پێوانەییەکە، هەریەك لەم کۆمەڵگا زمانییانەش یان لە دۆخە سروشتییەکەی خۆیاندا ماونەتەوە وەك کۆمەڵگا زمانییەکانی بەربەرەکان، یان دواتر بەبێ ئەوەی بە پرۆسەی بەدیالێکتبووندا بڕۆن بوون بە زمانی پێوانەیی و زمانی دەسەلاتی سیاسی، وەك زمانی ئەو کۆمەڵگا زمانییانەی ناو کۆمەڵگا زمانییە فارسییەکان کە دواتر دەبێتە زمانی دەسەلات و زمانی پێوانەیی بۆ زمانە زارەکییەکانی کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانی فارس، یان وەك زمانی زارەکی ئەو کۆمەڵگا زمانییە تورکییەی کە لە سەردەمی خەلافەتی عوسمانیدا دەبێت بە زمانێکی پێوانەیی و زمانە زارەکییەکانی تری کۆمەڵگا زمانییەکانی تورك دەکات بە زمانە زارەکییەکانی خۆی.

(1) بڕوانە: ابن خلدون، تأريخ ابن خلدون: 301، 302، 305.
(2) هـ. س: 304.

## 1-1/3) زمانی کوردی لە نێوان پڕۆسەی بەدیالێکتبوون و پڕۆسەی بەئامێربوونی زمانەکاندا

پرۆسەی بەئامێربوونی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا سروشتییەکان مێژوویەکی دێرینی هەیەو ئەم مێژووەش بە پرۆسەی بەئامێربوونی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگای ئەتیکی لە سەردەمی هیلینییەت و سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتی یۆنانییەوە دەست پێدەکات و بە پرۆسەی بەئامێربوونی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگای زمانی لاتین و کۆمەڵگا سروشتییە عەرەبییەکانی نیوەدوورگەی عەرەبی یەکەم قۆناغی خۆی تەواو دەکات، قۆناغی دووەمیشی بە پرۆسەی بەئامێربوونی ئەو زمانە زارەکییانە دەست پێدەکات کە زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگا زمانییانەن کە لە دیالێکتیکی نێوان زمانی دەسەڵاتی ئەو سێ ئیمپراتۆریەتەو ئەواندا جەستە زمانییەکەیان لەلایەن جەستەی زمانی پێوانەیی دەسەڵاتی ئەو سێ ئیمپراتۆریەتەوە نەفی کراون و دواتر لە پرۆسەیەکی دیالێکتیکی نوێدا لە ناوچەی دەسەڵاتی کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆیاندا گۆڕاون بۆ زمانی پێوانەیی و زمانی کۆمەڵگا زمانییەکانی تری سنوری دەسەڵاتی خۆیان وەك زمانی ئاخاوتنی خۆیان هێشتوونەتەوەو بوونەتە رێگر لەبەردەم ئەوەدا ئەوانیش بە پرۆسەی بەئامێربووندا بڕۆن و بگۆڕێن بۆ زمانی پێوانەیی. ئەم زمانە پێوانەییانە هەموو ئەو زمانانەی ناو ئیمپراتۆریەتی رۆمانی و یۆنانی دەگرێتەوە کە لە سەردەمی رێنسانسدا لە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگایەکی زمانی دیاریکراوەوە دگۆڕێن بۆ زمانێکی پێوانەیی و ئامێری، لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگا زمانییانەی کە لە سنوری دەسەڵاتی خەلافەتە ئیسلامیەکاندا لە دوای نەمانی خەلافەتی عەباسییەوە دەگۆڕێن بۆ زمانی نوسراو و پێوانەیی دەسەڵاتەکانی ناو سنوری جیهانی ئیسلامی.

دوای ئەم قۆناغەش قۆناغی سێهەم دەست پێدەکات، ئەم قۆناغەش لەگەڵ سەرهەڵدانی مۆدێرنێتەدا دەست پێدەکات. لەم قۆناغەدا بەهۆی سەرهەڵدانی دەوڵەت نەتەوەکانەوە چەند زمانێکی تر بە پرۆسەی بەئامێربووندا تێدەپەڕن و دەبن بە زمانی پێوانەیی دەسەڵاتی سیاسیی ئەو دەوڵەتانە.

لە قۆناغی یەکەمدا سێ زمان بە پرۆسەی بەئامێربووندا دەڕۆن و لە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگایەکی زمانییەوە دەبن بە زمانی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەت، ئەو سێ زمانەش: یۆنانی و لاتینی و عەرەبین، هەریەك لەو سێ زمانە لە پرۆسەی بەئامێربوونەکەیاندا رێگایەکی جیاوازو تایبەت بە خۆیان هەیە.

زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگای ئەتیکی پێش ئەوەی بکەوێتە ناو پرۆسەی بەئامێربوونەوە، وەك زمانە زارەکییەکانی تری کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانی یۆنان دەکەوێتە ناو پرۆسەی بەدیالێکتبوونەوەو دەبێت بە دیالێکتێك لە دیالێکتەکانی ئەو زمانە عەقڵییەی کە لەناو رۆحی نەتەوەیی گریکدا هەیەو هەریەك لە دیالێکتەکان لە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی خۆیاندا بە چۆنایەتییە جیاوازو تایبەتەکانی خۆی دەنوێنن. لەم سەردەمەدا ئەوەی دیالێکتەکانی دەوڵەتە شارەکانی یۆنان تیایدا یەکن، ئەو زمانە عەقڵییەی ناو عەقڵی کۆیی هەموو کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانی یۆنانەو پەیوەندی نێوان ئەو کۆمەڵگا زمانییانەو زمانەکانیان پەیوەندییەکی عەقڵییەو بەپێی ئەو سیستەمە عەقڵییەیە کە لەناو رۆحی نەتەوەیی ئەواندا بوونی هەیە، هەر

ئەمەش وادەكات لەو سەردەمەدا هیچ كۆمەڵگایەكی زمانی و زمانەكەی نەكەوێتە ناو ململانێی زاڵبوون بەسەر كۆمەڵگا زمانییەكانی ترو زمانەكەیاندا، بەڵام دوای ئەوەی پرۆسەی بەنەتەوەبوونی گریكەكان و پرۆسەی بەدیالێكتبوونی زمانی ئاخاوتنی كۆمەڵگا زمانییە جیاوازەكانی یۆنان سست دەبێت و بەرەو نەمان دەچێت، دیالێكتی ئەتیكی دەكەوێتە ناو پرۆسەی بەئامێربوونەوەو دەبێتە زمانێكی پێوانەیی بۆ دەسەڵاتی ئەو ئیمپراتۆریەتەی كە ئەسكەندەری مەكەدۆنی دایدەمەزرێنێت. واتە زمانی پێوانەیی ئیمپراتۆریەتی یۆنانی پێش ئەوەی بە پرۆسەی بەئامێربووندا بڕوات، زمانی ئاخاوتنی كۆمەڵگایەكی سروشتی نەبووەو دیالێكتێك بووە لە دیالێكتەكانی زمانی عەقڵی ناو كۆمەڵگای گریك. ئەوەش شیانی بەئامێربوونی تیا دروست دەكات گۆڕانیەتی لە زمانی ئاخاوتنی كۆمەڵگایەكی سروشتییەوە بۆ دیالێكتێك لە دیالێكتەكانی زمانێكە عەقڵی كە زمانی عەقڵی نەتەوەیی گریكەكانە. ئەم حاڵەتەی زمانی یۆنانی وایكردووە كە زمانی یۆنانی وەك زمانی لاتینی و زمانی عەرەبی لە پرۆسەی بەئامێربوونەكەیدا پێویستی بە ئاین نەبێت و لەوێوە شیانی بەئامێربوون لەخۆیدا پەیدانەكات كە ببێت بە زمانی ئاینێك و جا بگۆڕێت بۆ زمانێكی ئامێری.

ئەو زانیارییە مێژووییانەی كە لەبارەی زمانی ئاخاوتنی كۆمەڵگا سروشتییەكانی یۆنانی كۆن هەن، لەبارەی زمانی ئاخاوتنی كۆمەڵگا زمانییەكانی رۆمانیەكانەوە نین و هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی كە ئەو كۆمەڵگا زمانیانەی بە لاتینی دواون وەك كۆمەڵگا زمانییە یۆنانیەكان نەكەوتوونەتە ناو پرۆسەی بەدیالێكتبوونەوەو نەبوونەتە زمانی نوسراوی ئەو كۆمەڵگایانە. زمانی لاتینی وەك زمانی عەرەبی راستەوخۆ لە زمانی ئاخاوتنی كۆمەڵگایەكی سروشتییەوە كەوتووەتە ناو پرۆسەی بەئامێربوونەوەو وەك زمانی ئاخاوتنی ئەتیكی بە پرۆسەی بەدیالێكتبووندا نەڕۆشتووەو ئەمەش خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە كۆمەڵگای لاتینی وەك كۆمەڵگای عەرەبی نیوەدوورگەی عەرەب نەكەوتووەتە ناو پرۆسەی بەنەتەوەبوونەوەو زمانی ئاخاوتنی كۆمەڵگا ناوچەییەكانی ناویشی بەهیچ شێوەیەك بە پرۆسەی بەدیالێكتبووندا نەڕۆیشتوون و نەبوونەتە نوێنەری زمانێكی عەقڵی.

ئەوەی وادەكات زمانی ئاخاوتنی كۆمەڵگایەكی زمانی ناو كۆمەڵگای لاتینی بگۆڕێت بۆ زمانێكی ئامێری و ببێت بە زمانی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتێك ئاینی مەسیحییە، زمانی ئاخاوتنی لاتینی لە قۆناغێكدا بەهۆی وەرگێرانی كولتوری ئاینی جولەكەو مەسیحییەتەوە بۆ سەر زمانی ئاخاوتنی یەكێك لە كۆمەڵگا سروشتییەكانی لاتین دەبێت بە زمانی كولتورێكی ئاینی، ئەمەش شیانی ئەوەی تیا دروست دەكات بە پرۆسەی بەئامێربووندا بڕوات و ببێتە زمانی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی. واتە زمانی لاتینی پێش ئەوەی ببێت بە زمانێكی ئامێری و بكەوێتە ناو پرۆسەی بەئامێربوونەوە، لە زمانی ئاخاوتنی كۆمەڵگایەكی سروشتییەوە بووە بە زمانی ئاین و بەمەش شیانی بەئامێربوونی تیا دروستبووەو بووە بە زمانی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی.

زمانی ئاخاوتنی كۆمەڵگا سروشتییەكانی عەرەبیش وەك زمانی لاتینی بەبێ ئەوەی بن بە نوێنەری زمانی عەقڵی و بكەونە ناو پرۆسەی بەدیالێكتبوونەوە، دەبن بە زمانی ئاین و ئاین دەیانكاتەوە بەیەك و

بەمەش شیانی بەئامێربوون لە زمانی عەرەبیدا دروست دەبێت. جیاوازی نێوان پرۆسەی بەئامێربوونی زمانی ئاخاوتنی عەرەبی و لاتینی و کۆمەڵگا زمانییەکانیان تەنها لەوەدایە کە کۆمەڵگا زمانییە عەرەبییەکان لەڕێگەی بەمەزهەبکردنی ئاینێکی ئاسمانییەوە زمانەکەیان شیانی بەئامێربوونی تیا دروست دەبێت، بەڵام کۆمەڵگا زمانییە لاتینییەکان لە ڕێگەی ئایینی مەسیحەوە بە پرۆسەی بە ئامێربووندا دەڕۆن و ئەم ئاینەش کە لە دەرەوەی کۆمەڵگاکانی خۆیانەوە بە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگایەکی زمانی بێگانە بەوان نازڵکراوەو ئەوان لەڕێگەی وەرگێڕانەوە زمانەکەی خۆیان پێکردووە بە زمانی ئاین و شیانی بەئامێربوونیان تیا دروستکردووە. هەر ئەم جیاوازییەشە وادەکات کە زمانی لاتینی لەگەڵ بەئامێربوونی زمانە ڕۆمانیەکان و زمانە ئەوروپییەکانی تر لە پرۆسەی بەئامێربوون بکەوێت و بگۆڕێت بۆ زمانێکی مردوو، بەڵام زمانی عەرەبی درێژە بە پرۆسەی بەئامێربوونی خۆی بدات و لە هەرسێ قۆناغەکەدا بەبێ دابڕان لەناو ئەو پرۆسەیەدا درێژە بە ژیانی خۆی بدات و لەناو هەرسێ زمانەکەی قۆناغی یەکەمی پرۆسەی بەئامێربووندا تەنها ئەو توانای ئەوەی هەبێت بمێنێتەوەو نەگۆڕێت بۆ زمانێکی مردوو.

زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکان لە قۆناغی یەکەمی پرۆسەی بەئامێربوونی زمانەکاندا دۆخێکی ئەنتۆلۆجی زۆر تایبەت و جیاوازییان هەیە، ئەم دۆخە ئەنتۆلۆجییەی ئەوان نە دۆخی ئەنتۆلۆجی سێ زمانە ئامێرییەکەی ئیمپراتۆریەتەکانەو نە دۆخی ئەنتۆلۆجی زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگا زمانیانەشە کەلەناو ململانێدان لەگەڵ ئەو سێ زمانەدا.

بۆئەوەی دۆخی ئەنتۆلۆجی زمانی کوردی لەم قۆناغەدا دیاری بکەین پێویستە دۆخی ئەنتۆلۆجی زمانەکانی ئەو قۆناغەی پرۆسەی بەئامێربوونی زمانەکان لەبەر چاومان بێت، بۆ دیاریکردنی ئەمەش دەتوانین هەموو حاڵەتەکان لەڕێگەی ئەو کەش و هەوا زمانییەوە دیاری بکەین کە ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامی و زمانەکەی لە سنوری جوگرافی دەسەڵاتی خۆیدا دروستی دەکات.

لەو کەشوهەوایەدا زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە عەرەبییەکان بەهۆی ئەوەوە کە لە زمانی ئیسلامی نازڵکراودا دەبنەوە بە یەك، شیانی ئەوەیان تیا دروست دەبێت کە زمانەکەیان لە زمانێکی زارەکییەوە بگۆڕێت بۆ زمانێکی پێوانەیی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت حاڵەتی ئەنتۆلۆجی ئەم زمانە بەئامێربوونەو بوونە لەناو پرۆسەی بەئامێربووندا. لەو سەردەمەدا لە سنوری ئەو ئیمپراتۆریەتەدا تەنها زمانی عەرەبی دەکەوێتە ناو پرۆسەی بەئامێربوونەوەو هیچ لەو زمانانەی تر کە لە سنوری ئەو ئیمپراتۆریەتەدا بوونیان هەیە ناکەوتە ناو پرۆسەی بەئامێربوونەوە. بۆیە یەکەم حاڵەتی ئەنتۆلۆجی زمانەکانی ناو کەش وهەوای ئەو ئیمپراتۆریەتە دەکرێت بە بوونی زمان لە پرۆسەی بەئامێربووندا بزانرێت و زمانی عەرەبیش بە تاکە نمونەیەکی ئەو حاڵەتە ئەنتۆلۆجییە بزانرێت.

دووەم حاڵەتی ئەنتۆلۆجی بوونی زمانەکان، حاڵەتی ئەنتۆلۆجی ئەو زمانانەیە کە لە پرۆسەیەکی دیالێکتیکیدا زمانی عەرەبی دەیانکات بە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانی سنوری دەسەڵاتی سیاسی و کولتوری خۆی، ئەم زمانانەش هەموو ئەو زمانانەی ئاخاوتنی کۆمەڵگاکانی دەرەوەی نیوەدوورگەی عەرەبی

دەگرێتەوە کە لە دیالێکتیکی نێوان زمانی ئاخاوتنی خۆیان و زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا عەرەبییەکانی نیوەدوورگەی عەرەبیدا زمانی ئاخاوتنی خۆیان لەدەست دەدەن و زمانی ئاخاوتنی عەرەبی دەبێتە زمانی وەرگیراویان و لە سنوری سیستەمی یاساو چۆنایەتییەکانی جەستەی زمانە عەرەبییەکەدا زمانە بەخشراوەکەیان دەتوانێت چۆنایەتییەکانی خۆی ببەخشێت. ئەم زمانانە هەموو ئەو زمانانە دەگرێتەوە کە لەمرۆدا بە هەڵە بە دیالێکتەکانی زمانی عەرەبی ناسراون. لەراستیدا ناکرێت ئەم زمانانە بە دیالێکت ناو ببرێن، چونکە لەناو پرۆسەی بەدیالێکتبووندا نین و نوێنەری زمانێکی عەقڵی ناو رۆحی نەتەوەیەك نین، بەڵکو کۆمەڵە زمانێکن کە لە پرۆسەیەکی دیالێکتیکیدا زمانی ئاخاوتنی عەرەبی لەرێگەی نەفیکردنی بوونیانەوە کردوونی بە زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگا زمانییانەی کە زمانە پێوانەییە عەرەبییەکە وەك زمانێکی بە ئایدیالکراو پەیوەندییەکانی نێوانیان رێکدەخات، بوونی ئەوان لە پرۆسەی بەعەرەبیبووندا وایکردووە نەتوانن لەژێر جەبری زمانی پێوانەیی عەرەبیدا دەرچن و بکەونە ناو پرۆسەی بەئامێربوونەوەو بگۆڕێن بۆ چەند زمانێکی ئامێری. حاڵەتی ئەم زمانانە جیاوازە لە حاڵەتی زمانی فارسی و زمانی تورکی، چونکە ئەم دوو زمانەی دوایی لەلایەن جەستەی زمانی ئاخاوتنی عەرەبییەوە جەستەکەیان نەفی ناکرێت و زمانی عەرەبی ناتوانێت وەك زمانەکانی تر بەهۆی زاڵکردنی جەستەکەی خۆیەوە بەسەر جەستەکانیاندا شیانی بەئامێربوونیان تیا نەهێڵێت و بۆ یەکجاری لە دۆخی ئاخاوتندا بیانهێڵێتەوە.

سێهەم حاڵەتی ئەنتۆلۆجی بوونی زمانەکان، ئەو حاڵەتەیە کە زمانی فارسی و زمانی تورکی و زمانە رۆمانیەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی رۆمانی پیایدا تێپەڕیون و دواتریش گۆڕاون بۆ چەند زمانێکی ئامێری جیاوازو بوون بە زمانی دەسەڵاتی کۆمەڵگاکانی خۆیان. زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە فارسییەکان و کۆمەڵگا زمانییە تورکییەکان لەلایەن زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا عەرەبییەکانەوە کاریان تێدەکرێت و تائێستاش ئەم کاریگەرییە بەردەوامە. ئەو کاریگەرییەش کە زمانی فارسی و زمانی تورکی بەتایبەتی تورکی عوسمانلی قبوڵی دەکەن، هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەم دوو میللەتەو کۆمەڵگا زمانییەکانیان لەژێر جەبری جەستەی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا عەرەبییەکان رزگاریان دەبێت، بەڵام لەژێر جەبری ئیسلامی تەقلیدی رزگاریان نابێت. ئەوان لەگەڵ ئەوەشدا لەخۆیاندا نەفی زمانی عەرەبی وەك زمانی دەسەڵات دەکەن، بەڵام ناتوانن نەفی زمانی عەرەبی وەك زمانی ئاینی خۆیان بکەن و ئەمەش حاڵەتێکی بۆ ئەو دوو زمانە دروستکردووە کە لە حاڵەتی خزمایەتی نێوان سێ زمانی جیاواز دەچێت، زمانی فارسی لەگەڵ ئەوەشدا لە توانایدا هەیە وەك زمانی کوردی خۆی لە فەرهەنگی زمانی عەرەبی پاکبکاتەوەو لەناو جەستەی خۆیدا نەفی وشەکان و فرێزەکانی زمانی عەرەبی بکات، بۆیە وەك زمانی کوردی ئەم کارە ناکات، تا لە خزمایەتی لەگەڵ زمانی عەرەبیدا نەکەوێت و لە زمانی ئاینەکەی دوورنەکەوێتەوە، زمانی تورکیش هەمان حاڵەتی زمانی فارسیی هەیە.

فارس و تورك لەبەرئەوەی وەك کورد خاوەنی ئاینی تایبەتی خۆیان نین، ناچارن لەگەڵ زمانی عەرەبیدا بە وابەستەیی بمێننەوە، بەڵام ئەم وابەستەبوونەی ئەوان وەك وابەستەبوونی ئەو زمانانە نییە کە شیانی

بەئامێربوونیان تیانەماوەو گۆڕاون بۆ زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا عەرەبییەکان. پەیوەندی ئەم دوو زمانە بە زمانی عەرەبییەوە وەك پەیوەندی زمان یۆنانی و زمانی لاتینی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی رۆمانییە لەگەڵ زمانی هۆمەریدا کە دیالێکتی ئاینی ناو دیالێکتەکانی زمانی عەقڵی گریك بووە پێش ئەوەی دیالێکتی ئەتیکی بگۆڕێت بۆ زمانێکی ئامێری. واتە زمانی عەرەبی زمانی ئاینی ئەو دوو زمان ئامێرییەو زمانی ئاینی کۆمەڵگا زمانییەکانی ئەو دوو میللەتەیەو بەهۆی ئەمەشەوە ناتوانن لە زمانە پیۆانەییەکەی خۆیاندا نەفی بکەن و زمانە پیۆانەییەکەی خۆیانی لێ پاکبکەنەوە. بەڵام لەهەمان کاتیشدا لەبەرئەوەی زمانی عەرەبی لەناو ئەو دوو میللەتەدا دۆخی ئەنتۆلۆجی زمانی ئاینی ئەوانی هەیەو تەنها هەڵگری ئەرکێکی ئاینییە، رێگەی پێنادرێت ببێت بە زمانی دەسەڵات. زمانی عەرەبی لەناو ئەو میللەتانەدا دۆخێکی جیاوازی هەیە لەو دۆخەی کە لەناو کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا هەیەتی، زمانی عەرەبی لەلایەن ئەو دوو میللەتەو زمانە ئامێرییەکەیانەوە گۆڕاوە بۆ زمانێك کە شیانی ئەوەی تیا نەبێت ببێت بە زمانی دەسەڵاتی سیاسیی ئەو میللەتانەو بەردەوام لە دۆخە ئاینییەکەی خۆیدا بمێنێتەوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت لەناو ئەو میللەتانەدا سێ دۆخی جیاواز بۆ زمانەکان هەن: دۆخی یەکەمیان دۆخی ئامێری زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگا زمانییەیە کە لەناو ئەو جۆرە لە میللەتدا زاڵدەبێت بەسەر کۆمەڵگا زمانییەکانی هەمان میللەتداو زمانەکەشی دەبێتە زمانێکی ئامێری و جێگەی ئەو زمانە عەقڵییە دەگرێتەوە کە ئەو کۆمەڵگایانە نەگەیشتوونەتە ئاستی ئەو هۆشیاییەی کە پەی پێ ببەن.

دۆخی دووەم دۆخی ئاخاوتنی زمانی هەموو کۆمەڵگا بەزیوەکانی ناو هەمان ئەو میللەتەیە، ئەم زمانانە بەهۆی دۆخی بەزینی کۆمەڵگا زمانییەکانیانەوە وەك زمانی ئاخاوتن دەمێننەوەو ناتوانن دۆخی ئاخاوتن تێپەڕێنن. ئەمەش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە زمانی کۆمەڵگا زاڵەکە بووە بە زمانی ئامێری و بووەتە رێگر لەبەردەم ئەوەدا زمانی عەقڵی ناو عەقڵی کۆیی ئەو کۆمەڵگایانە لە عەقڵی کۆیی ئەواندا دەرکەوێت و زمانەکەیان بخاتە ناو پرۆسەی بەدیالێکتبوونەوە.

دۆخی سێهەم دۆخی کولتوری و ئاینیی زمانە، ئەم دۆخە دۆخی ئەو زمانەیە کە بووە بە زمانی ئاین و رێورەسمە ئاینییەکان، وەك زمانی عەرەبی کە زمانی ئاینی ناو کۆمەڵگا ئاینییەکانی فارس و عەرەبەو رێورەسمی ئاینی لە کۆمەڵگای ئاینی ئەو دوو میللەتەدا بەبێ زمانی عەرەبی بەڕێوە ناچێت. لەناو ئەم دوو میللەتەو میللەتە موسڵمانەکانی تریشدا زمانی عەرەبی زمانی بنچینەی کۆبوونەوەو رێورەسمە ئاینییەکانی کۆمەڵگای ئاینی ئەو میللەتانەیەو زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکان لەناو کۆمەڵگای ئاینی ئەو میللەتانەدا دەبن بە زمانی راڤەکەری زمانە ئاینییەکەو لەناو کۆمەڵگا ئاینییەکەدا بەرێژەی ئەوە رێگە بە بوونیان دەدرێت کە راڤەی زمانە ئاینییەکە بکەن و وای لێبکەن کە خەڵکی ناو ئەو کۆمەڵگایە لەوە تێبگەن کە لەرێگەی زمانە ئاینییەکەوە دەوترێت.

چوارەم حاڵەتی ئەنتۆلۆجی زمانەکان لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتەکاندا، حاڵەتی ئەنتۆلۆجی ئەو زمانانەیە کە لە دۆخە سروشتییەکەی خۆیاندا ماونەتەوەو زمانی ئامێری دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکان لە

پرۆسە دیالێکتیکییەکەی خۆیدا نەیتوانیوە وەك ئەو زمانانەی کە جەستەکەیانی نەفیکردووە، نەفی جەستەکانیان بکات و وەك ئەو زمانانەشنین کە لەژێر جەبری زمانی ئامێری ئیمپراتۆریەتەکاندا دەردەچن و لە قۆناغێکی تری مێژووییدا دەگۆڕێن بە زمانی ئامێری و دەبن بە زمانی دەسەڵاتە ناوچەییەکانی ناو سنوری ئیمپراتۆریەتەکان. ئەم زمانانە لە دۆخی سروشتی خۆیاندا وەك زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا سروشتییەکان دەمێننەوەو نە دەکەونە ناو پرۆسەی بەدیالێکتبوونەوەو نە لە قۆناغێکی مێژووییشدا دەگۆڕێن بۆ زمانێکی ئامێری دەستی دەسەڵاتێکی ناوچەیی.

لەناو ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامیدا زمانی ئاخاوتنی بەربەرەکان باشترین نمونەی ئەو زمانانەیە کە لەناو ئەم دۆخە ئەنتۆلۆجییەدان، کۆمەڵگا سروشتییەکانی میللەتی بەربەر بەهۆی مانەوەیان لە دۆخی سروشتی خۆیاندا، نە دەتوانن پەی بەو سیستەمە عەقڵییە بەرن کە لەخۆیاندایەو لە سەرووی پەیوەندییە سروشتی و خوێنییەکانیانەوە دەیانخاتە ناو پەیوەندییەکی عەقڵییەوەو زمانی ئاخاوتنەکەشیان دەخاتە ناو پرۆسەی بەدیالێکتبوونەوە، نە لەڕێگەی ئەو پرۆسە دیالێکتیکییەوە کە لەگەڵ زمانی دەسەڵاتی ئەو ئیمپراتۆریەتە تێی دەکەون شیانی ئەوەیان تیا دروستدەبێت دواتر زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکانیان ببێت بە زمانی زاڵ و بگۆڕێت بۆ زمانی ئامێری، زماننی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگایانە لە دۆخە سروشتییەکەی خۆیاندا دەمێننەوەو لە قۆناغە مێژووییەکانی دواتریشدا درێژە بە ژیانی سروشتی خۆیان دەدەن.

زمانی کوردی وەك زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی جیاوازی ناو سنوری سیاسی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامی، نە وەك زمانی دەسەڵاتی ئەو ئیمپراتۆریەتە زمانێکی زاڵەو نە وەك زمانی ئاخاوتنی ناو کۆمەڵگا زمانییەکانی ناو سنوری دەسەڵاتی ئەو ئیمپراتۆریەتەش زمانێکی بەزیوە. زمانی کوردی بوونێکی ناوەندگیری هەیە لەنێوان زمانی ئامێری دەسەڵات و ئەو زمانانەدا کە بوونەتە زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگا زمانییانەی پابەندن بە زمانی ئەو دەسەڵاتەوەو ئەو پابەندبوونەشیان وای لەوانکردووە لە سنوری ئاخاوتنی رۆژانەیی دەرنەچن و لەو دۆخەدا بمێننەوە.

زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکان لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامی و سەردەمی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی، پێش زمانی ئاخاوتنی هەموو کۆمەڵگا زمانییەکانی ناو ئەو دوو ئیمپراتۆریەتە سنوری ئاخاوتن تێدەپەڕێنن و بەرەو ئەوە دەڕۆن ببن بە زمانی ئاین و ئەمەش هەر خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زمانی کوردی وەك زمانەکانی تری کۆمەڵگا زمانییەکانی ناو سنوری دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامی بەرهەمی ململانێی زمان عەرەبی و زمانەکانی ناو سنوری دەسەڵاتی ئەو ئیمپراتۆریەتە نییەو بەرهەمی پرۆسەیەکی ترە کە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانی میللەتی کوردە.

لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئاشوریدا هۆزە میدییەکان دیاریکەری سنوری زاڵیەتی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری بوون و گوزارشت بوون لەو خاڵە شلۆقەی کە ململانێی نێوان هێزی دەسەڵاتخوازی ئاشوریەکان و هێزی

ئازادیخوازی میدییەکان تیایدا لە دۆخێکی ناوەندگیرانەدا دەمانەوەو نە هێزی دەسەلاتخوازی ئاشور دەیتوانی لەو ململانێییەدا ببێت بە هێزی زاڵ و نە هێزی میدییەکانیش تیایدا دەبوون بە هێزی بەزیو، ئەمەش وایکردبوو شەڕی ئاشورو هێرشەکانی بۆ سەر میدییەکان بەردەوامی وەرگرێت و ئەو بەردەوامی وەرگرتنەش خۆی بەڵگە بوو لەسەر ئەوەی کە هۆزە میدییەکان لە هیچ هێرشێکی ئاشوردا نەکەوتوونەتە دۆخی بەزینی تەواوەوە.

گەر هۆزە میدییەکان خاڵی شلۆقی هێزی دەسەلاتخوازی ئاشور بووبن و ئەو خاڵە دیاریکەری سنوری ئەوپەڕینی ئەو هێزە دەسەلاتخوازە بووبێت، ئەوا هەر ئەو خاڵەش خاڵی گلۆربوونەوەی ئەو هێزە دەسەلاتخوازە بوو بۆ ئەو پەڕی بەزیویەتی کە کەوتنێکی بێ هەڵسانەوەیەو دەرچوونە لەسەر شانۆی مێژوو. لەم دۆخە ئەنتۆلۆجییەی هۆزە میدییەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئاشورییەوە هیرۆدۆت باس لە هۆزە میدییەکان دەکات وەك رابەری ئازادیخوازانەی هەموو ئەو میللەتانەی کە بووبوونە ژێردەستەی هێزی دەسەلاتخوازی ئاشورییەکان.

زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکان بەهەمان شێوەی هۆزە میدییەکان خاڵی شلۆقی هێزی دەسەلاتخوازی ئەو زمانە عەرەبیە بووە کە زمانی ئامێری دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامی بووە، لە ململانێی هێزی دەسەلاتخوازی زمانی عەرەبی کە پشت ئەستوربووە بە ئیسلامی تەقلیدی لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانی کورد کە پشت ئەستوربوون بە رۆحێکی ئاینی، حاڵەتێکی ناوەندگیر دروست دەبێت و نە زمانی عەرەبی وەك زمانێکی دەسەلاتخواز لەو ململانێییەدا دۆخی زاڵیەتی وەردەگرێت و نە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکان دۆخی بەزیویەتی وەردەگرن. لەگەڵ هەر هێرشێکی زمانی عەرەبیدا بۆ سەر زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگایانە، زمانی عەرەبی ناتوانێت دۆخی زاڵیەتی وەرگرێت و ئەوانیش ناکەونە ناو دۆخی بەزیویەتییەوە، بۆیە دوا سنوری ئەنتۆلۆجی هێزی دەسەلاتخوازی زمانی عەرەبی ئەو خاڵە شلۆقەی نێوان زمانی عەرەبی و زمانی ئاخاوتنی کوردییە. ئەو خاڵە شلۆقە دیاریکەری ئەو پەڕی هێزی دەسەلاتخوازانەی زمانی عەرەبییەو زمانی عەرەبی لەو خاڵەدا هەموو ئەو هێزە مومکینەی ناو خۆی بەکاردەهێنێت تا زاڵ ببێت بەسەر زمانی کوردیدا،بەلام زمانی کوردی لەبەرامبەر ئەو هەموو هێزەدا ناکەوێتە دۆخی بەزینەوەو بە نەبەزیوی دەمێنێتەوە. هەر ئەم حاڵەتەی زمانی کوردیشە وادەکات زمانی عەرەبی لەوپەڕی بەکارهێنانی هێزی خۆیدا بەرەو گلۆربوونەوە بڕوات و پاشەکشێ بکات، لەگەڵ ئەم پاشەکشێ کردنەشی زمانی کوردی وەك زمانێکی ئازادیخواز دەردەکەوێت و زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانی دەبن بە زمانی دەقە ئاینییەکانی ئاینەکەی و بەمەش رێگە دەگیرێت لەوەی کە زمانی عەرەبی وەك زمانی دەسەلات و ئاین زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگایانە لەڕێگەی هێرشەکانی خۆیەوە بکات بە زمانی ئاخاوتن و وەك زمان عەقڵییەکەی خۆیان حوکمیان بکات.

## 2-1/3) زمانی کوردی وەك زمانێکی ئازادی سەردەمی ئیمپراتۆریەتەکان

لەبارەی سەربەخۆبوونی زمانی کوردییەوە بۆچوونێکی باو هەیە، ئەو یش ئەوەیە کە کۆمەڵگا زمانییەکانی زمانی کوردی بە چاولێکردنی ئازادبوونی زمانی فارسی لە وابەستەبوونی بە زمان عەرەبییەوە زمانی ئاخاوتنی خۆیان بەرەو زمانێکی نوسراو بردووەو ئەوانیش وەك زمانی فارسی بوون بە زمانی ئازادو نا وابەستە بە زمانی عەرەبییەوە. ئەو لێکۆڵەرانەی خاوەنی ئەم بۆچوونەن، بۆچوونەکەی خۆیان لەڕێگەی پێشەنگی شاعیرانی شیعری کلاسیکییەوە دەسەلمێنن، واتە بنەمای سەلماندنی ئەو بۆچوونە شیعری کلاسیکی کوردییەو بەپێی شێوازە شیعرییەکەی شیعری کلاسیك و باسکردنی زمانی کوردی لە بەرامبەر زمانی فارسیدا لەلایەن شاعیرانی کلاسیکەوە، وادەبینرێت زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا کوردییەکان لەژێر کاریگەری زمانی فارسیدا گۆڕاون بۆ زمانی نوسین.

گەر لە شیعری کلاسیکی کوردییەوە لە زمانی کوردی بڕوانین و چاو لە دەقە ئاینییەکاننی ئاینی حەقیقەت بپۆشین، ئەوا ئەم بۆچوونە دروست دەردەچێت، بەڵام دەقە پیرۆزەکانی ئاینی حەقیقەت ئەوە دەسەلمێنن کە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکان هەر لە بنچینەدا کۆمەڵە زمانێکی وابەستە نەبوون بە زمانی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامییەوە، تا دواتر خۆیان لەو وابەستەبوونە بپارێزن. بۆ ئەمەش بە بەراوردکردنی دەقە ئاینییەکانی ئاینی حەقیقەت و دەقە شیعرییەکانی شیعری کلاسیکی فارسی دەتوانرێت چەند بەڵگەیەکی بەهێز بۆ سەلماندنی ئەو راستییە بخرێنەڕوو.

بەپێی ئەو مێژووەی کە پسپۆڕانی بواری مێژووی ئەدەبیاتی فارسی نوسیویانەتەوە، پێشەنگەکانی شیعری کلاسیکی فارسی لە سەردەمی سامانیەکان (261-389ك/875-999ز) دەردەکەون و ئەبو عەبدوڵا جەعفەری کوڕی موحەمەد کە بە (روودەکی) ناسراوە مەزنترین شاعیری ئەو سەردەمەیە، ئەم شاعیرە شتێکی ئەوتۆ لەبارەی ژیانیەوە نییە، بەڵام لەڕێگەی شیعرەکانیەوە ئەوە دەردەکەوێت کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئەمیر نەسری کوڕی ئەحمەدی سامانی کە لە ساڵانی (301-330ز) فەرمانڕەوایەتی کردووە، ژیاوە[1]شیعری ئەم شاعیرەو هاوسەردەمەکانی هەڵگری هەمان ناوەڕۆك و فۆڕمی شیعری کلاسیکی عەرەبییەو ئەمەش خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زمانی فارسی لەڕێگەی شیعری کلاسیکی فارسییەوە وەك زمانێکی وابەستە بە زمانی شیعری و جیهانبینی شیعری شیعری کلاسیکی عەرەبییەوە وابەستەیەو ئەمەش بۆخۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زمانی فارسی لە بەرامبەر زمانی دەسەڵاتخوازی عەرەبیدا تووشی بەزین و کەوتن هاتووەو جیهانبینییەکەی خۆی لەدەستداوەو بووەتە ئامێرێك بۆ گوزارشتکردن لە هەمان جیهانبینی کە شیعری عەرەبی کلاسیك گوزارشتی لێدەکات. زمانی فارسی هەر لە سەردەمی سامانییەکانەوە دەستبەرداری جیهانبینییە دنیاییەکەی خۆی دەبێت و جیهانبینی دنیایی زمانی عەرەبی و کۆمەڵگا زمانییەکانیان وەردەگرێت و هەر ئەمەش وادەکات شیعری فارسی کلاسیك هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە لە سنوری ئەو

---

[1] بڕوانە: ارتور جان ابری، ادبيات كلاسيك فارسى، ت: د. اسد الله ازاد، چاپ اول، انتشارات استان قدس رضوى، معاونت فرهنگى، 1371، ص66-67.

چۆنایەتییانە دەرنەچێت کە هەماهەنگن لەگەڵ ئەو جیهانبینییە دنیاییەی کە شیعری عەرەبی بەو چۆنایەتییانەی خۆی گوزارشت لێکردبوو.

لەهەمان سەردەمی رووداوەکیداو لە ساڵی (352ك) ئەبو عەلی بەلعەمی مێژووەکەی تەبەری لە عەرەبییەوە وەردەگێڕێتە سەر فارسی، ئەم وەرگێڕانەش بە فرمانی ئەبو ساڵح مەنسوری کوڕی نوح بووە کە یەکێکبووە لە فەرمانڕەواکانی سامانییەکان. ئەم فەرمانڕەوایانە فەرمانڕەوای ناوچەیی ناو ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامی بوون و لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی خۆیاندا کاریان بۆ ئەوە کردووە زمانی ئاخاوتنی (دەری) کە زمانی ئاخاوتنی یەکێك لە کۆمەڵگا زمانییە فارسییکان بووە بگۆڕن بۆ زمانێکی ئامێری و بەشێوەیەکی فەرمی بیکەنە زمانی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان[1].

مێژووەکەی تەبەری بە فرمانی فەرمانڕەوای سامانییەکان وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگا زمانییەکانی سنوری دەسەڵاتی ئەو فەرمانڕەوایە، جگە لەمەش بەپێی ئەو حیکایەتەی کە لە بارەی رووداوەکییەوە هەیە رووداوەکی شاعیری دەرباری سامانیەکان بووەو فەرمانڕەوایانی سامانی رۆڵیان هەبووە لەوەی کە رووداوەکی بە زمانی فارسی شیعرەکانی خۆی بهۆنێتەوە[2].

بەپێی ئەو زانیارییە مێژووییانە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە فارسییەکانی سەردەمی سامانییەکان لەرێگەی دەسەڵاتی سامانییەکانەوە بەرەو زمانێکی ئامێری دەبرێت و زمانی ئاخاوتنی یەکێك لەو کۆمەڵگا زمانییانە زاڵدەکرێت بەسەر زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانی تردا، بەمەش زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگایانە لە دۆخی ئاخاوتندا دەمێننەوەو زمانە هەڵبژێرراوەکەش دەگۆڕێت بۆ زمانی دەسەڵات.

جەستەی زمانی فارسی بەشێوەیەکی رێژەیی لەژێر دەسەڵاتی زمانی عەرەبی دەردەچێت، بەڵام ئەوەی ئەو جەستە دەینوێنێت هەمان ئەو جیهانەیە کە زمانی عەرەبی وەك زمانی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامی دەینوێنێت. بەمەش زمانی فارسی دەبێتە زمانێکی بە جەستە ئازادو بە رۆح کۆیلە.

زمانی عەرەبی لەرێگەی ئەو جیهانبینییە دنیایی و ئایینییەی کە لە شیعرو کولتورە تەقلیدییەکەی ئیسلامی تەقلیدیدا هەیە، جیهانبینی خۆی زاڵدەکات بەسەر جیهانبینی کۆمەڵگا فارسییەکانداو دەبێتە رێگر لەبەردەم ئەوەدا کە ئەو کۆمەڵگایانە لەرێگەی زمانەکەی خۆیانەوە گوزارشت لە جیهانبینی خۆیان بکەن، ئەمەش وادەکات ئەو کۆمەڵگایانە زمانەکەی خۆیان بکەن بە زمانێکی ئامێری بۆ گوزارشتکردن لەو جیهانبینییەی کە زمانی عەرەبی بە چۆنایەتییەکانی خۆی گوزارشتی لێدەکات، ئەم حاڵەتە چۆن لە شیعری فارسیدا رەنگی داوەتەوە، ئاوەهاش لە کتێبە ئاینییەکان و کولتورە ئاینییەکەشدا رەنگی داوەتەوە.

لە سەردەمی ئەبو ساڵح مەنسوری سامانیدا زانایانی فارس فتوای ئەوە دەدەن کە رەوایە تەفسیرەکەی تەبەری (جامع البيان في تفسير القرآن) لە زمانی تازییەوە وەرگێڕنە سەر زمانی فارسی، بەپێی ئەم فتوایەو

[1] هـ. س: 72-73.
[2] هـ. س: 67.

رازیبوونی فەرمانڕەوای سامانییەکان ڕێگە بەوە دەدرێت کە تەفسیری قورئان بە زمانی فارسی بنوسرێت و بخوێنرێتەوە[1].

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کۆمەڵگای فارسی ژێر دەسەڵاتی سامانیە فارسەکان لەڕێگەی دەسەڵاتی دنیایی فەرمانڕەواکان و دەسەڵاتی ئاینی پیاوە ئاینییەکانیەوە مۆڵەت لە زمانی عەرەبی وەردەگرن بۆ وەرگێڕانی تەفسیرێك لە تەفسیرەکانی قورئان کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی تازی، ئەم دەسەڵاتدارە دنیایی و ئاینییانەی فارس ئەوەندە وابەستەن بە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕانی تەفسیرەکەی تەبەری لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی تازی دادیان نادات و ناچارن هەموو زانا بەناوبانگەکانی خۆیان کۆبکەنەوەو مۆڵەت لە دەسەڵاتە دنیاییە ناوچەییەکەی سامانیەکان وەرگرن جا بوێرن ئەو تەفسیرە لە تازییەوە وەرگێڕنە سەر زمانی فارسی، ئەم هەموو ترسەی زانایانی ئاینی فارس و دەسەڵاتدارەکانیان ئاماژەیە بەو وابەستەبوونەی کۆمەڵگا زمانییە فارسیەکانی قەڵەمڕەوی سامانیەکان بە زمانی عەرەبییەوە کە زمانی ئاینی و دنیایی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامییە.

زمانی فارسی لەڕێگەی پرۆسەی بەئامێربوونی زمانی ئاخاوتنی یەکێك لە کۆمەڵگا زمانییەکانی خۆیەوە لەناو زمانی ئاخاوتنی خۆییدا تەبەننی زمانی عەرەبی و جیهانی زەینیی ئەو زمانە دەکات و ئەمەش وای لێدەکات کە لە ناوەوە ئازاد نەبێت و بە وابەستەبوون بە زمانی عەرەبییەوە بمێنێتەوە. بۆیە ناکرێت گۆڕانی زمانی ئاخاوتنی فارسی بۆ زمانی نوسینی شیعرو کولتور بە بەرهەمی پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە فارسییەکان بزانرێت، بەڵکو دەبێت بە بەرهەمی دیالێکتیکی نێوان زمانی عەرەبی و زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگایانە بزانرێت. حاڵەتی زمانی فارسی وەك حاڵەتی زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگا زمانییە جەرمەنیانەیە کە بەهۆی تەبەننی کردنی زمانی لاتینییەوە دەگۆڕێن بۆ زمانە نیورۆمانیەکان (رۆمانسیەکان)، وات حاڵەتی ئەو زمانانەی هەیە کە فیختە بە زمانە مردووەکانیان دەزانێت.

زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکان لەسەردەمی دەسەڵاتدایەتی زمانی عەرەبیدا، زمانی عەرەبی ناتوانێت وەك زمانی فارسی بیانکات بە زمانی بەزیو و زاڵ ببێت بەسەریانداو دواتریش بە مۆڵەتوەرگرتن لە زمانی عەرەبی دەسەڵاتخواز بگۆڕێن بۆ زمانی شیعرو کولتوری ئاینی، زمانی عەرەبی لەڕێگەی ئەو هێزە دەسەڵاتخوازەی کە هەیەتی ناتوانێت زمانی کوردی وەك زمانی فارسی بکاتە زمانێکی مردوو، چونکە ناتوانێت وەك زمانی فارسی و زمانەکانی تر زاڵ ببێت بەسەریداو بیکات بە زمانێك لە زمانە بەزیوەکانی خۆی و دواتریش لەڕێگەی جیهانبینییە دنیایی و ئاینییەکەی خۆیەوە رۆحی خۆی بە بەریدا بکات و وەك زمانی فارسی زیندووی بکاتەوە.

ئەوەی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زمانی عەرەبی و دەسەڵاتە ئاینی و دنیاییەکەی پشتی نەیتوانیوە زاڵ ببێت بەسەر زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکاندا ئەوەیە: وەك زمانی فارسی و تازی و زمانە مردووەکانی تری سنوری قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامی لەکاتی گۆڕانیان لە زمانی ئاخاوتنەوە

---

[1] بڕوانە: هـ. س: 73.

بۆ زمانی نوسین هەمان ڕێڕەوی زمانی عەرەبی ناگرن و تەبەننی جیهانبینی و چۆنایەتییەکانی کولتوری ئاینی و شیعری زمانی عەرەبی ناکەن و نابنە نوێنەری هەمان ئەو جیهانبینییە دنیایی و ئاینییەی کە زمانی عەرەبی دەینوێنێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەر لە سەرەتاوە دەبنە نوێنەری زمانی عەقڵی و ئەو جیهانبینییەی کە وەك جیهانبینیی ڕۆحی نەتەوەیی کورد لەناو عەقڵی کۆیی هەریەك لە کۆمەڵگا زمانییەکاندا هەیە، ئەمەش وادەکات هەریەك لەوان بەپێچەوانەی هەموو زمانەکانی ناو سنوری قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامی بکەونە ناو پرۆسەی بەدیالێکتبوونەوە. ئەم حاڵەتە ئەنتۆلۆجییەی زمانی کوردی تەنها دەتوانرێت بەراورد بکرێت بە حاڵەتی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانی یۆنانی پێش سەردەمی ئەسکەندەری مەکەدۆنی لەگەڵ کۆمەڵگا زمانییەکانی ئەڵمانیای سەدەکانی ناوەڕاست تا سەردەمی فیختە، چونکە تەنها لەناو کۆمەڵگا زمانییەکانی ئەو دوو میللەتەدا پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانی یەك میللەت ڕوودەدات و تەنها لەناو ئەو دوو میللەتەشدا پرۆسەی بەنەتەوەبوون بە مانا ئەنتۆلۆجییەکەی ڕوودەدات. ئەوەی حاڵەتی ئەنتۆلۆجی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانی کوردو ئەو دوو نەتەوەیە لەیەکتر جیادەکاتەوە، تەنها ئەوەندەیە کە کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکان تا ئەم سەردەمەش حاڵەتە ئەنتۆلۆجییەکەی خۆیان پاراستووەو درێژەیان بە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی خۆیان داوەو هیچیان نەگۆڕاون بۆ زمانێکی ئامێری بەدەست دەسەڵاتێکی ناوچەییەوە، ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زمانی کوردی بوونە عەقڵییەکەی خۆی تائێستا لە دەستنەداوەو وەك تاکە زمانێکی زیندووی عەقڵی ماوەتەوە و نە وەك زمانە سروشتییەکان و زمانە بە ڕۆح و بە جەستە بەزیوەکان لە دۆخی ئاخاوتندایەو نە وەك زمانە زاڵەکانیش لە دۆخی بەئامێربووندایە.

زمانی کوردی لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامیدا، حاڵەتی زمانی یۆنانی هەیە لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی فارسیدا کە لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی پێش زایندا[1] دوای نەمانی میدییەکان بەر هێرشی ئەو ئیمپراتۆریەتە دەکەوێت و بەهۆی پەیوەندی عەقڵی نێوان کۆمەڵگا یۆنانیەکانەوە ئەو ئیمپراتۆریەتە ناتوانێت زاڵ ببێت بەسەریانداو لەڕێگەی ئەمەشەوە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانەکانیان ڕاگرێت، هەروەها هەمان حاڵەتی ئەو کۆمەڵگا زمانییە جەرمەنیانەیان هەیە کە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی وەك کۆمەڵگا جەرمەنیەکانی تر ناتوانێت زاڵ ببێت بەسەریانداو بیانخاتە حاڵەتی بەزینەوە، هەر ئەم نەبەزینەی جەرمەنە ئەڵمانەکانە وادەکات کە ئەو کۆمەڵگایانە لەدوای کۆمەڵگا یۆنانییەکان ببن بە لانکەی دووەمی بیرکردنەوەو جیهانبینی عەقڵی و سەرهەڵدانی فەلسەفەی ئەوروپایی.

لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامیدا زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکان دەگۆڕێن بۆ زمانی دەقە ئاینییەکانی ئاینی حەقیقەت، ئەم گۆڕانە بەرهەمی پرۆسەی دیالێکتیکی زمانی عەرەبی وەك زمانێکی نەفیکەرو زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا کوردییەکان نییە، چونکە زمانی عەرەبی لە زاڵبوونی بەسەر زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگایانەدا شکست دەهێنێت و بەڵگەش بۆ ئەم شکستهێنانەی

[1] بڕوانە: ر. هـ. روبنز، موجز تأريخ علم اللغة: 35.

ئەوەیە کە نە توانیویەتی وەك ئەو زمانانە کە جەستەکەی نەفیکردوون و کردوونی بە کۆمەڵە زمانێکی ئاخاوتن بۆخۆی جەستەکەیان نەفی بکات و وەك ئەوان بیانکاتە زمانی ئاخاوتنی خۆی، نە توانیویشیەتی وەك زمانی فارسی و زمانەکانی تری وەك فارسی جیهانبینییەکەیان نەفی بکات و بیانکات بە زمانێکی مردووی ئامێری بۆ نواندنی جیهانبینی دنیایی و ئاینی خۆی و لەناوەوە بەخۆیەوە وابەستەیان بکات. زمانی کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکان بەهۆی ئەوەوە کە لەڕێگەی زمانی عەرەبییەوە جەستەو ڕۆحیان نەفی ناکرێت، درێژە بە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی خۆیان دەدەن و بە جەستەی خۆیان گوزارشت لەو جیهانبینییە عەقڵییەی ناو خۆیان بە چۆنایەتی جیاواز دەکەن و بەمەش ئەوە نیشاندەدەن کە جەستەیان تەنها وابەستەیە بەو ڕۆحە نەتەوەییەوە کە هەڵگری سیستەمێکی عەقڵی ناوەندگیرەو ڕێگرە لەبەردەم ئەوەدا هیچ یەکێك لەو کۆمەڵگا زمانییانە زاڵ ببێت بەسەر ئەوانی ترینداو وەك هێزێکی دەسەڵاتخواز بیانخاتە حاڵەتی بەزینەوە، لەهەمان کاتیشدا ڕێگرە لەبەردەم ئەوەدا زمانی هیچ یەکێك لەو کۆمەڵگا زمانییانە بە پرۆسەی بەئامێربووندا بڕوات و بە بوونی خۆی نەفی ئەو زمانە عەقڵییە بکات کە هەموویانی کردووەتەوە بەیەك و لەگەڵ یەکدا هەماهەنگی کردوونەتەوەو جیاوازییەکان و شوناسی هەریەکەیانی لەبەرامبەر ئەوانیتردا پاراستووە.

## 2/3) بوونی زمانی کوردی بە زمان ئاین وکێشەی دیالێکتەکان

ڕۆحی نەتەوەیی کـورد دوای ئەوەی جەستەو جیهانی عەقڵی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانی خۆی دەپارێزێت و درێژە بە پرۆسەی بەدیالێکتبوونیان دەدات، لەو پرۆسەیەدا بەرەو ئەوەیان دەبات کە ببن بە زمانی ئەو دەقە ئاینییانەی کە گوزارشت لەخۆی دەکەن و خۆی دەنوێنن. پرۆسەی بوونی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکان بە کۆمەڵە زمانێکی ئاینیی هەماهەنگ، هەتا سەرهەڵدانی میرنشینە کوردییەکان و کۆتایی هاتن بە خەلافەتی عەرەبی ئیسلامی درێژە دەکێشێت و لەم پرۆسەیەدا دیالێکتی هەورامی و لوڕی و سۆرانی و کرمانجی لە زمانی ئاخاوتنەوە دەبن بە زمانی دەقە شیعرییەکانی ئاینی یارسان. لەم سەردەمەدا ئەو زمانانە لە ئاستی نوسین و دەقی نوسراودا تەنها گوزارشت لە جیهانی ڕۆحانی نەتەوەی کورد دەکەن و بەهیچ شێوەیەك گوزارشت لە جیهانی دنیایی و جیهانی شیعری ئیسلامی تەقلیدی و شیعری عەرەبی ناکەن.

ئەو سیستەمەش کە پەیوەندییەکانی نێوانیان سازدەکات هەمان ئەو سیستەمە ناوەندگیرەیە کە پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگا سروشتییەکانی میدییەکان لە پەیوەندییەکی سروشتییەوە بەرەو پەیوەندییەکی عەقڵی دەبات و لەگەڵ یەکدا هەماهەنگ و سازیان دەکاتەوەو ناسازی نێوانیان ناهێڵێت، هەمان ئەو سیستەمەش کە لە ئاینی حەقیقەتدا دەبێت بە سیستەمی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگا ئاینییەکانی ئەو ئاینەو پیاوە ڕۆحانیەکانی ئەو ئاینە لە سەردەمە مێژووییە جیاجیاکاندا سازدەکات و بوونی جیاوازی هەریەکەیان لەوەدا دەکاتەوە بە یەك کە یەکەو حەقە.

بۆ ڕوونکردنەی پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانی کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکان لەم سەردەمەدا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پەیوەندی ئەو زمانی ئاخاوتنانە لەناو دەقەکانی ئاینی حەقیقەتدا، بۆ ئەمەش دەبێت هەر لە سەرەتاوە زمانی دەقە ئاینییەکانی هەردوو لقەکەی ئاینی حەقیقەت واتە یەزیدییەت و یارسان لە یەکتر جیابکەینەوە.

ئاینی حەقیقەت گوزارشتێکی جەستەیی و سروشتی و گوزارشتێکی ڕۆحی یان عەقڵی هەیە، ئاینی یەزیدییەت گوزارشتە لە جەستەو سروشتی ئاینی حەقیقەت، ئاینی یارسانیش گوزارشتە لە ڕۆحی ئاینی حەقیقەت و بە هەردووکیانەوە ئاینی حەقیقەت دەنوێنن و یەکنوێنن.

لە دوای ئەوەی ئیسلامی تەقلیدی خاوەنداریەتی جەستەی کورد لە ڕۆحەکەی نەفی دەکات و لە بەرامبەر ئەمەشدا ڕۆحی نەتەوەیی کورد ڕۆحی ئیسلامی تەقلیدی لە جەستەکەی نەفی دەکات، ڕۆح و جەستەی کورد لە یەکتر دادەبڕێن و هەریەکەیان لە شوێنی خۆیەوە بە جیاواز لەویتریان ڕۆحی ڕەها دەنوێنن و لەناو ڕۆحی ڕەهادا بەهۆی یەکنوێنییەوە دەبنەوە بەیەك و ئەم یەکبوونەیان لە واقیعدا دەرناکەوێت و تەنها لەناو جیهانی ڕۆحی ڕەهادا بوونی دەبێت. داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی گوزارشت لەم حاڵەتە دەکات و ئەوە دەخاتەڕوو کە جەستەو ڕۆحی کورد لە واقیع و مێژوودا لەیەکتر دابڕێنراون، بەڵام لەناو جیهانی ڕۆحی ڕەهادا یەکن و یەکنوێنن.

جەستەی کورد لەو قۆناغەدا لەشێوەی یەکێك لە کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکاندا دەردەکەوێت، زمانی ئەو کۆمەڵگا زمانییەش کرمانجییە. هەر ئەمەشە وادەکات زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگای کرمانجی زمانەکان هەر لە سەرەتاوە لە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانی تر دابڕێت و بەسەربەخۆ گوزارشتێکی ئاینی و رۆحانی لە جەستەی کورد بکات و لە جیهانی رۆحانی یەزیدییەکاندا رەمزی مەلەك تاوسی بداتێ کە گوزارشت لە جەستەیەکی رۆحانی دەکات کە لە رۆحەکەی خۆی دابڕاوەو هەوڵی ئەوە دەدات بگەڕێتەوە بۆ لای و لەڕێگەی گەڕانەوەکەشیدا بەرگری لە هەموو ئەو رۆحە داگیرکەرانە بکات کە بەهۆی غیابی رۆحەکەی خۆیەوە دەیانەوێت زاڵبن بەسەریداو بیکەن بە جەستەی خۆیان.

کۆمەڵگا کرمانجی زمانەکان لەم سەردەمەدا لە کۆمەڵگا زمانییەکانی تری کۆمەڵگای دادەبڕێن و تەنها لە ئاستێکی سەروو مێژوویی و سەروو واقیعی لە پەیوەندیدا لەگەڵ یەکدا دەمێننەوە، بەڵگەش بۆ بوونی پەیوەندییان لە ئاستە سەروو واقیعییەکەدا ئەوەیە کە سیستەمی عەقڵی ناو دەقە ئاینییەکانی یەزیدییەکان کە بە کرمانجیە لەگەڵ دەقە ئاینییەکانی یارسانەکان کە دیالێکتەکانی تر هەمان سیستەمە، لەکاتێکدا کۆمەڵگا ئاینییە کرمانجی زمانەکان کۆمەڵگا ئاینییەکانی تر کە کرمانجی زمان نین، لەناو هیچ جۆرە پەیوەندییەکی ئاینیدا نەبوون و هیچیان بە کاریگەری ئەویتریان وای لێنەهاتووە کە هەڵگری هەمان سیستەمی عەقڵی بێت.

سیستەمی عەقڵی رۆحی نەتەوەیی کورد تەنها لە زمانی ئەو کۆمەڵگا زمانییە جیاوازانەدا دەنوێنرێت کە سەر بەهەمان ئەو زمانانەی ئاخاوتنن کە ئاینی یارسان دەیانکات بە زمانی دەقە ئاینییەکان. لەم قۆناغەدا یەکنوێنی کۆمەڵگا کرمانجی زمانەکان و کۆمەڵگا ناکرمانجی زمانەکان لە ئاستی زمانی دەقە ئاینییەکاندا دەرناکەوێت و تەنها لە ئاستی زمانی عەقڵی ناو کۆمەڵگا زمانییەکاندا دەردەکەوێت، بۆیە لە ئاستی پەیوەندییە ناوەکییەکانی دیالێکتەکاندا تەنها دەتوانین باس لەو دیالێکتانە بکەین کە دەقەکانی ئاینی یارسانیان پێ نوسراوەتەوەو ناتوانین باس لە پەیوەندی ئەو دیالێکتانەو دیالێکتی کرمانجی بکەین، بەڵام کاتێك کە زمانی کوردی لە بەرامبەر زمانە غەیرە کوردییەکاندایە، دەتوانرێت باس لە پەیوەندی یەکنوێنی کرمانجی وەك زمانی دەقە ئاینییەکانی کۆمەڵگایەکی زمانی کوردی جیاواز لە دەقەکانی ئاینی یارسان بکرێت کە بە زمانی ئاخاوتنی چەند کۆمەڵگایەکی زمانی جیاواز نوسراون.

زمانی کوردی لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامی وەك زمانی عەرەبی نابێت بە زمانێکی ئامێری و وەك زارە عەرەبییە نوێکانیش نابێت بە زمانە جیاوازەکانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە عەرەبییە تازە پەیدابووەکان و وەك زمانی فارسیش نابێت بە زمانێکی ئامێری دەستی دەسەڵاتێکی ناوچەیی. زمانی کوردی دەبێت بە زمانی عەقڵی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکان، زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگایانەش بەهۆی ئەو زمانە عەقڵییە کوردییەوە لە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانیانەوە دەبن بە زمانی ئەو جیهانە عەقڵییەی کە لەناو رۆحی نەتەوەیی کورددا بوونی هەیەو لەڕێگەی ئاینی حەقیقەتەوە لەناو جیهانی ئاینیی ئەو کۆمەڵگا زمانییانەدا خۆی دەنوێنێت.

ئەو سیستەمە عەقڵییەی کە لە ژیانی ئاینی کورددا پەیوەندی مۆنادەکانی ناو جیهانی رۆحی کورد لەڕێگەی پەیوەندی مۆنادە رۆحییەکانی ئاینی حەقیقەتەوە رێکدەخات، هەمان ئەو سیستەمە عەقڵییەیە کە لە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانە مۆنادەییەکانی ئاخاوتنی کوردیدا پەیوەندی مۆنادە زمانییەکان رێکدەخات. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە زمانی کوردی و ئاینی حەقیقەت یەکنوێنن و هەمان ئەو سیستەمە عەقڵییە دەنوێنن کە لەناو رۆحی نەتەوەیی کورددا بوونی هەیەو لە دەرکەوتە جیاوازەکانی خۆیدا بەشێوازو رەنگی جیاواز دەینوێنێت.

رۆحی نەتەوەیی کورد لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامیدا خۆی لە ئاینی حەقیقەتدا شێوەگیر دەکات، ئاینی حەقیقەت بوونێکی عەقڵی هەیەو لەناو رۆحی نەتەوەیی کورددایە، ئەم ئاینە عەقڵییە لە دوو دەرکەوتەی ئاینیی جیاوازدا خۆی عەینی دەکاتەوە، ئەو دوو دەرکەوتە ئاینییە لەشێوەی ئاینی دوو کۆمەڵگای ئاینی جیاوازدا دەردەکەون، ئاینی کۆمەڵگایەکیان بە ئاینی یارسان ناو دەبرێت و ئاینی کۆمەڵگاکەی تریان بە ئاینی یەزیدییەت ناو دەبرێت، ئەم دوو ئاینە دوو ئاینی یەکنوێنی ئەو ئاینە عەقڵییەن کە بە ئاینی حەقیقەت ناو دەبرێت.

رۆحی نەتەوەیی کورد چۆن هەڵگری ئاینێکی عەقڵییەو لە دوو ئاینی واقیعیدا خۆی ئاشکرا دەکات، ئاوەهاش هەڵگری زمانێکی عەقڵییەو لەهەمان سەردەمدا ئەو زمانە عەقڵییە لە واقیعی کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانی کورددا خۆی لە دوو زمانی ئاینی ناو واقیعی ئاینی ئەو کۆمەڵگایانەدا ئاشکرا دەکات، ئەو دوو زمانە ئاینییەش زمانی کرمانجی و زمانی کوردییە.

کاتێك دەڵێین زمانی کرمانجی مەبەستمان زمانی هەمان ئەو کۆمەڵگا کوردییانەیە کە خانی بە کرمانج ناویان دەبات، کە دەڵێین زمانی کوردی مەبەستمان زمانی ئاخاوتنی هەموو ئەو کۆمەڵگا زمانییە کوردییانەی ترە کە بە زمانی ئاخاوتنی جگە لە کرمانجی دەدوێن.

کوردو کرمانج، ئایدیاڵ و هیولای یەك نەتەوەن کە پێی دەوترێت کورد، کورد لەهەمان کاتدا ناوە بۆ ئایدیاڵی نەتەوەکەو بۆ نەتەوەکەش. لەڕێگەی دەرکەوتنی رۆحی نەتەوەیی کورد لە ئاینی حەقیقەتدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئاینی یارسان رۆحی ئاینی حەقیقەتەو ئاینی یەزیدی رێوڕەسم و هیولای ئاینی حەقیقەتە، واتە ئاینی یارسان گوزارشت لە رۆحانیەتی ئایدیاڵی عەقڵی کورد دەکات. بە مانایەکی تر ئاینی یارسان گوزارشتێکی رۆحانیە لە ئاینی عەقڵی ناو رۆحی نەتەوەیی کورد، بەڵام ئاینی یەزیدی گوزارشتێکی هیولایی و سروشتییە لەهەمان ئاین. ئاینی یارسان ئاینی رۆحە، بەڵام ئاینی یەزیدی ئاینی جەستەو خوێنە. ئاینی یەزیدی ئاینی کرمانجەکانە، بەڵام ئاینی یارسان ئاینی (ناکرمانجەکانە). ئاینی یەزیدی وەك ئاینی کرمانج و ئاینی یارسان وەك ئاینی (ناکرمانج) ، هەردووکیان لە ئاینی حەقیقەتدا یەکن کە ئاینی عەقڵیی کوردە. بەهەمان شێوەش زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە کرمانجییەکان کە بە کرمانجی ناودەبرێت، لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە (ناکرمانجیەکان)، هەردووکیان لە زمانی عەقڵی ناو رۆحی نەتەوەیی کورددا دەبنەوە یەیەك و ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە زمانی کوردی ناوی دەبەین ئەو زمانە عەقڵییە کوردییەیە.

زمانی کوردی بە مانا گشتییەکەی وەك ئاینی حەقیقەت لەناو جیهانی رۆحی نەتەوەیی کورددا بوونێکی عەقڵی هەیەو گوزارشتە لەو سیستەمە عەقڵییەی کە حوکمی زمانی ئاخاوتنی هەموو کۆمەڵگا زمانییەکانی میللەتی کورد دەکات.

هەتا زمانی کوردی لەناو رۆحی نەتەوەیی کورددا بوونە عەقڵییەکەی خۆی لەدەست نەدات وەك زمانی یۆنانی سەردەمی هیلینییەت، ناگۆڕێت بۆ زمانێکی ئامێری وەك زمانی عەرەبی و لاتینی و ئەو زمانە ئامێرییانەی تر کە ئەو دوو زمانەی بەرەو پرۆسەی بەئامێربوونی بردوون. لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامی و لەهیچ سەردەمێکی تردا زمانی کوردی بوونی عەقڵی خۆی لەدەست نەداوەو نەبووە بە زمانێکی ئایدیاڵ وەك زمانی عەرەبی و فارسی، بۆیە ناکرێت لە باسکردنی زمانی کوردیدا وێنای زمانی کوردی وەك زمانێکی ئامێری بکرێت و وا ببینرێت کە وەك زمانی عەرەبی و فارسییە، چونکە زمانی کوردی لەهیچ سەردەمێکدا بوونێکی ئامێری نەبووەو بوونێکی ئامێریشی نابێت. بۆیە کاتێك دەڵێین زمانی کوردی دەبێت وێنای زمانی کوردیمان وەك زمانێکی عەقڵی نادیار کردبێت کە لە کۆمەڵە دیالێکتێکی جیاوازدا خۆی عەینی کردووەتەوە.

گەڕان بەشوێن زمانی پێوانەیی (ستاندار/ یەکگرتوو)ی کوردیدا یان هەوڵدان بۆ دروستکردنی بە هەر ڕێگایەك لە ڕێگاکان، کارێکی بێهودەیەو بەرهەمی تێنەگەیشتنە لەو دۆخە ئەنتۆلۆجییەی کە زمانی کوردی و دیالێکتەکانی بەدرێژایی مێژوو هەیانبووەو لە هەموو سەردەمێکی مێژووییشدا پاراستوویانە. تێنەگەیشتنی لێکۆڵەران لەم دۆخە ئەنتۆلۆجییە ناوازەی زمانی کوردی کە تا ئەم سەردەمەش پاراستوویەتی، وای لێکردوون لە کارەکانیاندا بەرەو دەرەنجامێکی بێ سەرو بەرو ناواقیعی برۆن.

حاڵەتی ئەنتۆلۆجی زمانی کوردی لەم سەردەمەدا ناکرێت بەراوردبکرێت بە حاڵەتی ئەنتۆلۆجی هیچ زمانێك لەو زمانانەی کە لە ئێستادا بوونێکی واقیعییان هەیە، بەڵام دەکرێت حاڵەتی ئەنتۆلۆجی زمانی کوردی بەراورد بکرێت بە حاڵەتی ئەنتۆلۆجی زمانی یۆنانی سەردەمی دەوڵەتە شارەکانی یۆنان یان زمانی ئەڵمانی سەردەمی میرنشینە ئەڵمانییەکانی سنوری ئیمپراتۆریەتی رۆمانی. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە تەنها ئەو دوو زمانە لە سەردەمێکدا زمانی عەقڵی ناو رۆحی ئەو دوو نەتەوەیە بوون و زمانەکانی تر ئەوەیان تیانەبووە ببن بە زمانی عەقڵی ناو رۆحی میللەتەکانیان.

چۆن ناکرێت زمانی کوردی وەك زمانێکی پێوانەیی و واقیعی سەیربکرێت، بەهەمان شێوە ناتوانرێت دیالێکتەکانی زمانی کوردی وەك دیالێکتەکانی زمانە ئامێرییەکان وێنا بکرێن. بۆنمونە ناکرێت دیالێکتەکانی زمانی کوردی وەك دیالێکتەکانی زمانی عەرەبی یان فارسی یان ئینگلیزی سەیربکرێن، چونکە ئەو دیالێکتانە بە مانا یۆنانییەکەی دیالێکت دیالێکت نین و زارەکانی ئاخاوتنی ئەو زمانە ئامێرییەن، بەڵام دیالێکتەکانی زمانی کوردی بە مانا راستەقینەکەی دیالێکت دیالێکتن و هەریەکەیان بە چۆنایەتییەکانی خۆی ئەو زمانی عەقڵییە دەنوێنێت کە لەناو رۆحی نەتەوەیی کورددا بوونێکی عەقڵی هەیە.

دیالێکتەکانی هەر زمانێکی عەقڵی بەوە دیالێکتن کە هەموویان زمانە عەقڵییەکە بنوێنن و یەکنوێنی ئەو بن، کاتێك یەکێك لەو دیالێکتانە لە نواندنی زمانە عەقڵییەکە دەکەوێت، لەهەمان کاتدا لە دیالێکتبوونیش دەکەوێت، لەم حاڵەتەشدا یان دەگۆڕێت بۆ زاری ئاخاوتنی زمانێکی ئامێری بێگانە یان خۆی دەبێت بە زمانێکی ئامێری. لەسەردەمی دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا لەناو دیالێکتە کوردییەکاندا دیالێکتی لوڕی بەرەو ئەوە دەچێت لە نواندنی زمانە عەقڵییە کوردییەکە بکەوێت و بەرەو ئەوە بڕوات ببێت بە زارێك لە زارەکانی ئاخاوتنی زمانی ئامێری فارسی، دیالێکتی زازاکیش بەهەمان شێوە بەهۆی لاوازبوونی پرۆسەی نواندنی زمانە عەقڵییە کوردییەکەوە بەرەو ئەوە دەڕوات ببێت بە زمانێکی ئامێری. ئەم دوو حاڵەتەش بەهۆی کاریگەری مۆدێرنیزم و هەوڵدانی نەتەوەخوازی کوردی بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی هاتووەنەتە ئاراوە و دەکرێت لەگەڵ بەهێزبوونەوەی هۆشیاری کورد بە رۆحە نەتەوەییەکەی خۆی ئەو دوو دیالێکتە لەو دۆخە ناسروشتییەی خۆیان دەرچن و بگەڕێنەوە ناو دیالێکتە کوردییەکان و جارێکی تر بکەونەوە ناو نواندنی ئەو زمانە عەقڵییە کوردییەی کە لەناو رۆحی نەتەوەیی کورددایە، چونکە تا ئەم ساتەوەختەش نە دیالێکتی لوڕی گۆڕاوە بۆ زاری ئاخاوتنی زمانی فارسی و نە دیالێکتی زازاکیش گۆڕاوە بۆ زمانێکی ئامێری سەربەخۆ. دیالێکتی لوڕی لەنێوان زمانی عەقڵی کوردی و زمانی ئامێری فارسی ماوەتەوەو نە ئامادەیی زمانی عەقڵی ناو کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکان ئەوەندە بەهێزە کە توانای ئەوەی هەبێت رایکێشێتەوە ناو دیالێکتە کوردییەکان، نە دیالێکتە لوڕییەکەش ئەوەندە پرۆسەی بەدیالێکتبوون تیایدا لاوازبووە کە بەرگری ئەوەی پێنەکرێت زمانی فارسی بیگۆڕێت بۆ زارێك لە زارەکانی ئاخاوتنی خۆی.

بەهەمان شێوە دیالێکتی زازاکیش نە توانای ئەوەی تیایە نەفی بوونی زمانە عەقڵییە کوردییەکەی ناو خۆی بکات و بیگۆڕێت بۆ زمانێکی ئامێری، نە زمانە عەقڵییە کوردییەکەش ئەوەندە ئامادەیی هەیە کە رایکێشێتەوە ناو دیالێکتەکانی خۆی. ئەم دوو حاڵەتە لە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا بەرهەمی بزوتنەوەی نەتەوەخوازی کۆمەڵگا زمانییەکانی دیالێکتی کرمانجی و دیالێکتی سۆرانییەو هەوڵدانی ئەو بزوتنەوە نەتەوەخوازییانەیە بۆ بەئامێریکردنی ئەو دوو دیالێکتە، واتە مامەڵەکردنی ئەو بزوتنەوە نەتەوەخوازییانەیە دژی سروشتی پەیوەندی دیالێکتە کوردییەکان بە زمانی کوردییەوەو هەوڵدانە بۆ نەفیکردنی زمانە عەقڵییە کوردییەکە لەناو ئەو دیالێکتەدا کە دەیەوێت بیکات بە زمانێکی ئامێری و زاڵی بکات بەسەر دیالێکتەکانی ترداو بەمەش هەموویان بگۆڕێت بۆ زاری ئاخاوتنی خۆی.

لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتەکاندا کێشەیەکی لەم جۆرە لەنێوان دیالێکتە کوردییەکاندا بوونی نەبووەو ئەم کێشەیە سەر بە کەشوهەوای سەردەمە مۆدێرنەکەیە.

زمانی عەقڵی ناو رۆحی نەتەوەیی کورد وەك ئاینە عەقڵییەکەی ناو هەمان رۆح لە دوو دەرکەوتەی زمانیی جیاوازدا زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگا زمانییانە دەخاتە ناو پرۆسەی بەدیالێکتبوونەوە کە شیانی بەدیالێکتبوونیان تیایە، یەکێك لە دەرکەوتە زمانییەکان لە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی خۆیدا زمانی ئاخاوتنی یەکێك لە کۆمەڵگا زمانییە کرمانجییەکان دەگۆڕێت بۆ زمانی رێورەسمێکی ئاینی و ئەو کۆمەڵگا زمانییە

لەبری زمانی عەرەبی کە زمانی ئاینی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامییە، زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆی دەکات بە زمانی ئاینەکەی خۆی و ئەم زمانە لەلایەکەوە دەبێتە زمانی دەقە پیرۆزەکانی ئەو ئاینە، لەلایەکی ترەوە دەبێت بە زمانی هەموو ڕێوڕەسمە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا زمانییەکەش. لەم کۆمەڵگایەدا نوسین و خوێندنەوە قەدەغە دەکرێت و کەسێك یان چەند کەسێك بۆیان هەیە فێری نوسین و خوێندنەوەی دەقە پیرۆزەکان بن و ئەوانەش بەهۆی ئەرکە ئاینییەکەیانەوە ڕێیان پێدەدرێت. ئەم کەسایەتییە ئاینییانەش دەقە ئاینییە نوسراوەکانی خۆیان بۆ خەڵکی دەکەن بە راڤەیەکی زارەکی.

زمانی ئاخاوتنی کرمانجی لەڕێگەی ئاینی یەزیدییەوە لە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی خۆیدا ئەوەندەی دەگۆڕێت بۆ زمانی ڕێوڕەسم و بۆنا ئاینییەکان، ئەوەندە ناگۆڕێت بۆ زمانی دەقی نوسراو. هەر ئەمەش وایکردووە کە لەسەردەمی سەرهەڵدانی یەزیدییەتەوە تائێستا لەم ئاینە شتێکی ئەوتۆمان لە دەقە نوسراوەکانی ئەم ئاینە لەبەردەستدا نەبێت و ئەو ئەدەبیات و شیعرە ئاینییانەش کە هەن حاڵەتی شیعرو ئەدەبیاتی میللییان هەبووەو دەقی نوسراو نەبوون و دواتر لەڕێگەی کۆکردنەوەیانەوە بوون بە دەقی نوسراو.

زمانی ئاخاوتنی کرمانجی لەگەڵ ئەوەشدا کە بە پرۆسەی بەدیالێکتبووندا دەڕوات، بەڵام نابێتە زمانی کۆمەڵە دەقێکی نوسراوی فکری و فەلسەفی کە لەو جۆرە لە دەق بن لەڕێگەی خوێندنەوەو بیرکردنەوەو تێڕامانەوە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگا ئاینییە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، واتە ئەم دیالێکتە بە پرۆسەکە نابێت بە زمانی فکرو تێڕامان، بەڵکو دەبێت بە زمانی هەست و سۆزی ئاینی و ڕێوڕەسمە ئاینییەکان کە بەبێ بەشداریکردنی جوڵەی جەستەیی ناتوانێت ئەو رۆڵە ئاینییە ببینێت کە لە پرۆسەی بەدیالێکتبوونەکەدا کەوتووەتە ئەستۆی.

دیالێکتی کرمانجی  لەم قۆناغدا گوزارشت لە زمانە عەقڵییە کوردییەکە دەکات لەڕێگەی کردە زمانییە جەستەییەکانەوە، ئەم کردانەش یان گوتنی گوتنە ئاینییەکانی ئاینی یەزیدییە لەگەڵ ئەو کردە جەستەییانەدا کە لە ڕێوڕەسمە ئاینییەکاندا گوتنەکان دەیانخوازن، یان گوتنی ئەو دەقە ئاینییانەیە بە ئاوازێکی تایبەت لەگەڵ سەمایەکی ئاینی تایبەت و ئامێری مۆسیقیدا، لەم کاتەشدا گوتنە ئاینییەکان لەگەڵ ئەو کردە جەستەییانەدا دەگوترێن کە گوتەکان لەو وێنانەدا دەیانخوازن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت دیالێکتی کرمانجی لە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی خۆیدا زمانە عەقڵییە کوردییەکە دەگۆڕێتە سەر زمانێکی کردەیی و هەستەکی، دیالێکتی کرمانجی لەم سەردەمەدا بوونی هەستەکییانەو کردەییانەی زمانی کوردی دەنوێنێت، دەکەوێتە ناو حاڵەتێکی ناوەندگیرەوەو لەم حاڵەتەشدا دەبێتە زمانێکی ناوەندگیری نێوان زمانە ئامێرییەکان و زارەکانی ئاخاوتنیان. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە دیالێکتی کرمانجی و ئاینی یەزیدی یەکنوێن و هەمان ئەو سیستەمە عەقڵییە لە حاڵەتێکی کردەییدا دەنوێنن کە ئاینی یارسان و دیالێکتە ناکرمانجییەکان لە حاڵەتە فیکری و عەقڵییەکەیدا دەینوێنن. واتە دیالێکتی کرمانجی و ئاینی یەزیدی یەکنوێنی کردەییانەی رۆحی نەتەوەیی کوردن، بەڵام دیالێکتە کوردییە ناکرمانجییەکان یەکنوێنی تیۆریانەی رۆحی نەتەوەیی کوردن و لەهەمان کاتیشدا ئەوەی کردەییانە رۆحی نەتەوەیی کورد دەنوێنێت لەگەڵ ئەوەدا کە تیۆرییانەو ئایدیاڵییانە ئەو رۆحە

دەنوێنێت، بەهەمان شێوە یەکنوێنی هەمان ئەو سیستەمە عەقڵییەن کە بە دەرکەوتە کردەیی و ئایدیالّییەکانی خۆیان دەینوێنن. بۆئەوەی ئاستەکانی یەکنوێنی دیالێکتە کوردییەکان لەلامان تێکەڵاو نەبن، دەبێت لە هەر ئاستێکدا بەجیا باس لە پرۆسەی یەکنوێنی دیالێکتەکان بکرێت و لە هەر ئاستێك لە ئاستەکانی یەکنوێنییەکەشدا پەیوەندی شوناسی نەتەوەیی کورد بە پەیوەندی دیالێکتەکان بە زمانە عەقڵییە کوردییەکەوە دیاری بکرێت.

## 1-2/3) زمانی ئایین و پرۆسەی بەدیالێکتبوون و زمانی کوردی

زمانی کوردی لەبەرئەوەی زمانێکی عەقڵییەو زمانێکی ئامێری نییە، دەبێت هەر لە سەرەتاوە باس لەو ئاستەی یەکنوێنی بکەین کە زمانی کوردی تیایدا لە حاڵەتی یەکنوێنیدایە، بۆ ئەمەش دەبێت بزانین زمانی کوردی لەگەڵ چیدا یەکنوێن دەبێت و رۆحی نەتەوەیی کورد دەنوێنێت.

زمانی کوردی وەك ئایینی حەقیقەت بوونێکی عەقڵی لەناو جیهانی عەقڵیی رۆحی نەتەوەیی کورددا هەیە، بۆیە دەتوانین بڵێین زمانی کوردی یەکنوێنی رۆحی نەتەوەیی کوردە لەگەڵ ئایینی حەقیقەت و هەر بوونەوەرێکی تردا کە لەناو جیهانی عەقڵی رۆحی نەتەوەیی کورددا بوونی هەیە. دەکرێت لەرێگەی ئایینی حەقیقەتەوە پرۆسەی یەکنوێنی زمانی کوردی دیاری بکەین، چونکە هەردووکیان لە هەمان ئاستی دەرکەوتنی رۆحی نەتەوەیی کورددان و هەردووکیان لەهەمان ئاستدا بە بوونی جیاوازی خۆیەوە دەینوێنێت.

رۆحی نەتەوەیی کورد ئایینی حەقیقەت و زمانی کوردی دەکاتە دوو ئاوێنەی بینینەوەی ئەو سیستەمە عەقڵییەی کە دەیەوێت لەرێگەی میللەتی کوردەوە لەناو مێژوودا شێوەگیری بکات و قۆناغ بە قۆناغ عەینی بکاتەوە. رۆحی نەتەوەیی کورد لەخۆی ئاوێنەیەك بۆ نواندنی ئەو سیستەمە عەقڵییە سازدەکات، ئەم ئاوێنەیە بەرجەستەکەرو نوێنەری ئەو سیستەمە عەقڵییەیە لە جیهانێکی ئاینیدا، ئەو جیهانە ئاینییەش بە ئایینی حەقیقەت ناوبراوە. واتە ئایینی حەقیقەت بوونی ئەو سیستەمە عەقڵییە پەتییەیە بە سیستەمی پەیوەندی ئەو بوونەوەرە رۆحیانەی کە لە ئایینی حەقیقەتدا دەنوێنرێن، ئایینی حەقیقەت ئەو خۆبەغەیرکراوەی رۆحی نەتەوەیی کوردە کە سیستەمی عەقڵی ناو ئەو رۆحە دەنوێنێت، لێرەدا رۆحی نەتەوەیی کورد لەخۆیدا خۆی دەنوێنێت.

ئەم رۆحە دوای ئەوەی لە ئایینی حەقیقەتدا خۆی بۆخۆی دەنوێنێت، پێویستی بەوەیە کە خۆی لە غەیری خۆیدا بۆخۆی بنوێنێتەوە، بۆ ئەمەش لە غەیری خۆی خۆیەك بۆ نواندنەوەی خۆی دروست دەکات، زمانی کوردی لە سروشتی کورددا بۆ ئەمە هەڵدەبژێرێت. سروشتی کورد هەڵگری هەموو ئەو چۆنایەتییە زمانیانەیە کە رۆحی نەتەوەیی کورد بۆ شێوەگیرکردنی سیستەمە عەقڵییەکەو نواندنەوەی خۆی بۆخۆی پێویستی پێیەتی، بۆیە لە سروشتی کورد کە بەگوێرەی رۆحی کورد غەیرە، لەو چۆنایەتییە زمانیانە کە لەودا بە مومکین هەن خۆیەك بۆخۆی دروست دەکات، ئەو خۆیەش زمانی عەقڵیی کوردە، ئەم زمانە شێوەگیرکەرێکی عەقڵی سیستەمە عەقڵییە پەتییەکەیەو نوێنەری رۆحی نەتەوەیی کوردە بۆخۆی. لەم قۆناغەدا رۆحی نەتەوەیی کورد عەقڵییانە خۆی لە غەیرێکی بەخۆکراودا ئاشکرا دەکات و بەمەش ئەو زمانە

عەقڵییە دێتەئاراوە کە پەیوەندی نێوان زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا سروشتییەکان لە پەیوەندییەکی سروشتییەوە دەگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی سەروو سروشتی و عەقڵی.

لێرەدا زمانی کوردی وەك زمانێکی عەقڵی هەمان ئەو سیستەمەی پەیوەندییە عەقڵییەکان دەنوێنێت کە ئاینی حەقیقەت دەینوێنێت. بەمەش زمانی کوردی و ئاینی حەقیقەت یەکنوێن دەبن و بەم یەکنوێنییەشیان لە دوو بواری عەقڵی جیاوازدا شوناسی نەتەوەیی کورد دەنوێنن و دەبن بە هەڵگری مۆرکە ناوەندگیرەکەی. ئەمەش یەکنوێنی زمانی کوردی لە ئاستە عەقڵییەکەدا دەخاتەڕوو.

گەر زمانی کوردی لە ئاستە عەقڵییەکەدا دەرخەری شوناسی نەتەوەیی کورد بێت، ئەوا لە ئاستە سروشتییەکەدا دەبێت باس لە یەکنوێنی دیالێکتە کوردییەکان بکرێت و لەم ئاستەشدا بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە دیالێکتەکانی زمانی کوردیش وەك زمانی کوردی لە پەیوەندییەکانی خۆیاندا هەمان سیستەم شێوەگیر دەکەن و دەرخەری هەمان شوناسن و هەڵگری مۆرکە ناوەندگیرەکەی هەمان رۆحی نەتەوەیی کوردن.

رۆحی نەتەوەیی کورد لەناو سروشتی کۆیی ئەو کۆمەڵگا زمانیانەدا کە زمانەکەیان شیانی بەدیالێکتبوونیان تیایە، چۆنایەتییە زمانییە پێویستەکانی بەپێی سیستەمە عەقڵییە پەتییەکەی خۆی هەڵدەبژێرێت و بە نواندنی سیستەمە عەقڵییەکە هەماهەنگیان دەکاتەوەو پەیوەندییە عەقڵییەکانیان دیاری دەکات و زمانێکی عەقڵییان لە جیهانە عەقڵییەکەی خۆیدا لێ دێنێتەئاراوە کە هەڵگری هەمان ئەو سیستەمە عەقڵییەیە کە لەناو خۆیدا هەیە. دوای ئەمەش زمانی کوردی ئاڕاستە دەکات تا سیستەمە عەقڵییەکەی خۆی لە پەیوەندی نێوان زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکاندا شێوەگیر بکات و ئەوانیش بەرەو ئەوە بەرێت هەمان ئەو سیستەمە عەقڵییە بنوێننەوە بۆ رۆحی نەتەوەیی کورد کە خۆی نواندوویەتی بۆی.

رۆحی نەتەوەیی کورد لەڕێگەی زمانی کوردییەوە ئەمجارە دەیەوێت لە خۆیەکی بەغەیرکراوی زمانی کوردیدا خۆی ببینێتەوە، بۆ ئەمەش دەبێت زمانی کوردی زمانی ئاخاوتنی چەند کۆمەڵگایەکی زمانی بخاتە ناو پرۆسەی بەدیالێکتبوونەوەو بەمەش لە خۆیەکی بەغەیرکراوی خۆیدا رۆحی نەتەوەیی کورد بۆخۆی بنوێنێتەوە. زمانی کوردی بۆ جێبەجێکردنی فرمانەکانی رۆحی نەتەوەیی کوردو نواندنەوەی ئەو رۆحە لە خۆیەکی بەغەیربووی خۆیدا زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە کوردییە ناکرمانجەکان هەڵدەبژێرێت، دوای هەڵبژاردنیان هەمان سیستەمی عەقڵی لە پەیوەندییەکانیاندا شێوەگیر دەکات. بۆ سەلماندنی ئەم راستییەش دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دەقە ئاینییەکانی ئاینی یارسان کە دەرکەوتەیەکی ئاینی حەقیقەتە لەناو کۆمەڵگا زمانییە کوردییە ناکرمانجییەکاندا.

ئاینی یارسان گوزارشتە لە نواندنی ئەو سیستەمە عەقڵییەی کە لەناو ئاینی حەقیقەتدا هەیەو ئەم ئاینە عەقڵییە بەهۆی نواندنەوەی لەخۆیەکی بەغەیرکراوی خۆیدا ئاینی یارسانی وەدیهێناوە. ئاینی یارسان ئاینی بیرەو ئاینی رێوڕەسم و کردە نییە، ئەمەش لەبەرئەوەیە ئاینی یارسان بەرهەمی نواندنی رۆحی نەتەوەیی کوردە لەخۆیەکی بەغەیربووی ئاینی حەقیقەتدا. بەهەمان شێوە دیالێکتە ناکرمانجییەکانیش لەبەرئەوەی

زمانی کردەو ڕێوڕەسم نین و زمانی بیرو تێڕامانن، دەبێت بەگوێرەی زمانی کوردی خۆیەکی بەغەیربووی ئەو زمانە بن، هەر ئەمەش وایکردووە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە ناکرمانجییەکان پێش پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە کرمانجییەکان بکەون. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەی کە لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامیدا ئاینی یارسان پێش ئاینی یەزیدی سەرهەڵدەدات. ئاینی یارسان بە بەهلولی ماهی (126-219ک)[1]دەست پێدەکات، بەڵام ئاینی یەزیدی بە شێخ ئادی هەکاری (467-557ک) دەست پێدەکات. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئاینی یارسان نزیکەی سێ سەدەو نیو پێش ئاینی یەزیدی سەری هەڵداوە. ئەمە لەهەمان کاتیشدا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە کوردییە ناکرمانجییەکان بە هەمان ماوە بەر لە زمانی کۆمەڵگا زمانییە کرمانجییەکان دەست پێدەکات، چونکە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو دوو ئاینە پرۆسەی بەدیالێکتبوونیش دەست پێدەکات و تا ئەم سەردەمەش بەردەوام دەبێت.

دیالێکتە ناکرمانجییەکانی زمانی کوردی لەگەڵ سەرهەڵدانی ئاینی یارساندا دەکەونە ناو پرۆسەی بەدیالێکتبوونەوەو دەبن بە زمانی ئاینیی ئاینی حەقیقەت، ڕۆحی نەتەوەیی کورد بە شێوەگیرکردنی سیستەمە عەقڵییە ناوەندگیرەکەی خۆی لەناو دەقە ئاینییەکاندا دیالێکتی هەورامی و لوڕی و سۆرانی بەپێی نواندنەکانی خۆی دەخاتە ناو پەیوەندییەوەو حاڵەتێکی تایبەت لە زمانی دەقی ئاینیدا وەدی دەهێنێت، ئەو حاڵەتەش کە لە زمانی دەقی ئاینی یارسانەکاندا دەردەکەوێت گوزارشت لەهەمان ئەو سیستەمە عەقڵییە دەکات کە حاڵەتی ڕەمزە ڕۆحانیەکانی ناو حیکایەتی دەقە ئاینییەکان دیاری دەکات.

ئاینی یارسان وەك ئاینەکانی تر بەیەك زمان نەهاتووەتە ئاراوە و دەقەکانی بە یەك زمان نەکراون بە نوسین و گوتن، بەڵکو کۆمەڵە دەقێکی فرەزمانن و لە هەر دەقێکدا کارەکتەرەکانی حیکایەتە ئاینییەکە بەو دیالێکتانە دەدوێن کە دیالێکتی خۆیانە، واتە فرەزمانی تەنها لە دەقە جیاوازەکاندا نییە، فرەزمانی لەناو یەك دەقیشدا بوونی هەیە، ئەم ڕێدانە بە فرەزمانی و فرەدەنگی دەقە ئاینییەکانی یارسان پێداویستییەکانی سیستەمە عەقڵییە ناوەندگیرەکە دەیخوازێت، ئەم حاڵەتەش حاڵەتی جیاکەرەوەی زمانی ئاینی یارسانە لە زمانی هەموو ئاینەکانی تر.

پێش ئەوەی باسی ئەو پەیوەندییانە بکرێت کە دیالێکتە کوردییەکان لە پرۆسەی بەدیالێکتبووندا تێی دەکەون، دەبێت لەڕووی دەقناسییەوە چەند خاسیەتێکی گرنگی دەقەکان دیاری بکەین، چونکە ئەم دەقانە لە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانی ئاخاوتنی کوردیدا دەبنە زەمینەیەکی ساز بۆ پەیوەندی دیالێکتەکان بە زمانی نوسینەوە.

(سەرئەنجام) کتێبی پیرۆزی یارسانەکانە، لای یارسانەکان بە دەقەکانی ناو سەرئەنجام دەوترێت کەلام، واتە سەرئەنجام کتێبی کەلامەکانە، هەر کەلامێك لە کەلامەکانیش دەقێکی ئاینی سەربەخۆیەو لەسەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا پەیدابووەو تۆمارکراوەو چووەتە ڕیزی دەقەکانی سەرئەنجامەوە. ئەم

[1] بڕوانە: سدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی: 47.

حاڵەتە وایکردووە کتێبی سەرئەنجام بەردەوام کتێبێکی کراوە بێت بۆ وەرگرتنی کەلامە تازە پەیدابووەکان. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە کتێبێکی تەواونەکراوەو هێشتا چاوەڕێی هاتنی کەلامی نوێ دەکات تا خۆی تەواو بکات، لەهەمان کاتدا ئەم کتێبە هەڵگری کۆمەڵە کەلامێکە کە تەواوکراون و لەسەردەمی خۆیاندا گەیشتوونەتە پلی کەماڵی خۆیان. ئەم کتێبە وەك هەر دەرکەوتەیەك لە دەرکەوتەکانی رۆحی نەتەوەیی کورد دۆخێکی ناوەندگیری هەیە، چونکە کتێبێکە لەنێوان تەواوبوون و تەواونەبوودا. کاتێك لە کەلامەکانەوە لێی دەڕوانین، کتێبێکی تەواوبووە، چونکە هەر کەلامێك لە کەلامەکان بۆخۆی کتێبێکی تەواوەو چۆن بە سەرەتایەك دەستی پێکردووە ئاوەهاش گەیشتووەتە سەرئەنجام و کۆتایی خۆی و بە گەیشتنی بە سەرئەنجام و ئامانجی خۆی شیانی ئەوەی تیا پەیدابووە ببێت بە کەلامێك لە کلامەکانی سەرئەنجام و بچێتە ریزی دەقەکانی سەرئەنجامەوە. بەڵام سەرئەنجام خۆی هێشتا چاوەڕێی گەیشتنی دوا کەلامی خۆی و دوا دەقی خۆی و سەرئەنجامی خۆیەتی، دەکرێت لەم سەردەمەی ئێمەدا کەلامێکی تر پەیدا ببێت و بگاتە سەرئەنجامی خۆی و بچێتە ناو سەرئەنجامەوەو ببێت بە سەرئەنجامی سەرئەنجام.

گەر لەڕووی دەقناسییەوە پێناسەیەکی ورد بۆ سەرئەنجام بکەین دەڵێین: سەرئەنجام دەقی تەواونەبووی دەقە تەواوبووەکـانە. واتە دەقی ناوەندگیری نێوان دەقە تەواوبووەکان و دەقە تەواونەبووەکانەو ئەو دەقەیە کە لەخۆیدا دەقە نەنوسراو و تەواونەبووەکانی ناو عەقڵ دەگەیەنێت بە دەقە نوسراو و تەواوبووەکانی ناو زمان. ئەمەش خاسیەتی سەرەکی و جیاکەرەوەی ئەم دەقەیەو ئەم دەقە بەم خاسیەتەی خۆی خۆی لە هەموو دەقەکانی تری جیهان جیادەکاتەوە. ئەم خاسیەتەش خاسیەتی ناوەندگیربوونە، ناوەندگیربوونیش مۆرکی رۆحی نەتەوەیی کوردەو ئەو دەرکەوتانەی خۆی پێ مۆرك دەکات کە شوناسی ئەو دەخەنەڕوو. کتێبی سەرئەنجام بەوەی کە هەڵگری مۆرکی ناوەندگیرییە دەرخەری شوناسی نەتەوەیی کوردە.

کتێبی سەرئەنجام لەبەرئەوەی کتێبێکی تەواو نەبووەو نیوەی لەناو زماندایەو نیوەکەی تری لەناو عەقڵدایە، ناکرێت وەك زەمینەیەك بۆ باسکردنی دیالێکتە کوردییەکان و دیاریکردنیان ببەسترێت، چونکە نازانرێت ئەو بەشەی کە تەواونەبووەو هێشتا لەناو عەقڵدایەو نەهاتووەتە ناو زمان چ دیالێکتێك لە دیالێکتە کوردییەکان بۆ دەرکەوتن و گواستنەوەی بۆ ناو زمان بەکار دەهێنێت، واتە نازانرێت ئەو کەلامانەی کە لەناو رۆحی نەتەوەیی کورددا لە دۆخە عەقڵییەکەدا ماونەتەوە لەڕێگەی کام دیالێکت دێنە ناو زمانەوەو دوای تەواوبوونیشیان دەبنە دەقێکی ناو دەقەکانی کام دیالێکتیان، بەڵام پەیوەندی دەقی کامڵی سەرئەنجام لەناو عەقڵداو لە بوونە عەقڵییەکەی خۆیدا پەیوەندی نێوان زمانی عەقڵی کوردو دیالێکتە کوردییەکان بۆ ئێمە ڕووندەکاتەوە، واتە ئەوە دەخاتەڕوو کە زمانی عەقڵی ناو رۆحی نەتەوەیی کورد ئەوە دیاری دەکات کام زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکان سازە لەگەڵ ئەو کەلامەی کە دەیەوێت بیگوازێتەوە بۆ ناو زمان و بەمەش ئەو زمانی ئاخاوتنە بخاتە ریزی دیالێکتەکانەوە.

بۆ باسکردنی دیالێکتە کوردییەکان و سیستەمی پەیوەندییەکانیان بەیەکتری و بە زمانە عەقڵییەکەوە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ کەلامەکانی سەرئەنجام، چونکە لە کەلامەکاندا زمانی عەقڵی کورد زارە

شیاوەکانی بۆ نوسینەوەی ئەو کەلامانە بە پرۆسەی بەدیالێکتبووندا دەبات کە کلامەکانی ناو عەقڵیان پێ دەگوازێتەوە بۆ ناو زمان و دەقێکی ئاینییان پێ وەدی دەهێنرێت.

زمانی کوردی لەڕێگەی دیالێکتێك یان زیاتر لە دیالێکتێك حیکایەتی ناو کەلامەکان لەسەر زاری پیاوە رۆحانیەکانی ناو حیکایەتەکان حیکایەت دەکات، کارەکتەرەکانی ناو حیکایەتەکان گێڕەرەوەی حیکایەتەکان نین، هەر خۆیان بوونەوەری ناو حیکایەتەکانن و لەناو حیکایەتەکانیشدا شایەتی لەسەر بوونی رۆحی هەمەکی ناو حیکایەتەکەو رۆحی بەشەکی ناو خۆیان دەدەن. بابەتی راستەقینەی ناو حیکایەتەکان گەواهیدانە لەسەر رۆحی نەتەوە لەڕێگەی ئامادەیی رۆحی نەتەوەوە لە جەستەی ئەواندا، بە مانایەکی تر گەواهیدانی ئەو رۆحەیە لەسەر بوونی خۆی لەڕێگەی ئەوانەوە. هەر کارەکتەرێکی رۆحانی ناو کەلامەکانیش بەو دیالێکتە گەواهی دەدات کە هەماهەنگە لەگەڵ گەواهیدانەکەی.

دەورەی بەهلولی ماهی کە لەڕووی مێژووییەوە یەکەمین کەلامە بۆ ئێمە مابێتەوە، ئەم کەلامە لەبارەی بوونی ناوەندگیرانەی بالولە لەنێوان شێتی و داناییدا. بالول ئەو پیاوە رۆحانییەیە کە دانایی لە عەقڵەوە پیایدا تێپەڕ دەبێت بۆ ناو شێتی یان گوتنێکی شێتانە. بەپێی دەقی ئەو کەلامەی کە لەبەردەستدایە، رۆحی نەتەوەیی کورد کەلامی ئەو دەورەیە دەخاتە سەر زمانی پێنج کارەکتەری رۆحانی کە ئەمانەن: بەهلولی ماهی، بابالوڕە، بابارەجەب، بابانجوم، باباحاتەم[1]. زمانی کوردی لەڕێگەی ئەم پێنج کارەکتەرەوە لە سەدەی دووەمی کۆچیدا زاری هەورامی بە پرۆسەی بەدیالێکتبووندا دەبات و دەیکاتە زمانی دەقێك لە دەقە ئاینییەکانی یارسان و بەمەش لە زاری ئاخاوتنەوە دەیکات بە دیالێکت.

لەدوای دەورەی بەهلولی ماهییەوە و لەگەڵ دەورەی شاخۆشین (366-405ك) فرەزمانی دەبێتە حاڵەتی زمانی کەلامەکان و کەلامەکان لە ڕێگەی چەند دیالێکتێکەوەپەیدا دەبن، حیکایەتی کەلامی دەورەی شاخۆشین لەڕێگەی کارەکتەرە رۆحانیەکانی ناو حیکایەتەکەوە بە دیالێکتی لوڕی و بە دیالێکتی هەورامی گوزارشتی لێدەکرێت. پیاوە رۆحانیەکانی ناو ئەم دەورەیە زۆربەیان بە هەردوو دیالێکتەکە رووداوەکانی ناو گفتوگۆکە بەرەوپێش دەبەن. بەپێی حیکایەتەکە کارەکتەرەکان زمانی گوتنە شیعرییەکانیان لە دیالێکتێکەوە بۆ دیالێکتێکی تر دەگۆڕن و لەم گۆڕانەشدا هەست بەوە ناکرێت کە گفتوگۆ شیعرییەکە بە دوو دیالێکت بێت، چونکە ئەم دیالێکت گۆڕکێیە هیچ کاریگەرییەك لەسەر باری ئاسایی رەوتی رووداوەکان دروست ناکات و هەست بەوە ناکرێت کەسانی ناو گفتوگۆکان سەر بە دوو کۆمەڵگای زمانی جیاوازبن.

لە کەلامی دەورەی عابدیندا کە سێ سەدە دوای دەورەی شاخۆشینە[2]، دیالێکتی سۆرانی لەپاڵ دیالێکتی هەورامیدا دەبێتە زمانی رازونیازی پیاوە رۆحانیەکانی ئەم دەورەیە، بەمەش سێ زاری ئاخاوتنی جیاواز لەڕێگەی ئاینی یارسانەوە دەکەونە ناو پرۆسەی بەدیالێکتبوونەو دەبن بە زمانی ئاینی دەقە ئاینییەکانی ناو سەرئەنجام.

---

[1] بڕوانە: اول وآخر، سرنجام، آیین یارسان، گرد آوردی و تحقیق: طیب طاهر، انستیتو فرهنگی کورد، سلێمانی، 2007، ص14-17.

[2] بڕوانە: ه.س: 529-621. بۆ دیاریکردنی سەردەمی دەورەی عابدین بڕوانە: مێژووی وێژەی کوردی: 301.

بەم پێیە لەڕێگەی ئاینی یارسانەوە سێ زمانی ئاخاوتن دەکەونە ناو پرۆسەی بەدیالێکتبوونەوەو دەبن بە زمانی ئاینی، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئەم ئاینە نابێتە هۆی ئەوەی کە تاکە زارێکی ئاخاوتن بگۆڕێت بۆ زمانی ئاینی و بەمەش زارەکانی تر هەر لە دۆخی ئاخاوتندا بمێننەوەو بگۆڕێن بۆ زارەکانی زمانە ئاینییەکە. ئاینی یارسان لە هەر کۆمەڵگایەکی زمانیدا دەرکەوتبێت بە زمانی ئەو کۆمەڵگا زمانییە کەلامەکانی تۆمارکراوە، گەر کەلامێکیش لە سنوری چەند کۆمەڵگایەکی زمانیدا دەرکەوتبێت، زاری ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگایانەی کردووە بە زمانی کەلامەکان. گەر ئەو حیکایەتانەی کە لە کەلامەکاندا حیکایەت دەکرێن، لەناو واقیعدا وێنایان بکەین، لەشێوەی کۆمەڵە رووداوێکی زمانی ناو کۆمەڵگایەکی ئاینیدا دەردەکەون کە خەڵکەکەی سەر بە چەند کۆمەڵگایەکی زمانی جیاوازبن و هەریەکەیان بەو دیالێکتە بدوێن کە لە کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆیدا بوونی هەیە. با وادابنێین لەناو یەکێك لەو رووداوە زمانیانەدا کەسێکی هەورامی زمان و کەسێکی لوڕی زمان و کەسێکی سۆرانی زمان هەیەو لەناو رووداوە زمانییەکەدا دەکەونە ناو گفتوگۆیەکی رۆحانیەوە، لەو فەزا رۆحانیەدا ئەو رۆحەی ئاڕاستەی گوتنەکانی هەریەکەیان دەکات رێگە بە هەریەکەیان دەدات ئەوەی کە دەیخاتە سەر زمانی بە دیالێکتەکەی خۆی بیکاتە گوتن، لێرەدا بە سێ دیالێکتی جیاواز ئەو گفتوگۆ رۆحانیە ئەنجام دەدرێت و گفتوگۆکەش بەشێوەیەکی ئاسایی هەروەك گفتوگۆی نێوان سێ کەس کە بە یەك دیالێکت بدوێن تەواودەبێت و هیچ کێشەیەکیش بۆ سێ کەسەکەی ناو گفتوگۆکە دروست نابێت.

ئەم حاڵەتەی سەرەوە لە دەورەی شاخۆشیندا لە گفتوگۆی رۆحانی نێوان پیاوە رۆحانیەکاندا لە چەند شوێنێکدا دەردەکەوێت، لەم حاڵەتەدا یەکێك لە پیاوە رۆحانیەکان بە دیالێکتی هەورامی گوتەکان بەزاریدا دێن و دوای ئەو یەکێکی تریان دەست بە دوان دەکات و گوتەکان بە دیالێکتی لوڕی بەزاریدا دێن و بەم شێوەیە گفتوگۆ رۆحانیە شیعرییەکە بەردەوام دەبێت، جاری واش هەیە گفتوگۆکە بە دیالێکتی لوڕی یان بە دیالێکتی هەورامی بەردەوامی خۆی وەردەگرێت، بەم شێوەیە گفتوگۆکە بە هەردوو دیالێکتەکە دەکرێت و کۆتایی پێدێت[1].

لە دەورەی عابدینی جافدا گفتوگۆکە بە دیالێکتی هەورامی و دیالێکتی سۆرانی دەست پێدەکات و بەپێی کەسانی ناو گفتوگۆکە لە گفتوگۆکەدا دیالێکتگۆڕکێ روودەدات و بەم شێوەیە گفتوگۆکە دەگاتە کۆتایی. لەم دەورەیەدا لەکاتی گفتوگۆکردنەکە تەنها دیالێکتێکیان ناگۆڕێت بەوەی تریان، بەڵکو لەگەڵ دیالێکتگۆڕکێکەدا شێوازە شیعرییەکەش دەگۆڕێت، کاتێك زمانی گفتوگۆکە دیالێکتی هەورامییە شێوازی شیعرەکان لەڕووی کێشەوە دە بڕگەیین و بەیتەکانیش جووت سەروا، بەڵام کاتێك زمانی گفتوگۆکە دەبێت بە دیالێکتی سۆرانی کێشی شیعرەکان لە کێشی دە بڕگەییەوە دەگۆڕێت بۆ جۆرە کێشێکی ترو بەیتەکانیش دەبن بە تاك سەروا[2].

(1) بڕوانە: هـ.س: 18-54.

(2) بڕوانە: هـ.س: 529-621.

حاڵەتی دیالێکتەکان لەناو گفتوگۆ رۆحانیەکانی ناو کەلامەکانی سەرئەنجامدا وێنەیەکی وردی پەیوەندی نێوان زمانی کوردی و دیالێکتەکانی نیشانی ئێمە دەدات و ئێمە لەڕێگەی ئەم وێنەیەوە دەتوانین پەیوەندی سروشتی و ئاسایی نێوان دیالێکتەکانی زمانی کوردی بدۆزینەوە، هەر لەڕێگەی ئەم وێنەیەشەوە دەتوانین ئەوە روون بکەینەوە کە زمانی کوردی کامەیەو چییە؟

ئامادەیی زمانی کوردی لە کەلامەکانی سەرئەنجامدا، ئەو زمانە هاوبەشەیە کە هەموو دیالێکتەکان تیایدا دەبنەوە بە یەك و کەسانی سەر بەو سێ دیالێکتە جیاوازە بۆ تێگەیشتن لە یەکتری بەکاری دەهێنن، واتە لەنێوان کەسانی رۆحانی ناو حیکایەتی کەلامەکاندا هەر دەبێت زمانێکی هاوبەش بۆ ئەو سێ دیالێکتە هەبێت، چونکە گەر زمانێکی هاوبەش لەنێوانیاندا نەبێت، ئەوانیش وەك خەڵکی سەر بەو سێ دیالێکتە جیاوازەی ئەم سەردەمە ناتوانن لە یەکتری تێبگەن. لێرەدا پرسیارێکی لەم جۆرە رووبەڕوومان دەبێتەوە: ئایا ئەو زمانە هاوبەشە چییە کە لە سەردەمی پیاوە رۆحانیەکانی یارساندا زمانی هاوبەشی نێوان ئەو سێ دیالێکتە بووەو بەڵام لەم سەردەمەدا لەنێوان خەڵکی سەر بەو سێ دیالێکتە بوونی نییە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت دوو جۆر لە زمان لە یەکتری جیا بکەینەوە: یەکەمیان زمانی گوتراوە، زمانی گوتراوی کەسێك ئەو زمانەیە کە دەتوانێت پێی ببیستێت و پێشی بدوێت، گەر لە ئاستی نوسینیشدا پێناسەی بکەین, ئەوە زمانی کەسێکە کە دەتوانێت پێی بخوێنێتەوەو پێشی بنوسێت. دووەمیان زمانی بیسراوە، زمانی بیسراو زمانی ئەو کەسەیە کە دەتوانێت پێی ببیستێت، بەڵام ناتوانێت پێی بدوێت. گەر لە ئاستی نوسینیشدا بێت، ئەوە تەنها دەتوانێت پێی بخوێنێتەوەو ناتوانێت پێی بنوسێت.

لەسەردەمی یارسانەکاندا زمانی هاوبەشی نێوان ئەو سێ دیالێکتە زمانی بیسراو بووە، واتە خەڵکی سەر بەو سێ دیالێکتە لەکاتی گفتوگۆکردندا بە دیالێکتەکەی خۆی دواوەو بە دیالێکتی بەرامبەرەکەی بیستوویەتی، ئەمەش وایکردووە هەموویان لە کاتی ئاخاوتندا زمانە گوتراوە جیاوازەکان بە یەك زمان ببیستن، بەڵام هەریەکەشیان بە زمانی جیاوازی خۆی بدوێت. ئەمەش خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە جیهانی ئاماژەپێدراوەکانی هەموویان یەکە، بەڵام جیهانی ئاماژەدەرەکانیان جیاوازە. ئەوەی وایکردووە جیهانی ئاماژەپێدراوەکانیان ببێتەوە بە یەك، ئامادەیی ئەو فەزا رۆحانیەیە کە لەکاتی گفتوگۆی ئەواندا لەناو هەموویاندا ئامادەیی هەبووە، واتە ئەوان لە ناوەوە لەناو هەمان فەزای رۆحیدان و ئەوەی کە لەناو ئەو فەزا رۆحانیەدا بوون پەیدا دەکات بۆ هەموویان هەمان شتەو ئەمەش وادەکات تووشی کێشەی ناهەماهەنگی ماناکان لەگەڵ فۆڕمە دەنگییەکاندا نەیەن.

ئەوەی گێلنەر لەبارەی کێشەی جیاوازی زمانەکان لەناو کۆمەڵگای پیشەسازیدا دەیڵێت و پێیوایە بەهۆی پەرەسەندنی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان و گەیشتنی هەموویان بەهەمان ئاستی پەرەسەندن، وادەکات جیهانی ئاماژەپێدراوەکانی هەموو کۆمەڵگاکان ببێتەوە بەیەك و جیاوازی زمانەکانیش بگۆڕێت بۆ جیاوازی فۆڕمە دەنگییەکان، بۆ کۆمەڵگای ئاینی یارسانەکان دەستدەدات نەك بۆ کۆمەڵگا پیشەسازییەکان، ئەمەش لەبەر یەك هۆی سادە، ئەویش ئەوەیە کە بە یەکبوونی جیهانبینی و بوونەوەرە زەینییەکانی ناو جیهانی زەین،

ئاماژەپێدراوەکانی زمانە جیاوازەکان دەبن بە هەمان ئاماژەپێدراو، نەك بەیەکبوونی جیهانی ماددی و شتە ماددییەکانی ناو ئەو جیهانە.

سۆسۆر بەوردی پەی بەو راستییە بردووە کە ئاماژەپێدراوەکان بوونێکی زەینییان هەیەو لەناو زەیندان و وێنەی شتەکانی ناو واقیعن و خودی شتەکانی ناو واقیع نین، بۆیە ناکرێت بەهۆی گۆڕینی شتەکانی ناو واقیعی کۆمەڵگا جیاوازەکان بەهەمان شت، جیهانبینی و وێناکردنی شتەکانیش لەلایان ببێتەوە بەیەك. کاتێك جیاوازی نێوان چەند زمانێك دەبێت بە جیاوازییەکی دەنگی رووت، کە جیهانبینی و وێناکانی ناو زەینی کەسانی سەر بەو سێ زمانە جیاوازە بووبێتنەوە بەیەك، لە غیابی یەکبوونێکی لەو جۆرەدا مومکین نییە کەسانی ناو سێ کۆمەڵگای زمانیی جیاواز لەکاتی گفتوگۆکردندا لەگەڵ یەکتری هەریەکە زمانە جیاوازەکەی خۆی بەکار بهێنێت، لە دروستبوونی گفتوگۆیەکی لەو جۆرەدا دەبێت جیهانبینی و بوونەوەرە زەینییەکانی ناو زەینی کۆیی خەڵکی ئەو کۆمەڵگا زمانییە جیاوازانە پێشتر بووبێتنەوە بەیەك. واتە پێشمەرجی دروستبوونی پەیوەندییەکی لەو جۆرە لەناو چەند زمانێك یان دیالێکتێکی جیاوازدا ئەوەیە کە یەك جیهانبینی و یەك جۆر لە دەرکەوتنی شتەکان لەناو ئەو جیهانبینییەدا بوونی هەبێت.

کاتێك دەڵێین زمانی هاوبەشی نێوان دیالێکتەکان لە کۆمەڵگای ئاینی یارسانەکاندا زمانێکی بیسراوە، مەبەستمان لە زمانی بیسراو ئەو زمانەیە کە گوتراوەکانی دیالێکتە گوتراوەکان لە کۆمەڵە فۆڕمێکی دەنگی جیاوازەوە دەگۆڕێت بۆ ئەو بوونەوەرە عەقڵییانەی کە بەهۆی دۆخە رۆحییەکەی ناو گفتوگۆکەوە لە جیهانی عەقڵەوە دادەبەزنە ناو زەینی کۆیی هەموو قسەکەرە زمان جیاوازەکانی ناو ئەو گفتوگۆیە. ئەوەی کە دەکرێت بە گوتن، لەبەرئەوەی لە یەك عەقڵەوە دەرکەوت دەکاتە ناو یەك زەینی کۆیی، لەناو زەینی هەیەك لە قسەکەرە زمان جیاوازەکاندا هەمان شتەو لە هەمان چۆنایەتیدا لە زەینیاندا دەرکـەوتووە، ئەمەش وادەکـات بەهۆی ئامادەیی رۆحی نەتەوە لەناو هەریەکەیاندا، جیهانی زەینی ئەوان ببێتەوە بەیەك جیهان و هەموویان وەك ئەو جیهانە ببینن کە لەو زەینە کۆییەدا ئامادەیی پەیداکردووە، بەمەش ئەوان دەبنە خاوەنی هەمان جیهانبینی، کە بوونە خاوەنی هەمان جیهانبینیش، ئەوا جیاوازییە زمانیەکانیان تەنها دەبێتە جیاوازی فۆڕمە دەنگییەکان/ ئاماژەدەرەکان، چونکە بوونەوەرە زەینییەکانی ناو جیهانبینی هەریەکەیان بەهۆی کەشوهەوا رۆحانییەکەو ئامادەیی عەقڵەوە بوونەتەوە بەیەك و جیاوازی لەنێوانیاندا نەماوە، کە ئەم جیاوازییانەش لە بوونەوەرە دەرکەوتووەکانی ناو جیهانبینی ئەواندا نەمان، ئەو کات لە گفتوگۆی ئەواندا ئەوەی جیاوازییە زمانییەکانی نێوان قسەکەرانی ئەو سێ دیالێکتە دێنێتەئاراوە، ئاماژەدەرەکانی ئەو سێ دیالێکتە دەبن و ئاماژەپێدراوەکانیان نابن. واتە ئاماژەپێدراوەکان بەهۆی یەکبوونیانەوە لەناو جیهانبینی قسەکەرانی ئەو سێ دیالێکتە، لەوە دەکەون جیاوازییە زمانییەکانی دیالێکتەکانی خۆیان دەرکەوت پێبکەن، بۆیە ئەوەی کە لەم حاڵەتە زمانییەدا بەردەوامی بە جیاوازییەکانی ئەو سێ دیالێکتە دەدات، تەنها ئاماژەدەرە جیاوازەکانی ئەو سێ دیالێکتەن.

کاتێك ئاماژەپێدراوەکانی سێ دیالێکت لە یەك جیهانبینیدا دەردەکەون، دەبنە هەڵگری هەمان چۆنایەتی بینراو، لێرەشدا ئەوەی بە چۆنایەتییە گوتراوە جیاوازەکان دەبیسترێت، بەهەمان چۆنایەتی دەبێت بە بیسراو، چونکە گوتنێك نابێت بە بیسراو گەر بیسەرەکەی ئاماژەپێدراوەکانی ئەو گوتنە لەناو جیهانبینی خۆیدا نەبینێتەوە. بۆیە کاتێك زمانی بیسراو دەبێتە زمانی هاوبەشی کۆمەڵە زمانێکی گوتراوی جیاواز کە گوتە بیسراوە جیاوازەکان بە بینینەوەی هەمان ئاماژەپێدەری بینراو بکات بە گوتنێکی بیسراو. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت بنەمای بوونی زمانی بیسراو بینینەوەی ئاماژەپێدراوی گوتراوەکانە لەناو جیهانبینییەکەدا، ئەوەش وادەکات یەك زمانی بیسراو ببێت بە زمانی بیسراوی چەند زمانێکی گوتراوی جیاواز، یەکبوونی جیهانبینی ئەو کەسانەیە کە بەو چەند زمانە جیاوازە دەدوێن و بەڵام هەمان شت لە یەکتری دەبیستن.

زمانی عەقڵی زمانی بیسراوی چەند زمانێکی گوتراوی جیاوازە، چونکە زمانی بیسراو مەحکومە بەوەی کە عەقڵییە، بەڵام زمانی گوتراو مەحکومە بەوەی کە سروشتی و ماددییە، بۆیە کاتێك کە سی زمانی ئاخاوتنی سێ کۆمەڵگای جیاواز دەگۆڕێن بۆ زمانی ئاینی دەقەکانی یەك ئاین و یەك کۆمەڵگای ئاینی، دەبێت ئەو سێ کۆمەڵگا زمانییە رۆحی نەتەوە لەناو عەقڵی کۆیی هەریەکەیاندا ئامادە بووبێت و ئەوانیش هۆشیارییان پێ پەیدا کردبێت و بەهۆی ئەم هۆشیارییەشەوە بیریان لەوە کردبێتەوە کە لە سەرووی ئەو سیستەمی سروشتییەوە کە حوکمی پەیوەندییە سروشتییەکانیان دەکات، بەپێی ئەو سیستەمە عەقڵییەی کە رۆحی نەتەوە لەناو عەقڵی کۆیی هەریەکەیاندا ئامادەی کردووە، بکەونە ناو جۆرێکی تریش لە پەیوەندی کە پەیوەندی عەقڵییە، ئەمەش بەوە دەبێت کە ئەوەی لە رۆحی نەتەوەوە دێتە ناو عەقڵی کۆیی و جیهانبینی یەکێکیان بچێتە ناو عەقڵی کۆیی و جیهانبینی دووانەکەی تریشیان، لەگەڵ روودانی ئەمەشدا لەبری سێ جیهانبینی سروشتی جیاواز، یەك جیهانبینی عەقڵی دێتەئاراوە، کاتێکیش ئەو سێ جیهانبینییە سروشتییە جیاواز دەبن یەك جیهانبینی، هەر سێ زمانە بیسراوە سروشتییەکەی ئەوانیش دەبن بە یەك زمانی بیسراوی عەقڵی، ئەو زمانە بیسراوە عەقڵییەش ئەو زمانەیە کە ئێمە ناومان ناوە زمانی کوردی. کەوابێت زمانی کوردی زمانێکی پێوانەیی و نوسراو نییە، بەڵکو زمانێکی بیسراوی عەقڵییەو زمانی ئاماژەپێدراوەکانی کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکانە، دیالێکتە کوردییەکانیش زار ئاخاوتنی زمانی کوردی نین، بەڵکو زمانی گوتراوی کوردین کە زمانی ئاماژەدەرەکانە.

لەمەشەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە دەرکەوتن و بزربوونی زمانی کوردی لە پەیوەستبوونێکی ئەنتۆلۆجیدایە لەگەڵ دەرکەوتن و بزربوونی رۆحی نەتەوەیی کورددا، ئەم پەیوەستبوونەش پەیوەستبوونێکی راستەوانەیە، واتە چەند رۆحی نەتەوەیی کورد لەناو جەستەی کورددا ئامادەیی پەیدا بکات، ئەوەندە زمانی کوردیش لەنێوان کۆمەڵگا زمانییە جیاوازە کوردییەکاندا ئامادەیی پەیدا دەکات و دەبێتە زمانی هاوبەشی نێوانیان. بەپێچەوانەشەوە رۆحی نەتەوەیی کورد تا چەند لە جەستەکەی دوورکەوێتەوەو بزر ببێت، ئەوەندەش زمانی کوردی وەك زمانی هاوبەشی دیالێکتە جیاوازەکان لە دیالێکتەکان دوور دەکەوێتەوەو بوونی بەگوێرەی ئەوان لاوازدەبێت و ئەو کێشەیە دێتەئاراوە کە لە ئێستادا بە کێشەی دیالێکتە کوردییەکان و زمانی کوردی

ناسراوە. ئەمەش خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کێشەی نەتەوەیی کوردو کێشەی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی دوو فۆڕمی جیاوازی هەمان کێشەن و بەبێ چارەسەربوونی یەکێکیان ئەویتریان چارەسەر نابێت و بە چارەسەر بوونی یەکێکیان ئەوی تریشیان چارەسەر دەبێت.

ئەو حاڵەتە زمانییەی سەرەوە پەیوەندی زمانی کوردی و دیالێکتە ناکرمانجییەکان دەخاتەڕوو، بەڵام هیچمان لەبارەی پەیوەندی زمانی کوردی و دیالێکتی کرمانجی بۆ روون ناکاتەوە، چونکە ئاینی یارسان ئەم دیالێکتەی نەکردووە بە زمانی کەلامەکانی خۆی و تەنها دیالێکتە ناکرمانجییەکانی کردووە بە زمانی کەلامەکان و زاری ئاخاوتنی کرمانجی لەڕێگەی کەلامەکانەوە وەك زاری ئاخاوتنی لوڕی و هەورامی و سۆرانی بە پرۆسەی بەدیالێکتبووندا نەڕۆیشتووە، ئەوەی زاری کرمانجی لەڕێگەیەوە دەبێت بە دیالێکت رێورەسمە رۆحانی و کۆمەڵایەتییەکانی ئاینی یەزیدی و کۆمەڵگا ئاینییەکەیەتی. گەر زمانی کوردی لەڕێگەی دیالێکتە ناکرمانجییەکان بووبێت بە زمانی بیرو تێڕامانی ئاینی، ئەو لەڕێگەی دیالێکتی کرمانجییەوە بووە بە زمانی رێورەسم و کارو کردەوە ئاینییەکان، واتە زمانی کوردی لە دیالێکتە ناکرمانجییەکاندا دەبێت بە زمانی تیۆری ئاینی حەقیقەت، بەڵام لە دیالێکتی کرمانجیدا دەبێتە زمانی پراکسیس و کردە واقیعییەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا کە کورد لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامییەوە تا ئەم ساتەوەختەش ئەوەی لەناویدا رۆحانییە جیا دەکرێتەوە لەوەی کە لە ناویدا جەستەیی و سروشتییە، هەر لەناوەوە تووشی دابڕان و پەرتبوون نەهاتووەو یەکبوونی خۆی پاراستووەو هیچ بەشێك لە بەشەکانی لە پابەندبوونی بە رۆحە نەتەوەییەکەوە نەبچڕاوە.

کاتێك دەڵێین ئاینی یارسان گوزارشتێکی تیۆری و هزرییە لە ئاینی حەقیقەت و دیالێکتە ناکرمانجییەکان زمانی تیۆریی ئاینی حەقیقەتن و ئاینی یەزیدیش گوزارشتێکی کردەییە لە ئاینی حەقیقەت و دیالێکتی کرمانجیش زمانی کردەیی رێورەسمی ئاینی حەقیقەتە، بەمە ئەو راستییە دەخەینەڕوو کە دابڕانی بەشی رۆحانی کورد لە بەشە جەستەییەکەی دابڕانێکی دەرەکییەو لە ناوەوە ئەو دابڕانە بوونی نییە، ئەمەش زۆر بە ئاسانی لە ئاینی یارسان و ئاینی یەزیدی و یەکبوونیان لە ئاینی حەقیقەتدا هەستی پێدەکرێت.

ئاینی حەقیقەت ئاینێکە چۆن لەناو کۆمەڵگا ناکرمانجەکاندا بوونی هەبووە، ئاوەهاش لەناو کۆمەڵگا کرمانجییەکاندا بوونی هەبووە. گەر لە هەردووکیاندا بوونی نەبووایە لەشێوەی دوو ئاینی جیاوازدا دەرنەدەکەوت و دەبووایە یەکێکیان ئاین بووایەو ئەوی تریان مەزهەبی ئەو ئاینە بووایە، بەڵام نە ئاینی یارسان مەزهەبی ئاینی یەزیدییەو نە ئاینی یەزیدیش مەزهەبی ئاینی یارسانە، بەڵکو هەردووکیان دوو ئاینی دەرکەوتووی یەك ئاینی عەقڵین و لەناو ئاینە عەقڵییەکەی کورددا یەکن. ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە زمانی ئاینیی هەردوو ئاینەکەش لەناو زمانێکی عەقڵیدا یەکن، ئەو زمانەش زمانی کوردییە.

گەر بەراوردێك بکەین لەنێوان مەزهەبی سوننی و مەزهەبی شیعی و پەیوەندییان بە ئیسلامی تۆمارکراوەوە، لەگەڵ ئاینی یارسان و ئاینی یەزیدی و پەیوەندییان بە ئاینی حەقیقەتەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مەزهەبی شیعی وەك ئیسلامی تەقلیدی کۆمەڵگا فارسی زمانەکان و دەرکەوتنی ئەو

ئیسلامی تۆمارکراوەیە کە ئاینی کۆمەڵگا عەرەبی زمانەکان بووەو دواتر گوازراوەتەوە بۆناو کۆمەڵگا فارسی زمانەکان. گواستنەوەی ئاسۆییانەی ئیسلامی تۆمارکراو بۆناو کۆمەڵگا فارسییەکان، ئیسلامی تۆمارکراو دەگۆڕێت بۆ مەزهەب و مەزهەبی شیعی وەك یەکێك لە مەزهەبەکانی ئیسلامی تۆمارکراو دەردەکەوێت.زمانی فارسی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا دەبێتە زمانی کتێبە مەزهەبییەکانی ئەو مەزهەبە، کاتێکیش کە ئیسلامی تۆمارکراو لە رێگەی بنەماڵەی ئومەوییەوە ئاسۆییانە دەگوازرێتەوە بۆناو کۆمەڵگا زمانییە عەرەبییەکان و بەعەرەبیکراوەکان لە مەزهەبی سوننیدا دەردەکەوێت و کتێبە مەزهەبییەکانی ئەم مەزهەبەش بەهەمان ئەو زمانە دەنوسرێن کە زمانی ئیسلامی تۆمارکراوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئیسلامی تۆمارکراو و زمانەکەی لە کۆمەڵگا بەعەرەبکراوەکاندا بەهۆی بەغەیرکردنی خۆیەوە لە مەزهەبی سوننەدا دەردەکەوێت و زمانەکەی خۆیشی دەبێت بە زمانی دەقە مەزهەبییەکانی ئەو مەزهەبە، بەڵام لە کۆمەڵگا فارسییە داگیرکراوەکاندا بەهۆی پرۆسەی بەخۆکردنی غەیرەوە لە مەزهەبێکی تردا دەردەکەوێت کە مەزهەبی شیعەیەو لێرەدا ئیسلامی تۆمارکراو جگە لە زمانە عەرەبییەکەی خۆی رێگە دەدات بە زمانی فارسیش لەپاڵ زمانی عەرەبیدا ببێت بە زمانی دەقە نوسراوە مەزهەبییەکانی ئەو مەزهەبەو رێوڕەسمەکانی. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئیسلامی تۆمارکراو ئاسۆییانە لە کۆمەڵگا عەرەبی زمانەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆناو کۆمەڵگا فارسی زمانەکان و ئەمەش وادەکات هەردوو مەزهەبە ئاینییەکەو زمانە مەزهەبییەکەیان یەکنوێنی ئیسلامی تۆمارکراو و زمانەکەی بن، بەمەش ئەوەی فارس لە کۆمەڵگا ئاینییەکانی خۆی و زمانی ئەو کۆمەڵگایانەدا دەینوێنێت، هەمان ئەوەیە کە عەرەبەکان و بەعەرەبکراوەکان لە کۆمەڵگا ئاینییەکانی خۆیان و زمانی کۆمەڵگاکان دەینوێنن، بەڵام پێچەوانەی ئەمە راست نییە، واتە لە نواندنی ئیسلامی تۆمارکراودا فارس شوێنکەوتەی عەرەبەو عەرەب شوێنکەوتەی فارس نییە، یان هەردووکیان شوێنکەوتەی یەك شت نین، چونکە ئیسلامی تۆمارکراو لە یەکێکیانەوە بەرەو ئەوی تریان چووە.

ئاینی یارسان و زمانە ئاینییەکەی کە دیالێکتە ناکرمانجییەکانن، لەگەڵ ئاینی یەزیدی و زمانە کرمانجییەکەی، وەك مەزهەبی شیعەو مەزهەبی سوننەو زمانەکانیان، هیچیان شوێنکەوتەی ئەویتریان نییەو هەردووکیان شوێنکەوتەی ئاینی حەقیقەت و زمانی کوردین، کە هەردووکیان بوونێکی عەقڵی و ناتۆمارکراو و نادیاریان هەیە. ئەمەش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە هەردوو ئاینەکەو زمانەکانیان لە پەیوەندییەکی ئاسۆییدا نین و ئاینی حەقیقەت لە کۆمەڵگا ئاینی و زمانییەکانی هیچ یەکێکیانەوە وەك ئاینێکی تۆمارکراو نەگوازراوەتەوە بۆ ئەویتریان.ئەمە دوو ئاینە هەردووکیان لە پەیوەندییەکی ستونیدان لەگەڵ ئاینی حەقیقەتدا کە ئاینێکی عەقڵی و ناتۆمارکراوە، زمانە ئاینییەکانی هەردووکیشیان بەهەمان شێوەی خۆیان لە پەیوەندییەکی ستونیدان لەگەڵ زمانی کوردیدا کە ئەویش وەك ئاینی حەقیقەت زمانێکی عەقڵییەو وەك ئەوەی کە عەقڵییە نەبووە بە زمانێکی گوتراو و زمانێکی نوسراو، بەڵکو لەڕێگەی کۆمەڵە دیالێکتێکی جیاوازەوە خۆی دەکات بە زمانی گوتراو و نوسراو، کە لە یەکتری جیاوازن و هەریەکەیان بوونی سەربەخۆی خۆی هەیە.

رۆحی نەتەوەیی کورد چۆن ئاینی حەقیقەت و زمانی کوردی لە کۆمەڵگا زمانییە ناکرمانجییەکاندا لەشێوەی ئاینی یارسان و دیالێکتە ناکرمانجییەکان لەشێوەی ئاینی یارساندا عەینی دەکاتەوە، ئاوەهاش ئاینی حەقیقەت و زمانی کوردی لە کۆمەڵگا زمانییە کرمانجییەکاندا لەشێوەی ئاینی یەزیدیدا عەینی دەکاتەوە. رۆحی نەتەوەیی کورد لە ئاینی حەقیقەت و زمانی کوردی دەخوازێت سیستەمە عەقڵییە ناوەندگیرەکەی لەخۆیەکی بەغەیرکراو و غەیرێکی بەخۆکراودا عەینی بکەنەوە، کاتێك ئاینی حەقیقەت و زمانی کوردی لەشێوەی ئاینی یارسان و فرە زمانییەکەیدا سیستەمە عەقڵییەکەی ناوخۆی عەینی دەکاتەوە، بەمە ئەو سیستەمە عەقڵییە لەخۆیەکی بەغەیرکراودا عەینی دەبێتەوە. ئەو خۆیە بەغەیرکراوەش ئەوەیە کە لەناو کورددا رۆحییەو لەوە جیاکراوەتەوە کە جەستەییە، بۆیە ئاینی یارسان لەشێوەی ئاینێکی فکری و فەلسەفی و تیۆریدا دەردەکەوێت و ئەو دیالێکتانەش کە دەبن بە زمانی ئەو ئاینە دەبن بە زمانی فەلسەفەو فکری ئەو ئاینە، بەمەش ئاینی حەقیقەت لە بیرێکی عەقڵی و پەتی و نادیاریکراوەوە دەبێت بە بیرێکی عەقڵی و عەینی دیاریکراو، زمانەکانیشی بەهەمان شێوە دەبن بە زمانی بیرێکی عەقڵی دیاریکراو.

بەڵام کاتێك ئاینی حەقیقەت لەوەدا خۆی عەینی دەکاتەوە کە کردەیی و جەستەییە، لەشێوەی ئاینێکی کردەیی رێوڕەسمداردا خۆی عەینی دەکاتەوە، بەمەش دەتوانێت ئەو سیستەمە عەقڵییەی ناوخۆی بگۆڕێت بۆ کۆمەڵە رێوڕەسمێکی کۆمەڵایەتی دیارو بەرجەستە، لەم عەینی بوونەوەی ئاینی حەقیقەتدا ئاینی یەزیدی وەك ئاینێکی کردەیی رێوڕەسمداری ناو کۆمەڵگایەکی ئاینی دەردەکەوێت. دەرکەوتنی ئاینی حەقیقەت لە ئاینێکی لەم جۆرەدا ئەوە دەگەیەنێت کە سیستەمە عەقڵییەکەی ناوخۆی لە جەستەیەکی کۆمەڵایەتیدا لەشێوەی کۆمەڵە رێوڕەسمێکی ئاینیدا عەینی کردووەتەوە. ئەم جۆرە لە عەینی بوونەوەش عەینی بوونەوەی بیرە وەك سیستەمێکی عەقڵی لەناو ئەوەی کە جەستەیی و ماددیەو غەیری بیرە. لێرەدا ئاینی حەقیقەت و زمانی کوردی سیستەمە عەقڵییەکەی رۆحی نەتەوەیی کورد لە غەیرێکی بەخۆبوودا عەینی دەکەنەوەو بەمەش خۆیان لە بوونەوەرێکی عەقڵی و هزرییەوە دەگۆڕن بۆ بوونەوەرێکی ناهزری و کردەیی. ئاینی حەقیقەت لەم عەینی بوونەوەی خۆیدا لە ئاینێکی عەقڵی نادیاریکراوەوە نابێت بە ئاینێکی عەقڵیی دیاریکراو، بەڵکو دەبێت بە ئاینێکی کردەیی و واقیعی ناو کۆمەڵگاکان. بەهەمان شێوە زمانی کوردیش لێرە لە زمانێکی عەقڵییەوە نابێت بە زمانێکی عەقڵیی دیاریکراو بە کۆمەڵە دیالێکتێك، بەڵکو دەبێت بە زمانێکی کردەیی و واقیعی ناو کۆمەڵگاو کۆمەڵگا کاروبارە واقیعییە ئاینییەکانی خۆی پێ بەڕێوە دەبات.

ئاینی حەقیقەت کە لەشێوەی ئاینی یارساندا خۆی عەینی دەکاتەوە، بەو چۆنایەتییانە خۆی عەینی دەکاتەوە کە چۆنایەتییەکانی بیرو تێڕامانن، بەڵام کاتێك لەشێوەی ئاینی یەزیدییەتدا خۆی عەینی دەکاتەوە، بەو چۆنایەتییانە خۆی عەینی دەکاتەوە کە چۆنایەتییەکانی کردارو رێوڕەسمە ئاینییەکانن. فرمانەکانی ئاینی حەقیقەت دوو جۆرن: یەکەمیان فرمانەکانی بیرکردنەوەو زیکرن، دووەمیان فرمانەکانی کردارو رێوڕەسمە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانن. فرمانەکانی بیرکردنەوەو زیکر کردن بۆ شێوەگیربوونیان پێویستیان بەو

چۆنایەتییانە هەیە کە لەناو سروشتی کۆیی کۆمەڵگا ناکرمانجی زمانەکاندا هەن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت چۆنایەتییەکانی بیرکردنەوەو تێڕامان لەناو سروشتی کۆیی ئەو کۆمەڵگایانەدایە، بەڵام فرمانەکانی کردارو جوڵەو رێوڕەسمەکان پێویستیان بەو چۆنایەتییانە هەیە کە لەناو سروشتی کۆیی کۆمەڵگا کرمانجییەکاندا هەن، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە چۆنایەتییەکانی کارو کردەوەکانی ئاینەکە لەناو سروشتی کۆیی کۆمەڵگا کرمانجییەکاندایە.

بەهەمان شێوە زمانی کوردیش وەك زمانێکی عەقڵی هەڵگری ئەو دوو جۆرەیە لە فرمان، کاتێك دەیەوێت فرمانەکانی بیرکردنەوەو تێڕامان لە کۆمەڵە چۆنایەتییەکی زمانیدا شێوەگیر بکات، ئەو چۆنایەتییە زمانییانە دەخاتە گەڕ کە لەناو سروشتی کۆیی کۆمەڵگا زمانییە ناکرمانجییەکاندا هەن، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زمانی ئەو کۆمەڵگایانە زمانی بیرو تێڕامانەو زمانی هەڵسوڕاندنی کاروبارە کۆمەڵایەتی پیشەییەکان نییە. بەڵام کاتێك زمانی کوردی فرمانی کارو کردەوەو رێوڕەسمەکان لە چۆنایەتییە زمانییەکاندا شێوەگیر دەکات، ئەو چۆنایەتییانە هەڵدەبژێرێت کە لە سروشتی کۆیی کۆمەڵگا کرمانجی زمانەکاندا هەن، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە سازترین چۆنایەتی زمانی ئەو فرمانانە لەناو سروشتی کۆیی ئەو کۆمەڵگا زمانییانەدان.

کاتێك زمانی کوردی لە پرۆسەی بەزمانبوونی خۆیدا دەیەوێت ببێت بە زمانی بیرو تێڕامان، ئەوا سازترین چۆنایەتییەکانی خۆی لەناو سروشتی کۆیی کۆمەڵگا ناکرمانجی زمانەکاندا دەدۆزێتەوەو لەڕێگەیانەوە دەبێت بە زمانی بیرو تـێـڕامانی ئاینی و فەلسەفی. زمانی بیرو تێڕامان جیاوازە لە زمانی کارو کردەوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ...هتد، بۆیە مومکین نییە زمانی کوردی بە چۆنایەتییەکانی ناو سروشتی کۆیی ئەم کۆمەڵگا زمانییانە بگۆڕێت بۆ زمانی رێوڕەسمەکان، کاتێکیش یەکێك لەو کۆمەڵگا زمانییانە بیەوێت دیالێکتەکەی خۆی بکات بە زمانی رێوڕەسمەکان، دەبێت پەنا بۆ زۆر و سەرکوتکردن نەبات، چونکە لە رێگەی زۆر و سەرکوتکردنەوە ناگات بەهیچ ئاکامێك، کاتێك ئەو کۆمەڵگا زمانییە بەم جۆرە هەڵسوکەوت دەکات ئەنجامی کارەکەی هەروەکو ئەنجامی کاری ئەو بێگانانە دەبێت کە ویستوویانە لەڕێگەی هێزو سەرکوتکردنەوە زمانەکەی خۆیان بکەن بە زمانی هەموو رێوڕەسمێکی ناو کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکان.

زمانی کوردی و رۆحی نەتەوەیی کورد خۆی ئەرکی زمانیی دەخاتە ئەستۆی دیالێکتە کوردییەکان، بۆیە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەرکی هەریەك لە دیالێکتەکان دەبێت لە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی دیالێکتەکاندا لەو سیستەمە رامێنین کە لەناو زمانی کوردیدا هەیەو لە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زارە کوردییەکاندا خۆی ئاشکرا دەکات و بەمەش ئەرکی زمانیی هەریەك لە دیالێکتەکان دیاری دەکات و ئەرك و رۆڵە جیاوازەکانی خۆی لەڕێگەی چۆنایەتییە جیاوازەکانی هەریەکەیانەوە جێبەجێ دەکات.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت زمانی کوردی و دیالێکتە کوردییەکان لەکێشەدا نین و ئەو لێکۆڵەرانەی کە باس لە کێشەیەکی لەو جۆرە دەکەن، ئەوە کێشەکە لەناو بیرکردنەوەی خۆیاندایە، ئەم کێشەیەی ناو بیرکردنەوەی ئەوانیش سەرچاوەی لەوەوە گرتووە کە ئەوان نەیانتوانیوە لە واقیعی زمانی کوردی و دیالێکتە

کوردییەکانەوە بگەنە بیرکردنەوەیەکی تیۆری لەو جۆرە کە بۆ شیکردنەوەی ئەم پەیوەندییە لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا دەست بدات، بەڵکو ئەوان بەپێی ئەو تیۆرانەی بواری دیالێکتۆلۆجی بیر لە پەیوەندی نێوان زمانی کوردی و دیالێکتەکان دەکەنەوە کە لە واقیعی پەیوەندی نێوان زمانە ئامێرییەکانی سەردەمی مۆدێرنەو زمانە بەزارەکیکراوەکانی ئەو زمان ئامێرییانە تیۆریزە کراون، یان لە واقیعی پەیوەندی نێوان زمانێکی ئامێریی دیاریکراو و زمانە بەزارکراوەکانی لە مەسەلەکە دەڕوانن. کاتێکیش بەو جۆرە لە بیرکردنەوەی تیۆری و نمونەییەوە لە حاڵەتی زمانی کوردی دەڕوانن، ناهەماهەنگی لەنێوان واقیعی زمانی کوردی و بیرکردنەوە تیۆرییە نمونەییەکەی ئەواندا دێتەئاراوەو لەمەشەوە دەگەنە ئەو دەرەنجامەی کە زمانی کوردی و دیالێکتەکانی پڕ کێشەن، چونکە ئەوە واقیعی ئەوانە لەگەڵ تیۆرەکەدا هەماهەنگ نابێتەوە، لەکاتێکدا ئەمە تەواو پێچەوانەیەو ئەوە بیرکردنەوە تیۆرییەکەی ئەوانە ناتوانێت لەگەڵ واقیعی زمانی کوردیدا هەماهەنگ بێتەوە، چونکە دەبێت بیرکردنەوەی تیۆری خۆی لەگەڵ واقیعی ئەنتۆلۆجی بابەتی لێکۆڵینەوەدا هەماهەنگ بکاتەوە، نەك بەپێچەوانەوە.

بەپێی لێکدانەوەکەی سەرەوە لەو قۆناغەدا کە زمانی کوردی لەڕێگەی دیالێکتە جیاوازەکانی خۆیەوە دەبێت بە زمانێکی ئاینی، هیچ کێشەیەك لەنێوان زمانی کوردی و دیالێکتە جیاوازەکانی ئەم زمانەدا نایەتە ئاراوەو دیالێکتیەکان بەهیچ شێوەیەك ناکەونە ناو ململانێ لەپێناو ئەوەدا یەکێکیان ببێت بە زمانی ئاین و ئەوانی تریان وەك زمانی ئاخاوتن بمێننەوە، زمانی کوردی کاتێك دەیەوێت لەشێوەی زمانێکی ئاینیدا دەرکەوێت، بەپێی سیستەمە عەقڵییە ناوەندگیرەکەی ناو رۆحی نەتەوەیی کورد مامەڵە لەگەڵ زمانە جیاوازەکانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکاندا دەکات و بەپێی ئەو سیستەمە بە پرۆسەی بەدیالێکتبوونیاندا دەبات.

زمانی کوردی وەك ئاینی حەقیقەت لەسەرەتادا لەشێوەی دوو زمانی ئاینی جیاوازدا خۆی ئاشکرا دەکات: زمانی بیرو تێڕامانی ئاینی، زمانی کارو کردەوە رێوڕەسمدارەکان. بۆ عەینی کردنەوەی خۆی لە زمانی بیرو تێڕامانە ئاینییەکاندا چۆنایەتییە زمانییەکانی ناو کۆمەڵگا زمانییە ناکرمانجییەکان هەڵدەبژێرێت، بەڵام بۆ عەینی کردنەوەی خۆی لە زمانی کارو کردەوە ئاینییە رێوڕەسمدارەکاندا، خۆی بە چۆنایەتییە زمانییەکانی ناو کۆمەڵگا زمانییە کرمانجییەکان عەینی دەکاتەوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت یەك زمانی کوردیمان هەیەو لە دوو زمانی ئاینی ئەرك جیاوازو چۆنایەتی جیاوازی یەکنوێندا خۆی ئاشکرا دەکات، ئەم جۆرە خۆ ئاشکراکردنەشی بەپێی هەمان ئەو سیستەمە عەقڵییەیە کە لەناو رۆحی نەتەوەیی کورددا بوونی هەیە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی زمانی کوردی هەڵگری هەمان سیستەمی ناوەندگیرەو پەیوەندی نێوان دیالێکتەکانیشی پەیوەندییەکی هەماهەنگانەو ناوەندگیرانەیەو پەیوەندی حوکمکردن و بەسەر یەکدا زاڵبوون نییە، ئەو پەیوەندییە هەماهەنگە ناوەندگیرەش لەوێوە هاتووەتە ئاراوە کە هەریەك لەو دوو زمانە ئاینییە بە چۆنایەتییە جیاوازەکانی خۆیان هەمان زمانی عەقڵی دەنوێنن، ئەو زمانە عەقڵییەش کە زمانی کوردییە

لەگەڵ هەریەکەیاندا ساز هەماهەنگە، چونکە فرمانەکانی خۆی لە سازترین چۆنایەتی ناو سروشتی کۆیی کۆمەڵگا زمانییەکانی خۆیدا شێوەگیرکردووە.

زمانی کوردی تەنها لە ئاستی دوو زمانە ئاینییەکەدا هەڵگری مۆرکی ناوەندگیری نییە، لە ئاستی ئاینە فرە زمانەکەشیاندا پەیڕەوی هەمان سیستەمی کردووەو دیالێکتەکانی زمانی ئاینی کۆمەڵگا زمانییە یارسانییەکان بەهەمان شێوە بەپێی سیستەمە عەقڵییە ناوەندگیرەکە لەناو پەیوەندیدان و هەموویان هەماهەنگ و یەکنوێنن و هیچیان بەسەر ئەوانی تریاندا زاڵنەبووە، هەریەکەیان بە چۆنایەتییە سروشتییەکانی خۆی، هەمان بیرکردنەوەو تێڕامانی زمانە ئاینییە عەقڵییەکە دەنوێنن و لەودا یەکن و لەنێوان خۆیاندا جیاوازن. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زمانی کوردی کاتێك وەك زمانی ئاین دەردەکەوێت، نابێت بە زمانێکی ئامێری کە شوناسی کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆی لە دەست بدات و نەتوانێت بینوێنێت، بەڵکو بەبێ ئەوەی بە پرۆسەی بەئامێربووندا تێپەڕێت، دەبێت بە زمانێکی ئاینی ئەمەش وادەکات کە بتوانێت شوناسی نەتەوەیی کورد و مۆرکە ناوەندگیرەکەی نیشان بدات.

## 3/3)بوونی زمانی کوردی بەزمانی ئەدەبیات و کێشەی دیالێکتەکان

لەگەڵ لاوازبوونی دەسەڵاتی مەرکەزیی ئیمپرتۆریەتی لاتینی و ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامی,بەرەبەرە لە پەراوێزی ئەو دەسەڵاتە مەرکەزیەدا, چەند هێزێکی ناوچەیی پەرە دەسێنن و بە هەمان سیستەمی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکان هەمان کولتوری ئاینی و کولتوری دنیایی بە چۆنایەتیە تایبەتەکانی جەستەی کۆمەڵایەتیی خۆیان دەنوێننەوە و بەمەش دەسەڵات لە ناوەندەوە دەگوازنەوە بۆناو هێزە ناوچەییەکان و کولتوری ئەو دەسەڵاتەش لە یەکبوونی خۆی دەکەوێت و بەرەو ئەوە دەڕوات لە چەند دەسەڵاتێکدا بە شێواز و رەنگی جیاواز خۆی بنوێنێتەوە,بەمەش سیستەمی چەقگیریی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکان دەکەووێتە ناو قۆناغی دووەمی پەرەسەندنی خۆی و لە یەك سیستەمی چەقگیرەوە دەبێت بە چەند سیستەمێکی چەقگیری جیاواز,لێرەدا دەسەڵاتە ناوچەییە پەرەسەندووەکان بە بوونە جیاوازەکانی خۆیان بەرەبەرە دەکەونە ناو نەفیکردنی بوونی یەکانەی ئیمپراتۆریەتەکەیان و ئەمەش لە دواجاردا کۆمەڵگای ئاینی و سیاسیی هێزە دەسەڵاتخوازەکەی ناو ئیمپراتۆریەتەکە دەگۆڕێت بۆ هێزێکی بەزیووی هێزە دەسەڵاتخوازە ناوچەییە زاڵەکان,لەو پرۆسە دیالێکتیەی نێوان هێزی زاڵی دەسەڵاتی ناوەندی ئیمپراتۆریەتەکان و هێزە بەزیووە ناوچەییەکاندا,کۆمەڵگا عەرەبیە دەسەڵاتخوازەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامی لە سەردەمی سەرهەڵدانی عوسمانیەکان و سەفەویەکاندا دەبن بە چەند هێزێکی دەسەڵاتخوازی ناوچەیی بەزیوو,کۆمەڵگا رۆمانیەکانی رۆمەکانیش بەرەو خلۆربوونەوە و توانەوەی یەکجارەکی دەڕۆن و لەناو کۆمەڵگا دەسەڵاتخوازە ناوچەییە زاڵەکاندا بزر دەبن و نامێنن.

لە سەردەمی سەرهەڵدانی دەسەڵاتخوازیی کۆمەڵگا ناوچەییەکانی ئەم دوو ئیمپراتۆریەتەدا , زمانی ئەو کۆمەڵگا ناوچەییانەش وەك زمانی کۆمەڵگا زمانیە زاڵەکانی ئیمپراتۆریەتەکان بە پرۆسەی بەئامێربووندا دەڕۆن و دەگۆڕێن بۆ زمانی ئامێریی ئەو دەسەڵاتانە, لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم قۆناغە نوێیەدا دیالێکتە کوردیەکان دەکەونە ناو پرۆسەیەی نوێی بەدیالێکتبوونەوە,لەم پرۆسەیەدا دیالێکتەکان وەك زمانی دەسەڵاتە ناوچەییەکان ناگۆڕێن بۆ زمانی ئامێری,بەڵکو دەگۆڕێن بۆ چەند زمانێکی ئەدەبیی جیاواز و هەریەکەیان بە شێواز و چۆنایەتیەکانی خۆی گوزارشت لەو جیهانبینیە ئەدەبیە دەکات کە لەناو جیهانی عەقڵی کورددا بوونی هەیە.

لەم قۆناغەدا شیعری کوردی سەرهەڵدەدات و روحیەتی نەتەوەیی کورد لە پرۆسەی پەرەسەندنی شیعری و ئەدەبیاتی کوردیدا گوزارشت لە هەمان سیستەمی عەقڵی دەکات کە ئاینی حەقیقەت لە رێگەی ئاینی یەزیدی و ئاینی یارسانەوە گوزارشتی لێ کردووە,ئەم سیستەمەش لە جیهانبینیی شیعری ئەو شاعیرانەدا دەردەکەوێت کە ترۆپکی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردین. کە رووحی نەتەوەیی کورد شیعر و زمان دەخاتە ناو پرۆسەی یەکنوێنیی خۆی, سیستەمە عەقڵیەکەی خۆی چۆن لە جیهانبینیی شاعیرانی کورد و شیعرەکانیاندا شێوەگیر دەکات, بە هەمان شێوەش لە پەیوەندیی نێوان ئەو دیالێکتانەشدا شێوەگیری دەکات کە بوونەتە زمانی ئەدەبیات و شیعری ئەو سەردەمە.

لەم قۆناغەدا دۆخی ئەنتۆلۆجیی زمانی کوردی بەبێ دۆخی ئەنتۆلۆجیی بوونەوەرە شیعریەکانی ناو شیعری کلاسیکی کوردی باس ناکرێت, لە هەمان کاتیشدا ناتوانین لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەدوای ئەو سیستەمە عەقڵیەدا بگەڕێین کە رووحی نەتەوەیی کورد لە شیعری کلاسیکی کوردیدا شێوەگیری کردووە, بەڵام بەهۆی وابەستەبوونی زمان بە شیعرەوە ناچارین بە پێی پێداویستی لێکۆڵینەوەکە ئاماژە بە هەندێك لەو دەرکەوتانە بدەین کە دەرکەوتەی سیستەمە عەقڵیە ناوەندگیرەکەن لە شیعری ئەو شاعیرانەدا کە گوزارشتیان لە روحی نەتوەیی کورد کردووە.

## 1-3/3) جۆرەکانی پرۆسەی بەئامێربوونی زمانی دەسەڵاتە ناوچەییەکان

هۆشیاری بە سەرهەڵدانی زمانە ئەدەبییەکان و بوونیان بە زمانی دەسەڵات, لە لای شاعیران و لێکۆڵەرانی سەردەمی دەسەڵاتە ناوچەییە زاڵەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامیدا لاوازە و ئەوەی زیاتر هۆشیاری پێداویستی سەرهەڵدانی زمانی ئەدەبیات و بەڕێوەبردنی دەسەڵات ناوچەییەکان هەیە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواکانن نەك شاعیر و رۆشنبیرەکان, بەڵام لەناو دەسەڵاتە ناوچەییەکانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا ئەوانەی هەست بە پێداویستی زمانێکی ناوچەیی بۆ ئـەدەبیات و بەڕێوەبردنی دەسەڵات دەکەن شاعیران و رۆشنبیرانی ناو ئەو میللەتانەن , واتە شاعیران و رۆشنبیران فەرمانڕەوایان و دەسەڵاتی ناوچەیی و خەڵکی لەوە ئاگادار دەکەنەوە کە کە یەکێك لە زمانەکانی ئاخاوتنی ناو کۆمەڵگا زمانیەکانی خۆیان لەبری زمانی لاتینی بکەن بە زمانی ئەدەبیات و زمانی بەڕێوەبردنی دەسەڵات, ئەمەش لە هەوڵەکانی دانتی و نبریا و فالدیس و دوبولای و کاکستندا بە روونی دەردەکەوێت, هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگا ناوچەییە بەهێزەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامی سروشتێکی دەسەڵاتخوازانەیان هەیە, بەڵام کۆمەڵگا ناوچەییە بەهێزەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی رۆمانی سروشتێکی مولکخوازانەیان هەیە.

بە سەرهەڵدانی هێزە ناوچەییەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی رۆمانی دەوترێت سەردەمی رێنیسانس, ئەم سەردەمە لە سەدەی چواردەهەمی زاینیدا لە ئیتالیا سەرهەڵدەدات و دواتریش لە ناوچەکانی تری ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا بلاو دەبێتەوە[1], ئەم سەردەمە بەرهەمی یالیکتیکی نێوان دەسەڵاتی ئیمپرتۆریەتی رۆمانی و ئەو هێزە ناوچەییانەیە کە لە سنوری قەڵەمڕەوی ئەو دەسەڵاتەدان,گەر سەرهەڵدانی ئیمپرتۆریەتی رۆمانی بەرهەمی ئەو پرۆسە دیالێکتیە بووبێت کە تێیدا هـێـزێکی ناوچەیی نەفیی دەسەڵاتی کۆمەڵە هێزێکی ناوچەیی تری کردبێت و زاڵبووبێت بەسەر بەسەر دەسەڵاتی ئەو هێزانەداو جەستەکەشیانی کردبێت بە بەشێك لە جەستەی خۆی,ئەوە سەردەمی رێنیسانس پرۆسەیەکی دیالێکتیکی پێچەوانەیە و هێزە ناوچەییە بەزیوەکان نەفی نەفی هێزی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکە دەکەن و بەمەش ئمپراتۆریەتەکە تووشی هەڵوەشانەوە دێت و یەکبوونەکەی خۆی لەدەست دەدات و بوونی لە بوونێکی واقیعیەوە دەگۆڕێت بۆ بوونێکی کولتوری و

[1] ر. هـ. روبنز، موجز تأريخ علم اللغه: 165.

کولتورەکەشی دەبێت بە مەرجەعی هەموو هێزە ناوچەییە زاڵەکان,لێرەدا ئازادبوونی هێزە ناوچەییەکان ئازادبوونی روحیان نیەو ئازادبوونی جەستەکەیانە چونکە دوای نەفیکردنی دەسەڵات و هێزی ئیمپراتۆریەتەکە و دابەشبوونی دەسەڵات بەسەر هێزە ناوچەییەکاندا, کولتوری ئەو ئیمپراتۆریەتە لە لایەن هێزە ناوچەییەکانەوە نەفی ناکرێت, بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو کولتورە لەناو هێزە ناوچەییەکاندا ئیمکانیەت و چۆنایەتیی نوێ بۆ گەشەکردنی خۆی دەدۆزێتەوە و بەرەبەرە بەرەو کامڵبوون و یەکبوون و فرەڕەنگی دەڕوات.

دیالێکتیکی نێوان پێکهاتەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەت و پێکهاتە بچوکەکانی دەسەڵاتی ناو ئەو پێکهاتەیە, دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنی پێکهاتی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەت و دەرکەوتکردنی پێکهاتە بچوکەکانی ناوی, کولتوری ئیمپراتۆریەتەکە و زمانەکەشی لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا دەبن بە کولتور و زمانێکی ئایدیاڵی و دواتر لە لایەن کۆمەڵگا ناوچەییەکانەوە تەقلید دەکرێنەوە و هەر کۆمەڵگایەکی ناوچەیی دەرکەوتوو هەوڵ دەدات کولتور و زمانێك لەسەر شێوەی کولتور و زمانی ئیمپراتۆریەتەکە ساز بکات و ئەوەی پێ بنوێنێتەوە کە کولتور و زمانی ئیمپراتۆریەتەکە نواندوویەتی.

ئەم پرۆسە دیالێکتیکیەی نێوان پێکهاتەی ئیمپراتۆریەت و پێکهاتە بچوکەکانی ناوی بۆ چەند سەدەیەك درێژە دەکێشێت و تا ئەو کاتە بەردەوام دەبێت کە هەریەك لە پێکهاتە ناوچەییەکان دەگەنە ئەو قۆناغەی کە وێنە ئایدیاڵەکەی ئیمپراتۆریەتە نەفیکراوەکە بە تەواوەتی بە چۆنایەتیە سروشتیەکانی ناو خۆیان لە سنوری چۆنایەتیە کولتوری و زمانیە بەئایدیاڵکراوەکەدا شێوەگیر دەکەن,بە شێوەگیرکردنەوەی ئیمپراتۆریەتەکە و کولتور و زمانە ئایدیاڵیەکەی لە لایەن هەموو هێزە ناوچەییەکانەوە ئەو قۆناغەش کۆتایی پێ دێت.

بۆ دیاریکردنی حاڵەتی ئەنتۆلۆجی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانیەکانی ئەم قۆناغە مێژوویە باشتر وایە لە پرۆسەی پەرەسەندنی مێژووی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانیەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی رۆمانیەوە دەست پێ بکەین, چونکە لەبارەی پرۆسەی پەرەسەندنی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانیەکانی ناو ئەو ئیمپراتۆریەتە زانیاری زیاتر تۆمار کراوەو لە بارەی پرۆسەی پەرەسەندنی زمانیی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانیەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامی زانیارییەکی ئەوتۆ تۆمار نەکراوە, ئەمەش وا دەکات بۆ دیاریکردنی حاڵەتی ئەنتۆلۆجی زمانەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامی سود لەو زانیاریە تۆمارکراوانە وەربگرین کە لە سەردەمی رێنیسانسدا لەبارەی حاڵەتی پەرەسەندنی زمانەکانی ئەو سەردەمەوە لەبەردەستدالە سەردەمی رێنیسانسدا زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی رۆمانی بە کۆمەڵە پەرەسەندنێکی جیاوازدا دەڕۆن و هەریەکەیان رێگای تایبەت بەخۆی دەگرێتەبەر,بۆ باسکردنی ئەم رێگا جیاوازانە چەند نمونەیەك وەردەگرین و حاڵەتی ئەنتۆلۆجیی پەرەسەندنەکەیان دیاری دەکەین.

یەکەم حاڵەتی ئەنتۆلۆجیی پەرەسەندنی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانیەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی رۆمانی, حاڵەتی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانیە ئیتالییەکانە, لە باسکردنی حاڵەتی پەرەسەندنی ئەم

زمانەدا باس لە فەرمانڕەواکانی ناو ئەم کۆمەڵگا زمانییانە ناکرێت, بەڵکو باس لە رۆشنبیرو شاعیرێکی گەورەی یەکێك لە کۆمەڵگا ئیتالیزمانەکان دەکرێت, ئەویش دانتی ئەلجیریە.

دانتی ئەلجیری (1265-1321 ز)[1], بە رابەری راستەقینەی سەردەمی رێنیسانس و موژدەدەری بوژانەوەی کۆمەڵگا ناوچەییەکانی ناو سنوری قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی دازانرێت و کتێبە بەناوبانگەکەشی (کۆمیدیای خواوەندی) بە سەرەتای شیعری کلاسیکی ئیتالی دەزانرێت و ئەو زمانی ئاخاوتنەش کە ئەو کتێبەی پێ نوسیووە,بە یەکەم هەنگاوی گۆڕانی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگا زمانیەکانی ئیتالی زمانەکان دزانرێت بۆ زمانی ئامێری و پێوانەیی دەوڵەتی نەتەوەیی ئیتالیای مۆدێرن.

دانتی تەنها بە وەحیەکی شیعری و بەخەیاڵداهاتنێکی شاعیرانە بڕیاری ئەوەی نەداوە کە شاکتێبەکەی خۆی بە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانیەکەی خۆی بنوسێت, بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەمە بە خەیاڵیدا هاتووە ,هەوڵی داوە هۆشیارییش بەو بیرۆکەیە پەیدا بکات و بەڵگە و پاساو بۆ راستی و دروستیی بیرۆکەکەی بێنێتەوە.

دانتی کتێبێك بە زمانی لاتینی بۆ خوێندەوارانی ناو ئیمپراتۆریەتی رۆمانی بە ناوی (لەبارەی رەوانی زمانی ئاخاوتنەوە) دەنوسێت, نوسینی ئەم کتێبە بە زمانی لاتینی پەیامێکە بۆ ئەو رۆشنبیرانەی کە لەو سەردەمەدا بە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانیەکانی خۆیان نانوسن و ناخوێننەوە و بۆ خوێندنەوەو نوسین تەنها زمانی لاتینی بەکار دێنن,ئەو لەم پەیامەیدا دەیەوێت لە رێی چەند بەڵگەیەکی زمانی رەوانبێژیەوە,رەوایەتی بدات بەوەی کە بە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە لاتینیەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی رۆمانی شیعر و ئەدەبیات بنوسرێتەوە,ئەمەش خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دانتی دەیەوێت زمانی ئاخاوتنی ناو کۆمەڵگا زمانیەکان بە ئاراستەی بوونیان بە زمانی ئەدەبیات پەرەبسێنن و بگۆڕێن بۆ زمانی ئەدەب و شیعر,گۆڕانی زمانی ئاخاوتن بۆ زمانی ئەدەبیات,جیاوازە لە گۆڕانی بۆ زمانی دەسەلات و بەڕێوەبردنی دەسەلات,بۆیە ناکرێت باس لەوە بکرێت زمانی ئاخاوتنی ئیتالی لە زمانی ئاخاوتنەوە گۆڕاوە بۆ زمانی ئامێری و بووە بە ئامێر بەدەست دەسەلاتەوە و بووەتە زمانی دەسەلات,بەڵکو دەتوانرێت باس لەوە بکرێت چۆن زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگا ئیتالی زمانەکان زمانەکەی لە زمانی ئاخاوتنەوە دەبێت بە زمانێکی ئەدەبی رشنبیرانە, لێرەدا زمانی ئاخاوتنی ئیتالی دەبێت بە زمانێکی ئامێری بەلام نابێت بە زمانی دەسەلات,واتە ئەم زمانە بە پرۆسەی بەدیالێکتبوون نابێت بە زمانی ئەدەبیات,بەڵکو بە پرۆسەی بەئامێربوون دەبت بە زمانی ئەدەبیات,لێرەدا هەمان رێڕەوی گۆڕانی زمانی ئاخاوتنی لاتینی بۆ زمانی دەسەلات دەگرێتەبەر, ئەمەش دەکرێت لە رێگەی چەند بەڵگەیەکەوە بسەلمێنرێت.

ئەو بەڵگانەش هەر لە رێگەی تێڕوانینەکانی دانتی لە بارەی زمانی لاتینی کە زمانی دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی رۆمانییە لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگا زمانییانە کە زمانی لاتینی کردوونی بە زمانی

---

[1] لەبارەی ژیانی دانتی و سەردەم و ژینگەکەی بڕوانە: دانتي اليجيري، الكوميديا الالهية، ت: حسن عثمان، جزء الأول الجحيم، دار المعارف، القاهرة، 1959، ص25-35.

ئاخاوتنی خۆی,دەستمان دەکەون. دانتی لە کتێبەکەی خۆیدا لەبارەی رەوانی زمانی ئاخاوتنەوە, زمانی لاتینی کە زمانێکی پێوانیی و ئامێریە,لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی ئەو زمانە ئامێرییە بەوردی پێناسە دەکات,ئەو لەبارەی زمانی ئاخاوتنەوە دەڵێت: ((ئێمە دەڵێین گوتنی عامییانە,ئەوەیە کە منداڵان لەو کەسانە وەری دەگرن کە لە دەوروبەریاندا هەن,ئەمەش لەو کاتەوە دەستی پێکردووە کە ئەوان بۆ یەکەمجار دەتوانن وشەکان لە یەکتری جیا بکەنەوە,بە کورتی دەڵێین گوتنی عامیانە ئەوەیە کە بەبێ هیچ رێسایەك وەریدەگرین و فێری دەبین,ئەم فێربوون و وەرگرتنەش لەرێگەی تەقلیدکردنەوەی ئەو کەسەوەیە کە پەروەردەمان دەکات,دوای ئەمە جۆرێکی تر لە گوتنی لاوەکیانەمان هەیە و ئەو شێوە زمانە لاوەکییەیە, کە رۆمانەکان بە گرامەر ناویان بردووە, ئەمە لەلای گریکەکان و غەیری ئەوانیش بەهەمان شێوە هەیە, ئەو شێوە زمانە لاوەکییە, لە راستیدا هەموویان بەکاری ناهێنن و کەمێکیان توانای ئەوەیان هەیە بەکاری بهێنن چونکە فێربوون و تواناشکان بەسەریدا,کاتێکی زۆرو خوێندن و فێربوونێکی سەختی دەوێت))[1].

لێرەدا دەردەکەوێت کە دانتی هۆشیاریەکی وردی بەوە هەیە کە زمانی لاتینی بە بوونی بە زمانێکی ئامێری دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانی تری لەوە راگرتووە کە بە پرۆسەی بەئامێربووندا برۆن و لە حاڵەتی ئاخاوتنەوە بگۆڕێن بۆ زمانی نوسین,ئەمەش بۆخۆی پرۆسەی بەپەراوێزکردنی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانە لەلایەن زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگا زمانییەوە کە بە پرۆسەی بەئامێربووندا رۆشتووە و بووە بە زمانی ئامێری دەسەڵات,دانتی وەك ئەندامی ناو یەکێك لە لەو کۆمەڵگا زمانییانەی کە زمانی لاتینی لە دۆخی ئاخاوتندا هێشتووینەتیەوە و بەمەش کردوویەتی بە یەکێك لە زارەکانی ئاخاوتنی خۆی,هەست بە زاڵیەتیی زمانی لاتینی دەکات بەسەر زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆیدا و لە بەرامبەر ئەمەشدا هەوڵدەدات ئەو هاوکێشەیە پێچەوانە بکاتەوە کە زمانی لاتینی تێیدا زمانێکی ناوەندی و زاڵە و زمانی کۆمەڵگا زمانیەکەی خۆیشی یەکێك لەو زمانانەی کە زمانی بەزیووە پەراوێزخراوی ئەوە.ئەو بە بەڵگەی ئەوەی کە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکان رێگایەکی ئاسان و ئاسایی بۆ فێربوونی هەیە و خەڵکی کۆمەڵگا زمانیەکە هەموویان دەیزانن, بەڵام زمانی لاتینی بە رێگایەکی نائاسایی و سەخت خەڵکی دەتوانن فێری ببێت و خەڵکێکی کەمیش لەناو کۆمەڵگا زمانییەکاندا پێی دەدوێن, ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت لەناو کۆمەڵگا زمانیەکاندا زمانی ئاخاوتن زمانێکی ناوەندی و بنچینەییە و زمانی لاتینی زمانێکی لاوەکیە و دەبێت پەراوێز بخرێت.

لای ئەو زمانی ئاخاوتن لەبەرئەوەی رێگای فێربوونەکەی رێگایەکی سروشتییە و بەپێی کۆمەڵە رێسایەکی پێشینە نیە, زمانێکی سروشتیە و دروستکراو و ئامێری نیە, بەڵام زمانی لاتینی لەبەر ئەوەی رێگای فێربوونەکەی ناسروشتیە و بەپێی کۆمەڵە رێسایەکە کە رێزماننوسەکان بۆ بەکارهێنانی ئەو زمانە دایانناون زمانێکی سروشتی نییە, ئەوەش سروشتیە بنچینەیی و رەسەنە, بەڵام ئەوەی ناسروشتی و دەسکردە و راگوزەر و ساختەیە, بۆیە ناکرێت زمانی لاتینی بنەما و بنچینەی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکان

---

[1] وەرگیراوە لە: جون جوزيف، اللغة والهوية، ت: عبد النور خرافي، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت، 2007، ص 140-141.

بێت,بەڵکو دەبێت زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکان بنەمای بنچینەیی زمانی لاتینی بێت. بۆ ئەوەی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکان ببنە زمانی بنچینەیی و زمانی لاتینی ببێت بە زمانی لاوەکیی زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگایانە, دەبێت ئەو زمانانە ببن بە زمانی ئەدەبیاتی ئەو کۆمەڵگایانە و زمانی لاتینییش ببێتە زمانی ئەو کولتورەی کە دەبێت بە مەرجەعی ئەدەبیاتی ئەو کۆمەڵگا زمانییانە,واتە لای دانتی بەوە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە بەزیووەکان پلەوپایەی خۆی وەردەگرێتەوە کە لەژێر جەبر و زاڵیەتیی زمانی لاتینی دەرچێت و خۆی ببێت بە زمانی نوسینی ئەدەبیات و رشنبیریی کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆی و بەمەش زمانی لاتینی لەوە بخات کە ئەدەبیاتی ئەو کۆمەڵگا زمانییەی پێ بنوسرێتەوە و تەنها وەك زمانێك بۆ خوێندنەوە بهێڵرێتەوە و بیکات بە زمانی خوێندنەوەی ئەو کولتورەی کە پێ نوسراوەتەوە.

لێرەدا بە وردی هەڵگەڕانەوەی هاوکێشەی زاڵیەتیی زمانی لاتینی و بەزیویەتیی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانیەکان دەردەکەوێت, زمانی لاتینی کە بە پرۆسەی بەئامێربووندا دەڕوات و لە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگایەکی زمانییەوە دەبێت بە زمانی کولتور و دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی,زمانی کۆمەڵگا زمانییەکانی تر دەکات بە زمانی ئاخاوتنی رۆژانەیی خۆی, بەڵام لێرەدا بەپێی ئەو بیرۆکەیەی کە دانتی هەستی پێکردووەو وەك فرمانێك لە فرمانەکانی عەقڵی سروشتی ناو کۆمەڵگا سروشتیەکەی خۆی رەوایەتیی پێدەدات, زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکان دەبێت بە پرۆسەی بەئامێربووندا برۆن و ببن بە زمانی نوسین و زمانی رۆشنبیرانی کۆمەڵگا زمانییەکان, بەمەش زمانی لاتینی لەژێر جەبری زمانی نوسینی رۆشنبیران و شاعیرانی کۆمەڵگا زمانییە جیاوەکان دەبێت بە زمانی خوێندنەوە,بەم کارەش زمانی ئەدەبیات و رۆشنبیری ئەو کۆمەڵگایانە دەبێت بە زمانی بنچینەیی و زاڵ و زمانی لاتینییش دەبێت بە زمانی لاوەکی و بەزیوو.

لێرەدا زمانە رۆمانیەکانی وەك زمانی ئیتالی لە پرۆسەی پەرەسەندنی خۆیاندا هەمان رێگای لاتینی دەگرنەبەرو ئەو سیستەمەش کە لە پەرەسەندنی خۆیاندا پەیڕەوی دەکەن هەمان ئەو سیستەمە دەسەڵاتخوازەیە کە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی و زمانی لاتینی لە دروستبوونی خۆیاندا پەیڕەوییان لێ کردووە, ئەم سیستەمەش کە خۆی شێوەگیر دەکات, پێکهاتەیەکی لێ بەرهەم دێت کە یەکەکانی ناوی یان دەبێت توخمی زاڵی ناو پێکهاتەکە بن یان دەبێت توخمی بەزیوو بن.

زمانە رۆمانییەکان لەژێر دەسەڵاتی زمانی لاتینی رزگاریان دەبێت و دەبن بە زمانی سەربەخۆ, بەڵام لە سنوری دەسەڵاتی ئەو سیستەمە دەسەڵاتخوازە دەرناچن کە حوکمی ژیانی زمانی لاتینیی دەکرد و ئەبێت و نابێتەکانی خۆی لەودا شێوەگیر دەکرد,واتەزمانە رۆمانیەکانی وەك زمانی و ئیتالی و فەرەنسی ... هتد لە پرۆسەی گەشەکردنی خۆیاندا مەحکومن بە هەمان سیستەمی پەرەسەندنی زمانی لاتینی و ئەوان تەنها دەتوانن جەستەی زمانی لاتینی و چۆنایەتییەکانی لە زمانەکەی خۆیاندا نەفی بکەن, ناتوانن نەفیی ئەو سیستەمە بکەن کە زمانی لاتینی لە پرۆسەی پەرەسەندنی خۆیدا پەیڕەوی کردووە.

لە دیالێکتیکی نێوان زمانی لاتینی و زمانە رۆمانییەکان,زمانە رۆمانیەکان نەفیی پەرەسەندنی جەستەی زمانی لاتینی دەکەن و جەستەکەی خۆیان دەخەنە ناو پرۆسەی پەرەسەندنەوە, بەڵام لە بەرامبەر

ئەمەشدا زمانی لاتینی نەفیی ئەو سیستەمە عەقڵیە دەکات کە لەناو عەقڵیەتیی کۆیی ئەو کۆمەڵگا زمانییەدا هەیە و سیستەمی پەرەسەندنەکەی خۆی دەخاتە شوێنی سیستەمەکانی پەرەسەندنی مێژوویی ئەوان و بەمەش بە فرمانەکانی ئەو سیستەمە ڕێگای پەرەسەندنی مێژوویی خۆی پەرەسەندنە مێژووییەکەیان ئاراستە دەکات و ئەو زمانانە بێ ئەو سیستەمە ناتوانن ڕێگای پەرەسەندنی خۆیان بگرنە بەر, ئەمەش لە بۆچوونەکانی دانتیدا بە وردی دەردەکەوێت.

دانتی بە ڕێگای سروشتی فێربوونی زمانی ئاخاوتن و بەکارهێنانی لە لایەن هەموو خەڵکی ناو کۆمەڵگا زمانییەکەی, ڕەوایەتی بە زمانی ئاخاوتن دەدات تا ببێت بە زمانی نوسین,دوای ئەمەش دوو بەڵگەی تر دەخاتە پاڵ دوو بەڵگەکەی پێشوو بەم دوو بەڵگەیەش ئەوە دەسەلمێنێت کە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکان شکۆمەندترە لە زمانی لاتینی,یەکەم بەڵگە کە شکۆمەندیی زمانی ئاخاوتنی پێ دەسەلمێنێت ئەوەیە کە زمانی ئاخاوتن یەکەم زمانە کە لە لایەن مرۆڤایەتییەوە بەکار هاتبێت و خەڵکی جیهانیش هەمووی ئەم زمانە بەکار دێنن,بەڵگەی دووەمیشی ئەوەیە کە زمانی ئاخاوتن بەگوێرەی قسەپێکەرانی سروشتییە, بەڵام زمانی ئامێری و دروستکراوە و بەگوێرەی بەکارهێنەرەکانیشی ناسازە[1].

دانتی بەم بەڵگانە ڕەوایەتی بۆ جێ بەجێ بوونی ئەم بیرۆکەیە دروست دەکات کە هاتووە بە خەیاڵیدا و فرمانی پێدەکات زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆی زاڵ بکات بەسەر زمانی لاتینیدا,ئەویش بەوەی کە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆی بکات بە زمانی ڕۆشنبیریی خوێنراوە و نوسراوی کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆی و زمانی لاتینی وەك زمانی خویندنەوەی کولتورە مەرجەعیەکان بهێڵێتەوە و ڕێگەی پێ نەدات ببێت بە زمانی خوێنراوە و نوسراوی کۆمەڵگا ناوچەییەکەی خۆی.دوای ئەوەی دانتی ڕەوایەتی بۆ جێ بەجێکردن و شێوەگیرکردنی فرمانەکە دروست دەکات, ئینجا لە واقیعی زمانیی کۆمەڵگا زمانییەکانی میللەتەکەی خۆیدا هەوڵی جێ بەجێکردنی دەدات,ئەو بۆ جێ بەجێکردنەکەی چەند ڕێنماییەك دەخاتە بەردەستی ڕۆشنبیرانی سەردەمەکەی خۆی, ئەو ڕێنماییانەش پەیوەستن بە هەڵبژاردنی ئەو زمانی ئاخاوتنەی کە شیانی ئەوەی تێدایە لەگەڵ زمانی لاتینیدا بکەوێتە ناو ململانێوە.

ئەو کێشەیەی کە ڕووبەڕووی کارەکەی دانتی دەبێتەوە,دیاریکردنی ئەو زمانی ئاخاوتنەیە کە شیاوە بۆ ئەوەی لە ململانێکەدا لەگەڵ زمانی لاتینیدا سەربکەوێت,ئەم کێشەیەش سەرچاوە لەوەوە دەگرێت کە سنوری سیاسیی ئەو دەسەڵاتە ناوچەییانە لەگەڵ سنوری زمانی ناوچەکەدا هەمئاهەنگ نین و لەناو سنوری قەڵەمڕەوی هەر دەسەڵاتێکی ناوچەییدا یەك کۆمەڵگای زمانی بوونی نیە, بەڵکو کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی زمانی بوونیان هەیە,ئیتالیاش وەك دەسەڵاتێکی ناوچەیی ئەو سەردەمە لە سنورە سیاسیەکەی خۆیدا چەند کۆمەڵگایەکی زمانی جیاواز هەن و هەریەك لەو کۆمەڵگایانەش زمانی ئاخاوتنی خۆی هەیە و جیاوازە لە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگاکانی تر, ئەم حاڵەتە زمانییەی ناو دەسەڵاتە ناوچەییەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دەبێتە کێشە لەبەردەم جێ بەجێ بوونی بیرۆکەکەی دانتیدا, ئەم کێشەیەش دانتی بەرەو ئەوە دەبات

---

(1) هـ. س: 141.

کە لەناو چەند زمانێکی ئاخاوتندا بیر لە دیاریکردن و هەڵبژاردنی ئەو زمانی ئاخاوتنە بکاتەوە کە شیانی ئەوەی تیایە ببێت بە زمانی ئەدەبیات و رۆشنبیری کۆمەڵگای ئیتالی.

دانتی ئەو زمانە شیاوەی کە بۆ شەڕی زمانی لاتینی پێویستیەتی ناوی دەنێت پڵنگ و لەڕێی ئەم ناوەوە باس لە گەڕانی خۆی دەکات بە شوێن ئەو زمانەدا و دەڵێت: ((ئێمە بەناو هەموو بەرزاییەکان و کێڵگەکانی ئیتالیادا گەڕاین, بەڵام ئەو پڵنگەمان نەدۆزییەوە کە بە شوێنیدا دەگەڕاین, بەڵام بە ڕێگایەکی عەقڵانی بە لێزانی لە کارە بەردەوامەکەی خۆماندا بەشوێن ئاسەوارەکانیدا رۆشتین, تا ئەو گیانلەبەرە بگرین و بە تەواوی جڵەوەکەی بخەینە ناو دەستی خۆمان, ئەو گیانلەبەرە بۆنەکەی لە هەموو شوێنێکدا بڵاو دەبێتەوە, بەڵام ئاسەوارەکانی بە هیچ شوێنێکەوە دیار نین (...) ئێستا دەتوانین ئەو زمانە عامییە دیاری بکەین کە پێشتر بە شوێنیدا دەگەڕاین و بۆنەکەی خۆی بە هەموو شوێنێکدا بڵاو دەکردەوە و لە هیچ شوێنێکیش جێگیر نەدەبوو))[1] , لەم وێناکردنەی دانتی بۆ زمانە شیاوەکە , وا دەبینرێت کە باس لە زمانێکی عەقڵیی نادیاری لەو جۆرە دەکرێت کە بە نواندنی سیستەمە عەقڵیەکەی ناو خۆی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکان دەخاتە ناو پرۆسەی بەدیالێکتبوونەوە, بەڵام کاتێك بە وردی لە وێنەکە و جێ بەجێکردنی بیرۆکەکەی دانتی رادەمێنین بۆمان دەردەکەوێت,ئەو زمانەی کە ئەو بە شوێنیدا دەگەڕێت زمانی عەقڵی نییە , بەڵکو زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگایەکە لە کۆمەڵگا زمانییەکان کە لە سەردەمی ئەودا بە تۆسکانی ناسراوە,ئەمەش خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دانتی بۆ جێ بەجێکردنی بیرۆکەکەی پەیڕەوی لە سیستەمێکی دەسەڵاتخوازانە کردووە و هەوڵی داوە زمانی یەکێك لە کۆمەڵگا زمانییەکانی ئیتالیا زاڵ بکات بەسەر زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانی تردا,تا بیکات بەو پڵنگەی کە شیانی ئەوەی تیابێت بچێتە شەڕی زمانی لاتینی.

دانتی دەڵێت بۆنی خۆی لە هەموو شوێنێك بڵاو دەکاتەوە و خۆیشی هیچ شوێنێکی نیە,ناڵێت لە هەر شوێنێك بۆنی جیاوازی هەیە,ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو زمانەی ئەو بە شوێنیدا وێڵە, زمانێك نییە لە هەموو زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکاندا خۆی شێوەگیر بکات و لە زمانێکی نادیاری عەقڵیەوە بگۆڕێت بۆ زمانێکی دیاری هەستەکی,بەڵکو زمانێکی هەستەکیی ناو یەکێکە لە کۆمەڵگا زمانییەکان و لە کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆی دادەبڕێت و دەچێتە ناو کۆمەڵگای رۆشنبیرانەوە,کۆمەڵگای رۆشنبیرانیش ئەو کۆمەڵگایەیە کە هەموو کۆمەڵە زمانییە جیاوازەکان لەخۆ دەگرێت و خۆیشی سەر بە هیچیان نیە, چونکە کۆمەڵگایەکی زمانییە بەوەی کە زمانەکەی زمانی نوسین و خوێندنەوەیە و جیاوازە لە هەموو ئەو کۆمەڵگا زمانییانەی کە زمانەکەی زمانی ئاخاوتنە,تەنانەت جیاوازە لەو کۆمەڵگا زمانییەی کە زمانەکەی خۆی لە زمانەکەی ئەو وەرگرتووە,لێرەدا زمانی ئاخاوتنی یەکێك لە کۆمەڵگا زمانییەکان بەرز دەبێتەوە بۆ زمانی ئەدەبیات و رۆشنبیری و زاڵدەبێت بەسەر زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانی تردا و ئەوان وەك کۆمەڵە زمانێکی بەزیوو لە دۆخی ئاخاوتندا دەهێڵێتەوە,ئەمەش بۆخۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بیرکردنەوەی دانتی

[1] هـ. س: 142.

لەژێر جەبری جیهانبینی و سیستەمی بیرکردنەوەی رۆمانییەکان دەرباز نەبووە و هەر بە هەمان سیستەمی بیرکردنەوە بیر لەوە دەکاتەوە کە بە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگە زمانییەکانی میللەتەکەی خۆی شەڕی زمانی لاتینی بکات.

زمانە رۆمانییەکان بە جەستە لەژێر دەسەڵاتی زمانی لاتینی رزگاریان دەبێت جەستەکەیان دەبێت بە جەستەیەکی زمانیی سەربەخۆ,بەڵام جیهانبینییان هەر لەژێر حوکمی جیهانبینیی زمانی لاتینی دەمێنێتەوە و دەبێت بە جیهانبینییەکی وابەستە بە زمانی لاتینییەوە,ئەم حاڵەتی وابەستەبوونەی جیهانبینیی زمانە رۆمانییەکان بە زمانی لاتینییەوە لەلایەن فیختەوە بە وردی باسکراوە[1].

پڵنگەکەی دانتی ئەو زمانە ئامێرییەیە کە بە تەقلیدکردنەوە پرۆسەی بەئامێربوونی ئەو زمانی ئاخاوتنە هاتووەتە ئاراوە کە لێیەوە وەدی هاتووە, دانتی بە تەقلیدکردنەوەی پرۆسەی بەئامێربوونی زمانی لاتینی زمانی ئاخاوتنی تۆسکانی کە زمانی کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆیەتی,لە رێگەی شیعر و نوسینەکانی خۆیەوە دەکات بە ئامێرێك بۆ خوێندنەوە و نوسین بەم کارەشی رێگە دەگرێت لە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانی تری ئیتالیا ببن بە زمانی خوێندنەوە و نوسین,ئەمەش پەیڕەوکردنە لە هەمان سیستەم کە زمانی ئاخاوتنی یەکێك لە کۆمەڵگا زمانییە رۆمانییەکان دەکات بە ئامێری کولتوری دەسەڵات و بەمەش رێگە دەگرێت لە هەر کۆمەڵگایەکی زمانیی ناو ئیمپراتۆریەتەکە کە بە هەمان پرۆسەی بەئامێربووندا بڕوات و وەك خۆی ببێت بە زمانێکی ئامێری.

زمانی ئاخاوتنی تۆسکانییەکانی ئیتالیا بەوەی کە زمانێکی بەزیووی زمانی ئامێریی ناو ئیمپراتۆرییەتێکە نمونەی هەموو ئەو زمانانەی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانی ناو ئیمپراتۆرییەتەکانە,کە لە ساتەوەختێکی مێژوویی دیاریکراودا لە سنوری قەڵەمڕەوی دەسەلاتێکی ناوچەییدا بە پرۆسەی بەئامێربووندا دەڕوات و لەم پرۆسەیەشدا لە لایەکەوە زاڵدەبێت بەسەر هەموو کۆمەڵگا زمانییەکانی تری سنوری قەڵەمڕەوی ئەو دەسەڵاتە و دەبێتە رێگر لەبەردەم ئەوەدا دۆخی ئاخاوتن تێبپەڕێنن و لەم دۆخەدا وەك چەند زمانێکی ئاخاوتنی سەربەخۆ دەیانهێڵێتەوە, لە لایەکی تریشەوە زمانی ئامێری دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتەکەش لە زمانی نوسینەوە دەکات بە زمانی خوێندنەوە و لە دۆخی خوێندنەوەدا دەیهێڵێتەوە و دەبێتە رێگر لەبەردەم ئەوەدا کە لە سنوری ئەو دەسەڵاتە ناوچەییەدا وەك زمانی نوسین بەکار بهێنرێت,بەمەش لە لایەکەوە زاڵ دەبێت بەسەر زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانی تردا و لە لایەکی تریشەوە زاڵدەبێت بەسەر زمانی ئیمپراتۆرییەتەکەدا. لە سەردەمی دانتییەوە لە ئیتالیادا زمانی ئاخاوتنی تۆسکانی بەوەی کە دەبێت بە زمانی نوسین و خوێندنەوە دەبێت بەو زمانە زاڵەی کە بەسەر زمانی لاتینی و زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانی تری ئیتالیادا زاڵدەبێت.

زمانی ئاخاوتنی تۆسکانی بەمە نەفیی جیهانی زەینیی زمانە جیاوازەکانی تری ئاخاوتنی ئیتالی دەکات و لە هەمان کاتدا نەفیی جەستەی زمانی لاتینییش دەکات, بەڵام بەم کارە خۆیشی دەخاتە ناو دۆخی

---

[1] بڕوانە: (2-1/2).

نەفیبوونەوە, بەمەش لەوە نەفیدەکرێت کە سیستەمی پەرەسەندن و جیهانبینیی تایبەت بەخۆی هەبێت, دانتی بۆ نوسینی شاکتێبە شیعرییەکەی دەبێت شوێن شاعیری گەورەی رۆمانی ڤەرجیل بکەوێت, ئەو بەبێ رابەرایەتیی ڤەرجیل ناتوانێت پەی بەو جیهانە بەرێت کە دەیەوێت لە رێگەی بینینێکی ناوەکییەوە بیگۆڕێت بۆ نوسین و بە زمانە تۆسکانیەکەی خۆی بینوسێتەوە, تەنانەت بەبێ ئەو چۆنایەتی و شێوازە شیعرییەی کە ڤەرجیل جیانبینیی رۆمانیی پێ شێوەگیرکردووە ناتوانێت ئەوەی دەیبینێت بە زمانەکەی خۆی بیکات بە نوسین[1], ئەمانەش هەموویان بەڵگەن لەسەر ئەوەی زمانەکەی دانتی هەڵگری جیهانبینیی تایبەت بەخۆی نییە و هەڵگری هەمان جیهانبینیی زمانی لاتینییە.

گەر زمانی ئیتالی لەرێگەی ئەدەبیاتەوە لەرێگەی پرۆسەی بەئامێربوونی زمانی ئاخاوتنی یەکێك لە کۆمەڵگا زمانییەکانەوە هاتبێتە ئاراوە , ئەوە دوای ئەو زمانی ئیسپانی لە پرۆسەی بەئامێربوونی خۆیدا رێگەیەکی تر دەگرێتە بەر و بەمەش حاڵەتێکی تری پرۆسەی بەئامێربوونی زمانە ناوچەییەکانی ناو ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی دەخاتە روو.

نیبرخا (1444-1522 ز) گرامەری قشتالی لە ساڵی 1492ز دەنوسێتەوە, قشتالی زمانی ئاخاوتنی یەکێکە لە کۆمەڵگا زمانییەکانی ئیسپانیا, رێزمانەکەشی بە یەکەم رێزمانی گرنگی زمانە ئەوروپییە نوێکان دەزانرێت[2]. زمانی ئاخاوتنی قشتالی لە رێگەی نوسینەوەی ئەم رێزمانەوە بە پرۆسەی بەئامێربووندا دەڕوات و دواتر دەبێت بە زمانی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی ئیسپانی, ئەوەش پاڵ بەم رێزماننوسەوە دەنێت زمانی ئاخاوتنی قشتالی بە پرۆسەی بەئامێربووندا ببات و بیکات بە ئامێرێك کە کۆمەڵە رێسا و رێنماییەکی نوسراو بۆ بەکارهێنانی هەبێت, ئەو هێزە دەسەڵاتخوازەیە کە لەناو ئیسپانیەکاندا هەیە و دواتر ئیسپانییەکان بەرەو ئەوە دەبات ببن بە ئیمپراتۆرییەتێکی تەقلیدی. نیبرخا لە دەروازەی کتێبەکەیدا مەبەستی خۆی لە نوسینەوەی رێزمانی زمانی قشتالیدا بۆ شاژنە ئیزابێلا کە فەرمانڕەوای ئیسپانیای ئەو کاتەیە روون دەکاتەوە و دەڵێت ((زمان هەر وابووە کە بە بەردەوامی لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتدابێت و لەو حاڵەتەشدا هەردووکیان ماونەتەوە, تا هەردووکیان پێکەوە پەرەیان سەندووە و دەرکەوتوون و دواتریش هەر لەگەڵ یەکدا لەناوچوون))[3]. دوای ئەمەش نیبرخا باس لەوە دەکات کە چۆن بەهۆی تێگەیشتنی لە پەیوەندیی دەسەڵاتخوازانەی ئیمپراتۆرییەت و زمان گەیشتووەتە ئەو دەرەنجامەی زمانی ئاخاوتنی قشتالی لەرێی نوسینەوەی رێزمان و دەستور و رێساکانییەوە بکاتە ئامێرێك بە دەستی فەرمانڕەوای دەسەڵاتە ناوچەییەکەی خۆی و چۆن بۆ دەسەڵاتگرتن بەسەر ناوچە داگیرکراوەکانی ئەو دەسەڵاتە ناوچەییەدا پێویستە ئەو دەسەڵاتە لەگەڵ سەپاندنی چۆنایەتییەکانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر هێزە بەزیووە ناوچەییەکاندا بسەپێنێت, تا باشتر هێزی ناوچەییە بەزیووەکان لە دۆخی بەزیوویێتیدا بهێڵێتەوە, ئەمەش بۆخۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نیبرخا هۆشیاری بە پرۆسەی بەئامێربوونی زمانەکان هەیە و دەزانێت زمانی ئاخاووتن بەوە دەبێتە ئامێرێك

---

(1) بڕوانە: کومیدیا الالهیە: الجحیم: 82-87.

(2) جون جوزیف، اللغە والهویە: 144.

(3) وەرگیراوە لە: ه. س: ه. ل.

بەدەست دەسەڵاتەوە کە چۆنایەتییەکانی بکرێن بە کۆمەڵە رێسا و یاسایەکی پەیڕەوکراو, لێرەشدا ئەوە دەردەکەوێت , زمانێك بەوە دەبێت بە زمانی دەسەڵات کە چۆنایەتییەکانی بکرێن بە کۆمەڵە یاسایەکی پەیڕەوکراو, ئەم پرۆسەی گۆڕینەی چۆنایەتییەکانی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگایەکی زمانی بۆ کۆمەڵە یاسایەکی پەیڕەوکراو, پرۆسەی نوسینەوەی رێزمانی ئەو زمانەیە. بەکارهێنانی ئەو زمانەش کە بەم پرۆسەی بەئامێربوونەدا رۆشتووە, بەوە دەبێـت کە هێزێکی ناوچەیی زاڵبوو بەسەر هێزێکی تری ناوچەییدا چۆن یاسا و دەستورەکانی فەرمانڕەوایی خۆی بەسەر هێزە بەزییوەکەدا زاڵدەکات بە هەمان شێوە یاسا و دەستوری ئەو زمانە ئامێرییەش بەسەر زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانی ئەو هێزە ناوچەییە بەزیووەدا زاڵبکات و لە دۆخی بەزیوویەتیدا بیهێڵێتەوە.

ئینجا بەپێی ئەو بەڵگانەی کە بۆ بیرۆکەکەی خۆی ئاراستەی فەرمانڕەوا ناوچەییەکەی خۆی دەکات, رەوایەتی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی بەئامێرکردنی زمانی ئاخاوتنی یەکێك لە کۆمەڵگا ئیسپانی زمانەکان دروست دەکات و دەگاتە ئەو بڕیارەی کە : بەر لە هەموو شتێ زمانی ئاخاوتنی قشتاڵی بکات بە ئامێرێکی دروستکراوی بەهێز, بەوەی کە شیانی ئەوەی تیا دروست بکات بە پەیڕەوکردنی ئەو یاسا و رێسا و دەستورانەی کە لە زمانی ئاخاوتن دەری هێناون لە هەموو سەردەمە جیاجیاکاندا پێی بنوسرێت, ئەمەش بە تەقلیدکردنەوەی پرۆسەی بەئامێرکردنی زمانی لاتینی و یۆنانی ئەنجامداوە[1].

هەر بەپێی بۆچوونەکانی نیبرخا ئەوە دەردەکەوێت کە راستە زمانی لاتینی لەڕێی بەئامێرکردنی زمانی قشتاڵیەوە نەفی بوونی دەکرێت,بەڵام زمانی ئاخاوتنی قشتاڵی بەبێ پەیڕەوکردنی گەشەکردنی زمانی لاتینی ناتوانێت گەشە بکات و نیبرخا خۆی بە وەحی وەرگرتن لە زمانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی دەگاتە ئەو بڕیارەی ئەو کارە بکات, ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لە پرۆسەی دیالێکتیکی نێوان زمانی ئیسپانی و زمانی لاتینیدا, جەستەی زمانی لاتینی نەفیدەکرێت,بەڵام زمانی لاتینییش لە بەرامبەر ئەمەدا بە سیستەمی پەرەسەندنەکەی خۆی نەفی ئەو سیستەمی پەرەسەندنە سروشتی و عەقڵیە دەکات کە لە زمانی ئیسپانیدا بوونێکی مومکینی هەیە,بەمەش زمانی ئیسپانی لەڕووی پەرەسەندنەوە وەك شوێنکەوتەیەکی زمانی لاتینی دەمێنێتەوە و بەپێی هەمان ئەو سیستەمە دەسەڵاتخوازە پەرەدەسێنێ کە زمانی لاتینی لە پەرەسەندنی خۆیدا پەیڕەوی کردووە.

پرۆسەی بەئامێربوونی زمانی ئیسپانی لە رێگەی نوسینەوەی رێزمانەوە , حاڵەتی ئۆنتۆلۆجیی ئەو زمانە ناوچەییانەی ناو ئیمپراتۆریەتەکانمان بۆ دەخاتە ڕوو کە بە پرۆسەی بەئامێربووندا دەڕۆن و دەگۆڕێن بۆ زمانی دەسەڵات, حاڵەتی ئۆنتۆلۆجیی ئەم زمانە جیاوازە لە حاڵەتی ئۆنتۆلۆجیی ئەو زمانانەی کە وەك زمانی ئیتالی لە پرۆسەی بەئامێربوونەکەیاندا دەگۆڕێن بۆ زمانی ئەدەبیات و نوسین و دەبن بە زمانێکی ئامێری بەدەست رۆشنبیرانەوە.

---

(1) بڕوانە: هـ. س: 140.

سێیەم حاڵەتی ئەنتۆلۆجیی پرۆسەی بەئامێربوونی زمانە ناوچەییەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی حاڵەتی ئەنتۆلۆجیی پرۆسەی بەئامێربوونی زمانی ئینگلیزیە, زمانی ئینگلیزی لە رێگەی ئەدەبیات و رێزمانەوە نابێت بە زمانێکی ئامێری بەڵکو لە رێگەی چاپخانەوە بەم پرۆسەدا دەڕوات, لێرەدا زمان دەبێت بە ئامێرێك بەدەست هێزی موڵکخوازی ناو سروشتی ئینگلیزەکان, واتە زمان لێرەدا شوێنکەوتەی موڵکە و ئامێرەکە بۆ بەموڵککردنی شتەکان بەدەست ئەو هێزە موڵکخوازەوە کە خۆی لەو دەسەڵاتەدا شێوەگیر دەکات لەسەر بنەمای ئابوری و بازاڕ دامەزراوە.

ویلیام کاکستن (1422-1491 ز) خاوەنی یەکەم چاپخانەی ئینگلیزیە و کەسێکی بازرگان و دبلۆمات بووە[1]. بەهۆی دروستکردنی بازاڕ بۆ چاپکراوەکانی چاپخانەکەی بیر لەوە دەکاتەوە یەکێك لە زمانەکانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا ئینگلیزی زمانەکان, بە پرۆسەی بەئامێربووندا ببات و زاڵی بکات بەسەر زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانیە جیاوازەکانی تردا. ئەم پیاوە بازرگانە ئەوەی پاڵی پێوە دەنێت بۆ ئەوەی زمانی ئاخاوتنی یەکێك لە کۆمەڵگا ئینگلیزی زمانەکان بە پرۆسەی بەئامێربووندا بەرێت, ئەو ئامێرە تەکنەلۆجییەیە کە کاڵاکانی بۆ بەرهەم دەهێنێ,لەگەڵ ئەو زەمینە زمانییەی کە کاڵاکانی خۆی تیا ساغ دەکاتەوە,پێداویستیەکانی ئامێرە تەکنەلۆجییەکەی بۆ بەرهەمهێنانی کاڵاکانی وای لێ دەکات کە بیر لە ساوزکردنی رێنوسێك بۆ چاپکردنی کتێبەکان بکاتەوە, چونکە بوونی چەند رێنوسێکی جیاواز تێچوونی بەرهەمهێنانی کاڵاکانی زیاد دەکات و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخەکانیان.

ئەو بازاڕەی کە کاڵا بەرهەمهاتووەکانی چاپخانەکەی تیا ساغدەکاتەوە,کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانی ژێر دەسەڵاتی ناوچەی ئینگلیزە, ئەمەش رێگرێکی ترە لەبەردەم ساغکردنەوەی کاڵاکانیدا, چونکە کتێبە چاپکراوەکانی بە زمانی هەرکام لەو کۆمەڵگا زمانییە جیاوازانە چاپ بکات, تەنها لەناو ئەو کۆمەڵگا زمانییەدا فرۆشیان دەبێت و لە کۆمەڵگا زمانییەکانی تردا دەبن بە کاڵایەکی بێ رەواج, بۆیە لەپێناو دروستکردنی بازاڕێکی زمانیی گەورەدا دەبێت زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگەیەکی زمانی بکات بە زمانی نوسینی کتێبە چاپکراوەکانی کە رێژەی خوێنەوەران و خوێنەرانی لە هەموو کۆمەڵگا زمانییەکانی تر زیاتر بێت,بەم کارەشی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگایەکی زمانی بە پرۆسەی بەئامێربووندا دەبات و دەبێتە رێگر لەبەردەم پرۆسەی بەئامێربوونی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانی تری سنوری دەسەڵاتی ناوچەیی ئینگلیزەکان. ئەمەش بۆخۆی قبوڵکردنی هەمان سیستەمی چەقگیریی و دەسەڵاتخوازی زمانی لاتینییە لەلایەن کۆمەڵگای ئینگلیزی زمانەکانەوە.

کاکستن لەپێناو برەودان بە ئامێرە تەکنەلۆجیەکان و کاڵا بەرهەمهاتووەکانی ئەم ئامێرەدا زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگای زمانی لەندەن و دەوروبەرەکەی بە پرۆسەی بەزمانبووندا دەبات و زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانی تری ژێر دەسەڵاتی ناوچەیی ئینگلیز لەوە نەفی دەکات کە بە پرۆسەی بەئامێربووندا برۆن و ببن بە زمانی نوسین. پاساویش بۆ ئەم نەفیکردنەوە ئەوەیە کە دەڵێت ((لە راستیدا سەختە هەمووان

---

[1] بڕوانە: روی هاریس، اعلام الفکر اللغوی: الجزء الاول: 138، 141.

رازی بکرێن ئەمەش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی و گۆڕان لە زماندا))[1] , ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئامێرە تەکنەلۆجییەکەی چاپخانەکەی ڕێگرە لەبەردەم ئەوەدا کە هەموو کۆمەڵگا زمانییەکان بە پرۆسەی بەئامێربووندا بڕۆن,بۆیە سەختە دڵی خەڵکی هەموو کۆمەڵگا زمانییەکان رابگیرێ, جەبری ئامێرەکە و زۆری نرخی تێچوونی کاڵاکان , وا لە کاکستن دەکات بڕیاری ئەوە بدات تەنها زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگای زمانیی لەندەن و دەوروبەرەکەی هەڵبژێرێ, یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم هەڵبژاردنەشی ئەوەیە کە پێش کاکستن بە چەند دەیەیەك هنری پێنجەم کە پاشای ئینگلستانە بۆ یەکەمجار لەبری زمانی فەرەنسی لە تۆمارکردنە فەرمییەکانی خۆیدا هەمان زمانی ئاخاوتن لە حکومەتەکەیدا بەکار دەهێنێ و حکومەتەکەشی لە لەندەنە[2]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕێژەی زۆربەی خوێنەوەرانی ئینگلیز سەر بە کۆمەڵگای زمانی ئاخاوتنی لەندەنن, بەم پێیە کاکستن کاتێك لەناو زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا ئینگلیزی زمانەکاندا زمانی ئاخاوتنی لەندەن و دەروبەری هەڵدەبژێرێ هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵگا زمانییە گەورەترین کۆمەڵگای خوێنەوەرانە و ئەمەش وا دەکات گەورەترین بازاڕ بێت بۆ ساغکردنەوەی کاڵای بەرهەمهاتووی چاپخانەکەی.

نیو سەدە دوای کاکستن پیاوێك بە ناوی رۆجەر تەسکام بە هەمان بیرکردنەوەی موڵکخوازانە و بازاڕیانەی کاکستنەوە بە هەمان زمانی نوسین کتێبێك لەبارەی هونەری نیشانەشکاندن (الرمایە) بڵاو دەکاتەوە و هۆی نوسینی ئەم کتێبە بە زمانی ئینگلیزی و نەنوسینی بە زمانی لاتینی و یۆنانی بەم شێوەیە باس دەکات ((لەگەڵ ئەوەشدا نوسینی ئەم کتێبە بە زمانی لاتینی یان یۆنانی بۆ لێکۆڵینەوە لە بواری کارەکەمدا ئاسانترو گونجاوتر بوو, بەڵام من مەبەستم بوو (بە زمانی ئینگلیزی) بینوسم, چونکە باوەڕم وایە ئەوە ئەمانەتداری نییە کە کاڵاکەم ببێتە کۆسپ لەبەردەم ئەوەدا کە خەڵکێکی زۆر چێژی لێبکەن و سودی لێوەربگرن))[3]. لە ڕێگەی ئەم پەرەگرافەوە دەردەکەوێت کە کاکستن و ئەو نوسەرانەی لەو سەردەمەدا بەو زمانە ئینگلیزییەی کاکستن نوسیوویانە وەك کاڵایەك سەیری کتێبیان کردووە و کتێبەکانیشیان هەڵگری زانیارییەکی پراگماتیکی و پراکتیکی بوون و لێرەشدا زمان بووەتە ئامێرێك بەدەست ئەوانەوە کە بازاڕی ئەوکاتەی کۆمەڵگای ئینگلیزیان بەڕێوەبردووە, ئەوەش زمانی ئینگلیزی بە پرۆسەی بەئامێربووندا دەبات پێداویستیەکانی دەسەڵات یان کولتور یان ئاین نییە، بەڵکو پێداویستییەکانی بازاڕ و ئابوریی ئەو کۆمەڵگایانەیە,لێرەشدا پرۆسەی گۆڕانی زمانی ئاخاوتن بۆ زمانی نوسین پەیڕەوی هەمان سیستەمی چەقگیر و دەسەڵاتخوازی زمانی لاتینی و یۆنانی دەکات و لەژێر جەبری هەمان سیستەمدا پەرە دەسێنێ.

زمانی فەرەنسییش وەك زمانێکی ناوچەیی ناو ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی بە پرۆسەی بەئامێربووندا دەڕوات و دەبێت بە زمانی وەرگێڕان و نوسینی مەعریفە. جواکیم دوبولای (1522-1560ز ) لە کتێبێکیدا بە ناوی (بەرگری لە زمانی فەرەنسی و بەیانکردنەکەی), باس لەوە دەکات ئەوەی وای کردووە زمانی فەرەنسی وەك زمانی لاتینی و زمانی یۆنانی نەبێت بە زمانی مەعریفە, زمانی فەرەنسی خۆی نیە,

---

(1) وەرگیراوە لە: هـ. س: 138.

(2) هـ. س: 140.

(3) هـ. س: 139.

بەڵکو خەڵکی کۆمەڵگا فەرەنسی زمانەکان و ئەگەر ئەوانیش بکەونە خزمەتکردنی زمانەکەیان ئەوە زمانی فەرەنسییش لە زمانی ئاخاوتنەوە دەبێت بە زمانی زانست و مەعریفە,ئەو لەم بارەیەوە دەڵێت: ((زمانی فەرەنسیی ئێمە ئەوەندە لاواز نییە کە توانای ئەوەی نەبێت ئەوەی لە زمانەکانی تر وەریگرتووە بە ئەمەکدارییەوە بۆیان بگێڕێتەوە, ئەوەندەش بەیار نییە کە توانای ئەوەی نەبێت لە داهێنانە نوێکان بەری تایبەت بەخۆی بدات, بەرهەمێکی لەو جۆرە دەکرێت لە ڕێگەی پیشەسازی و ئیشی بەردەوامی ئەوانەی کە دەیکێڵن بەدەست بهێنرێت,بەڵام بە مەرجێك لەلای هەندێك لەو کەسانە ئەوەندەی پێویستە خۆشەویستی بۆ وڵاتەکە و شارەکەیان هەبێت, تا بتوانن ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن))[1].

لێرەدا دەردەکەوێت دوبولای بە تەنها هۆشیار نییە بە پرۆسەی بەئامێربوونی زمانی فەرەنسی,بەڵکو هۆشیارە بە سروشتی زمانی فەرەنسی و سروشتی کۆمەڵگا فەرەنسی زمانەکان, ئەو لەسەر بنەمای ئەو هۆشیارییەش پێشبینیی ئەوە دەکات کە زمانی فەرەنسی و خەڵکی کۆمەڵگا فەرەنسی زمانەکان هەڵگری کولتورێکی هزری لەو جۆرەن توانای ئەوەی تیایە ببێت بە کولتورێکی دەسەڵاتدار بەسەر کولتورە ناوچەییەکانی تردا[2], ئەم پێشبینییەی دوبولای لە سەردەمی ڕۆشنگەری و سەردەمی مۆدێرنەدا دێتە دی و کولتوری فەرەنسی دەبێتە کولتورێکی زاڵی هەردوو سەردەمەکە.

زمانی فەرەنسییش وەك سێ زمانەکەی تر پەیڕەوی هەمان سیستەمی دەسەڵاتخوازی دەکات کە زمانی لاتینی و زمانی یۆنانی سەردەمی هیلینییەت لە پرۆسەی پەرەسەندنی خۆیاندا پەیڕەویان کردووە,واتە زمانی فەرەنسییش وەك زمانی ئیتالی و ئیسپانی و ئینگلیزی بە پرۆسەی بەئامێربووندا ڕۆشتووە و لە ڕێگەی ئەو پرۆسەیەوە بووە بە زمانی نوسینی کولتوری فیکری و بووە بە ئامێرێك بۆ زانستە مرۆییەکان.

تاکە زمانێك لە زمانەکانی ناو سنوری ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی کە بە پرۆسەی بەئامێربووندا نەڕۆشتبێ و بە پرۆسەی بەدیالێکتبووندا ڕۆشتبێ زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا ئەڵمانی زمانەکانە, زمانی ئەڵمانی لەم سەردەمەدا لە پرۆسەی پەرەسەندنی خۆیدا پەیڕەوی لە هەمان ئەو سیستەمە دەسەڵاتخوازەی زمانی ئامێریی ئیمپراتۆرییەتەکان ناکات و بەمەش خۆی لەوە دەپارێزێت بە پرۆسەی بەئامێربووندا بڕوات و ببێت بە ئامێرێك بە دەستی مرۆڤەکانەوە و وەك هەر ئامێرێکی تر بۆ مەبەستە دنیاییەکانی خۆیان بەکاری بهێنن.

لەم سەردەمەدا زمانی ئەڵمانی وەك زمانی سەردەمی دەوڵەتەشارەکانی یۆنان دەکەوێتە ناو پرۆسەی بەدیالێکتبوونەوە و زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکان دەبن بە دیالێکتی زمانی عەقڵیی ناو ڕوحی نەتەوەیی ئەڵمان و هەریەکەیان بەجیا و لە سەردەمی جیادا دەبن بە دیالێکت و زمانی نوسین و ئەو ئەرکە عەقڵییە جێ بەجێ دەکەن کە ڕوحی نەتەوەیی ئەڵمان دەیخاتە ئەستۆیان.

---

(1) جون جوزیف، اللغه والهويه: 150.

(2) وەرگیراوە لە: هـ. س: 150.

لەم سەردەمەدا پەیوەندیی کۆمەڵگا زمانییەکان و تەنانەت کۆمەڵگا سیاسییە جیاوازەکانی ئەڵمان لەناو پەیوەندییەکی عەقڵیدان و لەگەڵ یەکدا لە پەیوەندییەکی هەمئاهەنگدان و لەناو عەقڵدا یەکن و لە واقیعدا جیاوازن, هەر ئەمەش وایکردووە کە لەو سەردەمەدا لەناو ئەڵمانەکاندا دەسەڵاتێکی ناوەندی بوونی نەبێت و لەبری دەسەڵاتێکی ناوەندی چەند دەسەڵاتێکی ناوچەیی سەربەخۆبوونیان هەبێت و سنوری سیاسیی ئەڵمانەکانیش سنورێکی دیاریکراو نەبێت و سنورێکی عەقڵیی نادیاریکراو بێت و ئەڵمانەکان لە رێگەی شعورێکی عەقڵییەوە هەستی پێبکەن, فیختە لە پەیامەکەی بۆ نەتەوەی ئەڵمان ئەم مەسەلەیە بە وردی روون دەکاتەوە. زمانی ئەڵمانی تا سەردەمی فیختەش بە پرۆسەی بەئامێربووندا ناڕوات و ئەڵمانەکان کولتوری عەقڵیی خۆیان بە یەك دیالێکت نانوسنەوە, واتە زمانێکی پێوانەیی و ئامێریی تا ئەو سەردەمە لەئارادا نییە و زمانی ئەڵمانی لە سەردەمی سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییە مۆدێرنەکانەوە لە پرۆسەی بەدیالێکتبوون دەکەوێت و دەبێت بە زمانێکی ئامێری, لەکاتێکدا زمانی ئاخاوتنی ئەڵمانی لە سەدەی شازدەدا لە رێی نوسینەکانی مارتن لۆسەرەوە (1483-1541 ز) دەبێت بە زمانی نوسین,بەڵام نابێت بە زمانێکی ئامێری چونکە بوونی زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگا زمانییەی کە مارتن لۆسەر زمانەکەی دەکات بە زمانی نوسین, نابێتە رێگر لەبەردەم ئەوەدا زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا ئەڵمانی زمانەکانی تر ببن بە زمانی نوسین,هەر ئەمەشە وا دەکات کە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانی تریش لە قۆناغە مێژووییەکانی تردا ببن بە زمانی نوسین و ئەمەش نەبێتە هۆی ئەوەی هەر کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگا ئەڵمانی زمانەکان ببێت بە میللەتێکی سەربەخۆ و زمانەکەشی ببێت بە زمانێکی سەربەخۆ لە زمانی ئەڵمانی,ئەوەش رێگە بەمە نادات ئەو پەیوەندییە عەقڵییەیە کە هەموو کۆمەڵگا ئەڵمانیەکان لە نەتەوەی ئەڵماندا دەکاتەوە بە یەك و دیالێکتە جیاوازەکانی هەریەکەشیان لەناو ئەو زمانە عەقڵییەدا دەکاتەوە بە یەك کە پێی دەوترێت زمانی ئەڵمانی.

## 2ـ3/3) زمانی ئەدەبیات و پرۆسەی بەدیالێکتبوونی زمانی کوردی

لەناو ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا هەموو زمانە ناوچەییەکانی سنوری ئەو ئیمپراتۆرییەتە پەیڕەوییان لە هەمان ئەو سیستەمە دەسەڵاتخوازە کردووە کە زمانی لاتینی و یۆنانی بە پرۆسەی بەئامێربووندا دەبات، لەناو ئەو زمانانەدا تەنها زمانی ئەڵمانی پەیڕەوی لە سیستەمە عەقڵییە نادەسەڵاتخوازەکەی ناو روحی نەتەوەیی ئەڵمان دەکات و بەمەش زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانی خۆی دەخاتە ناو پرۆسەی بەدیالێکتبوونەوە, زمانە ناوچەییەکانی ناو سنوری ئیمپراتۆرییەتی عەرەبی ئیسلامیش هەموویان لە پرۆسەی پەرەسەندنی خۆیاندا لە زمانی ئاخاوتنەوە بۆ زمانی نوسین پەیڕەوی لە سیستەمە دەسەڵاتخوازەکە دەکەن و ئەمەش وا دەکات کە وەك زمانی عەرەبی بە پرۆسەی بەئامێربووندا بڕۆن و نەتوانن بکەونە ناو پرۆسەی بەدیالێکتبوونەوە. تاکە زمانێك کە لە سەردەمی سەرهەڵدانی هێزە ناوچەییەکانی ناو ئەو ئیمپراتۆرییەتە, لە پرۆسەی پەرەسەندنی خۆیدا پەیڕەوی لە سیستەمە دەسەڵاتخوازەکەی زمانی عەرەبی ناکات و پەیڕەوی لەو

سیستەمە عەقڵییە دەکات کە لەناو عەقڵی کۆیی کۆمەڵگا زمانییەکانیدا بوونی هەیە,زمانی کوردییە,زمانی کوردی لەم سەردەمەشدا نابێت بە زمانێکی ئامێری و هەروەك سەردەمەکەی پێشوو لە قۆناغێکی نوێدا درێژە بە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی خۆی دەدات, لەم قۆناغەدا زمانی کوردی لەپاڵ ئەوەدا کە بووە بە زمانی دەقە ئاینییەکانی ئاینی حەقیقەت دەبێت بە زمانی دەقە ئەدەبیەکان و ئەدەبیاتی کوردی بە هۆی بەردەوامیی پرۆسەی بەدیالێکتبوونی دیالێکتەکانییەوە, بە چەند دیالێکتێکی جیاواز و بە چەند فۆرمێکی ئەدەبیی جیاواز دەنوسرێتەوە, ئەمەش بۆخۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زمانی کوردی لەم قۆناغەشدا پەیڕەوی سیستەمە عەقڵییەکەی ناو روحی نەتەوەیی خۆی کردووە و پەیڕەوی سیستەمە دەسەڵاتخوازەکەی زمانی عەرەبی نەکردووە.

زمانی کوردی پێش ئەوەی سیستەمە عەقڵییەکەی خۆی لە زمانی ئەدەبیاتی کوردیدا شێوەگیر بکات و جیهانی ئەدەبیی ناو روحی نەتەوەیی کورد لە رێگەی چۆنایەتییە شیعرییە جیاوازەکانی ناو سروشتی کۆمەڵە زمانییەکانی خۆی شێوەگیر بکات,ئەو سیستەمە عەقڵییەی لە رێگەی ئاینی یارسان و ئاینی حەقیقەتەوە لە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا کوردی زمانەکاندا شێوەگیرکردبوو, بە شێوەگیربوونی ئەم سیستەمە عەقڵییەی ناو زمانی کوردی لەناو زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکاندا , زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگایانە کەوتبوونە ناو پرۆسەی بەدیالێکتبوونەوە و بوو بوون بە کۆمەڵە زمانێکی جیاوازی دەقە ئاینییەکان,ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگایانە پێش ئەوەی ببێن بە زمانی ئەدەبیاتی نوسراو زمانی دەقە ئاینیە نوسراوەکان بووە, بوونی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکان بە زمانی ئاین, لەناو میللەتانی ناو سنوری ئیمپراتۆرییەتی عەرەبی ئیسلامی حاڵەتێکە تایبەتە بە کورد و زمانی کوردی, جگە لە زمانی کوردی هیچ زمانێکی تری ناو ئیمپراتۆرییەتی عەرەبی ئیسلامی وەك زمانی عەەرەبی نەبووە بە زمانی دەقی ئاینی,بەڵام بوون بە زمانی دەقە مەزهەبییەکان, زمانی دەقە مەزهەبییەکانیش زمانی دەقە ئاینییەکان نیە, چونکە مەزهەب ئاین نییە و بەئامێرکردنی دەقە ئاینییەکانە و زانینی رێورەسمێکی نەگۆڕە و پەیڕوکراوە بۆ تێگەیشتن لە دەقە ئاینییەکان.

زمانی کوردی دوای ئەوەی سیستەمە عەقڵییەکەی رووحی نەتەوەیی کورد لە زمانی ئاینیی دیالێکتە کوردییەکاندا شێوەگیر دەکات , لە قۆناغێکی نوێی پرۆسەی بەدیالیکتبوونی دیالێکتەکانیدا هەمان ئەو سیستەمە عەقڵییە لەناو زمانی ئەدەبی دیالێکتەکاندا شێوەگیر دەکات و بەمەش زمانی ئەدەبی کوردی وەك زمانی ئاینی حەقیقەت دەبێت بە دەرخەری شوناسی نەتەوەیی کورد.

زمانی کوردی لەرێی ئەو چوار دیالێکتەوە دەبێت بە زمانی ئەدەبیات کە بوو بوون بە زمانی دەقە ئاینیە نوسراوە کوردییەکانی ئاینی یارسان و ئاینی یەزیدی, واتە: لوڕی و هەورامی و کرمانجی و سۆرانی. زمانی کورد لەم قۆناغەدا لە رێگەی پرۆسەی بەدیالێکتبوونەوە لە زمانی ئاینەوە دەگۆڕێت بۆ زمانی ئەدەبیات و یەکەم دیالێکتیش کە لە زمانی ئاینەوە دەبێت بە زمانی ئەدەبیات دیالێکتی لوڕییە, روحی

نەتەوەیی کورد لە ڕێگەی پیاوێك لە پیاوە ڕۆحانیەکانی ئاینی یارسانەوە دیالێکتی لوڕی لە زمانی دەقە ئایینیەکانی یارسانەوە پەرەپێدەدات و دەیکات بە زمانی ئەدەبیاتی کوردی.

باباتاهیری هەمەدانی (326-401 ك)[1]یەکێکە لە باباکانی دەورەی شاخۆشین و ئەو دەقە ئاینییەش بە کەلامی دەورەی شاخوشێن ناونراوە, بابا تاهیر یەکێکە لەو روحانەی کە روحی نەتەوەیی کورد لە ڕێگەیەوە گوتە ئاینییەکانی خۆی بەیان دەکات, ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە باباتاهیر یەکێکە لەو پیاوە روحانیانەی کە زمانی ئاخاوتنی لوڕی لە ڕێگەیەوە دەگۆڕێت بۆ زمانی دەقە ئاینیەکانی یارسان, ئەوەی لە کەلامی دەورەی شاخوشیندا لە ڕێگەی باباتاهیرەوە دەگوترێت کەلامە, لێرەدا ئەوەی لەناو روحی نەتەوەیی کورددا ئایینە لە ڕێگەی باباتاهیر و یارەکانی تری ئەو دەورەیەوە دێتە ناو دیالێکتی لوڕییەوە لە گوتنێکی ئاینیی پەتییەوە دەبێت بە گوتنێکی ئاینیی دیاریکراو بە چۆنایەتییە زمانییەکانی دیالێکتی لوڕی دیاریدەکرێت. ئەو گوتنە ئاینییەی کە لە ڕێگە بابا تاهیرەوە لە دیالێکتی لوڕیدا شێوەگیر دەبێت, هەمان ئەو گوتنە نییە کە لە چوارینەکانی باباتاهیردا لە ڕێگەی هەمان چۆنایەتییە زمانییەکانی دیالێکتی لوڕییەوە شێوەگیر دەبێت, چونکە گوتنەکانی ناو کەلامی دەورەی شاخۆشین  گوتنی ناو جیهانە ئاینییە عەقڵییەکەی ناو روحی نەتەوەیی کوردن, بەڵام گوتنی ناو دووبەیتیەکان گوتنی ناو جیهانە شیعرییە عەقڵییەکەی ناو هەمان روحن. لەبەر ئەمە بۆ باسکردن لە پەرەسەندنی زمانی کوردی لە ئاینەوە بۆ ناو ئەدەب تەنها دەبێت باس لە دووبەیتیەکانی باباتاهیر بکرێت.

باباتاهیری دووبەیتیەکان یەکەم شاعیری کوردە کە لە ڕێگەیەوە زمانی کوردی لەناو یەکێ لە دیالێکتەکانیدا دەبێت بە زمانی ئەدەبیات, باباتاهیری دووبەیتیەکان پیاوێکی روحانیی ناو ئاینی یارسان نیە, بەڵکو شاعیرێکە لەو شاعیرانەی کە زمانی کوردی لە ڕێگایانەوە بووە بە زمانی ئەدەبیات,ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زمانی کوردی یەکەمجار لە ڕێگەی دیالێکتی لوڕییەوە دەبێت بە زمانی ئەدەبیات.

دیالێکتی لوڕی لەبەر ئەوەی بە پرۆسەی بەئامێربوون نابێت بە زمانی ئەدەبیات و بە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی دیالێکتە کوردییەکان دەبێت بە زمانی ئەدەبیات, نابێتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەدا کە دیالێکتەکانی تریش ببن بە زمانی ئەدەبیاتی کوردی, هەر ئەمەشە وا دەکات دوابەوای دیالێکتی لوڕی , زمانی کوردی لە ڕێگەی دیالێکتەکانی تریشەوە ببێت بە زمانی ئەدەبیات و ئەدەبیاتی کوردی لەبری ئەوەی بە یەك دیالێکت بنوسرێت بە چوار دیالێکت بنوسرێت و چوار شێوازی ئەدەبی لە ئەدەبیاتی پێش ئەدەبیاتی سەردەمی مۆدێرن بێتە ئاراوە و هەریەکەشیان بە دیالێکتێکی جیاواز بنوسرێت.

زمانی کوردی سیستەمە عەقڵییەکی خۆی لە جیهانبینیی ئەدەبیاتی دیالێکتی لوڕییدا لە ڕێگەی دووبەیتیەکانی باباتاهیرەوە شێوەگیر دەکات و بە مۆرکە ناوەندگیرەکەی خۆی ئەدەبیاتی ئەو دیالێکتە مۆرکدەکات و دەیکات بە شوناسی ئەدەبی روحی نەتەوەیی کورد, بەمەش دیالێکتی لوڕی دەبێت بە یەکەمین دیالێکتی ئەدەبیاتی کوردی,ئەوەی جیی سەرنجە ئەوەیە روحی نەتەوەیی کورد لە ڕێگەی چەند قۆناغێکی

---

[1] بڕوانە: سدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی: 82.

پەرەسەندنەوە لە ئەدەبیاتی ئەم دیالێکتەدا خۆی بۆخۆی نانوێنێتەوە, ئەمەش وا دەکات کە دووبەیتەکانی بابا تاهیر بن بە یەکەمین بەرهەم و دواهەمین بەرهەمی ئەدەبیاتی ئەو دیالێکتە, لەناو ئەدەبیاتی لوڕییدا روحی نەتەوەیی کورد لە رێگەی تاکە شاعیرێکەوە دەردەکەوێت و هەر لە رێگەی ئەویشەوە دەگاتە ئەوپەڕی دەرکەوتن و نواندنەوەی خۆی بۆخۆی, بۆیە دەکرێت باباتاهیر بە شاعیری تاقانەی ئەدەبیاتی کوردی ناو بنێین. باباتاهیر شاعیری تاقانەی ئەو ئەدەبیاتەیە چونکە روحی نەتەوەیی کورد تەنها لە رێی ئەوەوە خۆی لەناو ئەدەبیاتی دیالێکتێك لە دیالێکتەکان شێوەگیر دەکات و ئەم حاڵەتەش حاڵەتی تایبەتی ئەدەبیاتی ئەو دیالێکتەیە و دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی بەدەرن لەم حاڵەتە.

روحی نەتەوەیی کورد دوای دیالێکتی لوڕی لە رێگەی زمانی کوردییەوە خۆی لە دیالێکتی هەورامیدا دەنوێنێ, روحی نەتەوەیی کورد زەمەنێکی زۆری پیویستە تا لە ئەدەبیاتی ئەم دیالێکتەدا خۆی ئاشکرا بکات, هەر ئەمەشە وا دەکات لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی پریمۆدێرنی کوردییەوە تا سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی مۆدێرنی کوردی , بە بەردەوامی و بەبێ پچڕان ئەدەبیاتی ئەم دیالێکتە درێژە بکێشێت و لەگەڵ ئەمەشدا رووحی نەتەوەیی کورد لە شیعری پـریمۆدێرنی ئەم دیالێکتەدا نەگاتە لوتکەی درەوشانەوەی خۆی, لە کاتێکدا لە ئەدەبیاتی دیالێکتی لوڕیدا لە زەمەنێکی کورت و لە شیعری یەك شاعیردا دەربکەوێت و بشسگاتە لوتکەی درەوشانەوەی خۆی.

ئەدەبیاتی ئەم دیالێکتە بەپێی ئەو دەسنوسانەی کە بڵاوکراونەتەوە و لە بەردەستدان بە سەیدی هەورامی (یەکەم) (850-918 ك) دەست پێدەکات و لە مەولەوی (1221-1300 ك) دا لە رووی فۆرم و شێوازی شیعرییەوە کامڵ دەبێت, بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم ئەدەبیاتە روحی نەتەوەیی کورد لە خۆیدا تەواو شێوەگیر ناکات و لەم قۆناغەدا ناتوانێت شوناسی نەتەوەیی کورد لەوپەڕی درەوشانەوەی خۆیدا بخاتە روو. ئەم حاڵەتەش تەنیا لە ئەدەبیاتی دیالێکتی هەورامیدا بوونی هەیە.

روحی نەتەوەیی کورد لە رێگەی دیالێکتی هەورامیەوە رازی خۆی لە ئایندا بە تەواوی ئاشکرا دەکات, بەڵام ئەم روحە لە رێگەی هەمان دیالێکتەوە رازی خۆی لە ئەدەبیاتی ئەم دیالێکتەدا بە تەواوی ئاشکرا ناکات و شوناسی تەواوی خۆی خۆی ناخاتە روو, لە کاتێکدا جگە لە ئەدەبیاتی ئەم دیالێکتە, بە چۆنایەتی و فۆرمی جیاواز لە مێژووی ئەدەبیاتەکانی تری سێ دیالێکتەکانی تردا رازی خۆی بە تەواوەتی ئاشکرا کردووە, لێرەدا دەتوانین بڵێین روحی نەتەوەیی کورد ئاینە عەقڵییەکەی خۆی لە رێگەی فۆرم و چۆنایەتییە زمانییەکانی دیالێکتی هەورامی لە دۆخە عەقڵە پەتییەکەیەوە بە تەواوەتی دەیهێنێتە ناو زمانەوە و دەیگۆڕێت بۆ ئاینێکی دیاریکراو, واتە دیالێکتی هەورامی ئاشکراکەری تەواوی رازی ئاینی کوردە و ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە چۆنایەتییە زمانییەکانی ئەو دیالێکتە سازترینی ئەو چۆنایەتییانەی ناو سروشتی کوردن بۆ شێوەگیرکردنی ئەو رازە ئاینییەی کە لەناو روحی نەتەوەیی کورددا بوونی هەیە, بەڵام ئەو چۆنایەتییانە سازترینی ئەو چۆنتیەتییانە نین بۆ شێوگیربوون و ئاشکرابوونی ئەو رازە شیعرییەی کە لەناو

روحی نەتەوەیی کورددا بوونێکی عەقڵیی هەیە,هەر ئەمەشە وادەکات جیهانبینیی شیعری کوردلە ئەدەبیات و شیعری ئەم دیالێکتەدا نەگاتە ئاستی تەواوی شێوەگیربوونی خۆی.

دوای دەرکەوتنی روحی نەتەوەیی کورد لەناو ئەدەبیاتی دیالێکتی هەورامیدا, ئەم روحە دیالێکتی کرمانجی لە رێگەی پرۆسەی بەدیالێکتبوونەوە دەکات بە زمانی ئەدەبیات و لە رێگەی چەند شاعیرێکی سەر بەو دیالێکتە رازی شیعریی خۆی بە تەواوەتی ئاشکرا دەکات, ئاشکرابوونی تەواوی ئەم رازەش لە رێگەی (مەم و زین) ەکەی ئەحمەدی خانییەوەیە و ئەحمەدی خانی خۆی هۆشیاریی بە ئاشکرابوونی ئەم رازە هەیە و لەم بارەیەوە دەڵێت[1] :

***شەرحا غەمێ دل بکەم فسانە***

***زینێ و مەمێ بکەم بەهانە***

بەپێی ئەو مێژووەی بۆ ئەدەبیاتی پرێۆدێرنی ئەم دیالێکتە نوسراوەتەوە, ئەم دیالێکتە لەدوای شەڕی چاڵدێران (1514 ز)ەوە دەبێت بە زمانی ئەدەبیاتی کوردی[2], سەرەتای ئەم ئەدەبیاتە بە فۆرمێکی شیعریی خۆماڵ دەست پێدەکات, ئەم فۆرمە شیعریە لە شیعرەکانی سەیدی هەورامی (یەکەم) دا لە ئەدەبیاتی دیالێکتی هەورامیدا بەکار هاتووە و ئەم شاعیرە چەند شیعرێکی بەم فۆرمە خۆماڵیە هەیە کە فۆرمێکی شیعریی جیاوازە لەو فۆرمە شیعرییەی کە شیعری ئەو دیالێکتەی پێ نوسراوەتەوە, نمونەی ئەم فۆرمە شیعریە لەم شیعرەی سەیدی هەورامیدا دەردەکەوێت[3]:

***شەرتەن بکێشۆ دڵ جەفات***

***با یادگار مانۆ جە لات***

***تۆ بۆت نەدڵ خۆڵ خودات***

***خۆ کافرستانی نیۆ***

عەلی هەریری (1530-1600ز) کە لە رووی مێژووییەوە پێش مەلای جەزیری (1567-1640ز) یە, بە چەند ساڵێك و لەگەڵ فەقێ تەیران (1563-1641ز) کە دوای مەلای جەزیرییە بە چەند ساڵێك, لە شیعرەکانی خۆیاندا هەمان ئەو فۆرمە شیعرییەیان بەکار هێناوە کە سەیدی هەورامی بەکاری هێناوە, ئەم دوو نمونە شیعرییەی خوارەوە بە نمونە شیعرییەکەی سەیدی هەورامی بەراورد بکە:

عەلی هەریری[4]:

***ژ دەنگێ بازن و زەندا***

***نەما عەقڵێ عەقڵمەندا***

***هندی من گوت سی و چەندا***

---

(1) د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2002، ل353.

(2) بڕوانە: هـ. س: 143.

(3) بڕوانە: سدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی دووەم: 405.

(4) د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم: 152.

***تو چێتر بووی ژ مەڤالا***

فەقێ تەیران:[1]

***شێخەك هەبوو سەنعانییان***

***سەرداری پانسەد سۆفیان***

***چوو بوو مەقامێ ئەولیان***

***دایم د زکر و تاعەتێ***

لەناو ئەو سێ شاعیرەدا تەنها مەلای جەزیری لەگەڵ ئەم فۆرمە شیعرییە خۆماڵییەدا ئەو فۆرمە شیعرییە باوەی شیعری پریمۆدێرنی ناو سنوری خەلافەتە ئیسلامیەکان بەکار دەهێنێ و لەناو ئەدەبیاتی کوردیشدا بە یەکەم شاعیر دادەنرێت کە لە شیعرەکانیدا ئەو فۆرمە شیعرییەی بەکار هێنابێ[2].

رۆحی نەتەوەیی کورد لە شیعری ئەم شاعیرانەدا بە شێوەیەکی بەشەکی رازی خۆی ئاشکرا دەکات و ئەوەی کە دەبێت ئاشکرا ببێت لەم قۆناغەی ئەدەبیاتی ئەم دیالێکتەدا بە تەواوی ئاشکرا نابێت و دەمێنێتەوە و لە سەردەمی خانیدا و لە رێگەی (مەم و زین) ەوە خۆی ئاشکرا دەکات و دەگاتە ئەوپەڕی درەوشانەوەی خۆی, واتە روحی نەتەوەیی کورد رازی شیعری خۆی لە ماوەی دوو سەدەدا لە ئەدەبیاتی پریمۆدێرنی ئەم دیالێکتەدا ئاشکرا دەکات.

(مەم و زین) ی ئەحمەدی خانی شێوەگیرکەری هەمان ئەو روحە نەتەوەییەیە کە پێشتر لە ئاینی حەقیقەتدا خۆی شێوەگیر کردبوو, لێرەدا روحی نەتەوەیی کورد بە چۆنایەتیە زمانی و شیعرییەکانی دیالێکتی کرمانجی لە فۆرمێکی شیعری و زمانیی جیاواز لە فۆرمی شیعری و زمانیی دووبەیتییەکانی باباتاهیر خۆی شێوەگیر دەکات و بە رەنگێکی تر لەوپەڕی درەوشانەوەی خۆیدا خۆی دەنوێنێ.

دوای ئەوەی روحی نەتەوەیی کورد دیالێکتی کرمانجی لە دیالێکتی رێوڕەسمە ئاینییە کردەییەکانی ئاینی حەقیقەتەوە دەکات بە زمانی ئەدەبیات, لەناو کۆمەڵگا زمانییەکانی دیالێکتی سۆرانیدا حزور پەیدا دەکات و لە رێگەی چەند شاعیرێکی سەدەی نۆزدەوە , واتە سەدەیەك پاش ئەحمەدی خانی روحی نەتەوەیی کورد ئەو دیالێکتەش لە زمانی ئاینەوە بەرەو زمانی ئەدەبیات دەبات.

نالی (1800-1856ز) و سالم و کوردی بە شاعیرانی بەرایی ئەم سەردەمە ناسراون[3], روحی نەتەوەیی کورد لەناو ئەدەبیاتی ئەم دیالێکتەدا لە رێگەی شیعرەکانی مەحوی (1831-1906ز) دەگاتە لوتکەی حزوری خۆی,شیعری مەحوی و خانی و باباتاهیر ئەو شیعرانەن کە روحی نەتەوەیی کورد لە رێگەیانەوە سیستەمە عەقڵییەکەی خۆی و جیهانبینییە ئەدەبییەکەی لە کاملترین و سازترین شێوەدا بە چۆنایەتییەکانی سێ دیالێکتی جیاواز و سێ فۆرمی شیعریی جیاواز شێوەگیر دەکات. ئەم سێ دیالێکتە

---

(1) **هـ.س**:175–176.

(2) هـ.س: 247-248.

(3) بڕوانە: هـ. س: بەرگی سێهەم: 37-38.

گوزارشتکەرن لەوەی کە لەناو جیهانی ئەدەبیاتی ناو روحی نەتەوەیی کورد روحییە,بەڵام دیالێکتی هەورامی گوزارشتکەرە لەوەی کە لەناو جیهانی ئەدەبیاتی ناو روحی نەتەوەیی کورد هەستەکییە و لە فۆرمی شیعر و ئەدەبیاتدا دەردەکەوێت هەر ئەمەشە وای کردووە کە ئەدەبیاتی دیالێکتی هەورامی هەر لە سەیدی هەورامیی (یەکەم) ەوە تا مەولەوی تاوگۆزی و کۆتایی شیعری پرێمۆدێرنی کوردی, جگە لەو فۆرمە شیعرییەی کە لە کەلامەکانی ئاینی یارساندا هەیە بە هیچ فۆرمێکی شیعریی تر شیعرەکانی نەنوسرێن و بەمەش پارێزگاری لەو جەستە شیعرییە بکات کە لە ناو روحی نەتەوەیی کورددا هەیە و لە فۆرمی شیعری ئەم دیالێکتەدا بە درێژایی چەند سەدەیەك خۆی وەدی دەهێنێ و گوزارشت لە جەستەی شیعری کوردی و چۆنایەتییەکانی سروشتی ئەو جەستەیە دەکات.

کاتێك زمانی کوردی لە زمانی دەقە ئاینییەکانەوە دەبێت بە زمانی دەقە ئەدەبیەکان و روحی نەتەوەیی کورد لە رێگەیەوە خۆی لەناو ئەدەبیاتدا عەینی دەکاتەوە , بە هەمان شێوەی خۆعەینی کردنەوەی خۆی لەناو ئایندا, لە دوو حاڵەتدا خۆی عەینی دەکاتەوە, لە لایەکەوە ئەوەی کە لەودا عەقڵی و روحییە و دەبێت لە زمانێکی ئەدەبییدا عەینی ببێتەوە, لە رێگەی دیالێکتی لوڕی و کرمانجی و سۆرانیەوە عەینی دەبێتەوە, ئەم حاڵەتی عەینی بوونەوەیەی روحی نەتەوەیی کورد هەمان حاڵەتی عەینی بوونەوەیەتی لەناو ئەو سێ دیالێکتەدا کە لە رێگەیانەوە لە زمانی ئاینیی ئاینی یارسانەکاندا خۆی عەینی دەکاتەوە, واتە گەر روحی نەتەوەیی کورد ئەوەی کە لە جیهانی ئاینیی خۆیدا روحییە و بیرە لە دیالێکتی کرمانجیدا هەورامی و لوڕی و سۆرانیدا عەینی کردبێتەوە و ئەوەش کە لەو جیهانەدا مادی و رێوڕەسمدارە لە دیالێکتی کرمانجییدا عەینیی کردبێتەوە, ئەوا بۆ عەینی کردنەوەی ئەوەی کە لە جیهانی ئەودا روحییە و بیرە, دیالێکتی لوڕی کرمانجی و سۆرانی بەکار دەهێنێ و ئەمانە دەکاتە زمانی روحیی ئەدەبیاتی کوردی و بۆ عەینی کردنەوەی ئەوەش کە هەستەکی و رێوڕەسمدارە دیالێکتی هەورامی بەکار دەهێنێ و ئەم دیالێکتەی پێدەکات بە زمانی جەستەی ئەدەبیاتی کوردی, بەمەش زمانی کوردی سیستەمە عەقڵییە ناوەندگیرەکەی خۆی چۆن لە زمانی دەقە ئاینییەکاندا شێوەگیر دەکات بە هەمان شێوە لەناو زمانی دەقە ئاینییەکانیشدا شێوگیری دەکات و دیالێکتەکان دەخاتە ناو پەیوەندییەکی هەمئاهەنگانە لەگەڵ یەکتری و پەیوەندیەکی یەکنوێنانە لەگەڵ خۆیدا.

لەم سەردەمەدا دیالێکتەکانی زمانی کورد هەریەکەیان لە رێگەی فۆرم و شێوازێکی شیعریی جیاوازەوە, دەبن بە زمانی ئەدەبیاتێکی باڵا, ئەمەش خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هیچ یەکێك لەو دیالێکتانە وەك زمانی ئەدەبیاتی هێزە ناوچەییە زاڵەکانی ناو ئیمپراتۆرییەتەکان بە پرۆسەی بەئامێربوون نەبووە بە زمانی ئەدەبیات, زمانی ئاخاوتنی تۆسکانی لەبەر ئەوەی بە پرۆسەی بەئامێربوون دەبێت بە زمانی ئەدەبیاتی ئیتالی, دەبێتە رێگر لەبەردەم ئەوەدا زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە ئیتالییەکانی تر ببن بە زمانی ئەدەبیات, دانتی بە نوسینی کتێبی (کۆمیدیای خواوەندی) زمانی ئاخاوتنی تۆسکانی زاڵ دەکات بەسەر زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا ئیتالی زمانەکانی تردا. بەڵام خانی بەوەی کە (مەم و زین) بە دیالێکتی کرمانجی دەنوسێت , ئەو دیالێکتە ناکات بە دیالێکتی زاڵ بەسەر دیالێکتە کوردییەکانی ترەوە، بەڵکو دەیکات بە

یەکێك لەو دیالێکتە کوردییانەی کە ئەدەبیاتی کوردی پێ نوسراوەتەوە و بووە بە زمانی ئەو ئەدەبیاتە, ئەمە هەر خۆیشی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زمانی کوردی لەم قۆناغەدا وەك زمانی فارسی و زمانەکانی تری دەسەڵاتە ناوچەییەکانی ناو ئیمپراتۆرییەتی عەرەبی ئیسلامی بە پرۆسەی بەئامێربووندا نەڕۆشتووە, بەڵکو بە پرۆسەی بەدیالێکتبووندا رۆشتووە, هەر ئەمەشە وای کردووە کە لەبری یەك دیالێکت و زمانی ئاخاوتنی یەك کۆمەڵگای کوردی زمان, هەموو دیالێکتەکان و زمانی هەموو کۆمەڵگا زمانییەکان ببێت بە زمانی ئەدەبیات, کاتێکیش لەبری یەك دیالێکت چەند دیالێکتێك دەبن بە زمانی ئەدەبیات, مانای ئەوەیە کە روحی نەتەوەیی کورد پێویستی بەوەیە شوناسیی ئەدەبی خۆی لە رێگەی چەند دیالێکتێکی جیاوازەوە بخاتە ڕوو. لێرەدا پرسیارێك رووبەڕوومان دەبێتەوە, ئەویش ئەوەیە کە روحی نەتەوەیی کورد بۆچی بۆ دەرخستنی شوناسی ئەدەبیی خۆی پێویستی بە چەند دیالێکتێکە؟ بۆچی ئەم روحە لە رێگەی یەك دیالێکت و یەك فۆرمی شیعری شوناسی خۆی ناخاتەڕوو؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو سیستەمەی کە لەناو روحی نەتەوەیی کورددا هەیە و لە رێگەی ئەدەبیاتی کوردییەوە دەرکەوت دەکات پەیوەنییە زمانییەکانی ناو زمانە ئەدەبییەکە رێکدەخات, پێشتر ئێمە ئاماژەمان بەوە دا کە سیستەمی عەقڵیی ناو زمانی عەقڵیی کورد سیستەمێکی ناوەندگیرە و سیستەمی ناوەندگیریش پەیوەندیی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانی یەك میللەت لە رێگەی توخمە زاڵەکان و توخمە بەزیووەکان رێك ناخات, واتە ئەو پەیوەندییانەی ئەو سیستەمە لە نێوان زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگا زمانییەدا دروستیان دەکات پەیوەندیی زمانێکی زاڵ نییە بە کۆمەڵە زمانێکی بەزیووەوە, بەڵکو پەیوەندیی یەکنوێنی نێوان زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانە و ئەو زمانانە هەموویان ئەو زمانە عەقڵییە پەتییە دەنوێنن کە لەناو روحی نەتەوەدایە, بەم یەکنوێنییەشیان لەگەڵ یەدا هەمئاهەنگ دەبن و هیچیان زاڵ نابێت بەسەر ئەوی تریاندا.

سیستەمی ناوەندگیری ناو زمانی عەقڵیی کورد بۆ شێوگیربوونی پێویستی بە چەند دیالێکتێکە , چونکە لە رێگەی چەند دیالێکتێکی جیاوازەوە ئەو سیستەمە ناوەندگیرە دەتوانێت خۆی ئاشکرا بکات, واتە بۆ ئەوەی ئەو سیستەمە شێوگیربێت دەبێت چەند دیالێکتێك هەبن تا ئەو بتوانێت هەمئاهەنگی لە نێوانیاندا دروست بکات, هەمئاهەنگیی نێوان یەکە جیاوازەکان دوا ئەنجامی ئەم سیستەمەیە, ئەم هەمئاهەنگییەش بەوە وەدی دێت زمانی کوردی زمانێکی عەقڵیی پەتی بێت و لە چەند دیالێکتێکی جیاوازدا بە چەند چۆنایەتییەکی جیاواز خۆی دیاری بکات و یەکە جیا شوناسەکان لەخۆیدا بکاتەوە بە یەك و وایان لێ بکات هەریەکەیان بە سروشتی جیاوازی خۆی ئەو بنوێنن و یەکتری نەنوێنن.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە یەکبوونی دیالێکتە جیاوازەکان یەکبوونییانە لە زمانێکی عەقڵیی پەتییدا و یەکبوونیان نییە لە یەکێکیاندا, هەر ئەمەشە وایکردووە زمانی کوردی لەم قۆناغەشدا وەك زمانێکی عەقڵی بمێنێتەوە و نەبێتە رێگر لەبەردەم ئەوەدا یەکێك لە دیالێکتەکان بە پرۆسەی بەئامێربووندا بڕوات و ببێت بە زمانێکی ئامێری, دواتریش وەك زمانی کوردی خۆی نیشانبدات.

زمانی کوردی لەبەر ئەوەی زمانێکی عەقڵییە و زمانێکی ئامێریی نیە, ڕێگە دەدات بە هەموو دیالێکتە کوردییەکان بە پرۆسەی بەدیالێکتبووندا بڕۆن و لە پەیوەندییەکی هەمئاهەنگدا لەگەڵ یەکدا ببن بە زمانی ئەدەبیاتی کوردی, لە هەمان کاتاد ئەم زمانە ڕێگرە لەبەردەم پرۆسەی بەئامێربوونی هەریەك لە دیالێکتەکان و زاڵبوونی بەسەر دیالێکتەکانی تردا. بۆیە ئەدەبیاتی کوردی بە یەك دیالێکت نانوسرێت و بە چەند دیالێکتێك دەنوسرێت, چونکە زمانی کوردی زمانێکی عەقڵییە و زمانێکی ئامێری نیە, زمانی عەقڵییش زمانێکی پەتییە و بۆ ئاشکراکردنی شوناسەکەی خۆی پێویستی بە چەند دیالێکتێکە و لە ڕێگەی یەك دیالێکت یان یەك زمانی ئاخاوتنەوە عەینی نابێتەوە و شوناسەکەی ئاشکرا نابێت. ئەو حاڵەتە ئەنتۆلۆجییەی کە لە سەردەمی پرۆسەی بەئامێری بوونی زمانی دەسەڵاتە ناوچەییەکانی ناو ئیمپراتۆرییەتەکان زمانی کوردی تێدەکەوێت, زمانی کوردی تیایدا دەبێت بە زمانی ئەدەبیات, حاڵەتی دەرکەوتنی شوناسی نەتەوەیی کوردە لەناو زمانی ئەدەبیاتدا, چونکە بنەمای شوناسی نەتەوەیی کورد ئەو سیستەمە عەقڵییە ناوەندگیرەیە کە لە پەیوەندیی نێوان دیالێکتە کوردییەکاندا خۆی شێوەگیر دەکات و هەریەکەیان بە مۆرکە ناوەندگیرەکەی خۆی مۆرکدەکات.

دیالێکتە کوردییەکان کە دەبن بە زمانی ئەدەبیات مۆرکە ناوەندگیرەکەی خۆیان لەدەست نادەن و هەر لە دۆخە ناوەندگیرەکەیان دەمێننەوە, بەهۆی ئەوەی کە دەبن بە زمانی ئەدەبیات ناگۆڕێن بۆ زمانی زاڵ یان یان زمانی بەزیوو, بەڵکو دەگۆڕێن بۆ جۆرێك لە زمان کە نە زاڵە و نە بەزیووە, هەریەك لەو دیالێکتانە نە ئەوە قەبوڵدەکات ببێت بە زمانێکی ئامێریی زاڵ بەسەر ئەوانی تردا, نە ئەوەش قەبوڵدەکات هیچ یەکێك لە دیالێکتەکانی تر خۆی بکات بە زمانێکی زاڵ و ئەو بکات بە زمانێکی بەزیوو و لە دۆخی ئاخاوتندا بیهێڵێتەوە, واتە هەریەکەیان ناوەندگیری نێوان زمانە عەقڵییە پەتییە کوردییەکە و زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆیەتی, ئەم ناوەندگیربوونەشی نیشاندەری ئەو مۆرکەیە کە ڕوحی نەتەوەیی کورد لە شوناسە جیاوازەکانی خۆی دەدات و بەمەش دەیانکات بە شوناسی خۆی.

## 4/3)بوونی زمانی کوردی بەزمانی خوێندن وکێشەی دیالێکتەکان

لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵگا پیشەسازییە دروستکراوەکاندا، سەردەمی ئیمپراتۆر یەکان و دە سەڵاتە ناوچەییە بە هێزەکانی ناو ئیمپراتۆریەتەکان کۆتایی پێدێت و سەردەمێکی نوێ دە ست پ ێدەکات، ئەم سەردەمە پێی دەوترێت مۆدێرنیتە، لەم سەردەمەدا هێزە ناوچەییە زاڵەکانی ناو ئیمپراتۆریە تەکان لەلا یەن هێزە ناوچەییەکانی ناوخۆیانەوە کە بە نەتەوە دروستکراوەکان ناسراون نەفیدەکرێن و بەم نەفیکرد نەش لە هەناویاندا کۆمەڵە هێزێکی ناوچەیی بچوکتر لەخۆیان دەردەکەون کە بە دەوڵەتە نەتەوەی یە دروستکراوەکان ناسراون.

لە بەشەکانی پێشوودا بە وردی باسمان لە دروستبوونی نەتەوە دروستکراوەکانی ئەم سەردەمە و ئەو هێزانە کردووە کە ئەم نەتەوانە و دەوڵەتی ئەم نەتەوانەیان بەرهەمهێناوە، ئەوەی ماوە تەوە باس بکر ێت پرۆسەی بە ئامێرکردنی ئەو زمانانەیە کە لەم سەردەمەدا دەبن بە زمانی ئامێری. لێکۆڵەرانی بواری نە تەوە خوازی هەموویان لەسەر ئەو هاوڕان کە زمانە نەتەوەییەکان وەك نە تەوەکان خۆ یان ز مانی دروستکراو و ئامێرین و وەك نەتەوە خوازی پێداویستیە ئامێرییەکان خوێندن و گەیاندن بوونەتە هۆی دروستبوونیان.

بۆ دروستکردنی ئەم زمانانە و پرۆسەی بە ئامێر بوونەکەیان چەند هۆ کارێکی ج یاواز د یاریکراوە، دەکرێت هەموویان لەدوی هۆکاری بنچینەییدا کۆبکرێنەوە کە ئەمانەن: خوێندنی پیشەیی و فەرمی لە گەڵ سەرمایە داری چاپ و چاپەمەنیەکان. گێلنەر لە تیۆرەکەی خۆیدا لە بارەی نە تەوە خوازی و درو ستکردنی نەتەوەکانەوە، هۆکاری پرۆسەی بە ئامێربوونی زمانەکانی ئەم سەردەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ گۆڕانی کۆ مەڵگا کشتوکاڵییەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریەتەکان بۆ کۆمەڵگا پیشەسازییەکانی سەردەمی مۆدێر نە و دەوڵە تە نەتەوەییە دروستکراوەکان، بە پێی بۆچوونەکەی ئەو لە دوای ئەوەی ئامێرە تەکنۆلۆجیەکان پەرە دە سێنن و دەچنە ناو پێکهاتەی کۆمەڵگاکانەوە، کۆمەڵە پێداویستیەکی نوێ لە ناکۆمەڵگاکاندا دروست دە کەن و ئەم پێداویستیانەش دەبنە هۆی ئەوەی چۆنایەتییەکانی ئەو سی ستەمە کۆمەڵایەتی یە ب گۆڕێن کە لە پەیوەندییەکانی خەڵکی ناو کۆمەڵگا کشتووکاڵییەکاندا شێوەگیر بوو بوون، ئەم گۆڕانەش لە چۆنایەتییەکانی ئەو سیستەمەدا لەناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا ڕەنگدەداتەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی یەکان بە پێی کۆمەڵە چۆنایەتیەکی نوێ ساز دەکرێنەوە، کە سازن لەگەڵ ئەو ئامێرە تەکنۆلۆجیانەدا کە بوونی کۆ مەڵگا پیشەسازییەکان دیاری دەکەن.

پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگاکان ئاستێکن لە ئاستەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لەم ئاستەدا کاتێك باس لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەکرێت، باس لە کۆ مەڵگایی ز مانی کۆ مەڵگاکان دەکر ێت. کۆمەڵگای زمانی دەرکەوتەیە کە لە دەرکەوتەکانی کۆمەڵگا و لەم ئاستەدا پەیوەندییە کۆمەڵایەت یەکان لە ئاستی زماندان وەك پەیوەندی زمانیی ئەو کۆمەڵگایە دەردەکەون، کاتێکیش بوونی کۆمەڵگاکان لە بوونێکی سروشتی یان عەقڵییەوە دەگۆڕ ێت بۆ بوونێکی ئامێری، ئەم بوو نە ئامێری یە لە هەموو ئا ستە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا دەرکەوت دەکات و بە هەمان شێوە لە ئا ستی زمانی شدا دەر کەوت

دەکات، ئەوەی لێرەدا گرنگە باسی لێوە بکرێت دەرکەوتنی ئەم پرۆسە ئامێرییەیە لەناو کۆمەڵگا زمانییەکان و پرۆسەی بە ئامێربوونی ئەم زمانانەیە کە دەبن بە ئامێرێك بە دەست دەوڵەتی نەتەوە دروستکراوەکانەوە.

## 1-4/3) پرۆسەی بە ئامێربوونی زمانی نەتەوە دروستکراوەکان

بەشێوەیەکی گشتی دوو ڕێگەی جیاواز لە پرۆسەی بە ئامێر بوونی زمانی دەوڵەتە نەتەوییە مۆدێرنەکان لەلایەن لێکۆڵەرانەوە باسکراون، گێلنەر پێی وایە زمانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردەی مۆدێرنەوە بە پرۆسەی بە ئامێر بووندا ڕۆشتوون، واتە ئەوەی وای کردووە زمانێك لە زمانەکان ببێت بە ئامێرێك بۆ گەیاندنی پێداویستی گواستنەوەی کولتورە دروستکراوەکەی ناو کۆمەڵگاکانە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی ناو قوتابخانە مۆدێرنەکانە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ئەوەی کە زمانێك دەکات بە زمانێکی ئامێری ئەو کولتورە پیشەییە مۆدێرنەیە کە خەڵکی بۆ وەرگرتنی پسپۆڕی لە بوارێك لە بوارەکانی کارە پیشەییەکاندا لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکەدا پێویستی پێیەتی، ئەوەش کە پرۆسەی بە ئامێرکردنی زمانەکە ئەنجام دەدات ئەو ماموستایان کە زمانێك لە زمانەکانی کۆمەڵگا زمانییەکانی سنوری دەوڵەتەکە یان دەرەوەی سنوری دەوڵەتەکە بە پرۆسەی بە ئامێربووندا دەبات و وای لێدەکات بشێت بۆ ئەوەی لە پرۆسەی فێرکردنی قوتابخانە مۆدێرنەکاندا وەك ئامێرێك بەکاری بهێنن بۆ گواستنەوەی زانیارییە پیشەییەکان، لێرەدا زمانی ئەو دەسەڵاتەیە کە دەوڵەتی نەتەوەیی بەخشیویەتی بە مامۆستاکانی قوتابخانەکان و زانکۆکان، پسپۆڕەکانی بواری بەئامێرکردنی زمان لە سیستەمی ئەودەسەڵاتەوە فرمانی بە ئامێرکردنی زمانێك لە زمانەکان وەردەگرن کە دەوڵەتی نەتەوەیی لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆیدا پەیڕەوی دەکات، هەر ئەو سیستەمەشە مامۆستاکانی ناو قوتابخانەکان دەکاتە ئەو کارایەی کە زمانە کە دەکات بە زمانی ئامێری، گێلنەر بەوردی باس لەو دەسەڵاتە دەکات کە دەوڵەت داویەتی بە مامۆستاکان تا زمانێك لە زمانەکانی ناو کۆمەڵگا زمانییەکانی سنوری دەوڵەتەکە لە سنوری دەوڵەتە نەتەوییەکەی بە پرۆسەی بە ئامێربووندا ببەن[1].

لەم حاڵەتەدا زمان بە پرۆسەی بە ئامێر بووندا دەبرێت و دەبێت بە زمانی کۆمەڵگای خوێندەوارانی پیشەیی ناو دەوڵەتی نەتەوەیی، واتە دەبێت بە زمانی ئەو کولتورە پیشەییەی کە هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی کۆمەڵگا پێویستی بە فێربوونی هەیە تا لەناو کۆمەڵگا پیشەسازییەکەی خۆیدا کارێکی بۆ بژێوی خۆی دەست دەکەوێت.

بندکت ئەندرسۆن باس لە حاڵەتێکی ترن پرۆسەی بە ئامێربوونی زمانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان دەکات، لێرەدا کاری پرۆسەی بە ئامێرکردنی زمانێك لە زمانەکانی ناو سنوری دەوڵەتی نەتەوەیی مامۆستاکانی ناو پرۆسەی پەروەردە فێرکردنی قوتابخانەکانی دەوڵەتە مۆدێرنەکان نین، بەڵکو ئەورۆشنبیرانەن کە واقعی ناو کۆمەڵگا نەتەوییکە دەکەن بە حکایەتی نوسراوی ناو کتێب و ڕۆژنامەکان لە گەڵ ئەو

---

[1] بڕوانە: ایرنست غلنر، الأمم والقومیة: 72-73.

چاپخانانەی کە ئەم حکایەتە نوسراوانە وەك کاڵایەکی بەبەها بۆ خوێنەران چاپ دەکەن، لێرەدا لەبری کۆمەڵگای خوێندەواران، کۆمەڵگای خوێنەران هەیە و زمانە ئامێرییەکەش زمانی خوێندەواران و زمانی فێربوونی کولتورە پیشەییەکە نییە، بەڵکو زمانی خوێنەران و زمانی ئەو حکایەتانەیە کە جیهانی ناو کۆمەڵگا پیشەسازییە نەتەوەییەکە پێشانی ئەندامەکانی دەداتەوە. لە بەشەکانی پێشوودا لە باسکردنی تێڕوانینە مۆدێرنەکەدا بۆ نەتەوە و شوناسی نەتەوەیی بەوردی باسمان لەو سیفەتە دەسەڵاتخوازە کردووە کە زمانێك لە زمانەکانی کۆمەڵگا زمانییەکانی ناو دەوڵەتی نەتەوەیی زاڵدەکات بەسەر زمانەکانی تری ناو کۆمەڵگا زمانییەکانی هەمان نەتەوە، لەرێگەی ئەو پاساوەوە کە زمانی نەتەوەیی زمانێکی دروستکراوە و هیچ پەیوەندیەکی بە زاڵکردنی ئەتنیکێك یان کۆمەڵگایەکی زمانی بەسەر ئەتنیکەکانی تر یان کۆمەڵگا زمانییەکانی ترەوە نییە و زمانێکە نەتەوەخوازی دروستیکردووە و هەموو کەسێکی ناو سنوری دەوڵەتی نەتەوەیی ئەو نەتەوەخوازییە دەبێت فێری بێت تا ببێت بە هەڵگری شوناسی زمانیی نەتەوە، تەنانەت گەر ئەندامانی ئەو کۆمەڵگا زمانییەی کە لە زمانەکەیان کەرەستەی ئەو زمانە دروستکراوە وەرگیراوە لەرێگەی قوتابخانەکانەوە فێری زمان و کولتوری قوتابخانەکان نەبن، نابن بە هەڵگری شوناسی زمانی و کولتوری ئەو نەتەوەیە، ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زمانی دروستکراوی نەتەوە زمانی هیچ کۆمەڵگایەکی زمانی نییە و بوونێکی سەربەخۆی لە زمانی هەموو کۆمەڵگا زمانییەکانی ناو دوڵەتی نەتەوەیی هەیە.

ئەوەی ماوەتەوە باسی لێوەبکرێت پرۆسەی بەئامێر بوونی زمانی نەتەوە دروستکراوەکانە لە رێگەی بوونییەوە بە زمانی رۆشنبیران و خوێنەرەکانیان، بۆ روونکردنەوەی ئەم حاڵەتەش دەگەڕێینەوە بۆ تێڕوانینەکانی بندکت ئەندرسۆن لەبارەی پرۆسەی بەئامێر بوونی زمانی کۆمەڵگا خەیاڵکردەکان لە رێگەی سەرمایەداری چاپەوە.

تێڕوانینەکەی ئەندرسۆن لەبارەی دروستبوونی نەتەوەوە و شوناسی نەتەییەوە پشت بە بنەماکانی تیۆرە مۆدێرنەکە دەبەستی، بەڵام لەبەر ئەوەی لە باسکردنی نەتەوەدا وەك سێ تێڕوانینە مۆدێرنەکەی تر بیرکردنەوەیەکی تیۆری ورد و فروانی ناختە بەردەستمان بەپێویستمان نەزانی گفتگۆی لەسەر بکەین. ئەوەش وادەکات لێرەدا باسی لێوە بکرێت، گرنگیدانییەتی بە پرۆسەی بەئامێر بوونی زمانە نەتەوەییەکان.

ئەندرسۆن لەسەرەتای باسەکەدا بە گریمانەیەك دەست پێدەکات، بەپێی ئەو گریمانە نەتەوە کۆمەڵگایەکە لە خەیاڵدا دروستدەکرێت، واتە کۆمەڵگایەکی سایکۆلۆجیەو ئەندامانی ئەم کۆمەڵگایە لەناو پەیوەندیەکی سایکۆلۆجیدان و هەرهەمووشیان بە خۆیان و سیستەمی پەیوەندییەکانیانەوە بوونیان لەناو کۆمەڵگای خوێنەرانی ئەو نەتەوەیەدا هەیە و جەوهەری ئەو نەتەوەیەش کۆمەڵگای ئەو خوێنەوارانەیە کە لەناو سایکۆلۆجیەتیاندا جیهانی ئەو بوونەوەرە سایکۆلۆجیانە حزوری هەیە، ئەم جیهانە خەیاڵییە لەناو ئەندامانی کۆمەڵگای خوێنەراندایە کە لەناو هەموو شیاندا هاوکاتانە رووداوەکانی روودەدەن و هەر ڕووداوێکیش کە لەو جیهانە خەیاڵییەدا رووبدات لەناو هەموویاندا روودات و ئەندامانی ناو کۆمەڵگای

خوێنەران بەوە لەناو پەیوەندیدان کە لەناو هەریەکەیاندا هەمان جیهان و هەمان ڕووداو و هەمان مێژوو بوونی هەیە.

لای ئەو هەموو کۆمەڵگایەکی خەیاڵکرد کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی نییە، بەڵام هەموو کۆمەڵگا یەکی نەتەوەیی کۆمەڵگایەکی خەیاڵکردە واتە هەموو کۆمەڵگایەکی گەورەتر لە گوندە بەراییەکان کە پەیوەندی تیایدا پەیوەندییەکی راستەوخۆیە (کۆمەڵگایەکی خەیاڵکردە) تەنانەت ئەو گوندە بەراییانەش بەهەمان شێوە دەکرێت هەڵگری سیفەتەکانی (کۆمەڵگا خەیاڵکردەکان بن)،[1] نەتەوە کۆمەڵگا یەکی خەیاڵکردە، چونکە ((رۆڵەکانی بچوکترین نەتەوە زۆرینەی تاکەکانی ناو نەتەوەکەیان ناناسن و نە شیان بینیوون و لەگەڵیشیاندا نەدواون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەی کۆبوونەوە و یەکبوونیان لە زەینی هەریەکەیاندا بوونی هەیە و دەژی))[2].

لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی نێوان ئەندامانی نەتەوەیەك جیهانێکی وەهمی و خەیاڵکرد دروستی دەکات، کەچی ئەندامانی ئەو نەتەوەیە ئامادەن لەپێناو پاراستنی ئەو جیهانە خەیاڵکردەدا قوربانی بدەن، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو جیهانە خەیاڵکردە بەوەی کە خەیاڵکرد و وەهمیە، وەك شتە خەیاڵکردەکانی تر نییە کە هیچ کاریگەریەکی لەسەر واقعی ژیانی ئەو کەسانە نەبێت کە هەڵگرینی، ئەم وەهم و خەیاڵە زۆر زیاتر لەوەی کە واقعییە و لە واقعدا بوونی هەیە کاریگەری مەترسیدار و چارەنوسسازی لەسەر ژیانی واقعیی هەڵگرەکانی هەیە، لەمەوەیە ئەندەرسۆن دەپرسێت ( ئەوە چییە لە مێژووی نوێدا کە نزیکەی دوو سەدەیە، وادەکات ئەو خەیاڵاتە کەموکەسرانە ئەو هەموو قوربانییە گەورانەیان لێ بکەوێتەوە؟ )[3].

ئەم بۆچوونە هەر لە بنچینەوە وەك بۆچوونەکەی گێلنەر بۆچوونێکی دروستەیی و سۆسۆرییە، چونکە کار لەسەر ئەوە دەکات ئەو تیۆروانینە بۆ ئێمە دروست بکات کە نەتەوە وەك ئەو کۆمەڵگا زمانییە وایە کە سۆسۆر پێی وایە لەناو هەریەك تاکەکانیدا هەمان ئاماژەدەر و هەمان ئاماژەپێدرا و هەمان سیستەمی پەیوەندییەکانیان بوونیان هەیە و هەر ئەمەش وادەکات کە ئەوانە سەر بەهەمان ئەو کۆمەڵگا زمانییە بن کە لەسەر بەکارهێنانی ئەو زمانە رێککەوتوون.

جیاوازی نێوان گێلنەرو ئەندرسۆن تەنها لەوەدایە، گێلنەر ئاماژە پێدەراوەکانی واقع بەهەمان ئاماژە پێدراوی کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی دەزانێت، بەڵام ئەندرسۆن ئاماژە پێداراوەکانی ناو زەینی تاکەکانی ناو هەمان کۆمەڵگای نەتەوەیی بەهەمان ئاماژە پێدراو دەزانێت، ئەم جیاوازییەش ئەوە دروستی کردووە کە لای گێلنەر کولتوری نەتەوە کۆمەڵە رێنماییەکی پیشەیین و لەرێگەی یەك زمانەوە ئەندامەکانی کۆمەڵگا نەتەوەییە کە وەریاندەگرن، بەڵام لای ئەندرسۆن ئاماژە پێدراوەکان حکایەتە وێناکراوەکانی ناو واقعن و رۆشنبیران لەرێگەی نوسینە رۆژنامەییەکانیان و چیرۆك و رۆمانەکانیانەوە بەیەك زمان دەیانگوازنەوە بۆ ناو زەینی هەموو ئەندامانی ناو کۆمەڵگا نەتەوەییەکە، واتە لای گێلنەر جیهانی دروستکراوی ناو واقعی

(1) بندكت اندرسون، الجماعات المتخيلة: 14.

(2) هـ. س: هـ.ل.

(3) هـ. س: 15.

کۆمەڵگای نەتەوەیی بە هۆی پەرەسەندنی تەکنۆلۆجیا و پیشەسازییەوە بووە بەیەك جیهان و هەڵگری هەمان ئاماژە پێدراو، بەڵام لای ئەندرسۆن ئەو جیهانە زەینییە و ئاماژە پێدراوەکانی یەکن کە رۆشنبیران لە رێگەی وێناکردنێکی خەیاڵکردانەی واقعی کۆمەڵگا نەتەوەییەکە یان لەرێگەی رۆژنامەکان و چیرۆك رۆمانەکانیانەوە بۆ ئەندامانی کۆمەڵگا نەتەوەییەکەی خۆیان وێنایان دەکەن.

ئەندرسۆن کارای دروستبوونی نەتەوە و پرۆسەی بەئامێربوونی زمانەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ رۆشنبیرە رۆژنامەنوس و حکایەتنووسەکانی نەتەوە، ئەو وەسیلەیەش کە ئەم رۆشنبیرانە لەکارەکەی خۆیاندا بەکاری دەهێنن دەزگاکانی بەرهەمهێنای کالا چاپییەکانن، خوێندەوارییش بەو وەسیلەیە دەزانێت، کە ئەندامانی ناو کۆمەڵگا والێدەکات بشێن بۆ ئەوەی وەك هیولایەك ئایدیاڵی نەتەوە شێوەگیر بکەن، ئەوەش لەوانەدا وەك ئایدیاڵی نەتەوە شێوەگیر دەکرێت وێناکردنێکی خەیاڵیانی واقعی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایەیە، واتە واقعی ئەو کۆمەڵگایەیە لەوێووە کە ئەوان بەخەیاڵی خۆیان لەرێگەی حکایەتەکانیانەوە دروستی دەکەنەوە و خوێنەرەکانیان بەو دروستکراوە وەهمی و خەیاڵکردەی خۆیان والێدەکەن کە واقعی خۆیان و کۆمەڵگاکەی خۆیان وابببینن کە ئەوان لە خەیاڵی خۆیاندا بۆیان دروستکردوون.

لای ئەندرسۆن جیاوازی نێوان کۆمەڵگای خەیاڵکردی سەردەمی ئیمپراتۆریەتەکان و کۆمەڵگای خەیاڵکردی نەتەوەیی، لە سروشتی حکایەتە وێناکراوە خەیاڵکردەکان و زەمەنی رووداوەکانیان و پەیوەندی کارێکتەرەکانیان بەو خەڵکەوە کە حکایەتەکان لەزەینیاندا وەك جیهانێکی زەینی هەیە، حکایەتی ناو خەیاڵی کۆیی کۆمەڵگای ئیمپراتۆریەتەکان حکایەتێکی ئاینی و ئەفسانەییە و سەرەتا و کۆتایی دیارە و لە خاڵێکەوە رووداوەکانی دەست پێدەکەن و لە خاڵێکی تردا کۆتاییان پێدێت، بەڵام حکایەتی ناو خەیاڵی کۆیی کۆمەڵگا نەتەوەییەکان، حکایەتێکی دنیایی و واقعییە و بەشێوەیەکی خەیاڵیانە وێنا کراوەتەوە، سەرەتاکەی دیارە بەڵام کۆتاییەکەی نادیارە و لە پەرەسەندن و گەیشتنی بە خاڵی کۆتایی بەردەوامە و تا کۆمەڵگا نەتەوییەکەش بمێنێ هەر بەردەوام دەبێت، حکایەتی ئاینی ناو کۆمەڵگای ئیمپراتۆریەتەکان حکایەتێکی تەواوە لە هەر کۆمەڵگایەکی ناو چەپییەدا لە فۆرمێکی جیاوازدا رووداوە خەیاڵکردەکانی روودەدەن و رووداوەکانیشی لەناو زەینی کۆیی کۆمەڵگاکاندا بە دوای یەکداهاتنێکی لۆجیکی و مێژوویییان نییە و لە یەك کاتیشدا هەمان رووداو لەناو زینی کۆیی هەموو کۆمەڵگا ناوچەییەکاندا روونادات، بەڵام حکایەتی کۆمەڵگا نەتەوەییەکان حکایەتێکی تەواونەکراوەو هەر کۆمەڵگایەکی نەتەوەییش حکایەتی تەواونەکراوی خۆی هەیە کە هەمان حکایەتی ناو زەینی کۆمەڵگا نەتەوەییەکانی تر نییە و رووداوەکانیشی بەدوای یەکدا چوونێکی لۆجیکیان تیایە و لە پەرەسەندنێکی مێژوونەی بەردەوامدا درێژە بە حکایەتەکە دەدەن، کارێکتەرەکانی ناو حکایەتە ئاینییەکان، کەسانی بە خەیاڵکراوی ناو واقعی کۆمەڵگا جیاوازەکانی ناو ئیمپراتۆریەکان بێت و کۆمەڵە کارێکتەرێکی نامۆی بەخەیاڵکراون و وەك کارێتەری ئایدیاڵی هەرکۆمەڵگایەك دەبێت بە چۆنایەتییە سروشتیەکانی خۆی لە ژیانی ئاینی خۆیدا شێوەگیریان بکاتەوە، بەڵام کارێکتەری ناو حکایەتەکانی زەینی کۆیی کۆمەڵگای نەتەوەیی کەسەکانی ناو کۆمەڵگا نەتەوەییەکەن و لەرێگەی رۆشنبیرانی ئەو کۆمەڵگایەوە

خەیاڵیکراونەتەوە، هەرکۆمەڵگایەکی نەتەویش کاریگەری بە خەیاڵکراوی خۆی هەیە و رۆشنبیران ئەو کۆمەڵگایە لە رێگەی بەخەیاڵکردنی ئەندامەکانی ناو ئەم کۆمەڵگایەوە وەدی هێناون[1].

ئەم جیاوازیانەی سەرەوە بوونەتە هۆی ئەوەی کە رۆڵی زمان لە وەدیهێنانی حکایەتە خەیاڵکردەکان نەتەوە و حکایەتە خەیاڵکردەکانی ئیمپراتۆریەتەکان جیاواز بێت و لە حکایەتی خەیاڵکردی ئیمپراتۆریەتەکاندا ئەرکێکی رەمزی هەبێت و بەشێك بێت لە حکایەتەکان و وەك کارێکتەرەکانی ناو حکایەتەکان پیرۆز بێت[2]، بەڵام لە حکایەتە خەیاڵکردەکانی نەتەوەکاندا رۆڵێکی ئامێریی و پراگماتیکیانەی هەبێت و وەك ئامێری فۆتۆکۆپیکردن وابێت و توانای ئەوەی تیابێت، حکایەتەکان لە کتێبەکانەوە وەك خۆی بۆ ناوزەینی هەموو ئەندامەکانی ناو کۆمەڵگاکە بگوازێتەوە، واتە زمانێکی چاپیانە بێت و حکایەتەکە لە لاپەرەسپیەکانی هەموویاندا بەهەمان خەت و هەمان رەنگ چاپبکاتەوە[3].

جیاوازی حاڵەتی ئەنتۆلۆجی ئەم دووجۆرە لە حکایەت وادەکات: ئەو زمانەی کە یەك کیانی پێی خەیاڵیدەکرێتەوە حاڵەتێکی ئەنتۆلۆجی جیاوازی هەبێت لەوی تریان، ئەوەی لێرەدا گرنگە بەشوێنییدا بڕۆین ئەو حاڵەتە ئەنتۆلۆجییەیەکە زمانی چاپیانە و ئامێرییانەی حکایەتە نەتەوەییە خەیاڵکردەکان هەیەتی. لای ئەندرسۆن لە قۆناغی دەسەڵاتە ناوچەییەکانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی کە پاشماوەکەی لەژێر سایەی ئیمپراتۆریەتی هابسبۆرگ تاسەدەی نوزدەش دەمێنێتەوە، پرۆسەی هەڵبژاردنی زمانە ناوچەییەکان بۆ زمانی دەسەڵات و خۆ رزگارکردن لە زمانی لاتینی ((پرۆسەی پەرەسەندنێکی پلە بە پلەی ناهۆشیارانە و کارەکییانە و هەڕەمەکیانە بووە، لەبەر ئەمەش ئەو پرۆسەیە پرۆسەیەکی تەواو جیاواز بووە لەو سیاسەتە زمانییە هوشیارانەی کە پاشاکانی سەدەی نۆزدە لەکاتی رووبەڕووبوونەوەیان لە گەڵ نەتەوەخوازییە میللییە نەیارەکانیان دەیانگرتەبەر، ئاماژەکانی ئەم جیاوازییەش دیار و ئاشکران، زمانەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆن تەنها ئەوەندە بوون کە کۆمەڵە زمانێ بوون، سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆن بەو شێوەیەی کە گونجاو بووە بۆ مەبەستی بەڕێوەبردن بەکاری هێناون، هیچ بیرۆکەیەکی لەو جۆرە بوونی نەبووە کە زمانێك بە شێوەیەکی سیستەماتیزکراو بسەپێنرێ بەسەر ئەو رەعیەتانەی پاشادا کە لەگەلە جیاجیاکانن))[4].

لە ڕێگەی ئەم بۆچوونەوە ئەوە دەردەکەوێت زمانی نەتەوەکان زمانێکی ئامێرییە و پەیڕەوی ئەو سیستەمە دەسەڵاتخواز دەکات کە پێشتر زمانی ئیمپراتۆریەتەکان و زمانی هێزە ناوچەییەکانی ناو ئیمپراتۆریەتەکان لە پەیوەندیاندا لەگەڵ زمانی کۆمەڵگا زمانییەکانی سنوری ئەو دەسەڵاتانە پەیڕەوییان کردووە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زمانە نەتەوەییەکان ئامێرکن بەدەستی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەتە مۆدێرنەکانەوە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر کۆمەڵگا ناوچەییە جیاوازەکانی ناو سنوری دەوڵەتەکەی خۆیان.

---

(1) هـ. س: 19-28.

(2) هـ. س: 21.

(3) بڕوانە: هـ. س: 39-38

(4) هـ. س: 49.

بەپێی ئەم بۆچوونە پرۆسەی بەئامێریکردنی زمانە نەتەوەییەکان و زاڵکردنیان بە سەر زمانی کۆمەڵگا زمانییەکانی تری ناو سنوری دەوڵەتی ئەو نەتەوەیە، پرۆسەیەکی هوشیارانەیە، واتە لەم سەردەمەدا کۆمەڵگا زمانییەکان بەشێویەکی هوشیارانە و پلان بۆدانراو زمانەکەی خۆیان زاڵدەکەن بە سەر زمانەکانی تری کۆمەڵگا زمانییەکاندا، بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانەش چەند هۆکارێك هەیە هەریەك لەم هۆکارانە رۆڵی خۆی دەگێڕێ لە پرۆسەی بەئامێر کردنی زمانی کۆمەڵگا زمانییە هوشیارەکە و زاڵکردنی زمانەکەی بە سەر زمانی کۆمەڵگا زمانییەکانی تردا.

یەکێك لەو هۆکارانەی کە رۆڵی لەم پرۆسەیەدا هەیە کۆمەڵگای خوێنەران و خویندەوارانە، بەپێ ئەم بۆچوونە یەکەم چینی خوێنەواران چینێکی بالای گەورەبووە، تەنها لەناو ئەم چینەدا کالا چاپکراوەکان ساغکراونەتەوە، لەسەدەی پانزدەوە و بۆ نیوەی دووەمی سەدەی هەڤدە ئەم چینە بازاڕی کالا چاپکراوەکانە و ئەوانەش کە کڕیاری ئەو کالایەن لەگەڵ زمانە ناوچەییەکەی خۆیان زمانی لاتینیش دەزانن و ئەم زمانە بۆ سودوەرگرتن لە کالا چاپکراوەکان بەکار دەهێنن. لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەوە ئەم بازاڕە ڕوو لە کزی دەکات و دروستکەران و فرۆشیارانی ئەم کالایانە بۆ ساغکردنەوەی کالاکانیان بیری لە دروستکردنی کالای نوێ و بازارێکی نوێ دەکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەست دەکەن بە چاپکردنی ئەو کالایانەی کە بە زمانە نەتەوەییەکانی نەتەوە رۆژئاواییەکان دەنوسران[1]، لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەوە ڕێژەی کارمەندەکانی ناو حکومەتە رۆژئاواییەکان زیاد دەکەن و ئەمەش وادەکات لەناو هەریەك لەو حکومەتانەدا چینی ناوەند بەرەو ئەوە بڕوات ببێت بە کۆمەڵگای خوێنەوارانی ناو ئەو حکومەتانە، سەرمایەدارانی کالا چاپکراوەکان لە ڕێگەی چاپکردنی کالاکانیان بە زمانێك لە زمانە ناوچەییەکان کۆمەڵگای خوێنەوارانی ناو ئەو حکومەتانە دەگۆڕن بۆ بازاڕی ساغکردنەوەی کالاچاپکراوەکانیان و لەڕێگەی کالاکانیانەوە ئەو کۆمەڵگا یە دە گۆڕن بۆ کۆمەڵگایەکی خەیاڵکرد و دواتریش هەر ئەم کۆمەڵگایە یە دەبێت بە کۆمەڵگای نەتەوەیی و زمانی خوێنەوەی خوێنەرەکانیشی دەبێت بە زمانی نەتەوەیی[2].

بەپێ ئەم بۆچوونە ئەم بازاڕە نوێیە بەرەبەرە زەمینە خۆش دەکات بۆ پەرەسەندنێکی گشتی لە بواری خوێندەواری و بازرگانی و پیشەسازی و سیستەمی گەیاندن و سیستەمی بەڕیوەبردنی دەولەتە مۆدێرنەکانی ئەورپا، ئەم پەرەسەندنە گشتیەش گوڕێکی بەهێز دەبەخشێت بەوەی لەهەر دەوڵەتێکدا یەك زمان بۆ پەیوەندی ئەندامەکانی ناو ئەو کۆمەڵگا دەوڵەتییە هەبێت، بەمەش زمانە ناوچەییەکان دەبن بە زمانی دەوڵەتەکان، ئەو پرۆسەیە لەسەرەتادا پرۆسەیەکی بەرنامە بۆدارێژاوی گەورە نەبووە و دواتر دەوڵەت ئەم پرۆسەیە بەرەو پرۆسەیەکی بەرنامە بۆدارێژراوی سەراپاگیر دەبات و ئەمەش وادەکات زمانی ئینگلیزی لە ئیرلەندەدا بەتەواوی زمانی جالیکی بخاتە لاوە و زمانی فەرنسی برتیۆنی بکرێتە دەرەوە و زمانی قشتالیش زمانی

---

[1] بڕوانە: هـ. س: 40-46.

[2] بڕوانە: هـ. س: 78-81.

کاتالانی پەراوێز بخات[1]و بەمەش زمانێك لە زمانەکانی کۆمەڵگا زمانییەکانی ناو دەوڵەت لە رێگەی زاڵکردنی بەسەر زمانی کۆمەڵگا زمانییەکانی تردا بکرێت بە زمانی نەتەوەیی و زمانەکانی تریش بە زمانی ئاخاوتنی ئەو زمانە.

ئەمە ئەوە دەگەیێنێ ئەو سیستەمەی کە زمانی نەتەوە دروستکراوەکان لە پرۆسەی بوونیاندا بە زمانی نەتەوەیی پەیڕەوکراوە، هەمان ئەو سیستەمە دەسەڵاتخوازەیە کە زمانی ئیپراتۆریەتەکان و دەسەڵاتە ناوچەییەکانی ناو ئیمپراتۆریەتەکان لە پرۆسەی بوونیاندا بە زمانی دەسەڵات پەیڕەوییان کردووە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو زمانانە بە پرۆسەی بە دیالێکتبوون نەبوون بە زمانی نەتەوە و بە پرۆسەی بەئامێربوون بوون بە زمانی نەتەوەکان.

گەر لە رۆژئاوادا مامۆستایانی قوتابخانە مۆدێرنە پیشەییەکان و قوتابیانیان، لە گەڵ رۆشبیران و خوێنەرانیان بووبێتنە هۆی ئەوەی لەناو سنوری دەوڵەتێکی نەتەوەییدا زمانی کۆمەڵگایەك بە پرۆسەی بەئامێربووندا بڕوات و زاڵ ببێت بەسەر زمانەکانی تری ناو هەمان سنوری سیاسیدا، ئەوە لە رۆژهەڵاتدا دەسەڵاتی سیاسی زمانێك لە زمانەکانی ناو سنوری دەسەڵاتی خۆی بە پرۆسەی بەئامێربووندا دەبات و زاڵیدەکات بەسەر زمانەکانی تری کۆمەڵگا زمانییەکانی ناوخۆی و بەمەش دەیانکات بە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا نەتەوەییەکە و زمانە بەئامێربووەکەش دەکات بە زمانی نەتەوەیی و شوناسی زمانی نەتەوە، لەم سەردەمەدا کورد حاڵەتێکی تایبەتی هەیە و زمانەکەی نە لە زمانە زاڵەکانی نەتەوەکانە و نە لە زمانە بەزیوەکانیشیانە، واتە نە زمانە زاڵەکان توانیویانە پەراوێزی بخەن و بیگۆڕن بۆ زمانی ئاوخاوتن، نە خویشی بووە بە زمانێکی زاڵ بەسەر زمانەکانی ترەوە، واتە زمانێکی ناوەندگیرە لە نێوان زمانە بەزیووەکان و زمانە زاڵەکاندا و بەم ناوەندگیر بوونەی خۆیشی گوزارشت لە شوناسی زمانی نەتەوەیی کورد دەکات و وەك شوناسێکی جیاواز لە هەموو شوناسە زمانییەکانی تر دەیخاتە ڕوو.

## 1-4/3)ململانێی زمانی کوردی و زمانی نەتەوە دروستکراوەکان

زمانی ئەڵمانی کە تاکە زمانێکی ناوسنوری دەسەڵاتە ناوچەییەکانی ناو ئیپراتۆریەتی رۆمانییە لەسەردەمی دروستبوونی زمانە نەتەوەییەکان لە پرۆسەی بەدیالێکتبوون دەکەوێت و وەك هەر زمانێکی ئامێری دەوڵەتە نەتەوەییەکان بە پرۆسەی بەئامێربووندا دەڕوات و یەکێك لە دیالێکتەکانی زاڵ دەبێت بەسەر دیالێکتەکانی تردا و لە زمانێکی نا ئامێرییەوە دەبێت بە زمانێکی ئامێری، بابزانین زمانی کوردیش کە تاکە زمانێکی ناو دەسەڵاتە ناوچەییەکانی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامییە، وەك زمانی ئەڵمانی بە پرۆسەی بە ئامێربووندا دەڕوات و دەبێت بە ئامێر بەدەستی دەوڵەتێکی نەتەوەییەوە و دیالێکتێك لە دیالێکتەکانی زاڵدەبێت بەسەر ئەوانی تریاندا، یان لەم سەردەمەشدا نابێت بە زمانێکی ئامێری و لەگەڵ پرۆسەی بەنەتەوە بوونی کوردا درێژە بە پرۆسەی بە دیالێکتبوونی خۆی دەدات؟

---
[1] بڕوانە: هـ. س: 81-82.

لەسەردەمی دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییە دروستکراوەکانی سنوری خەلافەتی عوسمانیدا، جەستەی نەتەوەیی کورد دابەشدەکرێت بەسەر چوار دەوڵەتی نەتەوەییدا: تورکیا، ئێران، عێراق،سوریا، لەگەڵ پرۆسەی دروستکردنی ئەم دەوڵەتە نەتەوەییانە، زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی، بە پرۆسەی بەئامێربووندا دەڕۆن، زمانی کۆمەڵگا زمانییەکانی سنوری ئەو چوار دەوڵەتە نەفیدەکەن و دەبنە رێگر لەبەردەم ئەوەدا کە بە پرۆسەی بەئامێربووندا برۆن و ببن بەزمانی دەوڵەت، زمانی تورکی لە دەوڵەتی تورکیا و زمانی عەرەبی لە دەوڵەتی سوریا دەبن بە زمانێکی ئامێری بەدەست ئەو دوو دەوڵەتەوە، زمانی فارسی لە دەوڵەتی ئێران و زمانی عەرەبی لە دەوڵەتی عێراق بەهەمان شێوە بە پرۆسەی بەئامێربووندا دەڕۆن و دەبن بە زمانی ئەو دوو دەوڵەتە، بەم شێوەیە زمانی کوردی لە رێگەی دیالێکتە جیاوازەکانییەوە دەبێت بەو زمانەی کە دەبێت لە پرۆسەی بەئامێربوونی چوار زمانی ئامێریدا بگۆڕێت بۆ زمانی ئاخاوتن و ببێت بە چوار زمانی ئاخاوتنی چوار کۆمەڵگای زمانی جیاواز و چوار زمانی ئامێری جیاواز.

دیالێکتە کوردییەکان لەم حاڵەتەدا دەکەونە ناو ململانێ لەگەڵ چوار زمانی نەتەوەییدا و لەم ململانێییەشدا هەریەك لەو چوار زمانەی کە بە پرۆسەی بەئامێربووندا دەڕۆن دەبێت زاڵ ببن بەسەر کۆمەڵگا زمانییە کوردییەکانی ناو سنوری دەوڵەتە نەتەوەییەکانیان و ببنە رێگر لەبەردەم ئەوەدا کە زمانی ئەو کۆمەڵگا زمانییانە ببێت بە زمانی دەوڵەت و لە ژێر جەبری خۆیاندا لە دۆخی ئاخاوتندا بیانهێڵنەوە بەمەش بیانکەن بە زمانێك لە زمانەکانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا نەتەوەییە دروستکراوەکانیان، لەناو ئەم پرۆسەیەشدا ئەوەی لەناو دیالێکتە کوردییەکاندا دەکەوێتە ناو ململانێکەوە، جەستەی نوسراوی دیالێکتەکانە، واتە ئەو جەستە زمانییەی دیالێکتەکان کە بەئامێری چاپکردندا دەبرێت و دەبێت بە جەستەیەکی نوسراوی پێوانەیی، هەر ئەمەش وادەکات لە بری دیالێکتی هەورامی و لوڕی دیالێکتی زازاکی و موکری لەگەل دیالێکتی کرمانجی و دیالێکتی سۆرانیدا بە پرۆسەی بە دیالێکتبووندا برۆن.

بەر لەوەی بچینە ناو باسکردنی بە پرۆسەی بە دیالێکتبوونی دیالێکتە کوردییەکان و ململانێی زمانی کوردی لەگەڵ ئەو چوار زمانەدا کە پرۆسەی بەئامێربووندا دەڕۆن و دەبن بە زمانی چاپ و زمانی چوار دەوڵەتە نەتەوەییە دروستکراوەکە، دەبێت باس لەوە بکەین زمانی کوردی لەم قۆناغەدا جەستەی کام لە دیالێکتە کوردییەکان بۆ درێژەدان بە پرۆسەی بە دیالێکتبوونەکەی خۆی هەڵدەبژێرێت و بەپێی چی ئەم هەڵبژاردنە دەکات.

لەسەردەمی دروستکردنی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا روحی نەتەوەیی کورد جەستەی چوار دیالێکت لە دیالێکتەکانی خۆی دەخاتە ناو پرۆسەی بە دیالێکتبوونەوە: دیالێکتی کرمانجی، دیالێکتی سۆرانی، دیالێکتی زازکی، دیالێکتی موکری. دیالێکتی سۆرانی و کرمانجی لە دوو قۆناغەکەی پێشودا لە پرۆسەی بە دیالێکتبوونی زمانی کوردیدا بوون بە زمانی ئایین و زمانی ئەدەبیات، بۆیە ئەم دوو دیالێکتە لەم قوناغەدا لەدوو دیالێکتی ئەدەبییەوە دەبن بەدوو دیالێکتی خوێندن و چاپەمەنیەکان، بەڵام زمانی کوردی لەو دوو قوناغەی پێشوودا لە پرۆسەی بە دیالێکتبوونی خۆیدا دیالێکتی زازاکی و دیالێکتی موکری وەك زمانی

ئاخاوتن هێشتبوونیەوە و وەك چوار دیالێکتەکەی تر نەیکردبوون بە زمانی دەقە ئاینییەکان و دەقە ئەدەبییەکانی ئەدەبیاتی نوسراوی کوردی. ئەمە وادەکات رووبەرووی پرسیارێکی لەم جۆرە ببینەوە: بۆ چی روحی نەتەوەیی کورد لە رێگەی زمانی کوردییەوە دیالێکتی زازاکی و موکری هەڵدەبژێرێت و دیالێکتی لوڕی و هەورامی هەڵنابژێرێت، لە کاتێکدا ئەم دوو دیالێکتە لە دوو قۆناغەکەی پێشوودا دوو دیالێکتی کارای زمانی ئایینی نوسراو و زمانی ئەدەبی نوسراو بوون، بەڵام دیالێکتی زازاکی و موکری نەبوون بەزمانی ئایینی نوسراو و نەبوون بەزمانی ئەدەبیی نوسراو؟

ئێمە لەدوو قۆناغەکەی پێشودا ئەوەمان روون کردووە زمانی کوردی هەڵگری ئەو سیستەمە ناوەندگیرەیە کە روحی نەتەوەیی کورد پێی بەخشیووە، زمانی کوردیش بە فەرمانەکانی ئەم روحە نەتەوەییە لە پرۆسەی بە دیالێکتبوونی خۆیدا دەبێت پەیڕەوی لەو سیستەمە بکات و ئەو سیستەمە لە پەیوەندی نێوان دیالێکتە کوردییەکاندا شێوەگیر بکات، زمانی کوردی لە پرۆسەی بە دیالێکتبوونی خۆیدا لەرێگەی دیالێکتەکانییەوە دەگۆرێت بۆ زمانی ئاینی وسیستەمە ناوەندگیرەکە لە پرۆسەیەدا لەو پەیوەندی نێوان دیالێکتەکان و خۆیدا شێوەگیر دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش دیالێکتە ناکرمانجییەکان بە پرۆسەی بەغەیرکردنی خۆیدا دەبات و دەیانکاتە زمانی ئەوەی کە لە ئایندا رۆحییە و دیالێکتی کرمانجیش بە پرۆسەی بەخۆکردنی غەیردا دەبات و دەیکاتە زمانی ئەوەی کە لە ئایندا جەستەیی و رێورەسمدارە.

لەم حاڵەتەدا دیالێکتە ناکرمانجییەکان دەبن بە زمانی روحیی ئایینی حەقیقەت و دیالێکتی کرمانجیش دەبێت بە زمانی جەستەی هەمان ئاین، بەڵام لە قۆناغی دووەمدا کە قۆناغی بوونی زمانی کوردییە بە ئەدەبیات، زمانی کوردی بە شێوەگیرکردنی سیستەمە ناوەندگیرەکە لە پرۆسەی بە دیالێکتبوونی خۆیدا، دیالێکتە ناهەورامییەکان بە پرۆسەی بە غەیرکردنی خۆدا دەبات و دەیانکات بە زمانی ئەوەی کە لە ناو ئەدەبیاتدا روحییە و بەمەش ئەو دیالێکتانە دەبن بە زمانی روحی ئەدەبیاتی کوردی، بەڵام دیالێکتی هەورامی بە پرۆسەی بە خۆکردنی غەیردا دەبات و دەیکات بە زمانی ئەوەی کە لە ناو ئەدەبیاتدا جەستەییە، بەمەش ئەو دیالێکتە دەبێت بە زمانی جەستەی ئەدەبیاتی کوردی.

لە قۆناغی سێیەمدا کە قۆناغی بوونی زمانەکان بە زمانی خوێندن و خوێندنەوەی کاڵا چاپییەکان، زمانی کوردی بۆ شێوەگیرکردنی سیستەمە ناوەندگیرەکەی خۆی بەهەمان شێوەی دوو قۆناغەکەی تر لە دیالێکتی زازاکی و موکری و دیالێکتی کرمانجی و سۆرانیدا خۆی شێوەگیر دەکات و دیالێکتی هەورامی و لوڕی لەم قۆناغەدا توشی ناوکەوتن دێن و لەبری ئەوان دیالێکتی زازاکی و موکری کە لە دوو قوناغەکەی تردا دیالێکتێکی ناوکەوتوو بوون دەرکەوت پێدەکات و زمانی کوردی لەرێگەیانەوە جەستەی چاپکراوی خۆی تەجەللی پێدەکات.

زمانی کوردی بۆئەوەی بە پرۆسەی بەدیالێکتبوون خۆی بکات بەزمانی خوێندن و خوێندنەوە، پێویستی بەوەیە لەخۆیەکی بەغەیرکراوی خۆیدا لەگەڵ غەیەرێکی بەخۆکراوی خۆیدا خۆی بنوێنێ، لەم قۆناغەدا زمانی کوردی دیالێکتە نا زازاکییەکان بەپرۆسەی بەغەیرکردنی خۆیدا دەبات و دەیانکات بە زمانی

ئەوەی کە لە خوێندن و خوێندنەوەدا روحییە، بەڵام دیالێکتی زازاکی بە پرۆسەی بە غەیرکردنی خۆدا دەبات و دەیکات بە زمانی ئەوەی کە لە خوێندن و خوێندنەوەدا جەستەییە، وا تە دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی و موکری دەبن بە زمانی روحیی خوێندن و خوێندنەوە، بەڵام دیالێکتی زازاکی دەبێت بە زمانی جەستەیی خوێندن و خوێندنەوە. گەر فەرهەنگی زمان و پرۆسەی ناولێنانی شتەکان پرۆسەیەکی روو حی پەتی بێت و پرۆسەی خستنە پاڵی وشەکان بۆ دروستکردنی گوتراوەکان پرۆسەیەکی کردەیی و پراکتیکی بێت، دە توانین، پەیوەندییەکی نوێ لەنێوان دیالێکتە کوردییەکاندا بدۆزینەوە و لە رێگەی ئەم پەیوەندییەوە بگەینە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە زمانی کوردی بۆچی دیالێکتی زازاکی و دیالێکتی موکری لەم قۆناغەدا دەرکەوت پێدەکات و دەیانکات بە زمانی خوێندن و خوێندنەوە، کەچی دیالێکتی لوڕی و هەورامی ناوکەوت پێدەکات و رێگەیان پێناداتت ببن بەزمانی خوێندن و خوێندنەوە؟ ئەگەر لە ڕووی فەرهەنگەوە لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی ڕابمێنین، دەتوانین بیانکەین بە دوو گرووپی جیاوازەوە کە هەریەك لەو دووگروپە خاوەنی فەرهەنگی هاوبەشی خۆیانن، گروپی یەکەمیان ئەم دیالێکتانە دەگرێتەوە: لوڕی، هەورامی، زازاکی، گروپی دووەمیان سێ دیالێکتی تر دەگرێتەوە: کرمانجی، سۆرانی، موکری

لەنێوان هەرسێ دیالێکتی لوڕی و هەورامی و زازاکیدا هاوبەشیەکی فەرهەنگی هەیە و ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوسێ دیالێکتە لەوەدا یەکن کە لەناو زماندا غەقڵییە، وا تە جیهانی ئاماژە پێدراوەکانیان یەکە و سەر بەیەك جیهانبینی زمانین، ئاینی حەقیقەت بەڵگەیەکی بەهێز لەبارەی ئەوە دەخاتە بەردەستمان، ئەویش ئەوەیە کە زازاکییەکان وەك لوڕەکان و هەورامییەکان گوزارشتکەرن لە ئاینی یارسان و ئەوەی کە لە ئاینی یارساندا بۆ رێورەسمی ئاینییە لە کۆمەڵگای زمانیی زازاکییەکاندا زیاتر لە کۆمەڵگا زمانییەکانی لوڕەکان و هەورامییەکان گوزارشتی لێکراوە، ئەم یەکبوونە ئاینییەی نێوان لوڕ و هەورامی و زازا، بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر ئەوەی کە ئەم سێ دیالێکتە سەر بە یەك جیهانبینی زمانیی هاوبەشن و جیهانی ئاماژە پێدراوەکانیان لە بنچینەدا یەکە و خۆشیان لەوەدا یەکن کە لەناو زماندا مەعقولە و سەر بە جیهانی ئاماژە پێداروەکانە.

گەر ئەوسێ دیالێکتە لە فەرهەنگ و جیهانی ئاماژە پێدراوەکاندا یەك بن، ئەو دیالێکتی لوڕی و هەورامی لەسەردەمی زمانە ئاینییەکان و زمانە ئەدەبییەکاندا بە ناوکەوتکردنی دیالێکتی زازاکی دەرکەوتیان کردووە، لە سەردەمی زمانە نەتەوەییە دروستکراوەکانیشدا ئەوان ناوکەوت دەکەن و بەناوکەتکردنیان دیالێکتی زازاکی لەم سەردەمەدا لەبری هەردووکیان دەرکەوت دەکات و دەبێت بە زمانی خوێندن و خوێندەواری.

لەلایەکی ترەوە هەرسێ دیالێکتی: کرمانجی، سۆرانی، موکری، وەك سێ دیالێکتەکەی تر بەهۆی ئەوەوە کە جیهانبینی و جیهان ئاماژە پێدراوەکانیان یەکە، دەبنە یەك گروپ، ئەم گروپە زمانی کوردی بە پرۆسەی بەغەیربوونی خۆیدا دەیانبات و بەمەش دەیانکات بە زمانی روحیی خوێندن و خوێندنەوەی کوردی، هەر ئەم هاوبەشییە فەرهەنگییەیە وادەکات لە لێکۆڵەرانی بواری دیالێکتە کوردییەکان ئەم سێ دیالێکتە

جیاوازە بە دیالێکتە کرمانجییەکان ناو ببەن و ناوی کرمانجی لەناو دیالێکتێك لە دیالێکتەکانەوە بەرز بکەنەوە بۆ ناوێکی هەمەکی کە ئەوسێ دیالێکتە لەخۆی بگرێت.

دیالێکتی موکری کە وەك دیالێکتی زازاکی لە دوو قۆناغەکەی پێشوودا بوونێکی ناوکەوتووی هەبووە لەم قۆناغەدا لەپرۆسەی بە دیالێکتبوونی زمانی کوردیدا دەردەکەوێت و زمانی کوردی وەك دیالێکتی سۆرانی و کرمانجی بە پرۆسەی بەغەیربوونی خۆیدا دەیبات و لە گەڵ ئەواندا دەیکات بەزمانی روحی خوێندنەوە و نوسینی کوردی، ئەم حاڵەتە لە شیعری مۆدێرنی کوردیدا بەوردی دەردەکەوێت، شیعری مۆدێرنی کوردی کە گوزارشتکەرێکی روحییە لە روحی نەتەوەیی کورد، چۆن لە دیالێکتی سۆرانیدا لە رێگەی گۆرانی شاعیرەوە دەست پێدەکات و لە دیالێکتی کرمانجیدا لەرێگەی عەبدولرحیم رەحمی هەکارییەوە دەستپێدەکات لە دیالێکتی سۆرانیشدا لە رێگەی سوارەی ئیلخانیزادەوە شیعری مۆدێرنی ئەم دیالێکتەش دەست پێدەکات، لەکاتێکدا سێ دیالێکتەکەی تر نابن بە زمانی شیعری مۆدێرنی کوردی و ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم سێ دیالێکتەی دوایی لەرێگەی دیالێکتی زازاکییەوە گوزارشت لە جەستەی زمانی کوردی دەکەن و جەستەکەی وەك جەستەیەکی تراژیدی خوێندن و نوسین دەخاتەڕوو کە بە هیچ شێوەیەك قبووڵی ئەوە ناکات ببێت بەزمانی ئاخاوتنی هیچ زمانێکی ئامێری.

بەم پێیە زمانی کوردی دەبێت شەش دیالێکت و دوو گروپە دیالێکتی هەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ زمانی کوردی لە پەیوەندی خۆیدا لەگەڵ دیالێکتەکاندا لە دووئاستدا خۆی عەینی دەکاتەوە، ئاستی یەکەم ئاستی گروپە دیالێکتەکانە و ئەوەش گروپە دیالێکتەکان لەسەری دا مەزراون ئەوەیە کە لەزمانی کوردیدا عەقڵییە لەبەر ئەمەشە جیاوازییەکان جیاوازی فەرهەنگین، ئاستی دووەمی ئەم پەیوەندییە پەیوەندی زمانی کوردی و شەش دیالێکتە جیاوازەکەیەتی، ئەوەش کە پەیوەندییەکانی نێوان دیالێکتە جیاوازەکان لەم ئاستەدا لەسەری دادەمەزرێت، ئەوەیە کە لە زمانی کوردیدا جەستەیی و پراکتیکییە.

لەئاستی گروپە دیالێکتەکاندا زمانی کوردی لەهەر قۆناغێکدا لەشەش دیالێکتەکەی خۆی چواریان دەرکەت پێدەکات و دوانیان بەناوکەوتوویی دەهێڵێتەوە، لە قۆناغی بوونی زمانی کوردی بەزمانی ئایینی، دیالێکتی: هەورامی و لوڕی و کرمانجی دەرکەوت پێدەکات و دیالێکتی موکری و زازاکی لەحالەتی ناوکەتنندا دەهێڵێتەوە، لەقۆناغی بوونی بەزمانی ئەدەبیش دیالێکتی موکری و زازاکی لەدۆخی ناوکەنتدا دەهێڵێتەوە و چوار دیالێکتەکەی تر دەر کەوت پێدەکاتەوە، لەم قۆناغەدا زمانی کوردی لە گەڵ چوار دیالێکتە دەرکەوتووەکەدا لە پەیوەندییەکی جیاوازدایە لەو پەیوەندییە کە لە دوو قۆناغەکەی پێشوودا لەگەڵ ئەم چوار دیالێکتەدا هەیبوو، چونکە لەم قۆناغە ئەدەبییەکەدا دیالێکتی هەورامی رۆڵی جەستەی زمانی کوردی دەگێرێت، بەڵام لەقۆناغە ئایینییەکەدا دیالێکتی کرمانجی ئەم رۆڵەی دەگێڕا.

لەقۆناغی سێهەم بەهۆی سەرهەڵدانی مۆدێرنیزمەوە مێژووی جیهان تووشی گۆرانێکی دەرەکی گەورە دێت و ئەم گۆڕانە لەهەموو دەرکەوتەکانی میللەتەکانی جیهاندا رەنگدەداتەوە، زمانی کوردی لەم قۆناغەدا گۆڕانێك لە پرۆسەی بە دیالێکتبوونی خۆیدا دەکات و دوو دیالێکتە ناوەکەوتبووەکەی دوو قۆناغەکەی پێشوو

دەرکەوت پێدەکات و دوو دیالێکت لە چوار دیالێکتە دەرکەوتکردووەکەی خۆی ناوکەوت پێدەکاتەوە، ئەو دوو دیالێکتەی کە دەرکەوتیان پێدەکات و رۆڵێکی بابەتی و واقعییانەیان پێدەبەخشێت دیالێکتی موکری و دیالێکتی زازاکییە، ئەو دوو دیالێکتەش کە ناوکەوتیان دەکاتەوە و لە رۆڵە بابەتی و واقعییەکەی خۆیان بەتاڵیان دەکاتەوە و رۆڵێکی عەقلییان پێدەبەخشێت دیالێکتی لوڕی و دیالێکتی هەورامییە، کە لە دوو قۆناغەکەی پێشوودا رۆڵێکی بابەتی و واقعی چالاکیان هەبوو.

لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە بۆچی زمانی کوردی لەم قۆناغەی پرۆسەی بەدیالێکتبوونی خۆیدا رۆڵی بابەتانە و واقعییانە بە دیالێکتی هەورامی و لوڕی نادات و رۆڵی بابەتانە بە دیالێکتی موکری و زازاکی دەدات؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت لەئاستی دیالێکتەکان بچین بۆ ئاستی گروپە دیالێکتەکان، لەئاستی گروپە دیالێکتەکاندا دوو گروپمان هەیە و هەریەك لەو گروپانە هەڵگری سێ دیالێکتە، گروپی یەکەمیان کە دیالێکتی: هەورامی و لوڕی و زازاکی دەگرێتەوە، ئەو گروپەیانە کە زمانی کوردی رۆڵی گوزارشتکردنی ئەوەی پێدەدات کە لە ناوخۆیدا روحانییە، دیالێکتی زازاکی گوزارشتکەرێکی جەستەییانەی ئەو رۆڵە رۆحانیەی زمانی کوردییە، هەر ئەمەشە وادەکات بەو دیالێکتە دەقە ئاینییەکانی یارسان نەنوسرێنەوە، لەکاتێکدا قسەکەرانی ئەو دیالێکتە لە یارسانە هەورامی زمان و لوڕی زمانەکان پەیڕەوکەرێکی توندڕەوتری رێورەسمەکانی ئاینی یارسانن و خاوەنی کولتورێکی کردەیی بەهێزی ئەم ئاینەن.

کاتێك دیالێکتی زازاکی لەسەردەمی بوونی زمانی کوردی بەزمانی ئایین رۆڵی بابەتی و واقعی وەرناگرێت و نابێت بەزمانی دەقە ئاینییە نوسراوەکان لەبر ئەوەیە سروشتێکی کردەییانەی هەیە و سروشتێکی تیۆرییانەی نییە، واتە زمانی بیرکردنەوەی روحانی نییە و زمانی کرداری روحانییە و لێرەدا بەسروشت لە دیالێکتی کرمانجییەوە نزیکە و ئەمەش وایکردووە ئەو دیالێکتە لەرووی جوگرافییەوە لە سنوری جوگرافی دیالێکتە هاوگروپەکانی خۆی داببڕێت و بکەوێتە ناو سنوری جوگرافی گروپەکەی تر، هەر بوونی ئەو دۆخە کارەکی و پراکتیکیەی سروشتی ئەم دیالێکتەیە وادەکات لەقۆناغی سێهەمدا کە قۆناغی چالاکبوونی لایەنی کارەکییانەی زمانەکان، زمانی کوردی دیالێکتی زازاکی دەرکەوت پێبکات و دیالێکتی هەوارامی و لوڕی ناوکەوت پێبکات. واتە سروشتی کارەکییانەی دیالێکتی زازاکی وادەکات ئەم دیالێکتە ببێت بە دیالێکتی خوێندن و نوسین و سروشتی تیۆریانەی دیالێکتی هەورامی و لوڕیش وادەکات ئەم دوو دیالێکتە ناوکەوت بکرێن و نەبن بە زمانی خوێندن و نوسین.

گروپی دووەمیشیان کە زمانی کوردی رۆڵی گوزارشتکردن لەوەی پێدەبەخشێت کە کردەیی و پراکتیکییە ئەم سێ دیالێکتە دەگرێتەوە: کرمانجی، سورانی، موکری، دیالێکتی موکری لەناو ئەم سێ دیالێکتەدا لەقۆناغی سێهەمدا دەرکەوت دەکات و لە دوو قۆناغەکەی پێشوودا توانای دەرکەوتکردنی نەبووە، ئەو کۆمەڵگا زمانییەی کە بەم دیالێکتە دەدوێن هەڵگری سروشتێکی کارەکین، هەر ئەمەش وایکردووە لە پرۆسەی بوونی بەزمانی خوێندن و نوسین لە دوو دیالێکتەکەی تر لاوازبێت، بیرکردنەوەی زانستی بەمانا مۆدێرنەکەی لەناو ئەندامانی کۆمەڵگای زمانی ئەم دیالێکتەدان و یەکەم حزبی سیاسیش بە شێوە سیاسییە

پراکتیەکەی لەناو ئەم کۆمەڵگا زمانییەدا سەرهەڵدات و ئەو بیرمەندانەی کە لەسەردەمی مۆدێرنەکەدا لەناو ئەم کۆمەڵگا زمانییانەدا سەرهەڵدەدەن، لە زانستە پراکتیکییەکاندا توانایەکی تیۆری بەهێزیان هەیە و ئەوەی کردەییە سروشتی ئەوان تیۆری دەکاتەوە، د.موحەمەدی موکری و د.عەباسی وەلی دوو عەقڵی ئەکادیمی گەورەی سەر بە کۆمەڵگای زمانی ئەم دیالێکتەن و بەزمانی فەرەنسی و ئینگلیزی کارە ئەکادیمییەکانی خۆیان نووسیوە.

ئەم دیالێکتە بەهۆی ئەوەوە ئەوەی کە کارەکییە تیۆری دەکاتەوە، وادەردەکەوێت کە لە دیالێکتەکانی گروپی یەکەمەوە نزیکە، بەڵام دیالێکتەکانی گروپی یەکەم کارکردنیان تەواو پێچەوانەی ئەم جۆرە لە کارکردنە، چوونکە ئەوەی کە تیۆرییە کردەیی دەکەنەوە، ئەم حاڵەتەش لە کۆمەڵگای زمانیی زازاکییەکاندا تەواو رەنگی داوەتەوە. لەم قۆناغەدا زمانی کوردی دیالێکتی موکری دەرکەوت پێدەکات چونکە زەمینیەك بۆ دەرکەوتنی ئەو زمانانە هەیە کە سروشتێکی کارەکییانەیان هەیە، دیالێکتی موکریش لەناو ئەو گروپە دیالێکتەی زمانی کوردیدایە کە سروشتێکی کارەکییان هەیە و ئەوەی لە زمانی کوردیدا کارەکییە تیۆریی دەکاتەوە، بۆ نمونە ئیملای کوردی کە کارەکیترین لایەنی زمانی کوردییە لەرێگەی حسێن حوزنی موکریانیەوە تیۆری دەکرێتەوە و بەرەو ئەوە دەبرێت ببێت بە ئیملای یەکەم چاپخانەی کوردی و یەکەم گۆڤار و یەکەم کتێبی کوردی بە پیتی چاپی کوردی، زمانی کوردی کۆمەڵگای زمانیی موکری چالاك دەکات تا زمانی ئاخاوتنی کوردی تیۆریی بکاتەوە و بیکات بە زمانی چاپ و چاپخانە.

لەمەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە زمانی کوردی بۆ بە دیالێکتی هەوارامی و لوڕی لە پرۆسەی بەدیالێکتبوونی ئەم قۆناغەی خۆیدا دەرکەوت پێناکات، چونکە سروشتێکی کارەکییان نییە و بەسروشت زمانی بیرکردنەوە و تێرامانن، بەڵام دیالێکتی موکری و زازاکی بۆیە دەرکەوت پێدەکات چونکە هەڵگری سروشتێکی کارکین و زمانی کار و چالاکییە کارەکییە زمانییەکانن.

لەقۆناغی سێهەمدا زمانی کوردی لەشەش دیالێکت چوار دیالێکت دەرکەوت پێدەکات و دوو دیالێکت لەحاڵەتی ناوکەتبووندا دەهێڵێتەوە و لەرێگەی چوار دیالێکتە دەرکەوتووەکەوە ئەو سیستەمە ناوەندگیرە لە پرۆسەی بە دیالێکتبوونی خۆیدا شێوەگیر دەکاتەوە، لێرەشدا زمانی کوردی بۆ بەرجەستە کردنی یەکنوێنی و هەمئاهەنگی نێوان دیالێکتە کوردییەکان، هەر لە سەرەتاوە لەرێگەی سێ لە دیالێکتە دەرکەوتووەکانەوە خۆ بە غەیرکراوەکەی خۆی وەدی دەهێنێ و بوونی ناوەندگرانەی خۆی لەناویاندا دەنوێنێ و بەمەش دەیانکات بە زمانی ئەوەی کە لە زمانی خوێندن و خوێندنەوەدا هزری و عەقڵییە، لەرێگەی دیالێکتە دەرکەوتووەکەی تریشیانەوە غەیرە بەخۆبووەکەی خۆی وەدی دەهێنێ و بوونی کارەکیانەی خۆی تێدا شێوەگیر دەکات و دەیکاتە بەزمانی ئەوەی کە لەزمانی خوێندن و خوێندنەوەدا کارەکی و رێورەسمداوە، بەمەش خۆیە غەیرکراوەکەی خۆی کە هەرسێ دیالێکتەکەی گروپە کارەکییەکە دەگرێتەوە لەگەڵ غەیرە بەخۆکراوەکەی کە دیالێکتێك لە دیالێکتەکانی گروپە تیۆرییەکە دەگرێتەوە، دەخاتە ناو یەکنوێنییەوە و هەردووکیان دەبن بە دوو یەکنوێنی جیاوازی زمانی کوردی، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ لەم قۆناغەی پرۆسەی بەئامێربوونی

زمانەکاندا، زمانی کوردی بە پرۆسەی بە ئامێربووندا ناڕوات و نابێت بە زمانێکی ئامێری، بەڵکو بە پرۆسەی بە دیالێکتبووندا دەڕوات و لەم پۆسەیەدا وەك زمانێکی عەقڵی دەمێنێتەوە و لە ڕێگەی دیالێکتەکانییەوە بە چۆنایەتی جیاواز خۆی ئاشکرا دەکات و بەمەش شوناسی نەتەوەیی کورد دەنوێنێ.

## 3–4/3) زمانی خوێندن و پرۆسەی بە دیالێکتبوونی زمانی کوردی

لەگەڵ هاتنی دەسەڵاتە کۆلۆنیالیستەکانی ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پایتەختی خەلافەتی عوسمانی پرۆسەی بە مۆدێرنکردنی کۆمەڵگاکانی ژێردەسەڵاتی خەلافەتی عوسمانی دەستپێدەکات و ئامێرەکانی چاپ و چاپەمەنییەکان دەگەنە ئەستەمبوڵ و چینێکیش لە خوێنەران بە بیروبۆچوونە لیبراڵەکانیانەوە دەردەکەون و ئەستەمبوڵ دەکەنە شوێنی چالاکییەکانی خۆیان و هەر لەو سەردەمەدا دەستەیەك لەو ڕۆشنبیرانە کە لە چوارکەس پێکهاتووە، بیر لە دامەزرانی ڕێکخراوێك بەناوی (ئیتحاد و تەرەقی) دەکەونەوە، بۆ ئەوەی لەرێگەی ئەو ڕێکخراوەوە چالاکییەکانی خۆیان بەشێوەیەکی ڕێکخراو ئەنجام بدەن، بیرۆکەی ئەم ڕێکخراوە لە بنچینەدا بیرۆکەیەکی تورکی نییە و بیرۆکەیەکی کوردییە، چونکە دوو کەس لەو چوارکەسە کوردن و ئەم دووکەسەش لەگەڵ دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەدا لەدوو کەسەکەی چالاکتر دەردەکەون و عەبدوڵڵا جەودەت کە کوردە و یەکێکە لە چوارکەسە دامەزرێنەرەکە دواتر دەبێت بە رەمزی کولتورە مۆدێرنە لیبرالەکەی ئەو بزوتنەوە لیبراڵەی کە لەناو ڕۆشنبیرانی عوسمانیدا سەرهەڵدەدات.

پێش هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی عوسمانی، سەرمایەداریی ئەورپی بەخۆی و کالا ماددی و هزرییەکانییەوە دەگاتە ناوجەرگەی ئەو خەلافەتەوە، بازاڕێك بۆ ساغکردنەوەی کالاکانی دروست دەکات، هەر لەم سەردەمەدا چاپخانە وەك ئامێرێکی نوێ دەچێتە ناو دەزگاکانی دەسەڵاتەوە و تا ساڵی 1885ز کاری ئەم چاپخانەیە و ڕۆژنامە دەرکراوەکانی تەنها ئەوەندەیە فەرمانەکانی دەسەڵات و و مەراسیمە حکومییەکان و بەیانە سوپاییەکان و ڕاپۆرتی دادگاکان و هەواڵەکانی بەڕێوەبەرایەتی ناوچەیی ڕابگەیەنێ[1]. لەدوای ساڵی 1885ز کالا هزرییە ئەورپاییەکان بەناو خەڵکیدا بڵاو دەبنەوە و خوێندەوارانی دەرەوەو ناوەوەی دەوڵەت دەکەونە کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەیان.

چینی خوێنەران لە ڕێگەی قوتابخانەکانی دوڵەتی عوسمانی و زانکۆکانی ڕۆژئاواوە لەناو جەرگەی ئەم دەسەڵاتەدا سەرهەڵدەدات، ئەم خوێندەوارانە ئاگاداری کولتوری ئەورپایی مۆدێرن و ئایدیۆلۆجیای نەتەوە خوازی و لیبراڵیەتن، هەر ئەمەش وایان لێدەکات بیر لە گۆڕانی سیستەمی دەسەڵات لە دەوڵەتی خەلافەتدا بکەنەوە و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان بۆ مەبەست سیاسییەکانی خۆیان دروستی بکەن و بانگهێشتی جۆرێك لە سیستەم بۆ دەسەڵات بکەن کە دەسەڵات دابەش بکات بەسەر میللەتە جیاجیاکان ناو سنوری قەڵەمڕەوی خەلافەت و هەموو میللەتان لەناو یەك سنوری سیاسی هاوبەشدا بەسەربەخۆیی بژین و هیچیان نەبێت بە

---

[1] جليلي جليل، نهضة الأكراد الثقافية و القومية: ت: باقي نازمى و آخرون، الطبعه الاولى: 1984.

پەراوێز بۆ ئەوانیتریان، واتە بانگهێشتی گۆڕینی سیستەمی دەسەڵاتیان دەکرد و لە سیستەمێکی دەسەڵاتخوازەوە بۆ سیستەمێکی ناوەندگیری دروستکراو.

ڕۆشنبیرە کوردەکان لەهەموو ڕۆشنبیرانی تری ناو خەلافەتی عوسمانی زیاتر ئەم بیرکردنەوەیە پەرەپێدەدەن و رابەرایەتی دەکەن، هەر ئەمەش وادەکات عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق سکوتی ببنە تیۆریزەکەری ئەم بیرۆکەیە و بانگهێشتکەری میللەتانی تری ناو دەوڵەتی عوسمانی بۆ پراکتیزەکردنی سیستەمێکی ناوەندگیری نادەسەڵاتخواز. لەناو ئەو ڕۆشنبیرانەشدا رۆشنبیرانی تورك لە رۆشنبیرانی میللەتەکانی تر زیاتر کار بۆ ئەوە دەکەن سیستەمە دەسەڵاتخوازە نامۆدێرنەکەی دەوڵەتی عوسمانی نەگۆڕێت بە سیستەمێکی ناوەندگیر و بگۆڕێت بە سیستەمێکی دەسەڵاتخوازی مۆدێرن، واتە لە جەوهەردا ئەو سیستەمە دەسەڵاتخوازە بمێنێتەوە و تەنها رواڵەتە نامۆدێرنەکەی بگۆڕێت بۆ رواڵەتێکی مۆدێرن، ئەمەش خۆی سەرچاوەی لە سروشتی دەسەڵاتخوازانەی تورکەوە گرتبوو.

ئەمە ئەوە دەگەیێنێ لەناو رۆشنبیرانی عوسمانیدا بەکاریگەری کلتورە مۆدێرنە ئەوروپاییەکە دوو بیرکردنەوەی جیاواز سەرهەڵدەدات، بیرکردنەوەیەکیان سەرچاوە لە سیستەمێکی ناوەندگیرەوە دەگرێت، بیرکردنەوەکەی تریان سەرچاوە لە سیستەمێکی دەسەڵاتخواز و چەقگیرەوە دەگرێت، بیرکردنەوەی یەکەمیان بیرکردنەوەی رۆشنبیرەکوردەکانی وەك عەبدوڵڵا جەودەتە و بیرکردنەوەی دووەمیان بیرکردنەوەی رۆشنبیرە تورکەکانی وەك کەماڵ ئەتاتورکە.

ئەوەی رۆشنبیرە کوردەکان بەرەو بیرکردنەوەی ناوەندگیرەکە دەبات، ئەو سیستەمە ناوەندگیرەیە کە لە سروشتی کورددا هەیە، هەر ئەمەشە وا دەکات رۆشنبیرە کوردەکان وەك رابەری لیبرالیزم و دیموکراسییەت سەیریان بکرێت و لە ناو رێکخراوەکەشیاندا بەڕابەرانی ئەو باڵەکەی رێکخراوەکە بزانرێن کە داوای لامەرکەزییەت دەکات و دژی بیرۆکەی دەسەڵاتی مەرکەزییە. بە پێچەوانەی رۆشنبیرە کوردەکانەوە، رۆشنبیرە تورکەکان هەڵگری هەمان ئەو سیستەمە چەقگیرەن کە خەلافەتی عوسمانی لە دروستکردنی خەلافەتە دەسەڵاتخوازەکەیدا پەیڕەوی کردووە، واتە ئامانجی رۆشنبیرە تورکەکان ئەوەیە هەمان سیستەمی دەسەڵاتخواز بە چۆنایەتییە مۆدێرنەکان شێوەگیر بکەن، لە بەرامبەر ئەمەشدا ئامانجی رۆشنبیرە کوردەکان بە پێچەوانەی ئەوانەوە ئەوەیە سیستەمە ناوەندگیرەکەی ناو سروشتی خۆیان بە چۆنایەتییە مۆدێرنەکان شێوەگیر بکەن.

ئەوەی رۆشنبیرە کوردەکان و رۆشنبیرە تورکەکان لەگەڵ یەکدا کۆدەکاتەوە، ئەوەیە کە دەبێت ئەو دەوڵەتەی ئەوان بیر لە دروستکردنی دەکەنەوە شێوەگیرکەری چۆنایەتییە مۆدێرنەکان بێت. ئەوەش ململانێ و ناکۆکی لە نێوانیاندا دروست دەکات ئەو سیستەمەیە کە دەبێت فەرمانەکانی بە چۆنایەتییە مۆدێرنەکان شێوەگیر بکات و لە جیهانبینی رۆشنبیرە کوردەکان سیستەمی فەرمانڕەوایەتی لە دەوڵەتەکەدا سیستەمێکی ناوەندگیرە، بەڵام لە جیهانبینی رۆشنبیرە تورکەکان ئەو سیستەمە سیستەمێکی چەقگیرە، ئەوەی وادەکات لە تورکیادا ئەو دەوڵەتە دروست نەبێت کە رۆشنبیرە کوردەکان خەونی پێوە دەبینن و ئەو دەوڵەتە دروست بێت کە خەونی رۆشنبیرە تورکەکانە، ئەو بارودۆخە سیاسییەیە کە لەو سەردەمەدا لە رێگای رۆژئاواوە پەرەی

سەندووە و بووەتە هۆی ئەوەی میللەتە بە سروشت دەسەڵاتخوازەکان، سیستەمە دەسەڵاتخوازەکەی ناو سروشتیان هێز پەیدا بکات و بەرەو ئەوە بڕوات لە دەوڵەتێکدا بە چۆنایەتییە مۆدێرنەکان شێوەگیر ببێت، ئەو بارودۆخە سیاسییەی جیهان بە هیچ شێوەیەك بارودۆخێکی لەبار نەبووە بۆ ئەو میللەتانەی کە هەڵگری سروشتێکی دەسەڵاتخوازانە نەبوون یان وەك کورد هەڵگری سروشتێکی نادەسەڵاتخوازانەی ناوەندگیر بوون، هەر ئەمەش وادەکات لە زەمینەی سیاسی ئەو سەردەمەدا ئەو دەوڵەتە لە ناو جەرگەی خەلافەتی عوسمانیدا دروست ببێت کە خەونی رۆشنبیرە تورکەکان بوو و ئەو دەوڵەتەش کە خەونی رۆشنبیرە کوردەکان بوو وەك خەونێکی وەدینەهاتوو بمێنێتەوە.

رۆشنبیرە کوردەکان دوای ئەوەی لەوە تێدەگەن کە لەگەڵ میللەتانی تری ناو خەلافەتی عوسمانی ناتوانن ئەو سیستەمە ناوەندگیرەی ناو خۆیان لە ناو دەوڵەتێکدا شێوەگیر بکەن، بیر لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکەنەوە، واتە بیر لەوە دەکەنەوە ئەو سیستەمە ناوەندگیرە لە ناو کۆمەڵگا جیاوازەکانی میللەتی کورد خۆیدا بە چۆنایەتییە مۆدێرنەکانی ئەوروپا شێوەگیر بکەن، ئەم خەونەش لە ئاستی کورد خۆیدا لە ناو دەوڵەتێکی مۆدێرندا وەدی نایێت، بەڵام لە ناو کولتور و زمانێکی مۆدێرندا وەدی دێت و ئەمەش وادەکات لە زمانی کوردی وەك هەموو زمانە نەتەوەییە دروستکراوەکان سوود لە چۆنایەتییە مۆدێرنەکان وەرگرێت و درێژە بە پرۆسەی بە دیالێکتبوونی خۆی بدات و سیستەمە ناوەندگیرەکەی ناوخۆی لەم پرۆسەیەدا لە دیالێکتە کوردییەکاندا شێوەگیر بکات.

زمانی کوردی وەك زمانەکانی تری ئەم قۆناغە لە رێگەی رۆشنبیرانەوە دەبێت بە زمانی خوێندن و خوێندەواری، بەڵام وەك ئەو زمانانە بۆ بوونی بە زمانی خوێندن و خوێندنەوە پەیڕەوی سیستەمێکی دەسەڵاتخواز ناکات و نابێت بە زمانی زاڵی کۆمەڵگایەکی زمانی بەسەر کۆمەڵگایەکی زمانی ترەوە، زمانی کوردی لێرەشدا وەك دوو قۆناغەکەی تر پەیڕەوی لە سیستەمی ناوەندگیری دەکات و لە پرۆسەی بە دیالێکتیبوونی خۆیدا دیالێکتە کوردییەکان دەخاتە ناو پەیوەندییەکی هەماهەنگەوە و لە رێگەی چۆنایەتییە جیاوازەکانییانەوە، لە شێوەی چەند زمانێکی خوێندن و خوێندنەوەی جیاوازدا خۆی دەنـوێنی، ئەم زمانە جیاوازانەش لەگەڵ یەکدا یەکنوێنی هەمان سیستەمی ناوەندگیری ناو زمانی عەقڵی کوردن و لەودا یەکن و لە خۆیاندا جیاوازن و لەگەڵ یەکیشدا هەمئاهەنگن، ئەم حاڵەتەش لە واقعی زمانی خوێندن و خوێندنەوەی کوردیدا بە ئاشکرا دیارە و تا ئێستاش پەرەدەسێنی و وەك حاڵەتێکی ناوازەی ناو زمانە نەتەوەییەکان لە ناو واقعی زمانی زمانە نەتەوەییەکانی جیهان و ئەو زمانەی کە زمانە نەتەوەییەکان زاڵبوون بەسەریاندا دەردەکەوێت و لێکۆڵەرانی بواری زمانە نەتەوەییەکان نە دەتوانن لە رێزی زمانە نەتەوەییە دروستکراوە زاڵەکاندا پۆلێنی بکەن و نە دەشتوانن بیخەنە ریزی زمانە بەزیوەکانی سنووری سیاسی دەوڵەتی ئەو نەتەوانەوە، واتە زمانی کوردی نە زمانێکی دروستکراوی نەتەوەیی زاڵە و نە زمانێکی بەزیوی ژێر دەسەڵاتی زمانە نەتەوەییەکانە، زمانی کوردی ناکرێت زمانێکی نەتەوەیی زاڵ بێت، چونکە لە ناو ئەو چوار دیالێکتەدا کە بوون بە زمانی خوێندن و خوێندنەوە، هیچیان بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵنەبووە و نەبووەتە رێگر لە بەردەم

ئەوەدا ببێت بە زمانی خوێندن و خوێندنەوە، زمانی کوردی ناکرێت زمانێکی بەزیوی ژێر دەسەڵاتی زمانە نەتەوەییە ئامێرییەکان بێت، چونکە لە ڕێگەی چوار دیالێکت لە دیالێکتەکانی بووە بە زمانی خوێندن و خوێندنەوە و هەمان ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات کە زمانە نەتەوەییە ئامێرییەکان جێ بەجێ ی دەکەن.

لە ڕاستیدا ئەوەی پێیدەوترێت کێشەی زمانی کوردی لە واقعی زمانی کوردیدا بوونی نییە و کێشەیەکی وەهمییە و بیرکردنەوەی ئەو کەسانە دروستیکردووە کە لە پرۆسەی گەشەکردنی زمانی کوردی تێنەگەیشتوون و لە بیرکردنەوەی خۆشیاندا بە پێی ئەو سیستەمە ناوەندگیرییە بیریان نەکردووەتەوە کە زمانی کوردی پەیڕوی دەکات، بەڵکو بە پێ ی ئەو سیستەمە دەسەڵاتخوازە چەقگیرە بیر لە زمانی کوردی کردووەتەوە، کە زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی لە پرۆسەی بە ئامێربوونی خۆیاندا پەیڕوییان کردووە و فشاریان خستۆتە سەر دیالێکتەکانی زمانی کوردی تا بیانگۆڕن بۆ زمانێك لە زمانەکانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییەکانی ناو سنووری دەسەڵاتە نەتەوەییەکەی خۆیان، بۆ ئەم مەبەستەش دەسەڵاتی سیاسی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانە هیچ ڕێگایەك نەماوە تاقی نەکەنەوە، ئەوانەی پەیوەندی نێوان دیالێکتە کوردییەکان و زمانی کوردی بە کێشە سەیر دەکەن بە هەمان بیرکردنەوەی دەسەڵاتخوازانەی تورك و فارس و عەرەب بیردەکەنەوە و دەیانەوێت زمانی کوردیش بەو ئاراستەیەدا بەرن کە ئەو زمانانە پیادا ڕۆشتوون، ئەمەش وادەکات کە دەسەڵاتی سیاسی کورد بۆ ئەوە هانبدەن هەمان ڕێگەی ئەتاتورك بگرێتەبەر و دیالێکتێك لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی زاڵبکات بەسەر ئەوانیتریاندا و ببێتە بەربەست لەبەردەم ئەوەدا دیالێکتەکانی تر ببن بە زمانی خوێندن و خوێندنەوە، لە ڕاستیدا ئەو بیرکردنەوەیە تەنها زمانی کوردی بەرەو ئەوە نابات ببێتە زمانێکی دەسەڵاتخواز بەسەر خۆیەوە، بەڵکو دەسەڵاتی سیاسیش بەرەو ئەوە دەبات ببێتە دەسەڵاتێکی تۆتالیتاری و کوشندەی وەك دەسەڵاتە تۆتالیتارییە کوشندەکانی فارس و تورك و عەرەب.

# ئەنجام

بۆ چارەسەرکردنی کیشەی بوون و نەبوونی زمانی کوردی و پەیوەندی ئەم کێشەیە بەدیالێکتە کوردییەکانەوە ، فەلسەفەی زمان و تیڕوانینی ئەنتۆلۆجیانە بۆکێشەکە رێگاچارەیەکی واقیعانەی لەو جۆرە بۆکێشەکە پێشنیار دەکەن ، کە ڕچاوی سروشتی بوونی ئەم زمانەو پەرەسەندنە مێژوویەکی تیداکرابێت .

بەپێی تیڕوانینی ئەنتۆلۆجی زمانی کوردی بوونیکی عەقڵی هەیە و لە هەر قۆناغێکی مێژوویدا خۆی لە چەند دیالێکتێکی جیاوازدا شێوەگیردەکات و وەك زمانی نەتەوەیی ئەو نەتەوانە نیە کە زمانەکەیان بە هۆی بەرزبوونەوەی دیالێکتێك لەدیالێکتەکان بۆ زمانی نەتەوەیی و زاڵبوونی بەسەر دیالێکتەکانی تری ئەو زمانە هاتووەتە ئاراوە .

زمانی کوردی لە هەموو قۆناغە مێژووییەکانی خۆییدا پەیڕەوی پرۆسەی بەدیالێکتبوونی کردووەو نەبووە بەزمانێکی ئامێری و مردووی دەسەلاتیکی سیاسی ، لە هەر قۆناغێکی مێژوویدا بەپێی سرووشتی قۆناغەکەو سرووشتی دیالێکتەکانی ، خۆی لەچەند دیالێکتێی جیاوازدا شێوەگیرکردووە .

زمانی کوردی لە سێ سەردەمی مێژوویی جیاوازدا بووە بە زمانی ئایین و زمانی ئەدەبیات و زمانی خوێندن وخوێندنەوە بەبێ ئەوەی دیالێکتێك لە دیالێکتەکانی زاڵببێت بەسەر ئەوانی تردا و خۆی بە تەنیا ببێت بەشێوەگیرکەری بوونی زمانی کوردی و خۆی وەك زمانی کووردی بخاتە ڕوو ، زمانی کوردی لە هەر سێ قۆناغەکەدا بۆ شێوەگیرکردنی بوونی خۆی پێویستی بەزیاتر لە دیالێکتێك بووە ولە هەر قۆناغێکدا خۆی لە چوار دیالێکتی جیاوازدا شێوە گیر کردووە.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## کوردییەکان


- اول و اخر یار، سرانجام، گرداوری و تحقیق: طیب طاهر، انستیتوی فرهنگی کورد، سلیمانی، 02009
- سدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی, بەرگی یەکەم و دووەم, دەزگای ئاراس, هەولێر, 2008 .
- د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2002.


## عەرەبییەکان


- ابن خلدون، تاريخ ابن خلدون، بيت الأفكار الدولية، عمان، بدون سنة.
- افلاطون، محاورة كراتيليوس، : عزمي طه السيد احمد، الطبعة الاولى، وزارة الثقافة، عمان، 1995.
- بندكت اندرس، الجماعات المتخيلة، ت: محمد الشرقاوي، الطبعة الثالثة، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة، 1999.
- جان جاك رسو، محاولة فى اصل اللغات، ت: محمد محجوب، دار الشئون الثقافية العامة، بغداد، 1986.
- جليلي جليل، نهضة الأكراد الثقافية و القومية: ت: باقي نازمى و آخرون، الطبعه الاولى، 1984.
- جوستاف لوبون، سر تطور الامم، ت: احمد فتحى زعلوك باشا، المشروع القومى للترجمة، القاهرة 2006.
- جون جوزيف، اللغة والهوية، ت: عبد النور خرافي، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت، 2007.
- جونفريد فيلهيم ليبينتز، المونادولوجيا، ت: دكتور عبدالغفار مكاوى، دار الثقافة للطباعة والنشر، القاهرة، 1974.
- دانتى اليجيري، الكوميديا الالهية، ت: حسن عثمان، جزء الأول الجحيم، دار المعارف، القاهرة، 1959.
- روى هاريس وآخرون، اعلام الفكر اللغوي، ت: الدكتور احمد شاكر الكلابي، الجزء الأول، الطبعة الاولى ، دار الكتاب الجديدة، طرابلس، 2004.

- د. عبد الغفار المكاوى، نداء الحقيقة، الطبعة الثانية، دار الشرقيات للنشر والتوزيع، القاهرة، 2002.

- فردنيان دى سوسور، علم اللغة العام، ت: الدكتور يوئيل يوسف عزيز، دار آفاق عربية، بغداد، 1985.

- مارتن هيدجر، ما الفلسفة، ت: فؤاد كامل وآخرون، الطبعة الثانية، دار الثقافة للطباعة والنشر، القاهرة، 1974.

- محمد الشرقاوى، التعريب في القرن الأول الهجري، الطبعة الاولى ، مجلس الأعلى للثقافة، القاهرة، 2006.

- هـ. روبنز، موجز تأريخ علم اللغة، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت، 1997.

- ي. غ. فيختة، خطابات الى الأمة الألمانية، ت: سامي الجندي، الطبعة الاولى ، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، 1976.

### فارسییەكان

- ارتورجان ابری ، ادبیات كلاسیك فارسی, ت: دكتر اسدالله ازاد,چاپ اول، انتشارات استان قدس رضوي ،معاونت فرهنگی،1371 .

- افلاتون، دوره اثار ، جلد اول، ت: محمد حسين لطفی، چاپ سوم، انتشارات خوارزمی، تهران، 1380.

- حاج نعمة الله جيحون آبادی مكری، شاهنامەء حقيقت، قسمت ايرانشناسی انستيتو ايران و فرانسه، تهران، 1966.

# ملخص البحث


يعالج هذا البحث (مشكلة اللغة الكردية و لهجاتها من المنظور الفلسفي), اختصت الدراسة بمناقشة فكرة اساسية تتركز حول ماهية وجود اللغة الكردية من عدمها, ولهذا الغرض اعتمدنا النظريات القائمة عن اللغة واختلاف اللهجات, ومن خلال مقاربة منهجية لهذة النظريات, وجدنا النظرية العقلية, هي النظرية الأنسب لتفسير و تحليل مشكلة وجود أم عدم وجوداللغة الكردية وارتباطها باللهجات الكردية. والمنهج الذى إتبعناه في هذه الدراسة هو المنهج الفلسفي.

تتشكل الدراسة من مقدمة و ثلاثة فصول. ييتبع الفصل الأول بالرصد والتحليل النظريات القائمة عن وجود اللغة و اختلاف اللغات, فتوصلنا الى أن هناك ثلاث نظريات اساسية تعالج هذا الموضوع, وهي : النظرية العقلية, والنظرية الطبيعية, واخيراً النظرية الوضعية.

ركز الفصل الثاني بالأعتماد على النظريات الثلاث السابقة , على تأصيل فكرة أساس وجود اللغة الكردية واختلاف لهجاتها , وفي ضوء الحقائق التي توصلنا اليها حاولنا بناء نظرية تفسر العلاقات بين طبيعة اللغة الكردية ولهجاتها.

أما الفصل الثالث فقد اختص بتحديد العلاقة بين وجود اللغة الكردية وارتباطها باللهجات الكردية خلال الفترات التأريخية المتباينة, وحسب شكلنة اللغة الكردية داخل لهجاتها المختلفة, وجدنا ثلاث مراحل تأريخية , حاولت الدراسة التفصيل في تجسيد اللغة الكردية في كل مرحلة من هذه المراحل, فتبين ان اللغة الكردية لم تتجسد من خلال لهجة واحدة وانها تجسدت من خلال لهجاتها المختلفة.

توصلت الدراسة الى مجموعة من الأستنتاجات, كان اهمها ان تشكيل اللغة الكردية قد تم من خلال عملية طبيعية, اي ان اللغة الكردية من خلال الصيرورة التأريخية جسدت وجودها داخل مجموعة من اللهجات و ولم تدع لهجة واحدة من اللهجاتها تفرض هيمنتها على بقية اللهجات, وبالتالي لم تستطيع لهجة واحدة ان تمثل اللغة الكردية, وانما ظلت اللهجات الكردية المختلفة تجسد وجود لغة القومية الكوردية.

# ABSTRACT

This research entitled (the problem of Kurdish language and its dialect from a philosophical viewpoint).

For this purpose, we depend on the theories of language and different dialects and we found the best theory is the ontological theories of philosophy.

The method of this research is philosophical. It consists of an introduction and three parts.

In the first part the theories of existence of the language and the different dialect is discussed and we fond there are three theories abut subject: rational, naturalistic and positional theories.

In the second part, on the basis of the theories of existence of the Kurdish language and differences its dialects, we try to form a theory to analyses the relation between the nature of Kurdish language and the differences between its dialects.

The third is peculiar to discuss the relation the between the existences of Kurdish language and the differences dialects in different stages of history it appear that one dialect of Kurdish language, could not represent the language as a unified language other different dialect represented Kurdish language.

In the end of our research we come to conclusion that the one dialect of Kurdish language was not able to impose it is dominance over these of the dialects. Therefore the different dialect remained representing Kurdish language.

اقليم كوردستان - العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة صلاح الدين - اربيل

# مشكلة اللغة الكردية و لهجاتها من المنظور الفلسفي

رسالة مقدمة الى مجلس كلية اللغات - جامعة صلاح الدين - اربيل
كجزء من متطلبات نيل شهادة الدكتوراه
في اللغة الكردية

من قبل
**عرفان مصطفى حمه رحيم**
(بكالوريوس في اللغة الكردية - جامغة صلاح الدين - 1998)
(ماجستير في اللغة الكردية - جامعة السليمانية - 2003)

باشراف
**البروفيسور د . وريا عمر امين**

**تشرين الأول** 2009ز **شوال** 1430 **هـ** **رەزبەر** 2709 **ك**

**Kurdistan Region – Iraq**

**Ministry of Higher Education and Scientific Research**

**Salahaddin University-Erbil**

# THE PROBLEM OF KURDISH LANGUAGE AND ITS DIALECT FROM A PHILOSOPHICAL VIEWPOINT

**A THESIS**
**SUBMITTED TO THE COUNCIL OF THE COLLEGE OF LANGUAGES- SALAHADDIN UNIVERSITU-ERBIL**
**IN PARTIAL FULFILMENT OF THE REQUIREMENTS FOR THE DEGREE OF DOCTOR OF PHILOSOPHY**
**IN**
**KURDISH LANGUAGE**

**BY**
**Erfan Moustafa Hama Rahim**

**(B.A.. Salahaddin University. 1998)**
**(M.A.. Sulaymaniya University.2003)**

**Supervised by**
**Prof. Dr. Waria Omar Amin**

**October 2009(AD)** **Shwwal 1430(AH)** **Rezber 2079(K)**